## خولیا و مەرگی

# قاسملووی کورد

کارۆڵ پرۆونهووبێر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

فەتاح کاویان

ناوی کتێب: خولیاو مەرگی قاسملووی کوردان

نووسەر: کارۆڵ پرووناهووبێر

وەرگێر: فەتاح کاویان

پێداچوونەوە: عەبدوڵڵا حەسەنزادە

وێنەکان: کارۆڵ پرووناهووبێر، رۆجێر پرووناهووبێر

بەرگ و دیزاینی ناوەوە: ئاگری باڵەکی

تایپیست: عەبدوڵڵا سەیدا

چاپخانە: رۆژهەلات - هەولێر

چاپی یەکەم – هەولێر ژووئیەی٢٠٠٩

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە ( )ی ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ

........................................

بەبێ ئیزنی کارۆڵ پرووناهووبێر(نووسەر)و ئیدیتۆریاڵ ئالفا (بڵاوکەرەوەی یەکەم لە کاراکاس) هیچکەس بۆی نیە هەموو یان بەشێکی ئەم کتێبە چاپ بکا یان هەر جۆرە کەلکێکی دیکەی لێ وەربگرێ.

## پێرست

سەرەتایەک ..... ٥
پێشەکیی جاناتان رەنداڵ ..... ٨
سوپاس و پێزانین ..... ١٤
دەروازە ..... ١٧
بەشی یەکەم: تاوانە گەورەکە ..... ٢٣
برگەی یەکەم: چاوپێکەوتن لە ڤییەن ..... ٢٤
برگەی دووهەم: سێهەمین پیاو ..... ٣٠
برگەی سێهەم: نێوبژیوان ..... ٣٧
برگەی چوارەم: تاوانبارەکان ..... ٣٩
بەشی دووهەم: شۆرشی خودایی ..... ٥٣

برگەی یەکەم: «مفسد فی الارض» ............ ٥٤
برگەی دووهەم: شاە رفت! شاە رفت! ............ ٦٠
برگەی سێیەم: کوردستان یا گۆڕستان ............ ٧٢
برگەی چوارەم: مهاباد، شارێکی نیشتمانپەروەر ............ ٨٠
برگەی پێنجەم: وەرزێران و ئاغاکان ............ ٩١
برگەی شەشەم: شەڕی سێ مانگە ............ ٩٩
بەشی سێهەم: بێکەسەکانی جیهان ............ ١١١
برگەی یەکەم: کوردستانی شەڕلێدراو ............ ١١٢
برگەی دووهەم: پێوەندیی فەرانسەیی............ ١٢١
برگەی سێهەم: هێرشی ئێران ............ ١٢٦
برگەی چوارەم: سەفەر بۆ چیاکان ............ ١٣٢
برگەی پێنجەم: سیاسەت و مەزهەب ............ ١٥٢
بەشی چوارەم: ڕەحمانی کورد ............ ١٦٥
برگەی یەکەم: کوڕانی سمکۆ ............ ١٦٦
برگەی دووهەم: سەرهەڵدانی ڕێبەرێک ............ ١٩٠
بەشی پێنجەم: لێکۆڵینەوە ............ ٢٢١
برگەی یەکەم: دوای جینایەتەکە ............ ٢٢٢
برگەی دووهەم: پەشۆکان ............ ٢٢٧
برگەی سێهەم: بن بیلا تۆمەتبار دەکا ............ ٢٣٢
برگەی چوارەم: ڕاپۆرتی دوو پۆلیسان ............ ٢٣٧
برگەی پێنجەم: زستانی ڤییەن ............ ٢٤٠
برگەی شەشەم: پیاوکوژەکان ............ ٢٥٦
برگەی حەوتەم: وتووێژ ............ ٢٦٢
برگەی هەشتەم: تەپە تەپ و جیرە جیڕ لەسەر ئەرزی ............ ٢٧٥
برگەی نۆهەم: ماری کوبرای دووهەم ............ ٢٨٣
برگەی دەیەم: چیرۆکێکی تەواونەبوو ............ ٢٩٦
برگەی یازدەهەم: سمکۆ ............ ٣٠٢
ژیاننامەی عەبدوڕڕحمان قاسملوو ............ ٣٠٧
ڕووداوە مێژووییەکان ............ ٣١٣
پێرستی ئەکتەران ............ ٣١٩
وێنەکان ............ ٣٣٥

# سەرەتایەک

ئەم کتێبە کە بەشێک لە ژیان و خەباتی دوکتۆر قاسملوو، گەورە شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و گۆشەیەک لە سەربردەی پڕ دەردومەینەت و هەوڵ و هەڵمەتی نەتەوەی زۆرلێکراوو ڕزگاریخوازی کورد دەخاتە بەر چاوی خوێنەرانی، بە قەڵەمی ڕۆژنامەنووسی ڤێنزۆئیلایی دۆستی کورد ، یای کاڕۆڵ پڕوونهووبێر  بە زمانی ئیسپانیۆلی نووسراوەو ساڵی ڕابردوو بۆ یەکەم جار لە چاپ دراوە. خاتو کاڕۆڵ یەکێک لەو ڕۆژنامەنووسانەیە کە لە نیزیکەوە بە کوردستاندا گەڕاون و دەگەڵ ئازارو مەینەتی کورد ژیاون. ئەو دۆستێکی نیزیکی دوکتۆر قاسملوو بوو کە چەند جار لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان چاوی پێی کەوتوەو زۆر جاریش بە نامەگۆڕینەوە لەگەڵی دواوە.

پاش بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی کتێبی «قاسملووی کوردان»، لەلایەکەوە ئۆگری بۆ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی لەلایەن قوتابیانی دوکتۆر قاسملووەوە نیشان دراو لەلایەکی دیکەوە هەم نووسەرو هەم دۆستە کوردە ئیسپانیۆلیزانەکانی بۆیان دەرکەوت کە لە هێندێ جێگادا زانیارییەکان بەڕادەی پێویست ورد نین و بۆ ئەوەی پوختەتر بێ، پێویستیی بە پێداچوونەوەیەک هەیە. بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەربۆخۆی وەری گێڕابووە سەر زمانی ئینگلیزی و چاپی دووەمی ئیسپانیۆلییشی ئامادە کردبوو، دەستی لێ ڕاگرت، هەتا بەکۆمەگی قوتابیان و دۆستانی دوکتۆر قاسملوو کەموکوڕییەکانی لادەبرێن و بەو جۆرەی شیاوی ئەم نووسینە بەنرخەو یادی نەمری ئەو ڕێبەرە شەهیدەیە ئامادە دەکرێ. ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسرێن بڕیار وایە هەتا چەند مانگی دیکە ـ و ڕەنگە بکەوێتە یادی بیست ساڵەی تێرۆری دوکتۆری شەهید  ـ ئەم کتێبە بە زمانەکانی ئینگلیزی و ئیسپانیۆلی و تورکی و بە هەردوو زاراوەی کرمانجیی سەروو و خواروی زمانی کوردی بڵاو بێتەوە.

کاتێک لەلایەن هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادەوە پێشنیارم پێ کرا ئەم کتێبە بکەمە کوردی، لە باری لەش ساغییەوە لە بارودۆخێکی باشدا نەبووم، بەڵام پێم خەسارێکی گەورە بوو ئەو شانازییە لەدەست خۆم بدەم و قبووڵم کرد، بەومەرجە مامۆستاش هەم بۆ ڕاستکردنەوەی هێندێ کەموکورتیی نێو کتێبەکەو هەم بۆ لابردنی هەڵەو پەڵەی کوردییەکەی خۆم کە یەکەم جار بوو بە زمانی کوردی دەگژ کارێکی وا گەورەڕا دەچووم یارمەتیم بداو دەگەڵم بێ، کە بەخۆشییەوە قبووڵی کرد.

زۆرم نەگوتوە ئەگەر بڵێم دەست پێکردنی ئەو کارە هەم باری لەش ساغیمی بەرەو باشی بردو هەم گوڕوتینێکی تازەی بەبەردا کردم . بۆیە بەخۆشییەوە کارەکەم بەئاسانی بەدەستەوە هات و لە ماوەی کەمتر لە دوومانگ و نیودا تەواو بوو. لێرەدا بەئەرکی سەرشانمی دەزانم پێزانین و سوپاسی خۆم پێشکێشی هەمووی ئەم بەڕێزانە بکەم:

ـ یای کاڕۆڵی نووسەر بۆ ئەو بەرهەمە بەنرخە کە بۆ ناساندنی ژیان و خەباتی گەلی کوردو ڕێبەری شەهید دوکتۆر قاسملوو خستوویەتە بەر دەستی ئۆگرانی گەلی کوردو ئاشقانی ئازادی و بەرابەریی مرۆڤەکان. خوێنەرانی ئەم کتێبە دەبینن کە ئەو خانمە بەڕێزە چ زەحمەتێکی کێشاوە تا بە سەفەر بۆ کوردستان و چوون بۆ بەرەکانی شەڕو وتووێژ دەگەڵ دوکتۆرو بەشێکی زۆر لە ڕێبەرانی کوردو دۆستانی بزووتنەوەی کورد لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان توانیویەتی ئەو گەنجینەیە لە زانیاری کۆ بکاتەوەو لە شێوەی کتێبێکی بەبایەخدا بیخاتە بەردەستی خوێنەری کوردو بیانی.

ـ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کە بێجگە لە پێداچوونەوەی وەرگێڕاوەکە لەباری زمانی و ڕێزمانییەوە، لە پێوەندی دەگەڵ کات و شوێنی ڕووداوەکان و ناوی کەسایەتییە کوردستانی و ئێرانی و بیانییەکان و... دا زیاتر لە سەد تێ بینیی زۆر بەجێی لەسەر کتێبەکە دەربڕیوە کە بەشی هەرە زۆریان لەسەر داوای نووسەر کراونە ئینگلیزی و بۆی بەڕێ کراون تا لە چاپی ئینگلیزی و چاپی دووەمی ئیسپانیۆلییشدا بگونجێندرێن. بەڕاستی ئەم وردبینییەی مامۆستا بۆ من لەڕادەبەدەر جێگای سەرسوڕمان بوو.

- برای خۆشەویستم کاک عەبدوڵلا سەیدە کە بە ئۆگرییەکی تەواوەوەو لەماوەیەکی کورتدا بە پوخت و پاراوی کتێبەکەی لە کامپیووتەر داو ئامادەی چاپی کرد.

- برای بەڕێز کاک محەممەد بێگەڕی کە تایپکردنی هەموو تێ بینییەکانی مامۆستای(کە لەلایەن وەرگێڕەوە کرابوون بە ئینگلیزی) وەئەستۆ گرت و کارێکی کرد کە تێبینییەکان بەوەخت بگەنە دەستی خاتوونی نووسەر.

- برای خاوەن بەهرەو کارجوانم کاک مەسعوود رەواندووست کە کاری مۆنتاژی ئەم کتێبەی وەئەستۆ گرت و بەم شێوە جوانە ئامادەی چاپی کرد.

بەئاواتم چاپی کوردیی کتێبی «قاسملووی کوردان» جێگای شیاوی خۆی لە نێو کتێبخانەی کوردی و لە دڵی خوێنەری کورددا بکاتەوە.

***

**ئەم وەرگێڕانە پێشکێشە:**

**بــە گیانــی پاکــی شـــــــەهیــــدان**

**بە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان**

**بە کوردی بەشخــــوراو و کـوردستـانی دابــەشکـــراو**

**فەتاح کاویان**

٢٠٠٩/٣/١

# پێشەکی

**نووسینی جاناتان ڕانداڵ**

کاتێک بیر لە عەبدوڕڕەحمان قاسملوو دەکەمەوە، ویسکیم دێتەوە بەرچاو.

هیچ کاممان ـ ئەو وەک ڕێبەری کوردەکانی ئێرانو بۆ خۆشم وەک نوێنەری گۆڤاری واشینگتۆن پۆست ـ لەڕاستیدا زۆر ئۆگری ویسکی نەبووین. بەڵام، بە دەگمەن کە دەچووین بۆ خواردنەوەی ئەو شلەمەنییە زەردە، زۆر زیاتر لەوە کە بۆ کەیفو سەرخۆشبوون ئەو کارە بکەین، مەبەستی دیکەمان لە دڵدا هەبوو.

بۆ یەکەم جار دەگەڵ تاقمێک لە ڕۆژنامەوانە بیانییەکان ویسکیمان لە مهاباد خواردەوە، مهابادێک کە سیمبولی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەدەی بیستەمدایە، ئەو کارە بەرهەڵستکارییەک بوو لە بەرامبەر هەڵوێستێکی یەکجار توندوتیژ لە دژی مەشرووب خواردنەوە کە هەر دوابەدوای بەدەسەڵات¬گەیشتنی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩دا دەستی پێ¬کردبوو.

دە ساڵ دواتر، لە مانگی ژووئیەی ١٩٨٩دا، بەبۆنەی ئەوە کە دوای دەیان ساڵ ناوی لە لیستی ڕەش پاک کرابۆوەو بۆ چوونی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان ویزایان دابوویەو وەک موسافیرێکی دۆستو غەیرە کومونیست بە ژمار هاتبوو، لە ماڵی ئێمە لە پاریس ویسکیمان خواردەوە.

ئەوکات، نەم دەزانی داخوا ئەو ویزایە یەکێک لە ئاکامەکانی کۆتایی هاتنی شەڕی ساردە یا پاداشتێکە لە بەرامبەر یارمەتیدانی باڵوێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەغدا بۆوەی بتوانێ بەڕوونی لە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لەلایەن سەددام حوسێنەوە لەدژی کوردەکان ئاگادار بێ کە ساڵێک پێشتر ئەنجامی دابوو. ئەمنیش پێشنیارم پێ کردبوو لەو دۆستایەتییەی کەلکی باش وەربگرێ.

شەوەکەی مانگی ژووئیە سوپاسی لێ کردم بۆوەی کە یارمەتیم دابوو ویزای چوون بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان وەربگرێ، چونکە لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا کە قاسملوو دەهاتە پاریس، تەلەفونم لە کاربەدەستی سیاسیی باڵوێزخانەی ئەمریکا دەکردو پێم دەگوت ناوبراو بە تەواوی بایەخی ئەوەی هەیە گوێی بدەنێ.

هەلومەرجەکە جۆرێک بوو ڕۆژنامەنووسان زۆرکەم دەیان¬توانی یارمەتی بە ڕێبەرانی نەناسراوی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم بکەن، چونکە وڵاتە یەکگرتووەکانی لەخۆ بایی، بەهۆی ڕێزگرتن لەو دەوڵەتانەی ئەو بزووتنەوانەیان سەرکوت دەکرد، ئامادە نەبوون تەنانەت قسەش دەگەڵ ئەو ڕێبەرانە بکەن، هەتا دەگا بەوەی بە فەرمییان بناسن.

ئەوەشم لەبیرە کە قاسملوو لێی پرسیم داخوا لە واشینگتۆن هەبوونی نیگابانێک چەندە خەرج هەڵ¬دەگرێ، [ڕێبەری] نەتەوەیەک کە لەو سەردەمەدا کە مەترسییەکان تاڕادەیەک کەمتر ببوونەوە، پێم وابوو لەبارەی نیشتمانەکەمدا تاڕادەیەک بەدبینە. هەروەها پێشی وابوو ئەمن لەم بارەیەوە زانیارییەکی تەواوم هەیە.

بەداخەوە، دوای ئەوە کە سواری فڕۆکە بووو ڕۆیشت، بەچەند هۆیەک کە لەلای من باسی نەکردن، چووبوو بۆ ڤییەن. بەهەر هۆیەک بوویێت، قاسملوو ئەو شەوەی مانگی ژووئیە، کە تازە لە کۆبوونەوەیەک دەگەڵ ئینترناسیۆنال سۆسیالیست گەڕابۆوە، خەریکی گەڕانو هاتوچوو بوو.

هۆکاری سەرەکیی گیروگرفتەکانی قاسملوو کە خومەینی بوو، مانگێک پێشتر مردبووو ئێران دەساڵ پاش شۆڕشولەدوای شەڕ دەگەڵ عێراق، لە وەزعێکی تەواو نالەباردا بووو قاسملوو بۆ یەکەمجار دەچوو بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانو بێ‌هیچ شکو گومانێک لە فکری ئەوەدا بوو دەگەڵ کاربەدەستان لە واشینگتۆن ئاخاوتن بکا.

له رۆژەکانی کۆتایی ئەو حەوتووەدا، هەروەک زۆربەی رۆژنامەنووسە بیانییەکان، زۆربەخێرایی گوێم دایە بەرنامەکانی رادیۆی بی.بی. سی. له یەکێک له کورتەی هەواڵەکاندا راپۆرتێکی ناتەواوی له بارەی کوژرانی چەند کەس له رێبەرانی کورد له پێتەختی ئوتریش بڵاوکردەوە. بێ ئەوەی ناویشیان بەرێ. بەڵام، ئەمن به تەواوی هەستم بەوە دەکرد دەبێ کێ بن.

مارک کراوێتزی سەر به لیبراسیۆن، که فەرانسەیی‌و دۆستێکی نزیکم بوو، زۆر بەوردی شێوەی کوژرانیی روون کردەوەو پیاوکوژەکانیشی ناساند. کراویتز یەکێک له کۆمەڵێک رۆژنامەنووسی رۆژئاوا بوو که چەند کەسێکیان فەرانسەیی بوون‌و قاسملوویان زۆرباش دەناسی‌و زۆرشت لەو پیاوە به فەرهەنگو دڵراکێش و قسەزانەی سەدەی مەینەتاویی بیستەم فێر ببوون.

(هەروەک لەم نووسراوەدا وەزعی نالەباری رۆژنامەنووسیتان کەوتۆتە بەرچاو، ئێمە بەڕاستی گەلە رۆژنامەنووسێکی خۆش شانس بووین که له سەردەمی یەکجار پەرە ئەستاندووی رۆژنامەنووسیدا هێندێک بەرپرسی یەکجار باشمان هەبوون‌و رێگەیان پێ‌داین لەو ناوچە تازە ناسراوە بۆکاری رۆژنامەنووسی کەلک وەرگرین).

ئێستا ئەوە کارۆل پروونهوبێر ئەم ژیاننامە دژوارو هەست بزوێنەی یەکێک له بەفەرهەنگترین رێبەرانی ئەم سەردەمەی نووسیوە که دەرسی ئابووری دەگوتەوە، به حەوت زمانان قسەی دەکردن‌و ئاشقی شێعرو شەڕابی فەڕانسەیی بوو. مەلا مستەفا بارزانی بێ‌هێچ ئەم لاو ئەولایەک ناسیۆنالیستێکی بێ‌هاوتای کورد له ساڵەکانی نێوەڕاستی سەدەی بیستەمدا بوو. بەڵام، قاسملوو بەهرەو توانایەکی هەبوو که تەنانەت کەسایەتیی درەوشاوەی پێش خۆی نەی بووو یەکەمین رێبەری کورد بوو که له دەرەوەی سیستمی عەشیرەیی هەڵسوکەوتی دەکرد.

ساڵی ١٩٣٠ لەدایک ببووو پیاوێکی وەها بوو که له رەفتار کردن دەگەڵ باڵوێزی ئەمریکاو دەگەڵ کاربەدەستانی فەرانسەیی‌و سیاسەتوانە ئورووپاییەکانی سەر به ئینترناسیۆنالی سۆسیالیستیدا بەتەواوی متمانەی به خۆی بوو. خاتوو پروونهوبێر سەردەمی لاوەتیی ئەو وەک کەسایەتییەکی کارامە دەخاتە بەرچاو که له سەردەمی لاوەتیدا تێکەڵاوی مارکسیزم ببوو بەڵام چونکە هۆی راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٥٦ی مەجارستانی به باشی بۆ دەرکەوتبووو به تایبەتی «بەهاری پراگیش» هەم لەکاتی گەشە ئەستاندنی‌و هەم لەکاتی لەبەریەک هەڵتەکانی به دەستی ئەرتەشەکانی «دۆستی سۆسیالیزم» له پایتەختی چیکوسلۆاکی له ساڵی ١٩٦٨دا ببوو، زانایی‌وتێگەیشتوویەکەی زۆرباش گەشەی کردبوو. له سەدەیەکی پڕ له مەترسیدا که پڕ له دیکتاتۆرهی خوێنخۆرو خوێنڕێژ بوو، قاسملوو دەستی‌کردبوو به بایەخدانان بۆ دێموکراسی به هەموو لایەنە لاوازەکانیەوە.

ئەو، بمانەوێ‌و نەمانەوێ، کوردێکی ئێرانی بوو که هەم یەکجار ئاشقی نەتەوەکەی بووو هەم زانایی‌و تێگەیشتوویەکی زۆری وەک میراتێکی پیرۆز له فەرهەنگی سیاسی‌و له شکان نەهاتووی ئێرانی لەمێژینەی وەدەست هێنابوو.

ژیاننامەنووسەکەی لەسەر مەسەلەی کوردەکان جەخت دادەنێ که قاسملوو رێبەرایەتییەکەی بەدەستەوە بوو. هەروەها ئەو گیروگرفتە یەکجار دژوارانە باس دەکا که لەسەر رێگەی خەباتە دوورو درێژەکەی بوون؛ هەروەها باسی ئەوپێوەندییەی دەگەڵ کومونیزمی شووڕەوی هەیبووو لەو سەردەمەدا شتێکی باو بوو. بێجگە لەوانەش،کاری بۆ سەددام حوسێن دەکرد که بۆ کوردەکانی عێراق یەکجار ناخۆش بوو.

ژیانی قاسملوولیپاولیپ له فکرو بیری خەیاڵاوی‌و ئەفسانەیی‌بووو ژیاننامەکەی ژمارەیەکی یەکجار زۆری لەو بابەتانە تێدایە که له وتوویژ دەگەڵ رۆژنامەوانەکاندا باسی کردوون‌و له ئاکامدا بیرو زەینی ئەم رۆماننووسەی بۆلای خۆی راکێشاوە که له زووەوە ئاشنای بوو.

تەنیا بیر لەو کورتەباسانە بکەنەوە که ژیانی ئەویان پێک هێناوە: کوڕی کابرایەک که له سەردەمێکدا خاوەن موڵک بووو بۆخۆشی تەمەنی ئەوەندە دەبوو که رووداوەکانی کۆماری کورتخایەنی مهابادو یەکەمین رووداوی توندوتیژی شەڕی ساردی له ساڵی ١٩٤٦دا لەبیر مابوو؛ خوێندکارێکی مارکسیست که کەوتبووە ژێر کاریگەریی کومونیستە بەتواناکانی حیزبی توودە؛ لاوێک که بۆخۆی وەک

پەنابەرێک لە تورکییە دەژیاو لە ئەستەمبوول قالیچەی کوردیی دەفرۆشت بۆ ئەوەی خەرجی چوونی بۆ فەرانسە دابین بکا؛ وەک خوێندکارێک لە پاریس دەرکراو بەناچار رۆیشتە چیکوسلۆواکی کە تازە رێژیمی کۆمونیستی لێ دامەزرابووو بە روونی رێژیمێکی ئیستالینی بوو؛ هەر لەوێ ژیانی هاوبەشی پێک هێناو دووکچیان بوو؛ بەرنامەیەکی نهێنیو شۆڕشگێڕانەی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم لە ئێرانو هەم لە عێراق، دوژمنی سەرەکیی ئێران بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە چیکوسلۆواکی بەرێوە برد؛ وردەوردە تێگەیشتن لە زێدەخوازییەکانی کومونیستانو ناسینی سۆسیال دێموکراسیو ماوەیەکی دووروودرێژ لە پاریس بەسەربردنو دەرسی زمانی کوردی گوتن.

لە راستیدا بابەتێکی یەکجار زۆرتر لەوە لە گۆرێدایە کە بکرێ لە رۆمانێکدا بنووسرێو زۆر زیاتر لە پێشهاتەکانی ژیانی هەر کەسێکە.

کەوابوو، خاتو پروونهۆبێر لەبەرچیو بە چ هۆیەک پرسیار دەکاو دەپرسێ بۆ قاسملووی لە سەرەتادا شۆڕشگێڕو سەرەنجامیش دێموکراتێکی راستەقینە کەوتە نێو داوێک کە تەنانەت پیلانگێڕێکی ساکاریش لە مەودای یەک مایلیش ڕا بەجوانی دەی¬توانی بیبینێ؟

لە وتوویژەکانی شەش مانگ پێشتری دەگەڵ ئەو ئێرانییانە لە ڤییەن، دۆستو ئاشنای لە مێژینەی، جەلال تاڵەبانی، کە ئێستا سەرۆک کۆماری عێراقە، بەرپرسایەتیی پاراستنی وەئەستۆ گرتبووو پارێزگارییەکی زۆرباشی بەڕێوە بردبوو، بەڵام ئەم جارە دەگەڵ تاڵەبانی راوێژکاری نەکرابوو.

کەوابوو بۆچی لە مانگی ژووئیەدا نەبوو؟

لەبەرچاو گرتنی رابردووو ژیانی دوورو درێژی خۆم، پێم وایە دەزانم بۆچی قاسملوو لەو رۆژانەدا کە بەرەو کووژران دەرۆیشت، هەستی بە پیربوونی خۆی دەکرد. پەنجاوهەشت ساڵە بووو بە شێوەیەک خۆی بە تەمەنتردەزانیو لە هەوڵی ئەوەدا بوو ژێتۆنەکانی خۆی لە ئەرزی بداو بە دەسەڵاتێک بگا کە لە مێژ بوو مێشکیی داگیر کردبوو.

هیچ کەس، بە تایبەتی کوردەکان، بە درێژایی سەدەکان، نەیان¬دەتوانی وەک قاسملووله فێڵبازیو خەیانەتو نامەردیی کەسانی دەوروبەری خۆی بگا ـ دەوڵەتی ئێران هەر بۆ باسکردن نابێ ـ چ رێژیمی شاو چ رێژیمی ئیمام خومەینی کە زۆر لە مێژ بوو بۆ تێک شکاندنی بزووتنەوەی کوردە سەربزێوەکان بڕیاریان دابوو.

ئەوە کە بەڕوونی دەرکەوتبوو قاسملوو لەلایەن دەسەڵاتدارە ئایینیەکانەوە وەک دژی مەزهەب ناسرابوو، بێهیچ ئەملاوئەولایەک لەلایەن رێژیمی رۆژ دەگەڵ رۆژ توندوتیژی ئاخوندی کە مانگێک پاش مردنی خومەینیو دوای شەڕێکی هەشت ساڵە کە خومەینی لە دژی عێراق وەرێی خستبووو تەنیا ساڵێک بوو ئەو شەڕە تەواو ببوو لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە قاسملوو باشترین کەس بوو بۆ دەسەڵاتدارانی رێژیم کە دەبوو بیکوژن. داخوا لەبەر ئەوە کوشتیان کە هەستیان بە لاوازبوونی رێژیمەکەیان دەکرد؟

بەڵام، دژایەتی لەبەرامبەر رێبەرایەتیی قاسملوو لەنێوخۆی حدکادا بەرەو زیادبوون دەرۆیشتو کەوابوو دەتوانین بڵێین چوونی بۆ ڤییەن قومارێکی پڕ لەمەترسی بوو. کوردەکان لەو شێوە قومارە پڕ لە مەترسییانەدا زۆر بەناوبانگن.

ئەوەشتان لە بیر بێ دەرفەتێکی گەورە کە بۆ قاسملوو هاتبووە پێش، واتە رووخانی رێژیمی شا، درەنگ هاتە پێش، ئەویش کاتێک بوو کە ٤٩ ساڵان بوو. هەروەها دەبێ ئەوەش بزانن کە بێ هەر چەشنە چەکوچۆڵێکو بێیارمەتیی دەرەکیو بێ ئەوەی ژمارەیەکی پێویست کادری کارامەی هەبێ و نەکەوێتە ژێر تەئسیری بیروبڕوای ئیستالینی حیزبی توودەوە شەڕی بەسەردا سەپا. گەورەترین رقەبەر ـ و بەجۆرێک هاوپەیمانی ـ مەلایەکی سوننی، واتە شێخ «عزالدین» بوو کە رێبەرێکی نابەجێی لاوانو چەپاژۆکانی گوندەکان بوو کە پێیان دەگوتن کۆمەڵە.

سەرکوتی بە بەرنامەو دڕندانەی کوردەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٩داو، بە رێبەرایەتیی مەلایەکی شێتۆکە بە ناوی «صادق خلخالی« دەستی پێ کرد بەهۆی وێنەیەکی کە لە دە ـ دوازدە کوردان هەڵ¬گیرابوو کە پانتۆڵیان دەبەردا

بووو کەوتبوونە بەر ڕێژنەی گوللەی تاقمێک پیاوکوژ، خەڵخاڵی بۆ هەمیشە ناوبانگێکی بەرزی دەرکرد. ئیمپراتۆریی ئێران، بۆ دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی مێژوویی فارسەکان بەسەر کوردەکان، ئازەرییەکان، تورکمانەکان، بەلووچەکان‌و عەرەبەکاندا کە دەکرێ بڵێین نیوەی حەشیمەتی ئێران پێک دێنن، بەرەو مێژووی رابردوو گەڕابۆوە.

حدکا، کە لە بەرامبەر ڕێژیمدا چەکوچۆڵێکی کەمترو ژمارەیەکی کەمتری خەباتکار هەبوو، پەنای بۆ چیاکان بردو بە شێوەی گریلاکان، شەوانە ناوچەکەی دەخستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. بەڵام وردەوردە ناچار بوو بەرەو سنوورو دوای ماوەیەکیش بۆ نێو خاکی عێراق پاشەکشە بکا. دوای کوژرانی قاسملوو، حدکا هەروا بەرەو نێوخۆی عێراق دەڕۆیشت‌و لە سنووری ئێران دوورتر دەکەوتەوە. لە ساڵی ١٩٩٦دا، بۆ وێنە، ئێرانییەکان بۆ یارمەتیدانی جەلال تاڵەبانی لە دژی ڕقەبەرەکەی، مەسعوود بارزانی، هێرشیان کردە کوردستانی عێراق.

تاڵەبانی دەبوو تاوانی ئەو پشتیوانییە بدا: سووکایەتییەکی زیاتر کردن بە هاوپەیمانە لە مێژینەکانی خۆی لەنێو حدکادا کە لە بنکەکانیان بەرەو شاری هەولێر دەرکران.

یەکێک لەو نیشانە روونانەی کە بۆ سووکایەتی‌کردن بە تاڵەبانی ئێرانییەکان لەخۆیان نیشان دا ئەوە بوو کە ڕێگەیان پێ نەدا دەگەڵ کەسایەتییەکی بەرزتر لە محەممەد جەعفەری سەحرارەوودی پێوەندیی هەبێ. ناوبراو بەرپرسی پاسدارەکانی شۆڕش بوو کە لە ئاپارتمانێکی لە شاری ڤییەن دەژیاو لەلایەن ئەو جینایەتکارانەی قاسملووی دۆستی تاڵەبانییان کوشت بە هەڵە بریندار کرا.

ئەگەر لە مێژووی کورداندا شتێک بۆ هەتا هەتایە بمێنێ، دڵەڕاوکێی دراوسێکانیان، بە تایبەتی دەوڵەتەکانی تورکیەو ئێران‌و سووریەیە کە تێ‌دەکۆشن کوردان هەروا  ژێردەست راگرن. ڕێگا چارەیەکی کە لە سەردەمی عوسمانی‌و سەفەوییەکانەوە هەتا ئێستاو بێ‌هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێک لە گۆڕێدا بووە کوشتنی ڕێبەرانی کوردەکان بووە.

بۆ بەڕوونی نیشاندانی ئەو شێوەکارە، ئێران ساڵی ١٩٩٢، سادق شەرەفکەندی، جێ‌نشینی قاسملووی، لە ڕێستوورانێک لە شاری بێرلین کوشت. بە پێچەوانەی ئەوانەی قاسملوویان کوشت‌و بە هۆی ترسەنۆکیی دەوڵەتی ئوتریش، بە سلامەتی رزگاریان ببوو، پیاو کوژەکانی بێرلین دادگایی‌و مەحکووم کران، بە تایبەتی ئەوانەی فەرمانی کوشتنەکانیشیان دابوو لەلایەن دەزگای دادوەریی ئەڵمانەوە ناسێندران.

بێجگە لەو چوار پیاوکوژە کە بە زیندان مەحکووم کران، دوای چوار ساڵ دادوەری، سەرۆکی دەزگای جاسووسیی ئێران، عەلی فەللاحیانیش بە هۆی دەرکردنی فەرمانی جینایەتەکەو هەروەها سەرۆک کۆمار عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی‌و عەلی خامنەیی کە جێ‌نشینی خومەینی¬یەو سەرۆکی باڵای ڕێژیمە بە تاوانبار ناسران.

یەکیەتیی ئورووپا باڵوێزەکانی لە تاران بانگ کردەوە ـ بۆ ماوەیەکی زۆر زۆر کورت. بەڵێ زۆر کورت.

# سوپاس و پێزانین

بۆ ئەو یارمەتییە بە نرخانە کە هێلین کرۆلیچ قاسملوو بۆ بە ئاکام گەیشتنی ئەم کتێبە پێی کردووم‌و بۆ ئەو دڵگەرمییەی پێی‌داوم‌و بۆ هەموو ئەو وتووێژانەی لە پاریس‌و لە ڤییەن دەگەڵیم کردوون، پێم خۆشە بە دڵەوە سوپاسی بکەم. سوپاسی کۆمەڵی کوردەکانی شاری ڤییەن‌و زۆر لەو کەسانەش دەکەم کە لە وتووێژەکاندا روانگەو پێشنیارەکانی خۆیان هێناوەتە گۆڕێ‌و ژمارەیەکی زۆریان بەڵگە داومێ کە ئیمکانی لە چاپدرانی ئەم کتێبەیان رەخساندوە.

لەناخی دەروونەوە سوپاسی رۆژنامەوانی ئەمریکایی، جاناتان راندال، دەکەم کە بە سەخاوەتەوە نووسراوەکانی چەندین کاتژمێر وتووێژ دەگەڵ قاسملووی پێ‌داوم، چونکە بەکەلک وەرگرتن لەو یادداشتانە توانیومە هەلومەرجەکان‌و وتووێژەکان سەرلەنوێ بخەمەوە بەرچاوی خوێنەران‌و ئەگەر ئەوانە نەبان ئەم کارە ئیمکانی نەدەبوو.

بۆ نووسینی ئەم کتێبە دەگەڵ ئەم کەسایەتییانە وتووێژم کردوە: عەبدوڕڕەحمان قاسملوو (کوردستان، ١٩٨٥؛ پاریس ١٩٨٥؛ مادرید، ٨٨ ـ ١٩٨٧)؛ سووزان رۆکین شاوب ـ رەسووڵ (ڤییەن)؛ سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران ئەبولحەسەنی بەنی سەدر (پاریس)؛ سەرۆک کۆماری پێشووی ئەلجەزایر ئەحمەد بن بیللا (ئەلجەزایر)؛ وەزیرو پزیشکی فەرانسەیی بێرنارد کووشنێر (پاریس)؛ سیاسەتوانی سۆسیالیستی فەرانسەیی ئالێن شنال (پاریس)؛ سیاسەتوانی ئێرانی ناسر پاکدامەن (ڤییەن)؛ ئیبراهیم ئایدار (پاریس)؛ سەرۆکی ئەنستیتووی کورد لە پاریس، کەنداڵ نەزان؛ ئەندامی پارلمانی ئوتریش‌و سەرۆکی حیزبی سەوزەکان پیتێر پیلتز (ڤییەن)؛ بەرپرسی پۆلیسی ئوتریش ئوسواڵد کیسلێر (ڤییەن)؛ پزیشکە فەرانسەییەکان فریدریک تیسۆ، میشێل بۆنۆ، فلۆرانس ویێبێر (پاریس)؛ رۆژنامەوانە فەرانسەییەکان کریس کۆچێرا و  خانمەکەی؛ سیاسەتوانی کوردی ئێرانی جەلیل گادانی، مەلا سونییەکان، ئەحمەد دەروێشی‌و خالیدی عەزیزی؛ دادوەری ئوتریشی مەنفرێد وییدینگێر؛ ئەندامانی حدکا، رەحیم قادری، مراد، ئازاد، عەبدوڵڵاو کەسانی دیکە؛ فاتووش گونەی، بێوەژنی فیلمسازی کوردی خەڵکی تورکیە یۆڵماز گونەی، و بیرمەندانی فەرانسەیی ژیراڕ شالیان، ژولیەت مەنس‌و ژۆیس بلاو.

سەعیدی شەرەفکەندی، جێ نشینی قاسملووو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن دوکتۆر بێرنارد گرانژۆنەوەو لە هاوینی١٩٩١و لە کوردستان بۆ ئەم کتێبە وتووێژی دەگەڵ کرا.

ڕۆژنامەنووسی فەڕانسەیی،مارک کراوێتز، کە کاری بۆ ڕۆژنامەی لیبراسیۆن دەکرد چەند ڕۆژ دوای تاوانەکە لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی لەبارەیدا ئەنجام دا. ناوبراو دەگەڵ جیهانی کوردان بەتەواوی ئاشنایە و ڕوانگەو هەڵسەنگاندنێکی یەگجار بەنرخی دامێ.

ڕێبەری کوردی عێراقی ،جەلال تاڵەبانی، دووجار وتووێژم دەگەڵ کردوە. جارێک لە کوردستان و جارێک لە پاریس.

چەند کەسێک لە ئێرانییەکان و کوردەکان کە وتووێژیان دەگەڵ کراوەو دۆستی نزیکی قاسملوو بوون، داوایان کردبوو لەبەر مەسەلەی ئەمنیەتی ناویان نەنووسرێ.  هێندێک لەو کەسانەم بە ناوی خوازراوەوە نووسیون: فەتاح، مستەفا، ئازاد، هیلدگارد، کارلۆت، ماریاتێرسیا، ک.م، و ئاغای م. ئەوانی دیش هەر ناویان نەنووسراوە.

سوپاسی تایبەتیم هەیە بۆ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، دۆست و هاوکاری نیزیکی قاسملوو بۆ پێداچوونەوە یەگجار وردبینانەو تاقەتپرووکێنەکەی بە دەستنووسەکەدا.

سوپاس بۆ ڕۆژنامەنووسی ئیسپانیایی ڕافائیل فراگووس بۆ شارەزاییەکەی لەبارەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوەو بۆ ڕۆژنامەنووسی فەڕانسەیی ژان مارک ئیلۆ بۆ پشتیوانییە بەردەوامەکەی کە زانیاری و ڕوانگە وردبینانەکەی لەبارەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە سەخاوەتەوە خستوەتە بەردەستم.

ئەمجار سوپاسی براکەم ڕۆگیر پرۆونهووبێر دەکەم کە کاری لەچاپدانی کتێبەکەی وەئەستۆ گرت، کارێک کە بەڕادەی نووسینی کتێبەکە دژوار بوو. سوپاسی دایکم لویسا پرۆنهۆبێر دەکەم کە لە سەرەتای کتێبەکەوە هەتادوایین بەشی، بەوردی و بەئۆگرییەوە خوێندۆتەوە. سوپاس بۆ ساڵح لە ئەنستیتووی کورد لە پاریس بۆ لێکۆڵینەوەکەی لەبارەی وێنەکانەوە،و هەروەها بۆ یارمەتییەکانی لەبواری ڕێکەوتی ڕووداوەکانداو بۆ پێداچوونەوەی وردبینانەی بەسەر زانیارییە کۆکراوەکاندا.

سوپاس بۆ ئاسۆ حەسەن زادە بۆ پێداچوونەوەو تەئییدکرددنی زانیارییەکان لەبارەی قاسملووو حدکاوەو هەروەها سوپاس بۆ مەولوود سوارەش.

لە ناخی دەروونەوە سوپاسی خاتوو سیندهو پۆرتر دەکەم بۆ ماندوویی نەناسیو ئۆگرییەکەی بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ کارامەیی بەرزو دڵبەستەیی بۆ هەڵبژاردنی وشەی جوانو رازاوە لە کاری پێداچوونەوەکەیدا؛ سوپاسیش بۆ سینتیا بریگز، کە تەنانەت هەموو رۆژێ هەتا شەو درەنگانێکو زۆر بە وردیو کارامەییەوە بە نووسراوەکەدا چۆتەوە. هەروەها سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەستنووسەکەیان خوێندەوەو روانگەی زۆر بەنرخو بەجێیان پێشنیار کردن.

سوپاس بۆ رەحیم قادری بۆ پێشنیارە خێرخوازانەو فیداکارانەکەی بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە لە زمانی ئیسپانیاییەوە بۆ [کوردیی] سۆرانی. سەرەنجام، بڕیارمان دا لەسەر ئینگلیزییەکەی کار بکەین چونکە پێداچوونەوەی بە تەواوی لەسەر ئەنجام درابووو تایبەتمەندییەکانی ئەمڕۆی وەخۆ گرتبوو. سوپاس بۆ فەتاح کاویان بۆ وەرگیرانی لە ئینگلیزییەوە بۆ [کوردیی] سۆرانی.

سوپاسی تایبەتییشم هەیە بۆ رۆژنامەنووسی ئیسپانیایی، گابرییەل فێرناندز، بۆ هاوکارییە لەرادەبەدەرو بە نرخەکەی لە ماوەی نووسینی ئەم کتێبەدا، بەتایبەتی بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئاکامی لێکۆڵینەوە لە بارەی تێرۆری قاسملوو لە ڤییەن.

گابرییەل، پێش ئەوەی بتوانێ لێکۆڵینەوە راستو دروستەکەی بە چاپکراوی ببینێ، بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد. بەڵام، لەهەر شوێنێک بێ ـ بۆشی هەیە لە نزیک قاسملوو بێ ـ ئەوە کە دەبینێ ئەو کتێبە لە چاپ دراوە، هاوکات دەگەڵ ئێمە جێژنی بۆ دەگرێ. لە چاپدرانی ئەم بەرهەمە رۆژنامەوانییە باشترین رێگەیە بۆ پێشاندانی شانازی بە هەر دووکیان.

سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی یادی قاسملوویان لە دڵو دەروونداو لەناخی دەروونیشەوە رێز بۆ مەسەلەی کورد دادەنێم.

**نووسەر**

# دەروازە

بەهۆی ئەو چیا بەرزانەوە کە ناوی نیشتمانی خۆیان لەسەر داناون، کوردەکان توانیویانە لە ماوەی چەندین سەدەدا هەبوونی خۆیان بپارێزن. ئەم وڵاتە، دەگەڵ خەڵکەکەی کە ژمارەیان بیست تا سی ملیۆنە، هەرێمێکە بە پانتایی ٥٠٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە.

«نیشتمان»ەکەیان لەنێو پێنج وڵاتدا دابەش کراوە: تورکیە، ئێران، عێراق، سووریە،و ئەرمەنستان.

کوردەکان پارێزەرانی ئاگری پیرۆز کە لەسەر مەزاری زەردەشت بڵێسەو گڕی هەڵدەستا، تۆرەمەی خۆیان دەبەنەوە سەر میزۆپۆتامیا («بین النهرین»). کوردەکان لە نەژادی عەرەبان نین‌و پێوەندییان بە هیندو ئوروپاییەکانەوە هەیە. بە پێچەوانەی جوولەکەکان، کوردەکان لە نەژادی سامی نین‌و هیچ پەیوەندییەکیشیان بە تورکەکانەوە نیە کە لە ئاسیای نێوەراستەوە هاتوون. زمانەکەیان لقێکە لە زمانە ئێرانییەکان کە دەچێتەوە سەر زمانە هیندو ئورووپاییەکان‌و بە بڕوای هێندێک لە شارەزایان‌و زمانناسان، کوردی دەچێتەوە سەر زمانی ئەوێستایی کە زمانێکی کۆن بووەو زەردەشت بەو زمانە بیروبڕواکانی خۆی بە خەڵک راگەیاندوە.

ئەم ئەفسانەیە لە داستانی حەماسەیی شەڕەفنامە دا هاتوە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەدا بە زمانی فارسی نووسراوە. لەو چیرۆکە حەماسەییەدا بنەچەکەی ئەو خەڵکە ئازاو ئازادیخوازەی نیشتەجێی کێوو شاخان بە روونی هاتوە.

زەحاکی دڵرەق‌و بێبەزەیی کە پێنجەمین شای خانەدانی ئەفسانەیی ئێرانی بووە، خەڵکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی زراوبردوو کردبوو. لە ئاکامدا دوچاری دەردێکی لەچارەنەهاتوو بوو: دوو مار لە سەر شانەکانی رووان کە هەموو رۆژێ دەبوو مێشکی سەری دوو منداڵانیان بدەنێ بیان خۆن. خەڵکانی ژێردەستە بۆ خۆپاراستن لەو مەترسییە گەورەیە، رۆژانە مێشکی مرۆڤێکی گەنجیان دەگەڵ مێشکی بەرخێک تێکەڵ دەکردو دەیان دا بە مارەکان. بەم جۆرە هەر رۆژەی مرۆڤێکی لاو لە مردن رزگار دەبووو بەرەو چیاکان هەڵدەهات‌و ئەوە لە چیاکان بوو کە دەرەتان بۆ مانەوەی کوردەکان رەخسا. ئەم ئەفسانەیە بە شێوەیەک رێگەی بۆ مانەوەی کوردەکان لە ماوەی سەدان ساڵدا مسۆگەر کرد.

کوردەکان کە زۆر ئازا بوون، بۆ ماوەی ٣٠٠ساڵ لەناوەندی کوردستان لە بەرامبەر عەرەبەکاندا خۆیان راگرت‌و پاشان لە ژێر رێبەرایەتیی «صلاح الدین»ی قارەمان دا لە میسرو سووریەو لە سەردەمی هێرشەکانی سوپای خاچ پەرستان لە ژێر رێبەرایەتیی ریچاردی شێردڵدا زۆر ئازایانە خۆیان راگرت.

لە سەدەی شازدەهەم بەم لاوە، کوردەکان دەگەڵ چەند هێرشی خەڵکانی وەک مەغوولەکان و تورکەکان بەرەوڕوو بوونەوە، ئەو هێرشکەرانە کە مەبەستیان داگیرکردنی رێگا بازرگانیە یەکجارگرنگەکان بوو، بە تایبەتی رێگاکانی ئاوریشم‌و هەزوێڵە.

لە سەدەی شازدەهەمدا، شای «صفوی» لە ئێران بڕیاری دا کوردستان بخاتە سەر ئیمپراتۆریی ئێران، بەڵام ئیمپراتۆریی عوسمانی کە دەگەڵ سەرکردە فێئۆداڵە کوردەکان هاوپەیمان بوو، شای ئێرانی شکست دا. ئەو هاوپەیمانییە تەنیا لە بواری سەربازییەوە نەبوو، بەڵکوو لایەنی مەزهەبییشی هەبوو. کوردەکان‌و عوسمانییەکان کە موسوڵمانی سوننی بوون، لە دژی «صفوی»یەکان کە شیعە مەزهەب بوون، یەکیان گرتبوو.

کاتێک ئیمپراتۆریی عوسمانی‌و ئێرانییەکان وەک دوو دەوڵەت دەسەڵاتی خۆیان بە تەواوەتی دامەزراندو پتەو کرد، ئەم کارە سیاسییە گرنگە بوو بە هۆی پێکهاتنی زنجیرە دژکردەوەیەکی یەک لەدوای یەکی کوردەکان؛ چونکە دەیان دی کە دەسەڵاتی خۆیان کەوتۆتە مەترسییەوە. ساڵی ١٦٣٨، شای ئێران‌و سوڵتانی عوسمانی رێککەوتننامەیەکیان واژۆ کرد کە بۆ یەکەم جار دابەشبوونی کوردستان لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرییەدا رەسمیەتی پێدرا. لەو رۆژەوە، کوردستان بوو بە مەڵبەندی تاڵان‌و بڕۆ. ئێستا کوردەکان بوونەتە گەورەترین نەتەوە لە جیهاندا کە دەوڵەتی خۆیان نیە.

مەسەلەی کوردەکان وەک کێشەی جیهانیی ئەمڕۆی فەلەستینییەکانو هەرمەنییەکان دەچێ؛ لە سەدەی بیستەمداو هاوکات دەگەڵ لەبەریەک هەڵتەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانیو کاتێک کە دەوڵەتە سەرکەوتووەکان رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد ئەو سێ کێشەیە سەریان هەڵ دا. پەیمانی سێڤر (١٠ی ئاگۆستی ١٩٢٠) وادەی دانی خودموختاریی بە کوردەکان دا، بەڵام پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣دا ئەوانی لەو مافە بێبەش کرد.

لەوکاتەوە هەتا ئێستا کوردەکان کەوتوونە بەر قازانجو بەرژەوەندییەکانی رێژیمە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکەو هێزە جیهانییەکانەوە. هۆی ئەم کارە روونە: لە پێدەشتەکانی بناری چیاکان ئۆقیانووسێک نەوت هەیە. بە هۆی ئەو کانگا بەنرخانەو لە سەدەی بیستو یەکەمیشدا، دەسەڵاتە گەورەکان نە ئامادە بوون، نە پێیان خۆش بوو دەدان بە نەتەوەبوونی کوردەکاندا بنێنو نە مافی ئەوەشیان داونێ کە بۆ خۆیان لەو کانگایانە کەلک وەرگرن. هەروەها لە کوردستان سەرچاوەی زۆر گەورەی ئاو هەن کە بێگومان، لە داهاتوویەکی نزیکدا بایەخێکی تەنانەت لە نەوتیش زیاتری بۆ ناوچەکەو بۆ سەرانسەری جیهان دەبێ.

بە درێژایی سەدەکان، کۆمەڵە بەرژەوەندییەکی جیاواز کوردەکانی بەرەو شەڕو کێشەی نێوخۆیی راکێشاوە، تەنانەت ئێستاش هەروا ناکۆکییان لە نێو خۆیاندا هەیە. لەنێو خۆیاندا بە شێوەیەکی لە کۆتایی نەهاتووو پڕ لە کوشتو کوشتاری دوولایەنە شەڕو پێکدادان سەر هەڵ دەدا.

ئەم لێک هەڵبڕانە کە وەک کارێکی هەمیشەیی‌و بەردەوام دەچێ و تێکەڵاوی رووحێکی بێ بەزەییانەی عەشیرەتگەری‌و ناوچەگەری بووە، بۆتە هۆی ئەوە کە ئێرانو تورکیە لەو دەرفەتانە کەلک وەرگرنو هەمووجارێ بە شێوەیەکی دڕندانە کوشتاری بە کۆمەڵیان لێ بکەن.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، رێبەرانی تورکە ناسیونالیستەکان حەوسەد  هەزار کەس لە کوردەکانیان بۆ شوێنی دیکە راگواستن. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٥و١٩٣٥ دا، کوردەکان بۆ جارێکی دیکەش دەگەڵ دەرکران لە شوێنی ژیانیان رووبەڕوو بوونەوە. ئەو کارە بەهۆی شەڕی دووەمی پێشی پێ گیرا. دەوڵەتی ئەنکەرە حاشای لە ناسنامەی فەرهەنگیی کوردان دەکردو ئەوانی بە «تورکی کێوی» ناو دەبرد. هەتا ساڵی ٢٠٠٣، تورکەکان کوردستانیان خستبووە ژێر حکوومەتی سەربازی «حکومت نظامی». بە هەزاران گوندی کوردەکان وێران کرانو سەدان هەزار کورد ناچار کران ماڵو زێدی خۆیان بەجێ بێڵن.

سەرەڕای سازانێکی زیاتر دەگەڵ فەرهەنگی کوردەکان لە ساڵی ١٩٩١ەوە، بۆ وێنە رێگادان بەو گەلە کە بە زمانی خۆیان قسە بکەنو ئازادکردنی کەسایەتییە سیاسییە چالاکەکانو چەند ریفۆڕمێکی بچووکی فەرهەنگیی دیکە، توندوتیژی لە دژیان هێشتا بە تەواوی کۆتایی نەهاتوە.

رێژیمی سەددام حوسێن لە عێراق زیاتر لە چوارهەزار گوندی وێران کردو دانیشتوانی ئەو گوندانەی بۆ پێدەشتەکان راگواست. ساڵی ١٩٨٨، سەددام حوسێن لە رێگەی هێرشی گازی مەرگهێنەوە بۆ سەر شارۆچکەی هەڵەبجەو کوشتنی پێنج هەزار کەس، کوردەکانی سزا دا. پاش شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١دا، ئەرتەشی عێراق بەرەو کوردستان وەڕێ کەوت کە ئەو کارە بوو بەهۆی گەورەترین کۆچی زۆرەملیی مرۆڤەکان لەمێژووی ئەم سەردەمەدا.

بە یارمەتیی هێزی هەوایی هاوپەیمانان (ئەمریکایی‌و ئینگلیزی) ساڵی ١٩٩٢، کوردەکانی عێراق لە رێگەی دەنگدانێکی گشتییەوە پارلمانی کوردستان وحکوومەتی هەرێمیان دامەزراند. لەوکاتەوە هەتا ئێستا، کوردەکانی عێراق چەند زانستگە، بەرێوەبەرییەکی کارلێهاتووی سیاسی‌و رێزە دامودەزگایەکیان پێک هێناوە کە پێشکەوتنی ئابووری، فەرهەنگی‌و دێموگرافی (حەشیمەت ناسی) یان بە شێوەیەک گەرەنتی کردوە کە هەتا ئێستا لە هەرێمەکە بێ وێنە بووە.

پارتەسەرەکییەکانی کوردستان بە تەواوی پشتیوانییان لەو هاوپەیمانەتییە کرد کە ساڵی ٢٠٠٣ بە رێبەرایەتیی ئەمریکا لە دژی رێژیمی سەددام پێک هات.

لەژێر ئارامیو ئاسایشێکدا کە بە بەراورد دەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق لە کوردستان جێگیر بووە، ئەم هەرێمە ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ بەرەوگەشەکردنو پێشکەوتن دەڕوا.

لەم پەنجاساڵەی دواییدا، کوردەکان دوو ڕێبەری گەورەی سیاسییان هەبوون: مستەفا بارزانی لە عێراق لە ساڵەکانی دەیەی ٦٠و دەیەی ٧٠،و لە ئێران «عبدالرحمن قاسملو» لە دەیەی ٨٠ دا. بارزانی لەکاتێکدا دوور لە نیشتمانو لە ئەمریکا دەژیا، ئەمری خودای بەجێ هێنا.

دوای ئەوە کە قاسملوو بۆماوەی دەساڵان لە دژی ڕێژیمی ئاخوندسالاریی «آیةالله خمینی» خەباتی چەکدارانەی بەڕێوە برد، لە مانگی ژووئیەی ١٩٨٩داو لە شاری ڤیەن بە شێوەیەکی دڕندانە لەلایەن نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیەوە کوژرا، بۆیە چووبوو بۆ ئەو شوێنە کە لە «وتووێژی ئاشتی» دا بەشدار بێ. مەرگی قاسملوو بۆ دامەزراندنی خودموختاری لە کوردستانی ئێران زەبرێکی ماڵوێرانکەر بوو. ڕێبەرایەتیی ژیرانەو مرۆڤانەی قاسملوو داهاتوویەکی ڕوونی بۆ وڵات پێش بینی کردبوو.

ساڵی ١٩٨٣ بۆ یەکەم جار لە پاریس چاوم بە «عبدالرحمن قاسملو» کەوت. دەگەڵ یۆلمازگونەی فیلمسازو ژنەکەی، فاتووش لە پێشانگەیەکی هونەرەجوانەکان لە ئەنستیتووی کورد بەشدار بووم. کاتێک لە ساڵی ١٩٨٢دا لە فستیڤاڵی فیلم لەکان بووم، بۆ یەکەم جار چاوم بە یۆلمازگونەی کەوتو لە ڕێگای ئەوەوە دەگەڵ مەسەلەی کورد ئاشنا بووم.

قاسملوو ڕێبەرێکی کاریزماتیکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو کە زۆر بەڕەوانی بە چەند زمان قسەی دەکرد. لە زانیاریی ئەو لە بواری هونەرو فەرهەنگی ڕۆژئاواو کوردستاندا سەرم سوڕ مابوو. ئەو شەوە، قاسملوو بە هۆی کەسایەتیی بە توانایو پێکەنینە بەرزەکانیو ڕەفتارو وتە شادیهێنەکانی سەرنجی هەموو لایەکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.

لەکارو پیشەی خۆمدا وەک ڕۆژنامەنووسێکی وێنزوئیلایی، کوردستان بۆ من وڵاتێکی دوورو نەناسراو بوو. دەردو ڕەنجی گەلی کورد زۆر بە توندی هەستی بزاوتمو لە ئاکامدا بۆ چەند ڕۆژنامان دەستم کرد بە نووسینی وتار لە بارەی کوردانەوە.

دوای چاوپێکەوتنەکەمان، قاسملوو بانگهێشتنی کردم بۆ کوردستان. دووساڵ دواتر، دەگەڵ گرووپێکی سەر بە ئاژانسی تەلەڤیزیۆنی فەرانسە، گاما تیڤی، چووم بۆ کوردستان بۆ ئەوەی لە خەباتی گەلی کورد فیلم هەڵگرین. ئەم کتێبە[ی لەبەر دەستتاندایە] لەو سەفەرە لە دایک بوو.

کاتێک لە نزیکەوە چاوم بە گەلی کورد کەوت، ئەو بەڵێنەی کە قاسملوو بە وڵاتە شەڕ لێدراوەکەی دابووو هێندێک شتی دیکە لەنێو دڵودەروونمدا جێگیر بوون. کاتێک ئەو نووسراوە پڕ لە ستایشەم پێشانی قاسملوو دا کە لەبارەی گونەییەوە نووسیبووم، قاسملوو پێی گوتم: « پێم خۆشە کاتێک مردم، کتێبێک بنووسیو لەودا لەبارەی بەسەرهاتی ژیانی منو مەسەلەی کوردەوە بدوێی».

شیکردنەوەی دەردو ڕەنجو مەرگی ڕەحمانی کوردو هیواو هومێدی بۆ کوردستان ئەم کتێبەی نەخشاندوە. شایەتیدانی ڕۆژنامەنووسێک کە ڕووداوەکانی بەو جۆرە کە ڕوویان داوە هێناوەتە سەر کاغەزو بە کەلک وەرگرتن لە بەڵگە سیاسییەکانو ئاخاوتنەکانو لە ڕاپۆرتی پۆلیسو بابەتەکانی سەر کاسێتی دەنگ تۆمارکردن و لەو وتارانەی کە بۆ شایەتی دان نووسراونو هەروەها لە ڕیزە وتووێژێک کە کردوونی، هەمووی ئەو بابەتانە ڕوانگەی دوور لە لایەنگریی کەسێک پێشان دەدەن کە خۆی ئاگای لە گشت ئەو بابەتانە بووە کە ژیانو مەرگی «عبدالرحمان قاسملو»یان پێک هێناوە. وتووێژەکان گشت ئەو پەیڤو قسانە دەگرنەوە کە دەگەڵ پەنجا کەسێک ئەنجام دراون کە نەخشێکی گرنگیان لە ئێرانو عێراق دەگێڕاو ئێستاش هەر نەخش دەگێڕن.

مەبەستی نووسەر ڕوونکردنەوەی ئەو مەترسییە گەورەیە بووە کە قاسملوو وەئەستۆی گرتووە هەروەک کەسانی دیکە بۆ ناساندنی کەسایەتیی گەلی کوردو بۆ مافەکانی ئەو گەلە خەباتی کردوە کە یەکجار لە مێژە خەباتی بۆ دەکرێ. لەماوەی ژیانیداو

پاش مردنیشی، ئێمە زۆر باش لە سیاسەتی هەردەم لەهەوایەکی دەوڵەتەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگەین‌و هەروەها لە رووداوە مێژووییەکانی باش حاڵی دەبین کە هێشتا لەسەر سیاسەتەکانی ئەمڕۆیان تەئسیریان هەیە.

شتێکی یەکجار روون لەگۆڕێدایە: «عبدالرحمان قاسملو» لە سەرانسەری ژیانیدا هەرگیز لە چوارچێوەی رێبەری حیزبێکی ئێرانیدا قەتیس نەمابوو. ئەو وەک رێبەرێکی دووربین ژیانی بەسەر دەبردو گرنگتر لەوەش کوردێک بوو کە ئاواتی ئازادی بۆ کوردستانی لە دڵدا بووو خۆشەویستیی بۆ گەلەکەی دڵوگیانی داگرتبوو. سەرەنجامیش بۆ گەیشتن بەو ئاواتە، گیانی خۆی لەدەست دا.

ئیمانی درزتێنەچووو رووحی پاکی لە نێو دڵی چیا شاخاوییەکانی نەتەوەیەکدا دەژی کە پێی دەڵێن کوردستان.

# بەشی یەکەم
# تاوانە گەورەکە

## بڕگەی یەکەم
## چاوپێکەوتن لە ڤییەن

« ئەگەر پیاوێک لەماوەی ژیانیدا شۆڕشگێڕ بێ، مەرگیشی دەبێتە کارێکی شۆڕشگێڕانە». لەوتەکانی «عبدالرحمان قاسملو».

ڤییەن، پێنج شەممە، ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩. ئەو رۆژەی تیرۆر کرا، «عبدالرحمان قاسملو» کە لەخەو هەستا یەگجار بە کەیف بوو. هەروەک هەمیشە، لەحاڵێکدا گوێی دابووە رادیۆکەی، ریشی تاشی. دووشێکی گرتو بە شێنەیی جلوبەرگی دەبەرکرد.

هاوین بووو شاری ڤییەن نوقمی رووناکایی ببوو. چووە نێو هۆدەی ژیانی هەڤاڵەکانی ـ ئازادو کارلۆت ـ کە پێشتر لەخەو هەستابوون. لە وەزعی عەبدوڵلای پرسی کە رۆژی پێشتر ژانەزگیگرتبووو تووشی زگچوونێکی توند ببوو.

قاسملوو بە شێوەی باوکە گەورەیەک دەگەڵ هاوکارەکەی هەڵسوکەوتی نەدەکرد، بەڵام ئەو بەیانییە لە پێوەندی دەگەڵ هەڤاڵە گەنجەکەیدا زۆر نیگەران بوو. رەنگە زیاتر بە هۆی جیاوازیی تەمەنەوە بووبێ. ئەوکات قاسملوو پەنجاوهەشت ساڵە بووو بۆیە بە شێوەیەکی تایبەتی هەڤاڵە سیوحەوت ساڵانەکەی خۆش دەویست. چونکە بە هۆی پێوەندیی دۆستانەو هاوبەشی لە خەباتدا تەواو یەکگرتوو بوون. «عبدالله قادری آذر» نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) لە ئورووپا بوو، قاسملووش سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە بوو.

پێش ئەوەی میوانەکان لە خەو هەستن، کارلۆت نانوچای بەیانیی ئامادە کردبوو.

رۆژێک قاسملوو لە کوردستان دەبووو سیرۆژ دواتر لە پاریسەوە یان لە ستۆکهۆڵمەوە تەلەفونی لێ دەکردن. کاتێک لە ڤییەن دەبوو، هەرگیز نەیان دەزانی خەریکی چ کارێکی سیاسییە.

لە مانگەکانی دێسامبرو ژانویەدا چەند حەوتوویەکی دەگەڵ رابواردبوون. بەڵام، نە کارلۆتو نە ئەندامەکانی دیکەی گرووپە چکۆلەکەی کوردان نەیان دەزانی دەگەڵ نوێنەرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی خەریکی وتووێژە.

تەنیا سێکەس لە ئەندامانی حیزبی[دێموکراتی] کوردستانی ئێران لەو وتووێژانە ئاگادار کرابوون.

لەماوەی ئەو چەند حەوتووەی زستانە یەکجار ساردەکەی ڤییەندا، ئازادو کارلۆت قاسملوویان کردبووە هاوبەشی ماڵەکەی خۆیان، بەڵام بوونی ئەو لەو ماڵە هەرگیز سەخڵەتی نەدەکردن. بێجگە لەوە کە یەگجار خۆشیان دەویست، قاسملوو مرۆڤێکی لەبەردڵانو یەکجار قسەزانیش بوو، بەتایبەتی بە بڕوای ژنان لەڕادەبەدەر سەرنج راکێش بوو. لەلایەکی دیکەوە لەنێوخۆی حیزب کاتێک خەریکی رێبەریکردنی خەباتی چەکدارانە دەبوو یەگجار بەدەسەڵات بوو.

دوای ماوەیەک دانیشتن دەگەڵ ئازادو ژنەکەی دەیانگوت لای نیوەشەوان دەچێتە ژوورەکەی خۆیو خەریکی خوێندنەوەو گوێدان بە رادیۆ دەبێ هەتا خەوی لێ دەکەوێ. هەموو بەیانانیش، سەری کاتژمێر هەشت هەڵدەستێ.

قاسملوو پیاوێکی یەگجار بەهۆش‌و کارلێهاتوو بوو. لە پیاسەکردندا هەرگیزماندوو نەدەبوو، بۆ ڕێبەرێکی پارتیزانان کە بەشێکی باش لە ژیانی خۆی لە نێو کێوو شاخە سەختەکانی کوردستاندا بەسەر بردبوو، ماندوو نەبوون لە پیاسەکردندا شتێکی ئاسایی بوو.

ژیان لەوێ هاسان نەبوو. کوردەکان لەنێو چادراندا دەژیان‌و کاتێک سەرما دەستی پێدەکردو بەفر دەباری، نەچادرەکان پێشی دڵۆپانیان دەگرت‌و نە ئەوبەڕانەی لەسەر ئەرزەکە ڕایان دەخستن شەداریی عەرزەکەیان ون دەکرد. قاسملوو هەروەک کوردەکان بە درێژایی چەند کاتژمێر لەسەر عەرزێ دادەنیشت‌و لە ئاکامدا چۆکەکانی دێشان‌و دوچاری سیاتیک ببووو جاروبار بەلادا دەهات. بەڵام بەپێی تاقیکارییەکی پزیشکی کە لە پاریس بۆیان کرد، دەرکەوت کە پیاوێکی سڵامەتە. هاوسەرەکەی، هێلین دەی‌گێڕایەوە، دەیگوت جارێکیان پزیشکێک پێی گوتبوو کە سەلامەتییەکەی دەبێ هی پیاوێکی کێووشاخنشین بێ.

ئەو بەیانییەی مانگی ژووئیە پێکەوە نان‌وچای بەیانییان خوارد. قاسملوو وەک هەمیشە چای خواردەوەو پاشانیش فنجانێکی قاوە لێ دا.

کارلۆت خەریک بوو ئاشپەزخانەی خاوێن دەکردەوە کە قاسملوو هەستا بۆ ئەوەی وتارێکی گۆڤاری «ئینترناشناڵ هێراڵد تریبیوون»ی پێشان بدا. لەو وتارەدا هەلومەرجی نێو ئێرانی پاش مردنی خومەینی شی کرابۆوەو بەڕوونی گوترابوو ئەو کەسەی جێگەی دەگرێتەوە «حجت الاسلام هاشمی رفسنجانی»یە.

دوای ماوەیەک، کارلۆت دەیگوت، « لە وتارەکەدا نووسرابوو کە ڕەفسەنجانی دەیەوێ پێوەندیی دەگەڵ ئورووپاو وڵاتانی ڕۆژئاوا باشتر بکا. هەروەها دەوڵەتی ئێران زۆر جێگیرتر دەبێ و بناژۆیی کەم دەبێتەوە. ئەم بەشە ڕوانگەی خسووسیی دوکتۆر قاسملوو لەبارەی ڕێبازی ئایندەی ئێران مسۆگەر دەکا».

[ دوکتۆر قاسملوو] زۆر بەکەیف بووو پێشنیاری کرد بچنە دەرێ‌و نانێکی باشی نیوەڕۆیە پێکەوە بخۆن‌و چونکە کارلۆت لە ڕۆژەکانی پشوودانداا بووو ئازادیش بۆ هەرشتێکی قاسملوو ویستبای ئامادە بوو، پێشنیارەکەیان قبووڵ کرد. عەبدوڵڵا هێشتا هەر ناساخ بووو هەستێکی پڕ لە مەترسی ئازاری دەدا. بە هەرجۆرێک بوو ئامادە بوو دەگەڵیان بچێ، بەڵام ئەو تەنیا داوای ماستی کرد.

هەموویان سواری ماشێنەکەی ئەو ژنومێردە بوون کە ڕێنۆیەکی ١٢بووو بەرەو تەپۆڵکەکانی وینێرلەند لێیان خوڕی؛ ئەو ناوچەیە پڕ لە جەنگەڵ‌و باخی ڕەزان بوو. نیوکاتژمێر دواتر گەیشتنە ڕێستوورانێک کە تەواوەتی شاری ڤییەنی لێوە دیار بوو. کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆیەو کەمێک زوو بوو. چونکە خەڵکی شاری ڤییەن لە کاتژمێری ١٢/٥ نانی نیوەڕۆ دەخۆن.

قاسملوو بۆ هەمووان داوای شەڕابی کرد، بەڵام کارلۆت نەیویست. قاسملووش گوتی: «نابێ! ئەمڕۆ ئەتۆش دەبێ دەگەڵمان بخۆیەوە».

کەمێک شەڕابی کامپاریسیان خواردەوەو پاشان داوای نانی نیوەڕۆیان کرد. قاسملوو داوای تافل سپلیتزی کرد کە خۆراکێکی تایبەتی شاری ڤییەنە دەگەڵ گۆشتی کوڵاوی گوێلکو سۆسیس‌و تەماتەو ساڵاد ـ زۆریشی پێخۆش نەبوون.

لێرەدا قاسملوو گوتی: چونکە گۆشتی دەخۆین، شەڕابی سووریش دەخۆینەوە.» داواشی لە کارلۆت کرد سەرپشک بێ. بوتڵێکیان شەڕابی ستراێگل کڕی. قاسملوو گوتی: « شەڕابێکی باشە. شتێکی باشت هەڵ بژارد».

قاسملوو بە تەواوی کەیفی ساز ببوو. هەمووشتێک لەوپەڕی باشیدا بوو، بە تایبەتی ڕووناکایی سێحراویی شاری ڤییەن. ئەوجار درکاندی کە ڕۆژی چوارشەممۆ چاوی بە برادەرێکی خۆی کەوتوە ـ «احمد بن بلا» سەرۆک کۆماری پێشووی ئەلجەزایر ـ و ئەو چاوپێکەوتنەشی زۆر پێخۆش بووە.

لەماوەی قاوەخواردنەوەدا، ئازاد بۆ یەکەم جار مەسەلەی وتووێژی هێنایە گۆڕێ. ئازاد دژی ئەو وتووێژانە نەبوو، بەڵام گەشبین نەبووو پێی وابوو سەر ناکەون. ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئێرانییەکان هەرگیز کوردستانێکی خودموختار قبووڵ ناکەن. ئەگەر کۆنەپەرست ترین بەشی ئاخوندە شیعەکان ئامادە نەبوون دەگەڵ « آیة الله منتظری» رێک کەون کە خومەینی وەک جێنشینی خۆی دیاریی کردبوو، چۆن دەگەڵ قاسملووی هەڵدەکەن؟

کاتێک ئازاد ئەو قسانەی دەکرد، قاسملوو بە خەمناکییەوە دانیشتبوو سیگاری دەکێشا.

قاسملوو بەتوندی وەڵامی دایەوەو گوتی: «دەبێ بەپارێزەوە کار بکەین. پێم وایە پیلانێکیان بەدەستەوەیە».

کاتژمێر ۱/۳۰ی دوای نیوەڕۆ لە رێستوورانەکە وەدەرکەوتن. قاسملوو لەوپەڕی دڵخۆشیدا بووو لە گەڕانەوەدا لەلای دوکانێک دابەزی. هەرکات دەچوو بۆسەفەر، کۆمەڵێک دیاریی دەگەڵخۆی دەبردەوە. ئەو رۆژە رووسەرییەکی کڕی. داخوا ئەوە بۆ هاوسەری تێدکێنێدی بوو یا بۆ خێزانی سەناتۆر پێڵ ـ قەراربوو حەوتووی ئاینده لە واشینگتۆن چاوی بە هەردووکیان بکەوێ؟ ـ یان ئەوە بۆ هێلین، کۆنەژنەکەی، بوو کە چەند ساڵ پێشتر تەڵاقی دابوو؟ پێش سەفەرەکەی بۆ ڤییەن، داوای لە هێلین کردبوو دەگەڵی بچێ بۆ ئەمریکا.

قاسملوو لە بارەی سەفەرەکەی بۆ ئەمریکاوە یەگجار ورووژابوو. لە سەرانسەری ژیانیدا رێگایان نەدابوو بچێ بۆ ئەمریکا. وەزارەتی نێوخۆ ناوی قاسملووی خستبووە نێو لیستێکەوە کە کومونیستەکانو شۆڕشگێڕەکانی جیهانی سێهەمی دەگرتەوە. ئەوە کە هێشتا ناوی لەو لیستەیەدا بوو شتێکی سەیر وسەمەرەو زیاتر وەک تانەو تەشەر دەچوو، چونکە قاسملوو بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ یەکێک لەوچەند کەسە بوو کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پڕ لە مەترسیدا نوێنەرایەتیی میانەڕەوەکانیان دەکرد.

راستییەکەی ئەوە بوو کە قاسملوو لە سۆسیال دیموکڕاتەکان نزیکتر بوو هەتا لە کومونیستەکان. کاربەدەستانی ئەمریکا لە پێوەندی دەگەڵ ئەو سەفەرەدا گیروگرفتێکی زۆریان بۆ پێک هێنابوو. سەرەنجام، چەند کەسێک لە دێموکڕاتەکانی ئەندامی ئەنجومەنی سەنا توانیبوویان ویزایەکی بۆ وەرگرن.

ئەو سەفەرەی بۆ ئەمریکا ئەوەندەی دیکە هیواو هومێدی بەرز کردبۆوە. هەرچەند بەهۆی ئاگربەسێک کە لەو هاوینەدا لە نێوان ئێرانو عێراقدا پێک هاتبوو، کوردستان کەوتبووە هەلومەرجێکی ناسکەوە، بەوحاڵەش هەروا لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئیمکانێکی نوێ بۆ وڵاتەکەی دێتە گۆڕێ.

ئەوە یەکەم جار بوو کە ئەمریکا دەرگای لە قاسملوو دەکردەوە. «حجت الاسلام» هاشمیی رەفسەنجانییش کە لە ئێران لە چڵەپۆپەی دەسەڵاتدا بوو، قاسملووی بۆ وتووێژ لەبارەی خودموختاریی کوردستانو بە رەسمی ناسینی حیزبەکەیەوە بانگهێشتن کردبوو. لە ئاکامی ئەو مەسەلەیەدا بوو کە قاسملوو بەشێوەیەکی نهێنی هاتبووە ڤییەن.

هاوسەری پێشووی قاسملوو باڵابەرزو باریکەڵەو مووڕەشو چاوشین بوو. هێلێن کرۆلیچ موافیقی سەفەرەکەی بۆ ڤییەن نەبوو. ناوبراو کە لە چیکۆسلۆواکی لەدایک ببوو، هەتا ئەو رۆژە کە قاسملوو بەرەو چیاکانی کوردستان وەڕێ کەوت بۆ ئەوەی فەرماندەریی ئەرتەشە چکۆڵەکەی بەدەستەوە بگرێ، ژیانیان پێکەوە بەسەر بردبوو. ئێوارەی پێش وەڕێکەوتنی بۆ ڤییەن، لە ئاپارتمانە چکۆڵەکەی هێلین لە پاریس بەیەکەوە باسو مشتومڕیان کردبوو. هێلین پێی وا نەبوو کە ئێرانییەکان نیازپاک بن ، هەروەها پێشی وا نەبوو ئاخوندەکان بەهیچ چەشنێک هۆگرو لایەنگری خودموختاری بۆ کوردەکان بن.

ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە مردنی خومەینی رێژیمەکەیانی بێهێزو خۆڕانەگر کردوە. ئەمە روانگەیەک بوو کە لە وتارێکدا دۆزیبوویەوەو دوو رۆژ پێشتر پێشانی کارلۆتی دابوو. قاسملوو پێی وابوو کاتی ئەوە هاتوە دەگەڵ ئێرانییەکان

وتوویژ بکا. لە گەرمەی باسەکەیاندا بە هێلینێی گوت: «خومەینی مردوەو رەفسەنجانی پێویستیی بە منە». ئەویش وەڵامی دایەوەو گوتی: « تەنیا شتێکی رەفسەنجانی دەیەوێ سەری تۆیە!»

ئەوە یەکەمین جار نەبوو کە بەم شێوەیە باسو وتوویژیان دەکرد. قاسملوو سیاسەتوانو ریبەر بوو. ئەویش [ هێلین] گوێی دەدایەو هەرزوو وەڵامی دەدایەوەو پاشانیش بە پرتەوبۆڵەو قسەی ناخۆش هەراسانی دەکرد.

بۆ زیاتر لە ٣٠سالْ، پێوەندییەکەیان هەر بەم جۆرە بوو. ژیانێکی پڕ لە رووداویان بەیەکەوە بەسەر بردبووو ناخۆشترین بەشی دوورکەوتنەوەی قاسملوو بوو کە لە تاران، کوردستان، عێراق، پڕاگو پاریس نیشتەجێ دەبوو.

ئەو شەوە، هەروەک زۆرجاری دیکەش بۆیان هاتبووە پێشێ، لە نزیکەوە چاویان بە یەکتر نەکەوت. بە تێپەڕبوونی سالْ لە دوای سالْ قاسملوو کەمترو کەمتر گوێی دەدایە قسەکانی . رۆژ دەگەڵ رۆژیش، بێئەوەی گوێ بداتە بیروبڕوای ئەو کەسانەی لێی نزیک بوون، زیاتر بڕوای بە تێگەیشتنو ئەزموونەکانی خۆی هەبوو.

رۆژی دواتر، بەرەو ڤییەن وەڕێ کەوت. کاتێک خواحافیزیی لە هێلین دەکرد، هیچ کامیان پێیان وا نەبوو کە ئەوە ئاخرین چاوپێکەوتنیان دەبێ.

دوانیوەڕۆی پێنجشەممە، لەکاتێکدا کە دەگەڵ نوێنەرانی ئێران خەریکی وتوویژ بوو، لە ئاپارتمانێکی شاری ڤییەن کەوتە بەر گوللەو کوژرا.

عەبدوڵڵا قادری ئازەر، کە رۆژێک پێشتر هەستی بەوە کردبوو مەترسییەک دەگۆڕێدایەو کەسی سێهەم، « فاضل رسول» یش کە کوردێکی عێراقی بووو لە تاراوگە دەژیا، کوژران.

رەسووڵی لاوو دڵپاک لە نێوان کوردەکانو ئێرانییەکاندا نێوبژیوانیی دەکرد.

فازیل ڕەسووڵ، بێئەوەی بزانێ، گرنگترین ریبەری کوردو گەورەترین مرۆڤی سیاسیی لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەو سەردەمەدا بەرەو هەڵدێرگەی نەمان برد. پێش ئەو رووداوە، بەوجۆرەی براکەی باسی دەکرد، رەسووڵ نامەیەکی لەلایەن رەفسەنجانییەوە پێ گەیشتبوو کە لەودا داوای لێکرابوو پێوەندی دەگەڵ قاسملوو بگرێو بۆ وتوویژ دەگەڵ ریژیمی ئێران بانگهێشتنی بکا.

جینایەتەکە لە ئاپارتمانی رێناتا فایستاورو لە لینکە باهانگاسی ٥ بەڕێوە چوو. هەروەک هەمووکەس لەنێو کۆمەڵی کوردەکاندا دەیان زانی، رێناتا یاری رەسووڵ بوو.

# بڕگەی دووەم
# سێهەمین پیاو

سێشەممە، ١١ی ژووئیه. قاسملووو عەبدوڵڵا ڕۆژی سێشەممە، ١١ی ژووئیه گەیشتنه ڤییەن. ئازادو فەتاحو موستەفا له فرۆکەخانه چاوەڕوانیان بوون. ئەو سێکورده هەڤاڵی دێرینی یەکتر بوون. فەتاح له رابردوودا پێشمەرگەو نوێنەری حیزب له ئۆتریش بوو. مستەفا کارناسی پسپۆڕی کانگاناسیو یەکێک له زاناترین ئەندامانی حیزب بوو. هەردووکیان له سەردەمی منداڵیەوه ئازادیان دەناسیو هەرسێکیان ژنی ئۆتریشییان هەبوو.

قاسملوو پێی گوتن کەتەنیا چەند رۆژێک له ڤییەن دەمێنێتەوەو سێشەممەی دواتر له پاریس ڕا دەچێ بۆ ئەمریکا.

کارلۆت بۆی دەگێڕاینەوە: لێمان پرسی دەیەوێ له ئەمریکا چ بکا. له وەڵامدا گوتی دەیەوێ سیاسەتوانان ببینێ، دەگەڵ رۆژنامەنووسان وتووێژ بکاو رەنگه هێندێک له کەسانی سەر به دەوڵەتیش ببینێ. ئەو سەفەرەی یەگجار پێ خۆش بوو. تەنانەت به وردی چاوی له رۆژنامەیەکی ئینگلیزی دەکرد بۆ ئەوەی بزانێ ئاووهەوای ئەمریکا چۆنەو ئەوه که لەوێ هەوا گەرم بوو زۆری پێ ناخۆش بوو ـ گەرمای هەوا نزیکەی ٤٠ دەرەجەی سانتیگراد بوو-.

له ئاپارتمانی ئازادو کارلۆت نیشتەجێ بوون. قاسملوو پێی گوتن بێجگه له نزیکترین هەڤاڵەکانیان نابێ هیچ کەسی دیکه بزانێ ئەو له ڤییەنه. پاشان تەلەفونی له رەسووڵ کردو وایان دانا رۆژی دواتر بەیانی له کافەیەک یەکتر ببینن.

چوارشەممە، ١٢ی ژووئیه

ئازاد ماشێنەکەی پارک کردو چووه نێو کافەتریاکەو لەوێ چاوی به قاسملووو عەبدوڵڵاو رەسووڵ کەوت. وا دیار بوو له بارەی شتی کەمبایەخو ناگرنگەوه قسان دەکەن. رەسووڵ هەر زۆر زوو خوا حافیزیی لێ کردنو رۆیشت.

نیورۆژێکی ئاساییو بێهەر چەشنه پێشهاتێکیان خوارد. دوای گەڕانەوە بۆ ماڵی ئازاد، قاسملوو سەرخەوێکی شکاندو کاتژمێر٣ ی دوانیوەڕۆ، ئازاد بردنی بۆ ئاپارتمانی رەسووڵ له شەقامی واساگاز. رەسووڵ چاوەڕوانی ئەوانو میوانێکی تایبەتییش بوو که ئەحمەد بن بیللا بوو.

ئەمه چاوپێکەوتنێکی پڕ له هەستی خۆشەویستی له نێوان دوو سیاسەتوانی گرنگدا بوو . ئەحمەد بن بیللا رێبەری مێژوویی شۆڕشی ئەلجەزایر له دژی فەرانسەییەکانو عەبدوڕڕحمان قاسملوو فەرماندەیەکی به ئەزموونی راپەڕین له دژی سانتراڵیزمی ئێرانی بوو. هەردوو رێبەر هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان هەبوو، بەڵام له حاڵێکدا رێبەره کوردەکه مرۆڤێکی دێموکرات بووو له دژی رێژیمی ئیسلامی خەباتی دەکرد، بن بیللا چەند ساڵێک بوو له تاراوگه دەژیاو هەروەک رەسووڵ پێوەندیی دەگەڵ تاران هەبوو.

ئێستا هەردووکیان له پێتەختی ئۆتریش بوون؛ هەرکامیان مەبەستێکی جیاوازیان هەبوو. بن بیللا هاتبوو دەگەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤارێکی فەرهەنگیی جیهانی ئیسلام کۆ بێتەوه. قاسملووش هاتبوو دەگەڵ ئێرانییەکان وتووێژ بکا.

وا دیار بوو لەو چوارشەممەیەدا وتووێژەکان به باشی چووبوونه پێش. ئەو وتوویژانه شتێک بوون که قاسملوو، هەم له بواری ئیحساسیەوەو هەم له زەمینەی سیاسیدا، پێویستی بوون، چونکه له نێو حیزبدا هێندێک گیرو گرفتی هەبوون. بەشێک ئەویان خستبووه ژێر پرسیارەوەو هەر لەو کاتەدا هەستی به چوونەسەری تەمەنی دەکرد.

بۆیە نووسیبووی «پیری رووی تێ کردوومو رۆژ لە رۆژ زیاتر هەست بە خەسارهەڵگری دەکەم.»  لە نامەکەیڕا دەردەکەوت کە لە چیاکاندا رۆژ بەرۆژ زیاتر هەست بە تەنیایی دەکا. هەروەها زۆر بە توندی هەستی بە ڕابردنی کاتو زەمان دەکرد. باشی دەزانی دەرفەتێکی کەمی هەیە بتوانێ بەرنامەی ژیانی بە ئەنجام بگەیەنێ. بێجگە لەوەش، وتەکانی پێشاندەری چەشنێک خەمو پەژارە بوون کە بە هۆی ئاڵوگۆڕ لە ژیانیدا بەسەری هاتبوو. هەرجۆرێک بووبێ، ئەو دەی زانی خەونەکانی وەدی نایەن، و رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بووبێ کە پێی وا بوو دەبێ هەتا دەکرێ زووتر دەگەڵ دەوڵەتی ئێران دابنیشێو وتووێژ بکا. دوای ئەو هەمووە خەباتو کوێرەوەرییە چەندین ساڵەیە، یەگجار زۆر پێویستیی بە سەرکەوتنێک هەبوو.

بێرنارد کووشنێر، هەڤاڵی قاسملووو وەزیری دەوڵەتی فەرانسە بۆ کاروباری مرۆڤایەتی، یەک شەممەی پێشتر لە پاریس دەگەڵ ئەوو عەبدوڵلا ببوو. کووشنێر بۆنانی شەوێ بانگهێشتنی کردبوون بۆ ماڵەکەی خۆی، کە لەوێ چاویان بە (ک) کەوتبوو کە ئەندامی DGSE، واتە دایرەی زانیارییەکانی فەڕانسە بووو شارەزاییەکی تەواوی لەبارەی فەلەستینییەکاندا هەبوو. چەند کەس لە رۆژنامە نووسانیشی لێ بوون.

کووشنێر گوتی وا دیارە قاسملوو یەگجار ماندووە». نیشانەیەکی ئاشکرا لە ماندووو شەکەت بوونەکەی دیتە بەرچاو؛ یان ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە بەرەو پیری هەنگاو دەنێ». لەبارەی دووڕوویی ئێرانییەکانەوە قسەیان دەکردو دەیانگوت بڕواکردن بەوان یەگجار دژوارە. بەڵام، قاسملوو بیروبڕوای خۆی نەدەگۆڕی.

«پێش نانخواردن زۆر بە درێژی دەگەڵ قاسملوو قسەمان کرد. پێی گوتم دەچێ بۆ ڤییەنو ئەو شەوە ئەوەی تەنانەت جارێکی دیکەش دووپاتە کردەوە».

گوتم: , بۆچی دەچی؟ مەچۆ. بڕوایان پێ مەکە. چ چاوەڕوانییەکت لێیان هەیە؟ «رەحمان هەموو ئەو قسانەی بە گاڵتە وەرگرت. کەیفی ساز بووو نوکتەی دەگێڕانەوە.» پێم گوت: لەلای ئێمە بمێنەوە، بەڵام، دەیەویست بچێ بۆ ڤییەن. پاش ئەو هەموو رێنوێنییانە، پێی وا بوو هەرچی دەبێ با ببێ. ئەو دەیەویست خەڵکەکەی خۆی لە چیاکان بێنێتە خوارێ. وا دیار بوو پێی وایە کات لەدەست دەداو چونکە حیزبەکەی لەت ببوو، دەی توانی بۆ چەندین ساڵ لە کوردستان نیشتەجێ بێ.

لەماوەی ئاخرین دەساڵی تەمەنیدا، قاسملوو بەتاکو تەنیا ژیانی دەبردە سەر. کووشنێر لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە جیابوونەوەی لە هاوژینەکەی زۆری تەئسیر لەسەر داناوە، هەرچەند بۆخۆی هیچ کاتێک لەو بارەیەوە شتێکی نەدرکاندبوو. لە راستیدا قاسملوو هەرگیز لە بارەی هەستی دەروونیی خۆیەوە شتێکی نەدەدرکاند.

چوارشەممە ٧/١٢ دوای نیوەڕۆ

قاسملوو بە ئازادی گوت رەسووڵ لە قاوەخانەکەوە دەیان هێنێتەوە ماڵێ، بەڵام ئازاد لە وەڵامدا گوتی وا باشترە نەزانێ ئەو لە کوێ دەژی. دوای کاتژمێر٧ ی بەیانیی ئەو رۆژە، عەبدوڵلا تەلەفونی کردو گوتی: « ئەمن لە شاری ڤییەن نابەڵەدمو بۆیە رەسووڵ دەیەوێ قسەت دەگەڵ بکا». رەسووڵ داوای ئادرێسی ماڵێ ئازادی کرد بۆ ئەوەی بیان باتەوە ماڵێ، ئازاد نەیدەویست ئەو ئادرێسەی بداتێ.

ئازاد بە درۆ گوتی: «دەبێ بچین چاومان بە هەڤاڵێکمان بکەوێ، بۆیە باشترە بچینە ناوەندی شار».  دوایەش داوای کرد رەسووڵ لە کافەی مووزەخانەکە بەجێیان بێڵێو دەگەڵ کارلۆتێ رۆیشتو سواری ماشێنەکەیان بوون.

کاتێک گەیشتنە وێندەرێ، رەسووڵ رۆیشتبووو قاسملوو خەریکی بیرە خواردنەوە بوو. کارلۆت بەم جۆرە بیرەوەرییەکەی دەگێڕێتەوە: «داوایان لێکردین مەشرووبێک بخۆینەوە، بەڵام ئازاد حەجمینی لێ بڕابوو؛ پێی وا بوو ئەو شوێنە جێگایەکی پڕ لە مەترسییە. ئەوەم زۆرباش لەبیرە. ئازاد بە دوکتور قاسملووی گوت دەبێ زۆرزوو بڕۆین».

دوکتور قاسملوو لە وەڵامدا گوتی: «نابێ. شتێک بخۆنەوە».

«ئەمن ئاویکی کانگاییم خواردەوەو ئازاد داوای بیرەی کردو کاتێک تەواو بووین بەرەو ئاپارتمانی مستەفاو هیلدیگارد لێمان خوڕی».

قاسملوو کەیفی ساز بوو. ئەوو مستەفا وا ساخ ببوونەوە رۆژی هەینی ماشینێک وەرگرن‌و برۆن بۆ پراگ، کە لەوێ لەسەردەمی لاوەتییەوە دۆستو هەڤاڵی زۆرباشی هەبوون.

ئێستا ئازاد هەر لە بیری نەچۆتەوە کە «عەبدوڵلا نەخۆش بوو بەلام خۆشحاڵ بوو ، چونکە هیچ کام لەوشتانەی لێیان دەترسا روویان نەدابوو. قاسملوو نەدەترسا چونکە پێی وا نەبوو شتێک روودەدا».

سەرەڕای ئەوە ژیانێکی پڕ لە مەترسیی تێپەڕ دەکرد، ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی قاسملوو بوو کە هیچ کات لە فکری پاراستنی خۆیدا نەبێ. یان رەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە زۆر بە پارێزەوە هەڵسوکەوتی نەدەکردو زۆریش مرۆڤێکی کارقایم نەبوو. هەڤاڵەکانی لەوبارەیەوە بێپسانەوە سەرکۆنەیان دەکرد. لە راستییشدا ئەوە کە هەروا زیندوو مابوو پەرجۆیەکی تەواو بوو.

هیلین دەی گێڕایەوە دەیگوت: « هیچکات هەستی بە مەترسی نەدەکرد. لە کوردستان، زۆرجاران خەڵک دەهاتنە لامو داوایان لێ دەکردم پێی بسەلمێنم کە دەبێ ئاگای لە خۆی بێ».

چەند رۆژ پێش مردنی، لە پاریس، قاسملوو بە شێوەیەکی نهێنیکارانە بە هەڤاڵە دێرینەکانی خۆی، بێرنارد کووشنێرو میشێل بۆنۆی گوت دەیەوێ بچێ بۆ ڤییەن بۆ ئەوەی وتووێژە نهێنییەکانی دەگەڵ ئێرانییەکان دەست پێبکاتەوە. بۆنۆ بۆماوەی چەندین ساڵ لە چیاکانی کوردستان زانستە پزیشکییەکەی خۆی خستبووە خزمەت حدکاوە.

بۆنۆ دەیگێڕایەوە دەیگوت: « بۆ یەکەم جار لە پاریس تووشی بووم. چەندساڵێک لەمەوپێش بوو، بۆ نانخواردن چووینە سەنت ژێرمەن. ئێمە هەرگیز نەمان دەزانی لەکوێ دەژی. ئەوکات بەپارێزەوە هەڵسوکەوتی دەکرد. بەڵام ئەوە دەساڵ لەمەوپێش بووو رۆژ دەگەڵرۆژ کەمتر پارێزگاریی لەخۆی دەکرد.

ساڵی ١٩٨٨، کاتێک قاسملوو لە وەزارەتی یارمەتییە مرۆڤایەتییەکانی پاریس سەری لە هەردوو هەڤاڵەکەی دا، ئەوان لێیان پرسی داخوا پۆلیس پارێزگاریی لێ دەکا یان نا.

«چەندجار هاتە لامان. جاری پێنجەم سەبارەت بە قایمکاری شتێکمان لێ نەپرسی‌و جارێکیان پێمان گوت: دەبێ پارێزگارت هەبێ. دەبێ پاسەوانی چەکدارت دەگەڵ بێ. دەنا ئێمە لە دەوڵەت ئیجازە دەخوازین یەکێک لە پێشمەرگەکانت بە چەکەوە دەگەڵت بێ». بەڵام، هێشتا دژی ئەوە بوو کە پاسەوانی چەکداری دەگەڵ بێ. دەیەویست ئازادانە لە شەقامەکانی پاریسدا پیاسە بکا».

بۆجارێکی دیکەش هەڤاڵەکانی پێیان گوت: «لە ڤییەن ئاگات لە خۆ بێ».

لە وەڵامدا گوتی: «دەچمە وێ بۆ ئەوەی لە بارەی ئاشتیدا قسان بکەم». دوایەش بابەتی قسەکانی گۆڕی.

هەمووکەس بێجگە لەخۆی هەستیان بە مەترسی دەکرد. جەلال تاڵەبانی، یەکێک لە ریبەرانی کوردی عێراق وشداری پێ داو گوتی: « ئاگات لە خۆ بێ. ئەوانە دێوو درنجن».

شەش مانگ پێشترو لەکاتی هەوەڵین وتووێژ لەنێوان قاسملووو رێژیمی ئیسلامیدا، تاڵەبانی وەک نێوبژیوان نەخشی گێڕابوو. ئەمجارە، رێبەرە کوردەکە[ قاسملوو] بە دەمانچەیەکەوەو لە ژێر چاوەدێریی گاردەکانی تاڵەبانیدا چووبوو بۆ دانیشتنەکە. بەڵام، ئێستا دەچوو بۆ ئەو وتووێژە بێ ئەوەی هیچ نیگابانێکی دەگەڵ بێ، بەتەواوی ئەرخەیان بوو ، هەروەک لە کۆبوونەوەیەکی بازرگانیدا بەشدار بێ.

قاسملوو کۆت و شەڵوارێکی‌تەنکی هاوینی‌و کراسێکی سپیی دەبەردا بووو کراوەتیشی لێ دابوو. تەنیا پاسپۆرتەکەی‌و سیگارو هێندێک پارەو جانتایەکی پێ بوو دەگەڵ دەزگایەکی دەنگهەڵگرو چەند کاسێتێک.

ئەو بەڕاستی لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ڕەفسەنجانی پێویستیی بەو هەیە.

شەوی چوارشەممە، پاش هەوەڵین چاوپێکەوتن دەگەڵ دوژمنەکانی، قاسملوو زۆر دڵخۆش بوو. هەروەها لەوەی کە چاوی بە بن بیللا کەوتبوو زۆر خۆشحاڵ بوو. عەبدوڵڵا بە پێکەنینەوە دەیگوت: « کاک دوکتۆر ئەوەندەی بە زمانی عەرەبی قسە دەگەڵ کرد کە خەریک بوو مێشکم بتەقێ».

«کاک دوکتور» زاراوەیەکی خۆشەویستانەو پڕلەڕێزگرتن بوو کە کوردەکان لە ئاماژەکردن بە قاسملوودا بەکاریان دەبرد. «کاک» بەواتای برا [گەورە] یەو لەنێو کوردەکاندا باوە.

بەڵام، ئەوانی دیکە وەک ئەو نەورووژابوون. دوای نانی نیوەڕۆ، ئازاد هەوڵی دەدا ئەوەی پێ بسەلمێنێ کە لە پێوەندی دەگەڵ ڕەسووڵدا ئاگای لەخۆی بێ. بێفایدە بوو. قاسملوو ئامادە نەبوو ڕێنوێنییەکانی وی لەبەرچاو بگرێ. دوای وتووێژێکی دوورو درێژ، قاسملوو کۆتایی بە قسەکانی هێناو چووە هۆدەکەی خۆی.

ئازاد تەواو پەشۆکابووو داوای لە عەبدوڵڵا کرد لەبارەی ژیان‌و سەربردەی ڕەسووڵەوە هەرچی دەزانێ پێی بڵێ. ئەگەرچی وا دیار بوو عەبدوڵڵاش پەشۆکاوە، ئامادە نەبوو پێشنیارەکەی ئازاد قبووڵ بکا.

عەبدوڵڵا گوتی: «ڕەسووڵ ناناسم. بەڵام دوکتور قاسملوو دەیناسێ».

ئەوشەوە ئازاد لەبیری نەمابوو کە عەبدوڵڵاش زۆر بەتوندی دژی ئەو چاوپێکەوتنە بووە، بەڵام بیروبڕوایەکی پایەدارو بێخەوشی بە دیسپلین‌و وەفاداری هەبوو .

بۆنۆ لەسەر ئەو بڕوایەیە کە عەبدوڵڵا مرۆڤێکی ڕۆمانتیکی بوو. کاتێک عەبدوڵڵا لە کوردستان بەرپرسی نەخۆشخانە بوو بۆنۆ چاوی پێی کەوتبوو. نەخۆشخانەکە بەیارمەتیی ئێدمیدیکاڵ ئەنترناسیۆناڵ لە نێو چیاکاندا دروست کرابوو. ئەوو عەبدوڵڵا بەهۆی هاوبەش بوون لەکارو ژیانی ڕۆژانەداو هەروەها لەبەر ئەوە کە بێ پسانەوە لەژێر بۆمبارانی هێزی هەوایی ئێراندا بوون، ببوونە هەڤاڵی یەگجار نزیکی یەکتر.  بۆنۆ لەبیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: «ئەو باوکی ڕووحانیی کورەکەم بوو. قاسملوو سیاسەتوان بووو ئەمن بەڕاستی تەحسینم دەکرد. عەبدوڵڵا هەڤاڵ‌و هاوتەمەنم بوو. زۆرجار یەکترمان دەدی. عەبدوڵڵا هەروا ڕۆمانتیک مابۆوە. نەی‌دەویست دۆستێکی کچی هەبێ، چونکە خەباتگێڕ بووو بۆی هەبوو بکوژرێ.

## بڕگەی سێیەم

# نێوبژیوان

کوردەکانی دانیشتووی ڤییەن متمانەیان بە ڕەسووڵ نەدەکردو سەرەڕای ئەوە کە ناوبراو زۆری هەوڵ دەدا دۆستایەتییان دەگەڵ دابمەزرێنێ، بەڵام هەر لە زووەوە خۆیان لێ دەپاراست.

رابردووی سیاسیی ڕەسووڵ زۆر ئاڵۆز بوو: وەک خەباتکارێکی مائۆییست، بۆماوەی چەند ساڵ وەک دوورخراوەیەک لە لوبنان دەژیا. لەوێ دەگەڵ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین (PLO) کاری دەکردو دوای ماوەیەک سەری لە ئوتریش دەرهێنا کە لەوێ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی بنەماڵەی دەژیان‌و ئەویش ناسنامەی ئوتریشیی وەرگرتبوو.

لە زانستگە دەگەڵ سوزان ڕۆکینشاوب، کە سەر بە بنەماڵەیەکی مەزن (ئەشراف) بوو ئاشنایەتیی پەیدا کرد. ناوبراو کچی مامۆستایەکی بەناوبانگی زانستگە بوو کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی ئوتریش بوو. کاتێک ڕەسووڵ دەگەڵی ئاشنا بوو، ئەو لە بزووتنەوەی لایەنگرانی ترۆتێسکیدا بەشدار بوو. ژیانی هاوبەشیان پێک هێنا بەڵام هیچ منداڵیان نەبوو. دەسەڵاتی ڕەسووڵ بەسەر

سۆزاندا یەگجار بەهێز بوو. کاتێک ڕەسووڵ دەستی لەمارکسیزم هەڵگرتو بەرەو ئایینی ئیسلام خزی، سوزان، کە ئەوکات پزیشک بوو، هەر بەم ڕێگەیەدا وەدوای کەوت. سوزان کە ژنێکی کورتەباڵاو بە فەرهەنگ بووو بە چەند زمانیش بەڕەوانی قسەی دەکرد، کاتێک حەزی لە ڕەسووڵ دەکرد، بوو بە موسوڵمان. دوابەدوای ئەو ئاڵوگۆڕە لە بیروبڕوادا، بەهەستێکی سروشتیو پتەوەوە بەدوای شۆڕشی ئیسلامییەوە بوو.

ئازاد کاتێک ساڵی ١٩٨١ لەو پێوەندییە ئاگادار بوو بە تەواوی ترسی ڕێ نیشت، ئەوەش کاتێک بوو کە هەردووکیان لە کوردستانی ئێران میوانی بوون. بە سەرسوڕمانەوە گوێی لێبوو کە ڕەسووڵ لەسەر تەلەفونو لە ماڵی خۆیڕا خەریکە دەگەڵ ئاشناکانیو چەند کەس لە کاربەدەستانی دەوڵەت قسان دەکا.

لەبارەی شەڕی نێوان دەوڵەتو کوردەکانەوە زۆر بەدرێژی قسەی دەگەڵ کردنو هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە شەڕ خەریکە تەواو دەبێ و گوتیشی « بنی صدر» دەناسێو دەیەوێ کتێبەکەی تەرجەمە بکا.

لەو سەردەمەدا « ابوالحسن بنی صدر» سەرۆک کۆماری ئێران بووو ئیمام خومەینی پشتیوانیی لێ دەکرد. دەگەڵ چەند کەس لە دۆستەکانیان بەسواری ماشێن بە باکووری ئێراندا گەڕان، بەڵام، سەرەڕای ئەوە کە ئازاد تێدەکۆشا بیهێنێتەوە سەرەخۆ، ڕەسووڵ زۆر نیگەران بوو.

ئازاد پێی دەگوت: «نیگەران مەبە، تەواوی ئەم ناوچەیە لەژێر دەستی کورداندایە».

ڕەسووڵ لە وەڵامدا گوتی: «بۆیە دەترسم چونکە پێم وایە سیخوڕەکانی دەوڵەتی عێراق لێرە هەن». ئازاد لە ڕەسووڵ بەدگومان بووو کاتێک گەڕانەوە بۆ ڤییەن دورییان لە یەکتر دەکردو کاتێک ئازاد بۆی دەرکەوت کە ناوبراو پێوەندیی دەگەڵ باڵوێزخانەی ئێران هەیە، بە یەگجاری دەستی لێ هەڵگرتو ئامادە نەبوو چاوی پێی بکەوێتەوە.

کاتێک مستەفا وەک نوێنەری تازەی حدکا لە ڤییەن نیشتەجێ بوو، ڕەسووڵ هەوڵی دەدا پێوەندیی دەگەڵ دامەزرێنێ، بەڵام سەرنەکەوت، چونکە کوردەکان نەیان دەویست بیبینن. هەربۆیەش کاتێک لە ساڵی ١٩٨٩دا قاسملوو هاتە پێتەختی ئۆتریشو ڕەسووڵ پێوەندییەکی تەواو نزیکی دەگەڵ هەبوو، هەموو کوردەکان کەوتبوونە دڵەڕاوکێوە.

لەسەرەتای ژووئیەی ١٩٨٩دا، ڕەسووڵ چووبووە پاریس بۆ ئەوەی بە قاسملوو ڕابگەیەنێ کە ڕەفسەنجانی زۆری پێ خۆشە سەرلەنوێ وتووێژەکان دەست پێبکەنەوە. ڕەفسەنجانی کەسایەتییەکی بەرزی سیاسی لە ئێران بوو. خومەینی تازە مردبووو ڕەفسەنجانی بێهیچ چەشنە گیروگرفتێک بەرەو بەدەستەوەگرتنی سەرکۆماری دەچووە پێش. وێ دەچێ ڕەسووڵ بە قاسملووی گوتبێ ڕەفسەنجانی نامەیەکی بۆ ناردوەو لەودا باسی وتووێژی هێناوەتە گۆڕێ. بەڵام، لەبەر ئەوە کە ڕەسووڵ هیچ شتێکی لەبارەی ئەو نامەیەوە نەدرکاند، هیچ کەس لە نێوەرۆکی ئەو نامەیەو لە وتووێژی نێوان ئەوو قاسملوو ئاگادار نەبووو هەتا ئەمڕۆ، هیچ کەس ناتوانێ هەبوونی نامەیەکی ئەوتۆ بەڕاست بزانێ. بەڵام، چەند ڕۆژ دوای جینایەتەکە، بنەماڵەی ڕەسووڵ لە ڤییەن دەیانگوت نامەیەکی ئەوتۆی سەرۆک کۆمار[ ی ئێران] لە ئارادا بووە.

# بڕگەی چوارەم
# تاوانبارەکان

**دوانیوەڕۆی پێنج شەممە ١٣ی ژووئیە**

عەبدوڕڕەحمان قاسملوو بە گوللەی بێدەنگی دوو دەمانچانو لە نزیکەوە کوژرا.

عەبدوڵلا یازدە گوللەی وێکەوتبوون و رەسووڵیش پێنج گولله. دوایەش یەکی گوللەیەکیان لەسەری دابوونو بەم جۆرە کۆتاییان بە ژیانیان هێنا بوو.

قاسملوو هەرزوو تەواو ببوو. تەنانەت دەرفەتی ئەوەشی نەببوو دژکردەوەیەک لەخۆی نیشان بدا. دەبێ ئەو یەکەمین قوربانی بووبێ.

وا دەردەکەوێ عەبدوڵلاو رەسوول لە بەرامبەر جینایەتکارەکاندا دژکردەوەیان لەخۆیان پێشان دابێ. وەزعییەتێک کە تەرمەکانیانی تێدا دۆزرایەوە وای نیشان دەداکە لە بەرامبەر جینایەتکارەکاندا دەستیان کردبێتەوە. پزیشکەکانی قانوون هێندێک وردە پێستیان لەژێر نینۆکەکانی ئەو دوانەدا دۆزیبۆوەو لە جلوبەرگی عەبدوڵلاشدا هێندێک ئاسەواری خوێنی «محمد جعفر صحرارودی»یان دۆزیبۆوە. ناوبراو یەکێک لەنوێنەرانی دەوڵەتی ئێران بوو.

بەوجۆرە کە رۆژەکانی سەرەتای لێکۆڵینەوەکە لە وێنەکان (رەسمەکان) دەرکەوتبوو، پۆلیسی ڤییەن دیبووی ژوورەکە بە تەواوی شپرزە بووە.

پزیشکەکانی قانوون بەتەواوی لەسەر ئەوە ساخ ببوونەوە کە ئەوسێ قوربانییە لەسەر یەک نۆزدە گوللەیان وێکەوتوە، هەرچەند پۆلیسەکان تەنیا چاردە دانە پووکە (قاپۆرە فیشەک) یان لە هۆدەکەدا دۆزیبۆوە.

دوانیوەڕۆی هەر ئەورۆژە، دوای سەرخەوشکاندنێک، قاسملوو دەگەڵ عەبدوڵلا چووبوونە سەردانی وەزیری نێوخۆ. قاسملوو دەگەڵ دوکتۆر ماتزا قەراری چاوپێکەوتنی هەبوو. ناوبراو کارمەندی دەوڵەت بووو وەک دۆستی کوردان حیسێبی بۆ دەکرا. قاسملوو دەیەویست بۆ ئەوەی ویزاکەی بۆ نوێ کردۆتەوە سوپاسی بکا.

قاسملوو بە پاسپۆرتی ئێرانی، کە زۆرتر کەلکی لێوەردەگرت، هاتبووە ئوتریش. بەڵگەیەکی بڕواپێکراو هەرچەند دەستهەڵبەست (تەزویر) بوو، بەڕواڵەت پاسپۆرتێکی تەواو بوو، بەڵام ناوو وێنەکەی دەستکاری کرابوون. لەورۆژەوە کە کاربەدەستە ئێرانییەکان بۆ ئاخرین جار پاسپۆرتێکیان دابوویە هەتا ئەو دەمە دەساڵ گوزەرابوو.

کاتژمێر چواری دوای نیوەڕۆ، دەگەڵ پازدەکەس لە ئەندامانی حدکا لە ماڵی فەتاحی قەراری چاوپێکەوتنی هەبووو چونکە دەرفەتەکە کەم بوو، قاسملوو داوای لە ئازاد کرد بەتەلەفون بەو تاقمە بڵێ دوای کاتژمێر٧ی ئێوارە دەیان بینێ.

دوکتۆر ماتزا لەوێ نەبوو. بۆیە قاسملوو هەوڵیدا سەردەبیری باڵوێزخانەکە فرانز وانیتژی ببینێ. بە قاسملوویان گوت دەبێماوەیەک راوەستێ. بەڵام، ئەو نەیدەتوانی زیاتر لەوە چاوەڕوان بێ، بۆیە کارتەکەیو هێندێک بەڵگەنامەی حیزبەکەی لەوێ دانان و رۆیشت.

بە ئازادی گوت: «با بڕۆین بۆ هوتێل هیلتۆن».

ئازاد ماشێنە رێنۆ دوازدەکەی هەڵکرد. گەیشتنە رینگ[ناوی شوێنێکە] و بەرەو ئێزگەی هەوایی شارەکە وەڕێکەوتن. ئەوە شوێنێکە کە ئەوپاسانەی دەچنە فرۆکەخانە، لەوێ رادەوەستن. نەیدەزانی قاسملوو دەیەوێ بچێتەکوێ. پێی وا بوو دەچێ بن بیللای ببینێ. کاتێک گەیشتنە جێ، قاسملووو عەبدوڵلا دابەزین.

قاسملوو بە ئازادی گوت: «کاتژمێر حەوتو پازدەخولەک ـ یا باشترە حەوتو نیو ـ وەرەو هەڵمان گرە». قاسملوو هەمیشە کاتناس بوو.

ئازاد دایبەزاندنو بەرەو ماڵی فەتاح وەڕێ کەوت کە لەوێ پازدەکەس چاوەڕوانی هاتنی قاسملوو بوون، هێندێک هەواڵیان لە کوردستان پێ بوو. پێش ئەوەی بچنە ژوورلەسەر راسپاردەی قاسملوو، بە دەوروبەری شوێنەکەدا دەستی بە گەڕان کرد بۆ ئەوەی هێندێک شۆکۆلاتو گوڵ بۆ ماریا، ژنی فەتاحی بکڕێ، ناوبراو ژنێکی کورتەباڵاو دلۆڤانی ئوتریشی بوو. لەپڕو لەنەکاو ماریا هاتە بەردەرگای ماڵەکەیان. ئازاد چاکوچۆنیی دەگەڵ کردو لێی پرسی دەتوانێ لەکوێ گوڵان بکڕێ. کاتێک ئازاد بە دەسکە گوڵەوە لە ماڵەکە وەژوور کەوت، دیتی پڕە لە خەڵک.

کاتژمێر ٧/١٥ ئازاد گەڕایەوە بۆ تێرمیناڵەکەی بەر هیلتۆنو چوونکە هیچ کەسی لێ نەبوو، دەستی کرد بە پیاسە کردن. کاتژمێر ٧/٣٠ گەڕایەوە، بەڵام هێشتا قاسملووو عەبدوڵڵا نەهاتبوونەوە.

کاتژمێر بوو بە ٨ نیگەرانی رووی تێ کرد. لەماشێنەکەی دابەزیو دەرگاکەی داخستو کیوسکێکی تەلەفونی دیتەوە. تەلەفونی لە فەتاح کرد کە هەم بەرپرسی حیزب [لەئوتریش] و هەم هەڤاڵێکی باشی خۆی بوو. لە کیوسکەکەڕا شەقامی لینکباهنگازی دیار بوو. ئەو شەقامە پتر لە سەد یارد لە هوتێل ئەنترناسیۆنال دوور بوو. پەشێوییەکی یەگجارزۆر لەئارادا بوو ، هاتوچۆیەکی زۆر، شۆقی چراگازان، کۆمەڵێک پۆلیس. بەزەینیدا هات کە شتێک رووی داوە».

فەتاح وەڵامی تەلەفونەکەی دایەوە. ئازاد پێی گوت: «ژمارەیەکی یەگجار زۆر خەڵک لەم شەقامە کۆ بوونەتەوە. هەڤاڵەکانمان، کە دەبوو هەتا ئێستا گەڕابانەوە نەگەڕاونەوە».

فەتاح وەڵامی دایەوە گوتی: « لەوێ چاوەڕوان بە. ئەوە لەگەڵ مستەفا دێم».

فەتاحو مستەفا چەند خولەکێک دواتر هاتنو دیتیان رێگەی شەقامەکە بەستراوە. لە تەنیشت ئەو کەسانەی پێش ساختومانی ژمارە ٥ ی (لینکباهنگاز) راوەستان. لێرەدا بوو کە ساختومانەکەیان ناسیەوە. ئازاد گوتی: «ئەمە ئاپارتمانی رێناتایە. هەموو شتێک تەواو بووە. ئەمە شوێنی بەرێوەچوونی وتووێژەکانە... ئێستاش ئەوە پۆلیسی لێن. هەڤاڵەکانمان کوژراون».

پۆلیسێکی ئێشکگر پێی گوتن سێ پیاو کوژراونو یەکیش بریندار بووە».

فـــــــــەتاح ناوەکانی دا بــە پـۆلیسەکـەو لێی پرسی: « قوربانییەکان ئەمانەن؟»

ئەفسەرێک هاتە لایانو پارچە کاغەزێکی پێشان دان. کارتی عەبدوڵڵا بوو. لێی پرسین: « ئەمە دەناسن؟»

وەڵامیان دایەوەو گوتیان: بەڵێ. کابرای پۆلیس هەستی بەوە کرد کە ئەوان تەنیا تەماشاچی نین. بۆیە داوای لێکردن وەدوای کەون. لە پێنج قاتەکە وەسەرکەوتن.

ئازاد دروستی بۆ چووبوو. ئەوە رێناتا فالیستاور، ئاپارتمانی یارەکەی فازڵ رەسووڵ بوو. لەسەر دەرگا قاوەییە ئاماڵ رەشەکە بەڵگەیەکیکاتی هەڵ واسرابوو، لێی نووسرابوو: ئەوینداری کوردستانم.

قەڵسوقۆڵو بە نیگەرانییەوە چوونە ژوورێ. پۆلیسەکە پێی گوتن نابێ دەست لە هیچ شتێک بدەنو دەبێ دەستیان بە کەلەکەیان بگرن. لێک جیاکرانەوەو یەک بەدوای یەکدا چوونە نێو هۆدەی خەوتن. هەرچەند رووناکاییەکی زۆری لێ نەبوو، دەیاندی کە هۆدەکە بەتەواوی پەرشو بڵاوە. تەرمی سێکوژراوەکە لەسەرعەرز کەوتبوونو خوێن سەرتاپای بەدەنی داپۆشیبوون.

ئازاد دەیگوت تەرمەکانی قاسملووو عەبدوڵلام ناسیەوە، بەڵام هی ڕەسووڵم نەناسیەوە. قاسملوو لە حاڵێکدا پشتی لەکاناپەیەک کردبووو چاکەتەکەشی دەبەردا نەبوو وەک بوودا لەسەر عەرزی کەوتبووو کراوەتو کراسە سپییەکەی شەلاڵی خوێن ببوون. عەبدوڵڵا لە نێوەڕاستی هۆدەکە لەسەر پشت کەوتبوو؛ سێهەمین کەسیان لە نزیک دەرگاکە لەسەر زگ ڕاکشابوو.

بەپێی توێژینەوەی لێکۆڵەرانی جینایەتەکە مەرگی هەرسێکیان کاتژمێر ٧/٢٠ی دوای نیوەڕۆ رووی دابوو. بەپێی زانیاریی پۆلیس، جینایەتکارەکان پێش هەڵاتن، بەڵگەو سەنەدەکانی قوربانییەکانیان دەگەڵ خۆیان بردبوو. جانتای عەبدوڵڵا قادری ئازەریان بردبوو، بەڵام کارتی پێناسەکەیان لەبیر چووبوو. پۆلیس ئەوەی تەئیید کردبوو کە هیچ کام لە قوربانییەکان چەکدار نەبوون.

کاتێک مستەفاو فەتاح وەدەرکەوتنو هاتنە شەقامەکە هەوا تاریک ببوو. کاتژمێر ٨/٣٠ بوو. پۆلیسەکە ئەوانی بردە پاسگەو پرسینەوەیان لێ کردن. پۆلیسو تاقمی دژە تێرۆر کە ناسناوی «کۆبرا»ی دووهەمیان لەسەر بوو پرسیاریان لێ کردن.

کوردەکان کەتبوونە ژێر شکو گومانەوەو دەبوو تاقیکاریی پارافینیان لەسەر بکەن بۆ ئەوەی بزانن داخوا گوللەیان بە تفەنگەکان هاویشتوە یان نا.

ئەوسێ پیاوە بەتەواوی سەریان سوڕ مابوو، چونکە چەندین ساڵ لە نێو هەلومەرجی پڕ لە داخوکەسەری کوردستاندا ژیابوون‌و سەرکوتی خەڵکی کوردستان، دیکتاتۆریی شاو دەردوڕەنجی سەردەمی ڕێژیمی ئیسلامی‌و ژیانی تاقەتپڕووکێن لە تاراوگەیان دیبوو. دوویان پێشمەرگە ببوون‌و لە چیاکان خەباتیان کردبووو مەرگی هەڤاڵەکانی خۆیان دیبوو. بەڵام، لە ژیانی خۆیاندا هەرگیز دەردوڕەنجی وەک ئەو شەوەیان بەسەر نەهاتبوو. ترسێکی یەگجار زۆریان ڕێ نیشتبووو بە تەواوی داماوو دەستەوئەژنۆ مابوونەوە.

تەنیا لەنیوەشەودا سەرەنجام ڕێگەیان پێ دان تەلەفون لە بنەماڵەکانیان بکەن.

فەتاح زۆر بە کورتی گوتی: « ئەوە لە پۆلیسخانەین، بەڵام وەزعمان باشە.

ماڵەکەیان پڕ لەخەڵک بوو بەڵام هیچکام لەو خەڵکە نەیان دەزانی چ باسە. تەلەفون بێڕاوەستان زەنگی لێ دەدا. لە شارەکەو لە پێتەختەکانی‌دیکەی ئورووپا، هەرکەسە بەجۆرێک باسی جینایەتەکەی دەکرد. لە ڤییەن‌و پاریس‌و ئەڵمانەوە هەروا تەلەفون دەکرا. ماری تێرێسیان وەک زۆرکەسان، بەتەواوی زراوی چووبووو لەوەزعێکی نالەباردا بووو هەرکەسێک تەلەفونی کردبا، داوای لێ دەکردو دەیگوت: « تکایە چی دیکە تەلەفون مەکە. دەمانەوێ خەتی تەلەفونەکە کراوە بێ».

هەتا ئەو کاتەی پیاوەکان گەیشتنەوە ماڵێ شکو گومان بەتەواوی بەسەر ماڵەکەدا زاڵ بووو کەش وهەوا پڕ لە گریان‌و ترس بوو. کاتژمێر ٦ی بەیانی‌کوردە ماندووو شەکەتەکان‌و هەڤاڵو دۆستەکانیان خواحافیزییان لە یەکتر کردو هەرکەسە بەرەو ماڵی خۆی وەڕێ کەوت.

هەتا ئەمڕۆش، وردەکارییەکانی ئەم جینایەتە بەتەواوی ڕوون نەبوونەوە. بەوردەکاری‌و لێکۆڵینەوەیەکی یەگجار زۆر دەکرێ شێوەی بەڕێوەچوونی جینایەتەکە بخرێتە بەرچاوان.

دواجار کە خەڵک چاویان بە قاسملووو عەبدوڵڵا قادری ئازەر کەوتبوو ئەو کاتە بوو کە کاتژمێر ٥ ی ئێوارەو لە نزیک تێرمیناڵی فڕۆکەخانە لە ماشێنی ئازاد دابەزیبوون. چونکە درەنگ وەخت بوو، وێ دەچێ لە هیلتۆن نەمابنەوەو بۆ پێک گەیشتن دەگەڵ ئێرانییەکان بەپێ‌یان وەڕێ کەوتبن.

هوتێل هیلتۆنی ڤییەن خانووبەرەیەکی یەگجار گەورەیە. تێرمیناڵی پاسان‌و شوێنی حەسانەوەی گشتی لە داڵانەکەی هەڵکەوتوون. کاتێک لە پلیکانەکان دێیە خوار فەزایەکی گەورە دەبینی کە بووتیکو دوکانی دیاری‌و سەوقات فرۆشیی لێن. لانی‌کەم، پێنج شوێنی لێن کەکوردەکان توانیویانە کەسێک یان کەسانێک ببینن ـ کافە، پارک، کلین کوندتیۆری، باڕی کومت، تێرمیناڵی گشتی‌و...

زۆر وێ دەچێ قاسملووو عەبدوڵڵا بەسەرسەرا (لابی) کەدا تێپەڕ بووبن‌و لە دەرگای پشتەوەڕا چووبن بۆ « لەندستراسر هوپستراسە»، کە شەقامێکی پان وبەرینەو ڕێزە دوکانێکیشی لێن.

سەدمیترێک پتر لەلینکە باهنگاس دوور نیەو دەکرێ بە پێنج خولەکان بگەیە لینکە باهنگاسی٥.

لای دەرەوەی خانووبەرەکە بۆروشینێکی کەمڕەنگەو سی‌وحەوت پەنجەرەی هەیەو پێنج قاتیشە. خانووبەرەیەکی تویژی مام ناوەندییە. لەلای پشتەوەی شەقامەکە، خەتی ڕێگەی ئاسنە کە لە نزیک ساختومانەکە دەچنە ژێر زەوییەوە. کەمێک دوورتر پارکێکو مەیدانێکی پڕ لە دوکانی لێیە بەناوی بیتهۆڤن پلاز.

دەبێ قاسملووو عەبدوڵڵا کاتژمێرە٥ ی دوای نیوەڕۆ چووبنە نێو ساختومانەکەوە. یەکەمین گوللە لەدەوروبەری کاتژمێر ٧/٢٠ی دوای نیوەڕۆ هاویژراوە. تەنیا نیشانەی ئەم کارە ئەو دەنگهەڵگرانەن کە وتووێژەکانیان لەسەر تۆمار کراوەو کاتێک دەمانچەکانی بێرێتای ئیتالیایی‌و لامای ئیسپانیایی بەرەو سێ کوردەکە ئاور دراون، ئەو دەنگهەڵگرانەیان داخستوە.

تەنیا دووکەس دەتوانن پێمان بڵێن چ ڕووی داوە. «محمد جعفر صحراروودی»و حاجی «مصطفوی». ئەوەی یەکەمیان بەرپرسی کۆڕی نوێنەرایەتیی ئێران بوو کە کارمەندێکی پایەبەرزی وەزارەتی نێوخۆو لەبارەی گیروگرفتی کوردەکاندا شارەزاو لە لەشکری گاردەکانی شۆڕشدا کە بە پاسداران دەناسران نەفەری دووهەم بوو. هەروەها زۆریش جێگەی متمانەی ڕەفسەنجانی بوو. دووهەمین کەس

لەژێر فەرمانی «محمد ریشهری» دا کاری دەکرد. «ریشهری» وەزیری «اطلاعات» (جاسووسیو ئەمنییەت) و یەکێک لە شەڕخوازەکانی ڕێژیم بوو. بەرپرسی کاروباری نهێنیو جاسووسی بۆ ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ی(کوردستان) یش بوو. هەردووکی ئەوانە کە وتووێژکەرانی ئێران بوون، کاتێک جینایەتەکە رووی دا لەنێو هۆدەکەدا بوون.

بۆی هەیە ئێرانییەکی دیکەش لەوێندەرێ بووبێ، ئەویش ڕەنگە «امیر منصور بزرگیان» بووبێ کە پاسەوانو گیانپارێزی سەحراروودی بوو. بەڵام «بزرگیان» بە پۆلیسی ڕاگەیاند کە ناوبراو لەوکاتیدا لە خواردنی هەمبێرگێر لەمەکدۆناڵدەوە دەگەڕایەوەو هیچی نەدیوە. دەزگای پۆلیسو کوردەکان لەسەر ئەو بڕوایەن ئەوە شتێکە بۆ بڕواپێکردن نابێ کە نیگابان پۆستەکەی خۆی بەجێ بهێڵێ بۆ ئەوەی لە مەکدۆناڵد، کە زۆر دوور بوو، هەمبێرگێر بخوا.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەو دوانیوەڕۆیەدا، کەسێک بە دەمانچەی بێرێتا لە «عبدالرحمان قاسملوو» ی داوە. هەرلەوکاتەدا، کەسێکی دیکە بە دەمانچەی لاما لە عەبدوڵڵا قادریو لە ڕەسووڵی داوە. بەهەرکام لەودوو چەکانە هەشت گولله هاوێژرابوون. هەرکام لە قوربانییەکان نۆ گوللەو سەحراڕوودییش گوللەیەکی وێ کەوتبوو. نەژمارەی گوللەکانو نە ژمارەی ئەوکاتانە کە گوللەکان هاوێژرابوون وەک یەک نەدەهاتنەوە.

ڕەنگە بەهۆی هەڵەی پیاوکوژەکان، یان وێ دەچێ کاتێک جینایەتەکە دەستی پێ کردوە، سەحراروودی لەپێش چەکدارەکان ڕاوەستابێ. دەبێ یەکێک لە گوللەکان وەدەستی پاسدارەکە کەوتبێو لە باسکی ڕا کەوانەی کردبێو لەوێڕا وە دەموچاوی کەوتبێ. لەبەختی وی، هەمووی ئەو برینانە، هەرچەند سەیروسەمەرە بوون، بەڵام مەترسیی مەرگیان بۆی نەبوو.

ئەگەر بەهۆی ئەو گولله نابەجێیە نەبا، پیاوکوژەکان، بێئەوەی هیچ ئاسەوارێک لە خۆیان بەجێ بێڵن، دەیان توانی بۆی دەرباز بن، هیچ کەس نەیدەزانی وتووێژەکان لە چ شوێنێک بەڕێوە دەچن. ئەوە تەنیا سوزانی هاوسەری ڕەسووڵ بوو کە نوێنەرەکانی ئێرانی دیتبوون [و ئەگەر ئەو نەی دیتبان و نەی ناسیبان] بۆی هەبوو دوای چەندین کاتژمێرو تەنانەت چەند ڕۆژان پۆلیس توانیبای تەرمەکانیان بدۆزێتەوەو لە ئاکامدا جینایەتەکە لەوەش گەورەتر دەبوو.

باسکو دەموچاوی سەحراڕوودی زۆر بەتوندی خوێنیان لێ دەچۆڕا. ئەوگاردە ڕاهاتووە کە کوژرانو ئازارو ئەشکەنجەو مەرگی زۆر کەسی دیکەی دیبوو، بە زراوچوویی[وبەڕواڵەت] بە هاوارهاوار لە قاتەکانی ساختومانەکە هاتە خوارو بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد «پۆلیس، کۆمەک، کۆمەک!».

هاوار هاوارەکەی دراوسێکانی ڕاچڵەکاند. ژنێک گوێی لێبووو هەرزوو بانگی پۆلیسی کرد. ٧/٣٠ی دوای نیوەڕۆ بوو. لە دەرەوەی ساختومانەکە، کابرا برینداڕەکە هەروا داوای کۆمەگی دەکرد.

بەوجۆرەی «بزرگیان» گێڕاویەتەوە، ڕاست لەوکاتەدا گەیشتبۆوەو لە هەوڵدا بوو کۆمەگی بکا. سەحراڕوودی هەوڵی دەدا لەسەرەخۆ بێو بەستەیەکی دا بە «بزرگیان» ئەویش بەستەکەی دەکراسەکەی بەری ئاخنی. پاشان پاسدارەکە[سەحراڕوودی] بەغاردان بەرەو کیوسکی تەلەفون ڕۆیشتو تەلەفونێکی کردو گەڕایەوە.

ماشێنێکی پۆلیس لە نزیک وان ڕایگرتو پۆلیسەکان کابرای برینداریان کە بە ئینگلیزی قسەی دەکرد یارمەتی دا. یەکێک لە پۆلیسەکان بۆ هاتنی یارمەتیدەران تەلەفونی کرد.

سەحراروودییان بردە نەخۆشخانەی فرانز جۆزێف. لە بەشی لووتو گەروو وەریان گرتو ناردیان بۆ بەشی نەشتەرگەری. «بزرگیان» یان برد بۆ شنوتێرنیگ، کە دایرەی پۆلیسە.

لەوێ ئەو بەستەیەیان لێ وەرگرت کە سەحراڕوودی وێی دابوو. چەند بەڵگەیەکو نۆهەزار دۆلاری ئەمریکایی تێدابوو.

لەسەرانسەری ئەو شەوەدا پۆلیسان لێکۆڵینەوەو پرسیاریان لێ دەکرد. ئەو چەندجار دووپاتی کردەوە کە پاسەوانێکی ئاساییەو ئەوکات خەریک بوو لەمەکدۆناڵدەوە دەگەڕایەوە. هەروەها دەیگوت سەحراڕوودیو مستەفەوی بەشێک لە گرووپی نوێنەران بوون کە دەوڵەت بۆ

وتوویژ دەگەڵ کوردەکان ناردبوونی‌و بۆخۆشی کەمو زۆر هەتا کۆتایی وتوویژەکە لەوێ بووە. پاشان هەستاوە بچێ شتێک بخوا. دەشی گوت بێجگە لەوانە ئاگای لە هیچ شتێکی دیکە نەبووە.

دەوڵەت ترسی ڕێ‌نیشتبوو. ئوسواڵد کیسلێر، سەرۆکی هێزەکانی پۆلیس هەرزۆر زوو گەیشتە وێ. لێکۆڵینەوەکانی دیکەی پۆلیسی شاری ڤییەنی کۆ کردنەوە بێ‌ئەوەی لەم قۆناخەدا شتێک لە بارەی پانتایی‌و گەورەیی ئەو ڕووداوە گرنگەوە بزانێ. دوای ماوەیەکی کورت، بۆی دەرکەوت ئەوە جینایەتێکی سیاسییە. پاشان فەرمانی بە ژمارەیەک لە پۆلیسەکان دا بە وردی بەشارەکەدا بگەڕێن‌و لە هەرکەس بەگومان بوون بیخەنە ژێر پرسیارو لێکۆڵینەوە.

کاتژمێر ٩ی ئێوارێ پۆلیسەکان تەنیا ئەو زانیارییەیان وەدەست کەوتبوو:

لە ئاپارتمانێکدا کە هی ڕێناتا فایستاور بووو لە قاهیرە دەژیا، سێ تەرم دۆزراونەوە.

* دوو نەفەر کوردی هەڤاڵی قوربانییەکان کە تاقیکاریی واکس (مێو) یان لەسەر کرابووو چەند کاتژمێرێک ڕایان گرتبوون،

* کابرایەکی هاونیشتمان کە پاکەتێکی بەلگە پێ بوون (هەرگیز نەزانرا ئەو بەڵگانە چ بوون) دەگەڵ نۆ هەزار دۆلاری ئەمریکایی. دەیگوت پاسەوانی ئێرانییە بریندارەکەیە،

* سێهەمین ئێرانی کە خۆی شاردبۆوە «حاجی مستەفەوی» بوو کە هیچ کەس نەی دەناسی.

چەند کاتژمێر دواتر پۆلیس لە نزیک ئێزگەی پیلگراگاس، لە شەقامی وییەنزیلی، لەنێو زبڵدانێکدا تەلیسێکیان دیتەوە کە چاکەتێکی قاوەیی‌و خوێناوی‌و بەڵگەی فرۆشتنی موتورسیکلێتێکی‌سوزووکیی سوورو سێ دانە چەک (اسلحە) ی تێدا بوون. بێجگە لەوانەش، تیربارێکی دەستیی یووزی‌و دوودانە تفەنگ کە ئامرازی دەنگ بڕیان لەسەر بووو ناوی خاوەنەکانیشیان پاک کرابوونەوە لەنێو تەلیسەکەدا بوون. پسپۆڕەکانی بالیستیکی دواتر بەو ئاکامە گەیشتن کە تفەنگەکان ڕاست ئەوانە بوون کە گوللەکانیان پێ هاویژرابوون و قاپووغەکانیان لە شوێنی جینایەتەکە دۆزرابوونەوە.

دایرەی پۆلیس بە ئەرخەیانییەوە ڕای‌گەیاند دەرگای ئاپارتمانەکە بە زۆر نەکرابۆوە. لەلایەکی دیکەوە، لەبەر دەرگای هاتنەژووری ساختومانەکە نەوار چەسپێکیان دیتەوە کە لە کونی قفڵی دەرگاکەیان دابووو پێشی داخستنی قفڵی دەرگاکەیان گرتبوو،و لە ئاکامدا دەرگاکە بە دانەخراوی مابۆوە.

چەند کاتژمێر دوای جینایەتەکە، هەواڵەکەی لە ڕۆژنامەکانی جیهاندا، لە مادریدەوە هەتا دێلهی، بڵاو بۆوە: «ڕێبەرێکی کوردی ئێرانی بە ناوی عەبدوڕڕەحمان قاسملوو لە یەکێک لە پێتەختەکانی ئوروپا کوژراوە.» شوناسی پیاوکوژەکان نەزانرابوو. بۆماوەی دوو ڕۆژان، سەرلێ‌شێواوی‌و ئاڵۆزی لە ئارادا بوو، ئەویش زیاتر لە ئاکامی ئەوەدا بوو کە ئێرانییەکان عێراقیان بە تاوانباری ئەم جینایەتە دەناساند.

باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن ڕای گەیاند ئەم کردەوەیە کاری دوژمنانی ئێرانەو کوردەکان بۆ ئەوە وتوویژیان کردوە کە بتوانن «بۆ گەڕانەوەی قاسملوو بۆ ئێران گەڕەنتی وەرگرن هەتاکوو لە بارەی مەسەلەی کورد دەگەڵ کاربەدەستانی ئێران وتوویژ بکا».

ڕادیۆی تاران ڕای گەیاند ڕێبەری حدکا «خەریک بوو بیروبڕوای خۆی بگۆڕێ‌و لە هاوپەیمانی دەگەڵ عێراق دەست هەڵگرێ‌و دەگەڵ ئێران بگاتە ڕێککەوتنێک».

ئاژانسی هەواڵەکانی فەڕانسە، بەلاساکردنەوەی شێوەی بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانە، ڕۆژی ١٥ی ژووئیە ڕای گەیاند: «وێ دەچێ عێراق لە پشتی ئەو جینایەتە بێ.» سووزان، هاوسەری ڕەسووڵیش بەغدای وەک سەرچاوەی ئەو جینایەتە تاوانبار کرد. ئاژانسی هەواڵەکانی ئێران بەیاننامەیەکی لەلایەن باڵوێزخانەکەیانەوە بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتبوو: « لە مانگەکانی ئەم دواییەدا، بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە کوردستانی عێراق ڕوویان داوە، هێندێک لەو گرووپە کوردانەی هاوکاریی عێراقیان کردوە، ئامادەیی خۆیان بۆ گۆڕینی هەڵوێستیان دەربڕیوەو ئامادەن لە ڕێگەی کوردەکانی عێراقەوە کە پێوەندییەکی باشیان دەگەڵ دەوڵەتی تاران هەیە دەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتوویژ بکەن».

هەم ئێرانو هەم عێراق یەکتریان بە تاوانبار رادەگەیاند. پێوەندیی نێوان ئەو دوو وڵاتە هەروا بـەرەو ئاڵۆزییەکی زیاتر دەڕۆیشـــت. لـە تـارانەوە، رەفـــــــسەنجانی سـەرۆکی [ئەوکاتی] ئەنجومەن، سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ناردە لای جەلال تاڵەبانی کە رێبەری کوردی عێراقیو دۆستی ئیسلامییەکانو هەڤاڵی قاسملوو بوو، بۆ ئەوەی سەرەخۆشیی لێ بکا. شەش مانگ پێشترو لە کاتی یەکەمین وتووێژ لە نێوان قاسملووو تاراندا، تاڵەبانی وەک نێوبژیوان نەخشی گێرابوو.

سەرۆکی ستادی ئەرتەش موجاهیدینی تاوانبار دەکردو بە تاڵەبانیی گوت ئەو شیمانەیەش رەدناکاتەوە کە گرووپێکی ئێرانیی دژبەر«بەرپێوەبەری ئەو قەتڵانە بووبێ» تاڵەبانییش ئەوڕوانگەیەی قبووڵ کرد.

سەرەڕای ئەوەش، رۆژی دووشەممە، ١٧ی ژووئیە، حدکا لە پاریس رای گەیاند: «بەرپرسایەتیی ئەم جینایەتە لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامییە».

دوورۆژ دواتر، هێلین کرۆلیچ، پاش ئەوەی چاوی بە کاربەدەستانی پۆلیسی ئۆتریش کەوتبوو، لە فرۆکەخانەی ڤییەن جەختی لەسەر ئەوە دانایەوە « نوێنەرانی رێژیمی ئێران» ی لە ئەنجامدانی ئەو جینایەتەدا بە تاوانبار ڕاگەیاند.

چەند کاتژمێرێک دوای روودانی ئەو تراژێدییە، باڵوێزی ئێران لە ڤییەن داوای سەردانی سەحراڕوودیی لەنەخۆشخانە کردو بە هەڕەشەوە بە یەکێک لە کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئوتریشی گوت خەڵکی ئێران «یەگجار نیگەرانن» و ئەگەر بێتو سەحراڕوودی شتێکی بەسەر بێ، کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران ناتوانن پارێزراویی باڵوێزخانەی ئوتریش گەرەنتی بکەن».

هەر لەو پێنج شەممەیەدا، نەشتەرگەری بۆ سەحراڕوودی کرا، بۆیە پۆلیس نەیدەتوانی هەتا رۆژی شەممە پرسیارو لێکۆڵینەوەی لێ بکا. دایرەی پۆلیس شایەتیدانەکەی سەحراڕوودیی بە نهێنی هێشتبۆوە، بەڵام حەوتەنامەی پرافیت شتەکەی ئاشکرا کرد.

بەپێی وتەی سەرۆکی پاسدارەکان کە دەیگوت کاتێک دانیشتن دەگەڵ کوردەکان بەرەو تەواوبوون دەچوو، یەک دوو کەس ـ نەیدەزانی بەراستی چەند کەس بوون ـ لەپڕ هاتنە ژوورەکە. یەکێکیان سەرکڵاوێکی بۆری لەسەر نابوو. یەکێک لەوان سەحراڕوودیو ئەوانی دیکەی دایە بەر رێژنەی گوللان. سەحراروودی بریندار بووو لە ئاکامدا کەسی نەدیو پاشان پێش هێرشەکە مستەفەوی لە هۆدەکە وەدەر کەوتبوو.

سەحراڕوودی دەیگوت هەرکە بریندار بوو، هەڵات بۆ دالانەکەو لەوێ چاوی بە بوزورگیانو مستەفەوی کەوت. راگەیاندنەکانی ئەو دەگەڵ قسەکانی پاسەوانەکانی ناخوێننەوە کە دەڵێن ئەو لەوێندەرێ نەبووە، چونکە چووبوو بۆ مەکدۆناڵد. راستییەکەشی ئەوەیە هیچ کەس لەبیری نیە ئەوی لەمەکدۆناڵد دیبێ یان نا.

سەحراڕوودی ئەوبابەتەی روون نەکردەوە کە بەبڕوای ئەو هێرشکەرەکان بەچ شێوەیەک لە ئاپارتمانەکە وەژوور کەوتبوون. بەوحاڵەش، بەپێی راپۆرتی بەشی قەزایی، گوللەکان بەدەستی هێرشکەرانێک هاویژرابوون کە لەوبەری هۆدەکە دانیشتبوون.

دەوڵەتی ڤییەن لە بەرامبەر گوشارەکانی ئێراندا تەسلیم بوو. بڕیاری قانوونی لە دژی بوزورگیان ڕاگیراو ئەویش هەر بێ سێودوولێکردن پەنای بۆ باڵوێزخانەی ئێران برد. ساختومانێکی قایمو پتەوە کە لە شەقامی ژاورێسگاز هەڵ کەوتوەو دەگەڵ شوێنی جینایەتەکە شەقامێکو حەوسەد میتر لێک دوورن. گەڕەکێکی ئاوەدانو پڕماڵە. رووبەڕووی باڵوێزخانەی ئێران باڵوێزخانەی سۆڤیەتو کلیسا (کەنیسە)ی ئورتودۆکسی رووسانی لێیە.

بوزورگیان بۆ رۆژی یەکشەممەی دواتر پازدەی مانگ لە فرۆکەیەکی ئێرانیدا کە دەچووە تاران جێگەیەکی بۆ ڕاگیرابوو. پۆلیس لەوە نیگەران بوو. فڕۆکەکە کاتژمێر ٧ی دوای نیوەڕۆ وەڕێ دەکەوتو ئەو پاسدارە هیچ تاوانێکی لەسەر نەمابوو.

لەلایەن دادوەرەوە دەستوور بە پۆلیس درابوو کە دەبێ گەرەنتی‌نامەیەک بۆ گرتنی بوزورگیان‌و مستەفەوی لەگۆڕێدا بێ لەبەر ئەوەی نەیان توانیبوو یارمەتیی کەسێکی بریندار بدەن! ئەم کارە چەشنێک خۆڕانان بوو کە بە پێی قانوونی ئوتریش ئەنجام درابوو. گەرەنتی‌نامەکە کاتژمێر٥/٥٠ ی دوای نیوەڕۆ راگەیەندرابووو بە پێی ئەم گەرەنتی‌نامەیە، سەفەرەکەی بوزورگیان پووچەڵ کرایەوە.

بۆ ئەوەی سەر لە نوێ پرسینەوە لە بوزورگیان بکرێتەوە، وەزیری خانەی دادوەریی ئوتریش، ئاغای فۆرێگر گەرەنتیی گرتنی بوزورگیانی وەلا نا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ناوبراو لەلای دادوەر بوو. دادوەرەکە ناچار بوو بەڵێن بە کاربەدەستە ئێرانییەکان بدا کە رێگا بە بوزورگیان دەدرێ دوای لێپرسینەوەکە بگەڕێتەوە بۆ باڵوێزخانەی ئێران. بوزورگیان سەرلەنوێ دووپاتی کردەوە کە یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نوێنەران بووە کە هاتبوون دەگەڵ کوردە ئێرانییەکان وتوێژ بکەن. هەروەها، گوتیشی ئەوکات کە تەقە کراوە، ئەو لەوێ نەبووە. برسی بووەو چووە شتێک بخوا.

رێگەیان بە بوزورگیان دا بچێتەوە باڵوێزخانەی ئێران‌و هەر لەوێش وەمێنێ. بەڵام، دوای ئەوە، هیچ کەس چاوی پێی نەکەوتەوە.

ئێران رادەی بەتاوانبار ناسینی ڤییەنی رۆژ دەگەڵ رۆژ دەبردە سەر. رۆژی چوارشەممە نۆزدەی مانگ، دەوڵەتی تاران کە لە پێوەندی دەگەڵ گەرەنتی‌وەرگرتن لە دژی بوزورگیان‌و مستەفەویدا زۆر توورە ببوو، لە بارەی «کردەوەی دژی یاسا»ی دەوڵەتی ڤییەن، وشداری بەم دەوڵەتە دا. وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران « دووڕوویی» ی سیاسەتی ئوتریشی لەبارەی توێژینەوەی جینایەتەکەوە مەحکووم کرد. وەزیرە ئێرانییەکە جەختی لەسەر ئەو بابەتە کردەوەو گوتی: «ئاماژەی دەوڵەتی ئوتریش دەتوانێ تەنیا ئاکامی دووشتان بێ : یەکەم گوشارێک کە لە لایەن هێندێک لەو گرووپە سیاسییانەوە خراوەتە سەری، ئەو گرووپانەی کە پێوەندیی زۆر نزیکیان دەگەڵ دوژمنانی ئێران هەیە، دووەمیش، دەستەوستانیی پۆلیس‌و هێزەکانی ئاسایش کە نەیان توانیوە داڕێژەرانی ئەو جینایەتە بدۆزنەوە».

شەڕێکی سیاسی لەنێوان ڤییەن‌و تاران دەستی پێ کرد. ئولوێس مۆک، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئوتریش٢١ ی ژووئیە بە رۆژنامەی دای پریس ـ ی راگەیاند «وێ دەچێ ئێران لە پشت ئەم جینایەتەوە بووبێ». لە پێوەندی دەگەڵ داخوازەکەی باڵوێزخانەی ئێران بۆ پووچەڵ کردنەوەی گەرەنتی‌و گرتنی تاوانبارەکەدا، وەزیری ناوبراو گوتی: « دژکردەوەی ئێرانییەکان بێزهەستێنە». هەروەها گوتیشی ئێران بۆ رێبەرە کوردەکان «داوی داناوەتەوە» بۆ ئەوەی بیان هێنێتە ڤییەن هەتا لەبارەی گەڕاندنەوەیان بۆ ئێران ـ ناچاری وتووێژیان بکا.

سەحراڕوودی زۆر لە بوزورگیان خۆش شانستر بوو. چونکە لە رۆژی سێزدەهەمدا بریندار ببوو، رۆژی پازدەهەم بازجوویی یان لێ کردبووو وەک کڕیاری سووزووکییەکە ناسرابوو، رۆژی نۆزدەهەم لە نەخۆشخانە هاتبووە دەرو رۆژی هەینی، بیستو یەکی ژووئیە، واتە هەشت رۆژ دوای رووودانی جینایەتەکە لە هەر چەشنە تاوانێک بێ گوناح لە قەڵەم درابوو.

داوەر کە میکاییل دانیک بوو لە رۆژی بیستەمدا سەری سەحراڕوودیی دا، کە هەرچەند هەموو بەڵگەکان پێشاندەری ئەوە بوون کە موتۆرسیکلێتەکە ئەو کڕیبووی، حاشای دەکرد. ئەو پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە رۆژی فرۆشرانی، ١٠ی ژووئیە، لە ڤییەن نەبووە. دەیگوت رۆژی چواری ژووئیە ئەو وڵاتەی بەجێ هێشتوەو رۆژی دوازدەهەم گەڕاوەتەوە. ئەو مۆرانەی بە پاسپۆرتەکەیەوە بوون دەریان دەخست کە راست دەکا.

دەزگای پۆلیس هەروا لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە شایەدیدانی کابرای فرۆشیار لەبارەی سووزووکییەکەوە تەواو پێویست بوو. کابرای فرۆشیاریان برد بۆ نەخۆشخانەو کاتێک چاوی بە سەحراروودی کەوت کە بەرەو چاکبوونەوە دەڕۆیشت، ناسیەوەو گوتی خۆیەتی. پۆلیس داوای کرد ئەو ئێرانییە[سەحراڕوودی] گەرەنتیی گیرانی بدرێ. بەڵام، دادوەرەکە پێی وا نەبوو

شتێکی ئەوتۆ پێویست بیَو پاسپۆرتەکەو نۆهەزار دۆلارەکەی دایەوە بە سەحراروودی. بەم جۆرە ناوبراو ئازاد کراو چۆوە باڵوێزخانە.

بۆ چاوەدێری بەسەر سەحراروودیدا گرووپێکی پزیشکی لە تارانەوە هاتن بۆ ڤییەن. کاتژمێر۷ ی دوانیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە ۲۲ی ژووئیە، سەحراڕوودی لەژێر چاوەدێریی ئەو گرووپەو لەژێر پارێزگاریی پۆلیسی ئوتریشدا بە فڕۆکەی «ئێران ئێیر» گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.

میکاییل دانیک ـ ی دادوەرو ژێنەڕاڵ سیپ دییەتر فاشینگ پێیان وابوو رێگەدان بە گەڕانەوەی سەحراڕوودی بۆ ئێران کارێکی بەجێ بووە. هیچیان لەدژی ئەو بەدەستەوە نەبوو. رۆژی ۲۷ی ژووئیە، وەزیری نێوخۆ فرانز لویشناک، لایەنگریی خۆی لە ناردنەوەی تاوانبارەکە بۆ وڵاتی خۆی راگەیاندو گوتی: « دەبێ قانوون بەسەر کاروباری دەوڵەتدا زاڵ بێ».

لە ئێران، رێژیم لە رێگای ئاژانسی هەواڵەکانەوە، ئیرنا، وەڵامی دایەوەو ئەو قسانەی خستە سەرشانی کارمەندێکی بێناوونیشانو گوتی: « دەوڵەتی ڤییەن لە جیاتی ئەوە لە هەوڵی دۆزینەوەی جینایەتکارەکاندا بێ خۆی خستۆتە ژێر گەپو گاڵتەیەکی گومانلاویی سیاسیو دەستی کردوە بە بڵاو کردنەوەی پڕۆپاگەندان».

دووحەوتوو پاش جینایەتەکە، رۆژی پێنج شەممە، ۲۷ی ژووئیە، تەرمەکانی عەبدورڕەحمان قاسملووو عەبدوڵڵا قادریئازەر لە پاریس بەخاک ئەسپێردران. فازڵ رەسووڵ لە عێراق نێژرا. بەهۆی بڕیارێک کە دادوەرەکان دابوویانو کەس سەرەدەری لێ نەدەکرد، ئەوچەند کەسەی لە رووداوەکە ئاگادار بوون لەبەر چاوان نەمابوونو لە ئاکامدا پۆلیسی ڤییەن دەسبەتاڵ مابۆوە. سەحراروودی بەرەو ئێران رۆیشتو بوزورگیانیش بەهۆی پارێزراویی سیاسیی باڵوێزخانەوە پارێزرابووو مستەفەوییش بە یەکجاری لەبەر چاوان ون ببوو.

لە شاری ڤییەن، سەدان کەس لە دڵسۆزانی کوردو ئوتریشی لە پێش وەزارەتی کاروباری دەرەوە خۆپیشاندانیان وەرێ خست کە تاقمێک لەنوێنەرانی خۆپیشاندەرەکان لەلایەن وەزارەتەکەوە بە جوانی وەرگیرانو پێیان گوترا هێزی دادوەری لە پێوەندی دەگەڵ وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا سەربەخۆیە. کەچی گوشاری ئێران لەسەر ئوتریش هەروا درێژەی هەبووو هەڕەشە لە راوێژکاری بازرگانیی ئوتریش لە تاران کرابوو، بەڵام، کاربەدەستانی دەوڵەتی ئوتریش نوێنەرە کوردەکانیان لەوە ئەرخەیان کردبوو کە ئوتریش لە بەرامبەر ئێراندا سەر دانانوێنێ.

جینایەتەکەو ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەیدا دەکران وەزعی ئوتریشیان ئاڵۆز کردبوو. وەزیری کاروباری دەرەوە، ئۆلۆیس مۆک، وەزیری نێوخۆ، «فرانس لویشناک»ی بەوە تاوانبار دەکرد کە خەبات لە دژی تێرۆریزمی کردۆتە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت.

ئێرانییەکان بە مەبەستی خۆڕانان داوایان لە ئوتریش دەکرد مستەفەوییان بۆ بدۆزنەوەو وایان نیشان دەدا کە گۆیا ناوبراو یەکێک لە قوربانییەکان بووە. بەڵام، لە ئوتریش کەس مستەفەویی نەدەناسیو دەوڵەتی تارانیش هەرگیز وێنە یان شتێکی بۆ ناسینەوەی ئەم کابرایە بۆ نەدەناردن. هەر لەوکاتەدا، تاڵەبانی رای گەیاند مستەفەوی لە خیابانەکانی تاران خەریکی پیاسەکردنە.

لێکۆڵینەوە لە جینایەتەکە بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتبووو جینایەتکارەکانیش لە دەستی دادوەران دەرچووبوون.

رۆژی ۲۸ی مانگ کوردەکان بۆ جارێکی دیکە خۆپێشاندانیان وەرێ خست. خۆپێشاندانەکە لە فڕۆکەخانەی ڤییەن بەڕێوەچوو. کۆمپانیی ئێران ئێیر کە حەوتووی جارێک فڕۆکەیەکی بەرەو ئێران دەڕۆیشت ئەمجارە پیاوێکیان سوارکردبوو کە پۆلیسی ڤییەن پارێزگاریی لێدەکرد. بەپێی پاسپۆرتە ئێرانییەکەی، ئەو پیاوە سەرسوورە کە دەموچاوێکی باریکی هەبوو،

محەممەد مەغابی  بووو خۆ پیشاندەرە کوردەکان دەیان ناسیو چەند رۆژ پێش روودانی جینایەتەکە دەگەڵ سەحراروودیو مستەفەویو بوزورگیان دیبوویان؛ لێپرسینەوەی لێ کرابووو دوایە ئازاد کرابووو رێگایان دابوو بگەڕێتەوە بۆ ئێران.

# بەشی دووەم

# شۆڕشی خودایی

## بڕگەی یەکەم

## "مفسد فی الارض"

دەساڵ پێشتر، لە دوانیوەڕۆی نۆزدەی ئووتی ١٩٧٩دا خومەینی عەبدوڕڕەحمان قاسملووی بە مەرگ مەحکووم کرد. شەش مانگ دوای ڕاپەڕین لە دژی ڕێژیمی ڕابردوو، بێئەوەی ئۆپۆزیسیۆنێک لە گۆڕێدا بێ، دەسەڵات لەژێردەستی ئاخوندە گەورەکاندا بوو. بەڵام، لە شارەکانی باکوورو گوندەکانی کوردستان، بێ ئەوەی هیچ دلۆڤانیو بەزەیی پێداهاتنێک لە گۆڕێدا بێ، خوێن وەک سێڵاو ناوچەکەی داگرتبوو. ڕقو قینی دڕندانە باڵی بەسەر تورەمەی شۆڕشدا کێشابوو.

دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژەی ساڵی ١٩٧٩، قاسملوو لە ماڵە ئاشنایەکی لەمهاباد چاوەڕوانی بڕیاری حیزبەکەی بوو کە داخوا دەبێ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پسپۆڕانی یاسای بنەڕەتیدا لەتاران بەشدار بێ یان نا. ئەو چەند ڕۆژ پێشتر بە زۆرایەتییەکی تەواو لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە وەک ئەندامی ئەو ئەنجومەنە هەڵ بژێردرابوو.

لە کاتێکدا قاسملوو بۆ دۆزینەوەی ڕوونکردنەوەیەک لە بارەی دڵڕەقیی خومەینییەوە، پەڕبە پەڕو بە وردی قورئانێکی دەخوێندەوە، کومیتەی ناوەندی بڕیاری دا نابێ بەشدار بێ. ئەو نەک هەر هەشتا لەسەدی دەنگەکانی بەدەست هێنابوو، بەڵکوو یەکێک لەو چەند کەسە غەیرە ڕووحانییە بوو کە بۆ ئەو ئەنجومەنە هەڵ بژێردرابوون، ئەنجومەنێک کە بۆ داڕشتنی یاسای بنەڕەتی بۆ کۆماری تازە دامەزراوی ئیسلامی پێک هاتبوو. ئاخوندەکانو کەسانی کۆنەپەرستو بناژۆ زۆرایەتیی کورسییەکانیان داگیر کردبوو.

کاتژمێر ٨ ی دوانیوەڕۆ، بۆئەوەی گوێ بداتە هەواڵەکان، کتێبەکەی وەلا نا: خومەینی هاتە سەر تەلەڤیزیۆنو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پسپۆڕانی یاسای بنەڕەتیی کردەوە.

ئەنجومەنەکە لەلایەن «علمای عظام» زانا گەورەکانەوە پێک هاتبوو کە پسپۆڕیو لێزانییەکەیان لە بواری لێکدانەوەی قورئاندا بوو. دەموچاوی بەسامو سەری بە «عمامە»وەیان لە سەر تەلەڤیزیۆن پێشان دەدرا. کۆمەڵە پیاوێکی تێگەیشتوو بوونو بە هۆی بێدەنگیو گوێڕاگریی خەڵکی نوێژکەر زۆرباش بەکاری خۆیان ڕاهاتبوونو لە تاراوگەژیاندا تەواو تۆکمە ببوونو ئێستا کاتی ئەوە هاتبوو دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. ئەوانە خوویان بە هەبوونی دەسەڵات بەسەر خەڵکی بەبیرو بڕوادا گرتبوو.

ئێستا بەرەو زێدەخوازیی سیاسی دەڕۆیشتنو دەیانەویست حکوومەتی خودا لەسەر زەوی دابمەزرێنن.

خومەینی لە کاتی تووڕەبوونیدا بەشێوازێکی نەگۆڕ قسەی بۆ خەڵک دەکرد. سێ‌ڕۆژ پێشتر، هەزار کوردی چەکدار دوای شەڕو پێکدادانێکی توندو تیژ دەگەڵ ئەرتەشی ئێران، دەستیان بەسەر شاری پاوەدا گرتبوو. هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندییان تێک شکاندبووو خومەینی پێی وا بوو لە دژی دەسەڵاتی خۆی ئەو شەڕە ڕوویداوە.

«ئیمام» لە حاڵێکدا زۆربەتوندی تووڕە ببووو کۆنتڕۆڵی خۆی لەدەست دابوو، هەڕەشەی لە ئەفسەرانی ئەرتەش کرد کە تەمبێیان دەکاو خۆشی وەک فەرماندەری گشتیی هێزە چەکدارەکان ڕاگەیاند. ئامادەش بوو بۆخۆی چالاکییە سەربازییەکان لە دژی

راپەڕیوەکان وەئەستۆ بگرێ. کێ دەی وێرا لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئیسلامدا ڕابوەستێ کە ڕێژیمێکی بەهێزی تێک شکاندبووو هەوڵی ئەوەی دەدا بیروبڕوای ڕاستەقینە بگێڕێتەوە بۆسەر جیهانی ئیسلام؟!

لەحاڵێکدا چاوی بەسەر «علما» کتومت دانیشتوەکاندا دەگێڕا، گوتی: گوناحباری سەرەکی قاسملووەو حدکا هێلانەی خراپکاری و ئاژاوە نانەوەیە؛ ئێمە ناتوانین ڕێگایان بدەین ئازادانە درێژە بەکاری خۆیان بدەن، چونکە تەنیا مەبەستیان شەڕ لەدژی شۆڕشە. چالاکیی ئەو حیزبە یاساخ کراوە؛ «شیخ عزالدین» و قاسملوو دەبێ تەمبێ بکرێن.

هیچکەس وەڵامی نەدایەوە. بەڵام خومەینی کە زۆر بەتوندی تووڕە ببووو تووڕەییەکەشی لە نێو چاوە بۆرەکانیدا چەکەرەی بەستبوو، چاوی دە خەڵکەکەوە بڕیبوو:

«کوا؟ دیار نیە، بریا هاتبایە، ئەگەر هاتبایە، ئەمن نیازم بوو هەر لێرە ڕای گرم».

«مفسد في الارض» خەراپەکارو گەندەڵکاری سەر زەوی! ئەمە وتەی «ئیمام» ێک بوو کە گەورەترین ڕێبەری ئایینی بووە. لە ئاکامدا قاسملوو لەبەر چاوی تەواوەتی جیهان تەکو تەنیا مابۆوەو لە جیهانی دادپەروەریدا بەرەو تاراوگە هەڵ دێرابوو. لەوکاتە بەدواوە کەسایەتییەکی سەرگەردانو ئاوارە بـووو کـەوتبـووە بەر ڕق و قینی هەموو دینداریکی ڕاستەقینە[ی شیعه].

حیزبەکەی قەدەغە کرابووو خومەینی قاسملووی لە ئەنجومەنی پسپۆڕان دەرکردبوو.

قاسملوو لە کاتێکدا لە بنکەی پێشمەرگایەتیدا دانیشتبوو، گوێی لەو قسانەی خومەینی بوو کە لە ڕاستیدا فەرمانی مەرگی وی بوون. پۆلیسی سەردەمی شا زۆر خراپ هەڵسوکەوتیان دەگەڵ کردبووو پاسپۆرتەکەیان لێ ئەستاندبۆوە، ڕێژیمی عێراق وەدەری نابووو کۆمونیستەکانی چەکوسلۆواکییش ناچاریان کردبوو لە پراگ بڕوا، بەڵام هەتا ئەوکاتە هیچ لایەنێک فەرمانی کوشتنی نەدابوو. ئەو شەوە، خومەینی بوو بە دوژمنی قەستەسەری.

تەلەفون دەستی کرد بە زەنگ لێدانێکی وشیاردەرانە. خەڵکەکە لە شارەکانەوە تەلەفونیان لێ دەکرد. «صادق شەرەفکەندی« لە تارانەوە زەنگی لێ دا. ناوبراو لە تاران بە لەسەرەخۆییەوە کاری بۆ حیزبەکەی دەکرد. هەموولایەک بە قاسملوویان دەگوت نەچێ بۆ تاران.

جەلال تاڵەبانی وەک بیرەوەرییەک دەیگێڕایەوەو دەیگوت: «پێم گوت نەچێ بۆ تاران. لە ماڵی مونتەزیریڕا دەگەڕامەوە. خەڵک خەریکی قسان بوونو لەبارەی ئەو شتانەوە کە ئەو دوایانە چاومان پێکەوتبوون بیروبڕوای خۆیان دەردەبڕی. نەیان دەزانی من کێم. کاتێک گەڕامەوە بۆ سەردەشتێ، تووشی حەسەن ڕەستگار بوومو پێم گوت بە دوکتۆر قاسملوو بڵێ نەچێ بۆ تاران. نامەیەکیشم بۆ ناردو کاتێک نامەکەی بەدەست گەیشت، بڕیاریدا نەچێ. زۆرجاران بە شۆخی پێم دەگوت «نەجاتم دای».

ئەوە کە « آية الله» دەیەویست قاسملوو بکوژرێ هێندێک هۆکاری هەبوون. قاسملوو کە ساڵێک پێشتر لە نۆفل لۆشاتۆ سەری لە خومەینی دابوو،و هەردووکیان وەک دوورخراوە لەماڵو زێدیان لە پاریس دەژیان، ئیدی وەک کەسایەتییەکی نەناسراو نەبوو. ئێستا، قاسملوو سەرۆکی حیزبێک بوو کە دەسەڵاتەکەی لەحاڵی گەشەسەندندا بووو لە سەدا هەشتای دەنگەکانی لە کوردستان بەدەست هێنابوو. هەروەها بەهەزاران پێشمەرگەی هەبووو لە چیاکاندا دامەزرابووو ئامادەی بەربەرەکانی لە دژی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بوو. لەوانە بگەڕێتەوە قاسملوو دەیەویست خودموختاری لە دەوڵەتی ناوەندی وەربگرێ ، خودموختارییەک کە خومەینی ئامادە نەبوو بیدا.

دووکەسایەتیی ناتەباو نەسازاو بوون: رووحانییەکو پسپۆڕێکی ئابووری، مارکسیستێکو موسوڵمانێک. کوردەکە پیاوێک بوو حەزی لە ژیان دەکردو پێوەندی دەگەڵ ژنانی پێ خۆش بوو. خومەینی، بە پێچەوانە ئاخوندێک بوو نزیکەی ٦٠ ساڵ لەتەمەنی خۆی فیدای خواناسی کردبووو ڕێزێکی یەگجار زۆری لە شەهیدبوون دەگرت، هەروەک بڵێی شەهیدبوون بۆ ڕزگاربوونی «ڕووح» شتێکی تەواو پێویستە!

قاسملوو که لەبواری بەدەنیدا بە تواناو هۆگری قسەیخۆش بوو دوای شەڕ [ی دووەمی جیهانی] هەم لەپاریسو هەم لە زانستگەی پڕاگ، لە سەردەمی ئیستالیندا، خوێندنی تەواو کردبووو بێ هیچ ئەملاولایەک لایەنگری شۆڕشی کرێکاران بوو، بەڵام دواتر بە هۆی دڕندەیی سۆڤییەت لەو هەڵوێستەی پەژیوان ببۆوە.

خومەینی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەدایک ببووو لەش بەبار بوو، چەندین کتێبی ئاڵۆزو دژواری لە بارەی تیۆلۆژی (خواناسی) یەوە نووسیبوون. کابرایەکی کۆنەپەرستو بناژۆ بوو. بە پێی ڕەوشتی موسوڵمانان، کاتژمێر ٥ ی بەیانی لە خەو هەڵ دەستاو نوێژی دەکردو پاشان هەتا کاتی نانی بەیانی بۆی دەنوستەوە. کە وەخەبەر دەهات نانو هەنگوینی دەخوارد؛ کاتژمێر١١ ی پێش نیوەڕۆ ئاوی میوەی دەخواردەوەو نیوەڕۆیانیش پلاوو گۆشتی سوورکراوەی دەخوارد؛ هێندێ شتی دیکە کە دەی خواردن بریتی بوون لە تەماتەو سەوزیی کوڵاو دەگەڵ ماست. بە کەوچکێک چێشتی دەخواردو هەرگیز چەنگاڵو چەقۆی بەکار نەدەبرد. هەرگیز مەشڕووبی نەدەخواردەوەو سیغاریشی نەدەکێشا. دەگێڕنەوە کە بەدەگمەن لەسەر تەلەفون قسەی دەکرد. سەرخەوێکی دەشکاندو هەڵ دەستاو هەتا دوای نیوەشەوێ نەدەخەوت.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا، قاسملوو پیاوێکی بە فەرهەنگی چلوهەشت ساڵانو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە ئەوکات حیزبێکی چکۆڵە بوو. لەنێو دۆستو ئاشناکانی لە پاریس ـ نەک لە ئێران ـ مرۆڤێکی ناسراو بوو. ژیانی لە تاراوگە بیست ساڵ پێشتر دەست پێکردبوو. حدکا، کە دەکرێ بڵێین لەلایەن ئەرتەشو ساواک (پۆلیسی نهێنی) ی شاوە لەبەریەک هەڵتەکا بوو، هێشتا پریستیژێکی باشی هەبوو کە لە سەردەمی کورتخایەنی کۆماری سەربەخۆی مهابادەوە بۆی بەجێ مابوو. ئەو کۆمارە ساڵی ١٩٤٦ کوردەکانی ئێران دایان مەزراند بوو.

قاسملوو لە تێکڕووخانی ڕێژیمی شا ئاگادار بووو بۆیە بڕیاری دا پێش گەڕانەوەی بۆ ئێران سەرێک لە خومەینی هەڵێنێ. ماڵە چکۆڵەکەی ئەو رووحانییە لە نۆفل لۆشاتۆ، کە چەند کیلۆمیترێک دوورترو لە رۆژئاوای پاریس هەڵکەوتوە، ببوو بە ناوەندی دوورخراوەکان لە نیشتمانو پیلان دارشتن لە دژی شا.

قاسملوو یەکێک لەو خەڵکە زۆرە بوو کە چووبوو ڕێز لە خومەینی بگرێ. چادرێکی گەورە لەبەر دەرگای ماڵەکەی هەڵدرابوو. کاتێک یەکێک لە یارمەتیدەرەکانی خومەینی پێی ڕاگەیاند قاسملوو دەیەوێ بێتە لای، ئیمام گوتی ئەو هیچ شتێکی نیە دەگەڵی باس بکا. چەند رۆژ دواتر، قاسملوو سەر لە نوێ گەڕایەوەو ئاکامەکەی هەروەکوو پێشوو بوو.

هەمووشتێک لە نێوانیاندا جیاوازیی هەبوو بێجگە لەوە کە هەردووکیان پیاوی سیاسی بوونو لە تاراوگە دەژیانو هەردووکیشیان دژی ڕێژیمی حەمەرەزاشای پەهلەوی بوون.

دواتر قاسملوو دەیگوت: « ئەوم وەک ڕێبەرێکی ئایینی شیعە دەناسیوکتێبەکانییشم خوێندبوونەوە. نەیدەویست بە تەنیایی بم بینێ. گوێم دابووە قسەکانیو دەم زانی دەیەوێ چ بکا. دەم زانی پیاوێکی بناژۆیەو پێشنیارە سیاسییەکانی بۆ ئێران هی سەدەکانی نێوەڕاست بوون. بەڵام، هەرگیز پێم وا نەبوو هەتا ئەو ڕادەیە خوێنخۆر بێ».

بەڵام، بەو حاڵەش، هەروەکوو هەموو کەسی دیکە، پشتیوانیی لە خومەینی دەکرد. ئیبراهیم ئایوار، کە کومونیستێکی عێراقی بوو، دەی گێڕایەوە: لە ساڵی ١٩٧٨دا قاسملوو هێندێک بەڵگەی واژۆ کردبوون کە تێیاندا خومەینی ستایش کرابوو. کاتێک ئایوار پرسیاری لە قاسملوو کردبوو بۆچی وا دەکا قاسملوو وەڵامی دابۆوەو گوتبووی «خومەینی سوێندی خواردوە هەتا شا لەسەر دەسەڵات وەلا نەنێ، دەست لە خەبات هەڵ نەگرێ». ئایوار لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: « هەمووکەس وێنەی ئیمامیان پێبووو هەموومان دەمان زانی ئەو چلۆن کەسێکە، بەڵام قاسملوو لەسەر ئەوە پێی دادەگرت کە سوێند خواردنی خومەینی جێی بڕوایە. هەروەها لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ستایش کردنی خومەینی نابەجێ نیە. ئۆپۆزیسیۆن پێویستیی بە کەسایەتییەکی هێمایی هەیە».

لەکاتێکدا ڕۆژنامەنووسەکان‌و ئەو خەڵکانەی لەبەر ماڵی خومەینی کۆ ببوونەوە، هیچ ئاگایەکیان لە قاسملوو نەبوو، ڕۆژنامەی ڕۆژئاوا (ویسترن پرێس) و(کارمەندەکانی ڕێکخراوی جاسووسی) زۆر بە وردی دەیان ڕوانیە ئاماژەو سەرلەقاندنەکانی خومەینی.

چەپئاژۆیەکان‌و بزووتنەوە پێشکەوتنخوازە ئورووپاییەکان، ئایەتوڵلایان کردبوو بە ئەفسانەیەکی شۆڕشگێڕی لە جیهانی سێهەمدا. لە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتادا، بەشێک لە چەپئاژۆ ئورووپاییەکان خومەینی‌یان دەپەرست. هەتا ئەوکاتی، بەهۆی ئەوە کە پێیان وابوو ئورووپا ناوەندی هەموو شتێکە، خومەینی لەبیر کرابووو بەشی زۆری ئورووپاییەکان لە جیهانی ئیسلام بێخەبەر مابوونەوە. هەروەها، خومەینی بۆ ماوەی ساڵانێکی دوورو درێژ کپ‌و مات ژیانی بەسەر بردبوو، لە پێشدا لە تاراوگەو لە عێراق‌و ئێستاش لە دەوروبەری پاریس.

بەهەر جۆرێک بووبێ، ئەو ئاخوندە چاوپۆشیی لەو دابونەریتە ئورووپاییانە کردبوو کە پێی وابوو شتێکی گەندەڵ‌و دەستکردن. چاپەمەنییەکانی ڕۆژئاوا هەمیشە «شا» یان وەک دۆستی خۆیان‌و کەسایەتییەکی نوێخواز ناساندبوو. خومەینی بە شێنەیی توانیبووی داوێک بۆ شا سازکا کە وەک زیندان تێی بکەوێ.

لەسەرەتادا، بەهۆی ئەوە کەخومەینی کابرایەکی ڕووحانی بوو، خەڵک خۆشیان نەدەویست، بەڵام چارەنووسەکە جۆرێک بوو کە بتوانێ ئاڵوگۆڕ بەسەر مێژوودا بێنێ. ئەو پیاوی خودا بووو هەوڵی دەدا هێزە سەرەکییەکانی جیهان بۆلای خۆی ڕاکێشێ. لە فەرانسە، لە ساڵی ١٩٧٠ بەم لاوە زۆربەی خەڵک پێیان وابوو ئێران بۆتە ملۆزمو باشترین ڕێگە ئەوەیە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی ئەو وڵاتە دەگەڵ عێراق سەر لە نوێ دابڕێژرێنەوە. هەر لەو سەروبەندەدا، خومەینی بەرەو ئەوە دەچووە پێش کە ببێتە کەسایەتییەکی بەڕێزو ناودار . شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، جیهانی ڕۆژئاوای سەرسوڕماو کرد  بەڵام ئایەتوڵڵا بۆی مەسەلە نەبوو.

# بڕگەی دووەم

# "شاه رفت! شاه رفت!"

سەرەڕای هەلومەرجێکی نالەباری سیاسی، ساڵی ١٩٧٨، ئەندامانی ڕێبەریی حدکا لە کوردستانی عێراق کۆ بوونەوە بۆ ئەوەی لەبارەی گەڕانەوە [بۆ کوردستانی ئێران] یان مانەوە لە تاراوگە قسان بکەن.

ئەوکارە شتێکی پڕ لە مەترسی بوو، چونکە ڕێژیمو ساواک هەروەک دڕندەی نێو قەفەز هەڵسوکەوتیان دەکرد.

قاسملوو «صادق شرفکندی» ی بانگ کردە پاریس بۆ ئەوەی هەلومەرجەکە هەڵ سەنگێنن. پێی وابوو ئێران خەریکە دەگاتە قۆناخێکی شۆڕشگێڕانەو لەسەر ئەو بڕوایەش بوو کە دەبێ ڕێبەرانی حیزبەکەی بگەڕێنەوە بۆ ئێران. قاسملوو لە شەرەفکەندیی پرسی: « ئەگەر بە شێوەیەکی نهێنی بگەڕێتەوە، ئایا ئەو ـ شەرەفکەندی ـ ئامادە دەبێ بەیەکەوە بۆ حیزبەکەیان کار بکەن‌و بەهێزی بکەن؟»

شەرەفکەندی  دەیگێڕایەوە دەیگوت: « ئەمن بۆ سەلامەتیی ئەو نیگەران بوومو پێم گوت هەموو کەسێک دەتوانێ بگەڕێتەوە، بەڵام ئەتۆ نا». سەرەڕای ئەوەش قاسملوو بە شەرەفکەندیی گوت ئەگەر بگەڕێتەوە، لە ژێر ناوی خوازراوی «شەریف» دا ئەو کارە دەکاو ئەگەر بڕیاری دا ئەو کارە بکا شەرەفکەندی ئاگادار دەکا.

زۆربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی دژی گەڕانەوە بوون، بەڵام، بێ ئەوەی بێڵن کەسێک ئاگادار بێ، قاسملووو بەشێک لە هەڤاڵەکانی گەڕانەوە. شەرەفکەندی کە لە زانستگەی تاران مامۆستا بووو ساواک لێی بە گومان نەبوو، لە ڕێگەی ئاشناو دۆستەکانیەوە زانی قاسملوو گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان.

شەڕەفکەندی دەیگوت: « ساواک زۆر چالاکو کارا بوو. بە سەفەر چوومە مهابادو قاسملووم هێنا بۆ تارانو لە ماڵی خۆمان شاردمەوە. هیچ کەس نەی دەزانی لە کوێیە. ساواک لە مهاباد بەدوایەوە بووو لێی دەگەڕا. ئەویش بێ مەترسی لەلای ئێمە بوو.» لە ساڵەکانی دەیەی پەنجاوە کە قاسملوو سەر لە نوێ حیزبی داڕشتەوەو یەکەمین کۆنگرەی بەڕێوەبردو بەرنامەی نوێی حیزبی نووسی، دوای ساڵێک دەگەڵ شەڕەفکەندی لە پاریس یەکتریان دی.

قاسملوو چووە لای شەڕەفکەندیو ئەو بەڵگانەی دایە کە تێیاندا پرەنسیپەکانی حدکا بەوردی تاوتوێ کرابوون. شەرەفکەندی داوای لێ کرد ماوەیەک دەرفەتی بداتێ بۆ ئەوەی بیان خوێنێتەوە، بەڵام، قاسملوو لە وەڵامدا پێی گوت ئەگەر موافیقی بابەتە سەرەکیو ریشەییەکانە، خوێندنەوەیان پێویست نیەو کاتی چوونە پاڵ حیزب دەتوانن لە سەر وردەکارییەکان باس بکەن. لە ئاکامی ئەم باسانەدا، شەرەفکەندی هاتە نێو حیزبەکەوە.

بوون بە دۆستو هەڤاڵی یەکترو کاتێکی زۆریان لە پاریس بەیەکەوە بەسەر برد. ساڵی ١٩٧٦ شەڕەفکەندی گەڕایەوە بۆ تاران. ئەودوو پیاوە لە ڕێگەی کۆدو نهێنیکارییەوە لە نێوان خۆیاندا لەو دووشارەوە پێوەندییەکی ڕێکوپێکو راستەوخۆیان دامەزراندبوو.

دوای ماوەیەک شەڕەفکەندی دەیگوت: « کارکردن دەگەڵ دوکتۆر قاسملوو زۆر خۆشە، چونکە هەمیشە شتی لێ فێر دەبی. بەڵام، دژواریشە چونکە زۆرت کار لێ دەکێشێ. بۆخۆی کارو زەحمەتێکی زۆری وەئەستۆ گرتبووو هەر بەو شێوەیەش چاوەڕوانیی لە هەڤاڵەکانی هەبوو. کەسایەتییەکی دێموکرات بووو هەتا ئەو ڕۆژەی کوژرا هەر دێموکرات مابۆوە. هەرچەند هەڤالو دۆستی باشی یەکتر بووین، بەو حاڵەش لەهەموو کۆبوونەوەکاندا دەکەوتینە دەمەقاڵەی توندوتیژەوە. بەڵام دوای کۆبوونەوەکان، بابەتە سیاسییەکانمان وەلا دەنان».

لە ئێران، قاسملوو بۆی دەرکەوت حیزبەکەی زۆر بێهێزە. کەسانێکی زۆر لە ئەندامانی یان لە بەندیخانەدا بوون یان لە تاراوگە دەژیانو ژمارەیەکی زۆریش کوژرابوون. بۆیە، ژمارەی خەباتکاران بە زەحمەت دەگەیشتە سەدو پەنجا کەس.

قاسملوو لە پێشدا لە تارانو پاشان لە مهاباد کاری ڕێکخستن و سازماندانی حیزبەکەی بەمەبەستی پێکهێنانی کومیتە نهێنییەکانو شانە سیاسییەکان دەست پێکرد. دامەزراندنی بناخە ئیدئۆلۆژیو بنیاتە سیاسییەکانی ڕێکخراوی حیزبیو هەروەها وەگەڕ خستنو چالاک کردنی کادرەکانو بردنەسەری ژمارەی خەباتکارەکانو وەرگرتنی لاوەکان چەندکارێکی گرنگو تەواو پێویست بوون. لە بەرامبەر ئاڵوگۆڕێکدا کەخەریک بوو لە ڕێژیمدا پێک دەهات دەبوو کوردەکان خۆیان ئامادە بکەن.

قاسملوو کەسایەتییەکی نەناسراو بوو چونکە بیستو یەک ساڵ بوو لەنێو خەڵکەکەیدا نەبوو. لە ئێرانێکی شڵەژاوو شێواو دا کە قاسملوو خەریکی چوونەوە بۆ وێندەرێ بوو، ئەگەرچی سکرتێری گشتیی حیزبە ناسیۆنالیستەکەی بوو، بەڵام بۆ کەم کەس ناسرابوو.

ئازاد یەکێک لەو پیاوە گەنجانە بوو کە هاتە نێو بزووتنەوەکەوە. ناوبراو لەبیریەتیکە خەڵک براکەی قاسملوویان دەناسی کە پزیشک بووو یەگجار وەک ئەو دەچوو، بەڵام عەبدورڕەحمانیان لەبیر نەمابوو. ئازاد ناوی بیستبووو دەیەویست ڕۆژێک بچێ بیبینێ. ناوبراو دەیگوت: « لە بەرامبەر حدکادا هەڵوێستێکی رەخنەگرانەم هەبووو بڕوام پێی نەبوو چونکە لە نێوخۆی وڵات نەبووو حیزبێکی بێبرەو بوو».

هەتا ئەوەی ئازاد لە بواری سیاسییەوە زۆر چالاکانە دەگەڵ کۆمۆنیستەکانی حیزبی توودە بوو، بەڵام نەببوو بە ئەندامی ئەو حیزبە. ئەو کوردە لاوە لەوە سەری سوڕ مابوو کە لەنێو حیزبێکی ئێرانیدا جێگەو شوێنی گەلی کورد چۆن دەبێ. حیزبی توودە ڕێکخراوێکی کومونیستیی توندوتیژو لەوێنەی حیزبەکانی سەردەمی ئیستالین بوو: کەوتبووە ژێر بیروبڕوایەکی لە گۆڕاننەهاتووی وەفادارانە بە مۆسکۆو، لە بەرامبەر راستییەکانی نێوخۆی وڵاتدا بێخەبەر مابۆوە. ئازاد پیاوێکی ئازا بوو، بەڵام لە پێوەندی دەگەڵ داخوازە نەتەوەییەکانو دەگەڵ ئاواتیگەلی کورددا تەواو نائاشناو بێگانە بوو.

هەروەک زۆربەی کەسانی لاو کەوتبووە ژێر مەترسیی سەرکوتکرانەوە. زۆری قین لەو جۆرە کەسانە بوو کە لە ئورووپا یان لە ئەمریکارا گەڕابوونەوە، چونکە پێی وابوو لە پێوەندیی دەگەڵ راستییەکانی ئێراندا هیچ نازانن.

لە یەکەمین چاوپێکەوتنی دەگەڵ دوکتور قاسملوودا، ئازاد روانگەو بیرو بڕوا مارکسیست ـ لێنینیستییەکانی، کە تێکەڵاوی توندوتیژیی سەردەمی لاوەتییەکەی ببوون ، زۆر بە پەلە هێنایە گۆڕێ. قاسملوو بێ ئەوەی بێتە نێو قسەکانی، بە شێنەیی گوێی بۆ راگرتبوو. ئەوجار قاسملوو قسەی دەکردو هەروەک هەمیشە بە زمانێکی ساکار دەدوا، بەڵام قسەکانی پێشاندەری تێگەیشتوویییەکی تەواو بەرزتر بوون. پاشان ئازاد دەیگێڕایەوە، دەیگوت: « وردەوردە پێی سەلماندمو ڕازیی کردم. سەرەڕای ئەوە کە [ماوەیەکی زۆر] لەوڵات دوور کەوتبۆوە، زۆر باش لە راستییەکان ئاگادار بوو. بەڕاستی کەوتبوومە ژێر تەئسیریەوە. دوای ئەوەی حەوتوویەک کارم دەگەڵ کرد، بۆم دەرکەوت کە دەبێتە جێگەی هومێدی کوردەکان؛ هومێدم بەو بوو نەک بە حیزبەکەی».

قاسملوو دەگەڵ ئەوەی ساڵانێکی دوورو درێژ لەکوردستان دوور بووو بە فەرهەنگی ئورووپایی ڕاهاتبووو تەنانەت نەی دەزانی چلۆن پێچو کڵاوی کوردی لەسەر بنێ، بەڵام لەناخی دەروونەوە کوردبووو دەی زانی چلۆن دەگەڵ خەڵکی قسان بکاو چۆنیان روانگەکانی خۆی پێ بسەلمێنێ. بە رەفتارە نەرمو ساکارەکەی و بە زانیارییەکانی خۆی، بە تەواوی تەئسیری لەسەر دادەنان. لاوەکان کە کەوتبوونە ژێر باری دەمارگرژیو توودەییەکان ڕایان هێنابوون، لەلای دوکتور قاسملوو بە تەواوی سەرسوڕماو دەبوون. پەیامی دوکتور قاسملوو زۆر ڕوون بوو: لایەنگری حیزبێکی کوردیی سەربەخۆی ئەوتۆ بوو کە دابینکردنی مافی کوردەکانی بە ئامانجی سەرەکیی خۆی دەزانی.

رۆژی کریسمەسی ساڵی ١٩٧٨، لەکاتێکدا خومەینی لە فەرانسە ببوو بە سەرکردەی پیلانگێڕانو قاسملووش لە کوردستان سەرانسەری رۆژ خەریکی نوێکردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی بوو، شا بە تەواوی دەستەو ئەژنۆ مابۆوە. شۆڕشی خەڵک لەشەقامەکان دەستی پێ کردبووو خەڵکەکە بڕستیان لە ڕێژیمێک بڕیبوو کە تەنیا لە لایەن ئەرتەشو ساواکو ئەمریکاوە پشتیوانیی لێ دەکرا. چینو توێژەکانی جووتیاران وکرێکارەکانی شارەکان، بازاڕییە بەهێزەکان،  مەلاکان، ئەندامانی چینی مام ناوەندیو کەمایەتییە نەتەوەییەکان، یەک لەوان کوردەکان، لە دژی ڕێژیمی شا ڕاست ببوونەوە.

لەحاڵێکدا چەپە توندڕەوەکان پشتیوانییان لە شەڕی چەکدارانە بەدژی ڕێژیمی شا دەکرد، خومەینی لە فەرانسەوە دژی ئەوکارە بووو داوای لە سەربازەکانی شا دەکرد ریزەکانیان بەجێ بێڵنو پێی دەگوتن: « بەشێوەی تاکەکەسی یان دووکەسی یان سێکەسی خۆتان لە کارکردن بکێشنەوە. ئێوە سەربازی خودان  .  چەکەکانتان دەگەڵ خۆتان بێنن، چونکە ئەوانە چەکی خودان». لەمانگی ژانویەدا، گوردانی دژی هێرشی هەوایی لەمەڵبەندی مەشهەد بە هەموو چەکەکانیەوە ئەرتەشی بەجێ هێشت. خومەینی کۆمەڵانی خەڵکی بۆ وەڕێخستنی هەڵڵاو بگر، مانگرتنو دەربڕینی هەرچەشنە ناڕەزایەتییەک، بێجگە لە رووبەڕوو بوونەوەی سەربازی، هان دەدا.

خومەینی دەیگوت: « لەباری فیزیکییەوە هێرش مەکەنە سەر ئەرتەش؛ دڵیان وەدەست بێنن. ئەگەر سەربازەکان تەقەیان لێکردن، پەنا بۆ دڵ و دەروونیان بەرن؛ لێیان گەڕێن با پێنج هەزار، دەهەزار، بیست هەزار کەس بکوژن؛ ئەوان برای ئێمەنو ئێمە بەخێرهاتنیان دەکەین. پێیان نیشان دەدەین خوێن زۆر لە شمشێر بەتواناترە» .

خومەینی لە ڕێوڕەسمی رەسەنی « تشییع» کەلکی وەردەگرت. «هێندێک جار گوتراوە قارەمان بنەمای مێژووە. بەڵام ئەو کەسانەی لەسەر ئەم بڕوایەن، بەهەڵە چوون. ئەوە شەهیدە کە بنەماو رووحی وورووژاندنی مێژووییە. کەوابوو سینگتان بۆ ئەرتەش ڕاگرن چونکە شا دەیەوێ کەلک لە ئەرتەش وەرگرێ و ئەرتەشیش دەیەوێ گوێڕایەڵی بێ. خوێنتانو ئەو خۆشەویستییەی لەکاتی مردنتاندا پێشانیان دەدەن، بەتەواوی دەیان هێنێتە ڕێیە ڕەدایە.

ڕۆژی ٦ی ژانویەی ١٩٧٩، شا لە هەوڵیئەوەدا بوو بە دانانی شاپووری بەختیار لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیری شەپۆلی شۆڕشی نیشتمانی دامرکێنێتەوەو خۆشی ئامادە کردبوو وڵات بەجێ بێڵێ. قاسملووو حیزبەکەی ئەو هەواڵەیان بە دڵخۆشی وەرگرت، چونکە پێیان وابوو ئازادی بۆ وڵات دەگەڕێتەوە.

قاسملوو دەیگوت: « ئێمە دەگەڵ بەختیار نەبووینو دەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن بووین. ئەگەر بمان توانیبا ئەو هەلومەرجە بۆ ماوەی چەند مانگێک ڕابگرین، ئێمەو ڕێکخراوەکانی دیکە دەمان توانی پێگەی خۆمان پتەو کەینو لە ئاکامدا خومەینی نەیدەتوانی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ».

قاسملوو هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە ئەگەر لایەنگری لە خومەینی بکا، لە دیکتاتۆرییەوە بەرەو ڕێژیمێکی سەدەکانی نێوەڕاست دەگەڕێتەوە؛ ئایەتوڵڵای زۆر بە گرنگ وەرگرتبوو. کتێبەکانی خومەینیی خوێندبوونەوە، تێدەکۆشا سەریان لێ دەربکاو پێی وابوو خومەینی هەنگاوێک بەرەو دوا دەگەڕێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە زۆربەی رووناکبیرانی چەپئاژۆ تەنانەت کتێبەکانی خومەینییان نەخوێندۆتەوەو نازانن چۆن کەسێکە.

قاسملوو زۆرجاران دەیگوت خومەینی پیاوێکی زرینگو وشیارە، بەڵام ناکرێ چاوەڕوانیی دەسکەوتێکی دێموکڕاتیکت لێی هەبێ. شەڕەفکەندی دەیگوت: « دوکتۆر قاسملوو زۆر بە وردی گوێی بۆ هەموو وتەکانی خومەینی ڕادەگرت. قسەکانی جێی پێکەنین بوونو گاڵتەمان پێدەکردن، چونکە ئایەتوڵڵایەک قسەی سەیرو بێ مانای دەکردن. بەڵام دوکتۆر دەیگوت: «دەبێ گوێ بدەنە قسەکانی بۆ ئەوەی بزانین چیی دەباراندا هەیە. ئەو پێی وابوو خومەینی پیاوێکی سیاسییە«.

قاسملوو دەی زانی هێزی خومەینی لە مزگەوتەکاندایەو لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە هەرچەند ٨٠ هەزار مزگەوت هەن، هێشتا دەکرێ پێش بە ئاخوندەکان بگیرێ. لە سەرانسەری وڵاتدا زیاتر لە سەد هەزار ئاخوندی شیعە هەبوونو تۆڕێکی گەورەیان پێک هێنابووو دەگەڵ خاوەن ملکەکانی ناوچە کشتوکاڵییەکان یەکیان گرتبوو. هەروەها پێوەندییان دەگەڵ بازاڕییە بەهێزەکانیش هەبوو کە لە بواری ئابوورییەوە یارمەتیی مزگەوتەکانیان دەدا. بێجگە لەوە لە بەشێکی گەورەی ئابووریی وڵاتیشدا دەستیان دەڕۆیشت.

ڕەنگە بە هۆی ڕابردووی مارکسیستییەکەیەوە بووبێ کە قاسملوو دژی ئەونەخشە بوو کە مەلاکان  لە باری سیاسییەوە لە ئێراندا دەیان گێڕا. بەڵام، لەقۆناخە گرنگەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، ئاخوندە شیعەکان هەمیشە لە خەتی پێشەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکاندا بوون.

لەلایەکی دیکەوە، بەختیار دۆستی کوردەکان نەبووو هەرزۆر زوو ئەوەی کرد کە قاسملوو چاوەڕوانیی دەکرد، ئەویش ڕاگەیاندنە « شۆڤینیستییەکەی» لە دژی کوردەکان بوو. قاسملوو دەیگوت: « ئەوکات ئێمە ئەو حیزبە نەبووین کە دواتر بووین. پێوەندیمان دەگەڵ گرتو داوامان لێ کرد لە ڕاگەیاندنەکانیدا دەست لە قسەکردن لە دژی کوردان هەڵبگرێ، ئێمە ئامادە بووین بۆ دامەزراندنی دێموکراسی یارمەتیی بدەین. چەند کەسێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی، کە دواتر چوونە پاڵ حیزبی توودە، بە هەواداری لە بەختیار تاوانباریان دەکردم».

بەختیار خوێندنی لە پاریس تەواو کردبووو چەپئاژۆ بوو. لە کاتی شەڕی نێوخۆیی لە ئیسپانیادا پشتیوانیی لە کۆماریخوازەکان دەکرد. پاشان چووە نێو ئەرتەشی فەڕانسەوەو دەگەڵ بەرخۆدان لە دژی نازییەکان هاوکاریی دەکردو کاتێک گەڕایەوە ئێران، پشتیوانیی لە «مصدق» ی ناسیۆنالیست دەکرد. بەهۆی خەبات دژی شا، ماوەی پێنج ساڵان لە زینداندا بوو. بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، بوو بە لیبراڵێکی خۆپارێزو یەکێک لە دەسترۆیشتووترین ئەندامانی هۆزی بەختیاری بوو. ئەو هۆزە لەکاری پشتیوانی لە شادا زۆر بە ناوبانگ بوو.

هەربۆیەش شا سەرۆکایەتیی دەوڵەتی بە بەختیار پێشنیار کرد. ئەوەش کاتێک بوو کە حیزبی بەختیار، (جبهەی ملی) پێشنیاری شای ڕەت کردەوە کە داوای لێ کردبوو بەشێک لە دەوڵەت بێ. ئەوە تەنیا ڕێگەیەک بوو کە هێشتا شا لە پێشی مابوو. واشینگتۆن

به خێرایی رایگەیاند کە دەیەوێ پشتیوانی لە بەختیار بکا. بەوحاڵەش، بەرەی نیشتمانی (جبهەی ملی) بەختیاری بەوە تاوانبار کرد کە «خەیانەتی بە ئارمانی ئێمە کردوە« و خومەینییش لە پاریسەوە ڕای گەیاند کە پەیڕەویکردن لەو هەروەک «پەیڕەوی کردن لە شەیتانە».

ئەو هەموو بابە ناتەبایانە دەوڵەتی شاپووری بەختیاریان تەواو بێ هێز کردبوو. باڵوێزی ئەمریکا، ویلیام سۆلیڤان، دەیگوت دەوڵەتی بەختیار هەروەک گەلامێوێک وایە کە لەسەر دارەمێوێک دەلەرێتەوەو لەوانەیە دارەمێوە کەش وەختێک بکەوێتە عەرزی. بەختیار لە کاتی ناساندرانی بە ئەنجومەن [ی نیشتمانی] لە ڕۆژی ١١ی ژانویەدا، بەرنامەیەکی ١٧ماددەیی پێشکەش کرد کە ئەم بابەتانەی دەگرتەوە: هەڵوەشاندنی ساواک بە گشتی، وەلابردنی هەنگاوبەهەنگاوی «حکومت نظامی»، سزادانی پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ، ئازاد کردنی بەندییە سیاسییەکانو قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانیانو دانی نەخشێکی زیاتر بە ڕێبەرانی ئایینی لە کاتی نووسرانو پەسند کرانی قانووندا. هەروەها وادەی ئەوەشی دا کە پێوەندییەکی باشتر دەگەڵ جیهانی عەرەب دابمەزرێنێو پشتیوانی لە فەلەستینییەکانیش بکا. بەختیار پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئێران نەوت بە ئیسرائیلو ئەفریقای باشوور نافرۆشێ.

هیوادار بوو ڕێژیمێکی دڕندە بەرەو مرۆڤایەتی بەرێ، ڕێژیمێک کە هەتا ئەوکاتە، هێزە چەپەکان، مەلاکان، بازاڕ، خوێندکارانی زانستگەکانو کرێکارانی وڵاتی لە پێوەندی دەگەڵ هەرچەشنە بڕیارێکی سیاسیدا خستبووە پەراوێزەوە.

کاتژمێر ٢/٣٠ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٦ی ژانویەی ١٩٧٩. فڕۆکەیەکی شینی کەمڕەنگی بووینگ لە فرۆکەخانەی تاران هەڵفڕی کە دوو موسافیری بەشکۆی هەڵ گرتبوون: شای پەنجاونۆ ساڵە، محەممەد ڕەزا پەهلەویو فەرەحی خێزانی.

لە تاراوگە دەژیانو ئەویش سەربردەیەک بوو کە بیستو پێنج ساڵ پێشتر دیتبووی. لە هەردووک جاراندا، شا کە لەلایەن خەڵکەکەیەوە وەلا نرابوو لەوڵات هەڵاتبوو. «شا ڕۆیشت!» لەسەر ڕادیۆی تاران ڕاگەیەندرا بوو.» شا ڕۆیشت! شا ڕۆیشت!».

خەڵکەکەش بە دەنگی بەرز دەیانگوت: «الله اکبر! الله اکبر!»

شا ڕۆیشتو خوداگەورەیە! سەرەڕای نەریتێکی دووهەزارو پێنجسەدساڵە لە سەرەڕۆییو دیکتاتۆری، ڕێژیمی شا نەیدەتوانی لە بەرامبەر هێزی بەربڵاوی هەستی شۆڕشگێڕانەدا خۆ ڕابگرێ. ئەو ڕاپەڕینە لەهەستێکی توندو بە هێزی ناسیۆنالیستییەوە هاتبوو. ئێرانییە شۆڕشگێڕەکان کە بە شەقامەکانی شاردا دەگەڕان چەکو چۆڵیان لە سەربازانو پۆلیسان دەستاند. ئەوە هەستو بیرێکی توندوتیژی ئایینی بوو کەکۆمەڵانی خەڵکی هان دەدا بێنە نێو ڕاپەڕینەکەوە.

ئازاد دەی گێڕایەوە کە قاسملوو کەوتبووە دڵەڕاوکێو نیگەرانییەوە؛ نەیدەویست بەختیار شکست بخوا، پێشی خۆش نەبوو بگەڕێتەوە ژێر ژیانی نهێنییەوە؛ پێی وابوو دەوڵەتی بەختیار مل بۆ هێندێک لە داخوازەکانی حدکا ڕادەکێشێو ئەگەر وا نەبێ، ئەو کەسانەی دەگەڵ خۆی بوون دەبێ لە شارەکان دەرکەونو پەنا بۆ کێوو شاخەکان بەرن.

قاسملوو، سەرەڕای هێزی ڕاکێشەرو تێگەیشتوویەکی بەرزی سیاسی، بەهۆی ناکۆکی لەنێو حیزبەکەیدا بەشی زۆری توانایی خۆی لەدەست دابوو. زۆرجاران دەیگوت: «هیچ شتێک لە ڕێکخستنو سازماندانی کوردان دژوارتر نیە». ئەمەش ئەرکێکی یەگجار تاقەت پڕووکێن بوو کە بۆ دەساڵی دواتر دەکەوتە سەرشانی.

قاسملوو زۆر باشتر لە کەسانی دیکە دەی زانی لە ئایندەدا چ دێتە پێش، بەڵام بەتەنیا مابۆوە. لەرۆژەکانیکۆتایی ژانویەدا، یەکێک لە ئاشناکانی، قاسملووی بردە کۆبوونەوەیەک. هەموو ئەوانەی لەوێ بوون چەپئاژۆ بوون کە خوێندنیان لە ئورووپاو ئەمریکا تەواو کردبووو خۆیان وەک مارکسیست دەناساند.

« نەیان دەزانی ئەمن کێم. تەنیا لەبارەی ئەوەدا قسەیان دەکرد کە بە چ شێوەیەک پێشوازی لەخومەینی بکەن». چونکە قاسملوو هیچ قسەیـەکی نـەکردبوو، یەکێک لەوان لێی پرسی: « لە پێشوازیکردن لە ئایەتوڵڵادا بەشداردەبی؟» . قاسملووش وەڵامی دایەوەو

گوتی: « نا. زۆریش بەداخم کە ئێوە دەچن. ئەگەر ئێوەی خوێندەوار بچن بۆ پێشوازیلەو کابرایە، ئەدی دەبێ خەڵکی ساکار چ بکەن؟».

لێکرا چاویان تێبریم. فارس گوتەنی وەک چاولێکردنی پیاوێکی زانا لە شێتۆکەیەک. بەڵام لەراستیدا ئەوان شێتۆکە بوون».

رۆژی یەکەمی مانگی فێوریەی ١٩٧٩ خومەینی بە فڕۆکەیەکی ئێیرفڕانس گەیشتە فڕۆکەخانەی تاران. سێ میلیۆن دەمارگرژ چاوەڕوانی هاتنی بوونو بە دەنگی بەرز دەیانگوت «رووحی حوسێن خەریکە دێتەوە. دەرگاکانی بەهەشت سەرلەنوێ کراونەوە. ئێستا کاتی شەهیدبوونە!».

لەرادەبەدەربوونی حەشیمەتەکە پێشی بە چوونی «ئیمام» بۆ گۆڕستانی بەهیشتی زەهرا گرتبوو کە دەیەویست رێز لە قوربانییەکانی سەردەمی دیکتاتۆریی شا لەو شوێنە بگرێ. بۆیە هێلیکۆپتێرێک بردی بۆ ئەو شوێنە کە دەدوازدە کیلۆمیترێک لەتاران دوورە. حەشیمەتەکە بەخومەینی، بە کەسایەتیی پیرۆزی شاری قوم، یان دەگوت رووحی خودا.

قاسملوو یەکێک لە تەماشاچییەکانی ئەو رێورەسمە بوو کە پاشان بۆلای کوردستان وەڕی کەوت.

رۆژی ٥ی مانگی فێوریە، خومەینی «مهدی بازرگان»ی کردە سەرۆک وەزیر. بازرگان یەکێک لەو چەند کەسایەتییە غەیرە رووحانییە بوو کە ئاخوندەکان متمانەیان پێ دەکردن. بەختیار کابرایەکی بێهێزو کەسایەتییەکی بەستەزمان بوو کە لەلایەن شاوە کرابوو بە سەرۆک وەزیر. بەڵام، بازرگان لەلایەن بەرزترین بەڕێوەبەرانی شۆڕشەوە جێگەی متمانە بووو لەماڵی خۆی چاوەڕوانی هەڵتەکانی دەوڵەتی بەختیار بوو.

بازرگان لە ئێکۆل سەنترالْ، کە گرینگترین دامەزراوی خوێندن لە فەڕانسەیە، دەرسی خوێندبوو. ئەو ناوەندە تەنیا ئەو خوێندکارانەی وەردەگرت کە لە کاری ئاکادیمیکدا زۆر باش چووبانە پێش. لەساڵەکانی دەیەی پەنجای زاییندا، هاوکاری «مصدق» و ئـەنـــدامی بـــەرەی نیشتمانیی ئێران ( جبهەی ملی ایران) بووو دواتر حیزبێکی دامەزراند. ئەندازیارو پیاوێکی زۆر ئازا بوو. ساڵی ١٩٦١، بازرگان لەپشت تریبوونێکی سیاسییەوە، بە هێرش کردنەسەر شاو باوکی، زۆرباش داکۆکیی لەبیرو روانگەی خۆی کرد. ئەم کارە بوو بە هۆی ئەوەی هاونیشتمانەکانی رێزێکی تەواوی لێ بگرن. کەسایەتییەکی ناسیۆنالیستو بەڕێوەبەری دابونەریتە پیرۆزەکانی ئایینی شیعە بوو. بۆ وێنە هەرگیز ریشی نەدەتاشی. لەسەر ئەوەش پێی وادەگرت کە زانستو ئایین دژی یەکتر نین.

خومەینی دەی زانی بازرگان پێی وەفادارە. چەند مانگ پێشتر لەسەر ئەم وەفادارییەی تاقی کرابۆوە، سەرلەشکر «مقدم» سەرۆکی پۆلیسی نهێنی، کە ترسی رێ نیشتبوو لەزیندانی «قصر»، کە یەکێک لە بەندیخانەکانی ساواک بوو، سەری لە بازرگان دابووو پێی گوتبوو: «پەیامێکی شام بۆ هێناوی. خاوەن شکۆ ئامادەیە شایەتی بکا، نەک فەرمانڕەوایی... هەروەک شاژنی ئینگلستان! ئامادەیە نەخشی شایەکی قانوونی بگێڕێ، چونکە ئەو نەخشانەی بۆ دواڕۆژی ئێران لەبیرو زەینیدا بوون نەهاتوونە دی. بۆیە پێی خۆشە رێگا بە خەڵکی ئێران بدا بۆخۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. ئەگەر بیانەوێ بە پێی یاسای بنەڕەتی شایەکیان هەبێ، دەتوانن هەیانبێ. ئێوە بۆچی هاریکاریی شا ناکەن؟».

ساواک ئازادی کرد. بازرگان پێوەندیی لەنێوان «حجت الاسلام» هاشمی رەفسەنجانیو ئەمریکای بەڕێوە دەبرد، ئەمریکایەک کە بە ناهومێدییەوە تێدەکۆشا پێش بە کارەساتی رووخانی رێژیم بگرێ. رەفسەنجانی بەسەر بەرنامەی فێرکاریی گاردەکانی شۆڕش رادەگەیشت کە لەنێو مزگەوتەکاندا رێکیان دەخستنو هاوکاری تەواو نزیکی خومەینی بوون.

بازرگان کە بەهۆی گۆڕانی رەوتی رووداوەکانەوە ترسی رێ نیشتبوو، بەسەفەر چوو بۆ پاریس. ئەرتەش، کە حەوسەد هەزار چەکداری هەبوو، بێ هیچ ئەملاو ئەولایەک پشتیوانیی لە شا دەکرد. بازرگان لە پێتەختی فەرانسە لەلای خومەینی نیگەرانیو

ترسوخۆفی خۆی‌دەربڕی‌و گوتی: « ئێمە دەگەڵ شەڕێکی نێوخۆیی و کوشت وکوشتارێکی بێوێنە بەرەورووو بووینەتەوە«. بەڵام، خومەینی هەر باشی پێدا نەدەهات‌و ئارام دانیشتبوو.

پاشان، «ئیمام» گوتی: نابێ تەسلیم بن. راپەڕینەکە لە چلەپۆپەی خۆیدایەو ئەوە سەرکەوتنمان مسۆگەر دەکا».

بازرگان دوودڵ بوو. داخوا خومەینی دەتوانێ سەرکەوتن بەسەر ئەرتەش‌و ئەمریکاو ئورووپادا گەرەنتی بکا؟ ئیمام وەڵامی دایەوەو گوتی: « ئەمن ئیمانم بە خودا هەیە».

بازرگان لە وەڵامدا گوتی: « ئێمە هەمیشە لە ژێر فەرمانی تۆدا کارمان کردوەو ئێستاش هەروا دەکەین. بەڵام دەبێ ددان بەم راستیەدا بنێم کە نیگەرانم».

لەماوەی چەند رۆژێک لەمانگی فێوریەدا لە ئێران، دووسەرۆک وەزیر هاتبوونە سەرکار: یەکیان شا لەسەر کاری دانابووو ئەوی دیکەیان خومەینی. لە رۆژی پێنجەمی ئەو مانگەدا، خومەینی لە یەکەمین کۆنفرانسی رۆژنامەیی لە ژیانی خۆیدا لە ئێران، بازرگانی وەک سەرۆک وەزیر راگەیاندو گوتی: « ئەوە لێرە بازرگان وەک فەرمانڕەوا بە ئێوە دەناسێنم. خەڵک دەبێ پەیڕەویی لێ بکەن... سەرپێچی لە دژی دەوڵەتی خودا، راپەڕین لە دژی خودایەو راپەڕین لە دژی خوداش بێدینی‌و کفرە».  لە رۆژی یازدەهەمدا، شۆڕش دەستی پێ کردو دەوڵەتی بەختیاریش هەروەک وشکە گەڵایەک گەسک درا.

لەوکاتەوە، رێژیمی شا بێجگە لە شتێکی ڕواڵەتی‌و بێ هێز چی دیکە نەبووو هەر بۆیەش تێک رووخا. شۆڕشگێڕە چەپئاژۆیەکان هێرشیان کردە سەر پێگە سەربازییەکان، دەستیان بەسەر چەکوچۆڵەکاندا گرت، ساختومانە دەوڵەتییەکانیان داگیر کردو زیندانییە سیاسییەکانیشیان ئازاد کرد. لە واشینگتۆن، وەرێخستنی کۆدیتایەک بەجیمی کارتێری سەرۆک کۆمار پێشنیار کرا.

بەڵام لەبەر ئەوە کە سەربازەکان‌و ئەفسەرەکان شوێنی کاری خۆیان بەجێ هێشتبوو، ژێنەڕاڵە ئێرانییەکان دەستەوستان مابوونەوە. چەند کەسێک لەو ژێنەڕاڵانە کوژران؛ ئەوانی دیکە بە تفەنگەکانیان خۆیان کوشت یان بۆی دەرچوون. سەرلەشکر قەرەباغی داوای لە بازرگان کرد کەسێک وەک سەرۆکی ئەرتەش دیاری بکا، بەڵام، راستییەکەی ئەوە بوو ئەرتەش لەبەر یەک هەڵتەکابوو.

رۆژی٢٢ی فێوریە، مەهدیی بازرگان دەوڵەتێکی کاتیی ئیسلامیی دامەزراند. بازرگان مرۆڤێکی خاوەن ئاوەز بوو کە رێزی لە قانوون‌و مافی مرۆڤ دەگرت‌و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەبێ دەوڵەتەکەی هەنگاو بەهەنگاو بەرێتە پێش. بەڵام بە پارێزەوە کارکردنی بە قازانجی بناژۆخوازەکان بوو، چونکە کات‌و دەرفەتی پێویستی بۆ پێک دێنان کە بتوانن ئۆپۆزیسیۆن تێک بشکێنن‌و بەرنامەی سیاسیی خۆیان بە خێرایی بەرنە پێش‌و لەو قۆناخەدا بە شۆڕشێک رازی بوون کە تەنیا لە بواری سیاسیدا بێ.

بازرگانی حەفتاو پێنج ساڵە لە ویستی دەروونیی کەمایەتییە نەتەوەییەکان نەدەگەیشت. بە بڕوای ئەو کوردەکان جیاییخوازێکی مەترسیدار بوون کە لە رابردوودا کۆماری سەربەخۆی کوردستانیان راگەیاندبوو .

لە ئێرانی شۆڕشگێڕ دا، لەنێوان ئەو رێبەرانەی چەندین ساڵ لە بەندیخانەو لە تاراوگەدا ژیابوون‌و ئەو کەسانەی ئازادو بە هەڵسووڕمابوونەوە جیاوازییەکی‌تەواو لەگۆڕێدا بوو. ئەوانی پێشتر کە تەنیا مابوونەوە نەیان زانیبوو کۆمەڵگای ئێران لە سەردەمی شادا ئاڵوگۆڕێکی گرنگی بەسەر هاتوە.

هیچ ئاڵوگۆڕێکی گرنگ لە بواری سیاسی‌و کۆمەڵایەتیدا رووی نەدابوو، بەڵام ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە بیروبڕوادا پێک هاتبوو. ژیانی شارنشینی، چینی مام ناوەندی‌و خوێندکاران، هیچ کامیان وەک رابردوو نەمابوون.

کوردەکانیش هەروا. حدکا خوازیاری سەربەخۆیی نەبووو داواکاری خودموختاری بوو. حدکا دەگەڵ شۆڕشەکە نەبوو چونکە رێبەران‌و ئەندامەکانی لایەنگری سۆسیال دێموکراسی بوون. پلاتفۆرمەکەیان خوازیاری توندوتیژی نەبووو تێرۆریزمیان پێ شتێکی خراپ بوو ، بەڵام خوازیاری دێموکراسییش بوون.

هەر جۆرێک بووبێ، بناژۆکانو کەسایەتییە پیرەکان لە ئێران دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتبوو.

## بڕگەی سێیەم

# کوردستان یا گۆڕستان!

کوردەکان، بە حەشیمەتێکی جۆراوجۆرەوە، هەمیشە لە ئێراندا نەخشێکی گرینگیان گێڕاوەو هەرکات دەوڵەتی ناوەندی بێ هێز بووە، بوونەتە هۆی وەڕێکەوتنی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی. وڵاتی ئێران لەژێر دەستی فارسەکاندایە، بەڵام بێ ڕەزامەندیی ئازەرییەکان، کە دەکرێ بڵێین لە سێ بەشان بەشێکی حەشیمەتی وڵاتەکە پێک دێنن، دەوڵەتی ناوەندی توانای بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی نابێ. هەرچەشنە ڕاپەڕینێک لەلایەن ئازەربایجان لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی، زەبرێکی توندوتیژ لەئێران دەدا .

بەڵام ئازەرییەکانی چینی مامناوەندیو خوارتر لە مامناوەندی پشتیوانییان لە شا دەکردو نەیان دەویست ببنە هۆی ڕاپەڕینێکی گرنگی نەتەوایەتی. مەترسی بۆ دەسەڵاتی ناوەندی لەلایەن کەمایەتییەکانی دیکەوە: کوردەکان، عەرەبەکانی خوزستان، تورکمەنەکانو بەلووچەکان ـ بە تایبەتی کوردەکان ـ سەری هەڵدا.

کوردەکان لەسەدا حەڤدەی حەشیمەتی ئێرانیان پێک دێناو ناوچەی نیشتەجێبوونیان لە سەدا حەوتی وڵاتی ئێران بوو. لەو کاتەدا کە خومەینی لە شاری قوم نیشتەجێ بووو بازرگانی لەش بەبار لەهەوڵی گێڕانەوەی ئارامیو ڕێکوپێکی بۆ ئەو دەوڵەتەدا بوو کە لەپاش بەختیار بۆی بەجێ مابوو، کوردەکان گیروگرفتیان بۆ ساز کرد.

شۆڕش ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە خۆش کردبوو. لە شاری مهاباد، کۆمەڵە و چریکە فیداییەکان ، کە دوو حیزبی چەپئاژۆو توندڕۆ بوون، هێرشیان کردە سەر سەربازخانەکە. ئەو هێرشە بۆ چەپئاژۆکان کارەساتێکی گەورە بوو. «پزشکپور» کۆڵی نەداو لە ئاکامدا دەیان کەس کوژرانو بریندار بوون.

حدکا لە هێرش بۆ سەر سەربازخانەکەدا بەشدار نەبوو، بەڵام، بە هەر چەشنێک بوو هاتە نێو ئەو ڕووداوە توندوتیژانەوە. لە ئێران، هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان چەکدار ببوون یان لە هەوڵی پەیدا کردنی چەکدا بوونو حدکاش نەیدەتوانی لەوانی دیکە بەجێ بمێنێ. دواتر قاسملوو دەیگوت: « ئەم هەلومەرجە یەکێک لە گرینگترین ئەو بارودۆخانەیە کە هەتا ئەمڕۆ دیتوومن».

ڕۆژی چاردەی فێوریەو سێ‌ڕۆژ دوای هێرشە بێ ئاکامەکەی ڕێکخراوە چەپئاژۆکانو لە جەنگەی هەڵلاو بگرێکی لە ڕادەبەدەردا، لیژنەی نوێنەرانی دەوڵەت لەژێر ڕێبەرایەتیی داریووشی فرووهەردا، کە یەکێک لە وەزیرانی دەوڵەتی تازە بوو، گەیشتنە مهاباد. فرووهەر ئاواڵ زاوای سەرتیپ پزیشکپوور بووو، هاتبوو دەگەڵ شێخ «عزالدین» کە مەلایەکی سوننیو ڕێبەری مەزهەبی و سیاسیی کوردستان بوو، وتووێژ بکا.

شێخ «عزالدین» یەکێک لە دەستەنگترین ئایەتوڵلاکانی ئێرانو پێشکەوتووترین رووحانی بوو. بە پێچەوانەی رووحانییە شیعەکان، کە بۆ خەرجی ژیانی خۆیان لە بازاڕ پووڵو پارەیان وەردەگرت، شێخ «عزالدین» بە «عمامە» سپیەکەیو چاویلکە ڕەشەکانو ردێنە نەتاشراوو ئاڵۆزەکەیو جلوبەرگە کۆنەکانیەوە، بەو داهاتە یەگجار کەمە دەژیا کە لە خوێندنگەی زانستە ئایینییەکان وەک مامۆستایەک دەیان دایە، شێخ «عزالدین» کە مرۆڤێکی بەفەرهەنگو یەگجار تێگەیشتوو بوو، داوای لە قاسملوو کرد بۆ دانیشتن دەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت دەگەڵی بکەوێ. هەرچەند ئەو رووحانییە سەر بەو چەپئاژۆیانە بوو کە لەسەر ئەو بڕوایە بوون قاسملوو بورژوایەکی نەتەوەخوازەو ئەو کارەی شێخ «عزالدین» چەشنێک ڕێزگرتن لە قاسملوو بوو.

بەڵام قاسملووو شێخ «عزالدین» زۆر باش بەیەکەوە هەڵیان دەکرد. هیچ چەشنە ململانەیەک لەنێوانیاندا نەبوو؛ بە پێچەوانە هاودڵییەکی تەواویان دەگەڵ یەکتر هەبوو. قاسملوو زۆرجار شۆخیی دەگەڵ دەکردو پێی دەگوت دەبێ ڕۆڵو دەوری خۆی لە بواری ئایینیدا کەم بکاتەوە.

قاسملوو به شێخ «عزالدین» ی دەگوت: «بۆماوەی بیستو پێنج ساڵ مارکسیزمم خوێندو دوایەش خوێندکارەکانم فێر دەکردن. بەڵام، ئێستا باسی مارکسیزم ناکەم! ئەتۆ دەبێ بە نەخشی خۆت لە بواری ئاییندا رازی بی کە زۆریش گرنگە، بەڵام ئەمن ناتوانم دەگەڵی سەروکارم هەبێ».

شێخ «عزالدین»یش بە گاڵتە وەڵامی دەدایەوەو دەیگوت: «دیارە، ئەوەی ئەتۆ دەتەوێ بیکەی وەدواکەوتنی کاروباری رۆژانەتە. بەڵام ئەمن دەبێ ئاگام لە مەسەلەکانی جیهانەکەی دیکە بێ».

هەردووکیان بەیەکەوە چوون بۆ کۆبوونەوەیەک کە دەبوو لەوێ بۆ دانیشتن دەگەڵ نوێنەرانی تاران پێنج کەسی دیکە هەڵ بژێرن. لەو کۆبوونەوەیەدا نزیکەی پەنجا کەس بەشدار بوون. قاسملوو دەی گێڕایەوە: « ئەگەرچی ماوەی بیستو یەک ساڵ دووره وڵات بوومو زۆربەی ئەو کەسانەی لەوێ بوون نەم دەناسین، بەڵام، بەدەنگێکی بەرز دەستم بە قسان کرد. پیاوێکی لاو هاتە نێو قسەکانمو پێی گوتم ئەتۆ مافی ئەوەت نیە لەجیاتی گەلی کورد قسان بکەی، چونکە حیزبەکەت وجوودی نیە. بەو حاڵەش، بە هۆی پشتیوانیی شێخ «عزالدین»، ئەمن یەکێک لەوپێنج کەسە بووم کە هەڵ بژێردران».

ک.م کە لەو کۆبوونەوەیەدا بووو لە فەڕانسە دەژی، لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە« دەستەی نوێنەرانی ئێران نوێنەرانی دەوڵەتێکی بێهێزن. لە پێوەندی دەگەڵ نوێنەرە کوردەکاندا بە روونی دیار بوو قاسملوو رێبەریانە». کوردەکان نوێنەرو بەرێوەبەری بەرنامەی خۆیان بوونو مافی دەسەڵات بەسەر کاروباری پارێزگاکانی خۆیان لە رێگەی دەوڵەتێکی خودموختارەوەیان داوا دەکرد هەتا بتوانن پارێزگاری لە دابونەریتو فەرهەنگو ئایینی خۆیان بکەن. داکۆکیی نیشتمانی( دفاع ملی)، پێوەندییەکانی دەرەوەو پرۆژە درێژخایەنەکانی ئابووریو دراویی ئێران دەبوو لەدەست دەوڵەتی ناوەندیدا بن. کۆڕی نوێنەرایەتیی ئێرانو کوردەکان رێککەوتننامەیەکی هەشت ماددەییان واژۆ کرد.

یەکێک لە نوێنەرە ئێرانییەکان لە قاسملوو نزیک بۆوەو گوتی: «چەندین مانگە بەدوای تۆدا دەگەڕێم». ئەو پـزیشکپوور بـوو. قاسملوو کە سەری سوڕمابوو، لێـی پـرسی: « داخوا بۆیە لێم دەگەڕێی کە بمگری؟». ژێنەڕاڵەکە وەڵامی دایەوەو گوتی: « نا. بێگومان نا. ناوی تۆم بیستوەو دەمەویست بت بینم».

رۆژی دوای وتووێژەکان قاسملوو لە کۆبوونەوەیەکی سەدهەزارکەسیدا دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان(ئێران)ی ڕاگەیاندو بەم جۆرە، سیودوو ساڵ چالاکیی نهێنیی ئەو حیزبە کۆتایی پێ هات.

رۆژی دوای کۆبوونەوەکە یەکێک لە ئاشناکانی قاسملوو هاتە لای وپێی گوت: «دەبێ هەر ئێستا فریا کەوی. دەنا سەربازخانەکەمان لەکیس دەچێ. سەربازەکان راپەڕیونو کەسێک سەرتیپ پزیشکپووری بریندار کردوە».

قاسملوو بێئەوەی هیچ بڵێ، وەدوای ئاشناکەی کەوت. بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە دیتی کە سەربازەکان بەدەنگی بەرز ئەو وەک قارەمانێک ناودەبەن.

پرسیاریان لە قاسملوو کرد: « دەتوانین برۆین؟».

ئەویش وەڵامی دانەوەو گوتی: « دیارە کە دەتوانن برۆن».

قاسملوو، بێسێودوو لێکردن، ئەفسەرەکانی کۆ کردەوەو پێی گوتن: « ئەمە شۆڕشە. ئێمە هیچ شتێکمان لە دژی ئێوە لەدڵدا نیە. دەبێ ئاگامان لە پادگانەکە (سەربازخانەکە) بێو پێویستییشمان بە یارمەتیی ئێوە هەیە.

گیروگرفتێکی گەورە دەگۆڕێدا بوو کە دەبوو چارەسەر بکرێ. قاسملوو پێویستی بە تاقمێک هەبوو کە سەربازخانەکە بپارێزن چونکە لەوە نیگەران بوو کە ئەگەر کوردەکان بزانن کەسێک نەماوە پارێزگاری لە سەربازخانەکە بکا بۆ گەڕان بەدوای چەکەکاندا، بە غاردان خۆ بگەیەننە سەربازخانەکە. ئەو دەی زانی هێشتا ئامادەیی بۆ شۆڕش نیە، چونکە تەنیا پێنج کەس لە ئەندامانی حیزبەکەی چەکدار بوون.

قاسملوو به خێرایی ڕۆیشتو دوازدەکەسی دیتنەوە کە بە تەواوی جێگەی متمانەی بوونو ئەو تفەنگانەی دانێ کە سەربازەکان بەجێیان هێشتبوونو چاوەدێری بەسەر سەربازخانەکەیدا پێ ئەسپاردنو دەستووری پێ دان کە نابێ ڕێگا بەهیچ کەس بدەن بێتە نێو سەربازخانەکە. ئەو کەسانە نەخشەی بنیاتنەرانێکیان وەئەستۆ گرت کە لەماوەی چەندمانگی ئایندەدا هێزی پێشمەرگەیان پێک هێنا. لەپێشدا تاقمێکی چەکداریان لەسەردەشت دامەزراندو دواتر لە پێشەوا [مەبەست هێزی پێشەوا لە مەهابادە. وەرگێڕ] و لە شنۆ، لەماوەی چەند مانگێک دا، بەهەزاران پێشمەرگەیان هەبوو.

ئەو ڕۆژە، لە سەربازخانەکە سێ‌هەزار قەبزە تفەنگو دە تانکو چەندین خۆمپارەو مووشەکیان دیتەوە. سەرهەنگ ئیرەج قادری، کە ئەفسەرێکی کوردی ٣٧ساڵە بوو، سەربازخانەکەی بەدەستەوە دا .

قادری لە گوندێکی نزیک پیرانشار لەدایک ببوو. بنەماڵەکەی موسوڵمانی سوننیو خاوەن ملک بوون کە ساڵی ١٩٤٦ چوونە پاڵ کۆماری سەربەخۆی مهاباد. باوکیو مامی بەهۆی بەشداری لەو کۆمارەدا، دەست بەسەر کران.

دواتر، شا لێخۆشبوونی گشتیی ڕاگەیاندو ئیرەج قادریو زۆر کەسی دیکە لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە نێردرانە خوێندنگەی سەربازی. ئەمە ڕێگەیەک بوو بۆ ئاشتبوونەوە دەگەڵ ئێرانو پتەوکردنی پێگەی دەسەڵاتیان لە بەرامبەر عەشیرەتە کوردەکانی دیکەدا، چونکە ژیانی سپاییو سەربازی دەسەڵاتو ڕێزی ئەو جۆرە کەسانە دەباتە سەر. قادری کە وڵاتەکەی خۆی باش دەناسی، لە مهاباد فەرماندەری گوردانێک بوو.

کاتێک ڕێژیمی شا بەرەو رووخان دەڕۆیشت، قادری پێوەندیی دەگەڵ چەند کەسێک لە ئەندامانی حدک گرتو بە نهێنی بوو بە ئەندامی ئەو حیزبە. ئەوە کارێکی مەترسیدار بوو، چونکە هەستی بەوە دەکرد لەژێر چاوەدێریی ساواکو کەسانی سەر بە ئەرتەشدایە. ئەفسەرە کوردەکان، کە ژمارەیان کەم بوو کەوتبوونە ژێر شکو گومانەوەو بە گشتی دەوڵەت کاری لە کوردستان پێ نەسپاردن، چونکە ئەگەر لە کوردستان دەستووریان پێ درابا خەڵکی سەرکوت بکەن، لەوانە بوو نەچنە ژێر بار.

قادری جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە ئەوانەی لە کوردستان بەرپرسایەتییان پێ دەسپێردرا، ئەفسەرو پۆلیسە غەیرە کوردەکانو جاش بوون. جاش کە بە واتای « بەچکەکەرە» بە سووکایەتییەوە ئاماژەکردن بەو کوردانەیە کە هاوکاریی ڕێژیمیان دەکرد.

کوردەکان کەوتبوونە ژێرباری هەڵاواردنەوە. بەرپرسایەتییە سەرەکییەکان ـ وەک ناوەندی زانیارییەکان یا ئەو چالاکییانەی پێوەندییان بەو ناوەندەوە هەیە، بە کوردەکان نەدەسپێردران. تەنیا کوردەکانی کرماشان بەرپرسایەتیی لەو چەشنەیان پێ دەدرا، چونکە ئەوان شیعە بوون و ڕابردوویەکی سیاسییان لە ڕیزی ئۆپۆزیسیۆندا نەبوو. بەشی هەرەزۆری کوردەکانی ئێران موسوڵمانی سوننین کە لە بواری نەریتەوە جیاوازییەکی تەواویان دەگەڵ شیعەکان هەیە کە زۆربەی خەڵکی ئێران پێک دێنن.

جیاوازی دانان لە دژی کوردەکان یەکجار زۆر بوو. بەوجۆرەی کە قادری دەگێڕێتەوە، لە سەربازخانەکانو کەمپەکان « لەنێوان ئەفسەرە کوردەکانو غەیرە کوردەکان، بەتایبەتی دەگەڵ تورکەکانو فارسەکاندا، دەمەقاڵییەکی زۆر لە گۆڕێدا بوو. ئەو بارودۆخە لەنێو سەربازەکانیشدا دەهاتە گۆڕێ. لەبواری نەتەوەییو ئایینیدا جیاوازی هەبوو. لە ئەرتەشدا شیعەو سوننییەکان بە هۆی ناوەکانیان بە ڕوونی دیار بوون چونکە سوننییەکان ناوی وەک عومەرو عوسمانیان هەبووو شیعەکانیش لەبەر ئەوە سووکایەتییان پێ‌دەکردن. هێندێک لە ئەفسەرەکانو سەربازەکان ناچاردەبوون ناوەکانیان بگۆڕن. شیعەکان نەیان دەتوانی دەگەڵ سوننییەکان هەڵکەن».

بیرۆکەی وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی کوردی لە نێو ئەرتەشدا سەری هەڵدا. بە پێی زانیارییەکانی قادری پاش ئەوە کە چووبووە لای بارزانییەکان لەسەر سنووری عێراق، ئەو بیرۆکەیە لە زەینیدا گووڕابوو. قادریو ئەفسەرە کوردەکانی دیکە لەنێو خۆیاندا ئەو پرسەیان هێنابووە گۆڕێ کە بۆچی ئەوانیش ناتوانن ڕاپەڕینێک لەکوردستانی ئێران وەڕێ بخەن. بەڵام، ئەوە

شتێکی هاسان نەبوو. دەیگوت: « ئێمە لەلایەن دایرەی زانیارییەکانی ئەرتەشەوە لە ژێر کۆنترۆڵدا بووین. بەدوامانەوە بوونو خستبوویانینە ژێر چاوەدێرییەوە».

کاتێک دەوڵەتی شا ڕووخاو کوردەکان پەروەندەکانی دایرەی «اطلاعات» زانیارییان لەسەر خۆیان لە مهاباد وەدەست کەوت، بە جوانی بۆیان دەرکەوت هەتا چ ڕادەیەک لە ژێر چاوەدێریدا بوون.

قادری دەیگوت: « زۆرایەتیی ئەندامانی گوردانەکەی فارسو تورک بوون، هەرچەند لە دژی شاش بوون. ئێمە نەمان دەویست ئەو تەقەمەنییانەی هەمانبوون هەروا لەدەستیان بدەین.

ئەفسەرە کوردەکانیان گرتو ئێمەش داوامان لە سەربازەکان کرد بڕۆنو چەکەکانیان بەجێ بێڵن. پێیان وابوو مەڵبەندەکە شوێنێکی پڕ لە مەترسییەو خوازیاری ئەوەش بوون بەپەلە بچنە پاڵ هێزەکانی خومەینی لە تاران.

تەماسمان دەگەڵ دوکتۆر قاسملوو گرتو ئامادە بووین بێ هیچ چەشنە مەترسییەک سەربازخانەکە تەسلیم بکەین. گرووبانێک پێوەندییەکەی دامەزراندو ئێمەش بێ هیچ چەشنە خوێنڕێژییەک کارەکەمان جێبەجێ کرد. حدک وای بەرنامەڕێژی کردبوو کە هێرش بکەنە سەر سەربازخانەکە، بەڵام، ئێمە پێمان باش بوو هەموو کارەکە لە نێو خۆدا جێبەجێ بکرێ. کاتێک ئەفسەرەکانمان گرتن، بە سەربازەکانمان گوت ئەوانە لایەنگری «شا» نو خەریک بوون کۆدیتایەک وەڕێ بخەن. سەربازەکان دەیانەویست بڕۆن».

دەست بەسەرداگرتنی سەربازخانەکە بوو بە هۆی ئەوەکە بەدگومانی لە بارەی کوردەکانەوە لە نێو دەوڵەتدا زیاتر بچێتە سەر. هەرچەند کاری لەوچەشنە لە سەرانسەری ئێران ڕووی دەدا، بەڵام دەوڵەت دەیەویست کۆنترۆڵی سەربازخانەی مهاباد کە ناوەندێکی گرنگی کوردستانە هەروا لەژێر دەستی خۆیدا بێ.

کاتێک فرووهەر ڕاپۆرتی کارەکەی لە تاران دا بە دەوڵەت، تەنانەت لە حاڵێکدارای گەیاندبوو کە کوردەکان خوازیاری خودموختارینو بیرۆکەی جیابوونەوە لە ئێران لە گۆڕێدا نیە، دەوڵەت لە وەڵامدا ڕایگەیاند کە پێش دامەزرانی ئەنجومەنی قانوونی بنەڕەتی ، ناتوانێ هیچ بڕیارێک بدا.

ئەوەی ڕاست بێ، ڕاپۆرتی فرووهەر هەرگیز بڵاو نەکرایەوەو ئەو وادەو بەڵێنانەی بە کوردەکانی دابوون لەلایەن دەوڵەتەوە پشت گوێ خران. لەلایەکی دیکەوە، دەوڵەت هەوڵی دەدا چەندی بکرێ ناکۆکی لە نێوان تاقمە کوردەکاندا پتر توندو تیژ بکاو لە ئاکامدا شەڕو پێکدادانی لە نێوان زۆرایەتیی کوردە سوننییەکانو شیعەکانی کوردستاندا پێک هێنا. خومەینی لایەنگریی لە شیعەکان دەکرد، چونکە ڕێبەرە ئایینییەکانیان پشتیوانیی خۆیان لە دامەزراندنی کۆمارێکی شیعە ڕاگەیاندبوو.

ئاکامەکەی ڕیزە تێکهەڵچوونێکی توندوتیژ بوو بە جۆرێک کە لە سنە کە ناوەندی پارێزگای کوردستانەو حەوسەد کیلۆمیتر لەتاران دوورە شەڕو خوێنڕێژی سەری هەڵدا. لە ڕۆژی ١٨ی مارسو لە کاتی بەرێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆزدا، کە سەرەتای ساڵی نوێی ئێرانییەکانە، سوننیو شیعەکان لە شەڕێکی خوێناویی مەزهەبیدا بەربوونە گیانی یەکتر. میلیشیا (چەکدارە غەیرە ئەرتەشیيە)کان هێرشیان کردە سەر پادگانو فەرماندەرەکەیان گرت. دەستیان بەسەر ڕادیۆو تەلەڤیزیۆنیشدا گرت.

سنە کە لەنێو کێووشاخێکی زۆر بەرزدا هەڵ کەوتوە، بوو بە مەیدانی شەڕو پێکدادان. هەستی وورووژاوی خەڵکەکە بەڕادەیەک بوو تەنانەت هەوڵو کۆششی شێخ «عزالدین»یش بۆ نێوبژیوانی بێئاکام مایەوە.

لە تارانەوە، خومەینی داوای کرد توندوتیژییەکان دامرکێننەوەو ڕای گەیاند: «خەڵکی کوردستان باش دەزانن ئێمەی شیعە لەنێوان خۆمانو برا سوننییەکانماندا جیاوازییەک دانانێین».

بارودۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵی هەموو کەس دەرچووبوو، بە تایبەتی پاش ئەوەی هێلیکۆپتێرەکانی ئەرتەش تەقەیان لە خەڵکەکە کرد.

ڕۆژی ٢٢ی مارس دەستەی نوێنەرانی دەوڵەت بە سەرکردایەتیی ئایەتوڵڵا مەحموود تاڵەقانی، کە ڕێبەرێکی رووحانی بوو، گەیشتنە سنە. تاڵەقانی کەسایەتییەک بوو کە لەنێو کۆمەلانی خەڵکی ئێراندا ڕێزی تایبەتیی لێ دەگیراو مرۆڤێکی بە پریستیژ بووو دوو کەسەکەی دیکەش جێگەی متمانەی خومەینی بوون: ئایەتوڵڵا محەممەد حوسێنی بەهیشتی، ڕێبەری حیزبی کۆماری ئیسلامیو ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، راوێژکاری بازرگانو سەرۆک کۆماری ئایندەی ئێران بوو.

هەرسێکیان ڕووبەڕووی کوردەکان دانیشتبوونو گوێیان دابووە سکالاو داخوازەکانیان. بارودۆخی شوێنی وتووێژەکان توندوتیژ بوو. بەیانیی ئەو رۆژە، لە شەڕو تێکهەڵچوونەکاندا کەسانێکی زۆرتر گیانیان لەدەست دابووو فرۆکە شەڕکەرەکانی فانتۆم کە زۆر نەوی بەسەر شاری سنەدا هاتوچۆیان کرد ببوونە هۆی توندوتیژتربوونی هەستی خەڵکەکە.

لەکاتێکدا خەڵکەکە خەریکی کۆکردنەوەی کوژراوەکانیان بوون، دووهەزار پێشمەرگە، کە لە شەقامەکان راوەستابوون، بە بەرزکردنەوەی تفەنگەکانیان، هەڕەشەیان لە فڕۆکە شەڕکەرەکان دەکردو بە دەنگی بەرز دەیان گوڕاندو دەیانگوت: «خودموختاری بۆ کوردستانو ئێرانێکی دێموکراتیکمان دەوێ! لە مردن ناترسێین! کوردستان یا گۆڕستان!».

هەردوولا گەیشتنە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی. تاڵەقانی وادەی چەشنێک خودموختاریی بە کوردەکان دا بەو مەرجە ئەوانیش دەست لە هێرش بۆ سەر پادگانەکە هەڵگرنو پێشمەرگەکانیش شوێنە داگیرکراوەکان بەجێ بێڵن.

بەم جۆرە، تاڵەقانی کوردەکانی ڕازی کرد کە لە پەسندکردنی قانوونی بنەڕەتی نیشتمانی لە ئێراندا بەشدار بن و لە پێوەندی دەگەڵ ئازادبوونی فەرهەنگی کوردیو مافی خوێندن بە زمانی خۆیان لە خوێندنگەکانو بەڕێوەبردنی کاروباری مەڵبەندی خۆیانو هەروەها کەلک وەرگرتن لە سەرچاوە ژێر زەوییەکانی پارێزگاکانیانو دانی دەرفەت بۆ گەشەپێدانی ئابووریو هتددا بەڵێنی پێدان. ئەمە نیشانەی بەخشندەیی کەسایەتییەک بوو کە لە تارانەوە هاتبوو.

# بڕگەی چوارەم
# مهاباد، شارێکی نیشتمانپەروەر

لەمهاباد هەلومەرجەکە جیاواز بوو. چەشنێک شاری «ئازادکراو» بوو کە دڵپەرێشانییەکی لەسەرەخۆی تێدابووو نە لە شەقامەکانیدا هیچ پارێزەرێکی چەکدار هەبووو نە بۆ هاتنە نێوشارو چوونەدەر لە شار لێپرسینو پشکنینێک لەگۆڕێدا بوو. پێشمەرگەکان لە ژێر کۆنترۆڵی حدکدا ڕێکوپێکیی شارەکەیان دەپاراست.

هەراوهوریا لە بازارو فرۆشگەکاندا درێژەی هەبوو. لەو شوێنانە تەنانەت مەشرووباتی ئەلکۆلییش دەفرۆشرا کە لەلایەن دەوڵەتیناوەندییەوە لە سەرانسەری ئێران یاساخ کرابوون. کوردە چیانشینەکان بەدەموچاوێکی سوورهەڵگەڕاوەوە بۆ کڕینی شتوومەک نەدەهاتنە بازاڕ، بەڵام بازرگانیی رووله گەشەی چەکوچۆڵ ـ هەرچەند زۆریش گران ـ بۆلای خۆی ڕادەکێشان.

لەمهاباد، حیزب حکوومەتێکی دامەزراندبوو کە کاروباری شارەکەی بەڕێوە دەبردو چونکە حیزبێکی سێکۆلار بوو، ڕێبەرەکانی لەسەر جیایی مەزهەب لە دەوڵەت پێداگر بوون.

چونکە لایەنگرانی قاسملوو بە شێوەیەکی هێمنانە دەستیان بەسەر پادگانە سەربازییەکەدا گرتبوو، ئەو سەربازخانەیە فەرماندەرێکی کوردی لەلایەن تارانەوە بۆ دیاری کرابوو، بەناوی سەرهەنگ پەرویزی ڕەزمیپووش کە هیچ وەخت بە کردەوە نەهاتە سەر کارەکەیو سەربازخانەکە لەلایەن دە ـ دوازدە پێشمەرگەی چەکدارەوە کۆنترۆڵ دەکرا کە لە ژێر فەرمانی حەسەن ئیبراهیمیدا بوونو ناوبراو سەرکردەیەکی هێزە چەکدارەکانی حدک بوو.

مهاباد وەک شارێکی نەتەوەیی هەروا بەرەو پێشکەوتن دەچوو، لەحاڵێکدا ئێران لەبەر یەک هەڵ تەکا بوو. مهاباد خەریکی ڕێزگرتن لە دێموکراسی بووو پیلانگێڕییەکانی تاران هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو.

ئەو شارە کە لە رابردوودا ناوی «ساوجبلاق» (سابڵاخ) ی لەسەر بوو بەشێک لە پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوایەو لە باشووری گۆلی ورمێ هەڵ کەوتوەو لەنێو دۆڵێکی بەپیت و بەرەکەتدایە کە ١٣٠٢میتر لە ئاستی دەریا بەرزترە. بەهۆی ئەوە کە لە ناوچەیەکی پڕ دارستانو باخی رەزو زەویوزاری تووتندا هەڵکەوتوەو ناوەندێکی گرینگی خورییە، بە شێوەی سوننەتی بازاڕی شتومەکی کشتوکاڵی بووە. ساڵی ١٩٧٩حەشیمەتی ئەو شارە لە چل هەزارکەس زیاتر نەبوو.

کوردەکان خەریک بوون دەسەڵاتیان وەدەست دێنا کە لەدوای کۆماری مهابادەوە هەرگیز نەیانبوو. حدک رۆژ لەدوای رۆژ خۆی سازماندراوترو بەهێزتر دەکردو لەژێر رێبەرایەتیی قاسملوو سکرتێری گشتیدا یەکەمین کۆبوونەوەی گشتیی پێک هێنا.

کەنداڵ نەزان کە کوردێکی بە ئاوەزو سیاسی بوو، لەورۆژانەدا سەری لە مهاباد داو لەوە کە دیتی قاسملوو دەگەڵ کچە خوشکەزاکەی لە فرۆکەخانە چاوەڕوانیەتی، سەری سوڕ ما. «بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجەکە، ئەمن پێم وابوو دەبێ زێرەڤانی دەگەڵ بن. بەڵام وا نەبوو. ساکارو خاکەڕا بووو هەرگیز نەی دەویست خۆی وەک کەسایەتییەکی گرنگ ڕابنێ». بارودۆخی شارەکە ئارامو دۆستانە بوو. قاسملووو فرووهەر هەموورۆژێ یەکتریان دەدی. هەردووشیان دەگەڵ شێخ «عزالدین» نانی نیوەڕۆیان دەخوارد. رۆژ نەبوو رۆژنامەنووسە بیانییەکان نەیەن، زۆریان پێ سەیر بوو کە دەیاندی خەڵک بە ئاشکرایی مەشرووباتی ئەلکۆلی دەخۆنەوە.

راستە ژمارەیەکی زۆری ژنان لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار نەدەبوون. کەسێک ناشارەزا بایە پێی وا دەبوو ئەوە بە هۆی کار تێکردنو نفووزی فارسەکان لە مهابادەوەیە کەزۆریش کۆنەپارێزانە بوو. لە لایەکی دیکەوە، « لەو ماڵانەی تەنیا کوردیان لێ بوون هەموو ژنو پیاوەکان بەیەکەوە نانیان دەخوارد».

قاسملوو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە[ کوردی] ئێران لە بواری ئابوورییەوە ئەو توانایەی نیە کە خەباتێکی چەکدارانە وەڕێ بخا. چاوەڕوانی شەڕ نەبوو، بەڵام لە ئاڵۆزیی تاران سەری دەرنەدەچوو. بۆ روونکردنەوە دەیگوت نێوبژیوانێکی جێگەی متمانە بۆوتووێژ شک نابا. تاران دەتوانێ ئاخوندێک بنێرێ دەگەڵیان رێک بکەوێ و پاشان یەکێکی دیکە دەنێرێ کەمل بۆ شتێکی ئەوتۆ ڕاناکێشێ.

ئەودەم قاسملوو بەتەنیا رێبەری کوردەکان نەبوو، بەڵام یەکێک لە چەندین کەس نوێنەرانی ئەو خەڵکە بوو. لە مهاباد، حدک یەکێک لە چەند رێکخراوی سیاسی بوو. هەرکام بە پێشمەرگەکانی خۆی و ئاڵای تایبەتی خۆیەوە ساختومانێکیان داگیر کردبوو. ئەوە کارێکی دژوار بوو پیاو بزانێ گرنگیی رێژەیی هەرکام لەو رێکخراوانە چەندە.

بەناوبانگترینیان شێخ «عزالدین» بوو. قاسملوو تەنیا لەلایەن کادرەکانی حیزبەکەیەوە ناسرابوو. کەنداڵ نەزان بەجەخت دانانەوە دەیگوت: « بەهۆی تێگەیشتوویەکی بەرزو سیاسەتێکی روون کە هەیبوو، دەی توانی بەشێوەیەک دەگەڵ کۆمەلانی خەڵک بدوێ کە دەگەڵ هیواو هومێدی ئەو خەڵکە دەهاتەوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە توانی پێگەی کۆمەڵایەتیی حیزبەکەی بەرین بکاتەوەو خۆشەویستیی خۆشی لەنێو ئەو خەڵکەدا بەرێتە سەر. هەروەها لە پێوەندی دەگەڵ رۆژنامەنووسە بیانییەکانو کاربەدەستانی دەوڵەتیشدا زۆر بەخێرایی وەک رێبەرێکی راستەقینەی کوردو وەک وتەبێژی سەرەکیی ئەو گەلە دەچووە پێش».

بە بڕوای کەنداڵ نەزان بە هۆی کەسایەتیی بەهێزو توانایەک کە لە وتووێژ لەو سەردەمەدا هەیبوو قاسملوو هەتا ئەو ڕادەیە ناوبانگی دەرکردبوو.

« ئەو وەک رێبەرێکی ئیدئۆلۆژیکیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد جێی خۆی گرتبوو. لە حاڵێکدا حیزبەکەی هێشتا لە قۆناغێکی پڕ لە مەترسیدا بووو چارەنووسێکی نادیاری هەبوو. لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی سیاسیدا کە حدک وەک حیزبێکی ئاشکرا راگەیەندرا، قاسملوو بۆ یەکەم جار قسەی بۆ خەڵکەکە کردو وەک رێبەرێک ناسرا.

راستە لەورۆژانەدا کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک کارێکی هاسان بوو. کوردەکان تینووی ئەو جۆرە کارانە بوونو بە بۆنەی هەموو رووداوێکی گرنگ لەدەوری یەک کۆ دەبوونەوە.

بەیانیی یەکێک لە رۆژەکانی مانگی مارسو لەژێر ترووسکەی خۆرەتاوو لە ستادیۆمێکی فووتباڵدا کۆ بوونەوەکە دەستی پێکرد. هەر لە زووەوە، کۆمەڵانی خەڵک لە سەرانسەری کوردستانەوە دەگەیشتنە جێ. خەڵکی شاری مهاباد هەرگیز شارەکەیان هەتا ئەو رادەیە پڕ لە شادیو خۆشی نەدیبوو. هەروەک میواندارییەکی یەگجار گەورە دەچوو. کوردەکانی ئۆگری کۆمەڵو بەکەیف خەریکی قسان بوون، بیروڕای خۆیان بەیەکتر دەگوتو خوازیاری ئازادی بوون.

قاسملوو لە سکرتاریای حیزب چاوەڕوان بوو. فەتاح عەبدولی، دەگەڵی بوو، دەیگوت جلو بەرگەکانی ئورووپای گۆڕیبووو لیباسی کوردیی دەبەر کردبوو لەورۆژە بەدواوە هەرکات دەهاتە کوردستان ئەوجۆرە جلوبەرگەی دەبەر دەکرد.

کاتژمێر١٠ی پێشنیوەڕۆیە، هەموویان بەرەو ستادیۆمەکە وەڕێ کەوتن. نزیکەی بیست پێشمەرگەیان دەگەڵ بوون. قاسملوو دەگەڵ چەند پێشمەرگان سواری ماشێنێکی لەندرۆوێر بووو پێشمەرگەکانی دیکە چاویان لە حەشیمەتە بە هەراو هوریاکەوە بڕیبوو کە بەرەو ستادیۆمەکە دەڕۆیشتن. نزیکەی سەدهەزارکەس لە ستادیۆمەکە کۆ ببوونەوە، ئەوەش لە شارێکی وەک مهاباد ژمارەیەکی چاوەڕواننەکراو بوو. ئەوە یەکەمین کۆبوونەوەی گەورەو خۆپێشاندانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. قاسملوو هاتە نێو ستادیۆمەکەو کاتێک بەرەو تریبوونەکە دەچوو، وەڵامی هەموو ئەوکەسانەی دەدایەوە کە دەیان دواند. فەتاح عەبدولی دەیگوت: « هەمیشە وا بوو».

تەنیا کاتێک قاسملوو داوای بێدەنگبوونی کرد، خەڵکەکە دەستیان لە هەراوهوریا هەڵگرت. ئەوە یەکەم جار بوو کە قسەی بۆ خەڵک دەکرد. قاسملوو بۆ ماوەی کاتژمێرێک نووسراوەکەی بە دەنگێکی جوانو لەسەرەخۆو بە هێندێک ئاماژەی بەجێ خوێندەوە. شێوەیخوێندنەوەکەی دەگەڵ هی وتەبێژانی فارس تەواو جیاواز بووو رەوانبێژیو زمانپاراوییەکەی پڕ لە هەستێکی یەگجار بەرز بوو. وتەکانی بەهیچ چەشنێک لایەنی پرۆپاگەندە بۆ حیزبەکەی خۆی پێوە دیار نەبوو.

ئازاد وەک بیرەوەرییەک دەی گێڕایەوەو دەیگوت: « ئەوە یەکەم جار بوو کەسێک بە ئاشکراییو بە رەوانی لەبارەی پرسی کوردەوە قسەی دەکردنو لەوکاتەدا بۆم دەرکەوت لەبەرچی هەتا ئەو رادەیە بووە بە خۆشەویستی گەلی کورد. لەو رۆژەدا بوو کە کوردەکان بۆیان دەرکەوت ژیانیان بەرەو ئاڵوگۆڕ دەچێ. ئەو نوێنەری شانازییەکانی گەلی کورد بوو.» قاسملوو خەباتی ئاشکرای «حدک»ی راگەیاندو داوای لە دەوڵەتی تاران کرد داخوازەکانی کوردان قبووڵ بکا. لەو رۆژەوە « خودموختاری بۆ کوردستانو دێموکراسی بۆ ئێران»، دروشمی سەرەکیی حیزبەکەیبوو بە دروشمی هەموو گەلی کورد.

لەو یەکەمین خۆپێشاندانەدا قاسملوو کەوتە بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵک. ئێستا نەک هەر بۆگەلی کورد کەسایەتییەکی تەواو ناسراو بوو، بگرە رۆژنامەکانی بیانیو ئێرانییش بە کەسایەتییەکی گرنگیان دەزانی. قۆناخێکی نوێی لە ژیانی سیاسیی خۆیدا دەست پێ کردبووو، هەم لە ناوەندی دەسەڵاتی نەتەوەییو هەم لە جیهاندا ببوو بە وتەبێژی گەلی کورد.

دوای خۆپێشاندانەکە، قاسملوو داوای لە شێخ «عزالدین» کرد بەیەکەوە بچنە لای خومەینی. «عزالدین» وەک رێبەری ئایینی زۆرایەتییە سوننییەکەی کوردستان، کەسایەتییەکی سوننیو هاوشانی « امام» لە ئێراندا بوو. بەم هۆیەوە قاسملوو دەیگوت: «عزالدین» زۆر باشتر لە خۆی دەتوانێ دەگەڵ خومەینی هەڵسوکەوت بکا.

شێخ «عزالدین» ئامادە نەبوو دەگەڵی بچێ، چونکە چەپئاژۆکانی کۆمەڵە دژی ئەوکارە بوون. بۆیە قاسملوو پێشنیاری دا بە کومیتەی ناوەندی کە بۆخۆی بچێ بۆ شارە پیرۆزەکە [مەبەست شاری قومە- وەرگێڕ]. ئەو پێی وابوو ئەمە شتێکی پێویستەو دەبێ بکرێ؛ هەمووکەس سەریان لە رێبەری شۆڕش دەداو ئەگەر کوردەکان نەچووبان، لێیان بە گومان دەبوون. هەروەها، رێفراندۆم لە بارەی کۆماری ئیسلامییشەوە دوای ماوەیەکی کورت بەڕێوە دەچوو.

دووڕۆژ پێش ڕیفراندۆم، قاسملوو چوو بۆ شاری قوم. داوای دانیشتنی دەگەڵ خومەینی کرد، تاقمێک لە ئەندامانی حیزبیشی دەگەڵ بوون. یەکێک لەوان جەلیلی گادانی، خەباتگێڕی دێرین بوو کە لەلایەن ڕێژیمی شاوە دووجار حوکمی گوللەبارانی درابوو.

گادانی لە بەندیخانە جۆراوجۆرەکاندا زیندانی ببوو. یەکەمجار کە گیرا خوێندکار بوو ئەویش بەهۆی دەست بەسەرداگرتنی نامەیەک لەلای پۆلیسەوە بوو کە بە پۆستەدا بەڕێی کردبوو. پاشان، دەگەڵ ناسیۆنالیستەکانی «مصدق»، تێکۆشانی سیاسیی دەست پێکرد. ئەوجار لە کاتێکدا خەریکی پرۆپاگەندە کردن بوو گیراو بۆ ماوەی حەوت مانگ خرایە بەندیخانەوە. ساڵی ١٩٥٤ بەتاوانی ئەندامبوونی لە «حدک»دا، بۆجارێکی دیکەش گیرا. ساڵی ١٩٦٧ لە کاتێکدا دەگەڵ جووتیارانو وەرزێران خەریک[ی کاری حیزبی] بوو بۆجارێکی دیکەش خرایە زیندان. ماوەی زیندانەکەی لە مهابادو تارانو تەورێز بەسەر برد. بە مەرگ مەحکووم کرا، بەڵام بڕیارەکە بەڕێوە نەبراو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە زیندانی باشووری وڵات لە نزیک کەنداوی فارس ژیانێکی یەگجار دژوارو ناخۆشی بردە سەر. دەی گێڕایەوە کە: « لەوێ دەگەڵ ئەشکەنجەی فیزیکیو رووحی بەرەوڕوو بووم. هەوایەکی یەگجار گەرمی هەبوو. خەڵکی جۆراوجۆر لەو بەندیخانەیەدا بوون: کەسانی خاوەن زانستو فەرهەنگ، جووتیارو کرێکارو جاروباریش دەگەڵ جینایەتکاران تێکەڵیان دەکردین.» گادانی، ئاخرین جار ساڵی ١٩٦٩ بە تاوانی یەشداری لە یەکێک لە خۆپێشاندانەکانی سەرەتایی لە دژی شادا گیراو جارێکی دیکەش بە مەرگ مەحکووم کرا. بۆخۆی دەیگوت: « بەڵام، بە هۆی دەربڕینی ناڕەزایەتی لەلایەن خەڵکەوە، دەستیان لە سزادانەکەمان هەڵگرت».

کاتێک شۆڕش سەری هەڵدا، گادانی لە تاران بوو. «ساڵی ١٩٧٩ لە ڕۆژێکی هەینیدا لە زیندان هاتمە دەرو یەکەمین پرسێکی هەستم پێ کرد ترسو دڵەڕاوکێیخەڵک بوو. هەتا ئەوکاتی لەدەوری دوکتۆر قاسملوو کۆ نەببووینەوە. لە مزگەوتانو لە شەقامان دەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک قسەمان دەکردن. هەرتاقمەی بەشێوەی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد. دوای گەڕانەوەی خومەینی بۆ تاران چوومە لای. پێشتر وادەی دابینکردنی مافەکانی گشت گەلانی ئێرانی دابوو. ئەو ڕۆژەی گەڕایەوە ئێران، من لە تاران بووم. کاتێک لە فرۆکەکە دادەبەزی چاوم پێی کەوت. خەڵکێکی ورووژاو پێشوازییان لێ کرد. ئەوە گرنگترین پێشوازی لە مێژووی ئێراندا بوو».

چەند ساڵ دواتر، گادانی لە شاخەکانی کوردستان، لەبارەی چوونی بۆلای خومەینییەوە دەیگوت: « پێنج یان شەش کەس بووین. ئەمن وەک بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لە تاران لەو چاوپێکەوتنەدا بەشدار بوومو ئەوانی دیکە لەلایەن کومیتەی ناوەندییەوە وەک بەرپرسی ناوچەکانی خۆیان دیاری کرابوون. ئێمە یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی بووین کە خومەینی وەری گرتین، هەرچەند داخوازەکانمانی قبووڵ نەکرد.»

لە ماڵەکەی ڕێبەری شۆڕشی ئێران وەژوور کەوتنو بە ژێر هەیوانێکدا تێپەڕین کە تەنیا بە گڵۆپێک کە بەمیچەکەیەوە هەڵواسرابوو رووناک کرابۆوە. ژمارەیەکی زۆر لە وەزیران، باڵوێزان، سیاسەتوانانو مەلایان چاوەڕوانی ئەوە بوون لە نێو هۆدەکەی ئیمام چاویان پێی بکەوێ. قاسملوو دەی گێڕایەوە: «کاتێک وەژوور کەوتین، بەسەدان ژنو منداڵمان لە هۆدەکەی خومەینیدا چاو پێکەوت. ئایەتوڵڵا لەکاتێکدا لەسەر زەوی دانیشتبووو قاچەکانی تێک بەزاندبوون، کڵۆ قەندێکی هەڵ دەگرتو دەزاری دەناو دوایەش دەری دێنایەوەو دەیدا بە یەکێک لەو کورە چکۆلانەی لەتەنیشتی دانیشتبوون».

خومەینی پیاوێکی بەسام بوو: نێوچاوانێکی پانو گرژ، جووتەچاوێکی ڕەشو جووتە برۆیەکی گەورەو ریشێکی درێژی هەبووو «عمامە»یەکی ڕەشی لەسەر بوو، جلوبەرگێک کەتەنیا کەسانی سەر بە بنەماڵەی پێغەمبەر مافی دەبەرکردنیان هەیە. دەسەڵاتەکەی لەلای خوداوە پێ درابووو دەنگی خوداو خزمەتکاری « الله» بوو. هەمیشە لە دژی شەیتانان توندوتیژ بوو. لە دژی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاواو مارکسیزم ئامۆژگاریی دەکردو دەیگوت نابێ لە بەرامبەریاندا لەسەرەخۆ بن. دڵی وەک ئاسن ڕەقی لە ژێر سیمای خوداناسیدا شاردرابۆوە. تەنیا لایەنی لاوازی پێهەڵگوتنی بە درۆ بە کۆمەڵانی خەڵک بوو.

قاسملوو دەی گێڕایەوە، دەیگوت: «چوومە لای ئەحمەدی کوڕی‌و پێم گوت هەزار کیلۆمیترمان ڕێگە بڕیوەو هاتووین بە تەنیایی بچینە لای».

ئەحمەد گوتی: «پێنج خولەک ڕاوەستن».

لەنەکاو هەموو هاتنە دەر. مەلایەکی کورتە باڵاو چەند کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیمان لە تەنیشت دەرگاکە ڕاگرت بۆ ئەوەی نەهێڵن کەس بێتە ژوور. هیچ کەس نەی پشکنیین. بۆیە کوشتنی [خومەینی] زۆر هاسان بوو. ماوەی کاتژمێرێک بە تەنیایی دەگەڵی بووم. هەلومەرجەکەم بۆ شی کردەوەو پێخۆشبوونی خۆمان بۆ بەشداری لە ڕێفراندۆم‌و دەنگدان بە کۆماری ئیسلامیدا پێ ڕاگەیاند بەو مەرجە داخوازەکانمان دابین بکرێن».   لە حاڵێکدا سەری شۆڕ کردبۆوە گوتی: «ئەوە کاری من نیە». بێ‌ئەوەی چاوم لێ بکا گوتی: «برۆ بازرگانی ببینە». بەپرتەپرت ئاماژەی بەو پێشنیارە کرد کە پاش ڕووداوەکانی سنە درابوون‌و گوتی:

« ئایەتوڵڵا تاڵەقانی پێشتر ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردۆتەوە. لەوە زیاتر چتان دەوێ».

«ڕۆژنامەنووسانی بیانی‌و ئێرانی لەدەرەوە چاوەڕوانمان بوون‌و لێمان بە گومان بوون‌و پێیان وابوو ئێمە بە تەواوی دەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن کەوتووین. سەرلەنوێ پێم لەسەر قسەکانی خۆم داگرت‌و گوتم کەوابوو کاتێک لێرە چوومە دەر ئێوە ڕێگام پێ دەدەن بە ڕاشکاوی ڕابگەیەنم کە ئێوە دەگەڵ ئەو پرسانە هەن کە تاڵەقانی بەڵێنی پێ‌داوین؟».

بێ سێ‌ودوولێکردن گوتی: «بەڵام، نازانم ئەو چی گوتوە. ئێمە هەموومان موسوڵمان‌و برای یەکترین».

کاتێک پێمان لەسەر داخوازەکانمان داگرت، گوتی حاڵی باش نیەو بێ ئەوەی چاوێکمان لێ بکا، لە هۆدەکە وەدەر کەوت .  ئێمەش هەستاین‌و لەماڵەکە چووینە دەر. دیتمان لەسەر بانەکەوە دەست بۆ خەڵکی ڕادەتڵەکێنێ. سواری ماشێنەکانمان بووین‌و پێش ئەوەی لە شاری قوم وەدەر کەوین، بڕیارمان دا لە ڕێفراندۆمدا بەشدار نەبین».

دەستەی نوێنەرایەتیی کورد چوون بۆ تاران‌و سەرۆک وەزیر دڵنیای کردن کە گیرو گرفتەکە چارەسەر دەکرێ. بەڵام، کوردەکان باش دەیان زانی دەوڵەت چاوەڕوانی دەرفەتێکەو هەروا کات بە فیڕۆ دەدا. لەو کۆنفرانسانەدا کە قاسملوو لە تاران بەڕێوەی دەبردن، هەموو جارێ ڕای‌دەگەیاند ئەگەر بازرگان دیموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان مسۆگەر بکا، گەلی کورد پشتیوانی لە خۆی‌و دەوڵەتەکەی دەکا.

لە ئاکامدا، ڕۆژی ٢٩ی مارس، کوردەکان ڕایان گەیاند لەو ڕێفراندۆمەدا بەشدار نابن کە بڕیار وا بوو ڕۆژی دواتر بەڕێوە بچێ، چونکە تەنیا ڕێگایەکی لە پێش کۆمەڵانی خەڵک دانرابوو دەنگدان بە کۆماری ئیسلامی بوو.

پرسیار لەبارەی ڕێفراندۆمەکە ئەوە بوو: « ئایا لایەنگری ئەوە هەن کۆمارێکی ئیسلامی جێگەی پاشایەتی بگرێتەوە، کۆمارێک کە دواتر یاسا بنەڕەتییەکەی پەسند دەکرێ؟ ئا یان نا».

لە ڕۆژی یەکەمی مانگی ئاوریلدا، ئایەتوڵڵا خومەینی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی ڕاگەیاند.  ئەوە «یەکەمین دەوڵەتی خودا»یە کە «دادپەروەری دادەمەزرێنێ، پاشایەتی تێک دەشکێنێ‌و دەی‌خاتە نێو زبڵدانی مێژوو».

لە کوردستان خەڵکێکی زۆر کەم دەنگیان دا.

لە بیرەوەرییەکی قاسملوودا بەڵگەیەکی باشی ئەو سەردەمە خراوەتە بەرچاوی خوێنەران. لە چاوپێکەوتنێک لەمانگی مارسداو چەند ڕۆژێک پێش ڕێفراندۆم، قاسملوو چووە لای خومەینی‌و سەرۆک وەزیر، بازرگان، بۆ داخوازییەک: لەلایەن یاسر عەرەفات، ڕێبەری فەلەستینییەکانەوە بۆ چوونە لوبنان بانگهێشتن کرابووو پێویستیی بە پاسپۆرتێک هەبوو. پێشتر، دەوڵەت پاسپۆرتێکی دابوو بە بلووریان کە خەڵکی مهابادو نوێنەرێکی دیکەی گەلی کورد بوو، بەڵام دەوڵەت نەی دەویست پاسپۆرتێکیش بدا بە قاسملوو. تەنیا هۆ لە پێوەندی دەگەڵ ئەم هەڵوێستەدا نامەیەک بوو کە لە دایرەی پاسپۆرتەوە هاتبووو تێیدا نووسرابوو ساڵی ١٩٥٦ساواک ڕێگەی بە قاسملوو نەداوە لە ئێران وەدەرکەوێ.

له ٥ی فێورییەی ١٩٧٩دا شەش ڕۆژ پێش ڕووخانی دەوڵەتی بەختیارو بەدەستەوە گرتنی دەسەلآت لەلایەن خومەینییەوە ساواک لەبەریەک هەڵتەکابوو. بۆماوەیەکی دوورودرێژ، ئەندامە پایەبەرزەکانی ساواک خزمەتی خۆیان بە کۆماری ئیسلامی درێژە پێ دا. گۆڕانی هەررێژیمێک بەدەگمەن دەگاتە نێو ئارشیڤی پۆلیسەوە.

کەوابوو، لە حاڵێکدا کارمەندە زراوچووەکانی پۆلیسی سەردەمی شایەتی لە سەرانسەری ئێران لەوانە بوو بکەونە ژێر ڕاوەدوونانەوە، کۆماری ئیسلامی، بە لەبەرچاوگرتنی دەستوورێک کە لەلایەن ساواکەوە درابوو نەی دەهێشت پاسپۆرتێک بە یەکێک لە ڕێبەرانی کورد بدرێ!

مانگی ئاوریلی ١٩٧٩، قاسملوو دەستی بە گەڕانێک بە کوردستاندا کردو لەو سەفەرەدا خەباتی ئاشکرای «حدک» ی ڕادەگەیاند، حیزبێک کە نفووزی بەباشی چووبووە سەر. بەرنامەڕێژی بۆ خۆپیشاندانێکی گەورە لە شاری نەغەدە کرابوو. ئەوشارە هەرچەند کوردستانە، بەڵام دانیشتووانی کوردو ئازەری تێکەڵاون. کوردەکان کەمایەتیو ئازەرییەکان زۆرایەتیی دانیشتووانی ئەو شارە پێک دێنن‌و لە کاتی وەرێکەوتنی شۆڕشەوە، گێرەو کێشەی نێوان ئەو دوو بەشە زیاتر ببوو.

ئازەرییەکانیش داوای خودموختارییان دەکرد، بەڵام، بازرگان ڕای گەیاند تەنیا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی نەتەوەیەک، خودموختاری دەدرێ نەک لەسەر ویستی خەڵکی تەنیا ناوچەیەکو لە پێوەندی دەگەڵ جوداییخوازییشدا وشداریی بەکوردەکانو ئازەرییەکان دا .

دەکرێ بڵێین کوردەکان لە تەواوی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیان لە کۆنترۆڵدا بوو. لە حاڵێکدا ئازەربایجانییەکان کە شیعەو لایەنگری خومەینی بوون، لە شۆڕشەکەدا چەکوچۆڵیان وەرگرتبوو، بەڵام کوردەکان نا. بایکۆت کردنی ڕێفراندۆم لەلایەن کوردەکانەوە، ئازەرییەکانی تووڕە کردبوو.

ڕۆژی ٢٠ی مانگی ئاوریل، بیستو پێنج هەزارکەس لە ستادیۆمی نەغەدە کۆبوونەوە. قاسملوو تازە دەستی بە قسان کردبوو کە دەنگی تەقەی تفەنگان لەدەرەوەی ستادیۆمەکە بەرز بۆوە. قاسملوو بێ سێ‌ودوولێکردن بە خەڵکەکەی گوت بڵاوەی لێ بکەن.

لە نێوان کوردەکانو ئازەرییەکاندا پێکهەڵپڕژان ڕووی دابوو. کاتێک خەڵکی کوردی گوندەکانی دەوروبەر هاتنە نێو شەڕەکەوە، توندوتیژییەکە بەرەو زیاتربوون ڕۆیشت. لەو ململانەیەدا لە خۆمپارەو تۆپیش کەلک وەرگیرا. پاش دوو ڕۆژان ئەرتەش بۆ لایەنگری لە ئازەرییەکان هاتە نێو شەڕەکەوەو بەبێ هیچ چەشنە دەست پاراستنێک کوردەکانی خستە ژێر گوللەبارانەوە. لە شەقامەکانی نەغەدەدا، دەیان‌و بگرە سەدان، کەلاک کەوتبوون. بە پێی زانیاریی گادانی، لە هەردوولا زیاتر لە ٣٠٠ کەس کوژرابوون، ناوبراو گوتی: «لایەنگرانی ڕێژیمی شاو ئاخوندە شیعەکان بوونە هۆی ئەو شەڕو پێکدادانە،چونکە دژی پێکهاتنی ئاشتی لە نێوان کوردەکانو دەوڵەتدا بوون».

لە گوندی ڕادانە، کە گوندێکی نزیک نەغەدەیە، قاسملوو ڕای گەیاند حیزبەکەی بەڵگەی بەدەستەوە هەن کە ئەو شەڕە بە دەستی « کەسانی کۆنەپەرست» ی شاری ورمێ، پێتەختی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، هەڵایساوە. هەروەها، گوتیشی یەکێک لە ئاژاوەگێڕەکان کە حدک گرتوویەتی، ددانی بەم ڕاستییەدا ناوەو بۆ هەڵایساندنی شەڕ پیلانێک لە گۆڕێدا بووە بۆ ئەوەی ڕاپەڕینی‌شیعە تورکەکانی قەرەپەپاغ لە دژی کوردە سوننیەکان وەڕێ بخەن».

قاسملوو هەروەها دەیگوت: «ئەرتەش خۆی لە ئاگربەس گێل کردبووو بە تانکو هێلیکۆپتێر هێرشی دەکردە سەر کوردەکان، لەنێوان ئێمەو تورکەکاندا شەڕو پێکداادان سەری هەڵ دابووو ئەرتەش لایەنی ئەوانی گرتبوو.

شێخ عزالدین سەربازەکانی بە توندوتیژی لە دژی کوردەکان تۆمەتبار دەکردو ئەم ڕاستیەشی بە توندی مەحکووم دەکرد کە «هەشت تانک ماڵە کوردەکانیان لەنێو شار داوەتە بەر تۆپیارانو دوکانەکانیانیشیان تاڵان کردوون. نەخۆشخانەکانیش بریندارە کوردەکانیان وەرنەدەگرت».

خەڵکەکە بەڕادەیەک ناهومێد ببوون کە بە هەزاران کەس لە ئاوارەکانیان دەیانەویست هاونیشتمانبوونی خۆیان وەک ئێرانی بەتوندی ڕەت بکەنەوەو رایان گەیاند ئەگەر دەوڵەت ئەو زەرەرو زیانانەی وێیان کەوتوە قەرەبوو نەکاتەوە، هەروەکوو ئاوارە پەنا بۆ وڵاتە ئیسلامییەکان دەبەن.

قاسملوو بۆجارێکی دیکەش داوای کرد بچێتە لای خومەینی: «دەمەویست پێی بڵێم ئێمە شەڕو پێکدادانەکەمان وەڕێ نەخستوە».

لە کۆتاییەکانی مانگی ئاوریلدا، قاسملووو دووکەسی دیکە چوون بۆ شاری قوم. ئەمجارە پێش ئەوە ڕێگەیان بدەن بچنە ژوور، هەرسێکیان پشکنین. قاسملوو ڕووداوەکانی بۆ ئایەتوڵڵا روون کردەوەو خومەینییش بەڵێنیدا لێژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی راستییەکانەوە بنێرێتە وێ.

دوای ئەو چاوپێکەوتنە، قاسملوو چووە لای ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری، کە دەگەڵ ئایەتوڵڵا تاڵەقانی لە بارودۆخێکی نالەبارو ناخۆشدا لە نێو شیعەکاندا هاوبەش بوو. ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە رووحانییەکان نابێ دەست لە کاروباری دەوڵەت وەردەن. ئەوەش هەڵوێستێک بوو کە لەلایەن زۆربەی هەرەزۆری کەسانی مەزهەبیی رادیکاڵەوە زۆر بە توندی کەوتبووە ژێر رەخنەو لۆمەولەقەمەوە.

قاسملوو دەی گێڕایەوە: «ماوەیەکی دوورودرێژ مەحتەلو چاوەڕوان رای گرتین. کاتێک شەریعەتمەداری هات، بردینیە هۆدە تایبەتییەکەی خۆیو دەستووری دا کە نابێ هیچ کەس بێتە ژوور. کەسانێکی زۆر لە دەرەوە چاوەڕوان مابوونەوە.

یەکەمین شت کە شەریعەتمەداری لێی پرسیم ئەوە بوو: «دوکتور قاسملوو چۆنە؟» نەی دەزانی ئەمن هەوم. لە وەڵامدا گوتم: « ئەمن قاسملووم».

لێی پرسیم: « داخوا دەبێ لەسەر ئەو بڕوایە بم ئەتۆ شەڕی نەغەدەت ساز کرد؟».

لە وەڵامدا گوتم: «نا، ئەوە ورووژاندنێک بوو».

لەپڕ ئەو پیاوە کورتە باڵایە دەستی گرتمو رای کێشامە لای خۆی. بەڵام، ئەمن دەستم ماچ نەکرد. تەنیا دەستی ئەو ژنانە ماچ دەکەم کە خۆشم دەوێن. بۆ ئەوەی هیچ کام لەو کەسانەی لەوێ بوون تێمان نەگەن، بە تورکی قسەی دەگەڵ کردمو گوتی: « ئەمنو ئەتۆ دەبێ یەکگرتوو بین».

لە وەڵامدا گوتم: « هاوبیرتم، بەڵام هەموو شتێک لەژێر دەستی خۆت دایە».

لەماوەی چەند کاتژمێراندا، قاسملووو هاورێکانی دەگەڵ مرۆڤێکی ئایینی چاوپێکەوتنیان هەبوو کە دوو پرۆسەو ڕەوتی جیاوازی بیروبڕوای لە نێو شۆڕشگێڕەکاندا نوێنەرایەتی دەکرد: نەسازان دەگەڵ کەسانی دیکەو دیالۆگ.

# بڕگەی پێنجەم
# وەرزێرانو ئاغاکان

لە حاڵێکدا، لە تارانو شارە گەورەکان پیلانگێڕان توانای کەسایەتییە سیاسییەکانی بەفیڕۆ دەدا، توندوتیژی لە کوردستان هەروا درێژەی هەبوو. ئەگەر خودموختاری داخوازێکی سیاسی بوو، بۆ داکۆکی لەو زەوی و زارانەی لەلایەن وەرزێرەکانەوە لە ئاغاکان ئەستێندرابوون، شەڕێکی دیکەش سەری هەڵدابوو.

کاتێک شۆڕش دەستی پێ کرد، وەرزێرەکان دەستیان بەسەر ئەو زەوی‌وزارانەدا گرت کە دەیان کێڵان. وەرزێرەکان دەیان زانی خودموختاری پێوەندییەکی تەواو نزیکی بە ریفۆرمێکی قووڵی زەوی وزارەوە هەیە. خاوەن مڵکەکان، یان بەوتەیەکی دیکە، ئاغاکان، کە پێشتر لایەنگری شا بوون، دوای شۆڕش چەکوچۆڵیان وەرگرتبوو. وەرزێرەکان لە جەنگەی هەستی بەتینی شۆڕشگێڕیدا، لە هەوڵی ئەوەدا بوون زەوییەکانی پێشوویان بستێننەوە. لە مانگی ژوئەنی ١٩٧٩دا، ناوچەکانی دەرەوەی شارەکان، بە تایبەتی ناوچەی مهاباد، نوقمی هەستێکی توندوتیژ ببوون. ئەرتەش بە قازانجی ئاغاکان هاوکاریی دەکرد کە دەگەڵ سەربازەکان بەسەف دەڕۆیشتنو گوندەکانیان وێران دەکرد، ماڵی وەرزێرەکانیان دەڕووخاندو خەڵکی بێ‌تاوانیان دەکوشت. لە نێوەڕاستی مانگی ژووئیەدا، لە شاری مەریوانی سەر بە پارێزگای کوردستان کە لە سەر سنووری عێراق هەڵ کەوتوە، مێژوو دووپات بۆوە چونکە پاسدارەکان وەرزێرەکانیان خستبووە ژێر بارانی گوللەی چەکەکانیانەوە.

حدک بە شێوەی ئاشکرا داوای روونکردنەوەی لە خومەینی کرد کە بۆچی رێژیمە شۆڕشگێڕەکەی «خاوەن مڵکەکان چەکدار دەکا»، ئەو خاوەن مڵکانەی هەتا دوایین رۆژ پشتیوانییان لە شا دەکردو هەروەها بۆچی کومیتەکانی شۆرش « لە دژی کوردەکان هەڵسوکەوت دەکەن»، بەڵام حدک هەرگیز وەڵامێکی وەرنەگرتەوە. لە شاری قوم، رۆژنامەنووسی میسری، محەمەدحەسەنەین هەیکەل، خۆش شانس نەبوو. لە وتووێژێک دەگەڵ خومەینی، ئیمام پێی گوت: « شۆڕش بۆئەوە بەرێوە نەچوو خواردەمەنی بۆ خەڵک دابین بکا».

ئێستا خومەینی پیاوێکی پیرو پەککەوتە بوو. بە پێی وتەکانی هەیکەل خومەینی بەهیچ چەشنێک کاری بە بنەما زانستییەکانی ئابووری نەبوو. یەک دووجار دوچاری سەکتەی دڵ ببووو ئیدی تەنانەت خەبەری گیروگرفتەکانی وڵاتیشی[لە رۆژنامەکاندا] نەدەخوێندەوە.

هەیکەل نووسیویەتی: « ئەگەرچی هەموو بابەتە گرنگەکانی هەروا دەنێرنە لای، بۆ ئەوەی بڕیاریان لەسەر بدا، دژکردەوەکانی لە جیاتی ئەوەی لە فکرو مێشکیەوە سەرچاوە بگرن، شتێکی ڕەمەکین. لە هەوەڵین ڕۆژەکانی دوای گەڕانەوەی بۆ قومدا، سکاڵای لەوە دەکرد کە هەموو رۆژێ سێ راپۆرتی دەدەنێ: یەکێکیان لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە بارەی پارێزگاری لە بیانییەکان، یەکێک لە بارەی بابەتەکانی نێوخۆییو یەکێکیش لە بارەی پرسەکانی ئابووری. بۆیە تکای لە کاربەدەستانی تاران کرد دەست لە ناردنی ئەو بابەتانە هەڵگرن. لەو پێوەندییەدا، خومەینی گوتی: « هەرگیز نایان خوێنمەوە.»

خومەینی کاری بە پرسی ئابووری نەبوو؛ بەڵام شەش مانگ دوای شۆڕش، ئابووری پێویستی بە دەستبەکاربوونێکی جیدی هەبوو. رەوتی شۆڕش بەڕێکردنی نەوت بۆ دەرەوەی وڵاتی لەکار خستبوو. «حسن نزیە» بەرپرسی NIOC ، واتە کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی ئێران، دانی بەو راستیەدا نا کە ناتوانێ دەگەڵ کۆنسێرسیۆمی بە هێزی چاردە وڵاتی رۆژئاوایی وتووێژ بکا. هەتا ئەودەم، ئەو کۆنسێرسیۆمە لە پێوەندی دەگەڵ بەشی هەرەزۆری بەرێکەرانی نەوتی خاو بۆ دەرەوەی ئێراندا بەرپرس بوو. میللیکردنی کۆمپانییە بیانییەکان، بانکەکان،و کۆمپانییەکانی بیمە، ببووە هۆی هاتنە خواری ڕادەی بەرهەمەکانو هەڵاتنی سەرمایە لە

وڵات، بەرهەمەکانی پیشەسازی هەتا نیوەی توانایییەکەیان هاتبوونە خوار. دامەزراوەکانی وەک بێڵ هێلیکۆپتێر داخرابوونو کەس نەی دەزانی دەگەڵ ئەو کارمەندو کرێکارانەی مابوونەوە بڵێ چی.

بە پێی ڕۆژنامەی تێهران تایمز، هەتا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٩، سەدهەزار پسپۆڕی ئێرانی لە ئێران دەرباز ببوون. لە مانگی ژوئەندا، نزیکەی دوومیلیارد دۆلاریان بە شێوەی غەیرەقانوونی لە ئێران بردبووە دەرێ.

لە دووسەدو پەنجا هەزار کرێکارو تێکنیسیەنی بیانی کە لە سەردەمی ڕێژیمی شادا لە ئێران کاریان دەکرد تەنیا دەهەزارکەس مابوونەوە. لە مانگی ژوئەندا، سەرۆکی پیشەسازیی ناوکی (ئەتۆمی) داوای « ڕوونکردنەوەی هۆیە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، مرۆڤایەتیو تیکنیکییەکانی» کردبووو پێی لەسەر ئەوە داگرتبوو کە دەبێ دەوڵەت زۆر بە خێرایی وەخۆ کەوێ، چونکە پیشەسازیی وڵات ئەو پسپۆڕانەی نەبوو کە بتوانن ڕێئاکتۆرە ناوکی(ئەتۆمی) یەکان وەڕێ بخەن.

تەنانەت ئەو شوورەوییەی کە شۆڕشی ئیسلامیی « دژی ئیمپریالیستی»ی پێ خۆش بوو لە ڕۆژنامەی ئیزویێستیادا نووسیبووی: « پیاو دەتوانێ زۆر بە ڕوونی لەوە بەگومان بێ کە دەوڵەتێکی تیئۆکرات (ئایینی) بتوانێ یارمەتیی ئێران بدا بۆ ئەوەی ببێتە وڵاتێکی مودێرنو لە حاڵی گەشەکردندا... دەوڵەتی کاتی، کە هیچ دەسەڵاتێکو ئیرادەیەکی نیە، بە تەواوی شەپلە لێدراوەو دەستەو ئەژنۆ ماوەتەوە. پەشێویی ئابووری هەروا درێژەی هەیە...» لە هاوینی ١٩٧٩دا، هیچ کام لە لایەنە سیاسییەکان لە ئێراندا دەسەڵاتی تەواویان نەبوو.

دەسەڵات لەژێر دەستی دوو ناوەندی سەرەکیدا بوو: ئەنجومەنی شۆڕشگێڕی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی خومەینی کە لە قوم دادەنیشت. ئەوشارە لە سەدکیلۆمیتریی باشووری تاران هەڵ کەوتوە؛و دەوڵەتی کاتیی بازرگان کە لە سەرانسەری ساڵدا لە دەست بەرتەسکبوونەوەی دەسەڵاتیخۆی سکاڵای دەکرد. بازرگان دەیگوت سەر بە ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامییەو لە چنگ دەستێوەردانەکانی دادگای شۆڕشو کۆمیتەکانی شۆڕشو سوپای پاسداران وەزاڵە هاتوە.

فەرماندارەکانی مەڵبەندەکان کە لەلایەن ڕێژیمەوە دیاری دەکران لە کاتی پێکهاتنی شەڕوکێشە لەنێوان کاربەدەستە پایەبەرزەکانی بەڕێوەبەریی گشتیو ئاخوندە خۆجێییەکانو کومیتەکانی لە خۆوە سەرهەڵداوی شۆڕشدا دەستەوستان مابوونەوە.

شۆڕش هێزەکانی ئەرتەشی لەبەر یەک هەڵتەکاندبوو. لە لایەکی دیکەوە، شۆڕش ببوو بە هۆی پێکهاتنی سوپای پاسداران کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئیمامدا بوو. ئەرکی سوپای پاسداران بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ئەرتەش، هێزی پۆلیسو مزگەوتەکان بوو. هەروەها دەسەڵاتی ئەوەشیان هەبوو کە پشتیوانی لە بزووتنەوە ئازادیخوازەکانو «بڵاوکردنەوەو پەرەپێدانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە سەرانسەری جیهاندا بکەن. هەتا وەرزی هاوین، سوپای پاسداران دەهەزار ئەندامی هەمیشەییو سەدهەزار ئەندامی ڕیزێرڤی هەبوون.

لە تارانو قوم، شەڕوکێشەکە لەسەر ڕاکێشانی پشتیوانیی ئیمام بۆلای خۆیان سەری هەڵ دابوو. لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران، خەریک بوو شەڕێکی نێوخۆیی دەست پێ بکا؛ کێشە لەسەر زەویوزارەکان، خۆپیشاندان لە دژی دەوڵەتی ناوەندیو شەڕ لە نێوان پێشمەرگەکانو هێزەکانی ئاسایشدا سەری هەڵ دابوو. کوردەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەستیان بەسەر ژمارەیەک لە سەربازخانەو پاسگاکانی پۆلیسدا گرتبوو. هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانو پاسدارەکانو هێزەکانی پۆلیس دەگەڵ دژایەتیی توندوتیژی کۆمەڵانی خەڵک بەرەوڕوو ببوو.

لە مەریوان کوردەکان داوایان دەکرد هێزە خۆولاتییەکان ئەرکی ئاسایشی ناوچەکە بەدەستەوە بگرنو بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە نزیکبوونەوەی هێزە سەربازییەکان، بە هەزاران هاونیشتمان لە شارەکە دەچوونە دەرو بەرەو ئەو چادرانەی لەسەر کێوێکی نزیک شارەکە هەڵدرابوون وەڕێ دەکەوتنو دەیانگوت هەتا هێزەکانی دەوڵەت شارەکە بەجێ نەهێڵن، ناگەڕێینەوە.

وتووێژەکان بێ ئاکام مانەوە. سەربازەکانو پاسدارەکان ئەو تەپۆڵکانەیان دایە بەر ئاگری تۆپخانە کە خەڵکەکە پەنایان بۆ بردبوون. دوایەش هێزەکانی دەوڵەت تێدەکۆشان بچنە نێو شارەکە، بەڵام دەگەڵ خۆڕاگرییەکی توندوتیژی خەڵک بەرەوڕوو بوونو ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا. لە ئاکامی زنجیرە شەڕو پێکدادانێکی دواتردا ڕێگەی قەتاری نێوان ئێرانو تورکیە داخرا.

ڕۆژی ٥ ی‌ئووت، دەوڵەتو دانیشتووانی مەریوان گەیشتنە ڕێککەوتنێک: پارێزگاری لە شارەکە بەدەست هێزی غەیرە چەکدارەوە دەبێو پاسدارەکان ناوچەکە بەجێ دێڵن. لە بەرامبەردا، کوردەکانیش قبووڵیان کرد بە چەکەوە بە شەقامەکاندا نەگەڕێن.

دوایین ڕۆژەکانی هاوین بوو. شۆڕش لە مانگی فێوریەدا ڕووی دابوو کە لەو مانگەدا بەفر چیاکانی کوردستان دادەپۆشێو شەقامە لە ئەژمارنەهاتووەکانی تارانیش سپی دەکا. لەوەرزێکەوە بۆ وەرزێکی دیکە، ئێران ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیی بەسەردا هاتبوو. شاو هاوپەیمانە ئەمریکاییەکانی لەبەر چاوان نەمابوون.

زیاتر لە هەزار ئاخوندی شیعە هەروەک لە ژێر زەوییەوە هەڵ قوڵیبن، گشت هەوسارەکانی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتبووو هەروەک دەسەڵاتی رووحانییە مەسیحییەکانی سەدەکانی نێوەڕاست، ڕۆژدەگەڵ ڕۆژ دەسەڵاتی خۆیان زۆرتر بەسەر ژیانی نەتەوایەتیی گەلاندا دەسەپاند. سیاسەتو مەزهەب، دەوڵەتو خوداو بابەتە مەعنەوییەکانی تاکیو گشتی ببوونە یەکو یەکجوور. دێموکراسییەکی لیبڕاڵ جێی دەسەڵاتی شای نەگرتبۆوە، بەڵام کلیسایەکی نوێ بە ئەنگیزاسیۆنێکی (بیروبڕوا پشکنین) تازەوە هاتبووە سەرکار. ژاکۆپێنیەکان ( کەسانی بناژۆو توندڕەو) بەسەر خەڵکدا زاڵ ببوون.

لە ئابوورییەوە بگرە هەتا ئەرتەشو لە دادپەروەرییەوە هەتا بەڕێوەبردنی گشتیی وڵات، ئاخوندەکان دەستیان بەسەردا گرتبوونو کردبوویانن بە هی خۆیان. لە شارە گەورەکانەوە هەتا دوورترین گوندەکان، قانوون لە مزگەوتەکانەوە فەرمانی لەسەر دەدراو دادگاکانی شۆڕش چاوەدێرییان بەسەر هەموو ئەو بابەتانەدا دەکرد کە دەبوو بەڕێوە چووبان. تاقمەکانی بەڕێوەبردنیش، بێهیچ بایەخدانێک بەو خەڵکە بڕیارەکانیان بەسەردا دەسەپاندن: فەرمانی مەرگیان بەسەر لایەنگرانی پاشایەتیو بەسەر ژێنەڕاڵەکانو ئەشکەنجەچییەکاندا بەڕێوە دەبردو بێ پسانەوە دەیانگوت بمرێ ئیمپریالیزم، مەرگو نەمان بۆ هاوجنسبازانو «معتادان» و بۆ کافرانو زیناحکاران. ئێستا مەرگ بۆ کوردەکانیش هاتبووە گۆڕێ.

کومیتەکانی شۆڕش وڵاتیان خستبووە ژێر چاوەدێرییەوە، شەقام بەشەقام، گەڕەک بە گەڕەکو ماڵ بەماڵ. کۆمەڵانی بە رقوقینو بە جلوبەرگی شڕوشڕۆڵەوە، واتە «مستضعفان» لایەنگرییان لە ئاخوندەکان دەکرد؛ خوێندکارانی گرگرتوو وتەکانی ئایەتوڵڵاکانیان دەکێشایە نێو دڵ ودەروونی خۆیان، ئەو ئایەتوڵڵایانەی هەموو ڕۆژانی هەینی لە زانستگەی تاران یان لە خانەقا پیرۆزەکانی قوم، تەورێز، دیزفوولو ئیسفەهان دەستیان بە وەعزداندان دەکرد. شۆڕشەکە پێگەیەکی پان و بەرینی هەبووو ئێران پاش سەردەمێکی دووروودرێژ لە حورمەتشکێنی، خەریک بوو بەرەو پاکیو ڕێزگرتن دەڕۆیشت. بەڵام ڕەشەکوژییش سەری هەڵ دابوو.

لەو بارودۆخە توندوتیژەدا کە لە ئاکامی ڕووداوەکانی کوردستاندا سەری هەڵ دابوو،ڕۆژی ٣ ی ئاگۆست هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی لە سەرانسەری وڵات دەستی پێ کرد. مەبەستیان ئەوە بوو ڕەشنووسی قانوونێکی بنەڕەتیی پسپۆڕانی قانوونی بنەڕەتی نوێ پەسند بکەن. لە کوردستان ئاکامەکان کەوتبوونە ژێر باری نارەزایەتییەوە.

عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، کاندیدای شاری ورمێ، بە زۆرایەتییەکی گەورەوە سەرکەوتبوو. ناوبراو زیاتر لەسەدا هەشتای دەنگەکانی وەدەست هێنابوو. لە مزگەوتەکانیش کە زۆربەی خەڵکەکەیان ئازەری بوون، زۆربەی دەنگەکانی وەرگرتبوون. قاسملوو دەی گێڕایەوە، دەیگوت: «ئەوەندە زۆرم دەنگ وەرگرتبوو کە نەیان دەتوانی وەلام نێن. پلەی سێهەمم هێنابۆوەو نوێنەر بوونەکەم مسۆگەر ببوو».

لەو حەفتاوسێ نوێنەرەی بۆ ئەنجومەنی پسپۆڕانی قانوونی بنەڕەتی هەڵبژێردرابوون، پەنجاو حەوت کەسیان ئاخوندو چواریان نوێنەری کەمایەتییە ئایینییەکانو دەکەسیش کەسایەتییە بناژۆو غەیرە رووحانییەکان بوون. لەو غەیرە رووحانییانەی کە سەر بە ڕەوتی ئیسلامی نەبوون یەکیان قاسملوو بووو ئەوی دیکەشیان «مقدم مراغەیی» رێبەری حێزبێکی چکۆلەی توندئاژۆ (رادیکاڵ) بوو.

سەرکەوتنی قاسملوو، ئەو کەسایەتییەی بە مەکتەبی ئیستالینی ڕاهاتبووو دواتر ببوو بە لایەنگری سۆسیال دێموکراسی، ئاخوندەکانی بە تەواوی تووڕە کردبوو. بە بڕوای لایەنگرانی ئیسلامییە بناژۆکان، مارکسیزمو لیبڕالیزم هەروەک یەکنو بیروبڕوایەکی بێزراون.

پاش سەرکەوتنی شۆڕش، جێگری سەرۆک وەزیر ئیبراهیم یەزدی، مارکسیزمی بەتوندی مەحکووم کردو گوتی: « ئێمە موسوڵمانینو خودای تاکو تەنیاناسین. لەم کاتەدا هیچ ئایینو بیروبڕوایەک کە ئیسلامی نەبێ یا دژی ئیسلام بێ، جێگای نیە. مارکسیزم لەسەر بناخەی ماتریالیزمیدیالەکتیک دامەزراوە کە لە بناخەوە دەگەڵ روانگەی ئیسلام دژایەتیی هەیە بەتایبەتی لە بوارەکانی ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتیدا».

رۆژی ۲۳ی مانگی مای خومەینی کۆمەڵانی لایەنگری خۆی هان دا «یەکگرتووانەو بێ هیچ چەشنە بەزەیی پێداهاتنێک» و ڕاست بەو چەشنەی لە دژی شا خەباتیان کردبوو، لە دژی خودانەناسان بکەونە شەڕو ئەوەشی گوت کە: « ئازادی بە بێ ئیسلامو سەربەخۆیی بە بێ ئیسلام هیچ واتایەکیان نیە». تەنانەت، هەرچەند گەلێک ئێرانیی بە شەرەفو دروستکار هەبوون کە داوای کۆمارێکی دێموکراتیکیان دەکرد، خومەینی دەیگوت نابێ گوێیان بدەنێ چونکە ئەوانە « خوازیاری کۆمارێکی بێ ئیسلامو پێغەمبەرو ئیمامەکانن».

کەوابوو قاسملوو دەبوو دەگەڵ رووحانییە قسەزانە شیعەکان لە باسەکاندا بەشدار بێ و دەگەڵ کەسایەتییە بێ هاوتاکانی وەک ئایەتوڵلا تاڵەقانیو ئەبولحەسەنی بەنیسەدر کە راوێژکاری خومەینی بوو، هەروەها دەگەڵ ئایەتوڵلا حوسێن عەلی مونتەزیری کە مامۆستای «حوزە علمیە قم» بووو خەڵکی ئاساییو سەر بە ئیمام خۆشیان دەویست، یا دەگەڵ کەسایەتییەکی بە توانا و بە سامی وەک محەممەد حوسێن بەهیشتی، رێبەری حیزبی کۆماریخوازی ئیسلامیو هتد رووبەروو بێتەوە.

بەهیشتی بە ڕیشی ماشو برینجیو جلوبەرگی رەشی مەلایەتیو بە «عمامە»ڕەشەکەیەوەو بە قەدو باڵایەکی یەگجار زلەوە کەسایەتییەکی ئەوەندە بەسام بوو کە لەنێو حەشیمەتەکەدا بەجوانی دیار بوو. رۆژنامەنووسەکانیش کەوتبوونە ژێر تەئسیریەوە. دەنگێکی نزمو بە شکۆی هەبووو لە کۆنفرانسە رۆژنامەییەکاندا، دوای ئیمام، لەهەموو کەسێکی دیکە زیاتری خەڵک لێ کۆ دەبوونەوە. وەڵامی هەواڵنێرە ئێرانییەکانی بە فارسیو هی هەواڵنێرە بیانییەکانیشی بە ئەڵمانیو ئینگلیزی یا بە فەرانسەیی دەدایەوە. کەوابوو ئەو کەسانەی لە کۆنفرانسە چاپەمەنییەکانی وی لە رۆژە پڕ لە هەڵلاو بگرەکانی نێوان ساڵەکانی ۱۹۷۹و ۱۹۸۰دا بەشدار دەبوون، هیچ شتێک لەو بابەتانەی باسی دەکردن تێ نەدەگەیشتنو هەروا بۆی دادەنیشتن. ئەمەش بەشێکی دیکە لەو کەشوهەوا گشتییە و پێشاندەری ئەو هەلومەرجە سیاسییە بوو کە لەو سەردەمەدا لە گۆڕێدا بوو.

لەماوەی ئەو ساڵانەدا کە بەهیشتی وەک پەنابەر لە ئەڵمان دەژیا، بە بێدەنگی خەریکی کاری خۆی بوو. دوژمنەکانی بە بەدفەڕیو نا دڵپاکییەوە دەیانگوت زۆر دەوڵەمەند بووەو مەشرووبیش دەخواتەوە.

لە سەرەتای شۆڕش لە ئێراندا کە شەقامەکانی شارەکان پڕ لە خەڵک بوون و تاقمە ئاژاوەگێڕەکان شەڕی دەسەڵاتیان وەڕێ خستبوو، بەهیشتی لەباشترین هەلومەرجدا بوو، چونکە خومەینی لێی ئەرخەیان بووو هێزو توانایەکی ئەوتۆی هەبوو کە خومەینی نەیبوو.

ئیمام کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە دایک ببوو، حەفتاونۆ ساڵی تەمەن بوو، بەڵام بەهیشتی شێست ساڵە بووو بۆ جێنشینیی ئەو لە هەمووان لەپێشتر بوو.

لەوکاتیدا، بەهیشتی تەواوی لایەنەکانی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبووو نەک هەر سکرتێری گشتیی حیزبی شۆڕشگێران بوو کە بەسەر پارلماندا زاڵ بوو، بگرە بەهۆی ئەوە کە سەرۆکی دادگای بەرزی وڵاتیش بوو، خەریک بوو کۆنترۆڵی دادگاکانیش بە دەستەوە بگرێ.

لە وڵاتێکی شێواودا کە دادگاکانی شۆڕش خەریکی دانانی قانوون بوونو کۆمەڵگای وڵاتیان لە کەسانی خراپ پاک دەکردەوە ـ وەک لایەنگرانی پاشایەتی، ژێنەڕاڵەکان، جاسووسەکان، پیلانگێڕەکان، هاوجنس بازان، مۆسیقا ژەنان، «معتادان»، قاچاخچیان، زیناکاران و شەترنجبازان ، دەزگای دادوەری یەکێک لە بەهێزترین دەزگاکان بوو. ئەمە وایە، بەتایبەتی ئەگەر لەماوەی چەند خولەکێکدا کاری دادوەری کۆتایی پێ بهێنرێ، هەروەک لە دادگاکانی شۆڕشدا بە سەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا «صادق خلخالی» ی خوێنمژ ئەنجام درا: کابرای مەحکوومیان راستەوخۆ دەنارده لای تاقمی پیاوکوژەکانو دەیانکوشت.

هەرچەند ژمارەی دەنگدەران لەمانگی ئاگۆستدا لە ژمارەی ئەو کەسانەی لە ریفراندۆمی مانگی مارسدا دەنگیان دابوو زۆر کەمتر بوو، بەو حاڵەش لە سەردەمی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکاندا ئەنجومەنی پسپۆڕان رێکخراوێکی بناخەیی بوو. ئەو ئەنجومەنە دەبوو تەنیا لەماوەی دوو حەوتوودا کۆمارێکی مەزهەبی دامەزرێنێ کە دەسەڵاتی سیاسیی دەدا بە ئاخوندەکانو بەهۆی زۆرایەتیی ئاخوندەکان لە ئەنجومەنەکاندا، مەزهەبی شیعە وەک ئایینی رەسمیی وڵات دادەنراو ئەوەی لەیاسای بنەڕەتیی کاتیدا هاتبووو لە ریفراندۆمی مانگیمارسدا دەنگی بۆ درابوو ئەوەندەی دیکەش توندوتیژ دەبوو. ئەوەش راست ئەو شتە بوو کە قاسملووو کوردەکان لێی دەترسان.

بەپێی ماددەی ١١٠یپسپۆڕانی قانوونی بنەڕەتی نوێ، دەسەڵاتدارترین کەس لە وڵاتدا «ولی فقیه»  دەبێ. بەپێی بیروبڕوای خومەینی کە لە کتێبەکەی بە ناوی «حکومت ئیسلامی» دا هاتوە، «ولی فقیه» دیاری دەکرێ و دەسەڵاتی ئەوەی دەبێ فەرماندە پایەبەرزەکانی هێزە چەکدارەکان لەسەر کار دابنێ یان لایان بەرێ، واتە بۆخۆی نەخشی فەرماندەری گشتی دەگێڕێ. هەروەها دەتوانێ ئەندامانی هێزی دادوەرییش لەسەر کار لابەرێ.

ئەو دەسەڵاتەی مافی ئەوەشی دەداتێ کە شەڕ رابگەیەنێ یان پەیمانی ئاشتی واژۆ بکا، کاندیداکانی سەرۆکایەتیی کۆمار تەئیید بکاو بە راسپاردەی «دیوان عالی» یان ئەنجومەنی نیشتمانی، سەرۆک کۆمار لەسەر کار لابەرێ؛ ماوەی زیندانیبوونی کەسانی مەحکووم کراو کەم بکاتەوە یان بە تەواوی هەڵی وەشێنێتەوە، هەروەها مافی ئەوەشی هەیە لە دوازدە ئەندامی «شورای نگهبان» شەش کەسیان  دیاری بکا. بە کورتی، «ولی فقیه» نوێنەرایەتیی قانوونیی رێژیم دەکاو دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە لە پێوەندی دەگەڵ هەموو کاروباری دەوڵەتدا بە شێوەیەکی راستەوخۆ چاوەدێری بەسەر هەڵسوکەوتی « شورای نگهبان» دا بکا.

شۆڕشەکە، هەروەک قاسملوو لێی نیگەران بوو، بێ هیچ ئەملاو ئەولایەک بەرەو دیکتاتۆریی ئاخوندەکان دەرۆیشتە پێش. بۆیە قاسملوو دەیگوت بە ناچار دەبێ لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پسپۆڕاندا بەشدار بێ.

بە بەشداری لەو ئەنجومەنەدا دەی توانی پێش بە پاوانکردنی دەسەڵات بگرێ کە بۆ جارێکی دیکەش ئازادییەکانی خەڵکی ئێرانی بە تەواوی پێشێل دەکرد.

# بڕگەی شەشەم
# شەڕی سێمانگە

لەکۆتاییەکانی هاوینی ١٩٧٩دا، کۆنترۆڵکردنی کوردستان لەبەر دەستی پێشمەرگەکاندا بوو. لە تاران، لە هەواڵەکاندا باس لە یاخیگەری لەکوردستان دەکراو ڕێگەیان بە ڕۆژنامەوانەکان نەدەدا بچن بۆ کوردستان.

سەرەڕای ئەوەش، ڕۆژنامەوانی فەڕانسەیی، مارک کراوێتز توانی خۆی بگەیەنێتە وێندەرێ. ناوبراو دەیگوت: «چونکە ڕۆژنامەکەم دەوڵەمەند نەبوو، شەوێکیان بە پاسێک وەڕێ کەوتمو چونکە خەوم لێ کەوتبوو لە پرسگەی پشکنین تێپەڕین بێ ئەوەی بزانن کابرایەکی بیانیم. گەیشتمە مهاباد کە لەژێر کۆنترۆڵی کوردەکاندا بووو بە قاسملوویان ناساندم».

ناوبراو کەوتبووە ژێر باندۆڕی (تەئسیری) قاسملووو کەشوهەوایەک کە باڵی بەسەر ئەو شارە کوردەدا کێشابوو، سەرسوڕماوی کردبوو، چونکە دەگەڵ ئەو بارودۆخە سەرکوتکەرانەو دەمارگرژییانەی بەسەر شارەکانی باشووری ئێراندا زاڵ بوو جیاوازییەکی تەواوی هەبوو. « لێرە چاوم بە ڕێبەرێکی سیاسی کەوت کە وەک کەسایەتییەکی ساکار قسەی دەکردنو هەلومەرجەکەی شی دەکردەوەو بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت، هیوادار بوو بە جۆرێک نەرمکێشی هاوکێشیی نەتەوایەتی لە ئێراندا پێک بێ‌و ببێتە هۆی بەهێز بوونی ئەم وڵاتە. قاسملوو هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە دەکرێ لەسەر خودموختاری وتووێژ بکرێ. ئەمە فاکتەرێک بوو کە پێشتر وەدی هاتبوو، چونکە کوردەکان هەر پێشتر مەڵبەندێکی خودموختاریان پێک هێنابوو. قاسملوو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئێستا کاتی وتووێژە«.

کراوێتز پێی وایە قاسملوو مەترسییەکەی بەکەم نەدەگرتو هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە ڕێژیمی ئاخوندەکان ئاخرەکەی دەگەڵ کەندوکۆسپی یەگجار زۆر بەرەوڕوو دەبێ و پێشی وابوو کاتێک هەستی توندوتیژیی شۆڕشگێڕانەو سەردەمی سەرکوتی سەربازی بەسەر بچێ، ناچار دەبن مل بۆ وتووێژ ڕابکێشن.

زۆرجار ئەوەی دووپات دەکردەوەو دەیگوت لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لەژێر دەسەڵاتی توندوتیژو سەرکوتکەرانەی ئاخوندەکاندا، پێشکەوتنێکی دێموکراتانە ناتوانێ نە لە ئێرانو نە لە کوردستان پێک بێ. پێشی لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرتو دەیگوت: « بەڵام ئێمە ناتوانین دەستپێکردنی شەڕ ڕابگەیەنین، چونکە ئەوە ڕێژیمێکی یاخی‌و سەربزێوەو لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە پشتیوانیی لێ دەکرێ؛ ئێمە دەبێ لەسەر داواکانمان سوور بینو خۆشمان بۆ بەربەرەکانی ئامادە بکەین. دەبێ وشیار بینو باش بزانین کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەکەوینە ژێر ئاگری بۆمبارانو هێرشی سەربازییەوە».

بۆیە، لەلایەکەوە خەریکی سازماندانو ڕێکخستنی قەوارەی حیزبو، لە لایەکی دیکەشەوە خەریکی ئامادە کردنی هێزی پێشمەرگە بۆ بەربەرەکانی بوو. بەڵام هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو دەگەڵ دەوڵەت بە ڕێککەوتنێک بگا.

شەڕەفکەندی دەی گێڕایەوە : « چەند دەستە لە نوێنەرانی حدک دەگەڵ بەنی سەدرو کاربەدەستانی دیکەی دەوڵەت قسەیان کردبوو. قاسملوو بە تەواوی دژی شەڕ بوو، چونکە دەی زانی شەڕ چ مانایەکی هەیە».

قاسملوو لە ماڵێکی نزیک بە ساختومانێک دەژیا کە دواتر بوو بە ئەنجومەنی شاری مهاباد. کراوێتز زۆری پێ سەیر بوو کە هیچ دەرگایەکی‌تایبەتیی نەبوو و دڵنیاییەکی تەواو لەنێو خەڵکەکەدا دیار بوو. خەڵک بە ئازادییەکی تەواوەوە هاتوچۆی سکرتاریای گشتیی قاسملوویان دەکرد. قاسملوو هەرگیز پارێزگاری نەبوو. کراوێتز دەیگوت: «لەهەموو ئەو شتانەی دەهاتنە گۆڕێ بە تەواوی ئاگادار بوو. ئەمە بوو بە هۆی ئەوە وەبیر یاسر عەرەفاتو بەڕێوەبردنی کارەکانی ڕۆژانەی بکەومەوە. بەڵام قاسملوو کە لە باری بۆچوونی سیاسییەوە جیاوازییەکی زۆری دەگەڵ ڕێبەری فەلەستینییەکان هەبوو، هەموو کارێکی دەکردو بەسەر هەموو شتێک رادەگەیشت».

ژێراڕ شالیان  کە لەو سەردەمەدا ماوەیەک لە کوردستان بوو دەگێڕێتەوە کە: لە کۆبوونەوەکانی دەگەڵ کادرەکانی حیزبدا وەک مامۆستایەک وابوو. هەمیشە بە شێوەیەکی کەمێک جیددی بەڵام تێکەڵاو دەگەڵ بابەتی لەدڵانخۆش قسەی دەکردن. بەیانییان دەگەڵ

کادرەکانی حیزب کۆ دەبۆوە. ماڵێکی گەورە بوو بە میوانخانەیەکی گەورەوە کە جێگەی سی(٣٠) کەس دەبووو نیمکەتی یەگجار گەورەی لێ بوون، بەڵام سارد بوو چونکە هیچ سۆبەیەکی لێ نەبوو.

شالیان دەڵێ: « قاسملوو دەچوو بۆ گۆڕەپانی شەڕو بە ناوچەکەدا دەگەڕا. سەری لە بنەماڵەی پێشمەرگە کوژراوەکان دەدا. چووینە ڕێورەسمی بەخاک سپاردنی قوربانیانی چەند بنەماڵەیەک کە پاسدارەکان لە گوندێکی نزیک دەریاچەی ورمێ کوشتبوویانن. لانیکەم دە ـ دوازدە هەزار کەس لەوێ بوون. قاسملوو پێی گوتن ئەم کاتە پڕ لە ئێشو ئۆفە بۆ هەمووومان گرینگە چونکە ئەوانە هەموو بەیەکەوە بوونو ئەوەش ڕێگەیەکە بۆ کوردبوون. هەروەها گوتی کوردبوون تەنیا بەو مانایە نیە خەباتێکی هاوبەشیان هەبوو، بەڵگە لەدانی قوربانییەکانیشدا هاوبەش بوون. گوتیشی بە ڕێورەسمێکی لەم چەشنە، خەڵک بەهێزتر دەبن، چونکە ئەوە هاوپێوەندیو ئیرادەیان بەهێزتر دەکا. بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی کوژراوەکان، هەموو دارە بێگەڵاکانی گۆڕستانەکەیان بە چیتی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاندبۆوە. هەرگیز گۆڕستانێکی تا ئەو ڕادەیە بە شکۆو هەست بزوێنم نەدیبوو. ئەو جۆرە کارانە جوانو شاعیرانەن».

کوردستان نەک هەر دەردوڕەنجی ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشی بەسەر هاتبوو، بگرە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە کەوتبووە ژێر گرفتێکی یەگجار گەورەوە. ئەویش دانانی ئابلۆوقە لەسەر ناوچە کوردنشینەکان بوو. کەوابوو، ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی دیسیپلینو کارێکی ئەوتۆ پێویست بوو. پێشمەرگەکان، کە بەرەنگاری هێزەکانی دەوڵەت ببوونەوە، لە سەربازخانەکانی دوژمن دەستیان بەسەر چەکوچۆڵێکی زۆردا گرت. پێشمەرگەکان خۆیان لە شەڕی ڕاستەوخۆ دەگەڵ ئەرتەش دەپاراست، چونکە ئەگەرچی لەناوچە شاخاوییەکان لە سەربازەکان بەتواناتر بوون بەڵام هێشتا هەر پارتیزان بوون، نەک کەسانی تەواو ئەرتەشی.

لە مانگی ئاوگۆستدا، تاران شەڕێکی تەواوعەیاری لە دژی کوردەکان دەست پێ کرد. ڕۆژی دووی ئاوگۆست لە گوندی قارنێ، هێزەکانی دەوڵەت، ڕاست بەو جۆرەی کوردەکان چاوەڕوانی بوون، ڕەفتارێکی یەگجار دڕندانەیان لە خۆیان نیشان دا.

چەند ڕۆژ پێشتر، پێشمەرگەکانی حدک لە نزیک ئەو گوندە ژمارەیەکی یەگجار زۆریان لە هێزەکانی ئەرتەش کوشتبوو. هێزەکانی[کۆماری] ئیسلامی بە تۆڵەی ئەو شکستەی خواردبوویان قارنێیان گەمارۆ دا. خەڵکی گوندەکە نیگەران نەبوون چونکە هیچ پێشمەرگەیەکی لێ نەبوو. بەوحاڵەش، لە پێشدا سەربازەکان دەستیان بە تەقە کردو پاشان زرێپۆشەکانو سەربازەکان هاتنە گوندەکە. « مەلا مەحموود مەلای گوندەکە بووو دەی زانی سەربازەکان دەیانەوێ چ بکەن، دەستی دایە قورئانەکەیو بۆلایان چوو. پاسداران بە ڕێژنە گوللەی تیربارەکانیان وەڵامیان دایەوە. دوایەش چوونە نێو ماڵەکانو ئەندامانی بنەماڵەکانیان دایە بەر دەسرێژ. پیاوە پیرەکانو منداڵەکانیان بۆ دەرێ ڕاکێش دەکردو بە قۆنداخە تفەنگان لێیان دەدان. دوایەش لە بەر دیوارێک ڕایان دەگرتنو دەیان دانە بەر گوللان. چەند کاتژمێرێک دواتر، دەرکەوت کە ٦٨کەس ـ پیاووژنو منداڵ ـ کوژرابوون .

ڕۆژی چواردەی مانگی ئاوگۆست، کوردەکانی پاوە، کە شارێکی چکۆلەی پارێزگای کرماشانەو لەنزیک سنووری عێراق هەڵ کەوتوە، لە دژی دەوڵەت ڕاپەڕینو هێرشیان کردە سەر پادگانەکانی ئەرتەشو لە ماوەی دوو ڕۆژاندا کۆنترۆڵی شارەکەیان بە دەستەوە گرت.

شەوی ١٧ی ئاوگۆست، خومەینی بەتووڕەبوونەوە لە خوێندنگەی ئایینی لە شاری قوم هاتەدەر. ڕۆژی هەینی بوو کە ڕۆژی پشووودانی موسوڵمانانە. خومەینی لەسەر ڕادیۆو تەلەڤیزیۆن بە خەڵکی ئێرانی گوت شۆڕش لە شەڕێکی گرنگ لە باشووری وڵات شکستی خواردوە. خومەینی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نە دەوڵەتو نە ئەرتەش، نە پۆلیسو نە سوپای پاسداران، هیچ کامیان بەوجۆرەی کە دەبوو کاریان نەکردوە.

خومەینی لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە نەبوونی « هەستی شۆڕشگێڕی» لەنێو دەوڵەتدا شتێکی جێی گومانەو زۆر سەیروسەمەرەیە. ئەو رووحانییە پیرە کە یەگجار تووڕە بوو بە داواکردنی شەڕ لە دژی هەموو حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە خەریکی تێکۆشان « لە دژی شۆڕشن» هەستی پڕ لە بوغزی خۆی دەردەبڕێ.

خومەینی خۆی وەک فەرماندەری گشتیی هێزەچەکدارەکان ناساندو شەڕێکی «پیرۆزی»لە دژی «کوردە پیلانگێڕەکان» ڕاگەیاندو داواشی لە هێزە چەکدارەکان کرد لە بیستوچوار کاتژمێری ئایندەدا بەوپەڕی توندوتیژییەوە لە دژی کوردەکان وەخۆ کەون. لە حاڵێکدا چاوی لە دووربینەکەوە بڕیبوو، وشیاری کردنەوەو گوتی ئەگەر وا نەکەن، ئەو هێزە دەوڵەتییانە دەکەونە بەر سزادرانێکی هەرگیز نەدیتراوو گوتیشی دەچێ بۆ تارانو لەوێ نیشتەجێ دەبێ بۆ ئەوەی «بە شێوەیەکی نەدیتراوو نەبیستراو هێزە گەندەڵو بێکارەکانی دەوڵەت سزا بدا» .

ڕۆژی هەژدەی مانگ خومەینی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتی بەدەستەوە گرت. ئەمەش بە ڕوونی پێشاندەری پانوبەرینیی قەیرانێک بوو کە وڵاتی داگرتبوو. دەستووری بە «ستاد ارتش» دا ئەرتەشو پۆلیس بە هەموو ئامرازە پێویستەکانەوە بۆ تێکشکاندنی کوردە ڕاپەڕیوەکان بەرەو کوردستان وەڕێ بخا. ئەرتەش بەرەو ڕۆژئاوا وەڕێ کەوت. سەرلەشکر « ولي‌الله فلاحی» سەرۆکی ستادی ئەرتەشو مستەفا چەمران، جێگری سەرۆک وەزیرو فەرماندەری سوپای پاسدارانو ساواما ( پۆلیسی نهێنیی تازە دامەزراو) دەگەڵ هێزە چەکدارەکان وەڕێ کەوتن .

شێخ «عزالدین» و قاسملوو بە پەرۆشیو تووڕەییەوە داوایان لە ئیمام کرد پێش ئەوەی دەست بۆ کارێکی هەڵنەسەنگێندراو بەرێ، چاوێک بە سیاسەتەکانیدا بخشێنێتەوە. وشیاریشیان کردەوەو پێیان گوت ئەگەر وا نەکا، کوردستان دەبێتە گۆڕستانی هێزەکانی. هەروەها پێیان گوت خەباتی گەلی کورد کە ئێوە دەتانەوێ بەربەرەکانیی لە دژ بکەن، ئەگەر پێویست بێ، بۆماوەی پەنجا ساڵ درێژەی دەبێ.

لەشاری پاوە پێشمەرگەکان چاوەڕوانی هێرشەکە بوون. هەتا ئەو ڕۆژە، هەوڵو کۆششەکانی ئەرتەشی ئێران بە هۆی بارودۆخی نالەباری ناوچەکە بێ ئاکام مابۆوە. هێزی پیادە لە پێشڕەویدا دوچاری گیروگرفتێکی زۆر دەبوو بەڵام کوردە ڕاپەڕیوەکان گیروگرفتێکیان نەبوو. هەموو ئەو شاخودۆڵە سەختانەی لە دەوروبەری شارەکە هەڵ کەوتوون بەدەست پێشمەرگەکانەوە بوونو ڕێگەی پێشڕەویی ئەرتەشیان بەربەست کردبووو لە شوێنە ئەستەمەکانی شاخەکانەوە هێلیکۆپتێرەکانیان وەبەر ڕێژنەی گوللە دەدا.

ئەمجارە ئەرتەش زۆر بە توندی هێرشی کرد. هێزی هەوایی یارمەتیی ئەو سەربازانەی دەدا کە خۆیان دەخزاندە نێو شارەکەوە. پاسدارەکانیش شارەکەیان گەمارۆ دابووو دواتر بە فڕۆکەی شەڕکەرو هێلیکۆپتێرو بە تۆپخانە، کە لە پێگەیەکی نزیک کرماشانەوە هێنا بوویان، هێرشیان دەست پێ کرد.

لە ژێر بۆمبارانەکەدا، قاسملوو دەستووری بە پێشمەرگەکان دا بەرەو شاخەکان پاشەکشە بکەن. لە حاڵێکدا کوردە شەڕکەرەکان لە بەرامبەر هێرشەکەدا خۆیان ڕاگرتبوو، کۆمەڵانی خەڵک هەڵ دەهاتن. فڕۆکەکان بە بۆمبی ناپاڵم هێرشیان دەکردە سەر ئەو پێشمەرگانەی لەسەر شاخەکان سەنگەریان گرتبوو .

قاسملوو لە هەوڵی ئەوەدا بوو ڕێگەیەک بۆ وتوویژ دەگەڵ دەوڵەتی تاران بدۆزێتەوە، بەڵام ئایەتوڵڵا بۆ هەر چەشنە دیالۆگێک دەرگای لەسەر خۆی داخستبوو. خومەینی نەک دەستووری هێرشی بۆسەر پاوە دابوو بەڵکوو فەرمانی بە ئەرتەش دا بەرەو سنەش، کە تەواو ئارام بوو، پێشڕەوی بکا.

محەممەد ڕەشید شەکیبا، پارێزگاری کوردستان، دوای ماوەیەک دەیگوت زانیاریی تاران لە پێوەندی دەگەڵ هەلومەرجەکەی شاری سنە بەتەواوی هەڵە بووو ئاگادارییەکی دروستیان نەدابوویەو سەربازخانەکە تەواو ئارام بووو هیچ کەس داوای یارمەتیی نەکردبوو. هەوڵیشی دەدا ئەم بابەتە ڕوون بکاتەوە کە خومەینی پێش ئەوەی فەرمان بە ئەرتەش بدا بەرەو سنە پێشڕەوی بکا، هیچ چەشنە ڕاوێژێکی دەگەڵ ئەو نەکردبوو.

بازرگانی سەرۆک وەزیر دەیگوت ئەوە کە ئیمام فەرمانی بە ئەرتەش دابوو بەرەو سنە پێشڕەوی بکا نەتەنیا بە هۆی ئەوە بوو زانیاریی دروستیان نەدابوویە، بەڵکوو لەبەر ئەوەش بوو کە دەیەویست خەڵکەکە تەمبێ بکاو دەیەویست کەمایەتییە نەتەوەییەکان بە

باشی لە «بێئاگام بوونی ڕاپەڕین» ئاگادار بکا. بازرگان لە درێژەی باسەکەدا دەیگوت: ئیمام هەروەها دەیەویست ئیرادەی لاوازبووی هێزە چەکدارەکانی بەرێتە سەرو ئەو حەشارگەو پەناگایانە لە هێزە چەپە توندڕەوەکان بستێنێ کە لەنێو کوردەکاندا وەدەستیان هێنابوو.

ڕۆژی یەکشەممە، ١٩ی ئاوگوستی ١٩٧٩، ڕاپەڕینی پاوەییەکان تێک شکاو نزیکەی چوارسەد کەس کوژران. لەماوەی چلوهەشت کاتژمێری دواتردا، هێزەکانی تاران دەسەلاتێکی توندوتیژیان دامەزراند.

بەشێوەیەکی تەکووز بە ماڵاندا دەگەڕانو خەڵکیان دەگرت. تاقمی پیاوکوژەکانی دەوڵەت بیستونۆ کەسیان گوللەباران کرد. وێنەی یازدەکوردان کە چاویان بەسترابووو لەژێر بارانی گوللەی تاقمی پاسدارە پیاوکوژەکاندا بەلادا دەهاتن، خەڵکی جیهانی ڕاچڵەکاندبوو.

دەوڵەتی تاران بە تێکشکاندنی شۆڕشو لەنێوبردنی ڕێبەرە ناسیۆنالیستەکانو خەباتگێڕە بەناوبانگەکانی حیزبەکانی دیکەش تەواو ڕازی نەبوونو سەرکوت بەبێ هیچ چەشنە جیاوازییەک هەموو کۆمەلانی گەلی کوردی دەگرتەوە. بۆ جارێکی دیکەش چیرۆکی سەرکوتکردنی کوردە ڕاپەڕیوەکان لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە دووپات ببۆوە.

هەڵسوکەوتی سەربازەکان ڕەنگدانەوەیەک لە شێوەکاری دڕندانەی ئایەتوڵڵا سادق خەڵخاڵی بوو کە بەسەر دادگاکانیشیدا سەپاندبوو. بە پێی لێکدانەوەی مارک کراویتز، « ئەم قۆناخە لە سەرکوت دووبەشی سەرەکیی دەگرتەوە. یەکیان لە ڕێگای کەلکوەرگرتن لە تێرۆرو پیاوکوژی بەدەستی خەڵخاڵیو هاوکارە دڕندەکانیەوە بوو. ئەوی دیکەشیان وەگەڕخستنی هێزی هەوایيو هیلیکۆپتێر لە ڕادەیەکی یەگجار زۆردا». خەڵخاڵی دەسەلاتی تەواوی لە کوردستان هەبوو. شەڕەفکەندی دەیگوت: « خومەینی ناردبووی خەڵکی بکوژێو ترسوخۆف لە نێو کۆمەلانی خەڵکدا وەڕێ بخا.» خەڵخاڵی تەنیا بەرهەمی دەستی خومەینی نەبوو. تەنانەت بەنی سەدرو ڕاوێژکارەکانیشی داکۆکییان لێ دەکرد. ئەوانە نە ڕووحانی بوونو نەوەک ئاخوندەکان دڵڕەقو بێبەزەیی، بەڵام پێیان وابوو قاسملوو سیخوڕی بیانییەکانەو بە بڕوای ئەوان هەر ئەمە بۆسەرکوتی خەڵکی کوردستان بەس بوو.

کاتێک مارک کراویتز، ڕۆژنامەنووسی فەرانسەیی لە ئەحمەدی سەلامەتییان، ڕاوێژکاری بەنیسەدری پرسی، داخوا پێی وایە خەڵخاڵی لە کارەکانیدا مافی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرێ، ناوبراو وەڵامی دایەوەو گوتی: « بەبڕوای خەڵکی ئێمە، خەڵخاڵی ڕقوقینی خودایە».

قاسملوو بە نیگەرانییەکی تەواوەوە داوای لە ڕێبەرانی ولاتانی جیهان کرد پێش بەوکارە بگرن کە وەک قەلاچۆ (جینۆساید) ناوی هێناو ئایەتوڵلاشی بە توندی مەحکووم کردو بەوەش تاوانباری کرد کە ئێران بەرەو « دیکتاتوریی سەدەکانی نێوەڕاست» ڕادەکێشێ.

کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لە نۆ شاری کوردستان بە ڕژانە نێو شەقامەکانو بە داواکردن بۆ ئازاد کرانی هەموو زیندانییەکان وەلامیان دایەوەو هەرەشەیان کرد لە بەرامبەر هەر کوردێکدا کە گوللەباران بکرێ یەکێک لە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئیسلامی دەکوژن. کوردەکان پشتیوانییان لە ڕێبەرە کوردە ناسیۆنالیستەکان دەکرد کە دوای ماوەیەک زۆریان دەگیران. لە کۆتاییدا، هێزەکانی دەوڵەت سنەشیان داگیر کردەوە.

شەوی یەکشەممە، نۆزدەی مانگی ئاوگۆست، خومەینی عەبدوڕڕەحمان قاسملووی وەک بێدینو کافر ناوبردو حیزبەکەشی قەدەغە کرد. ئیمام دەوڵەتی بەهۆی چالاک نەبوونی سەرکۆنە کردو پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێ ڕێکوپێکیو دیسیپلین لە کوردستانو لەنێو هێزە چەکدارەکاندا دابمەزرێتەوە تەنانەت لەوەش زیاتر پێی ڕاکێشا: ڕێوشوێنێکی لە بواری بیروبڕواوە هێنایە گۆڕێ کە شۆڕش دەبێ لەو کاتەوە پێیدا بڕواو گوتیشی دەبێ بێهیچ ئەملاوئەولایەک ئۆپۆزیسیۆنی لیبراڵ لەنێو بچێ.

ئەندامانی ئەنجومەنی پسپۆڕان بۆ یاسای بنەڕەتی، کە لەوێ کۆببوونەوەو کپومات گوێیان دابوویە، دەبوو زۆر بەوردی «قانوونێکی بنەڕەتی دابڕێژن کە لەسەداسەد ئیسلامی بێ و هەرچەشنە شتێکی دیکە دەگەڵ ئاوای کۆمارو خەڵکی ئێران دژایەتی دەبێ».

ئیمام ددانی بەم «هەڵە»یەدا نا: «چونکە پێنووسی ژەهراویی نووسەرانی ڕۆژنامە گەندەڵەکانی نەشکاندوە یان ئەو ناوەندە چاپەمەنییانەی دانەخستوە کە خەریکی پیلانگێران بوونو هەروەها چونکە بەرپرسانی ئەوانەی نەخستۆتە ژێر لێپرسینەوەو موحاکەمە کردن لە دادگاکانی ئیسلامیدا، بەتەواوی بە هەڵە چووە... «ئەگەر ئێمە هەر لە سەرەتاوە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانمان یاساخ کردبا کە لە دژی شۆڕش خەریکی پیلانگێڕان بوونو ئەگەر هەموو ڕێبەرەکانمان لەبەر چاوی خەڵک لە سێدارە دابان ئێستا تووشی ئەو گیروگرفتانە نەدەبووین کە ئێخەیان گرتووین.» بەم جۆرە سەردەمی توندوتیژتر بوونی شۆڕش دەستی پێ کرد. ڕۆژی دووشەممە، ٢٠ی ئاوگۆست، بەهەزاران کەس بۆ پشتیوانی لە خومەینی ڕژانە نێو شەقامەکان. بازاڕییەکانیش بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە دژی ڕێبەرانی کورد دوکانەکانیان داخستو هەر لەو کاتەدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە لاوەکان بۆ ڕێزگرتن لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی ئەو پاسدارانەی لە شەڕی پاوە کوژرابوون کۆ ببوونەوەو تێکڕا دەیان گوڕاندو دەیانگوت: «بمرێ قاسملوو، بمرێ شێخ عێزەددین».

لە کوردستان، بە پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لەلایەن قاسملووو لقی کوردستانی فیداییەکانی خەڵک، هەروەها چەند ڕێکخراوێکی پیشەییو وەرزێرەکانو چەند عەشیرەتێک، یەک لەوان شکاکەکان، وەڵامی خومەنییان دایەوە. هەموو لایەک باش دەیان زانی «شەڕێکی تەواو» خەریکە دەست پێ‌دەکا.

ڕۆژی ٢٢ی ئاوگۆست لەکەشوهەوایەکی پڕ لە خەموخەفەت لە سەرانسەری کوردستاندا، خومەینی گەورەییو لێبووردنی! خۆی نیشان داو گوتی « ئەگەر کوردەکان بگەڕێنەوە سەر ڕێگەی ئیسلامو چەکەکانیان وەلا نێن» ئەوە دەیان بەخشێ. هەروەها وادەی پێ‌دان کە بۆ پێشکەوتنی کوردستان حەفتا میلیۆن دۆلار دەدا بە کوردستان بەومەرجە شۆڕشەکە تەواو بێ. ئەوەندە پارەیەی وادەی دا تەنیا بۆ گاڵتەپێکردن دەبوو، چونکە داهاتی یەک ڕۆژی دەوڵەت لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە بوو. بەڵام گەورەییو لێبوردوویی! خومەینی قاسملووو شێخ «عزالدین»ی نەدەگرتەوە. لەبارەی ئەوانەوە گوتی هەرکەس ئەوانە بداتە دەست دادوەریو بیان خاتە ژێر ڕقو تووڕەیی خوداو پێغەمبەرەوە، پاداشێکی زۆرباشی دەداتێ.

لەشاری سەقز، کە لە باکووری سنە هەڵکەوتوە، لەبیستو دوو هەتا بیستو شەشی ئاوگۆست سەر لەنوێ شەڕ دەستی پێ کردەوە. نزیکەی دووسەد پێشمەرگە بە یارمەتیی خەڵکەکە داکۆکییان لە شارەکە دەکرد. فڕۆکە بۆمباهاوێژەکان ڕاست بەرەو شارەکە لوور بوونەوەو هەر لەوکاتەشدا شارەکە کەوتە بەر هێرشی تانکەکانو تۆپخانەی قورسەوە. شارەکە وێران بوو.

کوردەکان بە کەلکوەرگرتن لە خۆمپارە، تۆپی ١٠٦و ئارپی جی٧ بۆ ماوەی دوو ڕۆژان بەربەرەکانییان کرد. کاتێک شەڕەکە تەواو بوو، نزیکەی دووسەد کەس کوژرابوونو سێ‌سەد کەس بریندار ببوون. پاسدارەکان دەستیان بە پشکنینی یەک بەیەکی ماڵەکان کردو داکۆکیکەرە نیزامییەکانیان دەهێنانە دەرو بە میلە ئاسنەکانی دەرگاو پەنجەرەکانەوە دەیان بەستنەوە.

بۆماوەی چەند کاتژمێرێک ترسوخۆف شاری سەقزی داگرتبووو پیاوە دەزگیرکراوەکان هەروەک مەڕ لە قەسابخانە چاوەڕوانی چارەنووسیان بوون. نۆ کەس لە ئەرتەشییەکان بە تاوانی هاوکاری دەگەڵ دوژمن گوللەباران کران. کابرایەکی لاویان کە لە بەرگریدا هاوکاریی پێشمەرگەکانی کردبوو لە نەخۆشخانە هێنایە دەرو کوشتیان.

لە کۆتاییەکانی مانگی ئاوگۆستدا، نزیک بە تەواوی ئەو شارانەی بەدەست پێشمەرگەکانەوە بوون کەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە: سنە، پیرانشار، سەقزو میاندواو. تەنیا مهاباد مابوو کە لەوێ قاسملووو حدک بۆ ڕۆژی بیستو پێنجی ئاگوست کۆبوونەوەیەکیان لە ئێرانییانی غەیرە فارس پێک هێنابوو کە بریتی بوون لە کوردو ئازەریو بەلووچو لوڕو تورکەمەن. تێکڕای ئەو کەسانە نوێنەرایەتیی نیوەی حەشیمەتی سی‌وشەش میلیۆنیی ئێرانیان دەکرد. مەبەست لەو کۆبوونەوەیە دیتنەوەی ستراتێژییەکی هاوبەش « لە بەرامبەر دژ کردەوەی نامرۆڤانەی قوم» دا بوو.

ئەنجومەنی شاری مهاباد بە مەبەستی راگرتنی شەڕ چەند کەسێکی بە پلانێکی ئاشتییەوە نارد بۆ تاران. یەکێک لە نوێنەرەکان ڕوو بەو خەڵکەی حیزب کۆی کردبوونەوە گوتی: «دەوڵەت راستەوخۆ داوای وتووێژی نەکردوە، بەڵام لە ڕێگەی وەزیری کارەوە کردوویەتی، ئێمە بۆ یەکەم جار بڕیارمان داوە لێژنەیەکی نوێنەرایەتی بنێرینە تاران».

لێژنە نوێنەرایەتییەکە ئەم شتانەی پێشنیار کردن: ئاگربەسێکی خێرا؛ کشانەوەی خەڵخاڵی؛ کۆنفرانسێک بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان لە کوردستان لە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانەوە؛ بەڵێنییەک بدرێ کە هێزە سەربازییەکان درێژە بە پێشڕەویی خۆیان نادەن‌و هەروەها پاسدارەکان لەناوچە کوردنشینەکان دەکشێنەوەو کوشتنی زیندانییە کوردەکان کۆتایی پێ دێ. بەپێی زانیاریی « ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران»، ١٥٠٠ کەس چاوەڕوانی دادگاییکران بوون‌و ١٣٠کەسیش پێشتر گوللەباران کرابوون کە چەند کەسێکیان کورد بوون.

پێشنیارەکان لەلایەن کاربەدەستانی تارانەوە بە باشی وەرگیران، بەڵام ڕۆژی ٢٨ی ئاگۆست قبووڵی نەکردن‌و خومەینی ئاخوندێکی بەناوی «حجت الاسلام حسینی کرمانی« وەک نوێنەری خۆی ناردە کوردستان‌و دەستووریشی پێ دابوو دەگەڵ کوردەکان وتووێژ نەکا و تێکیان بشکێنێ. دووڕۆژ دواتر خومەینی گوتی: «راپەڕیوە جینایەتکارەکانی کوردستان دەبێ تەفروتونا بکرێن‌و ئەگەر بێ و دوژمن بەزوویی سەرکوت نەکرێ، بۆخۆم دەچم بۆ کوردستان‌و راپەڕینەکە کۆتایی پێ‌دێنم. لە قسەکردن لەبارەی ڕێبەرانی کورددا گوتی: « ئەگەر دەست هەڵ نەگرن، دەقەبرانتان دەخەین».

دەهەزار پێشمەرگە بە دامەزراندنی چەند پێگەیەک لە دەوروبەری مهاباد، چاوەڕوانی هێرشەکە بوون‌و حیزب دەفتەری سیاسیی بۆ ناوچەی سەردەشت، لە نزیک سنووری عێراق، گواستەوە. پاش گەمارۆیەکی پازدەڕۆژی، هێرشەکە لەکاتژمێر شەشی بەیانیی ڕۆژی دووشەممە، ٣ی سپتامبر دەستی پێ کرد. هێرشکەران تانک‌و تۆپخانەی تۆپی ١٥٥میلی‌میتری‌و تیرباریان پێ‌بووو، فرۆکە بۆمباهاوێژەکان‌و هێلیکۆپتێرەکانیش پشتیوانییان لێ دەکردن. شەڕەکە حەوت کاتژمێر درێژەی هەبووو لەو ماوەیەدا هێرشی هەوایی‌و بۆمباران بێ پسانەوە لە ئارادا بوو.

کراوێتز دەی‌گێڕایەوە: « قاسملوو پێی‌گوتم دەیەوێ لە مهاباد دەرکەوێ بەرەی شەڕ پێنج یا شەش کیلۆمیتر بەرین بووو وێ دەچوو هەربینا هێرش دەست پێ بکا. لێرەدا بوو کە قاسملوو بڕیاری دا لەشار وەدەرکەون بۆئەوەی خەڵکی شارەکە نەکەونە بەر مەترسیی کۆمەڵکوژییەوە. شارەکە گیرا؛ فڕۆکە شەڕکەرەکان کە زۆر نەوی بەسەر شارەکەدا دەخولانەوە خەڵکیان زراوبردوو کردبوو. ڕۆژێک پێش هاتنی ئەرتەش بۆ نێو شارەکە، خەڵک لەترسان شاریان بەجێ هێشت. لە هەشتا هەزارکەس حەشیمەتی شارەکە تەنیا هەزارکەسێک مابوونەوە».

قاسملوو، پێش ئەوەی لە شارەکە وەدەر کەوێ لەمەیدانی ناوەندیی شارەکە کۆبوونەوەیەکی لەکۆمەڵانی خەڵک پێک هێناو بەم جۆرە قسەی بۆ کردن: « ئێمە کۆڵ نادەین. ئەو توانایەمان هەیە لە بەرامبەر ئەم هێرشەدا خۆ ڕاگرین‌و دەبێ هەتا دابینکردنی داخوازەکانمان درێژە بە خەباتی خۆمان بدەین». نیوەڕۆیە، خەڵکی شارەکەو بەشی زۆری پێشمەرگەکان پاشەکشەیان کرد. تاقمێکی گەورە لە پێشمەرگەکان لە دوولای شارەکە دامەزرابوون.

بۆ جارێکی دیکەش مهاباد کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی‌حکوومەتی ناوەندی. کراوێتز لە هاتنی سەربازەکان بۆ نێو شارەکە زۆر نیگەران بوو، بەڵام شانسی هێنا. فەرماندەی پاسدارەکان ئەبوو شەریف بوو کە کراوێتز ساڵی ١٩٧٦ لە لوبنان دەگەڵی ئاشنا ببوو. کاتێک پاسدارەکان دیتیان کراوێتز دەگەڵ ئەبوو شەریف راوەستاوە کاریان پێی نەبوو.دوای سێ‌ڕۆژان، ئەو ڕۆژنامەوانە فەرانسەییە بە مینی‌بووسێکی پڕ لە وەرزێران لە مهاباد وەدەرکەوت. لە شوێنێک کە لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەکاندا بوو تێ‌پەڕی‌و پێی گوتن دەچێ وتووێژدەگەڵ قاسملوو بکا. کوردەکان دەگەڵ خۆیان بردیان بۆ گوندێک لە نێو کێوو شاخەکاندا بۆلای دوکتور قاسملوو. گوندەکە کارەبای نەبوو. قاسملوو هەرچەند بۆ بەربەرەکانی ئامرازو ئیمکاناتێکی کەمی لە بەردەستدا بوو، بەو حاڵەش نیگەرانیی پێوە دیار نەبوو،

بگره خۆشحاڵیش بوو. ئەرتەش زۆر بە هێز بوو. جادەکان بەرۆژ لە ژێر کۆنترۆڵی ئەرتەشدا بوونو بەشەو بەدەست پێشمەرگەکانەوە بوون.

قاسملوو هەرگیز لەهیچ شەڕێکدا بەشداریی نەکردبوو بەڵام شەڕی پارتیزانیو شەڕی کلاسیکیی خوێندبۆوە. بێجگە لەوەش لەماوەی چەند ساڵێکدا لە بزووتنەوەی کوردەکانی عێراق هێندێک ئەزموونی وەدەست هێنابوو. شەڕەفکەندی دەیگوت: « لەبارەی بزووتنەوە چەکدارییەکانی ئەمریکای لاتینەوە زۆر شتی دەزانی و دەی توانی لەبارەی بابەتە سەرەکییەکانی بزووتنەوەکەدا بەباشی بڕیار بدا، هەرگیز نەدەچووە نێو وردەکارییەکانی شەڕی چەکدارانەوە. بەڵام، پێشمەرگەکان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە زۆر باش دەزانێ. تەنانەت ئێستاش ئەمە ڕێسایەکی حدکایە کە فەرماندە سەربازییەکان دەسەڵاتی بڕیاردانیان نیە. ئەوە کادرە سیاسییەکانن کە دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان هەیەو هیچ کات لەو ڕێبازە سیاسییەی پەسند دەکرێ لانادەن .

شەرەفکەندی دەیگوت: « قاسملوو لە هەلومەرجێکی یەکجار دژوارداو لە کێوەکانەوە، ڕێبەرایەتیی بەربەرەکانییەکەی دەکرد. هێزی هەوایی بەوپەڕی دڵڕەقییەوە شارەکانی بۆمباران دەکرد، بەڵام، دوای سێ‌مانگان، سەرکەوتنێکی گەورە بوو».

لە کێوەکانەوە، لە وتووێژێکدا قاسملوو ڕای گەیاند شۆڕش تەواو نابێ و بە شێوەی پارتیزانی هەروا درێژەی دەبێ. ڕۆژی ٢٠ی ئۆکتۆبر، پێشمەرگەکان مهابادیان گرتەوە.

پاش قەیرانی بەبارمتە گیرانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران، خومەینی دەستووری ڕاگرتنی هێرشە سەربازییەکانی لە کوردستان داو دەوڵەتیش وای نیشان دەدا کە دەیەوێ دەگەڵ کوردەکان وتووێژ بکا. « هەردووک لا لەسەر ئاگربەسێک ڕێک کەوتنو خومەینییش پەیامێکی بۆ کوردەکان ناردو داوای لێ‌کردن دەگەڵ ئێرانییە موسوڵمانەکانی دیکە یەک بگرنو ڕقوقینو تفەنگەکانیان لە دژی ئەمریکا وەگەڕ خەن. هەروەها دڵنیای کردن لەنێو کۆماری ئیسلامیدا خودموختارییان دەبێ. پاشان تاقمێکی نوێنەرایەتییان پێک هێنا کە پارێزگارەکانی ڕابردوو ئەندامی بوون بۆ ئەوەی دەگەڵ کوردەکان بە ڕێککەوتنێک بگەن. کوردەکانیش گرووپێکیان بە ناوی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد پێک هێنا. لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە خومەینی لەوتووێژەکاندا هەرگیز نوێنەرانی کوردستانی بە ڕەسمی نەناسی».

کوردەکان گەلاڵەیەکی بیستوشەش ماددەییان پێشنیار کرد کە شێخ عێزەددینو حدکاو حیزبی مارکسیستی کۆمەڵە واژۆیان کردبوو، دەوڵەتیش بەهێنانەگۆڕی گەلاڵەیەک «بۆ هەموو مەڵبەندە خودمختارەکان» لە ئێراندا وەڵامی نەدانەوە.

گەلاڵەومەلاڵە نەما، لەمانگی دیسامردا دەوڵەتی تاران دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان بەهێزتر کرد. لەئاکامدا، شەڕو پێکدادان زیاتر پەرەی ئەستاند. حدکا ڕای‌گەیاند لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریداکە دەبوو ٢٥ی ژانویەی ١٩٨٠ بەڕێوە بچێ بەشدار نابێ.

کراوێتزو ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی، جاناتان ڕانداڵ، کە لە تەورێز بوون، بڕیاریان دا بچن بۆ مهاباد. « کاتێک گەیشتنە وێندەرێ، قاسملوو لە دەفتەری کارەکەی خۆی کۆبوونەوەی هەبوو. ئێمە لەپشت هۆدەکە دانیشتین. بە کەسێکدا پێی ڕاگەیاندین ئێمەی دیوەو گوتبووشی بە یەکەوە نانی شەوێ دەخۆین. دوای ماوەیەک، قاسملوو بە پەرداخێک ویسکییەوە هاتەلامان. کەوابوو ئێمەش دەمان توانی مەشرووب بخۆینەوە. ئەمە شێوەکارێکە بۆ نیشاندانی ئەوە کە ئازادی بۆ هەمووان هەبوو، ئازادی لە خواردنەوە یان نەخواردنەوەدا. لەبارەی وتووێژەکاندا قسەمان کرد کە قاسملوو بەتەواوی پێیان هیوادار بوو. دەیزانی ڕێژیم خەریکە خۆی چەکدارتر دەکا. سەرەڕای ئەوەش هەرکات کەسێک [ی سەربە ڕێژیم] ویستبای وتووێژ بکا، ئەو هەمیشە ئامادە بوو. زۆرجاران دەیگوت بێجگە لە وتووێژ ڕێگە چارەیەکی دیکە نیە .

کوردەکان ئەم ماوەیە بە «شەڕی سێ‌مانگە« ناو دەبەن. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە شەڕ بۆماوەی چەند ساڵان درێژەی کێشا. ئەرتەش کوردستانی بە تەواوی داگیر کردو پێشمەرگەکانی کوردستان بۆ نێو کێوو شاخەکان پاشەکشەیان دەکرد.

# بەشی سێهەم

# بێکەسەکانی جیهان

## بڕگەی یەکەم

## کوردستانی شەڕلێدراو

لە دوایین مانگەکانی ١٩٧٩دا، دەهەزارکەس لەکوردستان کوژرابوون، شەڕ ئەو وڵاتەی تازیەبارکردبوو بەڵام ئەرتەش هێشتا درێژەی بە هێرشەکانی دەدا. قاسملووو هاوکارەکانی لە شارەکان وەدەرکەوتن‌و بەرەو چیاکان ڕۆیشتن. حدک ڕێگایەکی دوورودرێژی بڕی‌و هەتا ساڵی ١٩٨١، ڕێبەرەکانی حیزب لە شوێنێک نیشتەجێ بوون کە پێیان دەگوت «دۆڵی دێموکراتی».

هێلین کرۆلیچ، کە ماوەی حەوت مانگان لەوێندەرێ بووە، دەیگوت: « کارێکی یەکجار دژوار بوو. حیزب لە هەموو گوندێک خوێندنگەی دروست کردبوون‌و خەڵکی فێری خوێندنەوەو نووسین دەکرد. ساڵی١٩٨١نەخۆشخانەی دروست کردو لەنێو کێووشاخەکاندا تەنانەت بەندیخانەشیان ساز کردبوو».

ساڵی ١٩٨٢، کاتێک حدکا سەر لەنوێ پاشەکشەی کرد، هێلین کرۆلیچ گەڕایەوە [ئوورووپا] و دەیگوت: « بەچاوی خۆم دیتم چۆن ئەو دۆڵەیان بەجێ هێشت‌و چوونە دۆڵێکی دیکە«. وردەوردە لەودیوی سنوور لەمەڵبەندە کوردنشینەکەی عێراق نیشتەجێ بوون‌و لە ساڵی ١٩٨٤ـەوە لەو شوێنانە ماونەتەوە.

کاتێک پاشەکشەکە دەستی پێ‌کرد، قاسملوو بە دۆستە فەرانسەییەکانی گوت پێویستیی بە پزیشک و کەرەسەی دەرمانی هەیە. لە پاریس کەنداڵ نەزان دەستی کرد بە کۆکردنەوەی یارمەتییە مرۆییەکان‌و سێ تاقم لە پزیشکەکانیش ئامادەبوون بچنە کوردستان کە بریتی بوون لە ئێدمێدیکاڵ ئینترناسیۆناڵ (AMI). مێدیسەن دوموند (MDM) پزیشکانی جیهان‌و مێدیسەن سان فرانتییە (MSF)، پزیشکانی بێ‌سنوور بە درێژایی چەند ساڵ بێ ئەزموونیی کوردەکانیان لە شەڕدا بەجوانی بۆ دەرکەوتبوو.

یەکەمین تاقمی پزیشکە خۆبەخشەکان ژانویەی ١٩٨١ بە ڕێگەی تورکیەدا هاتن‌و بە کێوەکانی باکووری کوردستانداو بە پێیان، بە پازدە ڕۆژان گەیشتنە «دۆڵی دێموکراتی» لە باشووری پیرانشار. دوکتور فرێدریک تیسۆ بەرپرس بووو ماوەی چەند مانگ بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەک لە شنۆیە یارمەتیی حدکای دا. هێندەی پێ نەچوو، دوکتور فلۆرانس ویبێریش هات.

بەڵام، پزیشکو پەرستکارەکان تووشی گیروگرفتێکی زۆر ببوون. یەکەمین تاقمێکی بە تورکیەدا گەڕانەوە گیران‌و بۆماوەی هەشت مانگ لە بەندیخانە ڕاگیران. لە ئاکامدا مێدیسەن سان فرانتییە کەسی دیکەی نەنارد، چونکە تەنیا ڕێگەیەکی هەیان بوو بە تورکیەدا بوو. کارمەندانی نەخۆشخانە نەیان دەتوانی بە بەغداش دا بڕۆن چونکە شەڕ دەگەڵ ئێران تازە دەستی پێ‌کردبوو.

میشێل بۆنۆ، پزیشکی ئێدمیدیکاڵ ئەنتێرناسیۆنال دەی گێڕایەوە: بەدزی سەفەری کردوەو دەواو دەرمانی دەگەڵ خۆی بردوە. بە فێڵ‌و تەڵەکەی ڕێنوێنێک توانیبووی لە دەستی پاسدارەکانی سەرسنوور ڕزگار بێ. بە پازدە ڕۆژان بە پێیان گەیبووە سکرتاریای حیزب، ئەوە کارێکی هاسان نەبوو. پۆلیسی تورکیە تاقمێکی سەر بە مێدیسەن سان فرانتییەیان گرتبوون. یەکێک لە ژنە دوکتۆرەکانیان بە هێندێک نووسراوەی پرۆپاگەندە لە دژی تورکیەوە گرتبووو دابوویان بە دادگایەکی غەیرە سەربازی. ئەمە وەک شتێکی زۆر جیددی لەقەڵەم درا، چونکە لە ساڵی ١٩٨١ بەم لاوە، تورکیە لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمێکی سەربازیدا بوو. لە ئاکامدا ناوبراویان نارده دادگایەکی سەربازی.

پزیشکێکی دیکەی‌ئێدمێدیکاڵ ئەنترناسیۆنال کە دەگەڕایەوە پاریس، گیرا. بەڵام ئەو ڕێکخراوە دووسێ کەسی ناردن بۆ تورکیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. ئەودووکەسە چوونە لای دادوەرێکی سیویل (غەیرە نیزامی) و پێیان سەلماند کە دەبێ ڕابگەیەنێ سەلاحییەتی

راگەیشتن بەو بابەتەی هەیەو نابێ ئەو پزیشکە بە دادگایەکی سەربازی بسپێرن. بەم جۆرە، دوای پازدە رۆژ، پزیشکەکە ئازاد کرا. بەڵام ئەو رێکخراوە دەرمانییە هیچ رێگایەکی نەبوو فلۆرانس وێبێرو فریدریک تیسۆ لەو گیروگرفتانە ئاگادار بکا، چونکە هەر لەو رۆژانەدا دەیانەویست بە رێگەی تورکیەدا لە کوردستانەوە بگەڕێنەوە بۆ ئورووپا.

کاتێک قاسملوو لە بارودۆخەکە ئاگادار کرا، داوای [لە دەوڵەتی عێراق] کرد رێگا بەو دوو پزیشکە فەرانسەییە بدا بە رێگەی بەغدادا بگەڕێنەوە. قاسملوو ئەو رێگە شاراوەیەی بۆ هاتوچۆی خۆی تەرخان کردبووو ئەو داخوازەی بوو بە هۆی ئەوە پێوەندییەکەی دەگەڵ رێژیمی عێراق ئاشکرا بێ.

بۆنۆ دەی گێڕایەوە دەیگوت: « تورکەکان دەیان زانی پزیشکە فەرانسەییەکان بە تورکیەدا هاتوچوو دەکەن. بۆیە بڕیارمان دا پزیشکە ئەڵمانییەکان دامەزرێنین. ئەڵمانییەکان هەروەک تۆ بڵێی توریستن (گەڕیدەن) و دەچنە ڕاوە ماسی، لەنێو ئامرازەکانی ماسیگرتندا هێندێک بەڵگەو شتی لەو بابەتەیان بۆ پێشمەرگەکان دەشاردەوەو بە شێوەیەک دەڕۆیشتن کە هەموو کەس پێی وابوو راوچیی ماسیی قزل ئالان.

قاسملوو بەپێکەنینەوەگوتی:»زۆرخۆشە! بەم کارلێهاتووییەوە دڵنیام هەمیشە دوکتۆری فەرانسەییمان دەبن».

فلۆرانس وێبێر دەیگوت: « پێوەندییەکەمان دەگەڵ کوردەکان راست بەم شێوەیە بوو. ئەو هەمیشە بە شۆخیو بە کەمێک لاتاوی خۆشو هەست بزوێنەوە قسەی دەکردن».

قاسملوو بە گەرمی پێشوازیی لە تیسۆ کرد. ئەو پزیشکە بۆی دەرکەوت قاسملوو« لەخۆی، لە خەباتەکەی، لە تێکۆشانە سیاسییەکەیو لە پشتیوانیی گەلی کورد بە تەواوی ئەرخەیانە».

ئەگەر ئەمە راست بێ گژەبای شەڕ خەریک بوو دەست پێ بکا، بەڵام، ئەو قۆناخە لە رۆژەکانی دواتر زۆر باشتر بوو. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨١و ١٩٨٢دا، کوردەکان بەشێکی گەورەیان لەو مەڵبەندە لەژێر کۆنترۆڵدا بووو بارودۆخە سیاسیو سەربازییەکە بۆ وان زۆر لەبار بوو. بەرێوەبەرییەکی باشی فەرمانگەکانیان دامەزراندبووو پزیشکەکانیش گوڕوتینێکی زۆریان لەنێو ئەندامانی حدکادا هەست پێدەکردو خەڵکەکەش بە تەواوی پێی شادو دڵخۆش بوون.

کەشوهەوایەکیخۆشو سەرسوڕهێن باڵی بەسەر سکرتاریای حیزبدا کێشابوو. هەمووشتێک پاک وخاوێن بووو هەموو کەس بەکەیف بوو. رەحمان[ قاسملوو] بەو زانیارییەی لە بارەی ئەدەبیاتی فەڕانسەدا هەیبووو بە شێوەی بیروبڕوای لەبارەی سیاسەتی کوردان، فارسانو تورکانو هەروەها لە بارەی سیاسەتی فەرانسەوە، هەموومانی سەرسوڕماو کردبوو.

لە سەفەرێک بۆ شاری بانەدا، تیسۆ بۆی دەرکەوت قاسملوو «وا دەهاتە بەرچاوان وەک بڵێی چارەنووسی گەلی کورد دەنێو دڵو دەروونیدایە. هەرکات لە بنکەیەکی پێشمەرگەکان دادەبەزیین، پێشمەرگەکان هەروەک نوێنەری ویستو ئاواتەکانی گەلی کورد پێشوازییان لێ دەکرد. پیاوێکی یەگجار زانا بووو لە بواری گوێدان بە ڕوانگەو بیروبڕوای کەسانی دیکەوە زۆر بە حەوسەلە بوو. جێگەی هیوای هەموو کەس بووو هەمووش لەسەر ئەو بڕوایە بوون تەنیا ئەو دەتوانێ کێشەکان چارەسەر بکا. ئەو بەتەواوی لەو راستییانە گەیشتبوو بەڵام نەیدەتوانی ئۆرگانیزاسیۆنێک پێک بێنێ کە بتوانێ جێگای بگرێتەوە. هەرچەند قاسملوو بۆخۆشی ئەو راستییەی قبووڵ بوو کە دەبێ کارێکی ئەوتۆ بکرێ، بەڵام دەیگوت بەڕادەی پێویست کادریان نیە«.

ئەم هەلومەرجە بەقازانجی یەکگرتوویی حیزبەکە نەبوو، هەلومەرجێک کە هێندێک جاردەبوو بە هۆی پێکهاتنی ریزە ناکۆکییەکی زۆر جیددی. ئەو ناکۆکییانە زیاتر لە بارەی وتوویژ دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیو پێوەندی دەگەڵ رێکخراوی کۆمەڵەو چەپئاژۆکانو هەروەها لە پێوەندی دەگەڵ ستراتیژیی چەکدارانەی حیزبدا سەری هەڵ دەدا.

قاسملوو ساڵی ١٩٨٣ وتووێژی دەگەڵ کریستیان دوبۆی سەر بەرۆژنامەیلوێ  ئێکسپریس کردبووو گوتبووی: « ئەوان سەرکۆنەیان دەکردمو دەیانگوت پێیان وایە بە بڕوای من دێموکراسی پێش هەموو شتێکە. هەڤاڵەکانم پێیان وابوو ئەوە بیانوویەکە بۆ ئەوەی ـ بە تایبەتی لەسەردەمی شەڕدا ـ بە جیددی دەست بەکار نەبم، بەڵام بۆخۆم لەسەر ئەو بڕوایەم ئەوە بە تەواوی بە پێچەوانەیە».

ئەو کەسەی وەک ڕێنوێن دەگەڵ ڕۆژنامەوانەکە بوو بۆی ڕوون کردەوەو پێیگوت: « دێموکراسیی حیزبەکەمان شێوەیەک شەڕ لە دژی چەشنێک ئاژاوەو لێکدابڕانە کە لەنێو گەلی کورددا هەیە. هەرکەس پێی وایە بۆخۆی قارەمانێکە، بەڵام هەموویان پێویستییان بە خوێندنگە سەربازییەکانی ئێمە هەیە بۆ ئەوەی چالاکییەکانیان هاوئاهەنگ کەنو ئەم ستراتیژییە فێر بنو هێزی خۆیان لەدژی سەدوسیهەزار، بگرە سەدوپەنجا هەزار سەربازی ئێرانی وەگەڕ خەن کە لە دژی ئێمە وەخۆیان خستوون».

لەنێوان قاسملووو سادق شەرەفکەندیدا هێندێک جیاوازی هەبوو. ناوبراو دوای تێرۆری قاسملوو دەبوو جێگەی بگرێتەوە. ویێبر لەسەر ئەو بڕوایەیە کە « دۆستایەتییەکو ڕێزگرتنێکی دوولایەنەیان لە نێواندا هەبوو، بەڵام جیاوازییەکی زۆریشیان هەبوو کە جاروبار سەری هەڵدەدا» .

سیاسەتەکانی قاسملوو لە بواری شەڕی چەکدارانەدا دەکەوتنە بەر ڕەخنەلێگرتنو هێندێک کەس دەیانگوت لە بەرامبەر کوژرانیهێندێک لەفەرماندەرەکانیهێزە چەکدارەکاندا خەتابارە. ئەمە دەتوانێ یەکێک لە هۆیەکانی لێکدابڕانێک بێ کە ژانویەی ١٩٨٨ لەنێو حیزبەکەدا ڕوویدا.

تیسۆ دەیگوت: « تەنانەت ئەو کەسانەش کە لە حیزب دابڕان پێیان وابوو تەنیا هەرئەو ڕێبەرە. ئەو باش دەی زانی هەڵوێستەکەی چارەنووسێکی مێژووییەو ئەگەرچی هیچ پێی خۆش نەبوو ببێتە دیکتاتور، بەڵام، ئەوەی ڕاست بێ، هێندێک هەڵوێستی توندوتیژی دەگرتن. لە وتووێژ دەگەڵ ئەندامانی دەفتەری سیاسیو دەگەڵ فەرماندەرەکاندا، زۆرجار دەمدی ڕاست وەک دیکتاتۆران هەڵسوکەوتی دەکرد. سەرەڕای ئەوەش هەرگیز تووڕەیی توندوتیژم پێوە نەدی... بەڵام، بەڵێ جاروباریش کە دەیدی ئاودەستەکە یا پەرداخێک پیسە، تووڕە دەبوو. لەوجۆرە کاتانەدا دەیگوت، خۆ ئێرەماڵی ئاژەڵە کێوییان نیە«.

قاسملوو پێش هەمووشتێک بۆ کەسانی دەوروبەری مامۆستای فێرکاری بوو. بۆ وێنە، بۆنۆ دەی گێڕایەوە هەرگیز نەی دەویست بۆ ئاورکردنەوەیەک داران ببڕن و دەیگوت لێڕەوارەکانی کوردستان شتێکی یەگجار گرنگن.

ڕۆژێک لەرۆژان چاومان بە جێپێی ورچێکو بێچووە ورچێک کەوتو قاسملوو پێی گوتن « هەرکەس ئەو ورچەی بکوژێ،... لەبیرم نەماوە چ هەڕەشەیەکی لێ کردن. بۆیە هیچ کەس نەیوێرا ورچەکە بکوژێ».

تیسۆ لەسەر ئەو بڕوایەیەکە قاسملوو بە شێوەیەکی پۆزێتیڤو بنیاتنەرانە دەگەڵ کەسانی دیکە هەڵسوکەوتی دەکردو لەم بارەیەوە هەتا ئەوڕادەیە دەچووە پێش کە کوردەکانی دەوروبەری « ڕەوشتی پڕ لە هەستی خۆشەویستییەکەی لە قسەکردنو وتووێژەکانی لێ فێر بن، ئەوەش تایبەتمەندییەک بوو کە زۆرکەس لە کوردە عێراقییەکان نەیانبوو».

قاسملوو زۆرجار جەختی لەسەر هەڵسوکەوتی نەرم دەگەڵ خەڵک دادەنا. بۆوێنە، ڕێگەی بە تاقمە مائۆئیستەکانی کۆمەڵە دەدا بە ئازادی بە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی حدکادا هاتوچوو بکەن. کۆمەڵە تاقمێکی دەمارگرژ بوون  کە پەیرەوییان لە بیروبڕوایەکی لەباوکەوتوو دەکرد. حدکا ڕێگەی پێ دابوون کە بەسەر کەمپەکانی خۆیان ڕابگەنو بەوجۆرەی قاسملوو دەیگوت «لە هەوڵی ئەوەدا بوون بە هەڵەو نابەجێو لەدەرەوەڕا ڕیفۆرمی زەویوزار بەڕێوە بەرن. ئەوانە خەبات ناکەن. کەسانی زاناو بەئاوەزی خەڵکی تارانن».

کۆمەڵە ڕێکخراوێک بوو لە گرووپێک کادری چینی ماماوەندیو شارنشین پێک هاتبوو ژمارەی لایەنگرانی لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا شتێکی وا نەبوو کەمئەزموونیش بوون. ڕێبەرەکەیان عەبدوڵڵا موهتەدی بوو. بەبڕوای ئەوان گرنگترین بناخە بیروبڕوا مارکسیست ـ لنینیستییەکەیان بووو بۆوان، کوردبوون لە پلەی دووهەمدا بوو.

قاسملوو لە بەرامبەر هەڤاڵە توودەییەکانی ڕابردووشیدا هەر بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی دەکرد، ئەو تودەییانەکە سەردەمی «مانگی هەنگوین»یان دەگەڵ ئیسلامییە بناژۆکان بە شێوەیەکی ناخۆش تەواو ببوو.

لەحاڵێکدا تودەییەکان خومەینییان وەک برای خۆیان چاو لێ دەکرد، رادیۆ موسکۆ کوردەکانی وەک « ئامرازی دەستی ئیمپریالیزم» دەناساند. بەڵام کاتێک تاران بە شێوەیەکی توندوتیژ هێرشی کردە سەر حیزبی کۆمونیستو بە سەدان توودەیی گرتنو تیرەبارانی کردن، رادیۆ موسکۆ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دەستی کرد بە ڕێزگرتن لە «داخوازە رەواکانی کوردەکان».

بەبڕوای قاسملوو، کە لە سەردەمی لاوەتییەوە کەوتبووە ژێر کاریگەریی مارکسیزم ـ لێنینیزمەوە، ئەم جۆرە بیروبڕوایانە ئیدی بایەخێکیان نەمابوو. لە پێشەکیی کتێبەکەیدا، کە ساڵی ١٩٦٥ نووسیویەتی، بەڕوونی بە خوێنەرانی راگەیاندوە کە ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی ئابووریو سیاسییە کە « لەژێر رووناکایی تیئۆرییەکانی مارکسیستی ـ لێنینیستیدا» نووسراوە . بیست ساڵ دواتر ڕێگەی خۆی گۆڕیو بوو بە سۆسیال دێموکراتێکی کەم وێنە.

لەو ڕۆژانەدا، کوردەکان زۆر بەوردی سەرنجیان دەدایە رووداوەکانی ئەفغانستان ـ وڵاتێک کە بە سنوورێکی دووروودرێژەوە دەگەڵ ئێران، کەوتبووە ژێر هێرشی ئەرتەشی سۆڤییەتەوە. لە وتوێژێک دەگەڵ بۆنۆدا، قاسملوو گوتی پارتیزانە ئەفغانییەکان گەلێک کۆنەپەرستی توندوتیژن. بۆنۆ هەڵ بەزییەوەو زۆر بەتوندی رەخنەی لە قسەکانی گرت.

قاسملوو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: « هێرشی شوورەوی بۆسەر ئەفغانستان مەحکووم دەکەم... بەڵام نامەوێ زۆر بە ئاشکرا ئەوە بڵێم».

بۆنۆ دەیگێڕایەوە: « قاسملوو بە مەبەستی روونکردنەوەیەک دەیگوت بەشی زۆری کادرەکانی، لانیکەم لە هەرسێکەسان دووکەس، بەبیروبڕوای حیزبی توودە پەروەردە کراون. بۆیە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە شێوەی فکروبیریاندا کارێکی هاسان نیە. هەروەها باش دەی زانی کومونیزم بۆ وەرزێرو جووتیارە کوردەکان نابێ... بەڵام، پێی وابوو دەبێ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیو سیاسی وردەوردە پێک بێ».

دوکتۆر بێرنارد گرانژۆن، کە پاش مردنی قاسملوو گەڕابۆوە کوردستان، دەیگوت پەرستارێک بەناوی ژۆرژیا خوشکێکی هەبوو کە لایەنگری ترۆتسکی بوو، جارێکیان بە قاسملووی گوتبوو حدکا حیزبێکی «بۆرژوایی»یە. قاسملووش لە جیاتی ئەوەی وەک هەمیشە بە گاڵتە وەڵامی بداتەوە، لە حاڵێکدا سەردەمی رابردووی وەبیر هاتبۆوە، زۆر بە جیدی گوتبووی: «سەردەمی لاوەتیم وەبیر دێنیەوە. بڕوام بەهەموو ئەو شتانە هەبوو کە دەیانڵێی. بەڵام ئێستا ئیدی بڕوام پێی نیە».

بەتاڵاییەکی دیکەی ئیدئۆلۆژیکی لە وجوودیدا هەبوو. دەیگوت ڕۆژێک لەرۆژان ڕۆژنامەنووسێک پێی گوتم، « ئەتۆ هەمیشە لەبارەی دێموکراسییەوە قسە دەکەی. ئەرێ ئەوە یانی چی؟ ئەرێ ئەتۆ لەبارەی دێموکراسی بۆ کۆمەڵانی خەڵکەوە قسە دەکەی یان دێمۆکراسیی سەرمایەداری؟».

قاسملوو لە وەڵامدا گوتبووی: «دێموکراسیو هیچیدی».

ژورنالیستەکە بەتوندی گوتی: « ئەمە هیچ واتایەکی نیە. ئەتۆ دەگەڵ خەباتی چینایەتی هەی؟».

لە وەڵامدا قاسملوو پرسی: « کێباسی خەباتی چینایەتیی کردوە؟ ئەوە مارکس بوو. بەڵام لەکوێ؟» ئەویش وەڵامی دایەوە: «لە داس کاپیتاڵدا».

قاسملوو بەمجۆرە کۆتایی بە قسەکانی هێناو گوتی: «بەراستیتە؟ ئەگەر پێت خۆش بێ، دەتوانین ئەو قسانەمان شەوێ درێژە پێبدەین. ئێستا کارم هەیەو بەپەلەم. بەڵام، تکایە بۆم روون بکەوە لەکام بەشی داسکاپیتاڵدا باسی خەباتی چینایەتیی کردوە».

شەوێ، کابرای ڕۆژنامەنووس پێی گوت ماوەیەکی دووروودرێژ بەدوای ئەوبابەتەدا گەڕاوەو هیچی وەدەست نەکەوتوە. هەروەها گوتیشی لە هیچ جێگەیەک باسێک لە خەباتی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری لە داس کاپیتاڵدا نەکراوە.

بەشکو گومان لێیان پرسی: « کەوابوو ئەو لە کام بەشی داس کاپیتاڵدا باسی خەباتی چینایەتیی کردوە؟»

قاسملوو لەکۆتاییداگوتی: « مارکس هەرگیزلە داس کاپیتاڵدا باسی خەباتی چینایەتیی نەکردوە. لەکۆتاییەکانی ژیانیو لە وتارێکدا لەو بارەیەوە نووسیویەتیو ئەگەر ئێوە بەڕاستی مارکسیست بن، ناتوانن لەبارەی خەباتی چینایەتییەوە قسان بکەن.

سالّی ١٩٨٢، له كۆبوونەوەیەكی حدكادا بەشدار بوو كه بۆ پاراستنی له هەرچەشنه مەترسییەک له شوێنێكی نەناسراو بەرێوه چوو. « شوێنێكی نیوه ژێرزەمین و خانووبەرەیەكی گەوره بوو. لەوه دەترسان بكەونه ژێر تۆپبارانی هێلیكۆتێرانەوه. هێندێک بەڵگەیان له بارەی خۆراگریی ڤیەتنامییەكانی باكوور له بەرامبەر هێزەكانی ئەمریكادا پیشانی بەشدارەكان دەدان كه كۆنو كەم بایەخ بوون. قاسملوو بڕوای بەو شتانه نەبوو بەڵام ناچار بوو قبوڵیان بكا. كاتێک دەستی به قسان دەكرد جیددی بوو، بەڵام توندوتیژ نەبوو. ئەمه ڕاستییەكی حاشا هەڵنەگره، ئەو پریستیژی حدكای بەرز كردەوه. بۆچی‌نا؟ حدكا لەسەرەتادا حیزبێكی ماركسیست ـ لێنینیستی بووو، قاسملوو باش دەیزانی ئەم فەلسەفه سیاسییه بۆ كوردستان نابێ. ئاخرین بیروبڕوایەكی بناخەیی كه له كوردستان هێنایەگۆڕێ سۆسیال دێموكراسی بوو. له كوردستان هیچ چینێكی كرێكار لەگۆڕێدا نیه».

سالّی ١٩٨١، پزیشكەكانی یارمەتیدەری دەرمانی دەگەڵ قاسملوو چوونه شاری بانه كه له نزیک بەرەی شەڕی كوردەكانو دەوڵەتی ئێران بوو.

«ڕێبەرێكی بەڕێزو لەسەرەخۆ بووو دەگەڵ فەرماندەرەكان دەچوو بۆ بەرەی شەڕ. هێندێک كەس زۆرجاران پێیان دەگوت دەبێ ئاگای لەخۆی بێو به پارێزەوه هەڵسوكەوت بكا».

زۆركەس بۆی نیگەران بوون. قاسملوو بۆ تیسۆی دەگێڕایەوه كه ڕۆژێک شەڕوهەڵلایەكی زۆر له نزیک ماڵەكەی سەری هەڵ دابوو. قاسملووش به تفەنگەوەو به پەله له ماڵەكەی وەدەركەوت. له دەرێ چەند ژنێک ڕاوەستابوون. یەكێک له ژنەكان لێی هاته پێش‌و بەشێوەیەكی توندوتیژ ئێخەی كراسەكەی دادڕی‌و پێی گوت: « ئەتۆ نابێ بچی؛ ئەتۆ گەورەترین پەناگای هیواوهومێدمانی».

بۆنۆ یەكێک له سێهەمین تاقمی پزیشكه فەرانسەییەكانو یەكەمین كەس بوو كه له ڕێگەی بەغداوه هاتبوو.» پۆلیسی سیاسی هەڵی گرتین‌و بردینی بۆ هوتێلێک. دوای سێ‌ڕۆژان سواری ماشێنێكیان كردین كه شووشەی پەنجەرەكانی ڕەش بوون‌و نەمان دەتوانی هیچ شتێک له دەرەوه ببینین. بردیانین بۆلای سنوور، یان باشتره بڵێم ناوچەكانی بێ‌لایەن‌و لەوێ قاسملووو خەباتگێڕەكانی وەریان گرتین. لەوێ هەرزۆر زوو هەوا گۆڕاو پاش دوازده ڕۆژان گەیشتینه نەخۆشخانەكه».

« دوایه گەیشتینه دەبیرخانەی. دۆڵێک بوو نەت دەتوانی هیچ شتێک ببینی. دەرگاكان هۆده چكۆلەكانیان داپۆشیبوو كه له نێو كێوەكاندا شاردرابوونەوه. هەموو هۆدەكانی شوێنی كار لەژێر تەپۆڵكەكانداو یەكجار سارد بوون. ئێسترەكانمان دەگەڵ دەرمان‌و ئامرازه پزیشكییەكان بەجێ هێشتن، چونكه بەڕادەیەک بەفر باریبوو كه نەدەكرا بیانبەین».

« وردەورده كەسایەتیی قاسملووم بۆ دەركەوت. میوانخانەیەكی پڕ له كتێبی لاپلیاد [كۆلێكسیۆنێكی گەورەی ئەدەبیاتی جیهان بەفەڕانسەیی] ی هەبوو؛ بەڕاستی سەرسوڕهێن بوو. كتێبخانەكەی پڕ له ئەدەبیاتی بیانی بوو. بەحەوت زمانان قسەی دەكرد. لەبارەی فەرهەنگو نەریتی وڵاتانەوه ئاگادارییەكی یەكجار زۆری هەبوو. تاقه حەمامێكی چكۆلەی هەبووو ڕێگەی بەكەس نەدەدا خۆی لێ بشوا. لەسەر میچەكەی ئاوریان دەكردەوەو بۆ ئەوەی ئاوی دووشەكه گەرم بێ.

سادق شەرەفكەندی ـ دوكتۆری شیمی‌و نەفەری دووهەم له حیزبدا ـ و قاسملوو بەیەكەوه بوون. شەرەفكەندی بەرپرسی پێشمەرگەكان بوو. بۆنۆ دەیگوت: « ئەو پیاوێكی سەختگیر بوو. قاسملوو پیاوێكی سیاسەتوان‌و بەتەگبیر بوو. بەڵام ڕێكوپێكیی ڕێكخراوەكانی حیزب لەژێردەستی سەعیددا بوو. كاتێک هێزەكانی حیزب له بەرەی شەڕ لەژێر تەوژمی بێ‌پسانەوەی سەربازەكانی ڕێژیمدا شكستیان دەخوارد، وام پێ‌باشتر بوو سەعید لەوەزعەكه ئاگادارم كا، چونكه قاسملوو هەمیشه لەهەوڵی ئەوەدا بوو دڵخۆشم كا. سەعید ڕاستو ڕەوان قسەی خۆی دەكرد بەڵام، قاسملوو پیاوێكی سیاسیی به نفووز بوو».

شەرەفكەندی دەی‌گێڕایەوه: « هەركات دوكتۆر قاسملوو پێی گوتبام ماندووه یان نەخۆشه، لەبەر ئەوه بوو دەیەویست موتاڵا بكا. موتۆرێكی‌كارەبای هەبووو دەی‌توانی شەوانه هەتا درەنگانێک خەریكی كاری خۆی بێ. زۆركەم دەنوست. موتاڵا بۆ وی كارێكی خۆش بووو زۆر خێراش بابەتی دەخوێندنەوه. مۆسیقای كلاسیكی پێ خۆش بوو، بێتهۆڤین‌و موزارت ـ هەروەها مۆسیقای كوردی‌و فارسی. له

سەرەتادا بەرنامەیەکمان بۆ کارەکانمان نەبوو، بەڵام وردەوردە بەرنامەیەکی بەسەردا سەپاندین‌و بەم شێوەیە بەتایبەتی دوای نیوەڕۆیان‌و شەوانەش دوای نانخواردن، کات‌و دەرفەتی پێویستی بۆ موتاڵا پێک هێنا. داواشی کرد مەگەر کارێکی ئۆرژانس بێتە پێش، دەنا نابێ موزاحیمی بن. هەروەها ڕۆژەکانی هەینی‌و پشوودانەکان خەریکی حەسانەوە دەبوو.

قاسملوو دەگەڵ ژێردەستەکانی لە ساڵۆنی دەفتەری سیاسی نانی دەخوارد. بۆنۆ دەیگوت: « هەر وەکوو ئەوانی دیکە شتی فەقیرانەی دەخوارد.» پیاوێکی خاکەڕاو بە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤێکی‌ڕاستەقینەوە بوو. دەگەڵ ژێردەستەکانی خۆی بەڕاشکاوی قسەی دەکردو هیچ پێویستیی بە دەستووردانی توندوتیژ نەبوو، نزیکەی دوازدە هەزار پێشمەرگەی هەبوون کە بەتەواوی گیرۆدەی ڕێبەرەکەیان بوون.زۆربەی پێشمەرگەکان لە بنەماڵەی وەرزێران‌و خەڵکی دێهاتی بوون. هەرکات بۆنۆ دەگەڕایەوە بۆ کوردستان، باشترین شەڕابی دەگەڵ خۆی دەهێنا.کاتێک قاسملوو بەخێرهاتنەوەی دەکرد، یەکەم شتێکی کە بە بزەوە لێی دەپرسی ئەوە بوو: «چت هێناوە؟»

ئەمە دابونەریتێکی یەگجارجوان بوو.ئەو ڕۆژە لە شوێنێکی ساکار لە نێو کێوەکاندا کە زیاتر لە دووهەزار میتر بەرز بوو، باشترین شەڕابی فەڕانسەییان خواردەوە.

# بڕگەی دووەم
# پێوەندیی فەڕانسەیی

ڕۆژێک لە ڕۆژان قاسملوو بە شێوەی نهێنی بە بۆنۆی گوت زۆر نیگەرانە چونکە حیزبی‌کۆمونیستی عێراق چەند کەسێکی بە بارمتە گرتوە. قاسملوو دژی تێرۆریزم‌و بەبارمتە گرتنی ئەم‌و ئەو بوو. کەمێک دواتر، بۆنۆ دیتی چەند کوردێک لە ماڵەکەی قاسملوو وەدەرکەوتن. « زۆر لەبار نەبوون. تەنانەت سلاویشیان نەکرد. ئەم شێوەکارە لە نێو حدکادا باو نیە. ئەو کوردانە سەر بە حیزبی کومونیستی عێراق بوون. قاسملوو بانگی کردبوون پێیان بڵێ دژی ئەوجۆرە کارانەیە».

دوکتور بۆنۆ زۆرجار بەتەنیشت ناوەندی(حیزبی کومونیستی عێراق) دا دەڕۆیشت، چونکە دەیزانی بارمتەکان لەوێن. ڕۆژێک، بێ‌ئەوەی چاوەڕوانی ڕێنوێنەکەی بێ، بۆلای ناوەندەکە چووە پێش. «کومونیستەکان هەروەک کابرایەکی شێت چاویان لێ کردم‌و گوتیان ئەتۆ کێی؟» گوتم: «فەرانسەییم». سەرم وەرسووڕاندو دەستم بۆلای پێشمەرگەکانی حیزب ڕاداشت‌و بەوانیشم گوت، دێموکرات، قاسملوو. ئەوانیش ڕێگەیان داین بڕۆین. دوای ئەورۆژە نامەو بەستەکانی پۆستیمان بۆ بارمتەکان دەبرد».

تووڕەبوونی فەرانسە تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو کە هاونیشتمانە فەرانسەییەکانیان لە عێراق بە بارمتە گرتبوو. لە حاڵێکدا ئەمریکا دەگەڵ ئێران پێوەندیی دۆستانەی هەبوو، فەرانسەش دەگەڵ عێراق نێوانی خۆش بوو. کاتێک لە ساڵی ١٩٨١دا، هێزی هەوایی ئیسرائیل پرۆژە ئەتۆمییەکەی ئوسیراکی، کە کەوتبووە باشووری بەغدا، بۆمباران کرد، ئەو پرۆژەیان لەنێو برد کە بە سەرمایەو بەدەستی کارناسە فەننییەکانی فەرانسە دروست کرابوو. بەهۆی پێوەندییەکی دۆستانەی نێوان فەرانسەو عێراق نزیکەی حەوت هەزار کارناسی فەننی لە عێراق کاریان دەکرد. کومونیستەکان دووکەس لە ئەندازیارەکانیان بە بارمتە گرتبوو.

بۆ پێوەندییە نێو نەتەوەییەکان هەلومەرجەکە زۆر ناسک بوو. لە فەرانسە، ئەنیس نەققاش، کە پیاوێکی بە فەرهەنگی لوبنانی بوو، کەوتبووە ژێر کاریگەریی شۆڕشی ئێران‌و خەریک بوو سەرۆک وەزیری پێشووی ئێران، شاپووری بەختیار بکوژێ. ناوبراو لە کارەکەیدا سەرنەکەوت، بەڵام لە ئاکامی ئەم کارەدا، دووکەس کوژران.

قاسملوو بە بۆنۆی گوت لەوە ئاگادارە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەیەویست ئەو دوو فەرانسەییە بە بارمتە گیراوە لە حیزبی کومونیستی عێراق «بکڕێ». تەنانەت وادەی چەکوچۆڵیشی پێ دابوون.

بۆنۆ لێی پرسی: « بۆچی ئەوەم پێ دەڵێی؟» قاسملوو هەر بزەیەکی هاتێ.

بۆنۆ وەک بیرەوەرییەک دەیگێڕایەوەو دەیگوت: « کاتێک چوومەوە پاریس، نەم دەزانی چ بکەم. کارم بۆ رێکخراوی NGO دەکرد کەرێکخراوێکی بێلایەن بوو.» بەڵام، بڕیاری داو تەلەفونی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە کردو گوتی: « پێم وایە داوام لێ کراوە پەیامێکتان بدەمێ».

پاریس لە رێگەی پەرویزەوە هەر زۆر زوو وتووێژی دەست پێ کرد. ناوبراو نوێنەرێکی نهێنیی حدکا لە پاریس بووو قەرار بوو دوای دوو رۆژان بەسەفەر بچێتە کوردستان. حیزبەکەی قاسملوو پێوەندیی نێوان دەوڵەتیفەرانسە بەبارمتە گیراوەکانی وەئەستۆ گرتبوو . ئاخرییەکەشی توانی بارمتەکان ئازاد بکا.

بەوحاڵەش، بەرێکردنیان بۆ دەرەوە کارێکی هاسان نەبوو. ئەندازیارەکان ناچار بوون بۆ ماوەیەک لەکوردستان بمێننەوەو بەهۆی جاڕزبوونیان، حدکایان بەوە تاوانبار دەکرد وەک بڵێی ئەوانی خستبێتە نێو زیندانەوە.

تیسۆ دەی هێنانەوە سەرەخۆو پێی دەگوتن: « ئێوە ئازادن».

بەڵام بڕوایان پێنەدەکرد. یەکێک لە دوکتۆرەکان دەیگێڕایەوە کاتێک ئەندازیارەکان ئازاد کران، یەکێکیان دەگەڵ دەفتەری سیاسی پێوەندیی گرت، بەڵام ئەوی دیکەیان تەنانەت سوپاسیشی لە حدکا نەکرد.

بۆنۆ دەیگوت: « قاسملوو بارمتەگیراوەکانی رزگار کردو کاربەدەستانی دەوڵەتی فەرانسەش لەم راستییە ئاگادار بوونو پێشم وایە دوای ئەوکارە رێگایان بە حدکا دا دەفتەرێک لە پاریس بکاتەوەو بیستو پێنج کەس لە بریندارەکانیهێنانە نەخۆشخانەکانی فەرانسە بۆ ئەوەی پێیان رابگەن. میدیسەن دومۆند نەخشی نێوبژیوانی دەگێڕا.

سۆسیالیستی فەرانسەیی ئالێن شنال، ئەوە تەواو بە ڕاست دەزانێ کە قاسملوو لەبەرامبەر ئازادکردنی بارمتەکاندا چەکوچۆڵی داوە بە لایەنەکەی دیکە، و لە هەلومەرجێکی دیکەی وەک ئەوەدا بەدانی پارەیەکی باش، کارەکەی جێبەجێ کردبوو. لە ئاکامدا، دەوڵەتی فەرانسە لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۸۱و ۱۹۸۲دا «بەجوانی بۆی دەرکەوت دەتوانن لە رێگەی قاسملووەوە وتووێژ بکەن».

پێوەندییەک کە لەنێوان قاسملووفەرانسەدا دامەزرا ئەوەندە پتەو بوو کە لە داهاتوودا بوو بە هۆی بەرەسمییەت ناسرانی «شورای ملی مقاومت» لەلایەن حیزبی سوسیالیستی فەرانسەوە. ئەو « شوورایە لەلایەن حدکاو سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران، بەنی سەدر، مەسعوود رەجەوی، رێبەری «سازمانی مجاهدین خلق»و ژمارەیەک لەو کەسایەتییە سیاسییانەوە کە لە تاراوگە دەژیان، دامەزرا. شنال دەیگوت: « کاتێک قاسملوو لە «شورا»کە هاتەدەر، ئێمەش هێندێک لێی دوور کەوتینەوە چونکە «شوورا» ببوو بە ئامرازێک بۆ پێهەڵگوتنی رەجەویو بە تەواوی لەژێر دەستی ئەودا بووو هەروەکوو ناوەندێکی ئاییینی لێ هاتبوو». شنال ئێستا لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەوڵەتی فەڕانسە لەکاتی سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێرانو پشتیوانیکردنی لە بەنی سەدردا هەڵەیەکی گەورەی کردبوو.

شنال بەڕوونی دەیگوت: «بەنی سەدرو لایەنگرەکانی بە کردەوە راست وەکوو ژاکۆبینەکان تاقمێکی تەواو دڵڕەق بوون».

لیۆنێل ژووسپەن سکرتێری گشتیی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسەو سەرۆک وەزیری دواتری ئەو وڵاتە دەگەڵ ئالێن شنال تەنیا سیاسەتوانانیفەرانسەو بگرە تەنیا سیاسەتوانانی ئورووپاییش بوون کە ساڵی ۱۹۸۰و بە شێوەی رەسمی چوونە تاران. لەوێ جەختیان لەسەر ئەوە دانابوو کە بەنی سەدرو کەسانی دەوروبەری کایەیان بە ئایندەی بەبارمتە گیراوە ئەمریکاییەکان دەکردو تەنیاوتەنیا لە فکری دەستکەوتە سیاسییەکانی خۆیاندا بوون. لەحاڵێکدا لەبەرامبەر فەرانسەییەکاندا هەڵسوکەوتێکی بەڕواڵەت مرۆڤدۆستانەیان لەخۆیان پێشان دەدا، بە شێوەیەکی تەواو درندانەو بەبێ هیچ چەشنە بەزەییپێداهاتنێک هێرشیان دەبردە سەر کوردەکان.

ئەو دوو سیاسەتوانە فەرانسەییە بە ئێرانییەکانیان گوتبوو لایەنگری شۆڕشن، بەڵام لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی کورددا تەواو نیگەران بوون. گیروگرفتی کوردەکان بە جۆرێک بوو ئەوانی هێنابووە سەر ئەو بڕوایە کە شۆڕشی ئێران بە شێوەیەکی یەکجار خراپو نالەبار دەچێتە پێش.

شنال دەڵێ: « لە سەرەتادا، ئێمە زانیارییەکی یەکجار کەممان لە بارەی کوردانەوە هەبوو. قاسملوو مرۆڤێکی بەتواناو دلۆڤانو درەوشاوە بوو. ئێمە هەر زۆرزوو پێوەندییەکی باشمان دەگەڵ دامەزراند. ژووسپەن بەتەواوی کەوتبووە ژێر تەئسیریەوەو تەنانەت کاتێک بوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی سۆسیالیست، هەروا سەری دوکتور قاسملووی دەدا ـ ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە زۆر بە کەمی پێشوازیی لەو کەسانە دەکرد کە پێشتر لە حیزبەکەیدا بەرپرسی بەشی جیهانی سێهەم بوونو زۆرجار دەگەڵ ئەوجۆرەکەسانە چاوپێکەوتنی دەبوو. بەڵام، دوکتور قاسملوو بۆ ئەو کەسایەتییەکی ناوازە بوو. بە تەواوی گیرۆدەی ببوو، لە بەرامبەریدا بەهەستێکی پڕلە خۆشەویستیو دۆستانەوە هەڵسوکەوتی دەکرد. هەمیشە لە بارەی ئەوەوە پرسیاری لێ دەکردم. بەتەواوی کەوتبووە ژێر تەئسیریەوە».

شنال زۆرباش لەوە ئاگادار بوو کە قاسملوو دەیەویست ڕێگایەک بۆ دامەزراندنی پێوەندییەک لەنێوان حدکاو حیزبی سۆسیالیستی فەرانسەدا بدۆزێتەوە. «دەتوانم بڵێم ئەمن ئەو پێوەندییەم بە حیزبەکەم قبوڵاند. لە ساڵەکانی دەیەی هەشتاوە، بە شێوەی ڕەسمی پێوەندیمان دەگەڵ حدکا هەبووو دوایەش دەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان. قاسملوومان بۆ هەموو کونگرەکانمان بانگ دەکردو ئێمە لەم بارەیەوە یەکەم حیزبی سۆسیالیستی ئورووپایی بووینو دوای ئێمەش سوئێدییەکان بوون. شتێکی لەو چەشنە بۆ کوردەکانی تورکیە نەهاتۆتە پێش، چونکە بارودۆخەکە لەوێ زۆر تێکەڵ پێکەڵە. بەڵام قاسملوو توانی پێویستیی ئەو پێوەندییە بە ئێمە بقبووڵێنێو هەمیشە پێوەندییەکەی دەگەڵ حیزبی سۆسیالیست بە ڕاشکاوی ڕادەگەیاند».

قاسملوو داوای لە سۆسیالیستەکانی فەرانسە کرد بۆ دامەزراندنی پێوەندیی حیزبەکەی دەگەڵ حیزبە سۆسیالیستەکانی دیکە یارمەتیی بدەنو لە ئاکامدا، پشتیوانیی فەرانسەییەکان، ئوتریشییەکانو سوئێدییەکانی وەدەست هێنابوو. لە ئەستەمبووڵ، تاڵەبانی داوای لێکردم پێوەندیی ئەو دەگەڵ حیزبی سۆسیالیستی ئیسپانیا دامەزرێنمو ئەمنیش بە ئێلێنا فلۆرێس ـ م ناساند. لە ئاکامدا لە کۆنگرەی ئەنتێر ناسیۆنال سۆسیالیست لە سوئێد، هەر سێکیان: تاڵەبانی، بارزانیو قاسملوو لەوێ بوونو خۆیان وەک بەرەیەک ناساند.» تەنانەت ڕێبەری لوبنانی وەلید جومبولات، کە لە باری ڕەگەزییەوە کوردە، دەگەڵیان بووو تەنیا کەسێک بوو کە لە بارەی پرسی کوردەوە قسەی کرد.

بەپێی زانیاریی شنال، حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە، لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی ٢١ی ژووئیەوە، یارمەتیی ماددیی بە حدکا دەکردو بورسی خوێندنی دەدا بە هێندێک لەخوێندکارە کوردەکان. «بەڵام قاسملوو هەرگیز داوای چەکوچۆڵو ئامرازەکانی پێویست بۆ ڕادیۆی لێ نەدەکردم. دەبێ سەرچاوەی دیکەی هەبووبێ».

فلۆرانس ویێبێر دەڵێ: «سەرەڕای ئەوانەش، قاسملوو هەرگیز نەی دەتوانی نوێنەرێکی هەمیشەیی لە فەڕانسە هەبێ».

ساڵی ١٩٨٥و لە شەڕی پێنج ساڵەی کەنداوداو لە ماوەی چەند مانگدا، حیزبەکەی تاڵەبانی، واتە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەیگوت: « بە بارمتە گرتنی ئەوجۆرەکەسانە ڕێگەیەکە بۆپێشاندانیئەو ڕاستییە بەو وڵاتانەیکۆمپانییەکانیان لەکوردستان کاردەکەن کە بوونی دەوڵەتی عێراق لەوێ شتێکی بەهەق نیە. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەوانەی لەسەرچاوەکانی نەوتی کوردستان بە قازانجی خۆیان کەلک وەردەگرن عەرەبو بیانیو ڕێژیمەکانی عێراقن. خەڵکەکەش هیچیان وەگیر ناکەوێ. ئێمە کە داکۆکی لەو خەڵکە دەکەین دەبێ چەکوچۆڵو تەقەمەنیمان هەبێ، چونکە لەدەرەوەڕا هیچ کەس یارمەتیمان نادا. بۆیە ئەو کۆمپانییانە دەبێ ناچار بکرێن شتێکمان بدەنێو ئەگەر وا نەکەن، ئێمەش خزمەتکارە مەدەنییەکانیان بە بارمتە دەگرین».

کاری بەبارمتەگرتن لەلایەن یەکیەتیی نیشتمانییەوە بە شێوەیەکی نەپساوە درێژەی هەبوو. تاڵەبانی هەروەها گوتی: «هەتا ئێستا بیستو پێنج کەس لە بە بارمتە گیراوەکانمان ئازاد کردوونو هێشتا یەکێکی خەڵکی کورەی باشوورمان هەروا ڕاگرتوە. بەڵام، هیواداریین هێندێک کەسی دیکەش بگرین».

# بڕگەی سێهەم
# هێرشی ئێران

پزیشکەکان خەریکی کاری خۆیان بوون. شەڕ تاڕادەیەک بەترسوخۆفەوە درێژەی پێدەدرا. پێشمەرگە بریندارەکانی حیزبو بریندارەکانی پاسدارەکانو سەربازەکانی ئەرتەشی ئێرانیان هەروا دەهێنانە نەخۆشخانەکە.

بۆنۆ دەی گێڕایەوە دەیگوت: زۆرباش لەبیرمە پاییزی ١٩٨٢، حدکا کۆنتڕۆڵی خۆی بەسەر بەرەی شەڕدا لەدەست دا، لەنزیک جادەی سەردەشت ـ پیرانشار، دووەمین نەخۆشخانەمان ساز کرد. هەمووە کارەکانمان تەواو کردنو ئەو ڕۆژەی تەواو بووین، بەرەی شەڕ لەبەر یەک هەڵ تەکابوو. هێرشکەرەکان خەڵکی گوندەکانی نزیک بەرەی شەڕیشیان وەبەر ڕێژنەی چەکەکانیان دابوو. ئەو نەخۆشخانەیەشمان لەدەست چوو. پێشمەرگەکان لە هەوڵیئەوەدا بوون لەبەرزاییەکانی ئەمبەرئەوبەری دۆڵەکە دامەزرێن. هێرشی پاسدارەکانم دەدی؛ چوارسەد کەسێک دەبوون. پێشمەرگەکان سێ قەبزە تۆپیان هەبووو هەروا جێگەی خۆیان دەگۆڕی بۆ ئەوەی پاسدارەکان پێیان وابێ ژمارەی پێشمەرگەکان لە ڕادەیەکی زۆردایە».

لەپڕ چەند کامیۆنی پڕ لە پێشمەرگە گەیشتنە جێ. یەکجار زور ڕێکوپێک بوون. بۆنۆ نەیدەزانی کێن. بۆیە پرسیاری کردو گوتی: « ئەوانە کێن؟ دێموکرات [حدکا] نین؟»

عەبدوڵڵا قادری شتەکەی بۆ ڕوون کردەوە: جەلال تاڵەبانی دووهەزار کەسی بۆ پشتیوانی کردن لە حدکا ناردبوو.

لەبەرئەوەی بەبڕوای بۆنۆ پێشمەرگە ئێرانییەکان «دێموکرات» بوون عێراقییەکان، پاسدارەکان،و تاڵەبانییەکانی ـ چەکدارەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ـ وەک پاسدار ناو دەبردن.

بۆنۆ زۆرباش لەبیری ماوە پێشمەرگەکانی تاڵەبانی بە شێوەیەکی دیکە شەڕیان دەکرد. ئەوان لێک کۆ دەبوونەوە، بەڵام خەباتگێڕانی حدکا بڵاو دەبوونەوە. بۆیە کاتێک بۆمبێک وەئەرزی دەکەوت، یەکیەتیی نیشتمانی بریندارێکی زۆرتری دەبوو.

بەپێی زانیاریی ڕۆژنامەوانی فەرانسەیی، کریستیان دوبۆی، کە ساڵی ١٩٨٣ چووبووە سکرتاریای حیزب، لە بەرامبەر هەر دە پاسداراندا، پێشمەرگەیەک دەکوژرا. « ئازادییەکی پیرۆزو جێگەی ڕێزی پێشمەرگەکان، نەک توندوتیژی... گیانی زۆر کەسانی دەپاراست؛ زیاتر لەوەی پێویست بێ، خۆیان ناخەنە ژێر مەترسییەوەو خوازیاری ئەوە نین چەکوچۆڵی زۆر لە دوژمن بستێنن. هەروا ناشیانەوێ خەڵکی بەدیل بگرنو خوازیاری ئەوەن پاشەکشەیان بۆ خەڵکی دیکە مەترسی خوڵقێن نەبێ. پێشمەرگەکانی کوردستان لەهەموو پارتیزانەکانیجیهان لەسەرەخۆترنو لەهەمووان کەمتریش توندوتیژی لەخۆیان نیشان دەدەن».

قاسملوو بە پێشمەرگەکانی خۆی دەگوت: «لەمەودوا، نە ژاندارمەکانی شاو نە چەکدارەکانی خومەینی نامێنن خەڵکی بکوژن یان ئەشکەنجە بدەن. ئێوە فێری قسەکردنو نووسین بە زمانی کوردی دەبن. نەخۆشخانە، قوتابخانەو خانووبەران لە کوردستان ساز دەکەین. بۆ وەدیهێنانی گرنگترین ئامانجی حدکا، سەرەکیترین دروشمی ئێمە دامەزراندنی دێموکراسی لە ئێرانە. ڕۆژێک لە ڕۆژان خومەینی دەمرێو هەموو شتێک تەواو دەبێو ئێمە سەردەکەوین. ئێستا ئەوە خەریکی خەباتینو لە بەرامبەر هەر پازدە ـ بیست پاسداردا، پێشمەرگەیەک شەهید دەبێ».

دوبۆی نووسیویەتی: « پێشمەرگەکان لەکاتی شەڕدا، دوورتر لە یەکتر جێگیر دەبن. هێرش کردنو پاشەکشەیان یەک یەکە. بۆیە هەرگیز دوو پێشمەرگە لەیەک کاتو شوێن ناکوژرێن. وتەیەکی پێشینیانی کوردی دەڵێ: «لە زۆران زۆر دەکوژرێ و لە کەمان کەم».

بۆنۆ دەیگوت: «هەرکات قاسملوو دەهاتە نەخۆشخانە دەستی دەگەڵ بریندارەکان لێدەدایەوە؛ ناوی دەزانینو لە شێوەی ژیانیان ئاگادار بوو. لەبارەی گوندەکانیانو بنەماڵەکانیانەوە پرسیاری لێ دەکردن. قاسملوو تایبەتمەندییەکی مرۆڤانەی وەهای هەبوو کە جێی سەرسوڕمان بوو: بە ڕوویەکی خۆشەوە گوێی بۆ قسەکانی یەک بەیەکو هەموو پێشمەرگەکانی ڕادەگرت».

ڕۆژانێکی زۆرناخۆشو پڕلە دڵەخورپە باڵیان بەسەر نەخۆشخانەکەدا کێشابوو. کەسانێکی بەتەواوی ماندووو شەکەت لەبەرەی شەڕ دەگەڕانەوە. دوکتور بۆنۆ دەیگوت ڕۆژێک سوارێک گەیشتە نەخۆشخانە: « کابرایەکی پیر بووو بە سواری ئەسپێکی سپی گەیشتو پاشان چوو خۆی شوشتو جلوبەرگێکی یەکجار باشی دەبەر کرد. تفەنگێکی راوێی پێبوو. هەرئەو شەوە سواری ئەسپەکەی بوو بەچوارناڵی بۆلای بەرەی شەڕ کەوتە ڕێ. ڕۆژی دواتر تەرمەکەیم لەنێو کوژراوەکاندا دۆزییەوە. ئەوەیە کوردستان».

بەڵام لەکوردستان، قاسملوو ناچار بوو لە پێوەندی دەگەڵ کەسانی خەمبارو دڵتەنگیشدا لەسەر هەست بێ. بۆوێنە، نێرسێکی ئەڵمانی ئاشقی پێشمەرگەیەک ببووو نەی دەویست بەبێ ئەو بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. کاتێک لە یەکێک لە شەوەکاندا قاسملوو چاوی بە ژنە پەشێوەکە کەوت، پێشمەرگەکەی بانگ کردو لێیپرسی: « داخوا ڕاستە وێرابێتت چاوێک لەچاوی ئەو ژنە بکەی؟»

پێشمەرگەکە وەڵامی دایەوەو گوتی: «بەڵێ».

ئەوجار قاسملوو گوتی: « باشە. ئەتۆ یان دەبێ ژن بێنی یان بچیە بەرەی شە».

پێشمەرگەکە چوونەبەرەی شەڕی هەڵ بژاردو نێرسەکەش بە تەنیایی‌و بەخەمو پەژارەوە ـ گەڕایەوە بۆ ئەڵمان.

گرفتی «ئۆدیل»یش هەربەو جۆرە بوو. ئەو پەرستارە ئاشقی پێشمەرگەیەک ببوو بە ناوی سولەیمان. بەدەوری کێوو شاخەکاندا دەگەڕانو لەبەرچاوی خەڵکی دەستیان بەسەری یەکتردا دێنا. ئۆدیل بەسەفەر چوو بۆ فەرانسە بەڵام، گەڕایەوە بۆ کوردستان چونکە سولەیمان داوای لێ کردبوو. قاسملوو مانگێکی دەرفەت دانێ فکرێکی لێ بکەنەوە. سولەیمان چوو بۆ بەرەی شەڕو دوای ماوەیەک گەڕایەوەو دەگەڵ ئۆدیل ژیانی هاوبەشیان پێک هێنا.

دوکتۆر فلۆرانس وێبێر دەگەڵ دووهەمین تاقمی یارمەتیدەرانی پزیشکی گەڕایەوە بۆ کوردستان. ڕۆژی ١ی نوامری ١٩٨١ وەڕێ کەوتو لە ڕێگەی بەغداوە، « کە ماشێنە ڕەشەکانی پۆلیسی عێراق چاوەڕوانی بوون». گەیشتە سکرتاریای حیزب. ناوبراو دەیگێڕایەوە: « بۆماوەی سێ‌ڕۆژ لە ماڵێک دایان نایەنو دەرگایان لە سەر قفڵ داین. شەڕابمان دەخواردەوەو پستەمان دەخوارد. پاشان بردیانینە کەرکووکو لەوێڕا کوردەکان هەڵیان گرتینو دەگەڵ قاچاخچیان لە کێوەکان ئەودیو بووین».

لەبارەی ئەوانی دیکەدا دەبێ بڵێین: فرانسواز بە تەواوی گیرۆدەی قاسملوو ببوو. « زۆر بووینو زۆریش پێ‌دەکەنیین... بەڵام هەبوونی لە نێومان واق وڕماوی دەکردین. بەفەرهەنگو بەدەسەڵات بوونەکەی تەواو بەڕوونی لێی دیار بوون».

فرانسواز دەیگێڕایەوە هەتا ساڵی ١٩٨٣، گوڕوتینێکی تەواو تەواو دڵودەروونی کوردەکانی داگرتبووو هەستێکی بەرزیان لێ دیار بوو. حدکا زۆر بەهێز ببوو. قاسملووش لە بواری سەربازییەوە دەسەڵاتی‌خۆی‌دەرخستبووو ڕێکخراوێکی بەڕێوەبەریی لەمەڵبەندەکە پێک هێنابوو. « لەبارەی قانوونو دادگا غەیرە سەربازییەکانو لەشساغی‌و خوێندنگەکانەوە قسەیان دەکردن. تێکەڵاوێک لە بیروبڕوای هیوادەرانە لە گۆڕێدابووو لەسەر ئەو بڕوایە بووین هەموو کارێک ئیمکانی جێبەجێ بوونی هەیە. بەڵام، ئەو کەشو هەوا خۆشە لە کۆتاییەکانی ١٩٨٢دا وردەوردە لە کەمیی دا».

تاقمە پزیشکییەکە کاتێک گەیشتە شوێنی دیاریکراو نەیان دەزانی چ بکەن. کوردستان بۆیان ئەزموونێکی نوێ بوو. نەشتەرگەرەکان کەماوەیەک بوو لەوێ بوون، چەند رۆژ پێشتر رۆیشتبوونە نەخۆشخانەیەکی نەشتەرگەری لە قالوێی نزیک مهاباد. دەگەڵ شەرەفکەندی دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەی رادیۆیی لەبارەی لەشساغییەوەو پاشان چوون بۆ هەنگەوێ، لە دەشتەکانی پیرانشار، بۆ ئەوەی دەرمانگەیەک ساز کەن. « یەک ـ دوو پێشمەرگەمان دەگەڵ بوون. دەرگای هەمووماڵەکانیگوندەکە ئاواڵە بووو هەموومان زانیمان حیزبو خەڵکەکە بەتەواوی یەکگرتوون».

قاسملوو بە وردی ئاگای لە هەڵسوکەوتی پێشمەرگەکان بووو لە رێگەی رادیۆوە دڵگەرمی دەکردن. لەبەر هێندێک هۆی ئەمنیەتی کەم وابوو سکرتاریای حیزب بەجێ بێڵێ بۆ فرانسوازی دەگێڕایەوە رۆژێک لە رۆژان دەگەڕایەوە بۆ سکرتاریاو برادەرێکی دەگەڵ بوو کە لە یەکەم پرسگەی حیزب لە ماشێنەکە دابەزیو پێشمەرگە نیگابانەکە پێشی پێ گرت و لێی پرسی « هاتووی لێرە چ بکەی؟».

کابراش لە وەڵامدا گوتی: «هاتووم قاسملووی بکوژم».

قاسملوو دەی گێڕایەوە کە نیگابانەکە یەکجار تووڕە بووو کلاشینکۆفەکەی راست کردەوە. بەڵام قاسملوو بەخێرایی لە مـاشێنەکە دابەزیو نەیهێشت پێشمەرگەکە دژکردەوەیەکـــــــی توندوتیژتر لە خۆی پێشان بدا.

شۆخیکردنەکانی قاسملوو بێوێنە بوون. زستانی ساڵی ١٩٨٢، دەگەڵ پزیشکەکان چوو بۆ شاری بانە. دەیانەویست دەرمانگایەک ساز کەن . سواری سێ ماشێنان ببوونو هەتا چوارسەدمیتریی سەربازخانەی ئێرانییەکان چوونە پێشو ئێرانییەکان تەقەیان لێ کردنو راست لەوکاتەدا قاسملوو نوکتەیەکی گێڕایەوە.

فرانسواز دەیگێڕایەوە: هەموویان بێجگە لەمنو فرێدریک [تیسۆ] گوێیان لە تەقەکە ببوو. دوایئەوەیگەیشتینە تەپۆڵکەیەک، هەموومان لە ماشێنەکان دابەزیینو پرسیمان چ بووەو بۆمان دەرکەوت ئێرانییەکان تەقەیان لێ کردووین. هەموو پیاوەکان دابەزیبوونو چونکە ترسابوون، لێگرا چوون میزی بکەن».

گەیشتینە گوندێکی نزیک بەرەی شەڕ. خەڵکەکە بەوپەڕی خۆشەویستییەوە پێشوازییان لە قاسملوو کرد، بەڵام نەیان وێرا قسەی دەگەڵ بکەن. لەماڵێک نیشتەجێ بووو خەڵکەکەش یەک لەدوای یەک دەهاتنە لای «چەشنێک خۆ پاراستن لە گۆڕێدا بوو، بەڵام هێشتا لەو چاوپێکەوتنانەدا هەست بە خۆشەویستی دەکرا».

پاشان، قاسملوو بەمەبەستی قسەکردن بۆ خەڵک رۆیشتە مزگەوتێ. «داوایان لێکردم سەرم داپۆشم.

هەموومان پێکەنینمان هاتێ . لەتەنیشتی قاسملووی دانیشتبووین. ئەو شوێنەی زۆر پێ خۆش بوو. دەگەڵ ژمارەیەک فەرانسەیی بوو کە ئاشنایەتییەکی تایبەتیی دەگەڵیان هەبوو ـ دەی زانی ئەو هەلومەرجە بۆئێمە سەیروسەمەرەیە. بەڵام دەگەڵ ئەوانەی قسەی بۆ دەکردن بەتەواوی یەکگرتوو بوو. پێشمەرگەکان شێتو شەیدای ببوون. دەیان زانی ئەوە رێبەرەکەیانە، بەڵام کەم کەس پێشتر دیبوویان. تەلەڤیزیۆنێک لەگۆڕێدا نەبووو هەر بۆیەش بە دیمەن ناسراو نەبوو».

پزیشکەکان دەرمانگایەکو نەخۆشخانەیەکی نەشتەرگەرییان ساز کردو دەستیان بەکارکرد. فلۆرانس وێبێر چۆوە پاریس، بەڵام فریدریک تیسۆ مایەوەو کاتێک لە ساڵی ١٩٨٣دا، فرانسواز گەڕایەوە، دیتی هەلومەرجە نەتەوایەتییەکە تەواو گۆڕاوە.

«لەنێو وڵاتدا هیچ پێوەندییەک لەگۆڕێدا نەمابوو. کۆبوونەوەکانی شەوانە دەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک تەواو ببوون. هەموو شتێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو! کۆمەڵانی خەڵک لێک دابڕابوونو هەلومەرجێکی ناخۆش باڵی بەسەر خەڵکەکەدا کێشابوو!... گیروگرفتێکی زۆرمان هەبوو. نەخۆشخانە بۆمباران کرابووو ناچار بووین نەخۆشخانەیەکی دیکە لە نزیک سنووری عێراق ساز کەین. ئەویش کەوتە ژێر بۆمبارانەوە. عەبدوڵڵا بۆ کۆکردنەوەو بردنی ئامرازە پزیشکیو دەرمانییەکان، شەوانە بە ماشێنێک دەهات، ناوبراو بەرپرسی نەخۆشخانەکە بوو. شەوێکیان ماشێنەکەی لە جادەکە هەڵ خلیسکابوو، بەڵام بە خۆشییەوە هیچ کەس بریندار نەبوو».

رۆژنامەنووسێک لەقاسملووی پرسی بۆچی کتێبێک نانووسێ. قاسملوو بە پێکەنینەوە گوتی: « دەبێ بڵێم نەخۆشمو تەنیا چەند کاتژمێرێک دەتوانم موتاڵابکەم! هەر ئێستا ئەوە خەریکی کتێبێکم لە بارەی کازانتزاکیس. لە چیکوسلۆواکی بەڵێنم بەخێزانم داوە ئەوکارە بکەم! لەبەر نووسینی سەروتار بۆ رادیۆو کاروباری سیاسیو سەردان لە بەرەکانی شەڕ، دەرفەتی هیچ کارێکی دیکەم نیە».

ساڵی ١٩٨٣ بەڕاستی ساڵێکی ناخۆش بوو. لە کۆتاییەکانی ژووئیەدا، ئەرتەشی ئێران لەرۆژئاوای مهابادەوە هێرشێکی گەورەی دەست پێ کرد. هێزەکانی ئێران، کە لەلایەن سوپای پاسدارانەوە پشتیوانییان لێدەکرا،» قەڵاتێ شای «یان گرت کە بەرزاییەکەی ٢٥٩٧ میترە. بەشێک لە تۆپخانەکانی عێراق لە سەر ترۆپکی ئەو کێوە دامەزرابوونو گوندەکانی ئێرانیان کە لە نزیک سنوور هەڵ کەوتوون خستبووە ژێر مەترسییەوە. [تێبینی: ئەم «قەڵاتێ شای» ە لووتکە کێوێکە لەناوچەی حاجی ئۆمەران و لەنێو سنووری باشووری کوردستاندا،نەک «قەڵاتێ شای»لە نێوان ناوچەکانی پیرانشارو مهاباد- وەرگێڕ].

ئەو کێوەبەرزە سەربازخانەکەیحاجیئۆمەران لە نێو خاکی عێراقێ بەجوانی لێ دیار بوو. سەربازخانەکە شەش کیلۆمیتر لە بەرەی شەڕ دوور بووو هێزەکانی ئێران نەیان دەویست دەستی بەسەردا بگرن. بەرینایی ناوچە شاخاوییەکە دووسەد کیلۆمیتری چوارگۆشە دەبووو لەسەر رێگای پیرانشار - رەواندز هەڵ کەوتبووو هێزەکانی[عێراق] بەو رێگەیەدا پێشڕەوییان دەکرد.

سەرۆکی پارلمانی ئێران، هاشمیی رەفسەنجانی، بە ڕاشکاوی رای گەیاند هێرشی هێزەکانی ئێران مەترسییەکی راستەوخۆشە بۆسەر کانگا نەوتییەکانی باکووری عێراق. لە بارەی پشتیوانیی دەوڵەتی فەڕانسە لە عێراق کە خەرجەکەی هەتا ڕادەیەک لە رێگەی نەوتەوە دابین دەکرا، ئەو ڕێبەرە ئێرانییە رایگەیاند «ئابووریی فەڕانسەش کەوتۆتە ژێر مەترسییەوە».

ناوبراو هەروەهاگوتیمەبەستێکی دیکەی ئەو هێرشە ئەوەیە «دەبێ بە خەڵکی جیهان، کە پێیان وایە ناتوانین کوردستان بخەینە ژێر دەسەڵاتمانەوە، رابگەیەنین ئەو توانایەمان هەیە کە لەو ناوچە شاخاویو ئەستەمەشدا بکەوینە شەڕو بەتەواوی بیخەینە ژێر کۆنترۆڵی خۆمانەوە».

# بڕگەی چوارەم
# سەفەر بۆ چیاکان

ساڵی ١٩٨٥، دیتنی عەبدوڕڕەحمان قاسملوو لە دەفتەری سیاسییەکەی توانایەکی لە رادەبەدەری بەدەنیی پێویست بووو مەترسیی زۆر گەورەشی لەسەر رێیە بوو . چوون بۆ ئەو شوێنە رۆژ دەگەڵ رۆژ دژوارتر دەبوو. پزیشکەکان درێژەیان بەکاریخۆیان دەداو جاروباریش رۆژنامەنووسێک سەرێکی لە سکرتاریای حدکا دەدا.

سکرتاریا لەسەر باریکاییەکی پازدەکیلۆمیتریی بێخاوەنی نێوان ئێرانو عێراق جێگیر ببوو. لە ساڵەکانی دەیەی حەفتادا سێ سەد بنەماڵە لەو شوێنە دەژیان کە لە ژێر کۆنترۆڵی ژێنەڕاڵ بارزانیدا بووو کاتێک لە ساڵی ١٩٧٥دا پەیمانی ئەلجەزایر لەنێوان ئێرانو عێراقدا واژۆ کرا، دەوڵەتی عێراق هەموو خانووەکانی رووخاندو کانیاوەکانی بە چیمەنتۆ پڕکردەوەو خەڵکەکەشی ناچار کرد ئەوێ چۆڵ کەنو بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کورد پێگەی خۆی لێ دانەمەزرێنێ و شوێنەکە بوو بە مەڵبەندی قەدەخەکراو. هەرکەسێکیان لەو مەڵبەندە گرتبا تووشی گیروگرفتێکی یەکجار خراپ دەبوو. ئەگەر دەستگیرکراوێک خوێندنەوەو نووسینی زانیبا، بەمەرگ مەحکووم دەکرا. بەڵام ئەگەر نەخوێندەوار با، زیندانیان دەکرد.

ساڵی ١٩٨٤ حدکا لەو مەڵبەندە نیشتەجێ بوو کە لە ژێر دەسەڵاتی کوردە پارتیزانەکانی عێراقدا بووو رێبەرەکەیان جەلال تاڵەبانی بوو. گرووپە جۆراوجۆرەکانی دژی رێژیمی ئیسلامییش هەر لەو شوێنە نیشتەجێ ببوون.

تالەبانی دەیگوت: « تەواوی ڕێبەرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، یەک لەوان قاسملوو، هاتنە سکرتاریای ئێمەو میوانداریمان لێ کردن. توودەییەکان، موجاهدین، کۆمەڵە، فیداییانو هتد، هەموویان هاتن. لەماوەی چەند ڕۆژاندا، هەرتاقمەی جێوشوێنی خۆی ساز کرد. ئەوە عێراق نەبوو یارمەتیی دەدان. ئێمە بووین. بە هەرکامیان تاقمێکمان پێشمەرگە دەدانێو ئەرکی بارهێنانیشیانمان وەئەستۆ گرتبوو.

گرووپێکی ئاژانسی تەلەڤیزیۆنی فەڕانسە ژووئیەی ١٩٨٥ لە ڕێگەی بەغداوە گەیشتنە کوردستان. سێیان ژن بوون ـ یەکیان بۆخۆمو ڕۆژنامەوانێکی ویێزوئێلاییو وێنە هەڵگرێک.

لەگۆڤارەکەمدا نووسیومە« بەشەو گەیشتینە بەغدا. عەبدوڵڵا قادریئازەر، نوێنەری حدکا، دەگەڵ کارمەندێکی پایەبەرزی پۆلیسی نهێنیی عێراق چاوەڕوانی ئێمە بوون . جانتاکانو ئامرازەکانیان بەوردی پشکنین بەڵام پاسپۆرتەکانیان لێوەرگرتین. ماشێنێکی جیپمان بە کۆندیشێنەوە بۆ ڕاگیرابوو.

هەوایەکی یەکجار گەرمو شێدار بوو. تەنیا نیشانەیەکی بەرچاوی شەڕ هێندێک سەنگەر بوون کە بۆ بەرگری لە هێرشی هەوایی ساز کرابوون. وێنەی سەدام حوسێن لەهەموو شوێنێک هەبوو.

ئەو شوێنەی لەبەغدا بۆماوەیەک لێی راوەستاین راست شارەکانی وێنزۆئێلای ساڵەکانی دەیەی پەنجای وەبیر هێنامەوە. باغێکی پڕ لە سنۆبەرو خانووبەرەیەکی بەرزی لێ بوو کە دیوارەکانی لە بەردی سپی دروست کرابوونو ڕێگای چوونەژوور لە هەیوانێکی چوارگۆشەدا بوو. میچەکەی تەخت بووو هەموو پەنجەرەکانیشی میلەی «حفاظتی« یان پێوە بوو. لەنێو ژوورەکە میزێکی گەورە لەبەر تەلەڤیزیۆنەکە دانرابوو. مۆبلەکان زۆر چکۆلە بوون. زانیم ئەو ماڵە بۆ ئەو موسافیرانە تەرخان کراوە کە بۆ ماوەیەکی کەم لەوێ دەمێننەوە.

بۆنانی بەیانی ماستو نانوچایان داینێو دوایە بە ماشێنە جیپەکە وەڕێکەوتین. کاتێک گەیشتینە ڕێگە پان و بەرینەکان، ژمارەیەکی زۆر لەماشێنە سەربازییەکان بەلاماندا تێدەپەڕین. بینای یادبوودی شەهیدانیشمان دی. بە قەراخ ڕووباری فوراتدا ڕۆیشتینو لە شاری وەدەر کەوتین.

عاسمان ڕەنگێکی لە چەشنی ڕەنگی مسی هەبوو، هەروەک بەخیزی سپی داپۆشرابێ. گەرماکە هێندە ناخۆش بوو پیاو پێی وابوو عاسمان زۆر دابەزیوە. بە دەشتێکی پانوبەرینو زۆر وشکدا ڕۆیشتین. پیاوەکان بە عەبای درێژو چەفیەو عەگالەوەو ژنەکانیش بەجلوبەرگی ڕەشەوە ـ هەروەک قەلەڕەشان ـ لەسەر ئەو زەوییە وشکارۆو بێبەرەکەتە راوەستابوونو چاوەڕوانی ئەوە بوون لە دەرفەتێکدا لە جادەکە بپەڕنەوە. لقەکانی سنۆبەرەکان نوقمی پەردەیەکی ئەستووری تۆزوخۆڵبوون. دیمەنی سەرانسەری دەشتو بیابانەکە تەواو نەگۆڕ بووو بەڕوونی پێشاندەری دەستەنگیو فەقیریی خەڵکەکە بوو.

کاتێک گەیشتینە چیاکان دیمەنەکە بەتەواوی گۆڕا. لە زەویوزارێکی پڕ لە گیاوگوڵو چەشنە دروویەکی شینی کەمڕەنگ، کۆمەڵە ژنێک بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگەوە هاتنەدەر، لەنەکاو

چەند پیاوێکی ڕەشەسمەر بەپێچیسپیو زەردو کـەواوپانتۆڵو پشتێندەوە وەدەر کەوتن. ژنەکان دەسماڵو کراسی ڕەنگاوڕەنگیان لەسەرو دەبەردا بوو. پرسگەو پێگەی سەربازیو تانکو پیاوانی چەکدارو بوونی بێپسانەوەی سەربازان ناوچەکەی داگرتبوو.

پێش نیوەڕۆ گەیشتینە کەرکووک و بردیانین بۆ ناوەندێکی سەربازی بۆ وەرگرتنی بەڵگەی «عدم تعرض». نزیکەی نیو سەعاتێک راوەستاینو پاشان بەرەو چیاسەختەکان وەڕێ کەوتینو ماوەی چەند سەعات بە هەورازو نشێواندا ڕۆیشتینو گەیشتینە چۆمێکی شینی یەکجار جوان. بەسەر پردێکی نەویدا پەڕینەوەو گەیشتینە گوندی «کارێزە» کە ئاخرین گوندە پێش ئەوەی بگەیە مەڵبەندی بێلایەن. مێگەلە مەڕ بەسەر تەپۆڵکاندا دەڕۆیشتن؛ لەنێو چۆمەکەدا، ژنان خەریکی شیوکردن بوونو منداڵەکانیش لە قەراخ چۆمەکە خەریکی شلپەشلپێ بوون.

ماشێنێکی جیپ بە حەوت پێشمەرگەوە چاوەڕوانمان بوو. بە جادەیەکی خاکیی دۆڵێکدا وەڕێکەوتینو ئەوانیش بۆ پارێزگاری دەگەڵمان هاتن. چیاکان زۆر ڕژدترو سەختترو یەکجار سەرسەوزیش بوون. دوای کاتژمێرێک حەوت کەسەکە بەجێیان هێشتین چونکە گەیشتبووینە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی حدکا.

لەمپەڕێکی داریان هەڵێناو ڕاستەڕێ چووینە سکرتاریای حیزب. بە باریکە ڕێگەیەکدا وەسەر کەوتین. لە ئاخری ڕێگەکە سێخانووی چکۆلەی‌لێ‌بوون: دوویان بەرەوڕووی‌یەکتر بوونو ئەوی دیکەیان بە تەنیایی لە ئاخری جادەکە بوو. ئەوەیان ماڵی سکرتێری گشتی بوو.

میوانخانەکە لە پێش تەپۆڵکەیەک بووو دووهۆدەی پڕ فەرش بەڵام بەتاڵو هەیوانێکی رووبەبای هەبوو. حەمامەکەیان لە ئاخری ڕێگەیەکی‌زۆرباریکدا سازکردبوو. ئاودەستەکە بۆلای ڕاستو لە خوارتر بوو: قوولکەیەک بوو لە ئەرزی هەڵ کەندرابووو پڕ لە مێشو تەواو بۆگەنیو بوو.

قاسملوو میـوانێکی هەبوو. بۆیە دەبوو ڕاوەستین. کاتژمێر ٥ی ئێوارێ و لەکاتێکدا خەریک بووین چامان دەخواردەوە، کوڕێکی لاو هاتو بە شێوەیەکی ڕەسمی‌و بە زمانی ئینگلیزی پێی گوتین: «دوکتۆر قاسملوو چاوەڕوانتانە. تکایە دەگەڵم وەرن».

قاسملوو بە جلوبەرگی نەریتیی کوردییەوە بەخێرهاتنی کردین. لەژێر میچێکی دارەڕاکراوو لە پشت میزێکو لەسەر دوو چوارپایان دانیشتین. بۆماوەیەک قسەمان کردنو دوایەش نانی شەومان خوارد.

یاریدەدەرەکەی قاسملوو نانو چێشتەکانی بۆ هێناین کە بریتی بوون لە پڵاوو بنکڕ، مریشکی سوورکراوە لەنێو تەماتەو سۆسدا،گۆشتبەرخی سوورکراوە، تەرەپیواز، نانو کاڵەکو ئاووشەڕاب. دوای نانخواردنەکە چەند ئیستیکانێکمان چای ڕەش خواردەوە.

تاریکە شەو بووەهەتا نزیکەی نیوە شەوێ دانیشتین. لەو کاتەدا، مۆتۆڕی کارەباکەیان کوژاندەوەو سکرتاریا نوقمی تاریکی بوو. پێش ئەوەی بچینەوە شوێنی خۆمانو لێی بنووین، قاسملوو ماڵەکەی نیشان داین. دوو هۆدە بوونو داڵانێکیان لەبەیندا بوو.

کاتێک حەمامەکەی نیشان داین بە پێکەنینەوەو تارادەیەکیش بەپۆزەوە گوتی: « ئەوە مافێکی تایبەتی منە. ئاوی گەرمم هەیە!»

ئاودەستێکی چکۆلە [نووسەر وەک قوولکەیەکی چکۆلە باسی‌دەکا]وئاودەستێکی چکۆلەی دیکەو تاقەیەکی لێ بوو کە میسواکو ریشتراشەکەی لەسەر دانابوون.

یەکێک لە دوو هۆدەکان کتێبخانەو شوێنی کاری بوو. دوو دانە مێزی گەورەی لێ بوون کە دارتاشەکەی سکرتاریا دروستی کردبوون. دوو نەخشەش بەدیوارەوە بوون: یەکیان هی کوردستانو ئەوی دیکەیان هی ئێران. چەند وێنەی کچەکانی‌و نەوەکانی لەسەر قەفەزەی کتێبەکانی دانرابوون.

هۆدەکەی دیکەی چکۆلە بوو. قاسملوو شەوانە لەسەر تاقە دۆشەگێکی نەرمو لە قوژبنێکی نزیک دیواری دەنوست. چەند باڵنجێکیشی لێ بوون بۆ ئەوەی وەبن سەریان بدا.

لەلایەک تەلەڤیزیۆنێکو دەزگایەکی ڤیدیۆی لێ بوو. لەسەر دیوارەکەی خوارێ بە پەردەیەک کۆمێدێکو لیباسەکانی قاسملوو داپۆشرابوون.

زنجیرە چیایەکی سەختو ئەستەم چواردەوری سکرتاریای گرتبووو تۆپخانەی دژی فرۆکە لەسەر تەپۆڵکەکانی دەوروبەر بۆ پارێزگاری لە سکرتاریا دامەزرابوون. پێشمەرگەکان پێچو کڵاویان لەسەر بووو بەتفەنگی کلاشینکۆفەوە زۆر بەوردی چاویان لەشاخو تەپۆڵکەکانی دەوروبەر دەکرد.

شەوانە گوێمان لەتەپەی پێی پێشمەرگەکان دەگەڵ وزەوزی تەپۆو مێشوولەو لوورە لووری چەقەڵان دەبوو. ڕۆژانەش لەو دیوی کێوەکانەوە گوێمان لە گرمەگرمی تۆپان دەبوو. ئەو شوێنە وڵاتی شاخو بەردو دارە باداماتو گیاوگۆلێک بوو کە لەژێر خۆرەتاو وردەوردە وشک دەبوون.

چەند کیلۆمیترێک دوورتر لە سکرتاریا گوندێکی چکۆلە بوو کە پێشمەرگەکان لێی دەژیان. پێم وایە ناوی گەورەدێ لە وشەی گاور وەرگیرابێ کە بەواتای «ناپاک» یان ئاور پەرستە.

سادق شەرەفکەندی، کە بەکاک سەعید دەناسرا، بەرپرسی ڕادیۆ بووو دەگەڵمان هات بۆلای تەپۆڵکەیەکی کە ئێزگەی ڕادیۆکەی لێ‌بوو. وەسەرکەوتن لەتەپۆڵکەکە لەژێرگەرمای ئـەوڕۆژەدا پێشاندەری توانایەکی زۆر باشی بەدەنی بوو.

بەرنامەی رادیۆکە سێبەش بوو. بەشێکیان بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو روانگەی خەڵکو ئەوی دیکەیان بۆ هەواڵەکانی شەڕو سێهەمیان تایبەت بوو بە قاسملوو. ئەو رادیۆیە دەنگی حدکای نەک هەر بە خەڵکی مەڵبەندەکە بگرە بەهەموو جیهان رادەگەیاند.

بە مەبەستی پاراستنی نهێنییەکان، هەر ناوچەیەک بۆ بەرێکردنی هەربابەتێک کۆدی تایبەتیی خۆی هەبوو. کۆی ناوچەکانی سەر بە حدکا بیست ناوچە بوو. زۆربەی پەیامەکان بە دوو مەبەست دەناردران: بۆ ئاگاداریی ناوەندی حیزبو بۆ راگەیاندن بە کۆمەڵانی خەڵک.

ئێزگەی رادیۆ بۆ خەباتی گەلی کورد شتێکی تەواو پێویست بوو. کاتژمێر پێنجی ئێوارێی هەموو رۆژێ هەموو دوکاندارەکانی کوردستان دوکانەکانیان دادەخست بۆ ئەوەی گوێ بدەنە رادیۆی دەنگی کوردستان. رادیۆ بۆ کوردەکان ئامرازێکی تەواو بەهێز بوو. دەوڵەتی تاران پارازیتی دەخستە سەر رادیۆکە، بەڵام کوردەکان هەر زۆرزوو مەوجی رادیۆکەیان دەگۆڕیو بەم جۆرە هەوڵەکانی دەوڵەتیان پووچەڵ دەکردەوە.

بەرگریی دژی فرۆکە کە لە دۆشکای چاردە ملمو دوازدە ملمو مووشەکی سام٣ و تیرباری بی کەی سی پێک هاتبوو، پارێزگاریی لە دامەزراوەکانو ماڵەکان دەکرد. پێشمەرگەکان بە نۆرە لە کێوەکان جێگیر دەبوونو لەو شوێنانەوە تەواوەتی ناوچەکەیان دەخستە ژێر چاوەدێریی خۆیانەوە. هەروەها بۆ ئامرازەکانو بۆ خەڵکەکەیان حەشارگەی باشیان هەبوو. بردنی ئەو ئامرازانەی شەڕ بۆسەر کێوەکان کارێکی هاسان نەبوو. هەموو ئەو شتانە دەبوو بە کۆڵ یان بە ئێستران جێگۆڕکەیان پێ کرابا.

لەهۆدەیەکیشاراوەدا، رادیـــــــۆی دەنگیکـــوردستان بڵاو دەکرایەوە. دیواری هۆدەکە بە ئاڵای کوردستان رازابۆوە. بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان بە سروودێکی کوردیو بەشێک لە سەمفۆنیی‌ماهلێر دەستی پێدەکرد. لەبارەی خەباتو سەرکەوتنەکانو بریندارەکان هێندێک زانیارییان دەدا. لە نێو چیاکاندا، ئەم رادیۆیە تەنیا ئامرازێک بوو کە خەباتگێڕەکان بۆ پێوەندی دەگەڵ جیهانی دەرەوە هەیان بووو هەم پشتیوانێکی تاکتیکی بووو هەم وزە پێدەرەێکی دەروونی بوو.

دەفتەری سیاسیی حیزب حەوت ئەندامو کومیتەی ناوەندی بیستو پێنج ئەندامی هەبوون.

قاسملوو دەیگوت: «حدکا دژی نەریتی بەرزکردنەوەی کەسایەتییەکانە، چونکە ئەم نەتەوەیە بەهۆی مردنی هەر رێبەرێک زەرەرو زیانێکی گەورەی وێ کەوتوە. ئەوەی گرنگە حیزبە نەک کەسایەتییەک».

بۆیە هیچ کوێ وێنەی قاسملووی لێ نەبوو، بەڵام وێنەی قازی محەممەد، دامەزرێنەری حدکای لێ بوو.

دەفتەری سیاسی لە راستیدا وەک گوندێکی چکۆلە وابوو. قوتابخانە، نانەواخانەو ماڵی ئەندامانی خێزانداری لێ بوونو نەخۆشخانەیەک کەخەریکی دروستکردنیبوون ـ ئەو نەخۆشخانەیە بە یارمەتیی ئێد میدیکاڵ ئینترناسیۆناڵو مێدیسەن دوموند بەڕێوە دەچوو.

بەندیخانەی حیزب بەماشێنێکی جیپ رێگەی کاتژمێرێک بوو. بۆئەوەی بگەینە ئەو بەندیخانەیە دەبوو نیو سەعاتیش بە رێگەیەکی زۆر باریکدا رۆیشتباین، کە لە داوێنی کێوێک هەڵکەوتبوو. شوێنەکە هیچ وەک زیندان یان گرتووخانە نەدەچوو. زیاتر وەک شوێنی نیشتەجێبوونی کۆچەران دەچوو.

ساڵی ١٩٨٣، کوردەکان دووهەزار ئەفسەرو سەربازی ئێرانیان گرتبوو. بێجگە لەوانەی وەک ئەشکەنجەدەر ناسرابوونو تاوانی کوشتنی زۆر کەسیان لەسەر بوو کە دران بە دادگایەکی حیزب کە سێ داوەری کارامە ئەندامی بوونو مەحکووم کران، ئەوانی دیکە هەموویان ئازاد کران.

«زۆربەی ئەوکەسانەی ئێمە [حدکا] ئازادمان کردن، دەزگای پۆلیسیی خومەینی ئێعدامی کردن بەو مەبەستەی پێشان بدا کە کوردەکان چەندە دڕندەن. کاربەدەستانی ئێران لە پێشدا بە بنەماڵەی ئەو زیندانیانەیان راگەیاندبوو کە ئەوانە بەدەستی کوردەکان کوژراونو بنەماڵەکانیشیان پێیان وابوو هەموویان چوونە نێو بەهەشتی خوداوە».

رۆژی ٢٢ی مانگی ژوئەنی ١٩٨٥، چـلوپێنج کـــەس لە زینـــدان[ی حیزب]دا بوون: دەپاسدار، شەش جاشو پازدەکەس لە رێکخراوی چەپئاژۆی کۆمەڵەو باقیەکەشیان پێشمەرگەی حیزب بوون کە بەهۆی کاری نابەجێ گیرابوون.

زیندانەکە چەند خانووی لەپەنا یەکترو وەک چوارگۆشەیەکو بە شێوەی کوردانە دروست کرابوون. میچەکانیان زۆر نەوی بوون، دیوارەکانیان لەگڵو بەرد ساز کرابوونو هەریەکەی دەرگایەکیان هەبوو.

سەربازەکان تەمەنیان زۆرکەم بوو. هەروەها پاسدارەکانیش. بەسەرسوڕمانەوە چاویان لەوکەسانە دەکرد کە سەریان لە زیندانەکە دەدا. بەسەرە تاشراوەکانیانەوە وەک کەسانی بێچارەو بێکەسوکار دەچوون.

زۆر باشیان پێ ڕادەگەیشتن. بەبڕوای ڕێژیمی ئێران زیندانی بوون شتێکی شوورەیی‌بوو. بۆیە، کاتێک چەند کەس لە زیندانییەکان ئازاد دەکران، زۆرتر پێیان خۆش بوو دەگەڵ حدکا بکەون. لەوە دەترسان ئەگەر بگەڕێنەوە بێ‌حورمەتییان پێ‌بکەن.

حدکا بەڕاستی نەی‌دەتوانی بەهەموو کارەکانی زیندانییەکان ڕابگا. بۆیە زیندانییەکان بۆخۆیان نانو چێشتی خۆیان ساز دەکردو بە هۆدەکانی خۆیان ڕادەگەیشتن.

دەرەوەی بەندیخانەکە چەشنێکی دیکەی زیندانی لێ بوون: بەسیجی‌یەکان ـ کوڕانی هەشت هەتا پازدەساڵان کە دەوڵەتی تاران دەی ناردنە بەرەی شەڕ.

یەکێک لەوانە دەیگوت: « نامەوێ بگەڕێمەوە، چونکە سەرلەنوێ دەمنێرنەوە بۆ بەرەی شەڕ.»تەنیا کەسانێکی دەیانەویست بڕۆنو زۆرجاریش هەڵدەهاتن جاشەکان بوون، واتە ئەو کوردانەی هاوکاریی ڕێژیمیان دەکرد.

لە خوێندنگەی نیزامیی حدکا،حیزب[خوازیارانی پێشمــەرگایەتی]ی فێری خوێندنەوەو نووسینو شێوەی کەلک وەرگرتن لە چەکوچۆڵ دەکردو دەورەی سیاسییشیان بۆ دادەنان.

سەرلە بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٣ی ژوئەن، قاسملوو چاوەڕوانمان بوو. لەتەنیشتی، عەبدوڵلای فەرماندە ڕاوەستابوو کە دەبوو دەگەڵمان بێتە نێو [کوردستانی] ئێران. عەبدوڵلا پیاوێکی بێدەنگ بووو سەروسیماکەی وەک مێرمنداڵێک دەچوو. ئەوەش دەگەڵ ڕیشی تازەتاشراوی‌نەدەهاتەوە. قاسملوو یادداشتێکی داینێ بۆ ئەوەی بیدەین بە بەرپرسی حیزب لە ناوچەی بانە.

دەگەڵ وی‌و فەرماندەکە بەرەو پرسگەکە وەڕێ کەوتین کە لەوێ نزیک بە ٦٠ پێشمەرگە چاوەڕوانی قاسملوو بوون. قاسملوو لەحاڵێکدا دەستەکانی لە پشتەوە تێک نابوون، قسەی بۆ ئەوانە کردکە لەو شوێنە کۆ ببوونەوە. زۆر بە نەرمی قسەی دەکردو ئەوانیش تێکڕاو بە بێدەنگی گوێیان دابووە قسەکانی‌و هەستی ڕێزو خۆشەویستییان بۆ قاسملوو بە جوانی لێ دیار بوو.

بەدوو ماشێنی جیپ وەڕێ کەوتینو جیپێکی دیکەی پڕ لە پێشمەرگەی چەکدار وەک پارێزەر بەدوامانەوە بوون، بە کێوەکانی ناوچەی بێ‌خاوەن( ناوچەی بێ‌لایەن) دا ڕۆیشتینو لە سەرانسەری ڕێیەکەدا تۆزمان دەخواردو لە گەرمان وەخت بوو بخنکێین. لای نیوەڕۆیە گەیشتینە گوندێکی چکۆلەی دەماڵی‌و نانی نیوەڕۆیەمان لە ژێر سێبەری دارێکدا خوارد.

کوردەکان پارچەیەکی پلاستیکیی زۆر پانوبەرینیان لە جیاتی سفرەی لەسەر ئەرزی ڕاخست. دەورییەکانیان دابەش کردو هەر کەسەی کەوچکێکیان دایە. لیوانێکی ئاوخواردنەوەش بۆ دۆی سەر سفرەکە دانرا. ئەو پاک وخاوێنییەی قاسملوو بەسەر سکرتاریایدا سەپاندبوو، لێرە هەر نەبوو.

دەبوو چەند سەعاتێک ڕاوەستین. دیلمانجە فارسی زمانەکەمان، پرشنگ، دەیگوت هەتا ئەوکاتەی ئێسترەکان دەگەنێ‌و هەتا تاوپەڕێ دەبێ ڕاوەستین. جا ئەودەمی دەچینە نێو خاکی ئێران. هەواکەی هێشتا زۆر گەرم بوو.

نزیک کاتژمێر پێنجی دوای نیوەڕۆیە، ئێسترەکان وەدەر کەوتن. زرینگەزرینگی‌زەنگوڵەکان هاتنی‌ڕاگەیاندن. پێشمەرگەکان لە ژێر چاوەدێریی کاک عەبدوڵلادا تەقەمەنییەکانیان باری ئێسترەکان کرد. هەرچەند ئێسترەکان کزو لاواز بوون، بەڵام هەریەکەی لانی‌کەم دەی‌توانی ١٢٠ کیلۆ بار هەڵگرێ. سواری ئێسترەکان بووین کە هەریەکەی کورتانێکی نەرمو خۆشیان لەسەر پشتێ بوو. پشتەوەی کورتانەکان بەرزتر بووو پیاو ناچار بوو پاڵ بداتەوەو لاقەکانیشی بەرەو پێشەوەو بۆلای سەری حەیوانەکە ڕابکێشێ. وەزعییەتێکی ناخۆش بوو. شەش ئێستر بوون. چواریان ئێمەو ئامرازەکانمانیان هەڵگرتبووو دووەکانی دیکەش تەقەمەنیەکەیان لێ بار کردبوون.

ڕێگەکەمان بەنێو دارستانێکی کەنار چۆمێکدا بوو. سێبەرەکانو ئاوەکە یەکجار خۆش بوون! پێشمەرگەکان لەنێو خۆیاندا خەریکی قسەکردنو پێکەنین بوون. کاتێک بەو ڕێگەیەدا تێدەپەڕین، چەند ژن لەسەر تانکییەکی گەورەی ئاوێڕا چاویان لێ دەکردین. بە سەفێکی دوورو درێژ وەسەر هەوەڵین چیا کەوتین. ئێسترەکان ڕێشمەو هەوساریان پێوە بوو بەڵام لغاو نەکرابوونو بە توانایەکی بەرچاوەوە بە پێچاوپێچی جادەکەداو بەرەو ژوور هەڵدەکشان. جادەکە بەردەڵانێکی تەنگەبەرو زۆر سەخت بوو.

گەیشتینە دوندی کێوەکەو وردەوردە ڕۆژمان لەبەرچاو نەما. ئەو پێشمەرگەیەی ئێسترەکەی ڕادەکێشا لەبەر خۆیەوە گۆرانییەکی دەگوت کە زۆرتر وەبەیتی تازیەداران دەچووو هەروا بەدوای هەربەندێکی ئەودا، پێشمەرگەکانی دیکە بە دەنگی بڵیندو بە هەمان ئاهەنگ وەڵامیان دەدایەوە. کێوەکە پڕلە گاشەبەرد بووو وەک وشکارۆ دەهاتە بەرچاو. لێرەدایە پیاو بەڕوونی بۆی دەردەکەوێ بۆچی ناوی ئەو مەڵبەندەیان ناوە گەرمێن، واتە مەڵبەندی گەرم.

بەرەو «کوێستان»، ناوچەی فێنکی کوردستان، دەچووینە پێش. ئاخرین شوێنێکی بۆی دەچووین تەنیا ترۆپکی چیایەک نەبوو. لە کێوێک دەهاتینە خوارو لە یەکیدیکە وەسەردەکەوتینو سەر لە نوێ ڕۆژمان لێ ون دەبۆوە.

وردەوردە دیمەنی مەڵبەندەکە دەگۆڕا. لێرەوارو دارستانێکی زۆر وەدەرکەوتن. کەناری چۆمەکە پڕلەداروددرەخت بوو.کاروانەکەمان چەند جار بۆ ئاو خواردنەوەو پڕکردنەوەی بوتڵەکانی ئاو ڕاوەستا.

ئەو سەفەرەکە بە ئاهەنگێکی هەست بزوێنەوە دەچووە پێش دووکاتژمێری گرتبووو هێشتا شەو دانەهاتبوو. لەپڕو لەنەکاو شتێکی تەواو سەیرو سەمەرەمان لێ وەدەرکەوت: سەدان ئێستر بەبارەوەو سەدان کەس بەرەو چادرێک دەچوونە پێش کە لە تەنیشت چۆمەکە هەڵدرابوو. بازاڕی میراوا بوو کە شوێنی یەکگرتنەوەی قاچاخچییەکانی ئێرانو عێراق بوو. دەتگوت یەکێک لە چیرۆکەکانی «داستانی هەزارویەک شە»وە.

قاچاخچییەکان شتومەکی خۆیان دێنایە ئەو بازاڕە کە لەژێر کۆنتڕۆڵی پێشمەرگەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا بوو. کۆبوونەوەی ئەوانە لەو شوێنانە ساتوسەودای شتومەکی پێویستی لە نێوان هەردوو وڵات لەسەردەمی شەڕدا، دابین دەکرد.

کاتێک لەنزیک ئێواران سێبەری کێوەکان بەسەر ناوچەکەدا دەکشا، بەسەدان چادر کە لەو شوێنە بوون بە هەڵکردنی چرا گازییەکان، کالاو کەلوپەلەکانیان دەخستە بەرچاوی مشتەرییان. پیاوەکان لەسەر بەڕەیەک دادەنیشتنو خەریکی یاری بە وەرەقان دەبوون، چایان دەخواردەوەو سیغاریان دەکێشاو هەر لەوکاتەدا دەگەڵ مشتەرییەکانیش قسەیان دەکرد.

برینجو چاییو ڕۆن لە عێراقڕا دەهاتو لە ئێرانیشەوە پستە، سابوون، فەڕشو سەماوەر. هەموو ئەوانەی لەو بازاڕە کاتییەدا کاریان دەکرد چەکدار بوون.

بۆ نانخواردن لەدەوری مێزێکی خڕ دانیشتین. کەبابیان بۆ هێناین کە مێشێکی زۆری لەسەر نیشتبوو. پێپسی کۆلامان خواردەوە بەڵام لە ئێران کۆکاکۆلامان دەخواردەوە.

هەراوهوریایەکی سەیر وەڕێکەوتبوو. پیاوەکان پێدەکەنینو بەدەنگێکی بەرز قسەیان دەکرد. لەپڕو لەنەکاوو زۆر بە توندی تووڕە بووم. پێشمەرگەیەک ڕووبەڕووم دانیشتبووو لە حاڵێکدا قسەی دەکردنو پێدەکەنی خۆمپارەکەی دەمن گرتبوو. بەهێدێک ئاماژەو سەرڕاتڵەکاندن، داوام لێکرد ئەگەر دەکرێ سەری خۆمپارەکە بۆ لایەکی دیکە وەرسووڕێنێ... پێکەنی.

سێسەعاتان لە بازاڕەکە ماینەوە. لەپڕ کاک عەبدوڵڵا پێی گوتین دەبێ زوو وەڕێ کەوین. ڕاگەیاندنەکەی بۆمان سەیر بووو زۆری پێ سەخڵەت بووین. دەمانەویست بزانین کەنگێ دەڕۆین.

کاک عەبدوڵڵا بە ئینگلیزی وەڵامی دایەوەو گوتی: «زوو»

سەرانسەری سەفەرەکەمان هەر بەو شێوەیە بوو. قەت نەمان دەزانی کەنگێ دەڕۆینو کەنگێ دەگەینێ.

پرسیارو وەڵامەکان هەمووجارێ بەو جۆرە بوون: «کەنگێ؟»، «زوو» بۆکوێ؟ «بۆ پشت کێوەکە».

دەبوو فێر بین ڕێگا بە کوردەکان بدەین ڕێنوێنیمان بکەن‌و دەبوو ئەوەش قبووڵ‌کەین کاتناسیی ئەوان دەگەڵ هی ئێمە بە تەواوی جیاوازە.

پیاوەکان سەرسوڕماو بوون. تاریکەشەو بوو. کاک عەبدوڵلا هاتە لامان‌و بەدەست ئاماژەی بۆلای ئێسترەکان کرد. کاتێک وەڕی کەوتین، ئیدی ٦٠ پێشمەرگەمان دەگەڵ نەبوون. ئێستا نزیکەی دووسەد پیاوو پەنجا ئێستر بوون.

بەسەف‌و لەژێر شۆقی مانگەشەودا وەڕێ کەوتین. چرا قووەکانیان بۆ چەند خولەکێک هەڵدەکردو دەیان کوژاندنەوە. تەواوی کاروانەکە وەک حەوتووبازاڕێک دەچوو کە لە حاڵی سەفەرکردندایەو تەواو بە لەسەرەخۆیی لە شوێنی حەسانەوەمان دوور دەکەوتینەوە. ئێمە ئاخرین تاقم بووین کە لە کاروانەکە جودا بووینەوە. لەدوای هەموویان بووم‌و کەمێکیش ناڕەحەت بووم. هیچ پێشمەرگەیەکم نەدەدی کە لەپشتەوەڕا ئاگای لەمن بێ. باریکە ڕێیەکە هەروا تەنگەبەرتر دەبوو. لەخوارێ‌و لەلای ڕاستمەوە گوێم لە خوڕەخوڕی ئاوی چۆمەکە دەبوو. ئەو پێشمەرگەیەی هەوساری ئێسترەکەی منی گرتبوو، بۆوەی جادەکە ببینێ، جارجارە چراقووەکەی هەڵ دەکرد.

لە نەکاو، لەلای چەپەوە گوێم لە دەنگەدەنگێک بوو، ئاوڕم دایەوەو دیتم چەند پێشمەرگەیەک بۆ پارێزگاری لە ڕێگەکە دامەزراون. جا ئەوجار لێم حاڵی بوو بۆچی قاسملوو هەمیشە دەیگوت چیاکان تەنیا دۆست‌و پشتیوانی کوردانن. کوردەکان‌و چیاکان هەمیشە یەکن‌و یەکیش دەبن.

دوای چەند کاتژمێرێک، با هەڵی کردێ. هەواکەی سارد بووو ئێمەش هەروا وەسەر دەکەوتین. وردەوردە دیمەنەکە گۆڕا: دوای ئەوەی لەچۆمەکە دوور کەوتینەوە جەنگەڵەکە لە تەنکییەی داو ئەوەی نەدەگۆڕا زنجیرە کێوەکان بوون. ئێسترەکان بەپێچەکەوخوارەکە لە جادە تەنگەبەرو پێچ پێچەکە وەسەر دەکەوتن کە بە شۆقی چرا قووەکان هێندێک ڕووناک دەبوو. ئێسترەکان زۆر بە زەحمەت وەسەر دەکەوتن‌و پێشمەرگەکان پەیتا پەیتا دەنگیان دەدان‌و دەیانگوت: هەچچە وەرە!».

لەسەر ترۆپکی کێوەکان گەیشتینە گۆڕاییەکی پان‌و بەرین. کە دیتم شوێنەکە پڕ لە خەڵکە زۆرم پێ سەیر بوو. سەدان پێشمەرگەو قاچاخچیی لێ بوون‌و ئێسترەکانیان بە پارچە پەڕۆی سپی داپۆشیبوون. بۆ ئەوەی لەنێو تاریکایی شەودا لێیان دیار بن. بێجگە لە ڕووناکاییەکی زۆر کەمی مانگ، هیچ چرایەک لەگۆڕێدا نەبووو لەدوورەوە تروسکەی چراکانی شاری بانەمان دەدین.

هەراوهوریایەکە پیاوی جاڕز دەکردو تەواو تاقەتپڕووکێن بوو. لەسەر ئەو گۆڕاییە کە لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگاندا بوو، قاچاخچییەکان، لە گەرمەی شەڕی نێوان ئێران‌و عێراقدا، پارەیەکیان وەک ماڵیات دەدا بە پێشمەرگەکان.

لە کاتێکدا هەمووکەس‌و هەموو شتێک نوقمی تاریکایی ببوو، ڕێگەمان دەبڕی. لەنێو تۆزوخۆڵ‌و هەراو هوریادا لە بەرزاییەکان هاتینە خوار. بۆ یەکەم جار، هەستم بە نزیک بوونی مەترسیی شەڕ کرد. ئەو کەسانەی بەم شوێنەدا دەڕۆیشتن دەبوو بەپەلەو هەرچی زووتر لێی دەرباز بن چونکە ئەوبەشە لە بەرزاییەکان لە پێگە سەربازییەکانی هەردوو لای شەڕەکەوە بەڕوونی دیار بوو. ترووسکانەوەی چرا قووەیەک، یان تەنانەت بریقەیەکی زۆر کەمی سیغارێک بۆی هەبوو ببێتە هۆی ئاگربارانێکی دوولایەنە.

سەفەرەکەمان وەک خەونێکی پڕ لە ترسوخۆفی لێ هاتبوو. زیاتر لە پێنج کاتژمێر ڕێگەمان بڕیبوو. تەواو ماندوو شەکەت بووین‌و هەواش زۆر سارد بوو. گەیشتینە دەشتاییەکی قەراخ چۆمێکی پێچاوپێچ‌و پڕ لە دارودەوەن. ٢/٣٠ی شەوێ بوو. لێرەدا پێشمەرگەکان بوون بە چەند بەش.

ئێمەیان بردە لای تاقمی کاک عەبدوڵلای. گەرمای ئاوری کەمپەکەو سرت‌وخورتی پێشمەرگەکان زۆر خۆش بوون. کاتێک خەوم بەسەردا هات، هەستم کرد کە فەرماندەکە پەتوویەکی پێدا دام.

کەمتر لەسێ سەعات نوستین. سەعات٥ی بەیانی بۆنی خۆشی چای گەرم وەخەبەری هێناین،خەریک بوو تاو هەڵدەهات. ڕەنگی خۆڵەمێشی‌و بۆری ئاسمان لە بەرامبەر یەکەمین تیشکی خۆردا پاشەکەشەی کرد.

ئەمن‌و ژنەکانی دیکە پێش هەمووان چووینە لای چۆمەکە. ئەوێ تەنیا ئاودەستی ئێمە بوو! پاشان، تینی ئاورەکەو چاییە گەرمەکان هێنایانینەوە سەرەخۆ. کاتژمێر ٦/٣٠ سەرلەنوێ وەرێ کەوتینەوە. ئەوجار دووسەد کەسمان دەگەڵ نەبوون‌و تەنیا لکێکی شێست کەسی بوون. هێشتا هەر لەخاکی عێراقدا بووین‌و لە سنوور تێنەپەڕیبووین.

بۆچەند کاتژمێری دیکەو لەژێر خۆرەتاودا بەپێیان دەڕۆیشتین‌و نوقمی تۆزوخۆڵ بووین. لەپڕ کاک عەبدوڵڵا بەدەست ئاماژەی بۆ چۆمێک کرد کە ناوی چۆمان بووو سنووری نێوان عێراق‌و ئێران بوو.

پەڕینەوە لە چۆمە تەنکەکە ئەزموونێکی یەکجار خۆش بوو. شلپەشلپی لاقی بارگینەکان‌و ئێسترەکان کە لە چۆمەکە دەپەڕینەوە هەروەک کایەو هەڵسوکەوتی پۆلە منداڵێکی قۆشمە دەچوو. پێشمەرگەکان، لە حاڵێکدا دەلینگی پانتۆڵەکانیان هەڵکێشابووو کەوشەکانیان بەدەستەوە بوو، لە چۆمەکە دەپەڕینەوەو ئاویان بەیەکتر هەڵدەپڕژاند. ئەوانی دیکە سواری ئێستران ببوون‌و تفەنگەکانی هەڤاڵەکانیان هەڵگرتبوو. هەموو لایەک پێدەکەنین‌و ئاخرییەکەی گەیشتینە نێو خاکی کوردستانی ئێران.

بەرپرسانی هێزی پێشمەرگەی ناوچەی بانە لە گوندێکی سەرسنوور چاوەڕوانمان بوون. ئێمەی ڕۆژنامەنووس دەمانەویست دەرۆژ لەلایان بمێنینەوە.

کۆمەڵێک منداڵی قۆشمە بە هەراوهوریا پێشوازییان لێ کردین‌و هەڵاتن‌و بە تەنیشت ئێسترو بارگینەکاندا ڕەگەڵمان کەوتن. ژمارەیەکی‌یەکجارزۆر مریشک‌و جووچکە بەم لاو بەولادا دەردەپەڕین، هەر لەوکاتەدا ژنان لەبەر دەرگای ماڵەکانیان ڕاوەستابوون‌و چاویان لێ دەکردین.

گوندەکە چکۆلەو پیس بوو. پاکوخاوێنی تەنیا لەوشاروشارۆچکانە لە گۆڕێدابوو کە لەژێر کۆنترۆڵی حدکادا بوون. لە گوندەکانی نێو چیاکان هەرچی زبڵ‌و پاشماوەیەک بوو فرێیان دەدایە دەرێ. چێشت لێنان‌و نانخواردنی خەڵکەکە لەنێو زبلۆزاڵدا بوو. بوونەوەرە رامکراوەکانیش بۆ دیتنەوەی خواردەمەنی بە هەموو شوێنێکدا دەخولانەوە.

بۆماوەیەک لەژوورێکی پڕ لە مێشدا نوستین. سەرو دەموچاومان بە پەڕۆیان داپۆشیبوو بۆ ئەوەی مێشوولەو جروجانەوەری دیکە پێمانەوە نەدەن. پیاوەکان کابرا وێنەهەڵگرەکەیان بردە چۆمی خۆی بشوا. بەڵام، ئەوجار ڕێگایان نەدا ئەمن و ژنەکانی دیکە بچینە سەر چۆمی. ئێمەش لەسەر چوون بۆ سەر چۆمی سوور بووین. ئاخرییەکەی ژنێکی جحێڵی کوردمان ڕەگەڵ کەوت‌و بردینیە جێگایەکی کە ئاو بە شێوەی تاڤگەیەک لە کێوەکە دەهاتە خوارو دەچووە دە تانکییەکی گەورەو هەڵدەڕژا. دیلمانجە ئێرانییەکەمان، پرشنگ، بە مەمکبەندەکەو ژێرپۆشەکانیەوە چووە نێو ئاوەکە. بەڵام، ئێمە بەڕووتی خۆمان شوشت.

ژنە کوردەکە بەسەر سوڕماوییەوە چاوی لێ دەکردین‌و تەواو حەپەسابوو. ئەو وەزعە هەتا تەواو بوونی سەفەرەکەمان هەروا دووپات دەبۆوە. هەڵسوکەوتی ئێمە دەگەڵ بەدەنی خۆمان بەتەواوی دەگەڵ ئ‌ەوان جیاوازیی هەیە. هەرکات ئێمە ویستی دەروونیی خۆمان دابین دەکرد خەجاڵەت دەبووینەوە چونکە لەپڕ ژن‌ومنداڵ دەهاتن و کە ئێمەیان بەڕووتی دەدی پێمان پێ دەکەنین. لەلایەکی دیکەوە ژنە کوردەکان پێیان عەیب بوو خۆیان رووت کەنەوە. هەرگیز بۆ مەلەکردن لیباسیان دانەدەکەندو تەنیا سەرودەست‌و دەموچاویان دەشوشت.

ڕۆژێکیان، لە کاتێکدا بەڕووتی خەریکی مەلەکردن بووین، ژنێکی جحێڵ چاوی لێ دەکردین. ژنە هەستی بزووت‌و بەشێک لە لیباسەکانی داکەندو هاتە نێو ئاوەکە. بەڵام کراسی هەر دەبەردا بوو. ژنانی کورد لە ژێر کراسێکی ڕەنگاوڕەنگدا دەرپێیەکی زۆر فش‌وزەلام دەپێ دەکەن‌و زۆرتر کراسەکەیان هەڵدەکێشن‌و دەلای سەرووی پشتێندەکەیانی ڕادەکەن بۆوەی پیس نەبێ. کەوایەکی وەک جلیتقە لەسەر کراسە جوانەکەیان دەبەر دەکەن. هەمووی ئەو جلوبەرگە سمتیان‌و سینگ‌و مەمکیان دادەپۆشێ. بەگشتی، ژنان لە کوردستان سەریان داناپۆشن. تەنیا لە شارێکی ژنمان دیتن سەریان داپۆشیبوو، ئەویش چونکە زۆربەی دانیشتوانی شارەکە شیعە بوون.

لەکوردستان ژنان کارو زەحمەتێکی زۆریان لەسەر شانە. نزیک تاوهەڵاتێ، نانی دەکەن، لە چۆمی ئاوێ دێنن ـ کە لەزۆر جێگا چۆمەکان دوورن ـ سەوزی‌کاری دەکەن‌و منداڵەکانیشیان بەخێو دەکەن. شیاکەو ڕیخێکی یەکجار زۆر کۆ دەکەنەوەو تەپاڵەیان لێ دروست دەکەن‌و

لەبەر تاوێ وشکیان دەکەن بۆ ئەوەی زستانێ کە زۆربەی ماڵەکان نوقمی سێ ـ چوارمیتر بەفر دەبن، بۆ سووتاندن کەلکیان لێوەرگرن. کاتی شیوەنگێڕانیش مووی سەریان دەڕننەوە.

بەڵام، لەکوردستان خەریک بوو ئاڵوگۆڕێکی تەواو پێک بێ. ژمارەیەکی زۆر لە ژنان کلاشینکۆف لەسەر شان لەنێو پێشمەرگەکانی حدکادا بوون.

پیاوان دەچنە شەڕێ یان رۆژانە دادەنیشنو خەریکی چاخواردنەوەو قسەکردن دەبن. هەمیشە بۆ چا خواردنەوە پەرداخێک دەگەڵ خۆیان دەگێڕن. چایەکەشیان بە قەندی سپی دەخۆنەوە کە بەچەکوچێکی ئاسن بە شێوەی کلۆ دەی شکێنن.

ژنان دەست لە کاروباری پیاوان وەرنادەن. کاتێک تاقمە پێشمەرگەیەک ڕادەبرن بە زەردەخەنەیەکەوە یان بە دەنگێکی نزمەوە داوایان لێ دەکەن میوانیان بن.

میوانداری دابونەریتێکی زۆر کۆنە. خەڵکی کوردستان قەت لەمیوانەکەیان ناپرسن: ئەتۆ کێیو بۆکوێ دەچی یان لە کوێڕا هاتوویو هەتا کەنگێ لێرە دەبی. بگرە ئەوەندەی دەتوانایاندا بێ، خزمەتی دەکەن.

دەگەڵ برایمی فەرماندە، کە ردێنی هەبووو چاوەکانی شین بوون و هەروەک پارتیزانەکانی ئەمریکای‌لاتین لیباسی دەبەردابووو، دەگەڵ‌کاک غەفوور،بەرپرسی‌سیاسیی ناوچەکە، نانی نیوەڕۆیەمان خوارد. مەلایەکیش لەوێ میوان بووو بۆئەوەی مەلا نەزانێ، غەفوور بە لیوانێکی زۆر باریک ویسکیی داینێ. ئەو شەوە لەبانیو لەژێر زریوە زریوی ئەستێراندا لێی نووستین.

هەموومان کاتژمێر شەشی بەیانی لەخەو هەستاینو نانو ماستمان خواردو چاشمان خواردەوە. پاشان کاروانەکەمان بەسواری ئێستران بەرەو بازاڕێکی دیکە وەڕێ کەوت. بازاڕەکە لە نزیک پایەگایەکی ئەرتەشی ئێرانو لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگاندا بوو. کاک غەفوور پێی گوتین ئەگەر لەوبەری بازاڕەکەو دوور لەمەودای چەکی پایەگاکە راوەستین، هیچ مەترسییەکی نابێ. پاسدارەکانمان لەسەر ترۆپکی کێوەکە بەجوانی لێ دیار بوون کە بەدەوروبەری کێوەکەدا دەخولانەوە.

لەپڕو لەنەکاو، دەنگی‌تەقینەوەیەک هات. دەرکەوت خۆمپارەیەک بوو لەنێوەڕاستی گوندەکەیان دابوو کە ئێمە لێی وەدەر کەوتبووین. لەوەڵامدا، چەند گوللەتۆپ وەوکێوەی کەوتن کە پایەگاکەی لێ بوو. وادیار بوو هەردووک لا هەڕەشە لە یەکتر دەکەن.

لەنێوان هێزە ئیسلامییەکانو پێشمەرگەکاندا چەشنێک ڕێسا یا بەرنامە هاتبووە گۆڕێ.

رۆژانە، هێزەکانی رێژیمی ئیسلامی شارەکانو جادەکانیان دەخستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوەو کاتێک شەو دادەهات دەچوونەوە دە پێگەکانیانەوە. ئەوجار ئەوە پێشمەرگەکان بوون کە دەستیان بەسەر جادەکاندا دەگرتو جاروباریش دەچوونە نێو شارەکان.

لە بەرەبەری بەیانیدا، گوێمان لە دەنگی شەڕو پێکدادانی کاربەدەستانی شارو پێشمەرگەکان بوو کە خەریک بوون لە شارەکە وەدەر دەکەوتن.

پێش ئەوەی بە ماشێنێکی جیپ وەڕێ کەوین، بەستەیەکی پڕ لە کاغەزیان دا بە کاک غەفوور. وادیار بوو پەیامی نووسراون. لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە لەمهاباد، ئەم شێوەکارە بۆتە نەریتێک لەنێو کوردەکاندا. نامەکانیان بە خەتێکی زۆر ورد دەنووسنو دوایە دەیان پێچنەوەو کاغەزێکی دیکەشیان لێ دەهاڵێننو دوایەش نەوار چەسپی لێ دەدەن. بەم شێوەیە ئەگەر پێویست بێ دەتوانن قووتی‌دەن. هەموو پەیامێک لە پەیامی دەفتەری سیاسییەوە بگرە هەتا نامەی ئاشقانە بەم شێوەیە بەڕێ دەکرێ.

کاک غەفوور بەستەکەی هەڵگرتو لە پشت ماشێنەکەی دانا. لە رێگایە، لە نێو دووگوندان دابەزی بۆوەی نامەکان بگەیەنێ. پاش کاتژمێرێک گەیشتینە ئاخری جادەکەو بەپێیان بە ڕێگەیەکی باریکی بناری کێوێکدا وەڕێ کەوتینو دوای ماوەیەک چاومان بە چوار ئەسپ سواران کەوت. کاک غەفوور قسەی دەگەڵ کردن. هەرچواریان لە ئەسپەکان دابەزینو دایانن بە ئێمە. پڕشنگ سواری ئێسترێک ببوو. کاک غەفوور چەند شووتییەکی بۆ هێنایت. شووتییەکانی قاش کردنو بۆی دابەش کردینو ئێمەش بە سواری دەستمان بە خواردن کرد.

دوای ماوەیەک تووشی پێشمەرگەیەک بووین کە چەند رۆژ پێشتر هەوساری ئێسترەکەی بۆ گرتبوومو بەدوای خۆیدا رای‌دەکێشا لەبەر خۆمەوە دەمگوت ناسینەوەی کەسێکی پێشتر دیبووم ئەویش لەو کێوو شاخانەدا چەشنێک هەستی ئاشنایەتی لە ئینساندا پێک دێنێ.

گەیشتینە گوندێکی دیکەو لەوێش پێشمەرگەکان کۆمەڵە پەیامێکیان دا بە یەکتر. کاروانەکەمان زانیان ژمارەیەک پێشمەرگە لە نزیک ئەو گوندەش هەن.

قەت دووجاران لە گوندێک نەنووستین چونکە بێ‌پسانەوە رێگەمان دەبڕی. بەپێیان گەیشتینە مەزرایەکی توتنێ کە ژنانو پیرە پیاوان خەریکی کارکردن بوون. بەتەنیشت گوندێکی نەدیودا تێ‌پەڕیین کە لەنزیک چەمی چرووش هەڵکەوتبوو. هەتا گەیشتینە تەپۆڵکەیەک بەماشێنە جیپەکە رۆیشتین. لەوێ‌را شاری‌بانەو پایەگا سەربازییەکانی ئێران وەدەرکەوتن. پێشمەرگەکان لەگوندێکی نزیک بەو شوێنەی لێی دابەزیبووین  چاوەڕوانمان بوون.

لە ماڵی خانەوادەی پێشمەرگەیەک نووستین کە حەمامێکیان لەنێو ماڵەکەیاندا هەبوو. نزیک گوندەکە چۆمێکی لێ بووو ژنەکان لەوێ شیویان دەکرد. شەوێ، پێشمەرگەکان لەدەوری ئاورێک کۆببوونەوەو بە گۆرانی‌و چەپڵەی کابرایەکی هەڵدەپەڕین. منداڵەکانیش هەریەکەی کڵاشینکۆفێکیان دەشانی کردبووو هەڵدەپەڕین. ژنەکانیش بەدەنگێکی نزمو خەم هێنەرەوە گۆرانییان دەگوتن‌و چەپڵەشیان لێ‌دەدا.

کاک غەفوور بانگی کردین. ئێمەش وەدوای کەوتین‌و چووینە ماڵێکی دیکە. لەوێ گوێمان لە رادیۆی حیزب بوو. یەکێک لە کادرەکانی رادیۆ وتوویژی دەگەڵ قاسملووی دەکرد. قاسملوو نیگەرانی سەلامەتیمان بوو.

کاتژمێر پێنجی بەیانی لەخەو هەستاین. هەر ئەوەندەمان دەرفەت هەبوو ددانمان میسواک لێ‌دەین‌و سواری ئەسپە لاوازەکانمان بین‌و بەپەلە لە گوندەکە وەدەر کەوین. هەواکەی سارد بوو. هێشتا تاو هەڵنەهاتبووو پێشمەرگەکان کەمێک گرژ بوون. دەچووین لە شوێنێکی مینرێژکراو فیلم هەڵگرین. شەوێک پێشتر، کاک عەبدوڕڕەحمان لە تاریکایی شەوێدا مینێکی لەسەر رێگەی پایەگاکانی نێوان بانەو سەردەشت دانابۆوە. ئەو شوێنەی دەبوو بۆ ماوەیەک لێی وەمێنین ماڵی پیرێژنێک بوو. بەبوونی ئێمە لەوێ زۆر نیگەران بوو. پێی وابوو ئەوە کارێکی خەتەرناکە. باخچەیەکی سەوزیکاری کە شەونم بەتەواوی دای‌پۆشیبوو دەوراندەوری ماڵەکەی داگرتبوو. سەرلە بەیانی، تیشکی خۆر بە پەنجەرەکەدا هاتە ژوور. کە دیوەکە رووناک بۆوە، دیتمان ماڵەکە پڕە لە تۆزوخۆڵ. بەرچاییەکی فەقیرانەمان خوارد کە نان‌و ماست دەگەڵ چای بوو.

لە نەکاو گوێمان لە شریخەی تفەنگان بوو. پاسدارەکان‌و پێشمەرگەکان کە شەوێک پێشتر دەستیان بەسەر گوندێکی چکۆلە دا گرتبوو لێیان ببوو بە شەڕ. گوندەکە پێنج کیلۆمیتر لە ئێمە دوور بوو. پاسدارەکان نزیک تاوهەڵاتێ هێرشیان دەست پێ‌کردبووو شەڕەکە ماوەی چەند کاتژمێری خایاند. هێزی پشتیوانیی ئێرانییەکان کە سێ‌هەزار سەرباز بوون گەیشتنە جێ. ئەو پێشمەرگەیەی هەواڵەکەی هێنا دەیگوت پەنجا پاسدارو هاونیشتمانێکو دوونەفەر لە پێشمەرگەکان کوژراون. ئێرانییەکان  گوندەکەیان دابووە بەر خومپارە.

چەند کاتژمێر رابردو هەموومان کەوتبووینە دڵەڕاوکێوە. کاک غەفوور لێمان نزیک بۆوەو پێی گوتین ناتوانین لە تەقینەوەی مینان فیلم هەڵگرین، چونکە ئەو شوێنەی دەبوو هێرشی بۆ بکەن رێگەیەکی نیزامی بووو کەسی پێدا نەهاتبووو نەش دەکرا رێگەیەکی دیکە دیاری بکەن. عەبدوڕڕەحمان پسپۆڕی مین، شارەزایەکی تەواو بووو بەسەرکەوتنەوە دووهەزار مینی چاندبوو.

بەرەو سوێرۆێ وەڕێ کەوتین. ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە بنەماڵە کوردەکان لەترسی بۆمبارانی هێزی هەوایی عێراق پەنایان بۆ ئەو شوێنە هێنابوو. لە هێرش بۆسەر شاری بانەدا دووسەد هاونیشتمان کوژران‌و بەسەدان کەسیش بریندار بوون. هەم عێراق‌و هەم ئێران بۆ تەرت وتونا کردنی حەشیمەتی کوردەکان لەهەردوولای سنوورەکە لەوشەڕە کەلکیان وەردەگرت.

بەنێو گوندەکەدا رۆیشتین. گەلێک منداڵی قۆشمە دەوریان دابووین‌و تێکرا داوایان دەکرد وێنەیان لێ هەڵگرین: »وێنە، وێنە«. لە یەکێک لەماڵەکان‌و لەژێر چراگازییەکاندا نانی شەوێمان خوارد. وا دیار بوو پیلانێک دەگۆڕێدایە. برایمی فەرماندە چاوی لەم لاولای دەکردو دەگەڵ پێشمەرگەیەک کە پێیان دەگوت کاک ڕەسوول، بەسرتە قسەی دەکرد. کاتێک لێمان پرسی چ بووە، پێی گوتین جاشێکی زۆر هاتوون‌و ئەگەر

بێ و شتێک بدرکێندرێ، ئەو هێرشەی بۆ سبەینێ بەرنامەرێژیمان بۆ کردوە سەر ناکەوێ. غافلگیر کردنی دوژمن کارێکی گرنگو تەواو پێویستە. تەنیا فەرماندەکەو فەرماندەی گشتی دەیان زانی کەنگێو لەکوێ‌هێرشەکە ئەنجام دەدرێ. ئەوشەوە نەم توانی بە باشی بنووم.

سبەینەکەی سەعات١٠ی پێش نیوەڕۆیە، دەنەفەر، دەنەفەر وەڕێ کەوتینو گەیشتینە گوندێکی دیکەو دەگەڵ فەرماندەکەو ڕێنوێنە خۆجێییەکان چووینە نێو عەمبارێکی دانەوێڵە.

پاکەتێکی پڕ لە نووسراویان بۆ کاک برایمی هێنا، کردیەوەو نووسراوەکانی دەرهێنا. هەواڵی شەڕەکەو چەند نامەو هێندێک وێنەشی تێدابوون. برایم هەموو نامەکانی زۆر بەوردی خوێندنەوە. پێی‌گوتین لەبارەی جاشەکانەوە هێندێک ڕاپۆرتی تێدان. حدکا سیستمێکی جاسووسیی سەرەتایی هەبووو ئەندامەکانی لەنێو گوندەکانو شارەکانو چیاکاندا بوون. هەروەها دزەشی کرد بووە نێو دەزگاکانی دەوڵەتەوەو بەرێوەبەرانی ئەو ئەرکە، ماوە بەماوە لەبارەی هاوکارانی شاراوەی ڕێژیم لەنێو خەڵکەکەدا زانیارییەکانیان بۆ دەناردن.

لە دەوروبەری سەعاتی ٤/٣٠ی ئێوارێ بەپێیان وەڕێ‌کەوتین. هەوا گەرم بوو، وەچیایەک هەڵگەڕاین وەک بڵێی تەواوبوونی نەبێ. سەرلووتکەی چیاکە تاقمێک پێشمەرگەی لێ‌بوون، خۆیان ئامادە دەکرد بۆ هێرش کردنەسەر ئەو بنکانەی پارێزگارییان لەو پێگە سەربازییانە دەکرد کە لەسەر رێگای بانە دامەزرابوون. کاتێک بە لقەداری پڕ لە گەڵا خۆیان دادەپۆشی تێکڕا پێ‌دەکەنین. تەنانەت وێنەشیان لە یەکتر هەڵدەگرت. لەو وەزعە خۆشەی پێش هێرشەکە سەرم سوڕ مابوو.

لەسەر تەپۆڵکەیەک دانیشتینو چاوەڕوان بووین. شەڕە تفەنگ دەستی پێ‌کرد بەڵام هیچ شتێکم نەدەدی. تەنیا گوێم لەدەنگی تەقە دەبوو. لەنەکاو سەدمیترێک ئەولاترو لەلای چەپمەوە دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە هاتو بەدواشیدا دووکەڵێکی خەستو سپی بەرز بۆوە. گوللە خۆمپارەیەک بوو. کاک مەنسوور پێی گوتم وا باشترە بڕۆین. بەرەوخوار شۆڕبووینەوەو لەنێو داراندا هەڵتروشکاین.

چوار پێشمەرگەمان دیتن کە لەسەر تەپۆڵکەیەکو لە پەناگەیەک دانیشتبوون. دۆڵەکەمان لێ دیار نەبوو. ترسوخۆفیشم رەوییۆوە. تەقەی تفەنگو تەقینەوەی خۆمپاران هەر تەواو نەدەبوو. جیاوازیی نێوان دەنگی گوللەی کلاشینکۆفو تەقینەوەی خۆمپارانم بۆ دەرکەوتبوو.

لەنەکاو گوێمان لە دەنگێکی یەکجار توندوتیژ بوو.

یەکێک لە پێشمەرگەکان گوتی: «ئەوە دۆشکان داوێن. سەربازەکانی نێو پێگەکان دەترسێن. بۆیە بە هەرچی هەیانە تەقە دەکەن. دەترسێی؟» منیش بەدرۆ وەڵامم دایەوەو گوتم: «نا».

کاک مەنسوور پێی گوتین: «ئەگەر بۆمبێک لە نزیکتان وەئەرزی کەوت، لەسەر ئەرزی درێژ بنو بە دەستەکانتان سەرتان داپۆشن. پەلەش مەکەن».

هەستم کرد مەترسییەکە زۆر نزیک بێ. لە پێگەکانەوە کێوەکانیان دابووە ژێر خۆمپارەباران. پێم وابوو خۆمپارە بارانەکە بەخۆڕایی بێ‌و ئەو گوللە خۆمپارانە دەتوانن هەموو جێیەک بگرنەوە. لە کێوەکە هاتینە خوارو گەیشتینە زەوییەکی کێڵراو. نەدەکرا توند بڕۆین. بەڵام، پێشمەرگەکان بێ‌ترسوخۆفو لەسەرەخۆ دەڕۆیشتنو سەوزییان لێ دەکردنەوە.

کاتێک لە تەپۆڵکەکان سەرەوخوارمان دەکرد. هەرخۆمپارە بوو وەئەرزی دەکەوت. دەمەویست هەرچی زووتر لەو شوێنە رزگار بم، بەڵام گەیشتینە جێگایەک کە ئیدی نەم دەتوانی لە تەپۆڵکەیەکی دیکە وەسەر کەوم. گاشەبەردێکم دیتەوەو پاڵم وێ دا. چونکە دەمەویست خۆم لە مەترسی بپارێزم.

پێشمەرگەیەکم دی بەسواری ئەسپی لە تەپۆڵکەکە دەهاتە خوارێ. تەواو دڵخۆش بوومو لەبەر خۆمەوە دەمگوت: ئەگەر دەستم بە ئەسپێک ڕابگا، دەتوانم بڕۆم. دەستم بۆ ڕاتڵەکاندو بانگم کرد بۆلای خۆمو داوام لێ کرد ئەسپەکەم داتێ. بە ئیشارە تێی گەیاندم سواری ئەو ئەسپەبوون کارێکی هاسان نیە. بەڵام دەستم هەڵ نەگرت. لە ئەسپەکەی دابەزی. سواری بوومو بەچوارناڵی لە تەپۆڵکەکە وەسەرکەوتم، چونکە دەمویست لەمەترسیی تۆپو خۆمپارە بارانەکە رزگار بم.

گەیشتمە شوێنێکی ئارام. بەسەر ئەسپەکەوە چاوەڕوان مامەوە. ئەو پێشمەرگەیەی ئەسپەکەی دابوومی، بە سواری ئەسپێکی دیکە هات‌و پێی گوتم خەباتکارە کوردەکان کۆبوونەتەوە. هێرشەکەیان کەمتر لە کاتژمێرێک درێژەی کێشابووو بە تەواوی سەر کەوتبوون. هەشت ئێرانی کوژرابوون‌و کوردەکانیش بە ساخ‌و سەلامەتی دەرچووبوون.

سواری ئەسپەکانمان بووینەوەو بە وێرغە بەرەو شوێنی کۆبوونەوەکە وەڕێ کەوتین. لە دەشتە پان‌و بەرینەکەدا پێشمەرگەکان تفەنگەکانیان لەسەر ئەرزی دانابوون‌و لەنێوان چیا سەربەرزەکانی کوردستان‌و لەژێر ئاسمانی نارنجی‌ڕەنگی تاوپەڕێدا، هەڵدەپەڕین‌و گۆرانییان دەگوتن‌و بەدەنگێکی یەکجار بەرز دروشمیان دەدان. گەیشتینە گوندێکی دیکەو لەوێش ڕا چووینە تاژەبان کە پازدەڕۆژ پێشتر پێشمەرگەکان دەستیان بەسەر پایەگاکەیدا گرتبوو. لەوێ شوێنەواری خەباتێکی یەکجار توندوتیژمان چاو پێ‌کەوت. قاپووغە فیشەکێکی یەگجار زۆرو لەتکوپەتکی نارنجۆکەکانی شووڕەوی‌و ئەمریکاو ژمارەیەکی لەژمار نەهاتووی گوللەی چێکی‌و رووسیمان دەدیتن. هەر پۆتین‌و کەمەربەند بوون کە بەدەشتەکەدا بڵاو ببوونەوە. کڵاوێکی خوێناوی بەچەند کونی جێی گوللەوەو جیبێکی تۆیۆتای سووتاو بە تیربارێکەوەشمان دیتن. هەمووی ئەوانە پێشاندەری لەنێوچوون [ی هێزەکانی دوژمن] بوون.

بەڵام فیلمی شەڕەکەمان هەڵنەگرتبوو. لەوانەی بۆ ڕێنوێنی دەگەڵمان بوون داوامان کرد ڕێگەمان بدەن بچینە نزیک بەرەی شەڕەکە، بەڵام ئەوکارە پێویستیی بە ئیجازەی قاسملوو هەبوو. بەبێ‌سیم قسەمان دەگەڵ کرد.

وێنەگرەکەمان دەیگوت هیچ وێنەیەکمان لە شەڕەکە نیە. منیش بە قاسملووم ڕاگەیاند: «وێنەگرەکە دەبێ بچێتە نزیک شەڕەکە«.

قاسملووش گوتی: «زۆر خەتەرناکە. ناتوانم ڕێگەتان بدەم خۆتان بخەنە مەترسییەوە«. بەڵام هەروا لەسەر داواکارییەکەمان سوور بووین‌و قاسملووش پێی گوتین: «باشە، بەڵام، دەبێ ئەوپەڕەکەی هەتا پێنج سەدمیتریی بەرەی شەڕەکە بچنە پێش».

کاتێک پێوەندییەکەمان تەواو بوو، کاک عەبدوڵڵا پێی گوتین هەلومەرجەکە زۆر ناسکە. نزیکەی بیست هەزار سەربازی ئێرانی گەیشتوونەتە ناوچەکە. بۆیە، پێشمەرگەکان دەبوو بەرنامەکەیان بگۆڕن. سیاسەتی دەوڵەت سەخڵەتکردن‌و بەتەواوی شەکەت کردنی پێشمەرگەکان بوو.

لە گوندەکە ماینەوە. ئێمەی ژن چووینە چۆمەکەی نزیک گوندەکە مەلە بکەین. لەنێو ئاوی چۆمەکەدا بەتەواوی ڕاکشابووین. ئاوەکە بەسەرماندا دەکشاو تاویش لێی‌دەداین. کاتێک گەڕاینەوە، ڕاست وەکوومنداڵان سەرکۆنەیان کردین، چونکە زۆرمان پێ چووبوو. هاتوچوویەکی زۆرلەگۆڕێدابوو. سێ‌سەد پێشمەرگە گوندەکانی دەوروبەریان گرتبووو چاوەڕوانی هێرشی هێزەکانی ئەرتەش بوون. دەبوو بەپەلەو بەسواری ئێستران‌و دەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک لەوێ بڕۆین.

دوای دووڕۆژان‌و بەشەو گەیشتینە گوندێک‌و بە بێ‌سیم قسەمان دەگەڵ قاسملوو کردو پێی گوتین: «هەر ئێستا دەبێ لەوێ بڕۆن. هەلومەرجەکە زۆر خەتەرناکە. بەرنامەکان گۆڕاون. هەربینا هێرشی هێزەکانی دەوڵەت دەست پێ بکا. ئەوپەڕەکەی دەبێ سبەینێ وەڕێ کەون».

کاک برایم پێی گوتین دەبێ دەگەڵ لکێک لەو پێشمەرگانە بکەون کە بەرەو باشوور دەڕۆن. شەوی ڕابردوو، ئەو لکە پێشمەرگەیە لەنەخافڵ کەوتبوونە بەر هێرشی هێزەکانی ڕێژیم‌و چوارکەسیان لێ کوژرابوون‌و چواریشیان لێ بریندار ببوون.

لەچاوەکانی کاک برایم ڕا دیار بوو زۆر خەمبارە. لەکاتی چا خواردنەوەکەماندا بێدەنگییەکی تەواومـــــان بـــــەسەر کشابوو. ڕادیۆکەش هەڵکرابووو پیاوەکان چاوەڕوانی بیستنی هەواڵەکان لە ڕادیۆی کوردستان بوون.

سروودەکەی حدکاو بەشێک لە سەمفۆنی «ماهلێر»م ناسییەوە. دەنگی وێژەری بەرنامەکە یەگجار بەهێز بوو. لەنەکاو، پرشنگ زیراندی‌و دەستی کرد بە گریان. ئێمە نەمان زانی چ ڕووی‌داوە. کاک مەنسوور بە ئینگلیزییە تەقولەقەکەی پێی گوتین کاک عەبدوڵڵا، فەرماندەرە لەسەرەخۆو بەڕواڵەت مێر منداڵەکە، لەهێرشێکی شەوانەی حیزبە چەپێاژوکەی کومەڵەدا کوژراوە. بۆ یەکەم جار توندوتیژی‌و دڕندەییم لە شەڕدا بۆ دەرکەوت.

لەگەڕانەوەماندا لە زنجیرە چیایەکی یەکجار بەرز وەسەر کەوتین کە ژمارەیەکی زۆر گوندیان لە نێودا شاردرابوونەوە. لەوێ [حەسەن] شیوەسەڵی، فەرماندەری ئەو لکەی شەوی رابردوو زەربەتی وێ کەوتبوو، چاوەڕوان بوو. ئەوە قسەکانی وین لەبارەی ڕووداوەکەی ئەوێ شەوێ:

«دوای سێ‌ڕۆژان، لە باشوورەوە بە پێیان دەگەڕاینەوە کە ژمارەیەک لە جاشەکان هێرشیان کردینە سەر، بەڵام چەکمان کردن. کاتژمێر سێی بەیانی بوو. زۆر ماندوو بووین. لەنێو تەپۆڵکەکاندا سێ نیگابانمان هەبوون. کاتێک دوژمن دەستی بە تەقە کرد، نووستبووین. بۆ بەرگری لەخۆمان، دەستمان دایە چەکەکانمانو کەوشو کەمەربەندەکانمان بەجێ هێشت.

کاتژمێرێک شەڕمان کردو پاشان کەوتمە هەوڵی دیتنەوەی کەوشەکانم. بەڵام، هێرشی دوژمن هەروا توندوتیژتر دەبوو. بە پێشمەرگە پێشەنگەکانم گوت بەربەرەکانییەکەیان درێژە پێ‌بدەن بۆ ئەوەی لکەکە بتوانێ پاشەکشە بکا. لە یەکەمین هێرشدا، فەرماندە عەلییار لەگەرمەی شەڕەکەدا، ڕانی بریندار ببوو. کاتێک خەریک بووم لغاوی ئەسپەکەم بکەمەوە، دایانمە بەر ئاوری گوللان. ئەسپەکەم زۆر خراپ بریندار ببووو کەوتو لە حاڵێکدا جینگڵی دەدان، بەسەبرایەکی باسکی گەستم.

ئەوە ئاخرین نیشانەی نەرمیو لەسەرەخۆیی ئەو بوونەوەرە بوو کە لە سەرانسەری ئەو شەڕە دوورو درێژەدا دەگەڵم بوو».

شازدە پێشمەرگەمان بەجێ هێشتن بۆئەوەی پارێزگاری لە پاشەکشەکەمان بکەن. سەرلە بەیانی، تۆپخانەی ئێرانییەکان زۆر بە توندی دەستی بە تۆپباران کرد.

ئەوانەی مانەوە دەبوو لە بەرامبەر چوار هێرشی دیکەدا خۆ ڕاگرن. ژمارەی شەڕکەرەکانی دوولایەن زۆر نابەرامبەر بوو: حەفتاوسێ پێشمەرگە لە بەرامبەر دووهەزار کەس لە هێزی دەوڵەتیدا. هەمووبمان گەڕاینەوە بۆ نێو خاکی عێراقو بۆلای دەفتەری قاسملوو. کاتێک گەیشتینە سەر سنوور، سەربازە عێراقییەکان پێشیان پێ‌گرتینو ڕێگەیان نەداین. بۆماوەی چەندین کاتژمێر لەوێ ماینەوە. ئەوەش شێوەیەک بوو بۆ وازهێنانی حدکا. لەبەر ئەوەی پێوەندییەکی تەواو نزیکی دەگەڵ یێک (یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان)ی تاڵەبانی هەبوو.

پێشمەرگەکانی یەکیەتی چەند ڕۆژ پێشتر لەدژی ئەرتەشی عێراق کەوتبوونە شەڕ. ئەوە شەڕێکی هاوتەریب بوو. چونکە هەم ئێرانییەکانو هەم دەوڵەتی عێراق، کە زۆر لەمێژ بوو خەریکی دروستکردنی چەندبەرەکیو دژایەتی لەنێو تاقمە جۆراوجۆرەکانی کورددا بوون، پێوەندیی دۆستانەی نێوان قاسملووو تاڵەبانییان زۆر پێ‌ناخۆش بوو. هەرکامیان دەگەڵ دوژمنی سەرەکیی لایەنەکەی دیکە پێوەندیی دۆستانەیان هەبووو  هەر لەوکاتەدا دۆستو خۆشەویستی یەکتریش بوونو لە پێوەندی دەگەڵ شەڕ لە دژی دەوڵەتە ناوەندییەکاندا تەواو سەربەخۆ بوون.

چوار پێشمەرگەی بریندارمان هەڵگرتبوون کە پێویستیان بە یارمەتیی پزیشکی هەبوو. بەڵام ناچار بووین سەرانسەری ئەو ڕۆژە لە ژێر تیشکی بەتینی خۆردا ڕاوەستین. چەند دارێکی دەوروبەرمان لەنێوە ڕاستی زەوییەکی وشکەڵاندا بوون. پێچو کڵاوەکانمان وەبن سەرمان دابوون بۆوەی خەومان لێ بکەوێ. ئاومان بۆچێشتلێنان نەبوو. تۆزوخۆڵ سەرتاپای لەشی داپۆشیبووینو نەمان دەزانی کەنگێ دەتوانین لەوێ (سنوورر) تێ‌پەڕین.

پێش تاوپەڕێ دووماشێنی جیپ وەدەرکەوتن کە حدکا ناردبوونی. ڕێگایان بە ئێمەی ڕۆژنامەنووسو بریندارەکان دا ئاوا بین. فەرماندەرەکەو شیوەسەڵی ناچار بوون سەرانسەری ئەو شەوە لەوێ بنوون.

لەنەخۆشخانەی سەحرایی حدکا ڕاوەستاینو بریندارەکانمان بۆ بەجێ هێشتن. ڕۆژی دوایە گەیشتینە دەفتەر[ی سیاسی].

قاسملوو بەخێرهاتنەوەی کردینو گوتی یەکیەتیی نیشتمانی بەبارمتە گیراوێکی ئیتالیایی ناردۆتە لای حیزبو قەرار وایە ئازادی کەن.

ئیتالیاییە بەبارمتەگیراوەکە کرێکار بووو پێوەندییەکی باشی دەگەڵ حیزبی کومونیستی وڵاتەکەی خۆی هەبوو. کابرا تازە بۆی دەرکەوتبوو کە خەریکن ئازادی دەکەنو بێ پسانەوە قسەی دەکرد.

چەند رۆژ دواتر تاقمێکی ئەڵمانی هاتن: یەکیان سەربە حیزبی سەوزەکانو ئەندامی کۆنگرە بوو. هەروەها رۆژنامەنووسێکو کابرایەکی ئێرانی کە لە ئەڵمان دەژیا. رۆژنامەنووسانی فەرانسەییش بۆ ئاگادار بوون لە بارودۆخەکە هاتبوون. وەک هەموو میوانێکی دیکە، میواندارییان لێ کرا.

هەموویان هەتا شەوێ خەریکی قسان بوون. ئەو شەوە، لەنێو بەرزترین چیاکانی کوردستانو لەحاڵێکدا شریخەی گوللەتۆپان لە دوورەوە دەهات، دەفتەری سیاسی راست وەکوو ناوەندێکی دوور لە هەرچەشنە دەمارگرژییەکی نەتەوەییو بە بیرو روانگەیەکی نێونەتەوەییانەوە هەڵسوکەوتی دەکرد. هیچ کام لەوانەی لە دەفتەری سیاسی بوون هەر گوێیان نەدەدا تەقینەوەی تۆپو خۆمپاران. تەنیا دەنگێکی بەڕاستی ترساندینی دەنگی چەند تەیاران بوو کە بەسەرماندا تێپەڕین. هێزی هەوایی ئێرانی چەند مانگ پێشتر دەفتەری سیاسیی بۆمباران کردبوو. رۆژێک، سەرلە بەیانی، قاسملوو دەستی لە نووسین هەڵگرت؛ پێشمەرگەکان حەپەسانو چاویان دەئاسمانەوە بڕی. وشداردانێکی بەدرۆ بوو. ئەو شریخەگەورەیە لە ئاکامی شکاندنی دیواری دەنگدا بوو: تەنیا گەڕانەوەی فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراقی بۆ پێگەکانیان بوو. هەرکات ئەو فرۆکانە بە سورعەت رۆیشتبان گرمەیەکی لەو شێوەیە بەرز دەبۆوە. گرمەکە بۆماوەیەکی دوورودرێژ لەنێو بێدەنگیی سروشتیی چیاکاندا دەنگی دەدایەوە.

# بڕگەی پێنجەم
# سیاسەتو مەزهەب

دوو مەلای سوننی: ئەحمەدی دەروێشیو خالیدی عەزیزی لە دەفتەری سیاسی بوون.هەردووکیان مەلا بوونو حیزبی دێموکراتیان بەهەموو ئاکامو دەرەنجامەکانیەوە قبووڵ کردبووو چەندین ساڵ بوو دژی سەرکوتکەرانی کورد خەباتیان کردبوو.

هەردووشیان لە نزیک شاریورمێ لە باکووری [رۆژئاوای] ئێرانو لەناوچەی خانەدانی قاسملووی لەدایک ببوون. لە سەردەمی مێرمنداڵیدا، بۆ خوێندنی زانستە ئایینییەکان ناردرابوونە شوێنە دوورەکان.

دەروێشی کە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بوو دەیگوت: «کاتێک دەرسمان دەخوێند هیچ خوێندنگەیەکی گشتی نەبوو کە مەبەستی خزمەت بە فەرهەنگی مرۆڤایەتی بێو گەلی کوردو کوردستانیش بگرێتەوە. نەدەوڵەتو نە دەرەبەگەکان پێیان خۆش نەبوو کوردەکان خوێندەوار بن. هەرکات نامەیەکمان پێ دەگەیشت، دەبوو بە گوندەکاندا بگەڕێین بۆوەی کەسێک ببینینەوە بتوانێ بیخوێنێتەوە».

دەروێشی لە درێژەی قسەکانیدا دەیگوت: «بابو باپیرانمان دەیان گێڕایەوە لە سەردەمی رەزاشادا پیاوێکی خێرخوازو مرۆڤدۆست هاتە ئازەربایجانو لە دەرەبەگێکی بە ناوی نووری بەگی ویست قوتابخانە ساز کاو ئەوانیش مامۆستایان بۆ بنێرن. نووری بەگ لەوەڵامدا گوتی: «ئەوە کارێکی باش نیە مافی خوێندەوار بوون بدەی بە کوردان، چونکە ئیدی نەگوێڕایەڵی ئێوە دەبنو نەهی ئێمە.

کەسێکی نەخوێندەوار وەک مردوویەک وایەو هەر بۆیەش دەتوانی بیخەیە ژێر دەسەڵاتی خۆتەوە. بەڵام، ئەگەر خوێندەوار بکرێ، زیندوو دەبێتەوەو کاتێک بزانێ کارێک یا شتێک نابەجێیەو دروست نیە ئامادە نابێ قبووڵی بکا. بۆیە هەتا ئەو رۆژەی کوردەکان نەخوێندەوار بن، دەوڵەتیشو ئێمەش دەتوانین کەلکیان لێ وەرگرین».

قاسملووو دیلمانجێک قسەکانی مەلای ناوبراویان لە کوردییەوە وەردەگێڕایە سەر فەڕانسەیی.

دەروێشی لەدرێژەی قسەکانیدا دەیگوت: ئەگەر نوێنەری دەوڵەت بەڕاستی بڕوای بەو شتانە هەبا کە بۆ کوردەکانی پێشنیار دەکرد، هەر گوێی نەدەدا بە قسەکانی ئەو دەرەبەگە. ئەگەر لەورۆژانەدا دەوڵەت فەرمانێکی دیکەی لەو بارەیەوە دەرکردبایە، کابرای دەرەبەگ ناچار دەبوو ملی بۆ رابکێشێ.

بەڵام دەوڵەتیش پێی خۆش بوو کوردەکان هەروا بە نەخوێندەواری بێڵێتەوە«. ئاکامەکەی پەرەپێدانی هەژاریو دەستەنگیو دەپەراوێزخستنی کوردەکان بوو کە یەکێک لە دواکەوتووترین نەتەوەکانی ئێران بوون. ئێرانی ئەو ساڵانە هەموو دارایی خۆی خەرجی رازاندنەوەی تارانو دەوروبەری دەکردو لە ئاکامدا تاران ببوو بە شارێکی لە چەشنی شاری فیرعەونی. ئەو شارە بەربڵاوە کە ناوەکەی بە واتای »شوێنێکی گەرمە« لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا بوو بە پێتەختی ئێران.

تاران شاری گڵەجانی بووو دەوران دەوری بە دیوار گیرابوو. یەکەمین ماشێن ساڵی ١٩١٠ هات بۆ تاران. ئەوماشێنە ئی ئەحمەدشا بووو نەدەبوو خێرا لێی بخورێ چونکە نۆکەرەکانی بە پێیان دەگەڵی دەڕۆیشتن. مەلا کوردە ناسیۆنالیستەکان کە هاوکات دەگەڵ نوێژو تاعەت جاروبار خەباتی چەکدارانەشیان دەکرد، ئەحمەدشایان پێ کابرایەکی داوێن پیسو ئەبلەخەرج بوو.

کاتێک لە ساڵی ١٩٧٩دا شۆڕش سەرکەوت نیوەی تەواوی کارخانە سنعەتییەکان، بەشی هەرە زۆری ئیدارە گشتییەکان، لە چوار بەشان بەشێکی کرێکارە فەننییەکان، زۆربەی هەرە زۆری پزیشکەکانو ددانسازانو دادوەران، لەسەداحەفتای چاپەمەنییەکانی وڵات،و لە چوار بەشان بەشێکی فیلمسازان لەتاران دامەزرابوون. لەهەر هەشت کەس لەحەشیمەتی نزیک بە چل میلیۆنیی ئێران یەک کەس لە نێو شاری تاران یان لە ناوچە گوند نشینەکانی ئەو شارە دەژیا. تارانی پێتەخت ناوەندەکانو ئیمکاناتی لەش ساغی، خوێندن، رادیۆ تەلەڤیزیۆنو سەرچاوە ئابووریو سیاسییەکانی پاوان کردبوو.

دواکەوتوویی، برسیەتی، خواردەمەنیی خراپو نەخوێندەواری چەند پەڵەیەکی رەش بوون کە دەکرێ بڵێین تەواوی خەڵکی ئێرانیان داگرتبوو، ئاکامی بێئەم لاو ئەولای چاوەنزێریو تەماحکاریی بەرێوەبەرانی دەوڵەتیناوەندخوازو دەسەڵاتپەرست بوون. ئەو تەماحکارییە بەڕادەیەک بوو کە بە درێژایی چەندین سەدە، بەشی هەرە زۆری وەرزێرەکان بۆ خۆرزگارکردن لە دەست کاربەدەستانی ماڵیات، ماڵەکانی خۆیان لە شوێنی یەکجار دوور لە شارەکانو لە جێی ئەستەمدا دروست دەکرد.

لە چڵەپۆپەی دەسەڵاتی رەزاشای پەهلەویدا، هێشتا ٢١هەزار گوند لە ئێراندا هەبوون کە ژمارەی دانیشتوانی هەرکامیان پەنجا کەس کەمتر بوو. لە هەر سەد منداڵ، تەنیا سیونۆیان دەچوونە قوتابخانەو خوێندنگەکان. کەمتر لە سەدی چواری حەشیمەتی ئێران خوێندنی سەرەتاییان تەواو کردبوو. لە ٨٢٠هەزار ژمارە رۆژنامە کە چاپ دەکران، تەنیا ٢٠هەزار ژمارەیان بۆ دەرەوەی تاران بەرێ دەکرا.

کوردستانی ئێران مەڵبەندێکی فەقیری کشتوکاڵی بوو. لە ساڵەکانی دەیەی هەشتادا، شەڕ لەدژیدەوڵەتی تاران ئەوەندەی دیکە خەڵکی هەژاری ئەو مەڵبەندەی دەستەنگو داماو کردبوو.

لە ساڵی ١٩٨١ـەوە، وەرزێرەکانیان بە زۆرە ملی ناچار کردبوو بگەڕێنەوە سەر شێوەی کشتوکاڵی رابردوو کە دەبوو بەبێ هیچ چەشنە ئامرازێکی مۆدێرن، هەموو کارێکی چاندنو دروونەوە بۆخۆیان بەرێوە بەرن، لە ئاکامدا رادەی بەرهەمی کشتوکاڵ لە سەدا پەنجا هاتبووە خوارێ. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوە کە خەڵکەکە بۆ وەدەستهێنانی پێویستییەکانی ژیان روو بکەنە ئەو بازاڕە رەشانەی لەلایەن هێزەکانی خومەینییەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو.

ساڵی ١٩٨٣، ئەندامانی ئێدمیدیکاڵ ئینترناسیۆنال دەیان گێڕایەوە: »کوردەکان زۆرتر برینجو تەماتەیان دەخواردو حەوتووی جارێک گۆشتیان هەبوو. ئەو ماوەیەی لە گوندەکان بووین، کەوتبووینە بەر هێرشی تەپوو مێشوولانو دەبایە لە ترسی مارانیش ئاگامان لە خۆمان بێ. ئەو ماڵانەی لێیان دەبووین هەموویان بە خشتی گڵ دروست کرابوون. ئەو خشتانەیان لەبەر تاوێ وشک دەکردەوەو تەنیا حەوتووی جارێک دەمان توانی خۆمان بشۆین.

دوای چەندمانگێک لەکوردستانی ئێران، سێ کەس لەیاریدەدەرانی داماوان کە سەر بە ئێدمیدیکال ئەنتێر ناسیۆنال بوون، کاتێک ئەرتەشی ئێران هێرشی کردە سەر ناوچەکە، ناچار بوون ئەوێ بەجێ بێڵن.

دوکتۆر فیۆ، کە خەڵکی شاری دیژۆن ـ ی فەرانسە بوو، دەیگوت: «ئەوە شتێکی تەواو روونە کە گیروگرفتی سەرەکی شایەتیدانی ئێمەیە. تەنانەت بوونیشمان لەوێ بۆدەوڵەتی تاران گیروگرفتێکی گەورەیە، چونکە ئێمە پزیشکینو خەڵکی چاک دەکەینەوە. لەم بارەیەوە، رەنگە ئێمە ئاخرین شایەت بین بۆ مافی مرۆڤ».

ئێد مێدیکاڵ ئەنتێرناسیۆنال کە لە مانگی مارسی ١٩٨١را هەتا نوامری ١٩٨٢، سیو پێنج پزیشکو پەرستارو پسپۆری بێهۆشیی ناردبوونە ناوچە کوردنشینەکان دەیان گێرایەوە: «لەباری لەش ساغییەوە هەروەک وڵاتانی دواکەوتووە. لە بواری پاکوخاوێنیو مردنی منداڵانو نەبوونی دەرمانو پزیشکەوە گیروگرفتێکی زۆر لە گۆڕێدایە. ئەو هەلومەرجە نالەبارە بە هۆی شەڕێکی سەربازییە کە دەوڵەتی تاران بەسەر ئەو مەڵبەندەیدا سەپاندوە، دوای بریندراربوونی ژمارەیەکی زۆر لەسەربازانو دانیشتوانی مەڵبەندەکەو هەروەها بە هۆی ئاسەواری زەبری یەکجار قورسی دەروونی کە وەوخەڵکە کەوتوەو گەمارۆی توندوتیژی ئابووری کە بەسەر مەڵبەندەکەدا سەپێندراوە هاتۆتە ئاراوەو پێوەندیی کوردستان دەگەڵ تەواوەتی وڵاتی ئێران لە زۆر بارەوە پچڕاوە، بە تایبەتی دەستڕانەگەیشتنی ئەو خەڵکە بەنەخۆشخانەکانی دەرەوەی کوردستان، گیروگرفتێکی لەچارە نەهاتووی بۆ خەڵکی کوردستان پێک هێناوە.

دەرویێشی دەیگوت: «لەسەردەمی دەسەڵاتی شادا، ریفۆرمێکی زەویو زار بەڕێوە چوو کە بوو بەهۆی لاواز بوونی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان، بەڵام ئەوانی بە تەواوەتی لەنێو نەبرد. ساواک پێوەندییەکی تەواو نزیکی دەگەڵ دەرەبەگەکان دامەزراندبووو لەنێوان ئەوانو دەوڵەتدا یەکگرتوویيو هاوکاری لەگۆڕێدا بوو، دەرەبەگەکان خەڵکیان رووت دەکردو یارمەتیی دەوڵەتیان دەدا».

هەموو ئەوکارانە لە دوای ساڵی ١٩٦١ هاتنە پێش، ئەویش کاتێک بوو کە ساڵی ١٩٥٣ محەممەد رەزاشا بە کودیتاو بە یارمەتیی ئەمریکا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتەوە. شا بۆ سێهەمین جار ژنی هێناو چەند منداڵی بۆ لەدایک بوون؛ یەکجار لە خۆی بایی ببووو لێبڕاوانە خۆی خستە نێو ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسییەوە کە بۆخۆی ناوی «شۆڕش لەلای تەختی شایەتییەوە» یان «شۆڕشی سپی»ی لەسەر دانابوو.

هەر شۆڕشێک گواستنەوەی دەسەڵاتە لە چینێکی کۆمەڵگا بۆ چینێکی دیکە. کەوابوو، شۆڕش بەجۆرێک توندوتیژیی تێدا هەیە. هیچ کام لە چینەکان وا بە هاسانیو بێ دژکردەوەو شەڕ ناهێڵن ئەوەی هەیانە لێیان بستێنن. بەڵام، «شۆڕشی« شا دەرەبەگان، پلەو پایەی پاشایەتی، یان سەرمایەی بیانییەکانی نەخستە مەترسیەوە.

قاسملوو بۆ روونکردنەوە دەیگوت: «لە کوردستانو لە مەڵبەندەکانی دیکەی ئێران کە شوێنی ژیانی کەمایەتییە نەتەوییەکان بوون، بۆ ئەوەی سەرۆک عەشیرەتەکان لەخۆیان نەڕەنجێنن، ریفۆرمی زەوی وزار زۆر بە لەسەرەخۆیی بەڕێوە چوو. دەوڵەت باش دەی زانیئەگەردەست بەسەرزەوییەکاندا بگرێ، نەک هەر سەرۆک عەشیرەتەکان، دەگەڵ عەشیرەکەتەیان وەخۆ دەکەون، بەڵکە دەبێ بە هۆی راپەڕینێکی نەتەوەیی. بۆیە، ریفۆرمی زەویوزار لە کوردستان زۆر درەنگتر بەڕێوە چوو».

قاسملوو لە درێژەی قسەکانیدا دەیگوت «دوای شۆڕشی ئیسلامی، دەرەبەگە کوردەکانی باشوورو چەند دەرەبەگێکیش لەناوەندی کوردستان بۆ ئەستاندنەوەی زەویوزارەکانیان گەڕانەوە. حدکا بۆ ئەوەی نەهێڵێ دەرەبەگەکان دەست بەسەر زەوییەکاندا بگرنەوە، پشتیوانیی لە وەرزێرەکان دەکرد. چەند جاریش بەرەنگاریی چەکدارانەی زۆر توندوتیژمان بۆ هاتە پێشێ. لە دژی خاوەن مڵکەکانی رابردوو خەباتمان دەکرد. لە ناوەندو لە باکوورەوە کوڕانو نەوەکانی ئەو سەرۆک عەشیرەتانە بوونەجاشو دەسەڵاتێکی زۆریان وەدەست هێنا کەهێشتا هەرماویانە».

حدکا پرۆژەیەکی ریفۆرمی هێنایە گۆڕێ کە زۆر لە ڕیفۆرمەکەی شا قووڵتر بوو: کوردستانمان بە سێ ناوچە دابەش کردو لە هەر شوێنێک مڵکو مەزرای زۆر هەبوون، بەسەر وەرزێرەکانماندا دابەش کردن. کەسانێک لە باکوور هەبوون کە مەزراکانیان زیاتر لە چوار کیلۆمیتری چوارگۆشە (چوار هەزار ئاکر) بوون…

شۆڕشی ئیسلامی هیچ ئاڵوگۆڕێکی لە بارودۆخی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی وەرزێراندا پێک نەهێنا، بەڵام حدکا ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیی لە بواری سیاسیی کوردستاندا بە ئەنجام گەیاند.

قاسملوو دەیگوت: «ئەوە یەکەمین جارە بزووتنەوە لە ژێر ڕێبەرایەتیی سەرۆک عەشیرەتێکدا نیە. هەربۆیەش لە رابردوودا ئەو بزوتنەوانە شکستیان دەخوارد. لە نێوبردنی بزووتنەوەی لەو چەشنە کارێکی‌هاسانە، چونکە بەکوژرانی ڕێبەرەکەی بزووتنەوەکە تەواو دەبوو».

بەڕاستی، لەمێژووی نەتەوەی کورددا ئەوە یەکەمجار بوو بزووتنەوەیەکی سیاسی بە فەرهەنگو ئیدئۆلۆژییەکی کارامەوە سەری هەڵ دابوو. بە وتەی قاسملوو«هەر بزووتنەوەیەک دەبێ زۆر پێشکەوتووتر لە دەوڵەتی ناوەندی بێ، دەوڵەتی ناوەندییەکی کە ئێستا لەسەر کارە دەوڵەتێکی سەدەکانی نێوەڕاستە. حیزبەکەش وەک ڕێبەری بزووتنەوەکە دەبێ مودێڕنو پێشکەوتوو بێ، ڕێکخراوی سەربازیو رادیۆو رۆژنامەو فەرهەنگی تایبەتیی خۆی هەبێ. ڕەنگە ڕێژیمی ئێران لە بواری نیزامییەوە بەهێزتر بێ، بەڵام لە زەمینەی فەرهەنگیدا کۆنەپەرستە و هی سەدەکانی نێوەڕاستە. لە حاڵێکدا حدکا حیزبێکی دێموکراتیکو لاییکە. هەربۆیەش دەگەڵ هەمووگەلانی ئێران دۆستایەتیی دوولایەنەمان هەیە. هێندێک کەس داوامان لێ دەکەن ناوەکەمان بگۆڕینو بیکەینە حیزبی دێموکراتی ئێران. ئەمن بۆم روون نیە لەبەرچی پشتیوانیی خەڵکی کورد لەم حیزبە نابێتە سەرمەشقێک بۆ فارسەکانو بەلووچەکان».

ساڵی ١٩٦٥، پارلمان ناسناوی «آریامهر»ی دا بە شاو بەم جۆرە هێنایە ریزی فیرعەونان. شەش ساڵ دواتر، [محەممەد] ڕەزا پەهلەوی‌ڕێبەران‌وگەورەپیاوانی‌سەرانسەری جیهانی بۆ پرسپۆلیس بانگهێشتن کرد بۆ ئەوەی بیستو پێنجەمین سەدەی پاشایەتی لە ئێران وەک جێژنێک بەڕێوە بەرێ. لەماوەی ڕێورەسمێکی لە رادەبەدەر بە شکۆو خۆڕانەرانەدا کە چەند رۆژێک درێژەی کێشا، هەموو میوانەکان ئەوپەڕی ڕێزیان لێ گیرا. لە ڕوانگەی کۆمەڵانی خەڵکەوەو بۆ مەلاکانی وەک دەروێشیو عەزیزی، ئەو جێژنە بە شکۆیانەی شا شتێکی یەکجار خراپو نابەجێ بوونو هەستی شۆڕشگێڕیی ئەوانی هەژاندبوو.

دەروێشی هەموو هێزو توانای خۆی لە دژی ڕێژیمی شا وەگەڕ خستبووو رابردووی خەباتگێڕانەی خۆی بەم جۆرە دەگێڕایەوە: «پێش ئەوەی بچمە نێو شۆڕشەوە، لەهێزێک دەگەڕاین بتوانێ خەباتی ئێمە لە دژی دەوڵەت رێک بخاو بی‌پارێزی. خەباتی سیاسی لە دژی دەرەبەگایەتیو لە دژی دەوڵەت نزیک بە سی ساڵە درێژەی هەیە، بەڵام خەباتی چەکدارانە نزیکەی شێست ساڵە وەڕێ کەوتوە. کاتێک دەمدی ڕێژیم خەریکی سەرکوتکردنی خەڵکی ئێمەیەو دەرەبەگەکانیش مافی ئەو گەلە ستەم لێکراوەیان لە ژێر پێ‌ناوە، ناچار بووم خەڵکەکە وەخۆ خەمو ڕێکیان خەم. دەمەویست لە پێشدا سازمانیان بدەم، جا ئەوجار بۆ خەبات لە دژی دەوڵەتو دەرەبەگەکان وەخۆ کەوین. ئێمە هەردەبوو لە دژی ئەو دوولایەنە دژی مرۆڤایەتییە دەست بەکار بین».

هەستی شۆڕشگێڕی لە ناوبراودا ریشەی لە رابردوویەکی دوورودرێژدا بوو. کاتێک کۆماری مهاباد راگەیەندرا، ئەو مێرمنداڵ بووو بۆیە نەی توانی تێیدا بەشدار بێو بەڕوونییش دیار بوو زۆر بەداخە. لەدرێژەی قسەکانیدا دەیگوت: «کاتێک بوومە پازدەساڵەو هەستم بە سەرکوتکرانی خەڵکەکەم کرد، دەمان زانی دەبێ ڕاپەڕین. بۆیە هاتینە پاڵ حیزبو درێژەمان بە خەباتی خۆمان دا. لە حاڵێکدا جلوبەرگی مەلایەتیمان دەبەردا بوو، خەباتی سیاسیو ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکمان دەست پێ کرد».

مەلاکان بە نهێنی تێ‌دەکۆشانو خەڵکیان وشیار دەکردەوە. کەسانی ئایینیو پێشکەوتنخواز بوونو بە یارمەتیی خەڵکەکە بەڕێ دەچوون.

دەروێشی دەیگوت: «لەکوردستان تەنیا وێرانکاری لەلایەکو دامەزراندنی ناوەندە سەربازییەکان لە لایەکی دیکەوە لە گۆڕێدا بوو. هیچ قوتابخانەیەکو ناوەندێکی لەش ساغی یا زانستگەیەک نەبوو لە خزمەتی خەڵکەکەدا بێ. لە سەردەمی شادا، گەلی کورد لە هەموو مافێک بێبەش بوو،و ئێستا دەگەڵ ئەو ڕێژیمە بارودۆخەکە لەوەش خراپتر بووە. بۆ پێشگیری لە پێوەندیی نێوان کۆمەڵانی خەڵکو پێشمەرگەکان، لەنێوان هەرچەند کیلۆمیترێک پێگەیەکی سەربازییان دامەزراندوە. بەڵام، تەنانەت ئەگەر پێگەی زیاتریش سازکەن هەرگیز

ناتوانن بەمەبەستی خۆیان بگەن، چونکە پێشمەرگەکانو خەڵکەکە یەکنو خەڵکەکەش پێشمەرگەن. ڕێژیمی شا نەی‌توانی کوردەکان لە خەبات دوور خاتەوەو ڕێژیمی خومەینییش ناتوانێ ئەو خەڵکە تێک بشکێنێ. هەتا ئەوکاتەی کوردەکان بە مافی خۆیان نەگەن، دەست لە خەبات هەڵ ناگرن».

عەزیزی، کەچەند ساڵێک لە دەروێشی بە تەمەنتر بوو، لە سەردەمی لاوەتییەوە هاتبووە نێو حدکاوە. لە بنەماڵەیەکی وەرزێری دەستەنگو هەژاردا لە دایک ببوو. کاتێک شا ڕیفۆرمی زەوی وزاری دەست پێ کرد، عەزیزییان وەک بەرپرسی «تعاونی»ی گوندەکە دیاری کردو ڕۆژانە دە سەعات کاری دەکرد. ناوبراو لەوکارەی خۆی بۆ بانگەشەو یارمەتیدانی وەرزێرەکان کەلکی وەردەگرت.

ساڵی ١٩٧٩، کاتێک شۆڕش سەرکەوت بۆخۆیو دووکوڕەکانی چەکیان هەڵگرتو هاتنە نێو خەباتی کوردەکانەوە. ساڵی ١٩٨٠، ئەوو مەلاکانی دیکە هاتنە پاڵ‌حدکاو چونکە خوێندەوارو زانا بوون دەگەڵ بەشی دادوەریی حیزب هاوکارییان دەکرد. دوای ماوەیەک عەزیزی چووە بنکەی دەفتەری سیاسی‌و بوو بە بەرپرسی تەبلیغاتی سیاسی‌و ئایینی لە نەغەدەو لە شنۆیە.

«هاتووم بۆ دەفتەری سیاسی بحەسێمەوە».

قاسملووش لێی پرسی ئایا ئەرکەکانی وەک ناسیۆنالیستێک هەروەک ئەرکە ئایینی‌یەکانیەتی. ئەویش لە وەڵامدا گوتی: نیشتمانپەروەرییەکی بێ مەزهەب، ناتوانێ نیشتمانپەروەری بێ.

«ئەدی بۆچی هاتوویە پاڵ حدکا؟»

ئێمە ئیمانمان وایە ئەم حیزبە حیزبێکی لاییکە بەڵام دژی مەزهەب نیە. ئێمە بە شوێن حیزبێکدا دەگەڕێین کە بەرەو ئامانجەکەمان ڕێبەریمان بکا. بۆیە، بۆمن جێگای شانازییە کە سەر بەم حیزبەم. ئامانجی حدکا خۆشبەختیی نەتەوەی کوردە.

قاسملوو لێی پرسی: «داخوا نەریتە ئایینییەکان دەگەڵ نوێخوازی دێنەوە یا دژی یەکترن؟».

«ئەگەر دەمانەوێ پەیڕەوی لە ئایینی ڕاستەقینەی ئیسلام بکەین، دەبێ خۆمان دەگەڵ ئەم سەردەمە ڕێک بخەین، قورئان نە دژی پێشکەوتنەو نە دژی‌گەشەکردن. حدکاحیزبێکی نیشتمانپەروەرەو ژمارەیەکی یەکجار زۆری لە پەیڕەوەکانی ئایینە جۆراوجۆرەکان دەگەڵن. زۆربەی کوردەکان سوننی مەزهەبن، بەڵام پەیڕەوانی بیروبڕوای دیکەشی تێدان. دەبێ سیاسەت بەخەتی خۆیدا بڕواو مەزهەبیش بەخەتی خۆیدا».

حدکا پشتیوانی لە جیایی دەوڵەت لە مەزهەب دەکا. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەڵوێستێکی تەواو بەجێیە. هەروەها، دەبێ ئەم ڕاستییەشمان لەبەرچاو بێ کە زۆربەی ئەندامانی حدکا موسوڵمانن: لەچوار بەشان بەشێکی شیعەنو باقییەکەشی سوننین.

عەزیزی‌لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «بە پێی قورئان هەمووومان هەروەک یەکین. ئەوکارەی دەوڵەت لە دژی بەهاییەکان دەیکا، کاری دێوو درنجانە. خومەینی بە سەرکوتکردنی ئەوانە کارێکی خراپ دەکا. گوناح دووجۆرن: گوناحی چکۆلەو گوناحی گەورە. ئەوانی چکۆلە بە کرداری باش قەرەبوو دەکرێنەوە. گوناحی گەورە دووجۆرن: لە دژی خەڵکو لە دژی خودا. تەنانەت مرڤایەتییش ناتوانی چاوپۆشی لەو دووانە بکاو خودا بڕیار دەدا، بەڵام خودا هەرگیز لەو گوناحانە خۆش نابێ لە دژی خەڵک کرابن».

عەزیزی هەروا گوتی ئیسلام وەک ئایینێک دژی پێشکەوتن نیە.

قاسملوو بۆ ئەوەی زیاتر وەقسەی بێنێ گوتی: «بەڵام، هێندێک مەلا هەن دژی نوێبوونەوەو مۆدێرنیتەنو بۆیە پشتیوانی لە ڕێژیمی خومەینی دەکەن چونکە دژی گەشەکردنو پێشکەوتنە».

عەزیزی لەوەڵامدا گوتی: «مەلاکان بە مەرجێک ڕێزیان لێ دەگیرێ کە لە ڕێگای خۆیان لانەدەن. دەبێ هەمیشە دەگەڵ خەڵکەکەی خۆیان بنو هەرگیز لێیان لانەدەن».

ئەو بیروبڕوایە کە مەلا دەبێ دەگەڵ هەلومەرجی ژیانی خەڵکەکە یەکو یەکگرتووبێ ـ ئەوەش مەرجێکە شیعەکانو سوننییەکان تێیدا هاوبیرو هاوبەشن ـ شا بە تەواوی وەلای نا. هەروەها ئەم ڕاستییە بناخەییەی لەبەرچاو نەگرت کەمەزهەب [ی شیعە] هەروەک مەسیحییەت لەسەدەکانی نێوەڕاستدا، شێوەی ژیانی خەڵکی ئێرانی بەتەواوی وەلا ناوە. شتێکی دیکە کە بەڕاستی پیاوی سەرسوڕماو دەکا ئەوەیە کە شا نەک هەر ئەویندارو ئۆگری تێکنۆلۆژیی نوێ بوو، بگرە پیاوێکی یەکجار مەزهەبییش بوو.

شا کە پیاوێکی خەمبار بوو، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کەخودا ئەرکی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی پێ ئەسپاردوەو هەر لە سەردەمی منداڵییەوە زانایی‌و باریک بینیی داوەتێو کاتێکیش خۆی ناسیوە، خەونی بەمەزهەبەوە دیوە.

شا دووجار لەمەترسیی کوژران ڕزگاری بووو پێشی وابوو بە هۆی پەرجۆیەک ڕزگاری بووەو بەپێداگرتنەوە دەیگوت: «دەسەڵاتی من وڵاتی نەجات داوەو ئەوەش لەبەر ئەوە بووە کەخودا لایەنگری منە«. سەرەڕای ئەوەش، وا دیار بوو زۆری قین لە مەلایانە چونکە لەنێو کۆمەڵی ئێراندا دەستیان باش دەڕوا. دوو حەوتوو دوای ئەوەی لەساڵی١٩٥٠دا شا دەگەڵ «پری اسفندیاری«، ژنی دووهەمی، ژیانی هاوبەشیان پێک هێنا، کابرایەکی موسوڵمانی دەمارگرژ بە گوتنی «الله اکبر، الله اکبر»، لە مزگەوتێک، سەرۆک وەزیری شا: «علی رزم آرا»ی کوشت. ئەوە کارێکی زۆر جیددی بوو. لەوەش گرنگتر ئەوە بوو کە شا نەی توانی تاقە مەلایەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ڕێوڕەسمی بەخاک ئەسپاردنەکەی بەڕێوە بەرێ. ئێرانییەکان ڕقیان لە ڕەزمارا بووو براچکۆلەی شا، شازادە عەبدوڕڕەزا ناوی «مارێک لە نێو گیاو گوڵی» لەسەر دانابوو.

عەبدوڕڕەحمان قاسملوو پیاوێکی مەزهەبی نەبووو ئەگەرچی لەنەتەوەیەکی موسوڵمان بوو، بەڵام هەرگیز مەزهەبی نەبوو. دایکی، کە ئاسۆرییەکی مەسیحی بوو، زۆرجار بە دزی دەی بردە کلاسەکانی[فێربوونی] ئینجیل.

لە سەردەمی منداڵیدا، هەروەک هەموو منداڵەکانی هاوتەمەنی، دەچووە خوێندنگەی قورئان‌و ساڵ دەگەڵ ساڵ، بیروبڕوای ئاقڵانەی لە بارەی دیاردەی مەزهەبەوە دەچووە سەر. کتێبە پیرۆزەکانی ئیسلامی خوێندبوونەوەو نووسراوەکانی ئەو ئایەتوڵڵایانەشی خوێندبوونەوە کە لە تاران بەدەسەڵات بوون. بە لاتاوەوە ڕەخنەی لەو ئاهەنگە سەیروسەمەرە مەزهەبییانە دەگرت کە لە ڕادیۆی تارانەوە بڵاو دەبوونەوە. شیعەکان بەوپەڕی تاسەو ئاواتەوە ئەو زاراوانەیان هەروا دووپات دەکردەوە: «خودایە، خودایە، هەتا شۆڕشی مەهدی خومەینی بپارێزە».

قاسملوو دەیگوت: «ئەو وتانە دژایەتییان بەیەکەوە هەیە. ئەگەر قەرارە هەتا هاتنی مەهدی، ئیمامی دوازدەهەم، خومەینی هەر لە ژیاندا بێ واتاکەی ئەوەیە هەتا ئەوکاتەی خومەینی هەبێ، ژیان بەوپەڕی خراپی دەگا، چونکە شیعەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەتا ڕووداوی پڕ لە کارەسات نەیەتە گۆڕێ‌و هەلومەرجی جیهان بەوپەڕی خراپی‌و ئاڵۆزی نەگا، ئیمام مەهدی نایە».

قاسملوو ڕووداوە مێژوویەکانی نێوان فارسەکان‌و باقیی ئێرانییەکانی بەم جۆرە ڕوون کردەوە.»لەچوار بەشان بەشێکی کوردەکان شیعەن، لە سەرەتاداو کاتێک لە ژێر دەسەڵاتی ساسانییەکاندا بوون، کوردەکان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە بەرامبەر عەرەباندا بەربەرەکانییان دەکرد. کاتێک «صفوی»یەکان دەستیان بەسەر ئیمپراتۆریی ئێراندا گرت، پێیان وابوو ئەوەندە بەهێزن بتوانن لە دژی ئیمپراتۆریی عوسمانی وەشەڕ کەون. بۆ پارێزگاری لە شیعەکان ئەوە تەنیا ڕێگە بووو لەئاکامدا بوون بە پارێزەرانی مەزهەبی شیعە لەبەرامبەر عوسمانییەکاندا کە پارێزەری سوننییەکان بوون. بەم جۆرە بناژۆیی مەزهەبیی شیعە هاتەگۆڕێ. بناژۆیی خومەینییش ڕیشەی دەچێتەوە سەر ئیمپراتۆریی «صفویە».

قاسملوو بۆ ڕوونکردنەوە دەیگوت: «لەنێو شیعەکاندا جیاوازی هەیە. شیعەکانی «صفوی« بناژۆیی خومەینی مەحکووم دەکەن. شیعەکان بەخۆیان دەڵێن جەعفەری کە پاش [امام]جەعفەری سادق ئیمامی شەشەمی شیعەکان ئەو ناسناوە هاتە گۆڕێ. بەڵام شیعەکانی جەعفەری بناژۆ نین‌و شیعەیەکی نوێخوازن. بۆ وێنە ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری شیعەیەکی جەعفەری بوو.

قاسملوو زۆری پێ سەیرو جێگەی گاڵتەپێکردن بوو کە شیعەکان بە هەموو توانایانەوە خەریکن راستییەکانی مێژوو بکەنە هی خۆیان: «ئەوانەی هاوتەمەنی منن پێیان خۆشە پێش هەمووشتێک بزانن کەنگێ لە دایک بوون. تەنانەت باوکیشم کە ئەندامی بنەماڵەیەکی بەفەرهەنگ بوو نەی دەزانی کەنگێ لە دایک بووە. کاتێک شیعەکان لە بارەی مانگی «محرم» یان لەبارەی رۆژەکانی نۆو دەی ئەو مانگە («عاشورا») یان ئەو رۆژەی شەڕی کەربەلا رووی داوە، لە بارەی هەر شتێکی لەو رۆژانەدا روویان داوە زۆر بەوردی دەنووسن، لە پێوەندی دەگەڵ پێشهاتەیەک لەو رۆژانەداو لەکام خولەکدا روویان داوە دەیان گێڕنەوە. لە بارەی ئەو شتانەی گوتراون‌و ئەو قسانەی [حەزرەتی] حوسێن‌و هاوڕێکانی گوتوویانە بە درێژی قسە دەکەن. ئێمە پێمان وایە دەبێ کاسێتیان پێ بووبێ. بۆیە دەزانن یەک یەکی ئەوانە کەنگێ لە دایک بوون‌و کەنگێ مردوون.» قاسملوو زۆر باش لە گرنگیی ئەو نەخشە (دەور)ە ئاگادار بوو کە سەدهەزار، بگرە زیاتر، ئاخوندی شیعە لە ژیانی خەڵکی ئێراندا دەیگێڕن. بە پێکەنینەوە دەیگوت چەند خزمی‌هەن کە لە تەمەنی سەد ساڵیدان. بێکاری‌و مەزهەب قازانج بە بەدەنی ئینسان دەگەیەنن» .

ساڵی ١٩٨٨، ئێد مێدیکاڵ ئەنترناسیۆنال نەخۆشخانەیەکی دیکەی لە چیاکانی کوردستان دامەزراند. قاسملوو دەیەویست ئەونەخۆشخانەیە ناوی ئەو پزیشکەی لەسەر دابنرێ کە سەر بەو رێکخراوە بووەو بەهۆی نەخۆشییەکی‌سروشتی‌وکاتێک لەکوردستان کاری دەکرد گیانی‌لەدەست داوە. بەڵام، ناوی کوردیی «ئازادی«یان لەسەر دانا.

پزیشکی فەرانسەیی بێرنارد گرانژۆن لەسەر ئەو بڕوایەیە کە داخوازەکەی قاسملوو لەرێکخراوە پزیشکییەکە بۆئەوەی نەخۆشخانەیەک لە کوردستان ساز بکا، چ بە ئاگادارییەوە بووبێ و چ نەبووبێ، زیاتر لایەنی سیاسیی هەبووە تا دەرمانی. لە سەرەتادا، کوردەکان دەیان توانی بچنە نەخۆشخانەکانی عێراق. هەروەها، دەستیان بە نەخۆشخانەیەکی دیکە لە ئێران رادەگەیشت. دوکتور گرانژۆن لەو بارەیەوە دەیگوت: «بۆیە لە سەرەتادا پێمان وا نەبوو دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی دیکە کارێکی گرنگە. ئەوەی پێمان لە هەمووشتێک گرنگتر بوو هەبوونی نەخۆشخانەیەک دەگەڵ کارزانە سەرەتاییەکان بوو کە بتوانن هەرچی زووتر بەو بریندارانە رابگەن کە جاری وا هەبوو هەتا دەگەیشتنە نەخۆشخانەیەک، پازدە رۆژی دەکێشا. بۆیە ماوەی دووساڵان ئەوە کارمان بوو. ساڵی ١٩٨٦ توانیمان نەخۆشخانەیەکی یەکجار پێویست ساز کەین چونکە پێوەندیی نێوان کوردەکان‌و عێراقییەکان بەرەو توندوتیژی دەرۆیشت. لە نەخۆشخانەکانی عێراق عەرەبەکانیان بێ‌هەرچەشنە گیروگرفتێک وەردەگرت بەڵام کوردەکان نا.

«کوردەکان پارێزگاری‌و کاری بەرێوەبردنی نەخۆشخانەکەیان وەئەستۆ گرتبوو پزیشکەکانیش بە کاری دەرمانی‌و نەخۆشخانە رادەگەیشتن. هەتا ساڵی ١٩٩٠ وەزعەکە هەربەوجۆرە بوو؛ پێشمان وابوو لە داهاتوودا گیروگرفتمان بۆ دێتە پێش. بۆیە دەستمان کرد بە راهێنانی پزیشکان، نەشتەرگەران، پسپۆرانی بێهۆشی‌و پەرستاران‌و هتد».

ساڵ بە ساڵ، قاسملوو دەگەڵ گیروگرفتێکی زۆرتر بەرەوڕوو دەبوو. فلۆرانس ویبێر دەیگوت:

لە پێوەندی‌گرتن دەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا بە تەواوی راهاتبووو ئەو پێوەندییانەی زۆر پێویست بوو، بەڵام لەعێراق نەیبوو،و لە نەبوونی ئەو پێوەندییانە زۆر بە پەرۆش بووو تەنیا لە رێگای پێوەندی دەگەڵ پێشمەرگەکانەوە ئەو بەتاڵایەی پڕ دەکردەوە. ساڵی ١٩٨١، خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆ دەبوونەوە. بەڵام کاتێک ساڵی ١٩٨٨ بۆ جارێکی دیکە لە چیاکانی عێراق چوومە لای، هەلومەرجەکە سەختو ناخۆش بوو. زۆر کەس لە دۆستەکانی هەر دیار نەبوون.

دەیگوت دوای مەرگی خومەینی، رەنگە هەلومەرجەکە باشتر بێ. رەنگە لەوە باش ئاگادار نەبووبێ کە بە هۆی بە تەنیایی مانەوەو ماندوو بوونێکی یەکجار زۆر، بەرەو داوێک هەنگاو دەنێ کە لەشاری ڤییەن بۆیان ناوەتەوە. دوور کەوتنەوەی لە خەڵکەکەی خۆی‌و مانەوەی لە دەفتەری سیاسی لە نێو خاکی عێراق‌و هەروەها جیهانی داخراوی پیاوان، بە تەواوی سەخڵەتیان کردبوو».

# بەشی چوارەم
# ڕەحمانی کورد

## بڕگەی یەکەم
## کوڕانی سمکۆ

عەبدوڕڕەحمان قاسملوو ٢٢ی دیسامبری ١٩٣٠و لە شاری ورمێی کوردستانی ئێران، لە دایک بوو. مامی قاسملوو بە پێداگرتنەوە دەیگوت برازاکەی لە زستانێدا لە دایک بووە، بەڵام دایکیهەمیشە دەیگوت لە هاوینێدا هاتۆتە سەر دنیا.

لانیکەم قاسملوو بۆخۆی دەیزانیکەنگێ لەدایک بووە. بنەماڵەکەیان یەکەم کەسانێک بوون کە ساڵی لەدایک بوونی منداڵەکانیان دەنووسی. قاسملوو دەیگوت: «لەوانەیە باوکم لە دەوروبەری ساڵی ١٨٦٧ لەدایک بووبیو وێدەچێ کاتێک ئەمن چاوم پشکووتوە، ئەو لە تەمەنی شێستوسێ ساڵیدا بووبێو لە تەمەنی هەشتاوچوار ساڵیدا فەوتی کرد. باوکم دەیگوت بەپێی یاسا نۆ ژنی خواستوە، بەڵام دایکم دەیگوت شازدە ژنی هێناون. ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، دایکم سێهەمین ژنی بوو. ئاسۆری بووو دوایە ببوو بە موسوڵمان».

هیچ کەس ناوی دایکی قاسملووی لە سەردەمی کچێنیدا لەبیر نیە، بەڵام کاتێک مێردی کردو بوو بە موسوڵمان، ناوی فاتم ـ یان لەسەر دانا.

قاسملوو دەیگوت: «حەوت برا بووینو ئەمن لەباری تەمەنەوە لەهەموویان چکۆلەتر بووم».تەنانەت بە پێوەری کوردانیش، بنەماڵەیەکی گەورە بوون. ک.م. دەیگوت: «برا هەرەگەورەکەیم دەناسی کە پزیشکی رادیۆلۆژی بوو. هەروەها کچە برازاکانیو حەسەنی براشیم دەناسی. یەک ـ دووجار چوومە دۆڵی قاسملووی. دۆڵێکی گەورە بووو چەند چیایەکی بەدەورەوە بوونو هەواکەشی زۆر خۆش بوو. زەویوزارێکی زۆری تووتنو کشتوکاڵو باخی میوەی لێ بوون. لە سەردەمی شادا، زەوییەکان دابەش کرابوونو یەکێک لەو زەوییانە بەدەست بنەماڵەی قاسملووەوە بوو. باوکی قاسملوو دەرەبەگێکی زۆر گەورە بوو. بەڵام قاسملوو بۆخۆی هیچ ملکێکی نەبوو. تەنانەت ماڵی پزیشکە رادیۆلۆژییەکەش ماڵێکی چکۆلەی لادێییانە بوو.

«قاسملووەکان بەنێوبانگ بوونو خەڵک رێزیان لێدەگرتن. لەوکاتەوە کە لەسەدەی نۆزدەهەمدا، گەورەی خانەدانی قاسملوو راوێژکاریشای ئێران بوو، ئەو بنەماڵەیە هەم لە رادەی ناوچەییو هەم لە بواری سیاسەتی نەتەوەییەوە چالاکییان هەبوو. لەو سەردەمەدا، ئێران ولاتێکی بە تەواوی جیاواز دەگەڵ ئێستا بووو هەرچەند کوردەکان ببوونە قوربانییدیکتاتۆریی دەوڵەتی ناوەندی، بەو حاڵەش گیروگرفتێکیان بۆ دەوڵەت پێک هێنابوو.

ک.م. دەیگێڕایەوە: «ئاخرین جار کە رەحمانم دی، چەند ساڵ لەمەوبەر لەزەماوەندێکدا بوو. ئەووەک هەمیشە خۆشحاڵو بەکەیف بوو. بۆوەپێکەنینخستنیخەڵکەکە سەربردەی زۆرخۆشی دەگێڕانەوە».

باوکی قاسملوو، «محمد وثوق» خاوەن ملکێکی گەورەو لە عەشیرەتیشکاک بوو  ئەوعەشیرەتە یەکێک لە عەشیرەتە گەورەکانی ناوچەکە بوو. کوردستانی ئێران، زیاتر لە شێست عەشیرەتی لێن. شکاکەکان لە باکووری رۆژئاوای ورمێ دەژینو [مەمەدئاغای] وسووق خاوەنی تەواوەتی دۆڵی قاسملوو بوو. ئەو دۆڵە لە چەند کیلۆمیتریی ورمێ هەڵکەوتوە. شاری ورمێیش لە باکووری رۆژئاوای ئێرانو لە نزیک سنووری تورکیەیە.

سەرۆکی پێشتری عەشیرەی شکاک، سمایل ئاغا بوو کە بە سمکۆ دەناسراو لە سەردەمی لاویدا، یەکجار ئازا بووو زۆرجار هێرشی دەکردە سەر خەڵکانی نیشتەجێی دەشتەکانو دۆڵەکان.

کاتێک لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەرتەشی تێزاری رووسیە هاتە نێو خاکی ئێران، ئاسۆرییە مەسیحی‌یەکانیان دنە دەدا هێرش بکەنە سەر خەڵکە کوردەکە. سمکۆ، کە ڕەنگە بەهۆی فێڵو تەڵەکەی تورکەکان بووبێ، مەڕشیمۆن ڕێبەری ئاسۆرییەکانی بە شێوەیەکی فێڵبازانە کوشت.

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، سمکۆ بوو بە ڕێبەرێکی ناسیۆنالیستو مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو. ساڵی ۱۹۳۰، راست وەکوو براکەی خۆی، لەکاتێکدا لەبارەی پەیمانێکی ئاشتییەوە دەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی تاران خەریکی وتوویژ بوو، بە دەستی ئەو نوێنەرانە کوژرا.

وسووق دۆستی سمکۆی بووو هەروەک ویش پشتیوانیی لە ناسیۆنالیزمی کورد دەکرد. دوای کوژرانی سمکۆ، دەوڵەتی ناوەندی بەرنامەیەکی سەرکوتی گەلی کوردی لە کوردستان بەڕێوە برد. ڕێگە بە کوردەکان نەدەدرا مێژووی خۆیان بنووسنو بەدەرس بیڵێنەوە. بەڵام، کوردەکان، قینو رقی ڕەزاشایان لە دژی هەر شتێکی بۆنی‌کوردایەتیی لێ‌هاتبا، تورەمە دوای تورەمە بۆ یەکتر گێڕاوەتەوە.

قاسملوو ئەو ڕووداوانەی نەدیبوون چونکە پێش سەردەمی وی بوون. بەڵام، هەمیشە ئەو ڕووداوەی لە بیر بوو کە جارێکیان ژاندارمەیەک لە کابرایەکی «صۆفی» دەدا چونکە هەروا جلوبەرگی کوردیی دەبەردا بووەو نەی‌ویستوە لیباسی‌ئورووپایی‌دەبەر کا. قاسملوو دەی‌گێڕایەوە: «کابراو ژاندرمەکە لەسەر پردی شنۆیە بوون. ژاندارمەکە پانتۆڵی کابرای دەدڕێنێ. سۆفی کە بەو شێوەیە سووکایەتیی پێ‌کرابوو بە کوشتنی ژاندارمەکەی، تۆڵەی خۆی کردبۆوە. سۆفییان خستە بەندیخانەوەو چاوەڕوانی ئێعدام بوو. بەڵام، باوکم ئەوەندە قسە رۆیشتوو بوو کە توانی کابرای سۆفی لە مەرگ نەجات بدا».

مەمەدئاغای وسووقو باوکی دایکی قاسملوو، لەسەردەمی لاوەتیی ئەودا لە بواری فێرکاریی نیشتمانپەروەرییەوە رەحمانیان زۆر باش ڕاهێنابوو. باوکە گەورەی هێندێک چیرۆکی یەکجار خۆشی لە بارەی شێوەی هەڵسوکەوتی پیاوان دەگەڵ ژنانەوە بۆ دەگێڕانەوە.

کاتێک رەزاشا لەسەر تەختی پاشایەتی وەلانرا قاسملوو یازدەساڵە بوو. «لەو تەمەنەدا، بەتەواوی هۆگری سیاسەت ببووم. بەڵام لەماڵێ دەگەڵ هیچ کەس باسی سیاسەتم نەدەکرد، هەرچەند باوکم بێ ئەوەی سەر بە هیچ حیزبێک بێ پیاوێکی سیاسی بوو. هەروەها، هیچ کات باسی قاچاخچێتیمان نەدەکرد کە لەو بەشە لە جیهان چالاکییەکی بازرگانییە. بۆ وێنە ئەو پارچەو فاسۆنیایانەی خەڵک جلوبەرگیان لێ دروست دەکرد، لە عێراقەوە دەهاتن. ئەو پارچانە ژنانی باریکەڵەو جوان دەیان کڕین، بەڵام بە دەبەر کردنی چەندین جۆر لەو پارچە قاچاغانەو بە لەقەدهاڵاندنیان ، زۆر قەڵەو دەهاتنە بەرچاو».

باوکی قاسملوو خوێندنەوەو نووسینی باش دەزانی ـ ئەوەش لەو سەردەمیدا شتێکی ناوازە بوو. لەسەر ئەوە سوور بوو کە دەبێ هەموو منداڵەکانی بخوێنن. بەڵام ئەو روانگەیە کچەکانی نەدەگرتەوە.

ماڵەکەیان لە شاری ورمێ بوو. قاسملووی تازەلاو بۆ ئەوەی بگاتە قوتابخانە دەبوو نیو کاتژمێر بە پێیان بڕوا.» کاتێک پێنج ساڵە بووم باش وەبیرم دێ، لە زستانێ ئەوەندە بەفر بارییوو کەکاتێک لە ماڵێ وەدەر کەوتم، تەنیا ڕێگەیەکی زۆر باریکم لە پێش خۆم دەدی. ئەوەندە بەفریان بەرەو قەراخی جادەکە هەڵداشتبوو کە وەک دیوارێکی یەکجار بەرزی لێ هاتبوو. هیچ شتێکم نەدەدی‌و ترسم ڕێ نیشت».

لە سەردەمی ڕێژیمی شادا، هەموو قوتابخانەکان دەوڵەتی بوونو ئازاد نەبوون. دوای شەش ساڵ خوێندنی سەرەتایی، باوکی داوای لە کوڕە هەرە چکۆلەکەی دەکرد دەبێ ببێتە باشترین خوێندکار. عەبدوڕڕەحمان بە مانای «عەبدی خودایە»و بۆیە دەبوو بە پێی ئەو ناوە ژیانی خۆی بەسەر بەرێ. قاسملوو مرۆڤێکی بە فەرهەنگو رووناکبیر بوو. لە تەمەنی سێ ساڵیدا، دەگەڵ باوکی شەترنجی دەکرد. کاتێک گەیشتە تەمەنی مێر منداڵی، دەی‌توانی بەچەند زمانان قسە بکا: فارسی لە قوتابخانە، ئازەری لە خەیابان، عەرەبی لە قوتابخانەی قورئان، ئاسۆری لە کلیسایە کەدایکی دەیبرد بۆوەی بە دزی فێری بابەتە ئایینی‌یەکان بێ. لە ماڵی خۆیان بە سۆرانی

قسەی دەکردن کە یەکێک لە زاراوەکانی زمانی کوردییە و کوردەکانی ئێران و بەشی باکووری ئێراق قسەی پێ دەکەن. دوای ماوەیەک فەرانسەی‌و چێکی‌و ئینگلیزییش فێر دەبێ.

ساڵی ١٩٤١، قاسملووی تازەلاو بە جوانی ئاگای لە هاتنی ئەرتەشی شووڕەوی بوو کە باکووری کوردستانیان داگیر کرد. «یەکەمین شت کە لەم بارەیەوە چاوم پێی کەوت لە شارۆچکەی باڵانیش بوو کە بە مەودای دە کیلۆمیتر لە بەشی لای سەرووی دۆڵی قاسملووو لەسەر جادەی ورمێ هەڵکەوتوە. پێم وایە بیست‌و پێنجی مانگی ئاوگۆست بوو. دەوڵەتە یەکگرتووەکان خەریک بوون دەهاتن؛ بریتانیاییەکان لە باشوورەوەو شووڕەوییەکان لە باکوورەوە دەهاتن. دەگەڵ هەڤاڵێکم چوومە باڵانیش. شووڕەوییەکان پێشتر تانکەکانیان لەوێ ڕاگرتبوو. لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، داگیرکرانی کوردستان خوێنڕێژییەکی زۆری بە دواوە بووو کاتێک خەڵکەکە ئەو سەردەمەیان وەبیر دەهاتەوە زۆر دەترسان‌و لە رووسەکان بەدبین بوون.

هەر لەبەر ئەوەش بوو کوردەکان خۆیان ئامادە کردبوو هەڵێن بۆ عێراق. بەڵام ئەمجارە سەربازەکانی شووڕەوی پێ‌دەکەنین، شوکولاتو نامیلکەیان دەدانێ کە بە فارسی‌و ئازەری‌و کوردی نووسرابوون: «مەترسێن. دۆستی ئێوەین». ئەوە یەکەم جار بوو نووسراوەیەکم بە کوردی دەدی. نامیلکەکان لە فڕۆکەکانەوە فڕێ دەدرانە خوارێ.

بوونی هێزە بیانییەکان لەوێ شتێکی سەیروسەمەرە نەبوو. ئێران بەهۆی دەوڵەمەندبوونی ئاووخاکەکەی‌وگرنگیی ستراتیژیکەوە هەمیشە زەینی هێزە دەرەکییەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. ساڵی ١٩٠٧، بریتانیای مەزن‌و رووسیە بە یەکەوە پەیماننامەیەکیان واژۆ کرد. بە پێی ئەو پەیمان نامەیە، ئێران بە سێ مەڵبەند دابەش کرا. لە باکوور مەڵبەندێکی پان‌وبەرین لە ژێر کۆنترۆڵی رووسیەدا؛ مەڵبەندێکی چکۆلەتر لە باشوور کەوتە ژێر دەسەڵاتی بریتانیاو مەڵبەندێکی بێ‌لایەن کە تارانیشی دەگرتەوە. ساڵێک دواتر، پلەوپایەی ئێران وەک نیشتمانی‌نەتەوەیەک چووە سەر، ئەوەش کاتێک بوو کە بریتانیاییەکان هەڵێنجانی نەوتیان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیان دەست پێکرد.

ساڵی ١٩٤١ کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکان لە دژی ئەڵمانی نازی لەشەڕدابوو، وڵاتــە یــەکگــرتووەکانی‌ئەمــریکاو هــاوپــەیمانە رۆژئاواییەکانی لە ڕێگەی ئێرانەوە چەکوچۆڵیان دەبردە شووڕەوی کە هاوپەیمانیان بوو. هەروەها ناوچە نەوتییەکانی باشووریشیان لە مەترسیی چاوتەزێریی لەشکرییەکانی نازی بە باشی دەپاراست‌و بە وەلانانی ڕەزاشاو دانانی کوڕەکەی محەممەد ڕەزا پەهلەوی لەجێگەی ئەو، نفووزی ئەڵمان لە ئێرانیان بە تەواوی لەنێو برد.

بیست‌و هەشت هەزار سەرباز کە بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد ئەو وڵاتەیان داگیر کرد. زۆربەی ئەو سەربازانە کاریان بردنی چەکوچۆڵ بۆ رووسیە بوو، هەموو بیانییەکانیش ڕاوێژکارانی خۆیان لەهەموو ئیدارە دەوڵەتییەکانی خۆیان دانابووو ئابووری‌و ئەرتەش‌و پۆلیس‌و دایرەی «حمل‌ونقل»یان خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. ناوچەی کوردنشینی مهاباد کە کەوتبووە نێوان هێزەکانی بریتانیا لە باشوورو رووسەکان لە باکوور، بە ئازادی مابۆوە. ئێران، هەروەک زۆرجار لە مێژووی دووروودرێژیدا، ببوو بە ناوەندی کێشمەکێشی «تمدن»ەکان یان ڕێژیمە دژ بە یەکەکان. ئێران هەموو ئەوجۆرە شوێنانەی لە نێو سنوورەکانی خۆیدا هەیە: کۆمەڵە بیابانێکی وشکارۆ، ناوچەی پڕ لە چیاو هەمیشە بە بەفر، دەشتی پان‌و بەرین، کەنار دەریای یەکجار دوورو درێژ لە کەنداوی فارس‌و دەریای مازەندەران. بە درێژایی هەزاران ساڵ، لەسەر ئەورێگە بازرگانییە هەڵکەوتوە کە ئورووپاو دەریای مێدیتەرانە بە وڵاتانی رۆژهەڵاتەوە گرێ دەدا. ئەسکەندەری مەزن کە داریووشی شکست دابوو هەر بەو وڵاتەدا وەدوای کەوتبوو. چەنگیزخانی مەغوولیش هەروای کرد. تەیمووری لەنگو ئەرتەشی ئیسلام‌و هتد دەستیان بەسەر ئەم وڵاتەدا گرتوە. ئەوەی لە ئاخری هەموویان باسی کراوە ـ کە دیارە پێش ئەوان نەبووە ئاییی ئیسلامی هێنایە ئێران، بەڵام عەرەبەکان کە ئێرانیان شکست دابوو، نەیان توانی وڵاتەکە بکەنە وڵاتێکی عەرەبی یا ئیسلامییەکی تەواوو کەماڵ. لە ئاکامدا گەلانی هەردوولای سنوورەکانی ئێران تەنیا لە بواری مەزهەبییەوە بەڵام نە لە بواری فەرهەنگییەوە یەکگرتوو بوون.

ئەو ڕێگە بازرگانییە ـ کە خاچپەرستە ئورووپاییەکان لە هەوڵی داگیرکردنیدا بوون ـ هەمان ڕێگایە کە مارکۆ پۆلۆ پێیدا ڕۆیشت بۆ وڵاتی چین. ڕێگەیەکی زۆرهاسان نەبوو، چونکە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو لایەنانەی دەیانەویست دەستی بەسەردا بگرن، بە تەواوی خەتەرناکی کردبوو.

لە بەرەبەری دەیەی پەنجای سەدەی نۆزدەهەمدا کۆنتی گۆبینۆ [کونت سەرناوێکی ئەشرافییە] لە شاری «بوشهر»ەوە کەکەوتۆتە سەر کەنداوی فارس، بە سواری کەرێو بە پەنجاو دووڕۆژ گەیشتە تاران. دەوڵەتە بەهێزەکانی ئورووپا لەو سەردەمیدا (ئینگلستان، فەرانسەو ڕووسیە) لەهەوڵی ئەوەدا بوون بە جۆرێک لەو مەڵبەندە دامەزرێن. ساڵی ١٧٩٨، لە بارەی تووتنی ئێرانەوە یەکەم پەیمانی بازرگانی دەگەڵ ئەو وڵاتە واژۆ کرا. ساڵی ١٧٩٨، «جمال الدین افغانی» کە پیاوێکی زاناو گەڕیدە بوو، دیتی کە بریتانیای مەزنو ڕووسیە هەروەک داڵاش لەسەر «کەلاکی ئێران» خەریکی شەڕو پێکدادانن.

دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەکان بەسەر ئێراندا بە شێوەیەک بوو ئەگەر چووبایە تاران کە هەموو خانووەکانی بە خشتی گڵ دروست کرابوون، باڵوێزخانەی بە شکۆی بریتانیات ڕاست وەک کۆشکی ئیمپراتۆری لە لەندەن دەهاتە بەرچاو.

ساڵی ١٩٢٥، ڕەزاشا لە بەندەری شاپوور لە کەنار کەنداوی فارسەوە هەتا گورگان لە کەنار دەریای مازەندەران، ڕێگەیەکی ئاسنی بۆ هاتوچووی قەتار ساز کرد. درێژایی ئەو ڕێگە ئاسنە کە بەنێو ئەهوازو ئەندیمشک، ئەراک، قومو تاراندا دەڕۆیشت ٩٠٠ مایل بوو. ئەو ڕێگە ئاسنە کە بە بیابانو دەشتو ناوچە شاخاوییەکاندا تێدەپەڕی، لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا دەوڵەتە هاوپەیمانەکان هەموو چەشنە یارمەتییەکیان پێدا دەنارده شووڕەوی.

ساڵی ١٩٤١، ئەرتەشی ئێران بەرەو باشوور پاشەکشەی کردو هەرچی چەکوچۆڵو تەقەمەنی بوو کەوتە دەستی کوردەکان. داگیرکەرانی ڕووس لە سەرەتادا بەنەرمیو لەسەرەخۆ دەگەڵ خەڵکەکە دەبزووتنەوەو دەگەڵ کوردە بە دەسەڵاتەکان پێوەندیی دۆستانەیان دامەزراندو هەوڵیان دا بۆلای خۆیانیان ڕابکێشن. ڕووسەکان لەوە دەترسان کوردەکان دەگەڵ نوێنەرانی «محور» بکەون کە لە تورکیە دەبوون. شووڕەوییەکان ڕێگەیان دا ئەو کوردانەی ڕەزاشا ناردبوونیە تاراوگە، بگەڕێنەوە کوردستان.

زۆربەی عەشیرەتەکان گەڕانەوە سەرشێوە ڕەفتاری ڕابردوویانو دەستیان کرد بە تاڵانی دەشتودۆڵەکانی دەوروبەریانو ماڵیاتیان لەو کەسانە دەستاند کە بەناوچەی ژێر دەسەڵاتیاندا هاتوچوویان دەکرد. بەڵام، شووڕەوییەکان بەتایبەتی لەناوچەی ورمێ کۆتاییان بەو تاڵانو بڕۆیە هێنا.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤١دا، کاربەدەستانیشووڕەوی سی کەس لە ڕێبەرە بەناوبانگەکانی کوردیان بۆ شاری باکۆ لە ئازەربایجان بانگهێشتن کرد. قازیمحەممەد نوێنەری مهاباد بوو. ڕێبەرە کوردەکان داوایان لەنوێنەرانی دەوڵەتی شووڕەوی کرد ئەو چەکانەی پێش شەڕو دوای شەڕ وەچەنگیان کەوتبوون لێیان نەستێننەوە. بەڵام، وەڵامی شووڕەوییەکان ڕوون نەبوو.

قاسملوو چوونی ئەو نوێنەرانە بۆ شاری باکۆیەی باش لە بیرە چونکە باوکی یەکێک لە ئەندامانی لێژنەی نوێنەرانی کورد بوو: «بە تفەنگێکی ڕاوێوە گەڕایەوە. کیفێکی پڕ لە شیرنیاتی بۆمنو شەکرێکی یەکجار زۆری دەگەڵ خۆی هێنابوو کە ئەودەمی زۆر کەم وەگیر دەکەوت. بە باوکمم گوت: بابەگیان ئەتۆ بۆیە چوویە شووڕەوی مافی کوردان وەدەست بێنی، بەڵام تەنیا بەتفەنگێکو هێندێک شیرنیاتەوە هاتوویەوە.

باوکم چاوی لێ کردمو گوتی: ئەویش ـ واتە مافی کوردەکان ـ جێبەجێ دەبێ».

لەناوچەی مهاباد کە لەهیچ لایەکەوە داگیر نەکرابووو ئازاد بوو، لەمانگی ئاوگۆستی١٩٤٢دا،تاقمێک لە لاوە بە فەرهەنگەکانی سەر بە چینی مام ناوەندی، یەکەمین ڕێکخراوی کوردییان، بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دامەزراند. ئامانجی سەرەکییان بە تەواوی ناسیۆنالیستی بوو. کوردەکان، چ شیعەو چ سوننیو هەروەها ئاسۆرییە مەسیحییەکانیش دەیان توانی ببنە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە.

کۆمەڵەی ژ.ک. لە شارەکانو گوندەکان ئەوەندە بە خێرایی هەڵی دا کە ناچار بوو بەرنامەیەکی سیاسی بۆخۆی دابڕێژێ. ساڵی ١٩٤٥ هەموو ئەندامەکانی چوونە نێو ڕێکخراوی تازە دامەزراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان  بە ڕێبەرایەتیی قازی محەممەد کە بۆخۆی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەیەکی زۆر بەڕێزی قازییە ئایینییەکان بوو.لەو کاتەوە حدک وەک تەنیا ڕێکخراوێکی گەورەی کورد لە کوردستانی ئێران ماوەتەوە. بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە بەشی زۆری ژیانی ئەو حیزبە بە شێوەی نهێنی درێژەی  هەبووەو هەمیشە لە ژێرمەترسیی سەرکوتدا بووە، لە باری چەندو چۆنییەوە سەروخواری هەبووە. حدک وەک حیزبێکی نیشتمانپەروەری پێشکەوتنخوازو لاییک دامەزراو هەڵوێستیشی پارێزگاری لە کوردستان بە شێوەی چەکدارانە بووە.

قاسملوو کە ئەودەم کوڕێکی پازدەساڵەو قوتابی بوو دەیگێڕایەوە: «زۆر زۆرم شت دەخوێندەوە، وەک ڕۆژنامە، کتێبو تەنانەت ئەو نووسراوانەی لەکووچەو کۆڵانەکاندا دەم دیتنەوە.

مامۆستایەکی فارسیو ئەدەبیاتمان هەبوو کە زۆر ئێسک گران بوو: «زۆرجار بە ئێمەی دەگوت کەری ئەحمەق». جارێکیان مامۆستا گوتی دەبێ یەکی وتارێک بنووسنو تەنیا وتارێکی پەسندی کرد لە دژی شووڕەوی بوو. «زۆرجاران دەیگوت ئەو بۆلشەویکانە منداڵان دەگرنو لە کوناندا دەیان شارنەوەو کاتێک منداڵەکان برسی دەبنو دەپاڕێنەوەو دەڵێن بۆ خاتری خودای شتێکمان دەنێ بیخۆین، هیچ شتێکیان نادەنێ، بەڵام ئەگەر بە ناوی ئیستالین داوای خواردەمەنی بکەن، هەر زوو دەیان دەنێ».

قاسملوو بۆ وتارێکی نووسیبووی خەڵاتێکی وەرگرتو خەڵاتەکەی دا بە بەڕێوەبەری خوێندنگەکەی کە مامۆستای بیرکارییش بوو. خەڵاتەکە کتێبێک لە بارەی لێنینەوە بووو کابرایەکی خەڵکی ڕۆژئاوا نووسیبووی‌و ناوی کتێبەکەش «گەورەترین شۆڕش لەگشت سەردەمەکاندا» بوو.

قاسملوو ئێستاش نەیزانی بۆچی ڕاست ئەو کتێبەیان داوەتێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو کتێبە تەئسیرێکی زۆری لەسەر داناو لەهەموو بابەتێکی سەر بە شووڕەوی زۆر بە پرسیار بوو. ئەوە یەکەمین شت بوو کە هەستو بیری بۆلای شووڕەوی ڕاکێشا. زۆرکەس لە کاربەدەستانی سەرووی شووڕەوی کە لە باکووری ئێران نیشتەجێ ببوون هاتوچووی ماڵی قاسملوویان دەکرد. خارخارۆف یەکێک لەو کەسانە بووو زۆرجار سەری دەدان.

خارخارۆف کە کومیسەری سیاسیی شووڕەوی لە ورمێ بوو، لە بارەی کوردەکانی باکوور، بە تایبەتی لە بارەی شکاکانەوە، پسپۆڕ بوو. پێوەندیی قاسملوو دەگەڵ رووسەکان هەستی بەپرسیارییەکەی دامرکاندبوو. خارخارۆف بە بنەچەکە کورد بووو زۆرجار سەری لەماڵێ باوکی قاسملوو دەدا. لەوێ نانی دەخواردو شەترنجیشی دەکرد. هەروەها لە بارەی یەکیەتیی شووڕەویدا نامیلکەو کتێبی بە زمانی ئازەری یا کوردی بۆ ڕەحمانی دەهێنان.

هەرچەند حدک (حیزبی دێمورکراتی کوردستان) بنیاتێکی تا ڕادەیەک وەک حیزبێکی کومونیستیی هەبوو، بەڵام خەتێکی سیاسیی کۆمۆنیستیی نەبوو. ڕێکخراوی لاوانیشی دامەزراندو هەرچەند ئەو ڕێکخراوە دەبوو لە دیسپلینی پەسند کراوی کومیتەی ناوەندی پەیڕەوی بکا، بەڵام کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەبوو. هەر زۆر زوو ئۆگریی ئەو ڕێکخراوە بە خەباتی چەکدارانە وەپێش هی حیزبی «دایک» کەوتەوە.

حدک بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی لاوان لە شارە کوردنشینەکان دەستبەکار بوو. ساڵی ١٩٤٦، قاسملوو بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی لاوانو بەرپرسایەتیی ڕێکخراوی لاوانی ورمێی وەئەستۆ گرت. هەتا ئەوکاتەی براکەی پێی زانی، چالاکییە سیاسییەکەی خۆی بە نهێنی ڕاگرتبوو. «بەهار بوو ئەمنو براکەم لە هۆدەیەک دەنووستین. کارتی ئەندامەتی و بەرپرسایەتیی لکی ڕێکخراوی لاوانی «حدک»ی دیتەوەو هەڕەشەی لێکردمو پێی گوتم ئەگەر بە قسەی نەکەم بە باوکم دەڵێ. کاتێک بە قسەم نەکرد، بە باوکمی گوت».

لەدوازدەی دیسامبری ١٩٤٥دا، ئازەرییەکانی ئێران بە پشتیوانیی «کۆچەرەکان»واتە ئازەرییەکانی شووڕەوی لە ئوستانی ئازەربایجانی ئێران دەسەڵاتی سەربازیو مەدەنییان بەدەستەوە گرتو

خودموختاریی‌ئـازەربایجـــــــانیان ڕاگەیاند. جەعفەری پیشەوەری، ئەندامی حیزبی توودە کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو، ئەرکی ڕێبەرایەتیی ئەوکۆمارە خودموختارەی بە ئەستۆوە گرت.

بەڵام، بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردان ڕێگەی زۆر دێموکراتیک تری هەڵ بژارد. تەنانەت، ئەگەرچی قازی محەممەد سەپەرستیی شوورەوییقبووڵکردبوو، بەڵام لەسەر مەبەستە ناسیۆنالیستییەکەی خۆی هەروا سوور بوو. کاتێک ئازەربایجان خودموختاریی خۆی ڕاگەیاند، قازی محەممەد پێنج کەس لە ئەندامانی «حدک» ی بۆ بەشداری لە ئەنجومەنی نەتەوایەتیی ئازەرییەکاندا ناردە تەورێز. بەڵام، ئازەرییەکان زۆر خراپ ئەو پێنج کەسەیان وەرگرتو تەنانەت بێ حورمەتییشیان پێ کردن. هیچ شتێک پێشاندەری ئەوە نەبوو کە وەک نوێنەرانی کوردستانێکی جیاواز وەریان گرتبن. ئەو ڕەفتارە بوو بە هۆی کێشەیەکی توندوتیژ لەنێوانیاندا.

قاسملوو دەیگێڕایەوە کە ڕۆژەکانی مانگی دیسامبری ١٩٤٥ تەئسیرێکی زۆریان لێ کردبوو: «بەرەنگاریی نێوان ئەرتەشی ئێران و ئازەرییەکانو هێزەکانی شوورەوی چەند ڕۆژێکیخایاند. هەوا زۆر سارد بووو ماڵەکەمان پڕ ببوو لە ئاوارە. خەڵک پێیان وابوو هیچ کەس ناوێرێ خۆ لەماڵێ باوکم بدا. حدک داوای لێ کردم پەیامێکی ئەوان بۆ خارخارۆف بەرم. زۆرم خۆ پێ گرنگ بووو هەتا ئەو ڕۆژەی تەورێز داگیرکرایەوە ئەمن نەخشی ڕاسپاردەی حیزبم دەگێڕا».

ڕۆژی ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦، خەڵکێکی یەکجار زۆر لەمەیدانی چوارچرای مهاباد کۆ ببوونەوە. شەقامەکانی شار بە پەرچەمی کوردستان ڕازابوونەوە کە بە ڕەنگی سوورو سپیو سەوز بوو. سەرۆک عەشیرەتەکانو ئەندامانی حدک بە جلوبەرگی ئوروووپاییو بە پێچو کڵاوەوە لەوێ بوون. قازی محەممەد دوای چارەگە سەعاتێک چووە سەر سەکۆی ڕێورەسمەکەو دەستی بە قسان کرد. زۆر بە ڕوونی پێی لەسەر ناسنامەی کوردان داگرت، کە بریتی بوو لە مافی دیاریکردنی چارەنووسو بە دەستەوە گرتنی نیشتمانی خۆیانو دامەزرانی کۆماری کوردستانیشی ڕاگەیاندو بە بۆنەی یارمەتیی ماددیو مەعنەویی شوورەوییەوە بە ڕاشکاوی سوپاسی کردن.

محەممەد [ئاغا]ی وسووق ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری [کوردستان لە] مهاباد هاتە ئەو شارە بەڵام قاسملووی دەگەڵ خۆی نەهێنابوو.

جەلیلی گادانی، کە دوایە بوو بە یەکێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حدکا، ١٣ساڵە بوو. ناوبراو دەیگێڕایەوە: «بۆیەکەم جار، هێندێکمان ئازادی وەدەست هێنابوو؛ دەستمان بەسەر سەربازخانەی دەوڵەتدا گرتو چەکوچۆڵەکەمان بەسەر خەڵکدا دابەش کرد. ئەوکات قوتابی بووم، بەڵام چونکە منداڵێکی زیتو وریا بوومو باوکیشم پیاوێکی نیشتمانپەروەر بوو، زۆر بە وردی وەدوای ئەو ڕووداوانە دەکەوتم. ساڵێک دواتر، دەگەڵ چەند کەسی دیکە شانەیەکی نهێنیمان بۆ فێر بوونی زمانی کوردی پێک هێنا. لەسەردەمی ڕەزاشادا خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە بوو. مامۆستا کوردەکەمان بۆ بەشداری لە ڕێورەسمەکاندا بانگی کردین. زۆرباش لە بیرمە پێش هەڵتەکانی دامودەزگا دەوڵەتییەکان لەمهاباد، دەگەڵ دایکم دەچوومە حەمامی گشتی. پۆلیسێک بەناوی مەمەدالی [محەممەد عەلی]هات بۆلای دایکمو کراسەکەی لێ دادڕی. لە دایکم پرسی: «ئەوە بۆ وای کرد؟» دایکیشم گوتی: «چونکە کوردان هەقیان نیەو نابێ جلوبەرگی کوردی دەبەرکەن. ئەوە قەدەغەیە».

بە پێی ڕێککەوتنێک دەگەڵ تاران [ئەو ڕێککەوتنە لە نێوان هاوپەیمانەکاندا بوو نە دەگەڵ تاران ـوەرگێڕ] ئەرتەشی شوورەوی دەبوو شەش مانگ دوای تەواوبوونی شەڕ، لە ئێران وەدەرکەوێ. لە ئاکامی پاشەکشەیەکی ئەوتۆدا. کوردەکان دەکەوتنە بەر مەترسیی هێرشی ئەرتەشی ئێران. بۆیە، دەوڵەتی کوردستان بڕیاری دا ئەرتەشی خۆی پێک بێنێ. بارزانی کە یەکێک لە چوار سەرۆک عەشیرەتەکان بوو، دەرەجەی ژێنەڕاڵییان دایە.

قاسملوو بە یارمەتیی باوکی، توانی بچێتە لای قازی‌محەممەد. قاسملووی لاو پێش ئەو چاوپێکەوتنەش، لاوێکی تەواو نیشتمانپەروەر بووو بڕیاری دابوو لە شاری ورمێ هاوکاریی نوێنەرانی کۆمار بکا. بەڵام یەکێک لەنوێنەرەکان زۆر خراپ دەگەڵ

قاسملوو رەفتاری کردبوو. قاسملووش لەنامەیەکدا بۆ قازی محەممەد شکایەتی لەکابرای کرد. وەک قاسملوو دەیگێڕایەوە نامەکەی شوێنەوارێکی باشی لەسەر قازی محەممەد دانابووو بە بەرپرسی قوتابخانەی گوتبوو ئەوکوڕە منی لەبارەی لاوە کوردەکان یەکجار دڵخۆش کردوە.

کۆماری مهاباد، لەکەشوهەوایەکی ئازادانەی ئەوتۆدا کوردستانی بەرێوە دەبرد کە هەتا ئەوکاتی کەس نەیدیبوو: ئارچی رۆزوێلت کە لەو سەردەمەدا راوێژکاری سەربازیی باڵوێزخانەی ئەمریکا لەتاران بوو ئەو بارودۆخەی تەواو پێ وابوو. لەو ئازادییەی لە مهاباد لە ئارادا بوو بە تەواوی سەری سوڕ مابوو کە دەگەڵ ئەو بارودۆخە نالەبارو توندوتیژەی بەسەر ئازەربایجانی کۆمۆنیستیی شووڕەویدا زاڵ بوو تەواو جیاوازیی هەبوو.

ئازادیی بەیانو نەبوونی هیچ چەشنە گیروگرفتێکی سیاسی بۆ رۆژنامەکان، یەک لەوان لە رۆژنامەی کوردستاندا، زۆر بە روونی دیار بوو. ئەگەرچی رۆژنامەکان یەکجار زۆریان بە رێبەرانی شووڕەوی هەڵدەگوت، بەڵام بە قازانجی کۆمونیزم هیچ شتێکیان بڵاو نەدەکردەوە. ژنان بۆ یەکەمجار لە رێگەی رێکخراوی تازە دامەزراوی سەر بە حدکای خۆیانەوە، لەتێکۆشانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدار بوون. بەهۆی پێوەندیی بازرگانی دەگەڵ شووڕەویو وەرگرتنیماڵیات بە شێوەیەکی یەکجار رێکوپێکو هەروەها بەهۆی یارمەتیی ماڵی لە لایەن سەرۆک عەشیرەتەکانەوە، ئابووری لەحاڵی گەشە کردندا بوو. بازرگانییش لە رێگەی هاتنی شتومەکی قاچاغەوە لە وەزعێکی زۆر باشدا بوو.

لەکۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانیو لە زستانی ١٩٤٦داو کاتێک هێزەکانی شووڕەوی لە ئێران پاشەکشەیان کرد، محەممەد رەزا شای پەهلەوی بەیارمەتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بریتانیای مەزن، لە سەرانسەری ئێران هەڵبژاردنی گشتیی بەڕێوەبرد. بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکە بەبێ گیروگرفت بەڕێوە بچی، شا رایگەیاند ناچارە هێزەکانی ئەرتەش ڕەوانەی ئازەربایجانو کوردستان بکا.

لەمانگی دێسامردا ئەرتەشی ئێران بێهیچ بەربەرەکانییەک خزایە نێو ئازەربایجانو رێبەرە ناسیۆنالیستەکانی ئازەری پەنایان بۆ شووڕەوی برد.

لە ١٧ی دێسامریشدا، ئەرتەشی ئێران بەبێ هیچ چەشنە گیروگرفتێک مهابادی خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

مەلا مستەفا بارزانی بە چەند هەزار خەباتکاری عەشیرەی بارزانەوە چەند مانگێک بوو لە مهاباد بوو. لە کاتی هێرشی ئێرانییەکاندا، بارزانی داوای لە قازیمحەممەد کرد بۆخۆیو لایەنگرەکانی بەرەو سنووری عێراق پاشەکشە بکەن بەڵام سەرۆک کۆمارو هاوکارەکانی بڕیاریان دا لە کوردستان بمێننەوە.

قازی محەممەدو هاوکارەکانی دەستگیر کرانو لە دادگایەکی نیزامیدا محاکمەو بەمەرگ مەحکووم کران. بارزانی بەشەڕ خۆی گەیاندەوە خاکی عێراقو لە رێگەی تورکیەو باکووری عێراقەوەو بە باکووری ئێراندا خۆی گەیاندە شووڕەوی. قاسملوو خۆڕاگریی ئازایانەی بارزانی لەو رێگە دوورو درێژەیدا باش لەبیر بوو: «بارزانی تەنیا کەس لە رێبەرەکان بوو کە زۆر باش خۆڕاگریی لەخۆی نیشان دا. دەگەڵ شەڕکەرەکانی خەریکی پاشەکشە بوون، گەیشتنە نزیک گوندەکەمان. بۆیە ئەوەم زانی چونکە گوێم دەدا رادیۆ. لەنەکاو بەرنامەی رادیۆکە تێک چووو گوێم لە ئەفسەرە ئێرانییەکان بوو کە بەیەکەوە لەنێو هۆدەی بڵاوکردنەوەی رادیۆکەدا خەریکی قسان بوون. دەیان زانی بارزانی لەو نزیکانەیە. بۆیە پەیامێکم بۆ بارزانی نارد. لەناخی دەروونەوە ستایشم کرد. باوکیشم هەروا».

رۆژی ٣٠ی مارسی ١٩٤٧، قازی محەممەدو براکەی، سەیفی قازی، کە وەزیری جەنگ بووو براکەی، سەدری قازی، لە مەیدانی چوارچرا لە سێدارە دران.

گادانی دەیگوت: «هەرگیز ئەوکاتانەم لەبیر ناچن. تێکچوونی کۆمار کوشتمی. نەم دەزانی لەبەر چی ئەو رێبەرانە ئێعدام کراون. راست لەو شوێنەی کۆماری کوردستان راگەیەندرابوو تەرمەکانیانم دەدی کە بە سێدارەوە بوون. ئەوە ئێعدام کردنێک لەبەر چاوی کۆمەڵانی خەڵک بوو. کۆمەڵانی خەڵک لە دەوروبەری مەیدانەکە راوەستابوونو داوایان دەکرد تەرمەکانیان بدەنێ... لاوانی کورد هەر

ئەوکاتە لە دڵی خۆیاندا بڕیاریان دا کە نەیەڵن ڕێگای پێشەوا کوێر بێتەوەو لە ساڵی ١٩٤٨ەوە تێکۆشانی سیاسیی خۆیان لە ژێر ڕێبەرایەتیی حدک دا درێژە پێداو لیبڕاوانە رایان گەیاند هەرگیز میراتی قازی محەممەدیان لەبیر ناچێ.

کۆماری مهاباد لەبەریەک هەڵتەکا بوو. خەڵکیان دەگرتو سەرکوتیان دەکردن. لە هەموو شارەکانی کوردستان کوشتو کوشتار دەستی پێکردبوو. قاسملوو دەیگوت: ئەرتەش هەموو شەوێ پەنجا ـ شێست کەسی دەکوشتن. باوکم یەکجار سەخڵەتو توورە بوو». [ڕەنگە مەبەستی ئازەربایجان بووبێ چوونکە لە کوردستان شتی وا ڕووی نەدا. وەرگێڕ].

قاسملوو باسی سەرلەشکر زەنگەنەی دەکردو دەیگوت: «کابرایەکی کوردی خەڵکی کرماشانو دۆستی بابم بوو. ناوبراو لە شاری ورمێ لە دژی دیموکراتەکان شەڕی کردبوو. شەوێک لە شەوان سەربازێک هاتە ماڵمان. ئێمە سەربازمان خۆش نەدەویستنو هەروەک داگیرکەرچاومان لێ دەکردن. ئەوکات بابم شێست ساڵە بووو لێی پرسی: چت دەوێ؟

گوتی: «سەرلەشکر زەنگەنە منی ناردوە پێتان بڵێم هەر ئێستا دەبێ دەگەڵم بێی».

باوکم بەتوندی گوتی: «نایەم. ئەگەر زەنگەنە کاری پێمە، دەتوانی بێتە ماڵمان.

کابرای سەرباز گوتی: «سەر لەشکر توورە دەبی».

باوکم سوێندی خواردو  گوتی: «بە... ئەگەر زەنگەنە دەیەوێ، دەتوانێ بێو دۆلارەکانم لێ بستێنێ».

ئاخرییەکەی کابرای سەرباز بە بێدەنگی ڕۆیشت. هێندەی پێ نەچوو ئەفسەرێکی ئاشنای بابم هاتو گوتی: «کابرای سەرباز دەیگوت تەوهینت بە سەرلەشکر کردوە».

بابم لە وەڵامدا گوتی: «پێم بڵێ چی پێگوتی.» سەربازەکە پێی وابوو سوێندەکەی بابم چەشنێک جنێودانە. بابم لە کۆتاییدا گوتی: «ئەمن پیرمو نامەوێ بچم».

«ئەفسەرەکە نامەیەکی پێشان دا کە بە کوردی نووسرابووو داوای لە بابم کرد بی خوێنێتەوە. نامەیەکی شێخ ئەحمەدی بارزان بوو کە بۆ سەرلەشکری ناردبووو ئەو شتانەی تێدا ڕاگەیاندبوو: چوار ئەفسەری کورد کە زەمانەتیان دابوونێ دەیان بەخشن، خۆیان بەدەستەوە دابوو بەڵام هەرچواریان کوشتبوون. بارزانی هەروەها نووسیبووی ئەوە گوناحی ئێمە نەبووە بەڵکە بۆخۆیان خەتابار بوونو سەر بە عەشیرەتی بارزانیش نەبوون. ئەو وەزعەم پێ خۆش نەبوو. یەکجار زۆر لایەنی عەشیرەتیی هەبوو. هەروەها لەنامەکەدا هاتبوو کە بارزانی کوڕی کابرایەکی سەر لەشکری رفاندبووو کابرای سەر لەشکر داوای لێ کردبوو کوڕەکەی بەردەن».

قاسملوو کۆماری ساوای مهابادی زۆر بە کورتی شی کردەوە: «شووڕەوییەکان بوونە هۆی تێکچوونی کۆماری مهاباد. بەڵام ئەوەش ڕاستە کۆماریش بۆ نەجاتی خۆی هەوڵێکی ئەوتۆی نەدا. دواتر بۆم دەرکەوت ئیستالین بیژوویەکی بێ ئەم لاوئەولا بووە».

ئەگەرچی کوردەکان یەکێک لەنەتەوەکانی «بین النهرین»بوون کە دووهەزار ساڵ لەمەوبەر بۆ دیتنەوەی شوێنی باشتر بۆ مەڕوماڵاتەکەیان بەرەوباکوور کۆچیان کرد، بەڵام هێشتا «کوردستان» وەک واحیدێکی جوغرافیایی نەناسراوەو لەسەر هیچ نەخشەیەک نیە. لە ئێران، کوردەکان یەکێک لەو حەوت نەتەوانەن کە [حەشیمەتی] ئەو ولاتەیان پێک هێناوە. بەوحاڵەش دەوڵەتی ناوەندی کوردستانی وەک یەکێک لە دواکەوتووترین مەڵبەندەکانی ئێران هێشتۆتەوە. خاکەکەیان نزیک بە پێنج سەد هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشەو بە پانتایی ئیسپانیایە. کوردستانی تورکیە سێ پارێزگای ئەرزرۆم، وان و دیاربەکر دەگرێتەوەو کوردستانی ئێرانیش پارێزگاکانی کرماشان، کوردستانو ئازەربایجانی ڕۆژئاواو کوردستانی عێراقیش پارێزگاکانی هەولێر، سولەیمانییەو دهۆک؛ لە سوورییەی پارێزگای جەزیرەو لە شووڕەوییش بەشی زۆری سنووری قەفقازی باشوور دەگرێتەوە.

بەپێی دەسخەتێکی سوومێری، وا وێ دەچێ کوردەکان لە سەرەتادا خەڵکی شاری حەلەب بووبن کە ئێستا یەکێک لە شارەکانی سوورییەیەو هەروەک فارسەکان لە تۆرەمەی ئارییایین. گەزنێفۆن لە یەکێک لەنووسراوەکانیدا بەناوی ئاناباسیس کوردەکان وەک کاردووکی ناو دەبا. (ئاناباسیس لێکدانەوەیەکە لە بارەی سەفەرەکەی بۆ ئێران کە «بە وڵاتی داگیرکەرانی ناو بردوە) ـ [مەبەستی

گزنێفۆن لە بەکار بردنی «وڵاتی داگیرکەران» ئەوە بوو کە بەدرێژایی مێژوو داگیرکەر دوای داگیرکەر هاتوونو دەستیان بە سەر ئەو وڵاتەدا گرتوە. وەرگێڕ] بەجەخت دانانەوەش نووسیویەتی کوردەکان لە تۆرەمەی گۆتیو لوولووبییەکانن. کەوابوو ئەوە شتێکی سەیروسەمەرە نیە کە لانیکەم بە هۆی فەرهەنگێکی تایبەتیی خۆیان کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مادەکانو زەردەشتییەکان توانیویانە هەبوونی خۆیان بپارێزن. شێعرەکانیان کە لە بارەی عیشقو شەڕدان تەواو بەناوبانگن.

کاتێک لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا ئیمپراتۆریی عوسمانی لەبەر یەک هەڵتەکا، کوردەکان دەرفەتێکی باشیان بۆ هەڵکەوتبووو چونکە لەژێر دەسەڵاتی تورکەکانو فارسەکاندا بوون، وڵاتە یەکگرتووەکان، رووسیە، ئیمپراتۆریی بریتانیا، فەرانسە، ئەمریکاو ئیتالیا تەنیا بە کوردەکانی ولایەتی مووسڵ خودموختارییان داو ئەومافە لە ساڵی ١٩٢٠و لە پەیمانی سێڤردا بڕیاری لەسەر درا.

رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوە نەبوو کە ئێستا هەیە. وڵاتەکانی وەک سووریە، لوبنان، عێراقو ئوردون هەر نەبوون. ئەوانە لە ئاکامی بەرژەوەندییە ئابووریو ژیئۆپولێتیکی (جوغرافیایی ـ سیاسی)یەکانی دەوڵەتی ئینگلستانو هێزە ئیستعمارگەرەکانی دیکەدا پێک هاتن.

ساڵی ١٩٢٣، پاش سەرکەوتنی مستەفا کەمال لەتورکیە، وادەکانی پەیمانی سێڤر پووچەڵ بوونەوەو دەوڵەتە ئوروپاییەکان لە لۆزان بڕیاریان دا بەڵێنەکەی خۆیان وەپشت گوێ بخەنو کوردەکان لەنێوان دەوڵەتەکانی ناوچەدا دابەش بکەن. دژکردەوەی کوردەکان زنجیرە راپەڕینێک بوو کە لە پێشدا لەتورکیەو دوایەش لەعێراقو ئێران سەریان هەڵ دا.

ساڵی ١٩٠٥ یەکەمین راپەڕینی کوردەکان هاتە گۆڕێ. لە ساڵەکانی دەیەی ٣٠دا راپەڕینێکی دیکە رووی دا. ساڵی ١٩٤٦، کوردەکان کۆماری مهابادیان دامەزراند. لەدەیەی ٧٠دا، بزووتنەوەی پارتیزانی هاتە گۆڕێو ساڵی ١٩٧٩، بە رێبەرایەتیی قاسملوو، حیزبی دێموکرات بوو بە حیزبێکی خەڵکیو چەند هەزار پێشمەرگەی هەبوون کە لە چیاکانی کوردستاندا دەوڵەتی تارانیان بەتەواوی نیگەران کردبوو.

لەماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، هێندێ لە رێبەرانی ناسیۆنالیستی تورک کوردەکانیان وەک خەراپکار چاو لێ دەکردو پێیان وابوو لەوانەیە لە شەڕەکاندا لایەنی رووسەکان بگرن. بۆیە کەوتنە هەوڵی ئەوەی بە وەدەرنانی کوردەکان لە تورکیە ئەو مەترسییە سیاسییە لەنێو بەرن. لە ساڵەکانی١٩١٦و١٩١٧ دابەسەدان هەزار کوردیان لە شوێنی ژیانی باب و باپیرانیان وەدەر نان. ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لەوماوەیەدا لەوڵات دەرکران، مردن.

مستەفا کەماڵ(ئەتاتورک) ساڵی١٩٢٣کۆماری تورکیەی ڕاگەیاند. کوردەکان باوەڕیان پێ کردو پێیان وابوو پیاوێکی پێشکەوتنخوازەو داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکا. لەحاڵێکدا ناوبراو بە توندی خەریکی مۆدێرنیزەکردنی وڵاتەکەی بوو، شۆرشی یەک لەدوای یەکی کوردەکانی تێک شکاندو درێژەی بەگۆڕینی شوێنی ژیانی کوردەکان داو لە کوردستانی تورکیە حکوومەتی نیزامیی ڕاگەیاند. لەساڵی١٩٢٤یش بەم لاوە هەموو رێکخراوە سیاسی و ئایینییەکان و خوێندنگە و چاپەمەنییەکان بە زمانی کوردیی لە تورکیە قەدەغە کرد.

کوژرانی بە کۆمەڵی کوردەکان لەتورکیە ببوو بەکارێکی ئاساییو تەنیا بەتاوانی کوردبوون هەموو زیندانەکانی وڵات پڕ لە کورد بوون، هەتا ساڵی ١٩٩١ هەرکەس بە کوردی قسەی کردبا بۆماوەی شەش مانگ زیندانی دەکرا. بەڵام، لە ئاکامی گوشار هێنانی یەکیەتیی ئورووپادا، ئەو توندوتیژییە تا رادەیەک کەم بۆوە؛ موسیقا، رادیۆو تەلەویزیۆن ـ هەرچەند بۆ ماوەیەکی کەمو لە کاتی نالەباردا ـ رێگەی بڵاوکردنەوەیان پێدرا. خوێندن بە زمانی کوردییش رێگەی پێ درا بەڵام تەنیا لە خوێندنگە غەیرەدەوڵەتییەکاندا.

کوردەکان بە شێوەی رەسمی هەر وجوودیان نیەو پێیان دەڵێن «تورکە کێوییەکان.» هەتا ماوەیەک لەمەوپێش ئەو پارێزگایانەی کوردەکانیان لێ دەژین لە ژێر «حکوومەتی نیزامی« دابوون. ساڵی ٢٠٠٣، رەجەب تەییب ئۆردۆغان، سەرۆک وەزیری دەوڵەتی میانەڕەوی ئیسلامیی تورکیە، حکوومەتی نیزامیی وەلانا.

لە سووریە یەک میلیۆن کورد هیچ مافێکی فەرهەنگییان نیە. هەتا ساڵی ١٩٦٣و تا ئەوکاتەی حیزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی هاتە سەرکار، هێندێک ئازادییان هەبوو. لە سنووری تورکییەوە «پشتێنەیەکی عەرەبی»یان بە درێژایی سەدو هەشتا مایلو بەپانایی دە مایل دروست کردو لە ئاکامدا ئەو مەڵبەندەیان لە کوردەکان ئەستاندو دایان بە عەرەبەکان.

کوردەکانیان بۆ ناوەندی سووریە راگواست. زمانی کوردی قەدەخە کراو خوێندنگە خۆیی‌و چاپەمەنییە کوردییەکان قەدەخە کران‌و لە قوتابخانەکان نەیان‌دەهێشت منداڵان بە ناوە کوردییەکان ناونووسی بکەن.

کوردەکانی شوورەوی لە کۆمارەکانی ئازەربایجان، تورکەمەنستان، ئەرمەنستان، گورجستان‌و لە کۆمارەکانی دیکەی سەر بە یەکییەتیی سۆڤییەتی رابردوودا دەژین. هەتا ساڵەکانی دەیەی پەنجا، سەرکوتی کوردەکان لەو شوێنانەش هەروا درێژەی هەبووو کاتێک یەکیەتیی سۆڤییەت تێک چوو، هەرمەنییەکان‌و ئازەرییەکان کوردەکانیان لە هەمووی ئەو مافانەی وەدەستیان هێنابوون بە تەواوی بێبەش کرد. لە شەڕی نێوان ئەرمەنستان‌و ئازەربایجان لەسەر ناگۆرنۆ- قەرەباغ دا ناوچە کوردنشینەکان وێران کران‌و زیاتر لە ١٥٠ هەزار کوردیان وەدەر نان.

لە عێراق ساڵی ١٩٥٨، سەر لەشکر عەبدولکەریم قاسم   رێژیمی سەڵتەنەتیی بنەماڵەی هاشمیی تێک رووخاندو کۆمارێکی دامەزراندو وادەی دابین کردنی مافە سیاسی‌و فەرهەنگییەکانی بە گەلی کورد داو داوای لە مستەفا بارزانی کرد بگەڕێتەوە عێراق. ساڵی ١٩٦١، کوردەکانی عێراق لە ژێر رێبەرایەتیی بارزانیدا بۆ وەدەست هێنانی خودموختاری خەباتێکی چەکدارانەیان وەرێ خست. دەوڵەتی شوورەوی هەتا ساڵی ١٩٧١ پشتیوانیی لێ دەکردن، بەڵام پاشان پشتیوانی لە دەوڵەتی بەغدای دەست پێ کرد. بارزانی داوای لە شای ئێران‌و لە ئەمریکا کرد پشتیوانیی لێ بکەن. بەڵام پاش پەیمانی ساڵی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر لە نێوان شاو سەدام حوسێندا، سنووری نێوان ئێران‌و عێراق داخرا.

ئاکامێکی پڕ لە دەردوڕەنج کە دوای کۆماری مهاباد بۆ نەتەوەی کورد هاتە پێش شتێک نیە هەرگیزاو هەرگیز ئەو نەتەوەیە لە بیری بچێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە تاڵە بوو کە ژێنەراڵ بارزانی نەتەوەی کوردی ناوناوە: «هەتیوانی بێ‌سەرپەرستی جیهان».

ئەوە ناساندنێکی زۆر بە جێی نەتەوەیەکە کە نە دەوڵەتێکی سەربەخۆو نە مافی ئەوەیان هەیە وەک کورد لە وڵاتانی جیهاندا بژین. کوردان لە وڵاتانی دەرەوە وەک کۆچەر نەناسرێن‌و هەربۆیەش لابییەکی وەک جوولەکەکانیان نیە.[ لابی جۆرێک رێکخراوی سیاسییە کە خەڵکی سەر بە نەتەوەیەک لە وڵاتانی دەرەوە پێکی دێنن بۆ ئەوەی لە کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکاندا مەسەلەی نەتەوەکەیان بێننە بەر باس‌و پشتیوانیی بۆ پەیدا بکەن. ئەوانە هێندێ جار لەنێو نوێنەرانی پارلمان‌و تەنانەت سەنای وڵاتی خانەخوێشدا پشتیوان پەیدا دەکەن، بۆوێنە لابیی ئیسرائیل لە ئەمریکا - وەرگێڕ] بەڵام بەوحاڵەش، بە ئامانج‌و نەتەوەی خۆیان وەفادارن. کورد کوردن‌و لە کوردستان دەژین. قاسملوو دەیگوت تەنیا دۆستێکی کوردان هەیانە چیاکانن.

لە پێوەندی دەگەڵ کوردەکانی ئێراندا دەبێ بڵێین لە وڵاتێکی راست وەک وڵاتی میسر دا دەژین کە دەوڵەتێکی واقیعیی هەیە. کاتێک تەنیا ئیمپراتۆریی رۆم لە ئورووپا هەبووو هەموو عەشیرەتەکانی ژێر دەستی خۆی پەرشوبڵاو کرد، ئێران ئەو کاتیش هەر ئێران بوو. ئێران‌و میسر تەنیا دوو وڵاتێکن کە لە مەراکیشەوە هەتا هیندوستان سنوورەکانیان دوای سەردەمی ئیستیعمار دیاری نەکراوەو ریشەیان دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی کەونارا.

[کۆمەڵی] ئێران لە زۆرایەتیی شیعەکان‌و ژمارەیەک لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان (عەرەب، تورکمەن، بەلووچو کوردو ئازەربایجانی‌و ئایین‌و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان (سوننی، زەردەشتی، مەسیحی، بەهایی، جوولەکە) پێک هاتوە.

لەمێژووی ئێراندا، فارسەکانو ئازەرییەکان ئەوەندە لە بەرامبەر گەلەکانی دیکەدا یەکگرتوو بوونو هاوکاریی یەکتریان کردوە کە لە بژاردن نایەو بێجگە لە یەک دووجار، دەنا هەمیشە شێوەی سەرکوتی گەلەکانی دیکەو بەڕێوەبردنی سیاسەتی تێرۆرو ترسوخۆفیان بە یەکەوە بەڕێوە بردوە.

مێژووی ئێران هەر لە بنەڕەتەوە لە هاوکارییە لە ئەژمارنەهاتووەکانی فارسەکانو ئازەرییەکان پێک هاتوەو بەهۆی ئەو هاوکاریو هاوکێشییە بووە کە دەوڵەتی ناوەندی ریشەی داکوتاوەو بێجگە لە هێندێک جاران هەمیشە بە شێوەی سەرکوتو خوێنڕیژی درێژەی بە دەسەلاتی خۆی داوە. دەوڵەتی ئێران هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کەمایەتییەکان لە وڵاتدا بە شێوەیەک رابگرێ کە یەکگرتوو نەبن. هەرکات دەسەلاتی دەوڵەتی ناوەندی لە کزییەیداوە هەمیشە ترسوخۆفێکی توندوتیژ سەری هەڵداوە کەنەکا کەمایەتییەکان لە ئێران داببڕێن.

ئەوگیروگرفتە فکرو بیری قاسملووی داگرتبوو باش دەیزانی کوردەکان هەمیشە لە فکری یەکگرتنەوەی بەشەکانی کوردستاندانو هەروەها باش دەیزانی یەکگرتنەوەی بەشەکانی کوردستان شتێکی هاسان نیە؛و ئەگەرچی زۆر لەمێژە ئەو دەوڵەتانەی بەشێک لە کوردستانیان لە ژێر دەست دایە هەوڵدەدەن ئەو ئامانجەی کوردەکان پێک نەیە، بەوحاڵەش زمانی کوردی لەنێو نەچووەو هەروا زیندوویە. هەرچەند بە درێژایی چەندین سەدە داکۆکییان لەمانەوەی خۆیان کردوە، بەڵام، ئەوە لە سەدەی بیستەمدا بووە کە بۆ بەئاکام گەیاندنی بەرنامەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی خۆیان وەخۆ کەوتوون.

بەبڕوای قاسملوو کوردستانێکی سەربەخۆ وڵاتێک دەبێ کە دەستی بە دەریا ڕاناگا. سەرەڕای ئەوەش وڵاتێک دەبێ کە لە بواری کانگا نەتەوەییەکانو سەرچاوە گەورەکانیئاوەوە یەکجار دەوڵەمەند دەبێ. ئاو گەورەترین گیروگرفتی رۆژهەلاتی نێوەڕاستەو شەڕوکێشەی دەوڵەتەکانی ئەو ناوچەیە زۆرتر لەسەر ئاو دەبێ. خەڵکانی ئەو ناوچەیە ئەگەر نەوتیان نەبێ هەژارنو ئەگەر ئاویان نەبێ، ناتوانن درێژە بە ژیانی خۆیان بدەنو گەورەترین سەرچاوەکانی ئاو لە کوردستانن.

قاسملوو هەوەڵین رێبەری کورد بوو تیئۆرییەکی هێنایە گۆڕێ کە لەودا چەند گیروگرفتێکی بەرچاوی لە پێوەندی دەگەڵ پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆدا بە جوانی روون کردوونەوە. هەر بۆیەش پرۆژەیەکی واقیع بینانەی هێنایە گۆڕێ: وەلانانی سەربەخۆیی نەتەوەییو هەڵبژاردنی رێگەیەک بۆ خودموختاریی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان. دوکتور بێرنارد کووشنێر، کە ئێستا وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرانسەیە دەیگوت: «ئەو تەنیا کوردێک بوو کە روانگەیەکی نێونەتەوەیی هەبوو».

تەنیا شتێکی لە کۆماری کوردستان مابۆوە ئەفسانەیەکی نەتەوەییو هێزێکی چکۆلەی سیاسی، واتە حدکا بوو کە قاسملوو ساڵی ١٩٨٨ ناوی «پێشەنگی» خەباتی خەڵکی کوردستانی لە سەر دانا.

ئەو سازمانەی لە ساڵی ١٩٤٥دا پێک هات وەک ئەو رێکخراوەی ١٩٨٩ نەبوو کە رێژیمی ئێران لە ڤییەن سکرتێرە گشتییەکەی کوشت. حدکا، لە سەردەمی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی رێژیمو لەنێو قەیرانێکدا درێژەی بە ژیانی خۆی دابوو کە لە زێدەخوازیی هێندێک لە کەسانی دەوروبەری سەر بەخۆی پێک هاتبوو.

لە ساڵی ١٩٦٤دا، چەشنێک کۆدیتا لە ژێر رێبەریی عەبدوڵڵا ئیسحاقیدا بەرێوە چوو. ناوبراو یەکێک لە ئەندامانی پایەبەرزی حدکا بووو کۆنگرەیەکی دژ بە یاسای نێوخۆیی حیزبەکە پێک هێناو بەرنامەو بنەماکانی ئەو حیزبەی لەژێر پێنا. نە کۆبوونەوەکەو نە شێوەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکە هیچ کام دروستو لەجێی خۆیدا نەبوون، زۆربەی نوێنەرەکان بە جۆرێک گوڵبژێر کرابوون کە تەنیا نوێنەرایەتیی بەرێوەبەرانی کودیتاکەیان دەکرد. ژمارەیەکی زۆر لەو ئەندامانەی دەبوو لە کۆنگرەکەدا بەشدار بن، رێگەیان پێ نەدرابوو بێنە کۆنگرەو زۆری دیکەش بە زۆرە ملی وەدەر نرابوون. هێندێک لەو بریارانەی پەسند کران راست وەک کاری دەزگای پۆلیسو رەوشتی تێرۆریستان دەچوو کە بەسەر حیزبەکەدا زاڵ بوو.

لە ساڵەکانی ١٩٦٧و ١٩٦٨دا، حیزب تووشی بارودۆخێکی سەرکوتکەرانەی یەکجار توندوتیژ ببوو. ژمارەیەکی زۆر لە کادرو ئەندامەکانی حدکا ناچار بوون بگەڕێنەوە کوردستانی ئێران. ڕێژیمی شاش هێزە چەکدارەکانی لە دژی وان وەگەڕ خست. ئەم وەزعە ڕاپەڕینێکی چەکدارانەی لێ کەوتەوە کە هەژدەمانگ درێژەی کێشاو لە ئاکامدا نوقمی خوێن کرا.

شۆڕشەکە بۆیە شکستی خوارد چونکە حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران سازمانێکی ڕێکوپێکی نەبووو بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕشێکی چەکدارانە هیچ چەشنە نەزمو تەرتیبێک یا دیسپلینی حیزبێکی شۆڕشگێڕ لە گۆڕێدا نەبوو. بەرنامەیەکی روونی بۆ چالاکییەکانی نەبوو کە بتوانێ شێوەیەکی لەبار بۆ هەڵسوکەوتە سیاسییەکانی دیاری بکاو لە ئاکامدا بتوانێ پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک بۆلای خۆی ڕاکێشێ. بەهۆی بێ ئەزموونیی سیاسییش هەڵەی تاکتیکیو ستراتیژیکی ڕوویان دا. بزووتنەوەکە تەنیا لە ناوچەیەکی چکۆلەدا تێکۆشانی هەبوو. بۆیە ڕێژیم زۆر هاسانتر توانی هێزەکانی خۆی بنێرێتە سەر خەباتکارەکان. ڕاپەریوەکان نەیان دەتوانی مەڵبەندێک ئازاد کەنو بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە کە لەوێڕا خەباتی خۆیان بەڕێوەبەرن. چاوەڕوانی یارمەتیی لەدەرەوەڕا بوون بەڵام هەرگیز یارمەتییەکی ئەوتۆیان بۆ نەهات. بێجگە لە هەمووی ئەوانەش، لە کوردستانی ئێران هەلومەرجێکی لەبار بۆ هیچ چەشنە ڕاپەڕینێک لە گۆڕێدا نەبوو. لە ئاکامدا، بزووتنەوەکە بە تەنیا مابۆوە.

ساڵی ١٩٦٩ ئیسحاقی لە ڕێبەرایەتیی حیزب وەلا کەوتو کادرەکانی حیزب کە لێک دابڕابوون وەسەر یەک کەوتنەوەو ڕێبەرایەتییەکی نوێیان پێک هێنا. هەرچەند ڕێبەرایەتیی نوێ گیروگرفتێکی بۆ هاتبووە پێش، لە مانگی ژوئەنی ١٩٧١دا کۆنفرانسی سێهەمی بەڕێوەبردو بەرنامەیەکی تازەشی پەسند کرد. ئەو بەرنامەیە داکۆکیی لە باشتر کردنی بارودۆخی ژیانی کرێکارانو دانی زەویوزار بە وەرزێران دەکرد. حیزب دروشمێکی تازەی هێنایە گۆڕێ: «ڕێکخراو باشترین چەکی ئێمەیە». لە پاش ئەو کۆنفرانسە ناوی حدک بوو بە حدک (ئێران).

بەڵام، حیزب کادری کار لێهاتووی سیاسیی نەبوونو لە پێشهاتە سیاسییەکاندا ئەو کەمایەسییەی زۆر باش بۆ دەرکەوتبووو چونکە ڕێژیمی شا لەسەر دەسەڵات بوو، تەنیا ڕێگەی مومکین خەباتی چەکدارانە بوو. حدک (ئێران) فەلسەفەی شەڕی پارتیزانیی گرتە پێش کە لەو سەردەمەدا شتێکی نەناسراو بوو. بەڵام ئەوە زیاتر ڕاگەیاندراوێکی سیاسی بوو چونکە حیزب لەو سەردەمەدا تەواو بێ هێز بووو هەتا شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، هەر بەو جۆرە مابۆوە.

هەتا ئەو ساڵە، حیزب هەرجۆرێک بێ، خۆی ڕاگرتبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٠و پاش کۆنگرەی چوار یەکەمین لەتبوونی حیزب لە مهاباد رووی دا. هۆکاری ئەم لەتبوونە ناکۆکی لەنێوان ناسیۆنالیستەکانو کۆمونیستەکاندا بوو. شەڕەفکەندی دەیگوت: «ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب لایەنگری حیزبی توودەی سەر بە شووڕەوی بوونو دەیانەویست دەگەڵ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی کە دژی ئیمپریالیستەکان بوو ڕێک کەونو ئامانجەکانی دیموکراتیکی دیکەی نەتەوەی کورد بۆوان گرنگ نەبوو. ئێمە لە دژی ئەو هەڵوێستە سیاسییە بووین. حەوت کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب دەگەڵ هێندێک لە کادرەکان حیزبیان بەجێ هێشت».

پێش لەتبوونەکە تاقمی ناوبراو لە ژێرەوەو بە دزی خەریکی دەستەبەندی بوونو دوای چەند رۆژێک ئەو تاقمە کە لایەنگری کومونیستەکان بوونو چەند کەسێکی چەکداریشیان دەگەڵ بوون چوونە مهاباد بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر موخالیفەکانیان. بەڵام تەنیا ئەو کەسانە ڕێگەیان پێ درا کە پێش جیابوونەوە کە ئەندامی ڕێبەرایەتیی حدکا بوون. بە کورتی، کاتێک کومونیست ئاژۆکان شکستیان خوارد، بە یەکجاری حیزبیان بەجێهێشت.

ئەوانەی موخالیفی قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب، بوون، دەیانگوت حدکا حیزبێکی لایەنگری سەرمایەدارییەو هەر بۆیەش لە یەکیەتیی سۆڤییەت دوور کەوتۆتەوەو ئەندامە لاوو کەمئەزموونەکانیش بە هۆی هەڵوێستێکی ئەوتۆ ڕەخنەیان لە قاسملوو دەگرت.

بەڵام، شەڕەفکەندی تەواو لێبڕاوانە لە بەرامبەر موخالیفەکانی نێو حیزب هەڵوێستی گرتبووو خوازیاری ئەوە بوو زۆر بەخێراییو لە ڕێگەی دەنگدانێکی دیموکراتانەوە بڕیاری کۆتایی بدرێ: هەر لایەک سەرنەکەوت دەبێ ڕوانگەو ویستی زۆرایەتی قبووڵ کا. جەلیل

گادانی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدکا، پێی وابوو قاسملوو ناهێڵێ لە نێوخۆی حیزبدا لەسەر بڕیارەکان باسو لێکۆڵینەوە بکرێ. هەروەها دەیگوت لە بارەی بڕیارەکانەوە بە ڕادەی پێویست قسە نەکراوەو ڕوانگەو بیروبڕوای کەسانی دیکە لەبەرچاو نەگیراوە.

دوکتور تیسۆ دەیگوت: ناکۆکیی نێوان ڕەحمانو جەلیل زیاتر لەسەر ڕواڵەتی بابەتەکان بوو نەک لە بارەی «محتوا»وە. بە بڕوای من هەردوو یەک ئامانجیان هەبوو. بە جەلیلم گوت بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی شەڕەکە، پێشنیارەکەی جێبەجێ ناکرێ. ڕەنگە هەڵسوکەوتی قاسملووی زۆر دێموکراتانە نەبێ، بەڵام لە گەرماوگەرمی ئەو شەڕە دا… جەلیل دەیگوت قاسملوو بۆیە خەریکە کۆنگرە پێک بێنێ چونکە دەیەوێ دەنگەکان وەدەست بێنێ. قاسملوو مافی ئەوەی نیە لیستی کاندیداکان لە پێشدا ئامادە بکا. تەنیا لە بارەی شێوەی هەڵبژاردنەکەدا قسەیان دەکرد. جەلیل دەیەویست بڕیارەکان لەلایەن هەموو بەشدارەکانەوە پەسند بکرێن، بەڵام کارێکی ئەوتۆ هەر ئیمکانی نیە».

لە ساڵەکانی دوایی‌داو لەژێر دەسەڵاتی قاسملوودا حدکا بڕیاری دا بیروبڕوا بە بابەتی وەک دیکتاتۆری پرۆلیتاریا وەلا بنێ‌و دامەزراندنی سۆسیال دێموکراسی وەک ئامانجی سەرەکیی سیاسی هەڵبژێرێ. حیزب کە خەریک بوو کۆنگرەی شەشەم بەڕێوە بەرێ، تووشی گێرەو کێشەیەکی زۆر ببوو.

ژمارەیەکی زۆر لە کادرەکان هێشتا گیرۆدەی بیروبڕوای ستالینیستی بوون. قاسملوو هەڵوێستی خۆی بە ئاشکرایی ڕاگەیاندو گوتی ئەگەر پێشنیارەکەی پەسند نەکری ئیتر بەرپرسایەتیی سکرتێری گشتیی حیزب وەئەستۆ ناگرێ. هەروەها گوتی ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە خەتی سیاسیی حیزب بکەوێتە دەستی ئەو کەسانەی لە هەڵوێستی توندوتیژ پشتیوانی دەکەن. بۆ جارێکی دیکەش حیزب لەت بوو، بەڵام لایەنگرانی میانەڕەوی سەرکەوتن.

ک.م، کە ئەو دەمی یەکێک لەکادرەکانی ڕێبەرایەتی بوو، ڕەخنەی لە قاسملووی گرتو گوتی ئەوەندەی دەرفەت نەدا بەو خەڵکەی بۆوەی لەبارەی دیتنەوەی ڕێگەیەکی باشتر بۆ حیزبەکە فکری لێ بکەنەوە. قاسملوو لە سەردەمی ستالینیدا لە چیکۆسلۆواکی بووو هەروەها لە وڵاتێکی دێموکراتیکی وەک فەرانسەش ژیا بوو. بۆیە پێی وابوو دێموکراسی باشترین سیستمی سیاسیی‌و باشترین ڕێگەچارەیە بۆ کوردستان. بەڵام، چونکە هەموو کوردەکان بەبیروبڕوا تەواو جیاوازە سیاسییەکانیانەوە هاتبوونە پاڵ ئەو حیزبەوە پێ‌داگرتنی قاسملوو لەسەر بیروبڕواکەی بوو بە هۆی لێکدابڕانی حیزبەکە.

ک.م، کە لەو سەردەمەدا لە کوردستان کابرایەکی دەوڵەمەند بوو، دەیگوت: دەبوو لە پێشدا بە خەڵکیمان ڕاگەیاندبا کە نامانەوێ ڕێگەیەکی تایبەتی بەسەر خەڵکیدا بسەپێنین». ناوبراو چەندساڵ بوو لەتاراوگە دەژیاو بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانی بنەماڵەکەی، لە شارێکی ئورووپایە شۆفێری تاکسی بوو.

«حیزبی دێموکرات نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی کوردستانی دەکرد. قاسملوو زۆر زیاتر لە ئەندامەکانی دیکە ڕێبەرێکی داهاتوونواڕو ئایندە بین بوو. بەڵام ئەگەر دەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک قسەی کردبان، زۆر باشتر دەبووو توندڕەویی نەدەکردو لە خەڵک دوور نەدەکەوتەوە. حیزبەکە لە کاتێکدا لەت بووو تاڕادەیەک هێزو توانایی خۆی لەدەست دا کە هێشتا لە حاڵی هەڵدانو گەشەکردندا بوو. ئەو کادرانەی ئەزموونی چەندین ساڵەیان هەبوو لە حیزب جیا بوونەوەو قاسملوو ئیدئۆلۆژیو بیرو بڕوای خۆی بەسەر حیزبدا سەپاندو تەنانەت ئەگەر بە قیمەتی لاچوونی لەسەر ڕێبەرایەتیی حیزبیش تەواو بووبا، دیسانیش دەیەویست ڕوانگەو بیروبڕواکەی بەسەر حیزبدا بسەپێنێ.»

ک.م. موافیقی هەڵوێستی قاسملوو نەبوو. بەو حاڵەش لە حیزبدا مایەوە بەڵام هیچ بەرپرسایەتییەکی لە کومیتەی ناوەندیدا وەئەستۆ نەگرتو سەرەنجام، ساڵی ١٩٨٦ حدکای بەجێ هێشت. «زەرەرو زیانێکی زۆرمان وێ کەوت، بەڵام نامەوێ لەو بارەیەوە هیچ بڵێم. هەستم بەوە دەکرد قاسملوو گەلێک ئەندامی لاوی لە دەوری خۆی کۆ کردبوونەوە کە زۆر زانا نەبوونو نەیان دەتوانی قسە لە قسەیدا بکەن. ئەمن هەمیشە موافیقی سەربەخۆیی کوردستان بوومو موافیقی هێنانەگۆڕی لیستەی نەبووم، چونکە بەم شێوەیە تەنیا

تاقمی سەربە قاسملوو هەڵ دەبژێرانو لە ئاکامدا بیرو بڕواکەی بەسەر حیزبدا دەسەپاند. ئەو شتەی قاسملوو بڕوای پێی بوو بۆ هەموو کەس گرنگ بوو، کاتێک قاسملوو ناوی منیشی نووسی، بە تەواوی دیار بوو هەڵدەبژێردریم، بەڵام موافیقی ئەو شێوە کارە نەبووم» [لە کۆنگرەیەکدا کە ک.م بەشدار بوو لیستی فیکس نەهاتەگۆڕێ – وەرگێڕ].

وردەوردە هەموو بەرپرسایەتییە سەرەکییەکانی کومیتەیناوەندی بە ئەندامانی لاوی ژێر بیستوپێنج ساڵ ئەسپێردران. ک.م. سەرەڕای جیاوازیی بیروبڕوای دەگەڵ قاسملووی ڕێبەر، ئەو ڕاستییەی نەدەشاردەوە کە ڕێزێکی تەواوی بۆ قاسملوو هەبوو، ک.م. دوای ماوەیەک دەیگوت: «قاسملوو پێی خۆش نەبوو کەسانی بە ڕابردووو بە ئەزموون لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە. چونکە بۆمن لە کەسانی لاو زۆر هاسانتر بوو بڵێم وا نابی. ئەو لاوانە نەیاندەتوانی قسە لە قسەی قاسملوودا بکەن. ئەوەش ڕاستە، قاسملوو شەرەفکەندیی هێشتەوە کە زۆر بە بەهرەو کارلێهاتوو بوو».

لە ساڵی ١٩٨٨دا سێهەمینو ئاخرین لەتبوون لە حیزبدا هاتە پێش. ئەمجارە، کێشەکە تەنیا لەسەر دەسەڵات بوو. قاسملوو پێی وابوو دەبێ تاقمێکی هاوبیر ڕێبەرایەتیی حیزبەکە بەدەستەوە بگرنو هەر بۆیەش دەنگی دا بە لیستەیەکی فیکس. قاسملوو دەیگوت ئەگەر لەنێو کومیتەی ناوەندیدا هاودەنگی نەبێ، ناتوانین حیزبەکە بەڕێوە بەرین. ئەوانەی لەو جەریانەدا شکستیان خوارد، تەسلیم نەبوونو جیا بوونەوە. ک.م. پێی وایە ئەوانە بۆیە جیا بوونەوە چونکە دەیانەویست بەرپرسایەتییو پلەو پایەی خۆیان دە حیزبدا لەدەست نەدەن. «تەنیا کاتێک بڕیاریان دا بڕۆن کە ئەندامەتیی خۆیان لە دەفتەری سیاسیدا لەدەست دا. ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکەیان شتێکی منداڵانە بوو. ئاخر کاتێک پیاو بۆ داکۆکی کردن لە مافی گەلێک وەخۆ کەوێ، ئیدی نابێ لە فکری پووڵوپارەو مەقامدا بێ. قاسملوویان بە جاش بوون تاوانبار دەکرد. بۆیە ئەمن ڕێزیان لێ ناگرم».

شەرەفکەندی لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە: «ئەو لێکدابڕانە شوێنەوارێکی خراپی لەسەر قاسملوو دانا». «لە باری سیاسییەوە هیچ ترسێکمان نەبوو، بەڵام، جیابوونەوەکانی زۆر پێ ناخۆش بوو ئەگەرچی بە ئاشکراش سووکایەتییان پێ دەکرد».

قاسملوو، هەروەک یاریزانێکی پۆکێرو بە شێوەی سیاسەتوانانی بە ئەزموون هەستی دەروونیی خۆی دەرنەدەخست. لە بواری سیاسیدا هیچ کات ترسوخۆفی ڕێ نەدەنیشتو تەنانەت لە ناخۆشترینو نالەبارترین کاتیشدا، زۆر لە سەرەخۆ بووو تەنیا هێندێک جار کەمێکی ترس ڕێدەنیشت، ئەویش لەکاتی بۆمبارانی دەبیرخانەی دەفتەری سیاسیدا بوو. بەڵام هەرزوو دەهاتەوە سەر حاڵ. شەرەفکەندی دەیگێڕایەوە: «هەرکات ناچار دەبووین بچینە پەناگاکان، ئەو هەمیشە کەسانی دەوروبەری لە پێشدا بۆوێ دەناردنو بۆ خۆی هەمیشە ئاخرین کەس بوو دەهات».

ئاخرین جار کە قاسملوو باوکیدی لە ساڵی ١٩٥٧دا بوو. بۆخۆی دەیگێڕایەوە: «دەگەڵ هەڵسوکەوتەکانی من موافیق نەبووو پێی خۆش نەبوو بە نهێنی بژیم. هەروەها ڕادیکالیزمە چەپئاژۆییەکانو لایەنگریم لە بیروبڕوای کۆمیسیۆنیستییشی پێناخۆش بوو. باوکم پیاوێکی مەزهەبی بوو، بەڵام پێی دەگوتم ئەگەر پیاوێک بیروبڕوایەکی قبووڵ بێو کارێک وەئەستۆ بگری، دەبێ هەتا ئاخری بۆی بڕوا». هەشت ساڵ دواتر فەوتی کرد. لە پێوەندی دەگەڵ مردندا، قاسملوو بڕوای بە قەزاوقەدەر بوو. جارێکیان لەلای یۆڵماز گونەی، کوردێکی خەڵکی تورکیەو دەرهێنەری فیلمو فاتووشی ژنی نهێنییەکی درکاندو گوتی هێندێک تۆپی «ضد هوایی»و چەند چەکێکیشی هەن ـ و ئەوانەش بۆ وەرێخستنو بەڕێوەبردنی شەڕ بەسن. هەردووکیان بەوە پێکەنین کە چۆن بەو چەکو چۆڵە کەمانە شەڕی دەست پێ کردوە. یۆڵماز تەواو سەرسوڕماو بوو.

پاش مردنی یۆڵماز بەهۆی شێرپەنجە، فاتووش زۆرجار دەچووە لای قاسملوو. ناوبراو دەیگوت: «هەمیشە پێی دەگوتم دەبێ بە خۆشی ژیانم درێژە پێ بدەمو جارێکیش پێی گوتم ڕۆژێک لە چیاکان ژنێک هاتبووەلای. ئەو ژنە دوو مێردی مردبوون. چەند منداڵیشی هەبوونو جلوبەرگی ڕەشی دەبەردا بوو، دەش گریا. قاسملوو پێی گوت مەگریو مێردی بکەوە. ژیان هەر دەگوزەرێ.

قاسملوو هەروەها بە خۆشمی دەگوت دڵخۆشی‌و شادی شتێک نیە لێی بگەڕێی‌و بی دۆزیەوە. دەبێ بۆ خۆت پێکی بێنی‌و ئەگەر بۆ خۆت پێکی نەیەنی هەرگیز نای دۆزیەوە».

شەڕەفکەندی هەروەها دەیگوت «لەناخۆشترین کاتدا، قاسملوو لەهەمووومان بە تواناتر بوو، ئەگەر دۆستێکی نزیکمان‌و ئەندامی کومیتەی ناوەندی یا کەسێکی دیکە لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی کوژرابا، ئەمن یان یەکێکی دیکە لە هاوڕێکانمان راگەیاندراوێکمان دەنووسی‌و قاسملوو هەر زۆرزوووو سەر لە نوێ دەی نووسیەوەو پێی دەگوتین ئەگەر ئاشنایەک، دۆستێک لە شەڕدا بکوژرێ، کارێکی دەبێ بیکەی گریان نیە، بەڵکە دەبی کارێک بکەی خەباتەکە بەردەوام بێ».

# بڕگەی دووەم
# سەرهەڵدانی ڕێبەرێك

لە بەیانیی رۆژێکی یەکجار خۆشی بەهاری ١٩٧١دا، کابرایەک بە دیمەنێکی کوردانەو جلوبەرگی ئورووپایی لە کێوێک هاتە خوارو بەرەو «ماڵی ئاشتی» هات کە لە سکرتاریای مەلا مستەفا بارزانی لە کوردستانی عێراق هەڵکەوتبوو، ژنان بە جلوبەرگی رەنگاوڕەنگەوە لەماڵەکان دەهاتنە دەر. منداڵان خەریکی هەڵاتهەڵاتو کایەکردن بوون. خەڵکی گوندەکە خەریک بوون لە خەو هەڵدەستان.

لەماڵی ئاشتی، دوو رۆژنامەنووسی فەرانسەیی‌کریس کۆچێرا و خانمەکەی ، لەحاڵێکدا چاویان لە جوانی‌و رازاوەیی بە شکۆی دۆڵی چۆمان دەکرد، چاوەڕوانی نانی بەیانی بوون. لەلای پشتەوە، بەفر لووتکەی چیا بەرزەکانی بە تەواوی داپۆشیبوو. مەڕو ماڵاتیش لە داوێنی تەپۆڵکەکان دەلەوەران.

لە حاڵێکدا کریس کۆچێرا چاوی لەو پیاوە بەڕێزەوە بڕیبوو کە تازە هاتبووە ژوورەکە، لە هاوڕێیەکەی خۆی پرسی: پێت وایە ئەو کابرایە نانمان دەگەڵ بخوا؟»

کاتێک کابرا سەری وەرسووڕاندو پێی گوتن «بەڵێ، پێم وایە نانتان دەگەڵ بخوا» کریس کۆچێرا و هاوڕێیەکەی هەر زۆریان پێ سەیر بوو.

کۆچێرا بە تەواوی سەری سوڕمابووو چاوی لە کابرای دەکرد. شتێکی لەنێو چیاکانی کوردستان بەهیچ چەشنێک چاوەڕوانی نەبوون، دیتنی کابرایەکی کورد بوو کە ئاوا بە جوانی بە زمانی فەرانسەیی قسەیان دەگەڵ بکا. لێیان پرسی: «ئەتۆ کێی؟»

کابرایەکی دراوسێی ماڵی ئاشتی پێی گوتین هاتوە ژێنەڕاڵ بارزانی، ڕێبەری کوردەکانی عێراق ببینی. لە حاڵێکدا خەریکی خواردنی نانی بەیانی بوون‌و کەمێک دوور لە یەکتر دانیشتبوون قسەیان دەکرد. لەسەر ئەو جادەیەی بەرەو ماڵی ئاشتی دەهات، کابرایەک بە هەوسار ئەسپێکی شین بۆری یەکجار جوانی بۆلای ماڵەکە رادەکێشا. یاڵی ئەسپەکە بە گوڵی زۆر جوان رازابۆوە. خاتوونی کۆچێرا کە رۆژێک پێشتر بە ژێنەڕاڵ بارزانیی گوتبوو سوارکارێکی خراپە، هەر زووو بە خۆشحاڵییەوە سواری ئەسپەکە بوو. کابرای غەریبە بە قۆشمەیی لە خاتوونی کۆچێرایی پرسی: «بەتەنیا دەڕۆی؟ مێردەکەت دەگەڵت نایە»؟

خاتوونی کۆچێرا تەنیا بۆ ئەسپ سوارییەک دەچووو پێشمەرگەیەکی دەگەڵ بوو. کابرا کوردەکە بە پێکەنینەوە چاوی لە کریس کۆچێرای کردو پێی گوت: «لە پێوەندی دەگەڵ کوردان دەبێ ئاگاتان لە خۆتان بێ. ئێوە هەرگیز نازانن...»

کاتێک دوای دوو سەعاتان خاتوونی کۆچێرا هاتەوە، زۆری پێ سەیر بوو دیتی کریس کۆچێراو کابرای کورد هەروا خەریکی قسانن. سەرەنجام، کوردەکە هەستاو ژمارە تەلەفونی ماڵی خۆی لە بەغدایەی دانی‌و خودا حافیزیی لێ کردن.

کاتێک کابرا خەریکی ڕۆیشتن بوو، کریس کۆچێرا بە خانمەکەی گوت ئەو کوردە پیاوێکی زۆر جالب بوو. بەڵام نەیان زانی کێیە.

لە مانگی مارسی ئەو ساڵەدا، حیزبی بەعس کە لە ساڵی ١٩٦٨ـەوە لەسەر دەسەڵات بوو. وجوودی نەتەوەی کوردو مافە فەرهەنگیو زمانییەکانی بە ڕەسمی ناسیبوو. پێنج وەزیری کورد ئەندامی کابینەی دەوڵەت بوون. پاش چەند ساڵ شەڕی چەکدارانە، پێوەندیی نێوان عێراقییەکانو کوردەکان زۆر باش بوو.

کۆچێراکان لە ئاوریلی ١٩٧٠دا هاتبوونە عێراق بۆ ئەوەی وەک زۆر ڕۆژنامەنووسی دیکە بابەت لەبارەی عێراقەوە بنووسن. لە بارەی کوردەکاندا زانیارییەکیان نەبووو ئەوە کاربەدەستانی عێراقی لە وەزارەتی زانیاری بوون کە پێشنیاریان پێ کردبوونو بچنە چیاکانی باکوورو دەگەڵ ئەو «خەڵکە جالبە» ئاشنا بن. دیلمانجێک لە وەزارەتخانەکەوە دەگەڵیان کەوتبووو ئێستا پێی دەگوتن ئەو کابرایەی دیبوویان کەسایەتییەکی کوردی ئێرانی بوو،و کاری بۆ دەوڵەتی عێراق دەکردو ناوی عەبدوڕڕەحمان قاسملوو بوو.

کاتێک گەڕانەوە بەغدا کۆچێراکان تەلەفۆنیان لە قاسملوو کرد کە لەو سەردەمەدا ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرنامە بوو. چەند جار چاویان پێی کەوتو هەمیشە دەگەڵ سیاسەتوانانو کەسانی بە فەرهەنگ بووو دەگەڵ وان بەرنامەکانی لە بواری فەرهەنگی کورداندا بەجێ گەیاندبوو.

ئێوارەیەک قاسملوو بۆ نانی شەوێ لە ماڵی خۆی بانگهێشتنی کردن. زۆریان پێ سەیر بوو کە دیتیان کاربە دەستێکی دەوڵەت ژیانێکی وەها سادە بەسەر دەبا. ماشێنێکی پێژۆی ٤٠٤ی لێ دەخوڕی کە لە کوێت کڕیبووی. لە ئاپارتمانێکی تازەو چکۆلەدا دەژیا. هۆدەیەکی میوانان بە مێزێکو سێ کورسییەوە، ئاشپەزخانەیەکو چرایەکی چێشت لێنان، حەمامێکو هۆدەیەکی نوستنی هەبوو. پیاوێکی کورد کارەکانی ماڵێی لە ئەستۆ بوو. ئێدیت دەیگێڕایەوە ئەو شەوە هەر بۆخۆیان لەوێ بوون.

دیتیان ئەوە قاسملوو لەحاڵێکدا بەروانکەیەکی لە کەمەری بەستووە، لە ئاشپەزخانە خەریکی سازکردنی سۆسە بۆ شێوێ. [ کریس کۆچێرا و خانمەکەی] پێدەکەنین. توانایەکەی لە قسەکردن بە زمانی فەرانسەییان تەحسین دەکرد. قاسملووش پێی گوتن لە سەردەمی لاوەتیدا لە پاریس بووە. باوکی، ئەوو براکەی ناردبوون لەوێ بخوێنن. لە ساڵەکانی دەیەی چل دا، سەرکوتی کوردەکان توندوتیژتر ببوو، باوکم ئاگای لێم بوو دەیگوت دەبێ لە تاران خوێندنەکەم تەواو کەمو ساڵێک لەوێ بوومو ساڵی ١٩٤٧کە خوێندنی ناوەندیم تەواو کرد چوومە ئورووپا.

قاسملووی لاو بۆ وەرگرتنی پاسپۆرت بەڵێنی دابوو خۆ دەکاری سیاسی هەڵ نەقوتێنێ. ئەو بنەماڵانەی منداڵەکانیان لە دەرەوەی وڵات دەیانخوێند، دەوڵەت ڕێگەی دابوون بۆ خەرجی منداڵەکانیان مانگانەیەک بنێرن. قاسملوو بە کۆچێراکان دەگوت بە قەتار چوو بووە ئەستەمبوڵو ماوەیەک بۆ فرۆشتنی فەرشو قالیچان لەوێ مابۆوە.

مووسا ئەنتەر، کە سیاسەتوانو نووسەرێکی هەشتا ساڵەی کوردی تورکیە بووو لە کەسایەتیی نەتەوەی کوردی بە وردی کۆڵیبۆوە، لە ژیاننامەی خۆیدا: بیرەوەرییەکانم، لە بارەی چاوپێکەوتنی دەگەڵ قاسملوو لە ئەستەمبوڵ نووسیویەتی: «پێم وایە ساڵی ١٩٤٥ بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان حوسێن دەگەڵ کوڕێکی یەکجار جوانی چاوگەش هاتن. زۆرزوو تێگەیشتوویی‌و زانیاریی ویت بۆ دەردەکەوت. هەروەک پۆلووە ئاورێک دەچووو توانایی‌و هەستێکی تەواو توندوتیژی بۆ کوردو کوردستان بە روونی تێدا دیار بوو. دەیەویست کۆمەڵناسی بخوێنێ. لە خوێندنگەیەکی ئەستەمبووڵ ناوم نووسی کەئەو بابەتەیان بەدەرس دەگوت... زۆری پێ خۆش بوو بچێتە ئورووپاو سەرەنجام بە یارمەتیی کامران بەدرخان، کە دەگەڵ بنەماڵەی خێزانم پێوەندییەکی باشی هەبوو، توانیمان بینێرینە فەرانسە. شەڕی دووەمی جیهانی تازە تەواو ببوو... هەمیشە پێوەندیم دەگەڵی هەبوو... ڕۆژێکی بەدرخان پێی گوتم، «ڕۆڵەگیان، ئەمن هەمیشە لەوە بەداخم کوڕێکم نیە. بەڵام، ئێستا بەتۆو بە عەبدوڕڕەحمانی، دوو کوڕم هەن. خۆشحاڵم چونکە دەزانم کاتێک بمرم بە دڵخۆشییەوە چاوەکانم وێک دەنێم».

قاسملوو بە لۆتکە لە ئەستەمبووڵەوە چووبووە مارسەی کە لەوێ براکەی چاوەڕوانی بوو. کاتێک گەیشتە وێ دەیتوانی نووسراوەی فەرانسەیی بخوێنێتەوە بەلام نەی دەتوانی قسەی پێ بکا. لە گەڕەکی چاردەی پاریس نیشتەجێ بوون. بە باوەڕنامەی زۆر باشەوە لەتارانڕا هاتبوون. ڕۆژێک لە ڕۆژان چەند کەس لە ئاشناکانی باوکیان بۆ نانی نیوەڕۆیە بانگیان کردبوون بۆ ڕێستوورانێکی یەکجار جوان.

چونکە ماوەیەکی زۆرکەم لەمەوبەر چیاکانی کوردستانیان بەجێ هێشتبوو، دەگەل شێوەی هەڵسوکەوتی ئورووپاییەکان زۆر ئاشنا نەبوون. لەحاڵێکدا لەپشت مێزێک دانیشتبوون کە ژمارەیەکی زۆر لیوان، سێدانە قاپو سێ دەوریو چەند کەوچکو چەنگاڵی زێو لەبەر دەمیان دانرابوون، دووبرا کە چاویان لێک دەکردو نەیاندەزانی چ بکەن. سەریان سوڕ مابوو. هەرچەند باوکیان لە کوردستان پیاوێکی گەورە بوو، بەڵام بۆخۆیان بە شێوەی سوننەتیی کوردان لەسەر ئەرزی دادەنیشتنو بە دەستی نانیان دەخوارد. لێرەدا بوو قاسملوو بریاری دا زۆر بەوردی چاو لەو کەسانە بکا کە لە نزیکیان دانیشتبوون بۆوەی بزانێ ئەوان بەچ شێوەیەک دەبزوونەوەو بتوانێ لەو وەزعە بێتە دەر.

بە بزەیەکەوە بە مۆبێکی دەگوت: «ئاشنا بوونم دەگەڵ دابونەریتەکان لەوێ تەواو نەبوو. جارێکیان چاوم بە ژنێکی فەرانسەیی بە ناوی دێنیس کەوت کە مێردی بە پیاوێکی ئێسکگران کردبوو.

ژنە سی ساڵانەکە نەک هەر ئەو کابرا بێگانەیەی شێتو شەیدای خۆی کردبوو، بگرە بە تەواوی فێری دابو نەریتی ئورووپایەشی کردبوو. فێر ببوو چۆن نانی بخوا، چۆن چێشتە فەرانسەییەکان بخواو شەڕابی فەرانسەییش بخواتەوەو لە هەموو کارێک باشتریش ئەوە بوو کە دەبی وڵاتەکەی خۆش بوێ. دێنیس هەروەها ژیانی پێشکەوتوانەو جوانی ئەو وڵاتەو شێوەی دروستی هەڵسوکەوتیشی فێر کرد. ڕۆژێک بە فڕۆکە بەرەو ئەمریکا ڕۆیشتو ئیدی کەس نەیدیتەوە. مۆبێکەکان وەک بیرەوەری دەیانگێڕایەوە کاتێک قاسملوو لە بارەی ویدا قسەی دەکرد دەکەوتەوە بیری نیشتمانی خۆی. لە کاتێکدا بە کەوچکێک سۆسی تەماتەکەی لێک دەدا پێی گوتن: «ئەو هەروەها فێری کردم ئەوەی چۆن ساز کەم».

بیرەوەرییەکانی قاسملوو لەبارەی ئەو ساڵانەی لە پاریس ژیابوو تێکەلاوێک بوون لە سەرسوڕمانی لە هەموو ئەو شتانەی بۆ یەکەم جار دەیدیتن دەگەڵ ژیانی ئەو ڕۆژانەی کە بە تەنگدەستیو بێ پووڵی بەسەری بردبوون. ژیانێکی خوێندکارانەی دەگوزەراندو سەرەڕای ئەوەی لەتاران قەولی دابوو، هێشتا چالاکانە خەریکی کاری سیاسی بوو. هەردوای هاتنی بۆ پاریس، هەوڵێکی کوشتنی شای لە زانستگەی تاران بێ ئاکام مابۆوە.

خوێندکارانی زانستگەکان لە پاریس خۆپێشاندانێکیان لە دژی شا وەڕێ خست. قاسملوو نەک هەر لەو خۆپێشاندانەدا بەشدار بوو، بەڵکوو قسەشی بۆ خۆپێشاندەران کرد. بالۆێزخانەی ئێران بانگیان کردە وێو بالۆێز قسەی دەگەڵ کردو پێی گوت لە ژێر چاوەدێریدایە. کاتێک بالۆێزەکە پێی گوت قسەکانی یەکجار جوان بوون، قاسملووی لاو زۆری پێ سەیر بوو.

هەرچەند قاسملوو لە مەترسیی پۆلیسی ئێران زۆر دوور بوو، دەوڵەت بە مەبەستی ئەوە کە گوشاری ماڵی بخاتە سەر قاسملوو، بە باوکی ڕاگەیاند ئیدی نابێ هیچ پووڵو پارەیەکی بۆ بنێرێ. لەو ڕۆژە بەدواوە قاسملوو بەو یارمەتییانە دەژیا کە باوکی بۆ براکەی دەنارد.

هەتا ئەوڕۆژەی ژنێکی ئێرانیی ئاشنایان سەد فرانکی وەک یارمەتی دانێ وەزعی ماڵییان زۆر خراپ بوو. لەو سەردەمیدا، سەدفرانک پارەیەکی زۆر بوو. کرێی وەدواکەوتووی ئەو ماڵەی لێی دەژیانو هێندێک قەرزی دیکەشیان دایەوەو هێشتا بەشێکیان لە پارەکەی هەر بۆ مابۆوە. لە بارەی خەرجکردنی باقیی پارەکە ڕاوتەگبیریان دەکرد. یەکیان دەیگوت با سیغاری پێ بکڕینو ئەوی دیکەیان دەیگوت با شۆکۆلاتان بکڕینو سەرەنجام هێندێکیان کەرەو نان پێ کڕی.

بارودۆخەکە رۆژ دەگەڵ رۆژ خراپتر دەبوو. بۆیە قاسملوو لە فکری رێگەچارەیەک کەوت. بەهۆی پێوەندییەکی دەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە فەرانسە هەیبووو لە رێگەی یەکیەتیی خوێندکارانی نێونەتەوەییەوە، کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکاندا بوو، بوورسێکی خوێندنی لە پراگ وەرگرت.

کاتێک ئەوەی بۆ جێبەجێ بوو لەرادەبەدەر کەیفی ساز بوو. بۆ خوێندکارێکی بزۆز کە بەتەواوی لایەنگری مارکسیزم بوو، چوون بۆ وڵاتێکی سۆسیالیستی باشترین دەرفەت بوو بۆی هاتبووە پێش. لە ئاکامدا لە پاریس ـ ئەو شارەی بە تەواوی ئاڵوگۆڕی بەسەر دا هێنابوو ـ خودا حافیزیی کرد، بێ ئەوەی بزانێ لەتەواوی ژیانیداو تەنانەت لە پێش مردنیشی، دەبێ جار لەدوای جار بگەڕێتەوە بۆ وێندەرێ.

قاسملوو لە خوێندنگەی زانستی ئابووری، کە دواتر ناوی ـ خوێندنگەی ئابووری پراگ ـ یان لەسەر دانا، بوو بە خوێندکار. ساڵی ١٩٤٩، ساڵێکی گرنگی مێژوویی بوو. لەو ساڵەدا سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هاری تروومەن، رای گەیاند شوورەوی بۆمبی ناوکیی هەیە. شۆڕشی کۆمۆنیستی هێشتا دیاردەیەکی نوێ بوو. ساڵێک پێشتر، چیکۆسلۆواکی کەوتبووە ژێردەستی لایەنگرانی دەوڵەتی شوورەوییەوەو شەڕی ساردیش تازە دەستی پێ کردبووو ئورووپا کەوتبووە نێو گێرەو کێشەوە. گەمارۆیەکی رووسەکان خستبوویانە سەر بێرلین زیندوو مابۆوە. کاتێک قاسملوو گەیشتە پراگ، ئەو شارە لەبارەی وەزعیەتی سلانسکی  کە بە شێوەی ئیستالینی دادگایی دەکرا، دەتگوت ئاوری تێبەربووە.

ئەوە بۆ ئورووپای رۆژهەلات سەردەمێکی زۆر ناخۆش بوو؛ لەدوای شەڕی دووهەمی جیهانی سەرکوت کرابووو کەوتبووە ژێر دیکتاتۆریی دڕندانەی کومۆنیستە تازە سەرهەڵداوەکانەوە. هێلین، کە قاسملوو لە پراگ دەگەڵی ئاشنا ببووو دوایەش لە ساڵی ١٩٥٢دا خواستی، دەیگوت زوڵموزۆرێکی یەکجار توندوتیژیان بەسەردا هاتبووو ژیانی رۆژانەیان لە ژێر رێژیمی ئیستالینیدا لێ تاڵ ببوو. تەنیا چەندین ساڵ دواتر کە ئەو کچە چێکییە هاتبووە ئێرانو لەوێ مێردی کردبوو، بۆی دەرکەوت شیرو میوەی باش یانی چیو دەبێ چۆن بن.

بەسەدان خوێندکار لە زانستگەکە بوونو جێگەی لێک کۆبوونەوەیان بورجی بابل بوو. هەرکەسە چ کوڕو چ کچ، بەزمانی زگماکیی خۆیان قسەیان دەکرد. قاسملووش بە هێندێک شانازییەوە دەیگوت: «ئەمن یەکێک لەو دوو ـ سێ کەسانە بووم کە زۆر بەباشی فێری زمانی چێکی ببوون».

قاسملوو لە سەرەتادا چیوا گیرۆدەی سیاسەتی نێونەتەوەیی نەبووو تەنیا خەریکی بابەتە ئابوورییەکان بوو. لە رێستوورانی زانستگە نانی دەخواردو دەگەڵ خوێندکارە ئاشناکانی ڕای دەبوارد. توانایییەکەی بۆ بوونە رێبەرێک خەریک بوو بە روونی لێی وەدەر دەکەوتو کاتێک وەک بەرپرسی یەکیەتیی خوێندکاران هەڵبژێرا، داوای لەهەموو ئەندامانی یەکیەتییەکە کرد کە بەزمانی چێکی قسان بکەن. لە فیستیڤاڵی لاوان، لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی خوێندکارانی پراگدا ساڵی ١٩٥٠و دوایەش لە بێرلین لە ساڵی ١٩٥١دا، بەشداریی کرد. قاسملوو کە بە شێوەیەکی یەکجار توندوتیژو دەمارگرژانە داکۆکیی لە بیروبڕوای خۆی دەکرد، پشتیوانیی لە دادگایی کردنو کوشتنی سلانسکی دەکرد.

قاسملوو نەیدەشاردەوەو دەیگوت: «ئێمە هەموومان ئیستالینیستین. دەگەڵ باشترین خوێندکارە چێکییەکان دەژیام. دیوارەکانی هۆدەکانمان بە دروشمی رووسی: «هەڤاڵ تێبکۆشە، سوپاس بۆ ئیستالین« داپۆشرابوون. دواتر بەو سەردەمە پێ دەکەنیین، بەڵام دیسان هاتینەوە سەر ئەم روانگەیەو بەدڵەوە بڕوامان بەو ئیدئۆلۆژییە هەبوو. لێرەدابوو بیستمان زۆر لە کەسایەتییەکان گیراون».

قاسملوو بەسەفەر چووە مەجارستانو سەفەرەکەی هاوکات بوو دەگەڵ دادگایی کرانی رایک  ئەوەش رەوتێکی دیکەی ئیستالینی بوو: «لە کچێکی مەجارستانی کە ئاشنام بوو داوام کرد وەک دیلمانجێک دەگەڵم کەوێ. حوکمە رەسمییەکەی پێگوتم: رایک، هەروەک سلانسکیو زۆر کەسی دیکە، لە دژی شۆڕش خەیانەتی کردبوو. بە بیستنی هێندێک لەوکارە قۆڕانە خەریک بوو شێت دەبووم. بۆ

وێنە، ئەوە چۆن دەبێ کابرایەکی وەک گۆتوالد کە بۆماوەیەکی دووروودرێژ هەڤاڵی سلانسکی بوو، راپۆرتی لێ بداو چۆن لە رووی هەڵدەهات چاو لە چاوی سلانسکی بکا؟ دەگەڵ ئاشنا مەجارستانییەکەمان قسەمان دەکرد، بەڵام نەماندەزانی چ روو دەدا».

قاسملوو ساڵی ١٩٥١ دەگەڵ هێلین ئاشنا بوو. ناوبراو سەردەمی منداڵیی زۆر بە ناخۆشی بەسەر بردبووو ئێستا منداڵکار بوو. کاتێک لە تەمەنی یەکساڵیدا بوو، باوکی دایکیی تەڵاق دابووو دوای پێنج ساڵان دایکی مردبوو. هێلین دەگەڵ نەنکی ژیابوو کە زۆریشی دەگەڵ چاک نەبوو. کاتێک ئەو کچە گەیشتبووە تەمەنی هەشت ساڵی، ناردبوویانە قوتابخانەیەکی شەووڕۆژانە.

ساڵی ١٩٥٢، هێلینو قاسملوو لە باڵوێزخانەی ئێران لە پراگ، ژیانی هاوبەشیان پێک هێناو هێلین بوو بە موسوڵمان. ئەو کچە چێکییە مێردی بە ئێرانییەک کردبوو، بەڵام بە پێی قانوونی وڵاتەکەی، مێردی نەکردبوو بە پێی یاسا بە موسوڵمان حیسێب دەکرا، لە حاڵێکدا هەر موسوڵمان نەبوو.

قاسملوو هەر زووو لە مانگی سپتامردا گەڕایەوە ئێران. دواتر دەیگوت: «بۆمن مانگێکی زۆر گرنگ بوو چونکە تێکۆشانی سیاسیم لە ئێران دەست پێ کرد».

یەکەمین کچی، مینا، ساڵی ١٣٥٣ لەدایک بوو بەڵام، هەروەکوو چەندین جار کە ژنەکەی بە تەنیایی بەجێ دەهێشت، لە رۆژی دایکبوونی کچەکەشی دا لە ماڵێ نەبوو. خەریکی سەفەر بۆ شارەکانی ئێران بووو یەکێک لە هاواڵەکانی لە ڕێوڕەسمی نووسینی رۆژی لە دایکبوونی مینادا لە جیاتی قاسملوو لە پێتەختی چێکۆسلۆواکی بەشدار بوو.

هێلین مینای دەگەڵ خۆی برد بۆلای قاسملوو لە تارانو بۆ ماوەی پێنج مانگان بە شێوەی قانوونی لەوێ مایەوە. ئەوکارە لە ژیانیدا هەروەکوو شتێکی ناوازە بوو.

قاسملوو تەنیا بۆ ماوەی پازدە رۆژ لەلای مایەوە چونکە وەک تێکۆشەرێکی سیاسی لە ژێر دیکتاتۆری دا ژیانێکی نهێنیی دەگوزەراند.

دوای ماوەیەک قاسملوو گەڕایەوە و هێلینی دەگەڵ کچەکەیو کوڕێکی یازدە ساڵە بەجێهێشت کە وەک وەرگێڕکە لە ماڵەکەیاندا کاری دەکرد. هێلین دەگەڵ ئەو کوڕە وردەکارییەکانی زمانی فارسی فێر دەبوو. داوای لە مامۆستایەکی قوتابخانەی سەر بە حیزبی توودە کرد دەرسی پێ بڵێ. بەوتوانا سەیرو سەمەرەیەی لە فێربوونی زماندا هەیبوو. لەماوەی سێمانگاندا دەورەکانی فارسیی تەواو کرد، لە کاتێکدا خەڵکی ئاسایی دەیان توانی بە پێنج ساڵان تەواوی کەن.

بەرپرسی قوتابخانەکە یەکجار ترسەنۆک بووو ئامادە نەبوو چیدیکە هێلینێ بۆ خوێندن وەرگرێ. گوشاری سیاسی بەڕادەیەک توندوتیژ بوو هیچ کەس نەیدەوێرا بۆ جارێکی دیکە سەر لە ماڵەکەیان بدا. قاسملوو وەک نوێنەرێکی خراپکار چاوی لێ دەکراو لە ئاکامدا کەوتبووە بەر چاوەدێریی پۆلیسەوە.

قاسملوو بە تێکەڵاوێک لە بیروبڕوا جۆراوجۆرەکانی ئورووپاوەو ئاگاداری لە وەزعیەتی چێکۆسلۆواکیو گیروگرفتە نێونەتەوەییەکانی کۆمۆنیستی لە ئورووپاوە گەڕابۆوە بۆ ئێرانو تەواوی ئەو بابەتانەی لە یەکەم وتاری خۆیدا هێنابوونو بەشی هەرەزۆریشی بە زمانێکی یەکجار توندوتیژ لەدژی سلانسکی نووسیبوون. کاتێک ببوو بە پیاوێکی تەواو راهاتووو تێگەیشتوو، ددانی بەو راستییەدا ناو گوتی: «دوای چەندین ساڵ بە ئارتۆر لاند ـ م گوت لەو شتانەی نووسیومن شەرم دەمگرێ».

لەو سەردەمەدا، ئێران بۆ کۆمونیستە توندوتیژەکان شوێنێکی باش بوو. لە شکست خواردنی ئەڵمان لە ساڵی ١٩٤٥ بەم لاوە، ئێران ببوو بە ناوەندێکی گرنگی شەڕی سارد. بریتانیاییەکان دەستیان بەسەر ئەو وڵاتەدا دەڕۆیشت، بەڵام رووسەکان لە باکوورو راست لە نزیک سنوور بوون. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەوە دەترسا دەوڵەتی مۆسکۆ پێگەو تۆڕە نیزامییەکانی پەرە پێ بداو باشتر ڕێکیان بخاو لە ئاکامدا پارێزگاری لە وڵاتە پانوبەرینەکەی یەکیەتیی سۆڤیەت بە تەواوی دابین بکا.

ئێران کە لە ژێر دەسەڵاتی کابرایەکی یەکجار کەمئەزموونداو بوو، ئەڵقەیەکی لاواز لەو دیوارە بوو کە لە دژی شوورەوی دروست کرابوو. وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، ئێدوارد ئارە ستێتی نیووس دەیگوت: «ئێرە گرنگترین شوێنی جیهانە کە بۆی هەیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکیی یەکجار توندوتیژ لە نێوان دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا».

پێرشیای دێرین، کە رەزاشای باوکی[محەممەد رەزا] شا ناوی ئێرانی لەسەر دانا هەروەک مەنجەڵێکی سەر ئاوری ناسیۆنالیزم لەحاڵی قوڵتەقوڵتدا بوو. ساڵێک پێشتر، شا «ثریا اسفندیاری»ی خواستبوو کە ژنێکی جوان بووو هەر لەوێ رۆژێوە بوو بە بابەتێک بۆ رازاندنەوەی گۆڤارەکانی سەرانسەری جیهان. ئەوە دووهەمین ژنهێنانی شا بوو، بەڵام ئەویش منداڵی نەبوو. حەوتوویەک پاش زەماوەندەکەیان، سەرۆک وەزیر، رەزمارا، کوژرا. وادیارە حەمەرەزاشا پیاوێکی بەدشانس بووە.

مانگێک دواترو لە ساڵی ١٩٥١دا قاسملوو گەڕایەوە ئێرانو پاڕلمانی ئێران لە بەرامبەر گوشاری کۆمەڵانی ناسیۆنالیستی خەڵکدا ملیداو رێبەری لێوەشاوەو خۆشەویستی خەڵک، محەممەد موسەددیق ـ ی کردە سەرۆک وەزیر. ناوبراو پیاوێکی میلیۆنێرو ئەشرافزادەو قسەزانێکی یەکجار بە توانا بووو هەربۆیەش دەیتوانی دڵی کۆمەڵانی خەڵک بێنێتەجۆش. بێجگە لەوەش هەم خۆڕانەر بووو هەم بە هاسانی روانگەی خۆی بە خەڵکی دەسەلماند. زۆرجار دڵی لەخۆ دەبۆوەو دەگریاو، وەک رێبەرێکی راستەقینەی خەڵک، زۆرباش کۆمەڵانی خەڵکی دەهەژاند. وەرگرتنی ئەو پۆستە گرنگە سیاسییەی دوای قسەکردنێکی وروژێنەر بۆ جێبەجێ بوو. لە قسەکانیدا، گێڕایەوە کە شەوێک پێشتر تارماییەکی سپیی لێ وەدەر کەوتوەو پێی گوتوە: «وەخۆکەوە ئەو زنجیرە بپسێنە کە لەدەستو لاقی خەڵکی ئێران هاڵاوە.

موسەددیق کوڕی ژنێکی رەسەنی سەر بە بنەماڵەی شاکانی قاجار بوو. ئەوژنە، زۆری قین لە شاو باوکی بوو چونکە ـ بێجگە لە زۆرشتی دیکە ـ بە فێڵبازی دەزانین. موسەددیق دوکتورای قانوونی هەبوو،و حەفتاساڵیشی تەمەن بوو.

ساڵی ١٩٤٤، موسەددیق لەکاری ئەستاندنەوەی ئازەربایجانی ئێرانو کانگا نەوتییەکانی باشووری دەریای مازندەراندا نەخشی هەبوو. دوای ئەوەش، سەرەکیترین مەبەستی ئەوە بوو کە لە باشووری وڵاتیش راست ئەو بەڵایە بەسەر بریتانیا بێنێ. دەوڵەتی لەندەن لە کانگا نەوتییەکانی ئێران بە کەیفی خۆی بەهرەی وەردەگرت بێئەوەی هیچ قازانجێک بەئێران بگەیەنێ. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە کۆمپانییە نەوتییەکانی ئەمریکا قازانجێکی زۆریان بە وێنزۆئێلاو عەرەبستانی سەعوودی دەگەیاند.

لە ئاکامدا، موسەددیق نەوتی ئێرانی میللی کردو گێرەو کێشەیەکی گەورەی دەگەڵ بریتانیای مەزن ساز کرد، بریتانیایەک کە هەتا شەڕی دووهەمی جیهانی هێزێکی گەورەی جیهان بوو، بەڵام، دوایە وردەوردە نیشانەکانی گەندەڵ بوونی لێ وەدەرکەوت. کێشەکەیان بردە دادگای نێونەتەوەیی‌و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکانیشیان جاڕز کردبوو.

موسەددیق شاشی ناچار کرد واز لە شایەتی بێنێ‌و وڵات بەجێ بێڵێ‌و بڕوا بۆ ئیتالیا. شا بۆوەی دەبوو پیاو زگی پێی بسووتێ. لە رۆژنامەکانی ئەو کاتیدا، وێنەکانیان دەگەڵ ژنەکەی، سورەییا، کە لەڕادەبەدەر جوان بوو بڵاو دەکردەوە. لێوەکانو کولمەکانی یەکجار جوان بوونو هەرکات دەهاتە دەر عەینەکی ڕەشی دەچاو دەکرد.

قاسملوو بەرپرسی حدک بوو کە کومیتە ناوەندییەکی پێنج ئەندامیی هەبوو. زۆربەی ئەندامانی رێبەرایەتیی حیزبەکە یان ئێعدام کرابوون یان زیندانی بوون، یان هەڵاتبوون. هەرچەند حیزبەکە ناوی خۆی پاراستبوو بەڵام سەربە حیزبی توودە بوو.

مەرگی ژۆزێف ستالین لەمانگی مارسی ١٩٥٣دا، قاسملووی راتڵەکاند کە لەو کاتیدا تێدەکۆشا حیزبەکەی زیندووکاتەوە. پێی وابوو ئەوە «هەواڵێکی ناخۆشە»و لە پێتەختی ئێران «زیاتر لە سەدهەزار کەسی دیبوو کە خەمو پەژارەی خۆیان دەردەبڕی». ستالین بۆ هێندێک کەس دێوو بۆ کەسانی دیکەش خودا بوو.

لەوەرزی بەهاردا قاسملوو لەناوچەی مهاباد بوو بە سەرۆکی حیزب، بەڵام بەکردەوە، چاوەدێریی بەسەر تەواوی چالاکییەکانی حیزبی لە سەرانسەری کوردستانی ئێراندا بەدەستەوە گرت، بەو حاڵەش بەهیچ شێوەیەک لە فکری وەڕێ خستنی شۆڕشێکدا نەبوو ـ شۆڕشیش ڕووی نەدا.

لەو سەردەمەدا، کێشەی نێوان دەوڵەتی موسەددیقو بریتانیا هەروا درێژەی هەبوو، بەڵام، بە کردەوە، موسەددیق زۆر بە جیددی کوردستانی خستبووە ژێر چاوەدێرییەوە. خەڵکی بریتانیا وینستۆن چێرچێلی «محافظەکار»یان سەر لەنوێ هەڵبژاردبۆوە. ناوبراو گوتبووی نەهاتۆتە سەرکار بۆوەی چاوەدێری بەسەر کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریی بریتانیادا بکا.

ئیمپراتۆریی بریتانیا خەریک بوو لەبەر یەک هەڵ دەوەشا. هیندوستان کە گەوهەری تانجی سەری بریتانیا بوو، لە ساڵی ١٩٤٨دا بوو بە وڵاتێکی سەربەخۆ. مەلیک عەبدوڵڵای شای ئۆردۆن کە بریتانیا لەسەر دەسەڵاتی دانابوو، لەو ڕۆژانەدا کوژرابوو. لەمیسر، نەحاس پاشا ئەو پەیمانەی هەڵوەشاند بۆوە کە ڕێگەی بە ئەرتەشی بریتانیا دەدا لە کاناڵی سوئێز دابمەزرێ. دوای ماوەیەکی دیکە، مەلیک فارووق لەلایەن هێزەکانی سەر بە عەبدونناسرەوە لەسەر تەختی شایەتی وەلانرا. عەبدوننناسر کە قارەمانێکی بێهاوتای نیشتمانپەروەری لە جیهانی سێهەمدا بوو هاتە سەر گۆڕەپانی سیاسەت. ئەوە چ ئیمپراتۆرییەک بوو کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا لەدەست داو ڕێگەی بە دەوڵەتەکانی دیکەدا هەم ئەو ڕێگە بازرگانییە گرنگەو هەم کانگا دەوڵەمەندەکانی نەوتی لێ داگیرکەن؟

لە ئاکامدا، بریتانیا بوو بە هاوپەیمانی ئەمریکاو بە ڕێکخستنی کۆدیتایەک موسەددیقی لەسەر دەسەڵات وەلا برد. کۆدیتاکە لە ژێر ناسناوی عەمەلیاتی ئاژاکس دا سازمان درابوو، لەلایەن پایەبەرزترین سیاسەتوانەکانی لەندەنو واشینگتۆنەوە تەئیید کرابوو. شا سوپاسی لێ کردنو گوتی: «خوداو خەڵکەکەمو ئەرتەشو ئێوە تەختی شایەتیتان پێ داومەوە». بێدەنگییەکەی شا لە بەرامبەر ئەمریکادا هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نەهات.

کۆدیتاکە ئایندەیەکی درەوشاوەی بەدوای خۆیدا هێناو یەکگرتوویی دەگەڵ ئەمریکای ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ بەهێزتر دەکرد. ئێران گەڕایەوە بۆسەر پەیمانی بەغدا کە یەکگرتوویەکی ناوچەیی دژی کۆمونیستەکان بووو ئەمریکا ڕێکی خستبوو. ساڵێک پێشتر، شا میللیکرانی نەوتی بە ڕەسمی ناسیبوو. بەڵام، کاتێک گەڕایەوە بۆ ئێران، یەکەمین کار کە کردی ئەوە بوو کە قانوونەکەی بە قازانجی کۆنسێرسیۆمە گەورەکانی جیهانی هەڵوەشاندەوە.

شا هێشتا کوڕێکی نەبوو. سوڕەییا پاش ژنی یەکەمی شا، شازادەخانم فەوزییە، مێردی بە شا کردبوو، فەوزییە خوشکی مەلیک فاروقی میسری بوو. ناوبراو [شا] دەگەڵ دووژنی جحێڵ ژیانی هاوبەشی پێک هێنا بوو بەڵام هێشتا نەیتوانیبوو جێگرێک بۆخۆی دروست کا.

ئەوە لە ئاکامی ئەوەدا نەبوو کە شا خۆی لە پێوەندی دەگەڵ ژنان پاراستبێ. لە شوێنێکی چکۆلە لە شاری تاران، شا سینەمایەکی چکۆلەی هەبوو کە دەگەڵ ژێنەڕاڵەکانی، چاوی لە فیلمە پڕ لە شوورەییەکان دەکرد. دەڵێن ژنی سێهەمی، شاژن فەرەح، ژنێکی سەربەرزو تێگەیشتوو بووە. ساڵی ١٩٥٨، شا فەرەحی خواست بەڵام، بەهۆی داوێن پیسییەکەی، فەرەح چەندین جار بەجێی دەهێشتو دەچۆوە ماڵی خۆیان.

تۆڵە ئەستاندنەوەی شا لە موسەددیق شتێکی بێوێنە بوو: ئەو پیاوە پیرەیان دەژوورێکی چکۆلە کردبوو کە دیوارەکانی بەرد بوونو هەتا نێوقەدی پڕبوو لە ئاو. ئەو ڕەفتارە بوو بەهۆی ئیفلیج بوونیو هەتا ڕۆژی مردنی دەئێشو ئازاردا بوو. ماڵەکەشیان تەفروتونا کرد. وەزیری دەرەوەی حکوومەتی موسەددیق «حوسێن فاتیمی»یشیان لەشەقام دایە بەر هێرش بەڵام نەکوژراو دواتر حکوومەتی شا ئێعدامی کرد. دەزگای پۆلیس لە شارەکانی قوم، شیراز، تەورێزو ئیسفەهان ڕوحمی بە هیچ کەس نەدەکرد چونکە ئەو شارانە بەهەموو توانایانەوە پشتیوانییان لە حکوومەتی گەلیی موسەددیق کردبوو.

دوای کودیتاکە، تەواوی بزووتنەوە دیموکراتیکەکان، یەک لەوان حیزبەکەی قاسملوو، خۆیان شاردەوەو بە نهێنی درێژەیان بە چالاکییەکانی خۆیان دا. لەو سەردەمیدا، قاسملوو یەکێک لە ئەندامانی بە هەڵسووڕی حیزبی توودەو بەرپرسی حدکیش بوو. قاسملووو هێلینو کچەکەیان بە نهێنیو دەکرێ بڵێین بەوپەڕی داماویو دەستەنگی دەژیان. هێلین دەیگێڕایەوە: «لە ئێران فەقیرترینی فەقیران بووین».

دووساڵ دواتر، پێوەندیی کوردەکان دەگەڵ حیزبی توودە پسا بوو. کومونیستەکان هەر گوێیان نەدەدا داواکارییەکانی حیزبی دێموکرات. ئەندامانی حدک داوایان لە قاسملووی کرد بچێتە لای رێبەرەکانی حیزبی توودە کە پەنایان بۆ شووڕەوی بردبووو «لە خەیانەتێک ئاگاداریان بکا کە حیزبی توودە بە رێککەوتن دەگەڵ دەوڵەت ئەنجامی دابوو».

قاسملوو دەیگێڕایەوە: «خەیاڵی هیچوپووچ. ئەوکاتی بیستو پێنج ساڵە بووم. سەفەرەکەم شەش مانگی کێشا. ناچار بەرەو عێراق وەڕێ کەوتمو بەپێیان لە سنوور ئاوا بووم».

دیارە، پێویستی بە پاسپۆرتێک بووو زەحمەت بوو بۆی جێبەجێ بێ. بە وتەی تاڵەبانی، کوردەکان لە بەغدا دۆستێکیان هەبوو کە رشتەی موهەندیسی/ ئەندازیاریی دەخوێندو پۆلیس نەیدەناسیو خوێندکارەکە پاسپۆرتەکەی خۆی دا بە قاسملووو وێنەکەشیان گۆڕی. قاسملوو توانی بە سووریەدا بڕوا، کە لەوێ بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ مابۆوەو ناسناوی «جەمیل شەرەف» ی لە خۆی نابوو.

قاسملوو لە ئورووپا قسەی دەگەڵ رێبەرایەتیی حیزبی توودە کرد بەڵام هیچی بۆ جێبەجێ نەکرا. بۆیە دەیگوت: ناچار بووین هەموو پێوەندییە رێکخراوەییەکانمان دەگەڵ وان بپسێنین. لە ئاکامدا حدک، هەروەک ساڵی ١٩٥٥، بە تەواوی سەربەخۆیی خۆی وەدەست هێناوە».

لەپراگ قاسملوو بە هەڵکەوت دەگەل ئۆلگا ئاشنا بوو کە کچێکی سلۆڤاک بووو بنەماڵەکەی لە رۆژەکانی دادگایی کرانی سلانسکیدا بێسەرو شوێن ببوون. قاسملوو دەیگوت: «لەو کچەم پرسی چ بووە. باوکی ئەندامێکی کومیتەی ناوەندیی سلۆڤاک بوو کە گیرابووو ئەشکەنجە کرابوو. دۆستێکی دیکەشم چێکیو خوێندکارێکی بێهاوتا بوو. هێندێک شتی پێ گوتم کە ئەگەر لەویم نەبیستبایە، هەرگیز بڕوام نەدەکرد. وردەوردە بۆم دەرکەوت چ شتێک خەریکە روو بدا».

قاسملووگەڕایەوە بۆ کوردستان. لە پێشدا چوو بۆ سلێمانیو لەوێڕا بە پێیان لە سنوور ئاوا بوو. کاتێک گەیشتە کوردستانی ئێران، بەرادیۆ گوێی لە هەواڵی کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کومونیستی شووڕەوی بوو. لەو کۆنگرەیەدا، نیکیتا خرۆشچۆف جینایەتەکانی ستالینی مەحکووم کرد. لە موسکۆی پێتەختی ئەو جیهانە کە قاسملوو لە کاتیخۆیدا،و لە بواری ئیدئۆلۆژیکیدا بە تەواوی لایەنگری بوو، خودایەک مردبووو سەردەمێکی مێژوویی خەریک بوو کۆتایی دەهات. ئەوە بۆ قاسملوو شتێکی سەیروسەمەرە نەبوو چونکە بە لەسەرەخۆییو وردەوردە لە دەمارگرژیی کومونیستی دوور کەوتبۆوە.

بۆماوەیەک لە مهابادو تاران بە نهێنی دەژیاو هیچ داهاتێکی نەبوو. رۆژێک لە رۆژان تووشی ژنێکی ئێرانی بوو کە لە پاریس هێندێک پارەی بەقەرز دابوویەو ژنەکە قاسملووی ناسییەوە. قاسملوو کەمێک ناڕەحەت بوو بەڵام شتێکی خراپی پێ نەگوت.

ئەو ماوەیەی لە ئێران بوو، ئەوە تەنیا کاری سیاسی نەبوو کە شتێکی پڕ مەترسی بوو، بگرە ـ بەوجۆرەی تاڵەبانی دەیگوت ـ «لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەرکەس ژنێکی چێکیشی هەبا، دەکەوتە بەر مەترسییەوە«.

بۆیە، قاسملوو پێشنیاری بە هێلین کرد بگەڕێتەوە بۆ چێکوسلۆواکی. ئەویش بۆ ئەوە بتوانێ ئەو کارە بکا، دەبوو وەک هاونیشتمانێکی چێکوسلۆواکی خۆی بناسێنێتەوە. قاسملووو ژنەکەی بۆ جێبەجێکردنی ئەوکارە تەماسیان دەگەڵ کارمەندێکی دڵسۆزی باڵوێزخانەی چێکۆسلۆواکی گرت بۆ ئەوەی بتوانن پاسپۆرتێک وەرگرن. ئەوکارمەندە لەهەموو دەردەسەرو گیروگرفتەکەیان ئاگادار بوو. تەنیا شتێکی کارمەندەکە داوای لێ کرد ئەوە بوو کە بە هەرجۆرێک بێ هاتنی خۆی بۆ تاران پاساو

بدا. ئەوەش بە هیچ چەشنێک نەدەکرا. هاتنی بۆ تاران لە پاسپۆرتەکەیدا نووسرابووو بەڕوونی دەریدەخست خێزانی قاسملوویەو پۆلیس بەدوایەوە بوو.

سەرەنجام هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە تەنیا ژنبوونەکەی دەتوانێ بە قازانجی تەواو بێ. هێلین دووگیانێکی هەشت مانگە بوو ـ هەروەها ئەوەشیان بە درۆ ساز کردبوو کە بە کاربەدەستانی ئێرانی رابگەیەنن قاسملوو «تجاوز»ی پێ کردوەو هەربۆیەش دەیەوێ قاسملووی تەلاق بدا ـ ئەوەش دەیتوانی هۆیەکی بڕواپێکراو بێ. هەربۆیەش هاودەردییان دەگەڵ کرد. بەڵام، هێلین لە مانگی ژووئیەو مانگێک زووتر کچی دووهەمی ـ هیوا ـ ی بوو. ئەوەش لە پێوەندی دەگەڵ کاربەدەستانی ئێراندا بوو بەهۆی گیروگرفتێکی زیاتر. بۆیە ناچار بوو سەر لە نوێ خۆی بشارێتەوە.

هەشت مانگ دواترو لەمانگی مارسی ١٩٥٦دا، قاسملووو هێلین دەگەڵ منداڵەکانیان بەرەو کوردستانی عێراق وەڕێ کەوتن. دوایەش لە سنووری نێوان ئێرانو عێراق تێپەڕینو گەیشتنە کوردستانی عێراقو لە رێگەی بەغداوە دەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.

بە پاسێک لەتاران وەدەر کەوتنو گەیشتنە سەقز کە شارێک بوو لە ژێر کۆنترۆڵی کوردەکاندا. بە ماشێنێکی جیپ لە چیاکان تێپەڕین. هێلین جلوبەرگی کوردیی دەبەر کردبوو وەک ژنێکی کەڕ خۆی دەنواند، بۆئەوەی نەناسرێ. بە ئاماژەو بە هەر جۆرێکی بوو بەرپرسەکانی حاڵی دەکرد: دەچێتە نەجەف بۆ وەی بتوانێ توانای قسەکردن وەدەست بێنێتەوە.

بەپێیانو بەسواری ئێستران خۆیان گەیاندە بەغدا. هەوڵو تێکۆشانی هێلین بۆ وەرگرتنی پاسپۆرتێک حەوت مانگی کێشاو لەوماوەیەدا قاسملوو بێ پسانەوە جێگۆڕکێی دەکردو پیاو نەیدەزانی لەکوێ دەبێ.

تاڵەبانی دەیگێڕایەوە: «هێلین بەشێوەیەکی نەناسراو هاتە عێراق. لە پێشدا لەماڵی برایم ئەحمەد نیشتەجێ بوو ـ ناوبراو سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو ـ بۆخۆشم بەشێوەیەکی نەناسراو دەژیامو بۆیە شاردنەوەی هێلین کارێکی دژوار بوو. ئێمە لە باکووری بەغداو لە «اعظمیە» دەژیاینو هێلین هاتە ماڵمانو بۆ ماوەیەک دەگەڵمان ژیاو لەو کاتیەوە بووین بە ئاشنایەکی نزیک».

دوای چەند مانگان، کاتێک کوردەکان پاسپۆرتێکیان بۆ هێلین دۆزییەوە، هەلومەرجی سیاسی لە عێراق بۆجارێکی دیکەش ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو. ئەو کەسانەی ئاگایان لەوێو لە کچەکانی دەبوو لەوە دەترسان لە فرۆکەخانە رایگرن. رۆژێکیان هێلین بەسواری پاسێک بەرەو پێتەختی ئێران وەڕێکەوت. چارشێوێکی بەخۆیدادابووو دەیەویست بەم شێوەیە سەروسیمای ئورووپاییو چاوەشینەکانی داپۆشێ. یەکێک لە کچەکانی لیباسی کوڕانی دەبەر کردبووو هەر ئەوکارە ببوو بە هۆی هێندێک گیروگرفت بە تایبەتی ئەوکاتانەی دایکی دەیەویست رایدێرێ.

بەهۆی بێئەزموونییەکی کە لە پۆشینی جلوبەرگی کوردیدا هەیبوو، چارشێوەکەی خزیبووە سەرشانیو ژنێکی کە لە تەنیشتی دانیشتبوو پێیگوت خۆی داپۆشێ. هێلین زانی خۆی دانەپۆشیوە. کابرایەک لە کورسییەکانی ئەوبەری چاوی لێدەکردو هێلین پێیوابوو ئێستا وەبەر جنێوانی دەدا. لەسەر سنووری کاتێک نیگابانەکان هاتن ساکو جانتاکانیان بگەڕێن، کابراکە قسەی دەگەڵ کردنو دەستی بۆلای هێلین راداشتو گاردەکانیش شتومەکی هێلینیان نەپشکنی.

پاسەکە راوەستاو هەموو موسافیرەکان دابەزین نانی بخۆنو هەرچەند هەرسێکیان [هێلینو دووکچەکەی]زۆریان برسی بوو، هێلین نەیدەزانی چ بکا. کابراکە بە قاپێک چێشتەوە هاتەوەو دای بە کچەکان. بەڵام، هێلین نەیدەزانی دەبێ سوپاسی کابرای بکا یا چارەنووسێکی ناخۆشی لە پێشە.

له ئێزگەی پاسان لەتاران، هەمان پیاو داوای لێکردن دەگەڵی سواری ماشێن بن، بەڵام هێلین قبووڵی نەکرد. دوایە پێشنیاری کرد تاکسییەکیان بۆ بگرێ‌و لێی پرسین بۆکوێ دەچن. دیسانیش هێلین قبووڵی نەکرد. ئەوجار پیاوەکە پێی‌گوتن: «خوداتان دەگەڵ بێ»و ڕۆیشت.

هێلین کە لەو سەفەرەدا بە تەواوی ماندووو شەکەت ببوو، دەگەڵ کچەکانی سواری تاکسییەک بوون. ئادرێسی ماڵەتازەکەیانی نەدەزانی، بەڵام دەی‌زانی چۆن بچێتە وێ. کاتێک گەیشتنە ماڵەکەیان، قاسملووش تازە گەڕابۆوە بۆ تاران‌و پێی‌وابوو هێلین لە پراگەو نەی‌دەزانی هاتۆتەوە ماڵێ. هێلین نەخۆش کەوتبووو بۆ ماوەی سێ‌حەوتوو بۆی کەوت.

ئاخرییەکەی، لە ڕۆژێکی ساڵی ١٩٥٧دا، هێلین کرولیچ قاسملوو کە دەگەڵ دووکچەکەی دەیەویست بە پاسپۆرتێکی عێراقی سەفەر بکا، لەتاران سواری فرۆکەیەک بوو بۆ دیمەشق، پێتەختی سووریە. ماوەی شەش حەوتو لەوێ مایەوەو سەرەنجام توانی بچێتەوە پراگ.

قاسملوو هەروا ژیانێکی پڕ لە مەترسیی دەبردە سەرو پۆلیسی سیاسی، ساواک، هەروا لێی دەگەڕاو پێوەندییشی دەگەڵ کۆمۆنیستەکان ڕۆژبەرۆژ خراپتر دەبوو. هیچ کەس یارمەتیی نەدەدا. حیزبی توودە لە هەوڵی ئەوەدا بوو بەڵکە بۆلای خۆی ڕابکێشێتەوە، بەڵام ئەو پێشنیارەکانی وانی قبووڵ نەدەکرد. پاش ماوەیەک، ڕەفیقە کوردەکانی بڕیاریان دا بەڕێی بکەنەوە ئورووپا. «پاش پێنج ساڵ ژیانی بە نهێنی، گەڕامەوە بۆ پراگ کە لەوێ ژنێک‌و دوو منداڵم هەبوون».

کۆتاییەکانی هاوینی ١٩٥٨، لەکاتێکدا دەگەڵ ژن‌و منداڵەکەی‌و چەند کەس لە ئاشناکانی لە چیاکانی چێکوسلۆاکی خەریکی پشوودان بوون، قاسملوو پەیامێکی نائاسایی لە پراگەوە پێ گەیشت. پێی‌خۆش نەبوو بگەڕێتەوە بۆ پراگ‌و ڕۆژەکانی پشوودانی بەنیوەچڵی بەجێ‌بێڵێ، بەڵام، پەیامنێرەکە زۆر بە توندی پێی دادەگرت‌و ئەویش قبووڵی کرد. سواری ماشێنەکەی بووو کاتێک گەیشتە پراگ چووە ئەو هوتێلەی کە دەبوو چاوی بە کەسێک بکەوێ. کاتژمێر حەوتی ئێواری بوو. لەبەردەرگای هوتێلەکە کابرایەکی کورد چاوەڕوانی بوو. قاسملوو نەی ناسییەوە. ژێنەڕاڵ مستەفا بارزانی، ڕێبەری کوردەکانی عێراق بوو، کە قاسملوو لە سەردەمی لاوەتیدا پێی وەک خودایەک وابوو.

پیاوەکە لێی پرسی: «ئەتۆی عەبدوڕڕەحمان قاسملوو»؟

قاسملوو کەمێک سەرسوڕماوو برێکیش بەگومان بووو دەگەڵ بارزانی چوونە ڕێستوورانێک‌و شێویان خواردو هەتا کاتژمێر ٣ی بەیانی بەیەکەوە قسەیان کرد. بارزانی لە شووڕەوی گەڕابۆوەو دەیەویست بە پراگدا بچێتەوە عێراق. بەسەرهاتی بارزانی لە شووڕەوی ڕاست وەکوو بەسەرهاتی قاسملووی دەچوو. جارێکی دیکەش، هەلومەرجەکەی عێراق گۆڕانی بەسەرهاتبووو عەبدولکەریم قاسم کە تازە بەدەسەڵات گەیشتبوو داوای لە بارزانی کردبوو بگەڕێتەوە عێراق. قاسملوو هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لە بارزانیدا بەڕوونی دەدیتن کە ڕێبەرێکی کورد دەبێ هەیبن، بەڵام، بارزانی ئەوی بە شێوەیەکی دیکە دەدی.

چونکە قاسملوو ئیدی ئەو قاسملووە لاوە بێ ئەزموونەی ئەو سەردەمی نەبوو کە بە بارزانیی ڕاگەیاندبوو کاربەدەستانی ئێران دەیان‌زانی بارزانی لە مهابادەو خەریکە لە شارەکە وەدەر دەکەوێ. بارزانییش لە شووڕەوییەوە گەڕابۆوە کە لەوێ بۆماوەی نۆ ساڵان وەک پەنابەرێک ژیابووو ڕقێکی یەکجار زۆریشی لە رووسەکان بوو.

ئەوشەوە بارزانیی بەساڵداچوو، لە حاڵێکدا خەریکی خواردن‌و خواردنەوەیەکی زۆر بوو، باسی زۆر کەسانی کرد. قاسملوو چەندین ساڵ دواترو بە پارێزەوە دەیگوت: «قسەی خۆمان بێ‌و لە بەینمان دەرنەچێ، ئەو دووهێندەی منی خوارد دەیەویست وەزنی بەرێتە سەر».

چەندین کاتژمێر بەیەکەوە بوون. بارزانی بۆی دەگێڕایەوە کە ساڵی ١٩٤٦ بە چ شێوەیەک لەمهابادەوە دەرکەوتوەو لە کۆتاییدا گوتی قازی محەممەد خەیانەتی پێ کردوە: «کاتێک لە ساڵی ١٩٥٣داو پاش کۆدیتایەک لەعێراق، گەڕامەوە تەورێز، نەمدەزانی بۆکوێ

بچم. بریارم دا بچمە ماڵی ئەندامانی خانەوادەی قازی محەممەد، بەڵام، دوایە کە پێیان گوتم ئەو ماڵانە پۆلیسیان لێیە، لە بڕیارەکە پەژیوان بوومەوەو چوومە یەکیەتیی سۆڤییەت».

قاسملوو کە ئەو قسانەی زۆر پێ سەیر بوون لێی پرسی: «ئەوەی دەڵێی خەیانەتی پێ کردی کێ بوو؟ ئەگەر قازی شتێکی‌وای کردبا ئێعدامیان نەدەکردو بەم شێوەیە لە بارەی قازی محەممەد دا قسە مەکە. لەبیرت نەچێ کە ئەو پیاوێکی یەکجار خۆشەویست بوو. ئەو قسانە دەبنە هۆی ئەوە کە خۆشەویستیت لەنێو خەڵکدا کەم بێتەوەو زیان بە کوردان دەگەیەنێ».

قاسملوو داوای لە بارزانی کرد هەرگیز بەم شێوەیە لە بارەی قازی محەممەدەوە قسە نەکا. بارزانییش لەقاسملووی ویست دەگەڵی بگەڕێتەوە کوردستان. تەنانەت داواشی لێکرد پێکەوەو بە فڕۆکەیەک بگەڕێتەوە. قاسملوو قبووڵی نەکردو بارزانی بە جەخت دانانەوە لێی ویست هەرچی زووتر بگەڕێنەوە بۆ کوردستان بۆوەی «لە هەلومەرجە لەبارەکە بەباشی کەلک وەرگرێ».

هەلومەرجەکە لەعێراق، هەروەک ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست باون، بە تەواوی گۆڕابوو. لە رۆژی ١٤ی ژووئیەی ١٩٥٨دا، سەرلەشکر عەبدولکەریم قاسم شای سەر بە خانەوادەی هاشمی کە بریتانیا بەسەر عێراقیدا سەپاندبوو لەسەر دەسەلات وەلا بردو کۆماری عێراقی راگەیاند. ئازادییە دێموکراتییەکانی هێنایەوە گۆڕێو پشتیوانیی لە هاوکاریی نێوان عەرەبەکانو کوردەکان کرد. هەرچەند ئەو ئەفسەرێکی سەر بە ناسیۆنالیزمی پارێزگارانەی عەرەبەکان بوو. بەڵام بۆ پێشگیری لە بەدەسەڵات گەیشتنی عەرەبە نەژادپەرستەکان کە دژی داخوازەکانی کورد بوون، دەگەڵ کۆمۆنیستەکانو کوردەکان بوو بە هاوپەیمان.

قاسم گەڕانەوەی بارزانیی بە شتێکی رەواو بەرحەق راگەیاندو پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراقیشی بەڕەسمی ناسی. یاسای بنەڕەتیی عێراق «یەکگرتوویی عەرەبو کورد لە دەسەڵات»یدا هێنایە گۆڕێو «مافی نەتەوایەتیی کوردەکانی لەنێو خاکی عێراقدا» دەستەبەر کرد.

بارزانی چەند رۆژ دوای ئەو چاوپێکەوتنە دەگەڵ قاسملوو، لەمانگی ئۆکتۆبری ١٩٥٨دا گەیشتەوە بەغداو وەک قارەمانێک پێشوازیی لێکرا. لە بەغدا، ئەو رێبەرە کوردە بەڕاشکاوی لە دژی پانعەرەبیستەکانو بە لایەنگری لە قاسم قسەی بۆ خەڵکەکە کرد. لە راستیدا «مانگی هەنگوین» لەنێوان ئەوو عەبدولکەریم قاسمدا دەستی پێ کردبوو. گەلی کورد لە دەورەیەکی زۆر باشی گەشانەوەی سیاسیو فەرهەنگی کەلکیان وەرگرت. بڵاوکراوە کوردییەکان رەسمییەتیان پێدراو تەنانەت رۆژنامەی «خەبات» بە ئازادی دەفرۆشرا.

حەوتوویەک دواتر، قاسملوو گەیشتە عێراق. نێوانیان [بارزانیو قاسملوو] یەکجار خۆش بوو. بارزانی قەولیدا باڵوێزخانەی عێراق لە ئۆتریش ویزا بدا بە هێلینو کچەکانی بۆ ئەوەی بتوانن بێنە عێراق. هێلین چووە ڤییەنو ماوەی سێمانگان چاوەڕوانی وەرگرتنی ویزایەک بۆ عێراق بوو. قاسملووو ژنو منداڵەکەی ناچار بوون نۆمانگی دیکە لە بەغدا بۆ وەرگرتنی ئیجازەیەک بۆ سەفەر بۆ کوردستان چاوەڕوان بمێننەوە.

بارزانی هەتا ئەوکاتە هێندێک گیروگرفتی دەگەڵ کۆمۆنیستەکان بۆ هاتە پێشێ، بەڵام بە تەواوی متمانەی بە قاسملوو هەبوو. وا دەرکەوت کە ناکرێ متمانە بە بارزانی بکەن ئەوەش بابەتێک بوو قاسملوو هەر زۆر زوو پێی زانی. قاسملوو بە شێوەی نهێنی گوتبووی: «لەوسەردەمەدا ئێمە لە شێوەکاری ئەو ئاگادار نەبووین. دامەزراندنی پێوەندییەکی باش دەگەڵ (پدک)ی بارزانیو دەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی عێراق کارێکی دژوار بوو».

سیاسەتی نێوخۆیی عێراق بێپسانەوە لەحاڵی ئاڵوگۆڕدا بووو کوردەکانیش هەمیشە موشکیلەیەک بوون. کاتێک قاسم دەسەڵاتی خۆی بە تەواوی چەسپاند، یەکیەتیو یەکگرتوویی خۆی دەگەڵ لایەنەکانی دیکە گۆڕی: دەگەڵ دەستەڕاستییە پانعەرەبیستەکان کەوتە ساتوسەوداو پێوەندیی خۆی دەگەڵ کۆمۆنیستەکان پساند. بارزانی، بێئەوەی بزانێ ئەوسەرلەشکرە عێراقییە لە دژی کوردەکان وەگەڕ دەکەوێ، هەروا درێژەی بە پشتیوانی لێکردنی دەدا. ئەوە راست ئەوشتە بوو کە رووی دا. زۆری پێنەچوو قاسم ئەومافانەی بە کوردانی دابوون خستە ژێر پرسیارەوەو وردەوردە ئازادییە سیاسییەکانیانی بەربەست کردو بڵاوکراوەکانیشیانی قەدەخە کردن.

لە ئاكامدا، قاسملوو هەتا ساڵی ١٩٦٠، واتە کەمتر لە ساڵێک لە عێراق مایەوە. لەوماوەیەدا مێژووی نەتەوەی کوردی لە زانستگەی بەغدا تەدریس دەکرد. بەڵام ڕۆژێک لە نەکاو، ئەفسەرەکانی ئاسایشی عێراق، بێئەوەی هیچی بۆروون کەنەوە، پێیانگوت دەبێ لە عێراق بڕوا. دوای حەوتوویەک گەڕایەوە پڕاگ.

ڕەنگە هۆی ئەو دەرکردنە لەنەکاوە بگەڕێتەوە بۆلای بارزانی کە دەگەڵ عەبدوڵڵا ئیسحاقیو کادرو پێشمەرگەکانی دیکەی حدک چەشنێک هاوبیریو هاوکاریی لە دژی قاسملوو پێک هێنابوو. ئەوان [ئیسحاقیو هاوکارەکانی] سەر بە باڵی ناسیۆنالیست بوونو هەروەک بارزانی، پێیان وابوو قاسملوو ئامرازێکی دەستی حیزبی توودەیەو دەگەڵ حیزبی کومونیستی عێراق پێوەندییەکی تەواو نزیکی هەبوو. بەپێی زانیاریی یەکێک لە کۆنە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، بارزانی داوای لە دەوڵەتی عێراق کردبوو قاسملووی لە عێراق دەرکا.

لە کوردستانی عێراق خودموختاری بە زەحمەت ماوەی سێ ساڵان لە ئارادا بوو. چونکە ڕێژیمی عەبدولکەریم قاسم باوەڕی وابوو کە بزووتنەوەی کورد جیهانی عەرەب دەخاتە مەترسییەوە. لە ئاکامدا، ئەرتەشی عێراق کەسانی سەر بە بارزانیی لە چیاکانی کوردستانی بۆمباران کرد. بەم جۆرە شەڕ لە نێوان کوردەکانو عێراقییەکاندا دەستی پێ کردو بۆ ماوەی چەند ساڵان درێژەی هەبوو.

قاسملوو کە گەڕایەوە پڕاگ خوێندنی دەورەی دوکتۆرای لە ڕشتەی ئابووریو زانستی سیاسیدا دەست پێ کردو ساڵی ١٩٦٢ تەواوی کرد. هەتا ئەودەمی ئیدی قاسملوو گەیشتبووە چڵەپۆپەی زانستیو لە بواری سیاسییشدا بەتەواوی ساخ ببۆوە. بنەماڵەیەکو چەند دۆستێکو خانووبەرەیەکی لە گەڕەکە تازە دروست کراوەکانی پڕاگو لە داوێنی تەپۆڵکەیەکی نزیک جادەی فرۆکەخانە هەبوون. وەک مامۆستایەکی کۆلیژی ئابووری یارمەتییەکی مانگانەی زۆر باشی هەبوو. لەو زانستگەیە، لە پۆلە جۆراوجۆرەکاندا تیئۆریی گەشەکردنی ئابووریو بەرنامەڕێژیی درێژخایەنی بەدەرس دەگوت. کتێبی کوردستانو کوردیشی نووسی کە کتێبێکی بنەڕەتیو یەکجار گرنگە لە بارەی جیهانی کوردانەوە کە دەبێ «لەژێر ڕووناکایی فێرکارییەکانی مارکسیست ـ لێنینیستییەوە» چاوی لێ بکرێ. ئەو کتێبە بە نۆ زمان تەرجەمە کراوە. دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کە قاسملوو کەسێکی بیانی بووو لە زانستگەی پڕاگ دەرسی دەگوت. ئەوە ئەوەندەی لە ئاکامی زانیاریو تێگەیشتوویی خۆیدا بوو، ئەوەندەش بەهۆی ڕاسپاردەی توودەییەکان بوو.

قاسملوو ژیانێکی خۆشی ڕادەبوارد. هێلین زۆری زەحمەت دەکێشاو ئەو لەوی کەمتر کاری دەکرد، بەڵام داهاتێکی باشی هەبوو. جلوبەرگی هەردوویان لەلای خەیاتی دەستی دروابوون؛ دەچوونە کۆنسێرتانو ئیسکی بازی. ئەودەورەیە باشترین سەردەمی ژیانیان بوو. قاسملوو هێزوتوانایی خۆی بەجوانی ڕاگرتبوو. زۆرجارو هەتا ڕادەیەک بەخۆڕانانەوە دەیگێڕایەوە کاتێک دەچوو بۆ پشوودان، دەیتوانی سەرانسەری شەوەکان هەڵپەڕێو سەرانسەری ڕۆژەکانیش بچێتە ئیسکیبازی، لە حاڵێکدا ئەوانی دیکە تێکڕا دەنوستن.

لە مانگی فێوریەی ١٩٦٣دا، لە بەغدا، کۆدیتایەک بەرێوەچووو ئەفسەرە بەعسییەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوەگرتو وادەی خودموختارییان دا بە کوردەکانو لە کوردستان ئاگربەس ڕاگەیەندرا. کۆمۆنیستەکانی عێراق پەنایان بۆ کوردستان هێنا، دوای ماوەیەک، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراق، هێرشێکی نوێی بۆسەر کوردەکان دەست پێکردو ناوی «فیئۆداڵو جوداییخوازو جنایتکارو دژی شۆڕشیان» لەسەر دانان. ڕێژیمی تازە دەستی کرد بە «تعریب»ی شارە کوردەکانی باکوور کە کانگا نەوتییەکان لەوێ هەڵکەوتوون.

لە مانگی نوامردا، هەلومەرجە سیاسییەکە سەرلەنوێ گۆڕا: سەرهەنگ عەبدوسسەلام عارف تاقمی بەعسییەکانی لەسەر دەسەڵات وەلاناو دەگەڵ بارزانی ئاگربەسی ڕاگەیاندو بەڵێنیدا مافی گەلی کورد بە ڕەسمی بناسێ. مێژوو هەروەک خولخولەیەک دەسووڕاو گۆڕان لەدوای گۆڕان پێک دەهات.

«پدک»ی بارزانی لەت بوو. ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری گشتیی حدکو زاواکەی، جەلال تاڵەبانیو ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبەکە بڕیاریان دا خەبات لە دژی عێراق درێژە پێ بدەنو پەنایان بۆ ئێران برد. بارزانییش ئەوانی لە کومیتەی ناوەندی وەدەر ناو ناوی

«لادەر»ی لەسەر دانان. لەوکاتە بەدواوە، هەموو بڕیارەکان لەلایەن بارزانیو کوڕەکانی، ئیدریسو مەسعوودەوە دەدران. بارزانی لەهەوڵی ئەوەدا بوو دەرەبەگایەتیو سۆسیالیزم بەیەکەوە ئاشت کاتەوەو لەلای ئەو هیچ کەس نەیدەتوانی ببێتە ڕێبەر.

قاسملوو ئەو ڕووداوەی یەکجار پێ ناخۆش بوو، چونکە سیاسەت لەو بەشە لە جیهان وەک شەپڵەلێدراوانی لێ هاتبووو هیچ شتێک وەک خۆی نەدەماو هیچ چەشنە ڕێککەوتنێک ڕێزی لێ نەدەگیرا. کوردەکان لەسەر بناخەی عەشیرەتی هەڵسوکەوتی سیاسییان دەکردو دەبوو بێهیچ ئەملاو ئەولایەک پشتیوانی لە سەرۆک عەشیرەکەیان بکەن، نەک لە بەرنامەیەکی سیاسی، هەموو ئەوشتانە ببوونە هۆی بێهێزکردنی بزووتنەوەی کورد. ئەوەش، هەمیشە دەوڵەت لەدوای دەوڵەت، بە قازانجی خۆیان کەلکیان لێوەرگرتوە.

قاسملوو، لە پراگ زۆر بەوردی بەدوای ئەو باسوخەبەرانەوە بوو. بۆماوەیەک، بارزانی خەریکی پتەوترکردنی پێگەو دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان بوو. لەمانگی مارسی ١٩٦٥دا، دەوڵەتی عێراق هێرشێکی سەربازیی دەست پێکردو کوردە جیابۆوەکان، بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی، لە دژی بارزانی لایەنگرییان لە دەوڵەت کرد. بەڵام، دەوڵەت بەوڕادەیە بەهێز نەبوو بتوانێ کوردەکان شکست بدا. بۆیەش حەمە ڕەزاشای پەهلەوی نیوبژیوانیی کردو هەر لەو کاتەشدا پشتی بارزانیی گرتو بارزانییش ئەوەندەی دیکە دەسەڵاتی سەربازیی شای بەهێز کرد.

قاسملوو وشداری دا شای ئێران دەیەوێ دەوڵەتی بەغدا بێهێز بکا. بەڵام، شا دەیەویست لە بواری سەربازیو ئابووریدا بزووتنەوەی بارزانی بکێشێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیو لە ئاکامدا ئیمکانی ڕاپەڕینی کوردەکانی ئێران لەبەین بەرێ. بارزانی دەیتوانی ئەو بیرو بڕوایە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاوکاتەوە کە حیزبەکەی قاسملوو دەبێ تێکۆشانە سەربازییەکەی وەلانێ بۆئەوەی دەوڵەتی ئێران یارمەتییە ئابوورییەکەی لە بزووتنەوەی کوردی عێراق نەبڕێ. لەو کاتە بەدواوە هەرچەشنە چالاکییەک لە دژی شا وەک کردەوەیەکی دوژمنانە لە بەرامبەر «شۆڕشی کورد»دا هەڵدەسەنگێندرا.

کوردەکانی ئێران لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەدا بە توورەییەوە دژکردەوەیان لەخۆیان نیشان داو لە ساڵی ١٩٦٧دا، شۆڕشیان دەست پێ کرد، بەڵام، ڕاپەڕینەکەیان تەنیا هەژدەمانگ درێژەی هەبووو لەحاڵێکدا لەنێوان شاو بارزانیدا گیریان کردبوو، بەتەواوی لەنێو چوون.

قاسملوو هێشتا لە پراگ بوو، بەڵام چەند جار بە نهێنی هاتە کوردستان. ئەوەش تەنیا بە خاتری لایەنگری لە کوردەکان نەبوو، بەڵکە هەستی بەوە کردبوو کە هەلومەرجەکە لە چێکوسلۆواکی زۆر بە خێرایی بەرەو ئاڵوگۆڕ دەچێ: کۆمۆنیستەکان بە تەواوی کەوتبوونە نێو قەیرانێکی توندوتیژی ئیدئۆلۆژیو دیسیپلینەوە.

شۆڕشێکی بی هەڵڵاوبگر، بەڵام ڕادیکاڵ، لەو وڵاتەدا دەستی پێکردبوو کە لە نێوەڕاستی ئوورووپا هەڵ کەوتوە: خەڵکی جیهان وردەوردە ناسناوی «بەهاری پراگ»یان لەسەر ئەو بزووتنەوەیە دانابوو. کۆمۆنیستە خۆجێیەکان، لەژێر فەرماندەریی ئەلێکساندر دووبچێکدا، خۆیان لە ڕێنوێنییەکانی موسکۆ دوور خستەوەو زۆر بەخێرایی خەریکی بەرێوەبردنی ڕیفۆرم بوون. شوورەوی ئەو ڕووداوو ڕیفۆرمانەی قبووڵ نەبوو. بە پێچەوانە، قاسملووو کەسانێکی یەکجار زۆر لە زانا چەپئاژۆکان لەو پرۆسەیە یەکجار خۆشحاڵ بوون. بەڵام، لەمانگی ئاوگوستی ٩٦٨دا موسکۆ هێزەکانی سەر بە پەیمانی وەرشۆی ناردە پراگ.

کاتژمێر ٣ی بەیانی ڕۆژی ٢١ی ئاگوست، تەلەفونەکەی ماڵی قاسملوو زەنگی لێدا: یەکێک لە ئاشناکانی قاسملوو بوو، گوتی: «هێزەکانی شوورەوی گەیشتوونەتە فرۆکەخانەی».

قاسملوو لە وەڵامدا گوتی: «زۆر درەنگ وەختە. پێم وایە مەستی».

ئەویش گوتی: مەست نیم. پەنجەرەکەت بکەوە. دەیبینی».

کاتێک پەنجەرەی ماڵەکەیان کردەوە کە لە نزیک فرۆکەخانە بوو، قاسملووو ژنەکەی دیتیان هەروا تانکنو ڕادەبرنو زانیان چ ڕوویداوە.

پاکتاوکردنو دادگایی موخالیفەکان بەبێ هیچ چەشنە بەڵگەیەک، ئەمو ئەو خستنە پەراوێزو گیروگرفتێکی لەئەژمارنەهاتوو لە پاش هێرشەکە سەری هەڵدا. زۆربەی ئاشناکانی قاسملوو لە حیزبی کۆمۆنیستی چێک دەرکران. کەسانێکی زۆری وەک مامۆستایانی زانستگەکان لەسەر کار وەلابرانو ناچار بوون شەوانە ببنە ئێشکچیی کارخانەکان. قاسملوو وەبەر نەکەوت چونکە ئەندامی حیزبەکە نەبوو.

لە ژانویەی ساڵی ١٩٦٨دا، تاقمێک لە خەباتگێرەکانی حدک [ئێران]، داوایان لە قاسملوو کرد بگەڕێتەوە عێراقیو قاسملووش راست لەو رۆژانەی بەعسییەکان کۆدیتایەکی دیکەیان وەڕێ خستو دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت گەیشتە بەغدا. رێبەرێکی دیکە قوت ببۆوە کە سەددام حوسێن بوو.

قاسملوو دوای ئەوەی ماوەی دەساڵ لە پراگ مابۆوە، ساڵی ١٩٧٠گەڕایەوە عێراقو دوای ماوەیەک بوو بە کارناسی ئابووری لە وەزارەتی بەرنامەدانان (التخطیط)ی عێراق، قاسملوو هەم کارزانی فەننیو هەم مرۆڤێکی بە فەرهەنگ بوو. لەبەغدا نیشتەجێ بووو لەو دەرفەتە بۆ سەفەرکردنو دامەزراندنی تۆڕێکی سیاسی کەلکی وەرگرت. تاڵەبانی قاسملووی بە یاسر عەرەفاتو باقیی رێبەرە فەلەستینییەکان لە بێرووت ناساند.

قاسملوو وەک شیکارگەرێک بۆ بازاڕی نەوت کاری دەکرد. سیاسەتوانێکی ئێرانی کە دوایە لە شۆڕشی ئیسلامیدا بوو بە یەکێک لە کەسایەتییە گرنگەکان، دەیگێڕایەوە کە لە ساڵی ١٩٧١و لە کۆنفرانسێک لە بەغدا لە ژێر ناوی «نەوت وەک چەکێک»دا قاسملووی دیوە.

قاسملوو بە جوانی بۆی دەرکەوتبوو کە ناتوانێ سیاسەتی پۆلیسیی رێژیمی عێراق قبووڵ کا. لە حیزبی توودەش دوور کەوتبۆوەو هەروەها حدکیشی لە ژێر نفووزی حیزبی توودە رزگارو بە تەواوی سەربەخۆی کردبوو. قاسملوو پشتیوانیی لە ئەلێکساندر دۆبچێکو لە نارازییەکانی چێکوسلۆواکی دەکرد کە بەهاری پرخەمو پەژارەی پڕاگیان رێبەری کردبووو دوایەش لە ساڵی ١٩٦٨دا لە بەرامبەر هێرشی تانکەکانی شووروەویدا تێک شکابوون.

بارزانی، یەکەمین رێبەری کوردەکانی عێراق، بە باشی پێشوازیی لە قاسملوو کرد. بارزانی ئەوی وەک پیاوێکی بە فەرهەنگو کارلێهاتوو دەناسی نەک وەک سیاسەتوانێک. بە بڕوای بارزانی شتێک بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا نەمابوو. بەوحاڵەش پێوەندیی نێوان تاقمەکانی رێبەرایەتیی حدک [دەگەڵ پارتی] باشتر ببوو، هەرچەند رێگە بە کوردە ئێرانییەکان نەدەدرا هیچ چەشنە تێکۆشانێکی چەکدارانە لە دژی هێزەکانی ئێران ئەنجام بدەن.

سەرەڕای هەموو ئەو رووداوانەی لە دەیەی زۆر ناڵەبارو ناخۆشی ٦٠دا سەریان هەڵدابوو، قاسملوو وەک هەمیشە پشتیوانیی لە بارزانی دەکردو تەنانەت لە دژی تاڵەبانیو کەسانی نارازیی حیزبەکەی خۆشی هەر بەوشێوەیە رەفتاری دەکرد، چونکە قاسملوو پێیوابوو بارزانی گرینگترین نوێنەری کوردانە.

قاسملوو لە بارەی ئاخرین جارێکی بارزانیی دیبوو دەیگوت: «رۆژی ٢٢ی دیسامر ١٩٧٣و رۆژی لەدایک بوونم بوو لە دەفتەری دیلمان، ناوچەی حاجی ئۆمەران، چەند کاتژمێرو هەتا درەنگانێکی شەو بەیەکەوە قسەمان کرد». زۆر بە جیددی قسەم دەگەڵ دەکردو پێم گوت: «رۆژێک لەرۆژان دەمریو پاش ئەو هەموو ساڵانەو ئەو گشتە ئەزموونانەت هیچ شتێکت لێ بەجێ نامێنێ. دەبێ کارەکان بەروونی ئەنجام بدەی چونکە هیچ کەس نازانێ ستراتیژیی تۆ چیە. ئەگەر بێتو دەوڵەتەکانی ئێرانو عێراق لەسەر تێک شکاندنی بزووتنەوەی کورد رێک کەون، ئەتۆ چ دەکەی»؟

بارزانی بەجەخت دانانەوە دەیگوت شتێکی ئەوتۆ ئیمکانی نیە. ئەوجار قاسملوو لێی حاڵیبوو کە متمانەی ئەو رێبەرە کوردە بە هێزەکانی خۆی زیاتر بەهۆی پێوەندییە نهێنییەکانی دەگەڵ ئەمریکاییەکان، ئیسرائیلییەکان بوو. هەروەها، قاسملوو ئەوجار حاڵی بوو بارزانیی زیرەکو وشیار نازانێ دەگەڵ کێ راوتەگبیران دەکاو پێیوابوو دەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکایە پێوەندیی هەیە. بەڵام، راستییەکەی

ئەوە بوو تەنیا دەگەڵ کارمەندانی پلەی خوارووی سی.ئای، ئێی (سیا)و مووساد پێوەندیی هەبوو. ڕێککەوتن دەگەڵ دەستو پێوەندە نهێنییەکان شتێکەو ڕێککەوتن دەگەڵ دەوڵەتەکان شتێکی بەتەواوی جیاوازە.

لەماوەی باسە دوورو درێژەکەیان دا، ئەو ڕێبەرە بە ئەزموونە سەرەنجام ئیمکانی وەدیهاتنی ڕوانگەکانی قاسملووی قبووڵ کرد: واتە ئێرانو عێراق دەتوانن لە دژی ئەو یەک بگرنو کاتێک قاسملوو لێی پرسی لەبارودۆخێکی ئەوتۆدا دەتوانێ چ بکا. بارزانی لە وەڵامدا گوتی: «ئەگەر ئەوان بگەنە ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ، ئێمەش وا دەکەین. ئەمنو ئەتوو کوردەکانی ئێرانو عێراق بەیەکەوە بەرەنگاریان بینەوە».

قاسملووش گوتی: «بەڵام، پێویستە هەر ئێستا بەرێککەوتنێک بگەین. چونکە دواتر زۆر درەنگ دەبێ».

وتووێژ لەنێوان کوردەکانی عێراقو دەوڵەتی عێراق لە بارەی خودموختاریی کوردستانەوە هەروا درێژەی دەکێشا. هەرکات دەوڵەتی عێراق پێشنیارێکی قبووڵ دەکرد، بارزانی ڕەتی دەکردەوەو بە پێچەوانەش. سەرەڕای ناکۆکییەکانیان، لەسەر هەموو شتێک ڕێک کەوتبوون ـ بێجگە لە موشکیلەی نەوتی کەرکووک.

لەژێر خاکی کوردستان نەوت هەیە، بەڵام نەک هیچ کات بە قازانجی کوردەکان نەبووە بگرە بۆیان بۆتە بەڵایەک. نە بریتانیاو نە کۆمپانییە نەوتییەکانو نە دەوڵەتی بەغدا هیچ کات نەیان ویستوە کوردەکان دەسەڵاتیان بەسەر کانگاکانی وزە(ئێنێرژی) دا هەبێ. ئەوەی ڕاست بێ، نەوت هەمیشە لە دژی پێکهاتنی خودموختاریی کوردستان نەخشی گێڕاوە.

کەرکووک ناوەندی سنعەتی نەوتی عێراقەو هەربۆیەش هەمیشە بۆتە هۆی شەڕوناکۆکی. زۆربەی وتووێژەکانی نێوان کوردەکانو دەوڵەتی عێراق بەهۆی کێشەی کەرکووکەوە بێ ئاکام ماونەوە. دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکان داواکاریی کوردەکانیان لە بارەی شاری کەرکووکو کانگا نەوتییەکانیەوە قبووڵ نەدەکردو هەمیشە باسەکەیان کێشاوەتە سەرەتای سەدەی بیستەم کە هێشتا کانگا نەوتییەکان کەلکیان لێ وەرنەگیرابووو کەرکووک شارێکی تورکمانەکان بووو خەڵکێکی یەکجار زۆری کوردو عەرەبی لێ نیشتەجێ بوون.

ڕۆژی ١١ی مارسی ١٩٧٠، دەوڵەتی عێراقو کوردەکان لەسەر قەراردادێکی ئاشتی پێک هاتن کە خودموختاریی کوردەکانی دابین دەکرد. زمانی کوردییش وەک زمانی ڕەسمی قبووڵکراو قانوونی بنەڕەتییان بەم شێوەیە گۆڕی کە «خەڵکی عێراق لەدوو نەتەوەی عەرەبو کورد پێک هاتوە». بەڵام، لەسەر دیاری کردنی سنوورەکانی کوردستان بڕیارێک نەدرابووو ئەوەیان بۆ سەرژمێرییەک ڕاگرتبوو کە مافی کوردستان لەبارەی کەرکووکدا دیاری بکا. بەڵام، نەک هەر ئەو سەرژمێرییە نەکرا، بگرە بەرنامەی «بەعەرەبکردنی» کوردستانیش دەستی پێ کردو هاوکات کوردەکانو تورکمانەکانیان لە کەرکووکو باقیی ناوچە نەوتییەکان وەدەر نا.

سەددام حوسێن لە پێشدا لە سەدا پەنجای داهاتی نەوتی بە بارزانی پێشنیار کرد بەڵام دوایە کردی بە سەدا بیستو پێنج. بارزانییش لە وەڵامدا گوتی: «نا. هەر بەرمیلێک (بۆشکەیەک) لە بەرامبەر بەرمیلێکدا». بارزانی لەسەر ئەم بڕوایە بوو ئەگەر وانەکا، عێراقییەکان دزیی لێ دەکەن.

قاسملوو زۆر بەوردی بەدوای ئەو وتووێژانەوە بوو. ئاخرین جار کە ئیدریس بارزانی لە ڕۆژی ٨ی مارسی ١٩٧٤دا بۆ وتووێژ دەگەڵ کاربەدەستانی عێراق چووە بەغدا، تەنیا کەسێکی غەیرە عێراقیی بەشدار لەو کۆبوونەوەیەدا قاسملوو بوو کەدواتر دەیگێڕایەوە: «دەمەویست بڕۆم، بەڵام عێراقییەکان داوایان لێ کردم دانیشم، چونکە پێویستییان بە شایەتێک هەبوو. ئەو شەوە چوومە لای سەددام حوسێنو ڕۆژی دوایە کۆبوونەوەیەکی بیست کەسی پێک هات. بەشی زۆریان کورد بوونو ئیدریس سەرۆکی نوێنەری کوردەکان بوو. لە هوتێل پالاسی بەغدا بووین. سەددام لەوێ نەبوو. کوردەکانو عێراقییەکان خەریکی وتووێژ بوون. سەددام پێشنیاری کردبوو چونکە کەرکووک گیروگرفتی سەرەکییە، ئەوشارە دەبێ بکرێتە دووبەش».

له هۆدەیەکی گەورە کۆ ببوونەوە. ئیدریس‌و قاسملوو لە پشت مێزێک‌و رووبەڕووی یەکتر دانیشتبوون. لە نەکاو، ئیدریس هەستاو لە قاسملوو هاتە پێشێ‌و لێی پرسی: «ئەتۆ دەڵێی چی؟ قبووڵ کەین یان نا»؟

قاسملوو لەوەڵامدا گوتی: «نازانم هەڵوێست چیە. بەڵام ئەمن متمانەم بە دۆستەکانت (ئەمریکاییەکان) نیە. زۆر باشترە قبووڵی کەی».

ئیدریسیش زۆر بەکورتی وەڵامی دایەوەو گوتی: «ئێمە زۆر لەوە بەهێزترین کە ئەتۆ دەیزانی. ئێمە ناچاریان دەکەین هەموو داواکانمان قبووڵ کەن».

خۆبەزلزانی شتێکی بێ ئاکامە. قاسملوو باش دەیزانی ئەوە بارزانی نیە بڕیار دەدا، ئەوە «هاوپەیمانەکانی« ئەون لەواشنگتۆنەوە بڕیار دەدەن. رۆژی ١١ی مارس بە هیچ رێککەوتنێک نەگەیشتن‌و دەوڵەت بە تەنیایی خودموختارییەکی زۆر بەرتەسکی راگەیاندو کوردەکانی خستە نێو هەلومەرجێکەوە کە لەماوەی مانگێکدا یان قبووڵی‌کەن یان قبووڵی نەکەن.

قاسملوو دەیگوت: «کوردەکان هەتا ئێستا لە باری سیاسییەوە هیچ دەسکەوتێکیان نەبووە چونکە زیاتر لە هەستی توندوتیژیی دەروونی کەڵکیان وەرگرتوە نەک لەهۆی سیاسی. بۆیە داوا کاری هەموو شتێک یا هیچن، پیاو ناتوانی لە سیاسەتدا یان سپی بێ یان رەش. ئەوەی ئەمڕۆ ئیمکانی هەیە. رەنگە سبەینێ ئیمکانی نەبێ. بە بڕوای من بارزانی دەبوو پێشنیاری دەوڵەتی لە بارەی کەرکووکەوە قبووڵ کردباو بەم جۆرە دەی‌توانی پێگەی خودموختاریی کوردەکان پتەوتر بکاو لە ئایندەشدا دەی‌توانی بۆ داواکارییەکانی دیکەی تێ‌بکۆشێ. ئەگەر کوردستان خودموختار بایەو بارزانییش هێزە چەکدارەکانی خۆی راگرتبا، کاتێک لە ئێران شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ رووی دا، کوردەکانی ئێران دەیان‌توانی وەزعێکی تەواو باشتریان هەبێ.

«ئەوە شتێکی سروشتییە بۆ ئەو کەسانەی لە بەغداو لەتاران دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە کە بیانهەوێ یەکپارچەیی وڵاتەکەیان بپارێزن. ئێمەی کورد ئەوەی دەزانین. لە سیاسەتەدا ئەوە ویست‌و داخوازەکان نین کە بە حیسێب دێن. بەڵکە ئەوە هاوسەنگیی هێزەکانە. ئەگەر کوردەکان بیانتوانیبا خودموختاریی خۆیان بەهێز بکەن، دەوڵەتی بەغدا ناچار دەبوو واقعییەتەکان بەتەواوی قبووڵ بکا. بەڵام، عێراقییەکان متمانەیان بە بارزانی نەدەکرد چونکە پێوەندیی دەگەڵ ئێرانییەکان‌و ئەمریکاییەکان هەبوو.

«سەرکەوتنی وتووێژەکانی مارسی ١٩٧٠، دووپات بوونەوەی مێژووی کوردەکان بوو. بە پێی رێککەوتنەکە خودموختارییەکە دەبوو لە ماوەی چوارساڵاندا جێبەجێ بکرێ.

قاسملوو بە کورتی دەیگوت: «هاوکێشیی هێزەکان بە قازانجی کوردەکانی عێراق بوو. دەبوو ئەوەی تێ‌بگەن. دەگەڵ دەوڵەتی بەغدا وتووێژیان دەکرد بەڵام پێوەندیی خۆیان دەگەڵ تارانێ هەروا راگرتبوو. لە ئاکامدا، دەوڵەتی بەغدا هەروا لێیان بە گومان بوو».

هەروەها بارزانی لە بواری سیاسیدا دەگەڵ ئیسرائیل رێک کەوتبوو ـ ئەوەش کارێک بوو زۆر لێی بەگومان بوون‌و ئەوەش دوای شکستی بارزانی بە باشی وەدەرکەوت. بە پێی‌وتەکانی قاسملوو، دەوڵەتی شوورەوی بە بارزانیی راگەیاند بوو موخالیفی پێوەندییەکانی دەگەڵ ئێران نیە چونکە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی جوغرافیایی سیاسی، ئەو پێوەندییانە شتێکی تەواو پێویست بوون. بەڵام زۆر بە روونی دژی پێوەندیی بارزانی دەگەڵ ئیسرائیل بوون. قاسملوو لە بارەی کاروبارە سیاسییەکانی لە پێوەندی دەگەڵ کورداندا بەجەخت دانانەوە دەیگوت: «بارزانی چۆتە ئیسرائیل‌و تەنانەت لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٤و ١٩٧٥دا، ژمارەیەک لە کارزانە ئیسرائیلییەکان لە سکرتاریای حیزبەکەی بوون چونکە شا دەیەویست ئیسرائیلیش بخاتە نێو ئەو گێرەو کێشەیەوە«.

پێوەندیی نێوان کوردەکان‌و ئیسرائیل لە ساڵەکانی ١٩٦٤داو لە رێگەی کامران عالی بەدرخانەوە دەستی پێ‌کرد. ساڵی ١٩٦٥، لێۆڤا ئێلیاڤ، کە وەزیری کارو پیشەسازی‌و پێشکەوتن بوو، هاتە لای بارزانی. دووساڵ دواتر، بارزانی بەسەفەر چوو بۆ ئیسرائیل‌و دەگەڵ ژێنەڕاڵ مۆشە دایان وتووێژی کرد. ساڵی ١٩٧٢، کوردەکان لە رێگەی شای ئێرانەوە ١٦ میلیۆن دۆلاریان لەلای رێکخراوی «سیا»وە پێ گەیشت. ئیسرائیل وەک کاناڵێک لەنێوان ئەو سێ‌لایەنەدا [ئەمریکاو ئێران‌و بارزانی] نەخشی دەگێڕا.

قاسملوو وەک روونکردنەوەیەک دەیگوت: «لە ئاکامی هەمووی ئەو کارانەدا، پێش بینی کردنی شکست خواردنی بارزانی کارێکی دژوار نەبوو. ئاخر پیاو چۆن دەتوانێ بڕوا بە ڕێژیمێک بکا کە کوردە ئێرانییەکان سەرکوت دەکا؟ بارزانی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٠و ١٩٧٥دا، چلوسێکەسی لەخەباتکارەکانی حدکا گرتنو کوشتنی یان تەحویلی دەوڵەتی ئێرانی دانەوە. ئەوە بۆ میراتگرەکانی شوورەیی بوو.

لە مانگی ئاوریلی ١٩٧٢دا، دەوڵەتی عێراق پەیمانێکی دۆستایەتیو ئەمنیەتیی بۆماوەی بیستو پێنج ساڵ دەگەڵ دەوڵەتی شووڕەوی واژۆ کرد کە هەتا ئەوکاتی دەوڵەتی شووڕەوی دەگەڵ کوردەکان هاوپەیمان بوو. عێراق بۆ سەرلەنوێ چەکدار کردنەوەی خۆی، زۆر باشی کەلک لەو پەیمانە وەرگرت. لە ساڵی ١٩٧٤دا، بارزانی سەر لەنوێ لە دژی عێراق کەوتە شەڕ.

ساڵی ١٩٧٥، ئێرانو عێراق پەیمانی ئەلجەزایریان واژۆ کرد کە بوو بەهۆی چارەسەر کردنی گێرەوکێشەی نێوان ئەو دوو وڵاتەو کوردەکانیش لە یارمەتیی دەرەوە بێبەش مانەوە. ئەو پەیمانە، بەنێوبژیوانیی دەوڵەتی ئەلجەزایر ئەنجام دراو بڕیارەکانی بریتیبوون لە:

١. ئێرانو عێراق بۆ کەلک وەرگرتن لە «شط العرب» هاوبەش دەبن کە بەو یەکاوەدا، دووچۆمی گەورەی دیجلەو فورات دەرژێنە نێو کەنداوی فارسەوە.

٢. ئێران دەست لەیارمەتیدانی کوردەکان هەڵ دەگرێ.

هەر دوای ئەو ڕێککەوتنە، ئەرتەشی عێراق هێرشی هێنایە سەر کوردستان بوو بە مەڵبەندی زوڵموزۆرو کوشتو کوشتاری خەڵکەکەی. هەروەک لە رابردوودا، زۆرجاران رووی دابوو، خەباتگێڕەکوردەکان تەنیا مانەوەو لە هیچ لایەکەوە یارمەتییان پێنەدەدراو تەنیا دەیان توانی لەسەر دۆستە لەمێژینەکەیان، چیاکان، حیسێب بکەن.

عەبدوڕڕەحمان قاسملوو گەڕایەوە بۆ پڕاگو سەرەڕای ئەوە کە پێوەندییەکی باشی دەگەڵ سەددام حوسێن هەبوو، هەرگیز نەهاتەوە بەغدا. تاڵەبانی دەیگوت: لەوەدا هیچ گومانێک نیە کە «قاسملوو بەهیچ چەشنێک ئامادە نەبوو لە دژی کوردەکان ببێتە ئامرازێکی بەردەستی دەوڵەتی عێراقێ. لە ساڵەکانی دەیەی هەشتادا، پێم وانیە هیچ کاتێک قاسملوو دەگەڵ ئێمە راوتەگبیری نەکردبێ. ئەو، تەنانەت ئەگەر کوردەکان هەڵەشیان کردبا، بەهیچ چەشنێک هێرشی نەکردۆتە سەر بزووتنەوەکانی گەلی کورد. من بۆخۆم زۆر باش لەوە ئاگادارم. ئەو هەمیشە لە پێوەندییەکانیدا هاوکێشیی رادەگرتو هەرگیز زیانێکی بە پرسی کوردو کوردستان نەدەگەیاند».

بۆماوەیەکی کەم لە پڕاگ مایەوە. لەگەڵ هێرشی تانکەکانی شووڕەوی بۆسەر چێکوسلۆواکی، قاسملووو هێلین بیروبڕوای کۆمۆنیستیی خۆیان بە یەکجاری وەلانا. پۆلیسو هەموو کەس لەو راستییە ئاگادار بوون.

لە ژانویەی ١٩٧٦دا، بە قاسملوویان راگەیاند جەوازی مانەوە لەو وڵاتە، کە دوای دوومانگی دیکە تەواو دەبوو، نوێ ناکرێتەوە. جەوازی مانەوەی هێلینو کچەکانیان لەمانگی سپتامر تەواو دەبووو ئەویش ناچار دەبوو لەو وڵاتە بڕوا، کچەکانیان گەورە ببوونو بۆ خوێندن چووبوونە سوئێد. هێلین چووە پاریس بۆلای مێردەکەیو، چەرچەند ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان ناچاریان دەکرد هێندێک جار بچێتە عێراقو بەتایبەتی بەمەبەستی چوونەوە بۆ کوردستانی ئێران، بەوحاڵەش لە پاریس نیشتەجێ بوو.

لە پاریس عەبدوڕڕەحمان قاسملوو دەچووە لای ئاشناکانی یان ئەوان دەهاتنە لای ئەو. جۆیس بلاو، کە لە زانستگەی پاریس مامۆستای زمانی کوردی بوو، دەیگێڕایەوە: «کاتێک هاتە ئێرە، پێی گوتم لەهەلومەرجێکی دژواردایەو داوای لێکردم یارمەتیی بدەم. لە زانستگەی زمانە رۆژهەڵاتییەکان شوێنێک بۆ یاریدەدەری مامۆستا هەبوو، بەڵام، پێم خۆش بوو قاسملوو ببێتە دەستیاری من. لە شکدا بووم، بەڵام ئەو داوای لێ دەکردم بەوجۆرە فکر نەکەمەوە چونکە پێی وابوو ئەمن چاکەیەکی دەگەڵ دەکەم. بەراستی ئەوکارە بۆئەو کارێکی نزم بوو، بەڵام، بۆ ماوەی ساڵێک هاوکاریی کردم.

ئەو مامۆستا ژنە ناوبراوە هەروەها دەیگوت: «هەڵسوکەوتی دەگەڵ خوێندکارەکان زۆر باش بوو. یەکێک لە خوێندکارەکان ئەرتەشی بووو پێکەوە بوون بە دۆستێکی زۆر باش بۆ یەکتر. مامۆستایەکی کارامەو بەفەرهەنگ بوو. وانەگوتن بۆ ئەو شتێکی تازە

نەبوو. یەکجار زانا بوو! بەراستی سەرسورهێن بوو. لەباری مێژووی ئابوورییەوە قسەی بۆ خوێندکارەکان دەکرد... تاقمێک دۆستی فەرانسەیی هەبوون‌و زۆربەشیان کاریان بەکاری سیاسەت نەبوو. هەروەک پیاوێکی خەڵکی پاریس دەژیا: ژاکێتێکی دەبەر دەکردو کراواتێکی لێ‌دەدا. بە پاس‌و بە قەتاری ژێرزەمینی هاتوچووی دەکردو لەهۆدەیەکی چکۆلە دەژیا کە بەکرێی گرتبوو».

زۆربەی رۆژەکانی کۆتایی حەوتووی، لە موبیسی بریتانیایەی رادەبوارد کە لە کەنار دەریا هەڵ کەوتوە. یەکێک لە رۆژنامەنووسە فەرانسەییەکان دەیگوت: «هەمیشە دەگەڵمان بوو».

هەمیشە کەسایەتیی کوردبوونی خۆی بەگاڵتەوە باس دەکرد. ئێدێت مۆبێک دەیگوت رۆژێکی چوونە مۆنت مارت‌و گوتی هیچ کەس هیچ شتێک لەبارەی کوردانەدا نازانێ. «چاومان بە پاسێک کەوت کە پڕبوو لە گەڕیدەی ژاپۆنی‌و رەحمان لێیان چووە پێش‌و بە ئینگلیزی لێی پرسین داخوا دەزانن کورد کێن. ئەگەر هاتباو کەسێک گوتبای بەڵێ، قاسملوو بەدەنگی بەرز دەیگوت ,ئافەرم, رێگەم بدەن خۆم بناسێنم. ئەمن کوردم».

ژوولیەت مەنس، هاوسەری نووسەرو پسپۆری ستراتیژیی نێونەتەوەیی ژێرار شالیان، لە هیوا بەخۆبوون‌و توانای قاسملوو لە کارەکەیدا بە تەواوی سەری سوڕمابوو. ناوبراو دەیگوت: «ئەو وەک سیاسەتوانێک لە دایک ببووو هەرگیز قسەی نابەجێی نەدەکرد ـ ئەوە شێوەیەکی تایبەتییە لەنێو سیاسەتوانەکاندا».

«منو شالیان لە ئەلجەزایر گەڕاینەوەو هۆگری بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکان بووین... رەحمان هەمیشە بەرووخۆشی‌و بەووردی وەڵامی پرسیارەکانی ژنانی دەدایەوە، دەمزانی نایەوێ دەگەڵ من قسە بکا، بەڵام دەگەڵ شالیان قسەی دەکردن. ئەو دەگەڵ ژنان، هەمیشە بە هێنانە گۆڕی بابەتی خۆش‌و لەبار، تێ‌دەکۆشا کات‌و ساتێکی دڵڕفێن بخوڵقێنێ. رێزی لێ‌دەگرتن‌و سەربردەی یەکجار خۆش‌و دڵڕفێنی بۆ دەگێڕانەوە. پیاوێکی یەکجار بەڕێز بووو پیاوانی بەڕێزیش دەگەڵ ژنان باسی سیاسەت ناکەن. ئەوە شتێک بوو پیاوی وەڕەز دەکردو لە هەمان کاتیشدا زۆر جیددی بوو. ژنانیش شتی جیددییان پێ‌خۆش نیە. بەڵام بۆمن تەواو خۆش بوو».

«بەهەرحاڵ، ئەمن لە دیمەنی ئەودا پیاوێکم دەدی کە لە کۆمۆنیزم دوور کەوتۆتەوە. کاتێک قسەی دەکرد زۆر کەمتر وەکوو نووسینەکانی کەسێکی دوگماتیک دەچوو. هەروەک سیاسەتوانێک لەدایک ببوو. زۆرباش بە زمانە جۆراوجۆرەکان قسەی دەکردو بۆ رێککەوتن دەگەڵ ئەوانەی قسەی دەگەڵ دەکردن یەکجار بەتوانا بوو. بەوحاڵەش، رەحمان کەسایەتیی خۆی بەتەواوی پاراستبوو. دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە هەرگیز شتێکی بە پێچەوانەی بیروبڕوای خۆی دەرکاندبێ. لەنێو رێبەرەکانی بزووتنەوە رزگاریخوازە نەتەوەییەکاندا زۆرکەمن ئەو کەسانەی دەزانن بە چ شێوەیەک دەگەڵ خەڵکی جۆراوجۆر قسەو وتووێژ بکەن. قاسملوو پرسێکی یەکجار گرنگ بەشێوەیەکی تەواو روون باس دەکاو لە ئاکامدا لە پێشهاتەیەکی ناخۆش‌و سەخت خۆی دەپارێزێ. هێندێک جار بە شێوەی مرۆڤی پارێزەرو یەکجار تێگەیشتوانەو جاریواش بوو هەڵخەڵەتێنانە قسەی دەکرد».

«لە جیهانی خۆیدا، ئەوە شتێکی یەکجار سەیر بوو کە هاونیشتمانێکی لاییک بوو. لەو راستییە یەکجار خۆشحاڵ بووم کە ئەویش پێی وابوو کۆمەڵگاکەیان بۆ هەموو پرسیارێک وەڵامێکی هەیەو ئەوە لە جیهانی ئیسلامدا شتێکی ناوازەیە. زۆرجار لەبارەی جوولەکاندا نوکتەی دەگوتن‌و ئەمن پێم ناخۆش بوو چونکە هەرگیز خۆم وەک جوولەکەیەک نەدەنواند. لەسەر گێڕانەوەی بابەتی سەیروسەمەرە لە بارەی جوولەکاندا پێداگر بوو. بەشێک لەو بابەتانە لە باوکی فێر ببوو».

«بەم شێوەیە بۆم دەرکەوتبوو زانیارییەکانی لەبارەی جیهانی رۆژئاواوە بێ‌سنوور نین‌و لەهێندێک شت تەواو ئاگادار نیە. چونکە، بەتایبەتی لەفەرانسە، شوناسی مەزهەبی ئەو گرینگییەی نیە کە لە جیهانی ئیسلامدا هەیەتی».

ژولیەت مەنس ئەوی وەک «پیاوێکی ئێرانی» دەناساند کە شتی جوانیان خۆش دەوێ‌و خواردەمەنیی بەتامیان پێ‌خۆشەو رێز لە رەفیقی باش دەگرن. هێندێک رەوشتی وەک ئەشرافزادانی هەبوو بەڵام کەسانی وەک ئامیلکار کابراڵ، رێبەری موزامبیکی، کە دەکرا دەگەڵ وی هەڵیان سەنگێنی، رەوشتی لەو شێوەیەی نەبوو. لە ئێران، وردبینی‌و تێگەیشتوویی لە رادەیەکی بەرزدایەو کاروکردەوەی

بەرزیشیان پێ خۆشە. قاسملوو دەگەڵ سیاسەتوانان، کەسانی بە فەرهەنگو پێشکەوتووو، رۆژنامەنووسان ئاشنایەتییەکی زۆر باشی هەبووو، دەگەڵ تاقمە دێموکراتیکە چەپەکان،و هەروەها دەگەڵ ئەو کوردانەی لە تاراوگە دەژیان زۆر تێکەڵاو بوو. رۆژنامەی چوارلاپەڕەیی کوردستانی کە بە دوو زمانی کوردیو فارسی بوو، سەر لەنوێ چاپ دەکردەوە.

رەخنەیەکی زۆری لە بارزانی دەگرت بەڵام، رۆژ دەگەڵ رۆژ پێوەندیی خۆی دەگەڵ تاڵەبانی پتەوتر دەکرد. کەندال نەزان، بەرپرسی ئەنستیتووی کورد لە پاریس، لەو سەردەمەدا مولاقاتی کردبوو: «یەکجار لەدلان خۆش بووو کەسایەتییەک بوو کە هەستانو دانیشتن دەگەڵی تێگەیشتوویی پیاوی دەبردە سەرێ، بەتایبەتی بەهۆی زانیارییەکی یەکجار زۆری لە بارەی وڵاتەکانی ئورووپای رۆژهەڵات. کەسایەتییەکی پارێزگارو دوورنوارِ بوو. هەرگیز روانگەو بیروبڕوای بە ساکاری نەدەخستە ڕووو لە رێگەی وتەی پێشینیانو پەندو «امثال»ەوە هەستی دەروونیی خۆی دەردەبڕی.

قاسملوو بیروبڕوای رەخنەگرانەی خۆی لە بارەی وڵاتەکۆمۆنیستەکانەوە دەرنەدەبڕی چونکەنەیدەویست دەگەڵ کەسانێک تووشی کێشە بێ کە لە بواری فکروبیرەوە بەتەواوی لایەنگری نەریتە مارکسیستییەکان بوون. نەزان دانی بەم راستییەدا دەناو دەیگوت: «ئێمە هەموومان شێتو شەیدای مارکسیزم بیووین» هەرچەند ژمارەیەکی یەکجار کەم لە خەڵکەکە دەگەڵ کوردان سەروکاریان هەبوو، بەوحاڵەش قاسملوو زۆرباش توانیبووی زەینی کەسانی بەدەسەڵات بۆلای پرسی کورد راکێشێو لەم بارەیەوە، دەگەڵ چەند کەسێک لەو کەسایەتییانە کتێبێکی باشی نووسی.

ترۆتێسکیستەکان، مائۆئیستەکانو باقیی تاقمە چەپئاژۆکان بۆ فستیواڵو رێورەسمە فەرهەنگییەکان بانگهێشتنیان دەکرد.

نەزان دەیگێڕایەوە: « کاتێک لە فەرانسە بوو بە پارێزەوە هەڵسوکەوتی دەکردو زۆرتر سەرگەرمی کاری زانستگەو تێکۆشانی سیاسی بوو. فیلمی سینەماییو ئەدەبیاتی یەکجار پێخۆش بوو. خۆیو بنەماڵەکەیم دەدیتن. ئاشقی خاکەڕایی بوو. کاتی گەڕانەوەی بۆ ئێران، دەیەویست ماشێنەکەیم بداتێ. هێندێک لە دۆستەکانمان بە ماشێنەکەیان دەگوت: ئاپۆلۆی رەحمان. شۆفیرێکی باش نەبوو. بۆیە هێلین لێی دەخوڕی».

قاسملوو لەسەر داوای کەندال نەزان بڕیاری دا بچێتە کوردستانی تورکیە کە لە تەمەنی هەژدەساڵیدا لەوێ ژیابوو. هاتنەوەی بۆ کوردستان، بۆوی ئەزموونێکی گرنگ بوو. یەکێک لەو کەسانەی میواندارییان لێ کرد مەهدی زانا بوو کە لە رێگەی هەڵبژاردنەوە ببوو بە شارەداری دیاربەکر لە کوردستانی تورکیە،و لە دوارۆژەکانی ساڵی ١٩٧٩دا، کاتێک قاسملوو لە گەرماوگەرمی خەبات لە بەرامبەر دەوڵەتی تاراندا بوو، شارەداری ناوبراوو نەزان لەمهاباد سەریان لێدا. نەزان بە پێداگرتنەوە دەیگوت: «قاسملوو لە ئێران، هیچ کات چەکی پێ نەبوو. بەڵام، هەرکات دەچوومە کوردستان، تفەنگێکو رادیۆیەکی دەدامێ بۆوەی لەنێو خەڵکدا وەک کەسێکی ناوازە نەکەومە بەرچاوان. تەنیا رادیۆکەم وەردەگرت. قاسملوو بۆخۆشی چەکدار نەبوو».

# بەشی پێنجەم
# لێکۆڵینەوە

## بڕگەی یەکەم
## دوای جینایەتەکە

ڤییەن، پێنج شەممە، ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩

لەکاتێکدا، عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵڵاقادری ئازەرو فازیل ڕەسووڵ بەوپەڕی دڕندەییەوە کوژران سووزان روکین شاب دەگەڵ هەڤاڵەکانی بووو چووبوونە تەماشاکردنی شانۆی «داماوو بێچارەکان». دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، ڕەسووڵ، بێئەوەی بڵێ دەچێتە کوێ، لەماڵێ وەدەرکەوتبوو.

لە کۆتایی بەرنامەی شانۆکەدا، سووزان گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی واساگاز. کاتژمێر ١٠/٣٠ی شەوێ بوو. بە لەسەرەخۆیی بە پلیکانەکاندا بۆ قاتی سێهەم وەسەرکەوت. کاتێک گەیشتە بەردەرگای ئاپارتمانەکەی چاوی بە تاقمێک پۆلیسی توندوتیژ کەوت کە هەموویان تیربارییان پێبووو دەوریان دا.

پۆلیسەکان بە ڕێنوێنیی براکەی ڕەسووڵی هاتبوونو هەموو شوێنێکیان دەپشکنی. کاتێک دەرگای ئاپارتمانەکەی کردەوە، پۆلیسەکان دەگەڵی هاتنە ژوورێ. زۆر بەوردی هۆدەکانیان پشکنیو پرسیارێکی زۆریشیان لێکرد. ئەو نەیدەزانی چ شتێک ڕوویداوەو چ بووە، تەنانەت کاتێکیش یەکێک لە پۆلیسەکان پێیگوت سێعەرەب کوژراون.

کاتژمێر١١ی شەوێ زەنگی تەلەفون بەرز بۆوە. سووزان وەڵامی دایەوە بەڵام پۆلیسەکان بە ئاماژە پێیان گوت نابێ بڵێ پۆلیس هاتوونە ماڵەکەی. ژنی ڕۆژنامەنووسێک بۆیە تەلەفونی کردبوو کە پێی بڵێ مێردەکەی کوژراوە. دوای بیستنی خەبەرەکە، یەکەمین شتی بەزەینی سووزاندا هات ئەوە بوو کە جینایەتکارەکان عێراقی بوون.

٣٠ دەقیقە دواتر، دیسان تەلەفون زەنگی لێدایەوە. ئەوە سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران، بەنی سەدر بوو کە لە پاریسەوە تەلەفونی دەکرد. کاتێک سووزان بە تەلەفونەکە قسەی دەکرد، پۆلیسەکان زۆر بەوردی چاویان لێدەکرد بۆ ئەوەی لانیکەم شتێکیان وەگیرکەوێ. لە بارەی ئەو قسانەی سەر تەلەفوندا، بەنیسەدر دەیگوت: «پێیان گوتم ڕەسووڵ شتێکی بەسەرهاتوە. تەلەفونم لەماڵەکەی کردو ژنەکەی وەڵامی دایەوە، بەڵام نەیزانیبوو چ ڕوویداوە».

بەنیسەدر خەبەری پێ گەیشتبوو کە دەوڵەتی تاران خەریکی بەڕێوەبردنی پیلانێکە بۆ کوشتنی چەند کەسایەتیی سیاسی: «ئەگەرچی نەم دەزانی ئەو پیلانە دژی چ کەسانێکە، زۆرزوو ڕەسووڵم لەو پیلانە ئاگادار کردو داوام لێکرد ئەو شتە بە ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی ڕابگەیەنێ».

کاتژمێر ١/٣٠ی بەیانی، پۆلیسان سووزانیان بردە ئێزگەی پۆلیسو لەوێ پێیان ڕاگەیاند کە مێردەکەی کوژراوە.

لەو ڕووداوە دڵتەزێنەدا کە سێ کورد گیانیان لەدەست دا، ڕەسووڵ لەهەموویان زیاتر جێگەی قسەو باسە، بەبڕوای بن بیللا، سەرۆک کۆماری پێشووی ئەلجەزایر: ڕەسوول «کابرایەکی یەکجار پاکو بێ فڕوفێڵو یەکجار دوورنواڕ بوو». بەنیسەدر وەک دۆستێکو «کابرایەکی یەکجار بە فەرهەنگ چاوی لێ دەکرد»، کە ڕاوێژکاری نزیکی بەنیسەدر بوو، ڕەسووڵی «وەک پیاوێکی قورسو قایمو دڵپاک دەناسیو ببوو بە قوربانیی دڵپاکییەکەی خۆی».

سووزان مەیتی رەسوولی برد لە کوردستانی عێراق بینێژێ. بەبڕوای سووزان، رەسووڵ بە تەواوی هاتبووە سەر ئەم بڕوایە کە عەبدوڕڕەحمان قاسملوو کەسایەتییەک بوو دەیتوانی بەسەر دابونەریتی عەشیرەیی کورداندا زاڵ بێو لەنێوی بەرێ. ناوبراو شەوێک لە شەوانو دوای دووساڵان لە ریستوورانێکی چینی لە نزیک ماڵی خۆیان ئەو راستییەی دەربڕیو گوتی: «هەربۆیەش رەسووڵ بەڵێنی دا وەک نێوبژیوانێک [لەنێوان قاسملووو دەوڵەتی ئێران]دا نەخشی خۆی بگێڕێ».

فەتاح، نوێنەری حدکا لە ڤییەن، موافیقی ئەوبیروبڕوایە بووو دەیگوت: «رەسوول دەیەویست لەنێوان کوردستانێکی خودموختارو دەوڵەتی تاراندا نەخشی نێوبژیوانێک بگێڕێ» ڕۆژنامەنووسی فەرانسەیی، مارک کراوێتز لەم بارەیەوە دەڵێ: «نەخشی رەسووڵی روون نەبووو ئەمن پێم وایە زۆر لەوەی سووزان دەڵێ هێندێک گیروگرفتی لەسەر رێیە هەبوونو تەواو ئازاد نەبوو».

زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە چکۆلەکەی کوردان لە ڤییەنو ئاشناو دۆستەکانیان لە سەرانسەری جیهان، لە بارەی جینایەتەکەو نەخشێکی رەسووڵ گێڕابووی باسو وتووێژیان دەکرد. لەسەر یەک ئەوانە رەسووڵیان خۆش نەدەویست. هەرچەند، هیچ کامیان پێیان وانەبوو رەسووڵ قاسملووو عەبدوڵڵای بەرەو هەڵدێرگەی مەرگ بردوە. بەڵام، بە شێوەیەکی تایبەتی، ناوەکەی تێکەڵاوی بوومەلێڵی جینایەت بووە. ژنی یەکێک لە کوردەکان بە سووکایەتیو بە چەشنێک گاڵتە پێکردنەوە دەیگوت: «ئەو تەنیا پارەی دەویست».

تاڵەبانی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئەو پیاوە کەم تەمەنە لەخۆڕا خۆی خستە نێو کارێکی فێڵبازانەوەو لەهەوڵی ئەوەدا بوو نیشان بدا دەتوانێ لەنێوان کوردەکانو ئەو دەوڵەتانەی سەرکوتیان دەکەن نێوبژیوانی بکا. ئاواتەخواز بوو لە رێگەی چارەسەرکردنی پرسی کوردەکانەوە نەخشێکی گرنگو سەرەکی بگێڕێ.

تاڵەبانی بە جەخت دانانەوە دەیگوت: «هەربۆیەش قاسملووی هان دا بچێتە ڤییەن. کابرایەکی هەلپەرست بوو. بەنیسەدرو بنبیللا باش نایناسن. لەسەردەمی منداڵییەکەیەوە دەم ناسی. لە خوێندنگەی ناوەندییەوە، دەگەڵ براگەورەکەی، هاوکلاس بووین. ئەو نوێنەری رێکخراوی خوێندکارانو حیزبەکەمان بوو. کاتێک حیزبی کۆمەڵەی عێراقمان پێک هێنا، دەگەڵ کەوت. دوای ماوەیەک چوو بۆلای حیزبی کومونیستی عێراقو دەگەڵ باڵی شۆڕشگێڕەکان کەوت. پاشان بوو بە مائۆئیستو سەرنجام ئیسلامییەکی بناژۆ. ئاخرییەکەشی، بەهۆی ئیسلامی بوونێکی تەواو بناژۆ پێوەندییەکی باشی دەگەڵ بەنی سەدرو بن بیللای دامەزراندبوو.

هەموو ئەو کەسانەی فازیل رەسووڵیان دەناسی لە ئاڵوگۆڕی یەک لەدوای یەکی بیروبڕوای سیاسیو ئیدئۆلۆژیکیی ئەو بە باشی ئاگادارن؛ لە عێراق خەباتکارێکی کورد بووو هێندەی پێنەچوو بوو بە مائۆئیستو دوایە رۆیشتە تاراوگە. لایەنگرێکی توندوتیژی مائۆ تسەتۆنگ بووو ساڵی ١٩٧٨ چوو بۆ چینو گەڕایەوەو لە ساڵەکانی ١٩٨٣و ١٩٨٤دا، دووجار بەسەفەر چۆوە وێو پاشان، بیرو بڕوای خۆی گۆڕیو بوو بە موسوڵمان.

تاڵەبانی، رێبەری کوردەکانی عێراق، بێگومان قینی لێی بووەو بەتەئکیدەوە دەیگوت: «رەسووڵ کەوتبووە ژێر پۆزو لەخۆبایی بوونەوەو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو زەینی خەڵکی بۆلای خۆی راکێشێو هەمیشە دەگەڵ کچان تێکەڵاو بوو. لە وڵاتی ئێمە دەزانن کاری وا چ ئاکامێکی هەیە. تەنانەت ماچکردنی کچێک وەک جینایەتێک چاوی لێ دەکرا».

ئازادیش هەر بەم شێوەیە باسی رەسووڵی دەکرد: «کابرایەکی چاوحیز بووو یارێکی هەبوو بەناوی رێناتا». بەپێی ئایینی ئیسلام، رێناتا ژنی دووهەمی بوو. خەڵکی ئوتریشو چەند ساڵ رەفیقی سووزان بوو. هەردووکیان لایەنگری مافی ژنان بوونو لە بزووتنەوەی خوێندکارە چەپئاژۆکاندا بەشدار بوون. هەرچەند هەردووکیان ژنی رەسووڵ بوونو هاتبوونە سەر مەزهەبی ئەو. واش وێ دەچێ سووزان هەرگیز پێوەندیی رێناتاو مێردەکەی پێخۆش نەبووبێ. بەوحاڵەش لێی جیا نەدەبۆوە.

لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا ژنێک دەیگوت: «دیارە، ئەوجوورەی خەڵک پێیان وابوو، رەسووڵ پیاوێکی گێلەکە نەبوو. بەڕادەیەک قسەزان بوو کە دوو ژنی ئوتریشیی رازی کردبوون مێردی پێ بکەنو ببنە موسوڵمان».

ڕیناتا مامۆستای زمانی ئەڵمانی بووو دەڵێن لە نووسینی کتێبێک لە بارەی بارودۆخی کوردانەوە یارمەتیی ڕەسووڵی دابوو. ئەو کتێبە کە تێزێک بوو لە بارەی نەخشێک کە شووڕەوی لە پێوەندی دەگەڵ پرسی کوردانداا دەیگێڕا.

بابەتی سەرەکیی کتێبەکە وتووێژێک بوو کە لە نێوان ڕەسووڵ کە مامۆستای زانستی سیاسی بووو کابرایەکی ئێرانیدا کە لە زانستگەیەکی گشتی کاری دەکرد ئەنجام درابوو. کارلۆتی ژنی ئازاد لەو وتوویژەدا بەشدار بووو لەوە کە ڕەسووڵ زۆر خراپ بە زمانی ئەڵمانی قسەی دەکرد سەری سوڕمابوو: «قسەکردنەکەیو شێوەی دەربڕینی وشەکانی یەکجار خراپ بووو شێوەی باس کردنەکەشی هیچ بنەمایەکی نەبوو».

کاتێک جینایەتەکە ڕوویدا، ئەلحیوار (دیالۆگ)، کە گۆڤارێکی عەرەبییەو بیروبڕوای ئایینی ئیسلامی تێدا بڵاو دەکرایەوە، ڕەسووڵی وەک شەهیدێک لەقەڵەم دا، بەڵام، لەبارەی بەشداریی ئێران لەو جینایەتەدا شتێکی تێدا نەبوو. ئەوە بوو بەهۆی تووڕەبوونی کوردەکانو هەرگیز لەبیریان ناچێتەوە کە لەو وتارەدا لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی داوای بەخشینی خۆیان کردبوو. هەر ئەو گۆڤارە لە هەڵوێستی خومەینی لە پێوەندی دەگەڵ یاسای بنەڕەتیی ئیسلامیدا داکۆکیی کردبووو لەوەش زیاتر، وەرگێڕانو لەچاپدانی ئەو وتارانە بوو کە کاربەدەستانی تاران دەیان نووسین.

هەرچەند بەروونی دیار بوو ڕەسووڵ پیاوێکی سیاسی نیە، بەوحاڵەش، بەشی زۆری ژیانی خۆی بۆ تێکۆشانی سیاسی تەرخان کردبوو. تاڵەبانی ماڵەکەی خۆی بۆ دووهەمین دەوری وتووێژی قاسملوو دەگەڵ ئێرانییەکان تەرخان کردبوو.

تاڵەبانی دان بەو ڕاستیەدا دەنێ کە لە ڕەسووڵ وەک نێوبژیوانێکی سیاسی کەلکی وەرگرتبوو: «ڕەسووڵ نوێنەری من لەلای ئێرانییەکان بووو لە ساڵی ١٩٨٢دا، لەنێوان منو بەنیسەدردا نێوبژیوانیی دەکرد».

هەروەها، ئەوپیاوە گەنجە لایەنێکی باشتری هەبوو لەهۆگریی جنسی. لەتەماس گرتن دەگەڵ ئەموئەو بە ئەزموون بووو لە کارکردن دەگەڵ خەڵک ئەوەندە بەتوانا بوو کەس نەبوو بە ڕوونی هەستی پێ نەکا.

ئێرانییەکان بە چ هۆیەک ئەویان بۆ قسەکردن دەگەڵ قاسملوو هەڵبژارد؟ داخوا ئەوە بەهۆی بەئەزموون بوونەکەی بوو؟ بێگومان، نا. شێوەیەکی دیکە لە بەئەزموون بوونو زانایی بۆئەم کارە پێویست بوو. دەلیلی ئێرانییەکان بۆ هەڵبژاردنی ڕەسووڵ بۆئەو کارە گرنگە دڵپاکیو لەخۆباییبوونەکەی بوو.

ئەوە شتێکی تەواو ڕوونە کە ڕەسووڵ خەڵکی باش نەدەناسی. لەمانگی ژانویەدا، وتووێژکەرە ئێرانییەکانی بردبووە ماڵی خۆی. ژنەکەی زۆری پێ ئێسک گران بوون. بەڵام ڕەسووڵ دەیگوت ئەوانە کەسانێکی بە فەرهەنگو تێگەیشتوون.

تاڵەبانی لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئێرانییەکان دەیانەوێ قاسملوو بکوژنو ڕەسووڵیان پێ باشترین کەس بوو بۆ بەڕێوەبردنی پیلانەکەیان. تاڵەبانی دواتر دەیگوت: «لەسەر ئەو بڕوایەم بۆیە ئەویان هەڵبژاردبوو چونکە لایەنە لاوازەکانی ئەویان زۆر باش بۆ دەرکەوتبوو».

# بڕگەی دووەم
# پەشۆکان

هەواڵی جینایەتەکە خەڵکی سەرانسەری دنیای پەشۆکاندبوو. فاتووش گونەی، بێوەژنی «دەرهێنەری سینەما» یۆڵماز گونەی«و ئاشنایەکی نزیکی قاسملوو، بەیانی ڕۆژی دواتر، ١٤ی ژووئیە دەیگوت: ڕۆژی جێژنی نەتەوەیی فەرانسە بووو فەرانسەییەکان جێژنی دووهەمین سەدەی شۆڕشو ڕۆژی ڕاگەیاندنی مافی مرۆڤیان بەڕێوە دەبرد.

«بۆجێژنەکە بۆ کۆشکی ئێلیسیۆم بانگیان کردبووم. کەندال نەزان بە تەلەفون ئاگاداری کردم. ئەو رۆژە لەهیچ رێورەسمێک بەشداریم نەکرد چونکە بڕوام بەو کارانە نەبوو. گوێم لە گۆرانی گوتن‌و هەڵپەڕینی خەڵکی لەنێو خیابانەکاندا دەبووو بەدەنی ویم [قاسملوو] دەدی کە بە گوللان ئاژن ئاژن کرابوو. رۆژێکی یەکجار ناخۆش بوو».

ک.م. بەیانیی زوو لە کاتێکدا رادیۆی ئیسرائیلی گرتبوو ئەو هەواڵەی بیست. دوکتور کووشنێریش لە رێگەی رادیۆو تەلەڤیزیۆنی فەرانسەوە لەو هەواڵە ئاگادار بوو. جاناتان راندال لە رادیۆی بی بی سی بیستی. لەناوەندی رۆژنامەی ئیسپانیایی ئیل پایز رافایل فراگواس، ئەو هەواڵەی دامێ.

بن بیللا وەک بیرەوەرییەک دەیگێڕایەوە: «ئەوشەوە دەگەڵ خێزانم‌و منداڵەکانم چووبووینە کۆنسێرتێکی کە لە کۆشکێکی کۆن بەڕێوە دەچوو. نزیک سەعاتی یەکی نیوەشەو گەڕاینەوە ماڵێ. سووزان تەلەفونی لە خێزانم کردو گوتی ئەنوەر [فازڵ رەسووڵ] کوژراوە. بێ‌سێ‌ودوو لێکردن چووینە لای چونکە دەبوو کەسێکی لەکن بێ. دەمان زانی ئەنوەر چووبوو کوردەکان‌و ئێرانییەکان ببینێ. رۆژی «اضحی« واتە رۆژی کوشتنەوەی مەڕان بۆ جێژنی قوربان بوو. هەرزووش زانیمان [جینایەتەکە] کاری ئێرانییەکان بووە. هەردەتگوت ئاسمان بەسەرماندا رووخاوە.

ئەنوەر ناسناوێک بوو بن‌بیللا لەسەر فازل رەسووڵی دانابوو چونکە یەکجار زۆری خۆش دەویست. هەربۆیەش دەیگوت: «ئامادەم هەموو کارێک بۆ ئەنوەر بکەم».

سادق شەرەفکەندی دەیگێڕایەوە: «لەکوردستان، کاتێک بیستمان قاسملوو کوژراوە، بەتەواوی تێک چووین‌و تەنانەت نەمدەتوانی لەجێی خۆم بزووم. لەوکاتیدا مامۆستا [حەسەنزادە] گوتی: «داخوا لەبیرت چۆتەوە ئەو چی دەگوت؟

کاتێک دۆستێکمان دەمرێ، نابێ بۆی بگرین. دەبێ کار بکەین بۆوەی رێگەکەی درێژە پێ بدەین.

بێرنارد گرانژۆن، پزیشکی میدیسەن دومۆند، دوومانگ پاش جینایەتەکە گەڕایەوە کوردستان ـ ناوبراو دەیگوت: «کەشوهەوایەکی زۆر ناخۆش باڵی بەسەر خەڵکەکەدا کێشابوو. چەند کەسێک خۆیان کوشت. وەزعێکی پڕ لە ناهومێدی سەری هەڵدابوو. خەڵکەکە گوێیان دابووە نەوارێکی پڕ لە ستایشی قاسملوو کە هەروا رستەی «قاسملوو، ئەتۆ هەمیشە دەگەڵمانی« پەیتا پەیتا دووپات دەبۆوە. هەموویان بۆ ئەوکارانەی لە بەخاک ئەسپاردنی دا کردبوومن سوپاسیان دەکردم. بەڵام، ئەوەی راست بێ کارێکی زۆرم نەکردبوو. بەڵام چونکە بەڕاستی خۆشم دەویست، ئەو شانازییەیان پێ‌دام. تەنانەت [دوکتور]سەعیدو خەڵکەکە بەتەواوی سەرلێ‌شێواو ببوون. ئێستاش کە دوکتور سەعید لەبارەی قاسملوودا قسان دەکا، چاوەکانی پڕدەبن لە فرمێسک.

«ئەندامانی رێبەرایەتی بڕیاریان دا باشترین شێوەی وەفاداری بە قاسملووی درێژەدانی رێگەی خەباتیەتی. لەهەر شوێنێک وێنەکەیت دەدی. ئەوەش کارێک بوو لەکاتی زیندوو بوونی‌دا هەرگیز نەدەکرا. هەموو هونەرمەندەکان رێزیان لێ‌دەگرت. مردنەکەی هەر راست وەک لەدایکبوونێکی پڕ لەخەم‌و پەژارە دەچوو».

«کوژرانەکەی وەک سێمبوولێکی پیرۆز کەوتبووە دەستی کوردانەوەو ببوو بە «شارل دوگۆلی کورد» ئەمن پێم وایە زۆری پێ‌خۆش دەبوو دەگەڵ دووچەکە خۆشەویستەکەی: وتووێژو دیالۆگ کوژرابا. زۆر لەوە دەترسا رۆژێک لە رۆژان دەسەڵات بەسەری دا زاڵ بێ. هێندێک کەس بەرنامەکەیان وەک «مدینە فاضلە« هەڵدەسەنگاند. ئەو لەسەر ئەوە پێی دادەگرت کە بۆ گەیشتن بە دێموکراسی پێویست ناکا بەڕێگەی دیکتاتۆریی پرۆلتاریادا بڕۆیە پێش. پاش مەرگی رەحمان، کاتێک لەکوردستان دەگەڵ پیاوێکی لاو قسەم دەکردو لێم پرسی دوکتور قاسملووی وەک چی دەهاتە بەرچاو، زۆر بە ساکاری وەڵامی دایەوەو گوتی: «وەک دێموکراسی».

«قاسملوو پێی خۆش بوو بەبیروبڕوا یان، بەخەڵکیو ڕەنگە لە ئاخرین کۆبوونەوەشیدا بە ژیانی خۆشی گەمەوگاڵتەی کردبێ. [دوکتور]سەعید زاراوەیەکی دەگێڕایەوە کە دوکتور قاسملوو لەکاتی قسەکردن لەبارەی شەهیداندا بەکاری دەبرد: «ئەگەر کەسێک شۆڕشگێڕ بێ، مردنیشی کارێکی شۆڕشگێڕانە دەبێ».

فلۆرانس ویبێر لە بیرەوەرییەکانی یەکێک لەو ڕۆژانەی دەگەڵ قاسملوو ببوو دەیگوت قاسملوو لەنێو چیاکاندا پێی گوتوە: «پێم خۆشە لەکوردستان بمرم». هەروەها ناوبراو ئەوەشی لە قسەکانی زیاد کردو گوتی: «ڕەحمان دەترسا لە ئورووپا بمرێ».

شەوی ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩، هێلین لە ئاپارتمانێکی چکۆلە لە پاریسێ نووستبوو کە تەلەفون زەنگی لێدا. وەخەبەر هاتو پێی وابوو ڕۆژ بۆتەوەو چاوەڕوانی ئەوە بوو ڕۆژهەڵێو گەرمی بێتەوە:

وەڵامی تەلەفونەکەی دایەوەو گوتی «هێلۆ»

نەیدەزانی ئەوکەسەی تەلەفونی بۆ دەکرد دەڵێ چی.

ماوەیەک چاوەڕوان مایەوە. پاشان، باسی ئەو ماوە کورتەی دەگێڕایەوەو دەیگوت: «ئەوجار زانیم چ بووە. کارەساتێکی بێوێنە بۆمنی بێچارە ڕووی دابوو».

گوتی: «نەسرین خانم. ببوورە. ناتوانم...» بەڕادەیەک پەشۆکابوو دەتگوت کابرایەکەو بە مەرگ مەحکووم کراوە. هەرنەی دەتوانی قسان بکا.

ئەوکەسەی تەلەفۆنی دەکرد گوتی: «کاک دوکتور مردوە».

هەردووکیان بۆ ماوەیەک بێدەنگ مابوونەوە.

هەروا دووپاتی دەکردەوەو دەیگوت: «ئەی هاوار... ئەی هاوار».

گووشیی تەلەفونەکەی داناو دەستی کرد بە هاتوچوو بە ژوورەکەیدا بۆ ئەوەی بێتەوە سەرەخۆ. بەڵام نەیدەتوانی. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: «هەمووشتێک تەواو بوو. پێوەندیی دۆستانەمان بەیەکجاری پساوە».

دوای ماوەیەک پێی وابوو گاڵتەیان پێکردوە. لەخۆی دەپرسی: «ئەرێ هەتا ئێستا زۆر کەسی نەناسراو تەلەفونیان بۆ نەکردووم؟ بەڵێ، بەڵێ. دەبێ شتێکی وابێ. دەبێ تەلەفون لە حیزبی بکەم».

بەڵام، ئەوجارە لەنیوەشەوێدا تەلەفونیان بۆ کردبووو پێی وابوو ڕەنگە ئەوجار ڕاست بێو گاڵتەو شتی لەو بابەتە نیە. دەیزانی فەتاحی بەوەفا لە ڤییەن ڕا تەلەفونی بۆ کردوە. دەنگی ناسیبوو. بەڵام، ڕاستییەکەی ئەوە بوو نەی دەتوانی بەرووداوێکی ڕاستەقینەی ئەوتۆ بڕوا بکا:

عەبدوڕڕەحمان چوو دەگەڵ گورگان دابنیشێ. ڕۆژێک پێشتر پێی گوتم دەچێتە ڤییەنو لەسەر ئەو بڕوایە بوو ڕەفسەنجانیو دەوڵەتی ئێران ناوێرن هیچی لێ بکەنو لەوە بە تەواوی ئەرخەیان بوو کە دەوڵەت پێویستی بە ڕێککەوتنێک دەگەڵ خۆیو دەگەڵ کوردەکان هەیە. بۆ ئەوەی بیروبڕوای توندوتیژی خەڵکی دنیا لە دژیخۆیان خاوکەنەوە پێویستیان بە ڕێککەوتنێک دەگەڵ ئێمە هەیە. هەروەها بۆ مانەوە لەسەر دەسەڵات پێویستیان بەو ڕێککەوتنە هەیە.

پێوەندیی دۆستانەمان بەیەکجاری پسابوو. ئەو پێوەندییەی ئەوێ شەوێ هێلین فکری لێ دەکردەوە، شەوێک لەشەوانو لە ساڵی ١٩٥١ پێک هاتبوو ئەویش ئەو شەوە بوو کە هێلین دەگەڵ تاقمی گۆرانیبێژانی زانستگە لە پراگ بۆ ڕێزگرتن لە پرۆفیسۆرێک گۆرانییان دەگوتن... هەر ئەوشەوەش دەگەڵ ڕەحمانی ئاشنا ببوو. لەتەمەنی نزیک بەهەژدەساڵیدا بووو ڕەحمانیش بیستو یەک ساڵە بوو. ئەوشەوە، تاقمی گۆرانی بێژەکان بە ئیستالینو شۆڕشی ١٩١٧ی پرۆلیتاریاشیان هەڵدەگوت ـ ئەوەش ڕێورەسمێک بوو کە بە شێوەی بیرو بڕوای ئایینی دڵو مێشکی داگرتبوون.

لەبەر ئەوە کە ئەو [هێلین] تەنیا کەسێک بوو ئینگلیزیی دەزانی، بەڕێوەبەری کۆڕەکە ناردبوویە لای چوار بیانیی پیاو کە لەدەوری مێزێک دانیشتبوون بۆوەی پێیان رابگا. هێلین زۆرزوو زانی کە دوویان هاونیشتمانی چێکن (یەکیان بە زاراوەی سلۆڤاکی قسەی دەکردو ئەوانی دیکەش یەکیان خەڵکی سووریەو ئەوی دیکەیان عێراقی بوو.

بەڵام، لەنەکاو بۆی دەرکەوت هەرچواریان زمانەکەیان دەزانیو هیچ پێویستییەکیان بەو نەبوو. لەنەکاو دەستیان کرد بە گاڵتە پێکردن بەویو ئەویش زۆر تووڕە بوو. بۆیە بەجێی هێشتن بەڵام بەڕێوەبەری بەرنامە داوای لێ کرد بچێتەوە لایان. گەڕایەوەو شەوێکی خۆشی دەگەڵ ڕابواردن. چوار پیاوەکە هەروا وەپێکەنینیان دەخست. لەبارەی گیروگرفتەکانیان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو خەباتی سیاسیی خۆیانەوە قسەیان بۆ دەکرد.

کاتێک وەختی رۆیشتن هات، هەرچواریان پێشنیاریان پێکرد بیگەیەننەوە ماڵێ. هێلین کچێکی زۆر جوان بوو: باریکەڵەو بە بەژنو باڵایەکی شەش فووتییەوەو مووی ڕەشو چاوی شینێکی کەم ڕەنگ بوو.

کابرای سلۆڤاک پرسی: «بۆچی هەرچوارمان بچین؟ نەفەرێک بەسە«. دوایە، دەگەڵ خۆی گەیاندیەوە ماڵەکەیانو لەبەر دەرگاکەیان خودا حافیزیی لێکرد. دوومانگ دواتر، هێلین بە هەڵکەوت تووشی بۆوەو بۆی دەرکەوت کابرا سلۆڤاک نیەو کوردێکی ئێرانییە. ناوی عەبدورڕەحمان قاسملوو بوو.

ماوەیەکی کورت دوای جینایەتەکە، ژنێکی ئەمریکایی لە ئەمریکاوە نامەیەکی بۆ هێلین نووسیو داوای لێکرد لەوتارێکدا بۆ گۆڤارێک سەربردەی خۆی دەگەڵ قاسملوو بنووسێ. هێلین قبووڵی نەکرد. ژنەکە لەسەر داخوازەکەی سووروو هێلین بەناچار تەسلیم بووو پێوەندیی نزیک چل ساڵەی دەگەڵ قاسملوو لە وتارێکی هەزار وشەییدا نووسیو وتارەکەی بەو ڕستەیە کۆتایی پێ هێنابوو: «لە رۆژی یازدەی ژووئیەی ١٩٨٩دا بۆ ئاخرین جار خودا حافیزیم لێ کرد».

هێلین نازانێ چەند جار خودا حافیزییان لە یەکتر کردبوو. تەنیا ئەوەی لەبیرە لەوکاتەوە بۆ یەکەم جار قاسملووی دیبوو ژیانی ڕاست وەک گژەبایەکی لێ هاتبوو چونکە سیوسێ جار ناچار ببوو جێگەی ژیانی بگۆڕێو بۆ ماڵێکی دیکە بگوێزێتەوە. لە تاران لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٤و ١٩٥٦دا ناچار ببوو یازدە جار ماڵەکەی بگۆڕێ.

لەکاتێکدا لە کافەیەکی ڤییەن فینجانێکی چایی دەخواردەوە، دەیگێڕایەوە: «ژیانێکی پڕ لە ترسوخۆف نەبوو. نا. هەرگیز شێوەی ژیانی ئەو رۆژانەم لەبیر ناچێتەوە. بەڵام تەنیا گەڕان بە خیاباناندا نەبوو».

زۆرشتیان وەک یەک بوو؛ لە کاروباری چکۆلەی ماڵێوە هەتا باسو تووێژ لە بارەی ستراتیژیی سیاسیدا. بەڵام، ئەو زۆرجار مێردێکی غایب بوو. هەربەینا بەینێکیش بۆ مەئموورییەتی زۆر دوور دەچوو. بە پاسپۆرتی تەزویرەوە لەسنوورەکان تێپەڕ دەبووو بە شێوەی نهێنی دەژیاو ئازادیو ژیانی خۆی دەخستە مەترسییەوە. هەرگیز داواکاری هیچ شتێک نەبوو؛ لەنێو ئەو گژەبایەی ژیاندا، پێی خۆش باو پێیناخۆش با دەبوو هەڵ بکا. پێی وایە ئەوە کە بە تەواوی خۆی خستبووە ژێر باری خۆشەویستیی قاسملووەوە بەهەڵە چووە ـ بەڵام هەرزوو بۆی دەرکەوتبوو ناتوانێ هیچ ئاڵوگۆڕێک لەو بوارەدا پێک بێنێ.

# بڕگەی سێهەم

# بن بیللا تۆمەتبار دەکا

رۆژێک دوای جینایەتەکە، پۆلیس بازجوویان لە سووزان کرد. سەرۆکی دایرەی پۆلیس، ئۆسواڵد کیسلێر، کە بە پارێزگارییەکی تەواوەوە هەڵسوکەوتی دەکرد ـ چونکە کچی کابرایەکی بەناوبانگی ئەندامی حیزبی سۆسیالیست بوو ـ پێیگوت پیاوکوژەکان عێراقی نەبوونو ئێرانی کە جینایەتەکەیان بەڕێوە بردوە.

سووزان دەیزانی ئێرانییەکان پێیان خۆش نەبوو نەتاڵەبانی نە بن بیللا لە وتووێژەکاندا بەشدار بن. سووزان ئەو شتەی بە بنبیللا راگەیاند، ئەو کابرا پیرو وردبینە، کە بەهۆی بەشداری لە زۆرشەڕاندا بە تەواوی وشیارو دوورنواڕ بوو، گوتی ئەگەر پێشتر ئاگاداریان کردبا، زۆر باش دەیزانی ئەو بەرنامانەی داڕێژرابوون تەنیا بەمەبەستی کوشتنی چەند کەسێک بووە.

بن بیللا دەیگێڕایەوە: «پۆلیسان لە ماڵی سووزانێ دیتیانمو ئەمنیش ئەو شتانەی دەم زانین پێم گوتن. پێیان گوتم دەیانەوێ لە دایرەکەی خۆشیان قسەم دەگەڵ بکەن. ئەمن پۆلیسان زۆر باش دەناسم. سووزان بەهۆی دڵپاکییەکەیەوە پێی وابوو پۆلیسەکان پیاوی باشن. بەڵام، ئەمن دەمزانی شتێک لەگۆڕێدایە. سەرۆکی پۆلیسەکان وەک ماری بێ ئیجازە بووو لە هەوڵی ئەوەدا بوو سووزانێ فریو بدا».

دەیانەویست فریوی دەن: بەپێی شریتێکی تۆمار کراو، پێیان گوت قاسملوو داوای لەو - بن بیللا - کردبوو لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بێ، بەڵام، ئێرانییەکان نەیان هێشتبوو. پۆلیسەکان لێیان پرسی داخوا لەشوێنی جینایەتەکە بووە یان نا. ئەو گوتی: نا. ئەوجار لێیان پرسی داخوا دەزانێ بە فارسی قسە بکا.

«ئەگەر لەوێدا بەشدار بام، تەنانەت ئەگەر بێدەنگیش دانیشتبام، ئەوکات دەمتوانی ببمە شایەدێکی گرنگ. دوایەش پێم گوتن: «شریتەکەم پێشان دەن. چاویان لە یەکتر کردو گوتیان شتێکی وا دەگۆڕێدا نیە. یەکجار تووڕە بوومو پێم گوتن «ئێوە شەریکی جورمی ئێرانییەکانن. ئێوە راستییەکانتان شاردۆتەوەو ئەوانتان نەگرت چونکە چەکوچۆڵیان لە ئێوە کڕیبوو. رۆژێکیان دەبمە سەرۆک کۆماری ئەلجەزیرەو سوێندتان بۆ دەخۆم ئێوەو دەوڵەتەکەتان، لێم دەبیسن. ئەو وەزعە بۆ هەتا هەتایە ناشاردرێتەوە. ئەنوەر برای من بووو دەبێ سزایەکەی بکێشن».

بەهۆی ئەو دژ کردەوەیە، بڕیاریان دا پرسیار لێکردنەکە تەواو کەن بەڵام بن بیللا بە هەق تووڕە ببوو.

بن بیللا گوتی: «دەی. درێژەی بدە. ئەتۆ پۆلیسی، کەڵەگای، بەڵێ کەڵەگای! لە ژیانمدا زۆرم لەو پاسەوانانە دیون. بەڵام، ئەتۆ پاسەوانێکی پلە خوارووی».

دوای ماوەیەک بن بیللا تووشی سووزان بووو پێی گوت: «مارێکی بێ ئیجازەیەو لەو کارەدا دۆستی ئێمە نیەو پاسەوانێکی بەدبەختەو خەڵکی کۆماری مۆزانە کە پێی دەڵێن ئوتریش. چەکوچۆڵو هەموو شتێک دەفرۆشن - تەنانەت شەرەفیشیان دەفرۆشن».

بن بیللا پێوەندیی خۆی دەگەڵ ئێران پساندو وتارێکی لە دژی دەوڵەتی ئێران نووسیو بەتوندی مەحکوومی کرد. «شۆڕشێکی کردەوەی لەو چەشنە بکا ئیدی نابێ پێی بڵێی شۆڕش. شتێکی بێزهێنەرە. هەر ئەوڕۆژە شتێکم لە دژی ئێرانییەکان نووسی. لەو کاتیدا، هیچ کەس نەیدەزانی جینایەتکارەکان کێنو بە دوای جێپێی کەسانی دیکە دا دەگەڕان. هیچ گومانم لەوە نەبوو ئەوە ئەوان بوون. زۆر بە وردی بەرنامەیان بۆ داڕشتبوو. جینایەتێکی بێ ئەم لاو ئەولا بوو».

لەوڕۆژەوە لە ئێرانو شۆڕشەکەی بێزار بووم. وتارێکم لە رۆژنامەی «البدر»دا نووسیو لە رۆژنامەیەکی مانگانەشدا نووسیم. هەر لە سەرەتاوە دەم زانی شۆڕشەکە بەلارێدا دەڕوا، بەڵام وەزعەکەی ئەنوەری...»

بن بیللا پێی وایە ئێرانییەکان هیوادار بوون بەو وتووێژە رێککەوتنێکی گەورە بۆ دەوڵەتەکەی خۆیان وەدەست بێنن. بەڵام، بە کردەوە شتێکی وایان بۆ نەگونجا. ناوبراو دەیگوت: «قاسملوو دەبوو بکوژرێ. پێم وایە هەموو شتێکیان ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی نەکا قاسملوو داخوازەکانیان قبووڵ نەکا، بێپسانەوە دەگەڵ تاران پێوەندییان هەبووو فەرمانی کوشتنەکەشی هەر لەوێڕا درا.

«لەسەر ئەو بڕوایەم کە باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن دەستی تێدابوو. رەنگە لەهەموو وردەکارییەکان ئاگادار نەبووبن، بەڵام شەریکی جینایەتەکە بوون. داواکانی قاسملوو توندڕەوانەو زێدەخوازانە نەبوونو پێی وابوو دوای مردنی خومەینی، هەلومەرجەکە بۆ وتووێژ لەبارە. سەحراروودی زۆر لە رەفسەنجانی نزیک بووو زۆر باش لە پیلانەکە ئاگادار بوو. جینایەتەکە بێ ئاگاداریی ئەو نەدەکرا. رەفسەنجانی ئیجازەی دابوون ئەو جینایەتە بکەن.

پێیان وابوو [بە شەهیدکردنی قاسملوو] سەری بزووتنەوەی کوردو ئۆپۆزیسیۆن دەبڕن. قاسملووو جەلال تاڵەبانی دوو کەسایەتیی جیاواز بوون. قاسملوو ئەو شتانەی وەک وێنەیەک لە خۆیدا دەدیتن: پیاوێکی باش‌و شەڕافەتمەندو پایەبەرز بوو.

بیروبڕوای دوو سەرۆک کۆماری پێشووی ئەلجەزایرو ئێران راست وەک یەک بوو:

بەنی سەدر دەیگوت: «زۆرم پێ سەیر بوو کە قاسملوو دەگەڵ ئەو جەماعەتە بێ فەرهەنگە وتووێژی‌دەکرد. هیچ پریستیژێکیان نەبوو، بەڵام، سووزان پێی گوتم قاسملوو بەتەواوی شەکەت ببووو بۆیە داوای وتووێژی دەکرد».

«لێم پرسی بۆ رەسووڵ لە بارەی ئێرانییەکانەوە لەمنی پرسیار نەکرد. بەڵام رەسووڵ لە هەر دوو لاوە لە ژێر گوشارێکی یەکجار زۆردا بووو ئەگەر شتێکی درکاندبا، بەخەیانەت تاوانبار دەکرا [کە بۆچی نهێنی‌یەکان وتووێژەکەی نەپاراستوە]. گومانم لەوەدا نیە کە رەفسەنجانی ئەو فەرمانەی دابوو. ئەوە وەزارەتی کاروباری دەرەوە بوو هەموو ئەو جینایەتەی بەرنامەڕێژی کردبوو. ئەو وەزارەتەش لەژێر دەستی رەفسەنجانیدا بوو. عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی لە ساڵی ١٩٨٠وە هەتا ١٩٨٩، سەرۆکی پارلمانی ئێران بووو لە ساڵی ١٩٨٩وە هەتا ساڵی ١٩٩٧ سەرۆک کۆمار بوو. ئێستاش بەرپرسی کۆڕی دەستنیشانکردنی قازانجی نیزام «مجمع تشخیص مصلحت نظام»ە. ئەو ئۆرگانە لەنێوان ئەنجومەنی شارەزایان «مجلس خبرگان»و پارلماندا نێوبژیوانی دەکا.

«لە ئێرانەوە پێیان راگەیاندین پێش ئەوەی جینایەتەکە ئەنجام بدرێ، لە بارەی ئەو کارەدا قسە دەکرا. یەکێک پرسیاری کردبوو «بۆچی رەسووڵ»؟ بەرپرسی «اطلاعات»یان رەزایی، سەرۆکی سوپای پاسداران لە وەڵامدا گوتبووی «منافق»ەو دەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن لە دژی رەفسەنجانی کاری کردوەو بێجگە لە چەند کەسی دیکە ئەمنو مونتەزیریشی دەگرتەوە».

بن بیللا هەرگیز نەگەڕایەوە بۆ ئۆتریش. هەرکات چووبووە ئەو وڵاتە، ئەوە ئەنوەر بوو لە فرۆکەخانە چاوەڕوانی دەبوو. بەبێ ئەنوەر هەڵی نەدەکرد. دەیگوت ئێستا ئەوە سووزانە دێتە ئەلجەزایرو سەرمان لێ‌دەدا.

هێلین رۆژی یەکشەممە، ١٦ی ژووئیە لە پاریسەوە بەوەزعێکی تەواو پەشۆکاو گەیشتە ڤیەن. سەرەڕای درەوشانەوەی خۆر کە لە بەیانییەوە سەرانسەری شارەکەی داگرتبوو، چاوپێکەوتنی بەو کوردانەی لە فرۆکەخانەکە چاوەڕوانی بوون، ئاوری دەجەرگو هەناوی ئینسانی بەردەدا. هیچ کەس نەی دەزانی بۆچی قاسملوو دەبێ هەتا ئەو ڕادەیە بەهەڵە چووبێ‌و بە پێی خۆی چووبێتە نێو داوێکی بۆیان دانابۆوە.

لە پاریس، رێورەسمی بەخاک سپاردنی بۆ سێ شەممۆ  ئامادە کرابوو. بەڵام، رۆژی دووشەممە، گیروگرفتێکی ئیداری بۆ بردنی تەرمەکان بۆ پاریسی بەتەواوی تێک دابوو. سێ شەممۆیە، تەنانەت سەعاتی چواری دوای نیوەڕۆیەش، کارەکە جێ‌بەجێ نەبوو.

هێلین کە لە ڤیەن بۆ گواستنەوەی مەیتەکان تووشی ئەو هەمووە گیروگرفتە ببوو، لە نەکاو خەیاڵێکی یەکجار ناخۆش بە مێشکیدا هات: «رەنگە ئەوان نەبن». بۆیە، بڕیاری دا بچێتە ساردخانەکەو مەیتەکان ببینێ. هێلین دەیگوت: «عەبدوڵڵا نەدەناسرایەوە. بەڵام، بە خاڵەکەی سەر کوڵمەی ناسیمەوە».

قاسملوو تەواو گۆڕا بوو بەڵام هەر دەناسرایەوە. تەرمەکەی بەڕوونیی لەسەر تابووتێکی چەرخدار بووو بالنجێکی لەبن سەری بوو. پزیشکەکان، هەر بەوجۆرەی تاقیکارییان لەسەر عەبدوڵڵای کردبوو، قاسملوویان رووت کردبۆوە بۆوەی بەوردی چاو لە هەموو شوێنێکی بەدەنی بکەن. لە بەرچێلی ڕا هەتا خوارەوەی نێوکی [کەبەر گوللان درا بوو] بە بەنێکی ئەستوور درووبوویانەوە. [ئەو دورینەوەیە شوێنی نەشتەرگەری بۆ پشکنینی جەستە (کالبد شکافی)بوو نەک شوێنی گوللەکان ـ وەرگێڕ]

تەرمەکەیان شوشتبووو مووی رەشی سەری تەواو ئاڵۆز ببوو. لۆکەیان دەلووتی‌و دەگوێی چەپەی ئاخنیبوو. نەرمەی گوێچکەکانی لەنێو ئەو بەشەی پێستیدا کە خوێنی تێگەڕابوو زۆر سپی دیار بوو. یەکێک لەو شوێنە ڕەش هەڵگەڕاوانە لەلای گوێچکەی چەپی‌و لە نزیک شوێنی ئەو گوللەیە بوو کە بۆی هەیە بووبێتە هۆی مردنی. یەکی دیکەیان وەلای راستی ملی کەوتبوو کە لەوێ سێ گوللەی وێ کەوتبوون‌و لە بەدەنی چووبوونەدەر.

چوار برینەکە ـ کە سێیان لەنێو بەدەنیدا مابوونەوەو یەکیان چووبووە دەر ـ بەتەقەڵ دوورابوونەوە. گوللەیەکیان وەلاجانگی، یەکی دیکەیان وەنێوچاوانی، یەکی دیکە وەئێسکی ژێر چەنەگەیو چوارەمیشیان وەلای راستی ملی کەوتبوو. ئەوتەقەڵانەی لەنێوچاوانیان دابوو برۆکانی بەرز کردبوونەوەو لە ئاکامدا دیمەنێکی سەیری لە دەموچاوی دروست کردبوو. زاری نیوە ئاواڵە بووو وا وێدەچوو لە بەرامبەر ئێشو ئۆفێکی زۆردا دژکردەوەی لەخۆی پیشان‌دابێ. بەڵام ناکرێ وابووبێ چونکە گوللەکان هەر یەکجێ کوشتبوویان. دوو گوللە لەمێشکیدا مابوونەوە.

رێکخراوی پزیشکیی فەرانسەش دووکەس لە کاربەدەستانی خۆی نارده ڤییەن بۆوەی لە پرۆسەی رەسمیی پرسەکەدا هاوکاری بکەن. باڵوێزخانەی فەرانسەش بۆ بردنەدەری مەیتەکان لە ڤییەن هاوکاریی کردن. رۆژی چوارشەممە، ١٩ی ژووئیە ـ کەسیش نازانێ چۆن ـ تەرمەکانی قاسملووو عەبدوڵلا قادری ئازەر مۆمیایی کرانو بەرێیان کردن بۆ پاریس.

لە پێتەختی فەرانسە، فاتووش هاڵەکەی ئەنستیتووی کوردی ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی رێورەسمی ئەو شەوە پیرۆزە لەوێ بەرێوە بچێو دەیگوت: «سێمێزی لێبوون بۆوەی تابووتەکانیان لەسەر دانێین. داوای مەلافەیەکم کرد بەڵام نەیان بوو. تەنیا مەلافەیەکمان هەبوو کە بۆ ناشتنی یۆڵماز بەکارمان بردبوو بەڵام بەکار نەدەهات. ناچار بووم بێ‌کەمە دوولەتو سەرانسەری شەوێ خەریکی دروونەوەیان بووم. بەیانیی رۆژی دواتر، راست وەک رێورەسمی بەخاک ئەسپاردنی یۆڵمازی بوو. یەک خەبات، بۆیەک نەتەوەو لەیەک گۆرستان...»

دوکتور بۆنۆ دەیگێرایەوە: «نەمان دەزانی دەتوانین لەکوێ بیان نێژین. دەبوو تێبکۆشین لە پاریس بەخاکیان بسپێرینو ئاخرییەکەی شوێنێکمان لە پێرلاشێز بۆ دیتنەوە».

# بڕگەی چوارەم
# راپۆرتی دوو پۆلیسان

ئەو رۆژەی تابووتەکانیان لە ڤییەنڕا بردە پاریس، هێلینو کوردەکان هێشتا شتێکی زۆریان لەبارەی جینایەتەکەوە نەدەزانی، بەڵام لەوەدا هیچ گومانێکیان نەبوو جینایەتکارەکان ئێرانی بوون. دەیان زانی قاسملووو قادری ئازەر لە وتووێژەکەدا بەشدار بوون. بەڵام هەتا جینایەتەکە رووی نەدا کەم کەس دەیزانی وتووێژێکی ئەوتۆ لەگۆرێدا بووە ـ تەنانەت حیزبیش ئاگادار نەبوو. جینایەتەکە کارێکی یەکجار ڤێزەون بوو. لە ئاکامدا، هەتا هەتایە، خەڵکان لێیان بەگومان دەبن. بۆ ژنەکەی قاسملوویو بۆ رێبەرەکانی حدکا، لێکۆڵینەوەیەکی یەکجار دووروودرێژو پڕزەحمەتو دەردەسەر دەستی پێ‌کرد. هاوکات دەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوەیە، دایرەکانی پۆلیسیش بەوردی بەدوای جینایەتەکەوە بوون.

راپۆرتی دەزگای پۆلیس ئەو راستییانەی پێوەندییان بە جینایەتەکەوە هەبووە بەم شێوەیە رێک خستوون:

* ئەو جێگەیەی کوژراوەکانی لێ دانیشتوونو سەحرارووودی شایەدی بۆ داوە، دەگەڵ برینەکانی کوژراوەکانو مەسیری گوللەکان ناخوێنێتەوە.

* بەپێی ئەو جێیانەی گوللەکانیان وێکەوتوونو بە پێی برینەکانی کوژراوەکان، وا دەرکەوتوە چەکدارەکان دووکەس بوون.

* لە دوو چەکان کەلک وەرگیراوەو هەردووکیان دەمانچە بوون: یەکیان [دەمانچەی] بارێتاو ئەوی دیکەیان دەمانچەی لاما بووە. بە هەرکام لەو دوو چەکانە هەشت گوللە هاوێژراون. لە گوللەی بێدەنگ کەلک وەرگیراوە. ئەوەش لە رێگەی تاقیکاری لەسەر دەمانچە لاماکە، شوێنەواری بیۆلۆژیکی دۆزراوەتەوە.

* قاسملوو کاتێک گوللەکانی وێکەوتبوون لە نێوان مێزێکو کاناپەیەکدا بووەو پشتی لە پەنجەرە بووە. لە پێشدا دوو گوللەی دەمانچەی بارێتای وەلاجانگی کەوتبوو. کەوابوو کابرای پیاوکوژ لە نێوان مێزەکەو کاناپەکەدا بووە.

* بەو دوو گوللانە، قاسملوو وەئەرزی کەوتبووو لە حاڵێکدا پشتی بە کاناپەکەیەوە نابوو بەنیوە پاڵدانەوەیەک درێژ ببوو. لێرەدا، ئەوەی دەمانچە لاماکەی پێ بووە، لێی دێتە پێشو گوللەیەکی لە نێوچاوانی دەدا. ناتوانین بەوردی بڵێین بۆچی شێوەی کەوتنی قاسملوو دەگەڵ دووکەسەکەی دیکە جیاوازیی هەبووە.

* عەبدوڵلا لەنێوان قاسملووو رەسووڵیداو قاسملوو لەلای دەستی چەپی بووەو رەسووڵ لەلای دەستی راستیو لەپێش کاناپەکە بوو. لە پشتەوەڕاو لەلای چەپەوە بە دەمانچەی لاما لێیان دابوو. کابرای تەقەکەر دەبێ لەپێش سەندەڵییەکیو لەلای چەپەوە لە پشت عەبدوڵلای بووبێ.

* کاتێک عەبدوڵلا سەری وەرسووڕاندوە هەستاوەتە سەرپێو وەئەرزی کەوتوە. هەرلەوکاتەدا، کابرای چەکدار وێدەچی بە دەمانچە بارێتاکەی لەو بەریڕا لێی دابێ. دوای رەسووڵی وەئەرزی کەوتبوو چونکە لەژێر مێزەکە بەربۆوە. کاتێک کە هاتوە بەربێتەوە گوللەیەک وەملیو یەکیش بەدەمانچەی لاما وەنێوچاوانی کەوتبوو.

* رەسووڵ لەتەنیشت عەبدوڵلای لەسەر ئەرزی کەوتبوو. دوو یان سێ جاران بە دەمانچەی لاماو لەلای چەپەیڕا گوللەی وێکەوتبوونو کەوتبووە سەر ئەرزی. رەنگە دوای ئەوەی کەوتوە، گوللەیەکیان لەملیو یەکیشیان لەسەری دابێ کە زۆر وێدەچێ بە دەمانچەی بارێتا بووبێ.

* سەحراروودی تەنیا گوللەیەکی وێکەوتبوو. گوللەکە باسکی چەپەی کون کردبووو بە پشتەوەیدا هەڵکشابووو وەملی کەوتبوو لە زاری دەرپەڕیبوو. ئەش زانراوە لەوێڕا بۆکوێ چووە کە لەکەلەکەی چەپەی سەحراروودی رووبەڕووی کابرای تەقەکەر بووەو رەنگە باسکی چەپەی بۆلای وی راگرتبێ. هەتا ئێستا ئەوە روون نەبۆتەوە کە لە سەرەتای دەست پێکردنی جینایەتەکە لەکوێ بووە.

* قسەی سەحراروودی کە گوتوویە گوللەکان لەلای دەرگاکەوە هاویژراون دەگەڵ تاقیکاریی شیمیایی لەسەر شوێنەواری گوللەکان لەسەر لیباسی قوربانییەکان جوور نایەتەوەو گوللەکان هەر لە نزیکەوە هاویژراون.

پاشان، لەو عەکسانەدا کە پۆلیس داویە بە دادوەرەکان، تەرمی قاسملووی لەسەر ئەرزییەو پاڵی وەکاناپەکە داوە. وێنەکان شتێک پیشان دەدەن کەدەگەڵ ئەوەی ئازاد دەڵیو دیونی بە تەواوی جیاوازیی هەیە.

راپۆرتێکی دواتر، زانیارییەکانی بە شێوەیەکی روونو زۆر کورت لە بارەی راستییەکاندا دەرخستوە:

١. دووکەس بەدوو دەمانچەی بێدەنگ کراو تەقەیان کردوە.

٢. تەقەکەرەکان لە دوو شوێنی جیاواز بوون.

٣. لە مەودای زۆر کەمەوە تەقەیان کردوە.

٤. هیچ کام لە تەقەکەرەکان لە نزیک دەرگاکە نەبوون.

٥- ئاکامی راپۆرتەکە دەگەڵ قسەکانی سەحراروودی جیاوازە.

بەکورتی:

دوکتور عەبدورڕەحمان قاسملوو بەسێ گوللانو بێ‌گومان بە دەستی دوو چەکداران کوژراوە.

گوللەکان تەواو کوشەندە بوون.

دوو گوللەیان دەنێو کەللەی سەریدا دیبوونەوە کە بەرروونی دەریان دەخست بە چ چەشنە چەکێک هاویژراون: ئەوەی لەلاجانگی درابوو بە دەمانچەی بارێتا هاویژرابووو ئەوەی دیکەیان کە لە نێوچاوانی درابوو بە دەمانچەی لاما.

کاتی هاویژرانی ئەو گوللانەش دیاری کرابوو. دوکتور قاسملوو بە دوو گوللان کوژرا بوو کە یەکێکیان وەلای چەپەی سەری (بە دەمانچەی بارێتا) کەوتبووو ئاخرین گوللەش بە دەمانچەی لاما هاویژرابووو وەنێوچاوانی کەوتبوو.

# بڕگەی پێنجەم

# زستانی ڤییەن

کوژرانی دوکتور قاسملوو کۆتایی هاتنی راوەدوونانێکی دوورو درێژ بوو کە زۆر لەمێژ بوو بۆ کوشتنی وی وەڕێ خرا بوو. پاش ئەوەی ستراتیژیی رێژیم بۆ کوشتنی لە چیاکاندا بەهیچ کوێ نەگەیشت، چەند ساڵێکی خایاند هەتا توانیان داوێکی دیکەی بۆ دابنێنەوە. ئەو داوەیان کە دەبوو قاسملوو لە ڤییەن‌و لە رێگەی یەکەمین بەرنامەی وتووێژەوە تێی بکەوێ، لە زستانی ٨٩ ـ ١٩٨٨دانرابۆوەو لە هاوینی ١٩٨٩دا بە کوژرانی وی کۆتایی هات. لەو بەرنامە مەرگهێنەدا کە بۆ کوشتنی قاسملوو ئامادە کرابوو، فازڵ رەسووڵ تەنیا ئامرازێک بووو ئەویش دوایە وەدەر کەوت.

هاوینی ساڵی ١٩٨٦، بە نزیک دەفتەری سیاسیی قاسملوو لە کوردستانی عێراقدا رابردم. مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی لەوێندەری نزیک بوو. تاڵەبانی هاونیشتمانێکی عێراقی بوو لەتارانەوە یارمەتییان دەدا؛ قاسملووش کە ئێرانی بوو، لەلایەن بەغداوە پشتیوانیی لێ دەکرا. ئەوە یاسایەکی دوولایەنەی دژ بە یەکن کە بۆ ساڵیانێکی دوورو درێژ ئیمکانی ژیانی بۆ کوردەکان پێک هێناوەو تاڵەبانییش بەم شێوەیەو بە کورتی لێکی دەداتەوە. «ئێمەی کورد مافی خۆمانە لە گێرەو کێشەی نێوان ئەو دەوڵەتانە بە قازانجی خۆمان کەلک وەربگرین کە ئێمەیان دابەش کردوەو بەسەرماندا زاڵن.  دیارە هەتا ئەو رادەیەی سەربەخۆیی [سیاسی]ی خۆمان بپارێزین‌و لەدژی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان شەڕ نەکەین.

تاڵەبانی خەریک بوو دەچوو بۆ تاران‌و لە قاسملووی پرسی داخوا هیچ پەیامێکی هەیە بی نێرێ.

قاسملوو لە وەڵامدا گوتی: «ئەگەر ئەوان ئامادەی وتووێژ بن، ئێمە ئامادەین».

چەند رۆژ دواتر لە تاران، هاشمی رەفسەنجانی لەبارەی قاسملوودا پرسیاری لە تاڵەبانی کردو گوتی: «چۆنە؟

دەیبینی؟ راستە بریندار بووە»؟

لەتاران پێیان وابوو قاسملوو لە بۆمبارانەکەی دەفتەری سیاسیدا بریندار بووە.

تاڵەبانی وەڵامی دایەوەو گوتی« «دیارە دەیبینم. ئێمە دراوسێین. هەر پێش هاتنم، دیتوومەو زۆر باشە. هەمیشە پێدەکەنێ».

رەفسەنجانی پرسی: «هەڵوێستی چۆنە»؟

«لەبارەی چیدا»؟

«لە پێوەندی دەگەڵ ئێمەدا».

تاڵەبانی لە وەڵامدا گوتی: «بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی سیاسی‌و ئاشتیخوازانە ئامادەیە».

رەفسەنجانی بە مرخە مرخێک گوتی: «زۆر جالبە»و هیچی دیکەی نەگوت.

لە رۆژەکانی ئاخری ساڵی ١٩٨٦دا، ئاغای موحەممەدی، نوێنەری هەمەدان و یارمەتیدەری رەفسەنجانی بە تاڵەبانیی گوت دەیانەوێ دەگەڵ عەبدورڕەحمان قاسملوو وتووێژ بکەن. بەو مەرجەی پێشمەرگەکانی حدکا لەشەڕ دژی عێراق هاوکارییان بکەن.

شتی وا ئیمکانی نەبوو. تاڵەبانی وەڵامەکەی قاسملووی بۆ ئێرانییەکان نارد: «کاتێک چوومەوە دەفتەری سیاسیی حدکا، دوکتور قاسملوو پێی گوتم ئێمە ناتوانین لە دژی عێراق شەڕ بکەین. بەڵام، ئەگەر ئێرانییەکان راست دەکەن، ئێمە ئامادەین وتووێژیان دەگەڵ بکەین. دەیان‌توانی کۆڕێکی نوێنەرایەتی بنێرنە دەفتەری سیاسیمان‌و چاومان بەیەک بکەوێ».

لە ئاوریلی ١٩٨٧دا، ئێرانییەکان دەیانگوت ئامادەین وتووێژ بکەین. لەو رۆژانەدا، شەڕێکی گەورە رووی‌داو هێزەکانی تاڵەبانی ناوچەیەکی گەورەی [کوردستانی] عێراقیان گرت. تاڵەبانی دەیگوت: «ئێرانییەکان لەوێ بوون‌و هاتبوونە سەر ئەو بڕوایە کە قاسملوو ئامرازێکی دەستی عێراقییەکان نیە. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٧دا کاتێک لە کوردستانەوە گەڕامەوە تاران بۆوەی بڕۆمە سەفەری دەرێ، جارێکی دیکەش پێیان گوتم، زۆریان پێ خۆشە لە دەرەوەی ئێران [قاسملووی] ببینن».

قاسملوو ئیمکانی وتووێژکردن دەگەڵ حیزبی ڕەد نەکردەوەو دەفتەری سیاسی لە بارەی ئەو کارەدا کۆبوونەوەو تەئییدیان کرد ـ بەو مەرجە ئەمنییەتی وتووێژکەران بە تەواوی بپارێزرێ‌و ڕێبەرانی حیزب لە هەموو وردەکارییەکانی وتووێژەکە ئاگادار بکرێن.

قاسملوو پاریسی بۆ شوێنی وتووێژەکە پێشنیار کرد، بە بڕوای شەڕەفکەندی، ئەگەر وابایە، کاربەدەستانی دەوڵەتی فەرانسە ئاگادار دەکران، چونکە ئەوان دۆستی حیزب بوون‌و کۆبوونەوەکەیان بە نهێنی ڕادەگرت. بەڵام ئێرانییەکان لەوەڵامدا گوتیان پێوەندییان دەگەڵ فەڕانسەی خراپەو لە جیاتی وێ بێرلین ـ یان پێشنیار کرد.

قاسملوو ئامادە نەبوو بچێتە ئەڵمان. تاڵەبانی دەی‌گێڕایەوە: «لەوێ هیچ دۆستێکمان نەبووو نەمان دەتوانی لە سەلامەتییەکەی [قاسملوو] ئەرخەیان بین».

ئێرانییەکان سویسیان پێشنیار کردو قاسملوو ڕەدی کردەوەو دەگەڵ تاڵەبانی ڕاوتەگبیری کرد. ئەویش بە قاسملووی گوت یەکیەتیی نیشتمانی لە ڤییەن ڕێکخراوەیەکی باشی هەیەو ئێرانییەکانیش هەروا. «ئێمە، یەکیەتی، چەکوچۆڵیشمان لەوێ هەبوو. حدکاش هەروا».

وتووێژەکان دەستیان پێ کردبوو. ئەوە یەکەمین جار بوو کۆماری ئیسلامی چەند نوێنەرێکی دەناردنە دەرەوە بۆوەی لە دەرەوەی وڵات چاویان بە ڕێبەرێکی کورد بکەوێ ـ ڕێبەرێک کە وەک کەسێکی یاغی چاویان لێ‌دەکردو لەنێو چیاکاندا دەژیا. هەلومەرجەکە ئەوەندە نا ئاسایی بوو کە قاسملوو یەکێک لە قسەکانی باوکی بە پارێزەوە دووپات دەکردەوە: «ئەگەر ئێرانییەکت دی، بی‌کوژە یان هەڵێ ـ چونکە ئەگەر وا نەکەی، فریوت دەداو دەتکوژێ».

تاڵەبانی بە جەخت دانانەوە دەیگوت یەکەم دەوری وتووێژەکان «لەژێر چاوەدێری‌و نێوبژیوانیی ئێمەدا بوو. هەموو شتێکمان ئامادە کردبوو، ماڵ، ماشین‌و هتد. چوومە ڤییەن‌و بە وەزیری نێوخۆییم گوت پێویستمان بە ژمارەیەک نیگابان هەیە. ماشێنێکی دامی‌و پۆلیسە ئوتریشییە چەکدارەکانیشی کردە نیگابانی من. سێ ئاپارتمانمان دیتنەوە. هەرگیز کۆبوونەوەکانمان لەیەک شوێن دووپات نەدەکردەوە.

«یەکەمین کۆبوونەوە بەیانی بەڕێوە چوو. دووکەس لە چەکدارەکانمان لەبەر دەرگا دانابوو. چەکێکم پێ‌بوو. قاسملووش لە کیفێکی چکۆلەدا دەمانچەیەکی پێ‌بوو. بە ئێرانییەکانمان نەگوتبوو کۆبوونەوەکە لەکوێ دەبێ. هەموو شتێکمان بۆ میوانداری لەوان ئامادە کردبوو‌و بەیانییەکەی ئەوێ ڕۆژێ ماشێنێکمان نارد بیان هێنێ. نەیان دەزانی دەبێ بچنەکوێ. کۆبوونەوە دوای کۆبوونەوە، شوێنەکەمان دەگۆڕی‌و بەم جۆرە هەرگیز نەیان دەزانی کۆبوونەوەی دوایی لەکوێ دەبێ. قاسملووو عەبدوڵلاو ئەمن پێش هەموو کەس دەچووین. هەموو نیگابانەکانمان چەکدار بوون».

کۆبوونەوەکە لەنێوان ٣٠و ٣١ی ژانویەی ١٩٨٩ ئەنجام درا. وتووێژکەرە ئێرانییەکان هەمیشە دووکەس بوون‌و بۆ ئاخرین کۆبوونەوە، سێ ئێرانی هاتبوون. دەیانگوت پیاوی سێهەم نیگابانیانە. بەپێی قسەکانی تاڵەبانی، کەشوهەوای کۆبوونەوەکان توندوتیژ بوو. «جاروبار، دوکتور قاسملوو بەتوندی‌و جاری واش بوو زۆر بە توندی قسەی دەکردن».

ئاخرییەکەی بڕیاریان دا دووبابەتان لە بەرنامەی کارەکەیاندا بگونجێنن: یەکەم بە ڕەسمی ناسینی حدکا وەک حیزبێکی بتوانێ بۆ خودموختاری تێ‌بکۆشی‌و تەنانەت خەباتی چەکدارانەشی بۆ بکا ؛ ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆی هەبی‌و هتد. دووهەمین بابەت وتووێژ لە بارەی خودموختاری بۆ کوردستان بوو. کۆبوونەوەکان بەو بابەتە تەواو بوون. سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام سەرەتای ڕێککەوتنێک بوو.

بەڵام، کاتێک تاڵەبانی گەڕایەوە تاران، هەلومەرجی سیاسیی نێوخۆیی گۆڕابوو. ئێرانییەکان بە ئاشکرایی ددانیان بەو ڕاستییەدا دەنا کە لەنێو خۆی ڕێژیمدا دوو ڕوانگەی تەواو جیاواز هەن‌و دژی یەکترن. خومەینی نەخۆش بووو ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ وەزعی خراپتر

دەبووو گێرەو کێشە لەسەر جێ نشینی توندوتیژ دەبوو. ئەوانەی لایەنگری توندوتیژی بوون گوشارێکی توندیان کەوتبووە سەرو بە ڕاشکاوی دەیانگوت توندڕەوەکان دژی وتووێژنو تاڵەبانییش دەیزانی ئەوە ڕاستە.

ڕۆژێکیان دەوڵەتی ئێران بە تاڵەبانیی ڕاگەیاند کەسانی سەربەوی زۆری لەسەر دەڕۆنو بۆیە دەیانەوێ وتووێژەکان وەدوایە خەن. تاڵەبانی نامەیەکی بۆ قاسملوو نووسیو ڕوانگەکانی قاسملووی قبووڵ بوو. تاڵەبانی هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە ئێرانییەکان ئامادە نین هیچ ئیمتیازێک بدەن.

تاڵەبانی بەو ئاکامە گەیشتوە کە: «ئەوەی ڕاست بێ، خوازیاری ڕێککەوتنێک یا ڕێگەچارەیەک نین، بەڵام هەرگیز پێم وانەبوو دەیانەوێ بیکوژن».

بەپێی ڕێککەوتنێک، قاسملوو گەڕایەوە کوردستانو بۆ نێوچیاکان. کاسێتێکی زەبتی سەوتی لە بارەی وتووێژەکان دەگەڵ خۆی بۆ حیزبەکەی هێنابۆوە. بە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی گوت دەگەڵ ئێرانییەکان ڕێک کەوتوون، کۆبوونەوەی ئایندە لەکوردستان بێ.

دەیگوت: «چوونمان بۆ ئورووپا بایەخێکی نیە». دەتوانین وتووێژەکان لەسەر سنوور درێژە پێ بدەین». بەڵام، دەفتەری سیاسی موخالیفی ئەو ڕوانگەیە بوو، چونکە بۆ پاراستنی ئەمنییەتو بۆ بە نهێنی هێشتنەوەی هیچ گەرەنتییەک لە گۆڕێدا نەبوو. هەروەها، دوای ئەوە کە گوێیان لە شریتەکە گرت کە بۆ ماوەی چەند سەعاتان لە بارەی شتەکەدا قسەیان کردن، دەفتەری سیاسی بەو ئاکامە گەیشت درێژەدان بە وتووێژەکان کارێکی بێ فایدەیە.

شەڕەفکەندی دەیگوت: «بەر لە هەموو شتێک، ئەو نوێنەرە سیاسییانەی ناردبوویانن بەرادەی دوکتور قاسملووی زاناو تێگەیشتوو نەبوون. نوێنەرێکیان دەوڵەت ناردبوویو ئەوی دیکەیان هی سوپای پاسداران بوو. هیچ کامیان سیاسەتوان نەبوون. سکرتێری گشتیی حدکا ئیدی ئامادە نەبوو دەگەڵ کەسانی پلەی خواروو ئەوتۆ وتووێژ بکا».

لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «بێجگە لەوەش، ڕوون کردنەوەی ئەوە کە خودموختاری چییە، کارێکی خۆڕاییو بێ فایدە بوو. ئێمە پێشتر بابەتو ڕاگەیاندراوێکی زۆرمان لەو بارەیەوە بڵاو کردبۆوەو دەوڵەتی ئێران زۆر باش دەیزانی خودموختاری چ واتایەکی هەیە. گرنگترین شت ئەوە بوو داخوا ئەوان قبوولّی دەکەن یان نا ـ بۆوانیش ئەوە بوو داخوا دەکرێ بە ڕەسمی ڕابگەیەنن دەگەڵ پرەنسیپو بابەتە سەرەکییەکانی خودموختاری موافیقن. ئێمە ئامادە بووین خەباتی چەکدارانە وەلانێینو لەبارەی نێوەرۆکی خودموختاریدا وتووێژ بکەین. پرۆسەکە دەیتوانی ساڵێک یا دووساڵان درێژەی هەبێ، بەڵام، شەڕەکە تەواو دەبووو بابەتە سەرەکییە لەگۆڕاننەهاتووەکانی خودموختاری دابین دەبوون. پێمان وابوو لە ڕێگەی وتووێژەوە دەتوانین بە ڕێککەوتنێکی باش بگەین».

بۆیە، بە پێی ڕێککەوتنەکەی مانگی مارس، دەفتەری سیاسی نوێنەرێکی ناردە ڤییەن بۆوەی دەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی تەماس بگرێو ئەو پیامەیان پێ بگەیەنێ.

بەڵام، ئەوە شەڕەفکەندی بوو نەک قاسملوو ئەو سەفەرەی کرد، ئێرانییەکان دیار نەبوونو نەهاتنەکەی خۆیان بەوە پاساو دەدا کە کاروبارێکی زۆریان هەبووەو نەخۆشیی خومەینی هەموو شتێکی لێ تێک داون.

بەڵام قاسملوو هێشتا بەدڵەوە خوازیاری ڕێککەوتنێک دەگەڵ تاران بووو پێی خۆش بوو پێش ئەوەی تارانو بەغدا لێک نزیک ببنەوە بەمەبەستی خۆی بگا. لەو بارەیەوە بەتاڵەبانیی گوت: «دوایە، هیچ شتێکمان وەگیر ناکەوێو ناتوانین هیچ وەدەست بێنینو لایەنی بەرامبەریش مل بۆ هیچ شتێک ڕاناکێشێ».

تاڵەبانی دەیگوت: «لەڕێگەی نێوبژیوانی لەنێوان ئێمەو دەوڵەتی عێراقدا، قاسملوو پێی دەگوتم دەبێ وتووێژ بکەی. لێکدانەوە سیاسییەکەی دروست بوو چونکە ئەگەر هاتباو ئێرانو عێراق بەڕێککەوتنێک گەیشتبان، کوردەکان هیچیان وەگیر نەدەکەوت. پێم وایە هەر لەبەر ئاکامێکی ئەوتۆ بوو قاسملوو پەلەی دەکرد».

قاسملوو لەو بیروفکرانەدا تەنیا بووو خەڵکەکەی بڕوایان بەو وتووێژە نەبوو. بۆیە لەمانگی ژوئیەی ١٩٨٩دا، بێ ئەوەی هیچ کەس ئاگادار بکا، ڕۆیشتە ڤییەن. تەنیا بە ژنەکەی‌و چەند ئاشنایەکی فەرانسەیی‌و ڕەسووڵو عەبدوللای گوتبوو ـ و بەرێکەوت، بن بیللاش لەو کارە نهێنییە ئاگادار ببوو.

دوای دووسالان، لە هۆدەیەکی هوتێلێکی پاریس، تاڵەبانی باسی هەموو ئەو شتانەی دەکرد کە بوونە هۆی کوژرانی هەڤاڵەکەی‌و دەیگوت: «لەبەر ئەوە بوو هەموو شتێکیان ئامادە کردبووو ئەگەر ئێمە دەگەڵیان ماباین، نەیان دەتوانی پیلانەکەیان بەرێوەبەرن. نەیان دەتوانی لەیەک ڕۆژدا دوو ڕێبەری کورد بکووژن».

«ئەمن نازانم قاسملوو بۆچی فریوی ڕەسووڵی خوارد، چونکە ئیدی قاسملووم نەدیتەوە. چەند نامەیەکی بۆ ناردم، لە نامەکاندا گلەیی کردبوو بۆچی کەسانی سەر بە یەکیەتی هێندێک شتیان درکاندوە. ئەمنیش چونکە ڕاستی دەکرد، لێم قبووڵ کرد. زۆر تووڕە بوو. ئەمنیش پێم گوت ئەتۆش باش دەزانی کوردان نهێنی پارێز نین».

تاڵەبانی دەیگوت: «زۆرم پێ سەیرە وازوو بڕیاری داو قبووڵی کرد بێ‌هیچ نیگابانێک بچێتە کۆبوونەوەکە. بەڵام، ئەرکی قاسملوو، پێش هەموو شتێک پارێزگاری لەخۆی بوو. هەڵەی فەننییشی کرد. بۆچی دووجاران لەیەک شوێن وتووێژی کرد؟ چۆن قبووڵی کرد بێ نیگابانەکانی بچێتە ئەو شوێنە؟ هیچ کەس تێی ناگا بۆ».

بەلام، قاسملوو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە کوردەکان لە وتووێژەکانی دێسامبرو ژانویەدا هەنگاوێکی چکۆلە چوونەتە پێش: «لە بابەتە بناخەییەکان لەبارەی پێداچوونەوە بە چلۆنایەتیی خودموختاری بۆ کوردستاندا ڕێککەوتنێک پێک هاتبوو».

لە کۆبوونەوەکانی سەرەتاییدا لە حاڵێکدا کوردەکان هێشتا پابەندی ئەو دروشمە بوون کە حیزبەکەیان پێشتر پەسنی کردبوو: «دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان»، هیوادار بوون وتووێژەکە بەئاکامێک بگا. دروشمێکی ئەوتۆ لە جیهانی سێهەمدا باو نەبوو، بەلام، بۆ ئەو کەسانەی حیزبەکەیان باش دەناسی شتێکی نائاشنا نەبوو. لەو سەردەمەدا کە دەوڵەتی شێوە کۆمونیستی لەنێو حیزبو ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکاندا شتێکی باو بوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆ دامەزراندنی دێموکراسی تێ‌دەکۆشا حیزبێکی بەتەواوی ناوازە بوو.

هەروەک زۆربەی کەمایەتییەکانی جیهان، کوردەکانی ئێران خوازیاری بە ڕەسمی ناسرانی شوناسی نەتەوەیی خۆیان، ڕێزگرتن لەزمانەکەیان‌و خوێندن بە زمانی کوردی‌و فارسی لە خوێندنگەکانیان بوون. هەروەها، دەیانەویست بەرێوەبردنی قانوون بەدەستی پێشمەرگەکانیانەوە بێت کە هێزی پۆلیسی خۆیان بوون.

حدکا نوێنەرایەتیی زۆربەی حەشیمەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەکا. حدکا حیزبی گەلێکی هەژارە کە لەهەلومەرجێکدا دەژین کەتایفەکان‌و عەشیرەکان هەمیشەخەریکی شەڕو پێکدادان‌و پیلانگێڕان لەدژی یەکترو سەردەمێک هاوپەیمان‌و دوای ماوەیەک دوژمنی یەکتر بوون. حدکا، وەک حیزبێک، خوازیاری دێموکراسی لە وڵاتێکە کە هەمیشە لەژێر دیکتاتۆریدا بووەو بۆ دواکەوتووترین ناوچەی سەرانسەری ئێران داوای خودموختاری دەکا.

ئەو حیزبە کە نیوسەدەیە دامەزراوە، ڕەنگە تەنیا ڕێکخراوی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بێ کە تەنانەت لە سەردەمی شەڕی چەکدارانەشدا لە دژی ئەرتەش، هەموو چەشنە کارێکی تیرۆریستیی مەحکووم کردوە کە لە ساڵەکانی دەیەکان ٧٠و ٨٠دا زۆر باو بوو.

قاسملوو زۆرجار ئەوەی دووپاتە دەکردەوەو دەی‌گوت: «چەندلایەنێکی لاوازمان هەیە. بەهۆی پرەنسیپەکانمان، فرۆکان نارفێنین‌و هیچ کەس بەبارمتە ناگرین‌و لە شارەکانیش بۆمبان دانانێینەوە. سەرەڕای ئەو ڕاستییە کە ئەگەر ڕێکخراوێک ئەو جوورە کارانە نەکا کەس نای ناسێ، ئێمە تەنانەت لە ئێرانیش خۆ لەوجۆرە کردەوانە دەپارێزین.

راستەوخۆ نە لەدژی ئەمریکا خەبات دەکەین بۆوەی ولاتە سۆسیالیستەکان یارمەتیمان بدەن‌و نە لە دژی یەکیەتیی سۆڤییەت شەڕ دەکەین بۆوەی یارمەتیی ئەمریکا بۆخۆمان دابین کەین.

پێش هەموو شتێک ئێمە کوردین‌و کوردبوونەکەمان بۆتە هۆی چارە رەشیمان‌و هیچ دەوڵەتێک نیە پێی خۆش بێ یارمەتیمان بدا. لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی سیاسی، کەوتووینە نێو داوێکی زۆر خراپەوە».

بەبڕوای بێرنارد کووشنێر، وەزیری یارمەتیيە مرۆڤایەتییەکانی فەرانسە قاسملوو «لەنێو پارتیزانەکاندا تەنیا کەسایەتییەکی دێموکرات بوو کە دەمناسی. رەحمان تەنیا پارتیزانێک بوو کە هیچ کاتێک نەکەسی ئەشکەنجەداو نە کەسیشی کوشت.

سەرۆک کۆماری پێشووی ئەلجەزایر، بن بیللا، دووساڵ دواتر دەیگێڕایەوە لە کەشوهەوای گەرم‌و بێدەنگی حەممام بووحەجەر کە شوێنێکی ئاوی گەرمی نزیک ئۆرانە، دووهەمین دەوری وتووێژەکان لەوێ بەرێوە چوو بوون. ناوبراو دەیگوت: «ئەنوەر (رەسووڵ) پێی گوتم رەنگە ئەو شەوە کۆبوونەوەیەکی ئێرانییەکان دەگەڵ کوردەکان پێک بێ‌و پێشی گوتم قاسملوو پێی خۆشە چاوی پێت بکەوێ. یەکترمان دیت‌و لەبارەی دانیشتن دەگەڵ ئێرانییەکان قسەمان کرد. وادیار بوو هەلومەرجەکە باشە. داواکارییەکانی شتێکی لەڕادەبەدەر نەبوون. لەبەر خۆمەوە دەمگوت ئەوجار وتووێژەکان سەرکەوتوو دەبن. قاسملوو تەنیا خوازیاری خودموختاری بوو. شتێکی زۆر نەبوو».

رەسووڵ‌و بن بیللا زۆر لەمێژ بوو بۆ دەرکردنی گۆڤاری عەرەبیی «الحوار» کاریان دەکرد. بن بیللا دەیگوت: ئەو گۆڤارە بە پشتیوانیی من جێبەجێ ببوو، بەڵام زۆربەی کارەکانی کەوتبوونە سەر شانی ئەنوەر (رەسووڵ). نامەیەکی زۆرم دەنووسین‌و دەمدان بە ئەنوەر بیان گەیەنێ. ئەویش سەفەری دەکرد بۆ میسرو لوبنان… هەموو کەسایەتییە عەرەبە موسوڵمانە بەفەرهەنگەکان وتاریان بۆ گۆڤارەکە دەنووسی. منو ئەنوەر دۆست و هاوبیری یەکتر بووین». بن بیللاو قاسملوو چەند ساڵێک پێشتر، لە پاریس یەکتریان دیبوو. رۆژەکانی ژیانی خۆیان لە تاراوگە دەگوزەراند. بن بیللا لایەنگری زۆر بوون، بەڵام، رێکخراوێکی بەهێزی لە وڵاتەکەی خۆی نەبوو. قاسملوو بە پێچەوانەوە، لە چیا بەرزەکانی کوردستاندا، بە هەزاران پارتیزانی رێبەری دەکرد کە دەوڵەتی ئێرانیان جاڕز کردبوو. قاسملوو هەروەها بۆ وەدەست هێنانی پشتیوانی لەدەرەوەی وڵات تێدەکۆشا، ئۆپوزیسیۆنێکی یەکگرتوو لە دژی خومەینی پێک بێنێ. دەگەڵ ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران‌و، مەسعوود رەجەوی‌و موجاهیدەکان‌و سیاسەتوانە ئێرانییەکانی دیکە، «شوورای ملی مقاومت» یان پێک هێنابوو.

بن بیللا دواتر دەیگوت: «ئەودەمی پێم گوت دەگەڵ رەجەوی رێک کەوێ«. بەڵام دوایە ئەوکارەم هەر پێخۆش نەبووو پاشان بە قاسملووم گوت نابێ لە رەجەوی ئەرخەیان بێ‌و نابێ بەخاتری رێککەوتن دەگەڵ موجاهیدین مافی کوردەکان وەلا بنێ چونکە گیروگرفتەکەی خۆی گرنگو پڕ لە گرێوگۆڵ بوو. کوردەکان لە پێنج وڵاتان هەن. ئەوە شتێکی پڕ لە مەترسییە! هێندێک جار کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دەستەو ئەژنۆ دەمێننەوەو بە هەڵە دەچن‌و لە ئاکامدا گەیشتن بە ئامانجەکانیان وەدرەنگی دەخەن. رێبەرەکان دەبێ لەهەموو بارێکەوە لە پلەیەکی بەرزدابن‌و نابێ بەهەڵە بچن. رێبەرە کوردەکانی وڵاتانی عەرەبی زۆرجار بە هەڵە چوون. بەڵام قاسملوو نا». بن‌بیللا دەیتوانی بۆ وتووێژەکان نێوبژیوانێکی باش بێ‌و قاسملووش بە دڵخۆشییەوە قبووڵی دەکرد. بەڵام، ئێرانییەکان رەسووڵیان پێ باشتر بووو کاتێک رەسووڵ بەخاکەڕاییەکی جێگەی تەحسینەوە گوتی وا باشترە کەسایەتییەکی گرنگ ـ بۆوێنە سەرۆک کۆماری پێشووی ئەلجەزایر، ئەحمەد بن بیللا ـ بە سەر وتووێژەکاندا چاوەدێری بکا. ئێرانییەکان قبووڵیان نەکرد.

رەسووڵ بەهۆی لەڕادەبەدەر ساویلکەبوونی، لەبەرامبەر ئاشنا ئێرانییەکانیدا ملی‌داو تووشی ئەو هەڵە گەورەیە بوو، بەڵام، لەوەش گرنگتر ئەوە بوو لەلای هیچ کەس باسی نەکردبوو. هەر ئەوەش بە قیمەتی گیانی تەواو بوو. بێ گومان، رەسووڵ لەمێشکیدا ئەوە

جێگیر ببوو کە کەسانی سەر بەتاڵەبانی لەلایەن ئێرانییەکانەوە بە درکاندنی نهێنییەکان تاوانبار کرابوون. کەوابوو زار قایمی گرنگترین خەسڵەتو تایبەتمەندییە. لە ئاکامدا، رەسووڵ تەواوی کارو کردەوەکانی وتووێژکەرەکانی بە تەواوی بە نهێنی هێشتبۆوە.

بەنی سەدر دەیگوت رەسووڵ ماوەیەک پێش رووداوەکە پێی گوتووم بۆ دیتنی من دێتە پاریس. «بەڵام، پێش ئەوەی بێ، پێی راگەیاندم کۆبوونەوەیەکی هەیە ـ ئەگەرچی لە بارەی کۆبوونەوەکەی ڤییەنەوە هیچی پێ نەگوتم».

ئەو رۆژەی مانگی ژووئیەی ١٩٨٩، نزیکەی دووکاتژمێر پێش دەست پێکردنی کۆبوونەوەی نێوان ئێرانییەکانو قاسملوو، بن بیللا رەسووڵی دیبوو کە یەکجار پەرێشانە.

بەڵام قاسملوو بەو جۆرەی بن بیللا دیبووی «شادو لەسەرەخۆو یەکجار بەهیواو هومێد بوو. دەم زانی دەچوون ئێرانییەکان ببینن. کاتێک لەلای من رۆیشتن، چوونە کۆبوونەوەکە».

بن بیللای پیرو یەکجار ئازا بەرەو حەفتاوسێ ساڵی دەچوو، نەیدەزانی ئەو رۆژە لە کاتی نیوەڕۆیەدا کە دەگەڵ قاسملوو خەریکی قسان بوونو چایان دەخواردەوە، ئێرانییەکان ئامادەیی خۆیان بۆ وتووێژ دەگەڵ وی ئامادە کردوە. بن بیللا نەک هەر قاسملووی زۆر باش دەناسیو دۆستی رەسووڵیش بوو، بگرە یەکێک لە پیاوکوژەکانیشی باش دەناسی. دووساڵ دواتر، بن بیللا کە لەبارەی پیلانە جینایەتکارانەکەدا فکری دەکردەوە، هێشتا کوژرانی دۆستە لاوەکەی وەک برینێک لەسەر دڵی مابۆوە: «داوایان لە رەسووڵی کردبوو شوێنێک بدۆزێتەوە هیچ کەس پێی‌نەزانی. زۆرباش پیلانەکەیان داڕشتبوو. رەسووڵ داوای لە ژنێک بەناوی رێناتا کرد بوو ـ پێوەندیی دەگەڵ ئەو ژنە هەبوو کە لە شاری قاهیرە دەژیا. داوای لێ کرد ماڵەکەی بۆماوەیەک بداتێو بەم شێوەیە هیچ شوێنەوارێکیان لەخۆیان بەجێ نەهێشتبوو. پێم وایە بڕیاریان دابوو ئەویش دەگەڵ وان بکوژن».

عەبدوڕڕەحمان قاسملوو کاتێک لەبارەی بێهێزیو داماویی رێژیمی کۆماری ئیسلامیو ئامادەبوونیان بۆ وتووێژەوە، روانگەی خۆی دەردەبڕی بە هەڵە نەچووبوو. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٨دا شەڕو کێشەیەکی توندوتیژ لەنێوان قۆڵەکانی رێژیمدا سەری هەڵدابوو.

لە دیسامبری ١٩٨٧دا، خومەینی بەڵێنیو پەیمانی سیاسیی خۆی لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیدا بە رێبەرەکانی ئێران راگەیاند. هەموو کەس دەیزانی زۆر نەخۆشە. ژیانی سیاسیو نەتەوەیی وڵات پێوەندیی بە وجوودی کەنەفتی ئەوەوە هەبوو. سەردەمی دوای خومەینی دەستی پێ کردبووو یەک لەنیشانەکانی توندوتیژتربوونی سەرکوتی موخالیفان بوو. هەموو لایەنە سیاسییەکان خۆیان ئامادە کردبوو پاش مردنی خومەینی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن.

چەند حەوتوویەک پێشتر، ئایەتوڵڵا تەباتەبایی قومی کە یەکێک لەو پێنج ئاخوندانە بووو عینوانی «آیت الله العظمی»یان وەرگرتبوو، رێژیمی وەک حکوومەتێکی غەیرە ئیسلامی ناساندبووو درێژەدانی شەڕ لە دژی عێراقی مەحکووم کردبووو رێژیمی بە کوشتنی‌خەڵکانی بێ‌گوناحو رەفتارێکی غەیرە ئینسانی دەگەڵ زیندانییانو زەوتکردنی ماڵو دارایی خەڵکیو هتد، بە کارو کردەوەی جینایەتکارانە ناساندبوو.

لە ئاکامدا، ئەو ئایەتوڵڵا پایەبەرزە لە ماڵی خۆی دەست بەسەر کرا.

سێ‌مانگ پێشتر، لە دیسامری ١٩٨٧دا، دەوڵەت مەهدیی هاشمیی ئێعدام کردبوو  بە «وەرێخستنی شەڕ لە دژی ئیسلامو فەساد» کە لە قانوونی ئیسلامدا دزێوترین جینایەتە، تاوانبار کرابوو. لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩دا لە زیندان هاتە دەرو بەرپرسی بزووتنەوەی جیهانیی ئیسلام بووو لە ژێر کۆنترۆڵی سوپای پاسداراندا، ئەرکی یارمەتیدان بە بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە سەرانسەری جیهانی پێ ئەسپێردرا بوو.

ناوبراو لەسەر بەڕێوەبردنی عەمەلیاتی چەکدارانەی توندوتیژ سوور بوو. دیپلۆماتیکی سووریەو چوار سیاسەتوانی ئەفغانی بە بارمتە گرتبوون. ئەو دیپلۆماتانە بەسواری قەتار دەچوونە شووڕەوی. هەروەها راوێژکاری نیزامیی بە ئەفغانییەکان ناساندبوو بۆ

یارمەتی‌دان بە بزووتنەوە پارتیزانییەکەی ئەفغانییەکان لە دژی شووڕەوی. ئەو شێوەکارانە هەوڵ وکۆششە سیاسییەکانی خامنەیی‌و ڕەفسەنجانی یان لە گرێژەنە بردبوو.

ئاڵوگۆڕەخێراکانو پێک هەڵپرژانی ڕێبەرە سەرەکییەکانی ئێران ببوو بە هۆی ئەوە سیاسەتوانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا پێیان وابێ تاقمێکی لیبراڵو تاقمێکی توندوتیژو کۆنەپەرست لە ئێراندا هەن. بەڵام ئەوەی ڕاست بێ، شتێکی ئەو دوو لایەنەی لێک جودا دەکردەوە جیاوازیی بیروبڕوایان بوو لە بارەی باشتر کردنی پێوەندییەکانیان دەگەڵ ڕۆژئاواو، تاڕادەیەک هاسانترکردنی ژیانی سیاسی‌و ئازاد کردنی هەوڵ و تێکۆشانی ئابووری بوو.

ڕەفسەنجانی، عەلی ئەکبەر ویلایەتی وەزیری کاروباری دەرەوەو ئایەتوڵڵا عەلی مونتەزیری، تەنانەت لەحاڵێکدا ئەوی ئاخریان [مونتەزیری] هەڵوێستێکی توندوتیژی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا هەبوو، بەو حاڵەش لایەنگری پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەو بوارەدا بوو. لەلایەکی دیکەوە، خومەینی دژی هەرچەشنە ڕێگەخۆشکردنێک بۆ باشترکردنی پێوەندی دەگەڵ ڕۆژئاوا بوو.

ساڵی ١٩٨٨، بەهۆی وەڕی کەوتنی شەپۆلێکی توندوتیژی ئێعدام کردنی موخالیفەکان، هەلومەرجەکە زۆر خراپتریش ببوو. زۆربەی قوربانییەکان خەباتکارە چەپئاژۆکان بوون کە لە زیندانەکاندا بوونو هەروەها چەند کەس لە ئاخوندەکانیش. زۆربەی ئەوانە لایەنگری مونتەزیری بوونو توندوتیژی‌و سەرکوتی نێوخۆییان بەتوندی مەحکووم کردبوو.

کەس نەی‌دەزانی ژمارەی ئێعدام کراوەکان چەندە، بەڵام، بەپێی ئەو زانیارییانەی موجاهیدینو حیزبی توودە بڵاویان کردبوونەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی ئێعدام کراوەکانی چەند سەد هەتا پێنج هەزار کەس ڕاگەیاند بوو. ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون «سازمان عفو بین الملل» ڕاپۆرتێکی بەدەست گەیشتبووو تێیدا ژمارەی ئێعدام کراوەکان سێ‌سەد کەس ڕاگەیاندرابوو، بەڵام بە پێی ئاگاداریی ئەو ڕێکخراوەیە بەهەزاران کەس ئێعدام کرابوون. بە پێی یەکێک لە ڕاپۆرتەکان، ٨٥٠زیندانی ئێعدام کرابوونو تەرمەکانیان بەنهێنی لە گۆڕستانی بەهیشتی زەهراو هەموویان بە کۆمەڵو لەیەک قووڵکەی گەورەدا نێژرابوون. دوای ئەو کوشتارە بە کۆمەڵە، ڕاپۆرتێکی دیکە بڵاو بۆوە. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە بەهۆی تەقینەوەیەکو ئاورگرتنی بەشێک لەزیندانی ئێوین لە تاران، ١٦٠٠ کەسیان بە مردوویی دۆزیبۆوە. لەمانگی نوامردا، سی‌وشەش ئاخوندیش ئێعدام کران.

لە ١٤ی ئۆکتۆبری ١٩٨٨دا هەلومەرجەکە بەرادەیەک توندوتیژ ببوو کە مونتەزیری نووسیبووی: «خەڵک هاتوونە لامو شکایەتیان کردوە کە ئەندامانی بنەماڵەکانیان بەهۆی سیاسی بۆماوەیەکی کەم مەحکووم کرابوون، بەڵام، بێ‌هیچ بەڵگەیەکو بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی نوێیان لەسەر بووبێ، ئێعدام کراون. ئەوە شێوەیەک نیە کە دادگاکانی ئیسلامی دەبێ بەڕێوەی بەرن... ئەگەر کاربەدەستانی دەوڵەت هەروا خەڵک بەهیچ بگرن، ئەو خەڵکە بەشێوەیەکی چەکدارانە لە دژی ئێمە ڕادەپەڕن».

لە یەکی مانگی نوامبردا، مونتەزیری نامەیەکی بۆ سەرۆک وەزیر نارد: کەمبوونی خواردەمەنی، جیاوازی‌دانان لەنێوان ئەمو ئەودا، بێ عەداڵەتیی کۆمەڵایەتی، مانگانەی کەم، سەرکوتکردنی بەشێک لەکۆمەڵ، نرخەکەمەر شکێنەکانو هتد ئاکامی سروشتیی شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتن. ئێمە ناتوانین لە ڕێگەی ئەشکەنجەو ئازارو زیندانی کردنی خەڵکو ئێعدام کردنی موخالیفەکانەوە، گیروگرفتەکان چارەسەر بکەین. زۆر بەروونی دیارە، ئەو هەڵسووڕداسوورە سیاسی‌یە سەرکوتکەرانەیە، کۆمەڵانی خەڵکی لە کاربەدەستانی ڕێژیم دوور خستۆتەوە.

ئەوەی زیندانی کردنی بێ‌بەڵگەو ئازارو ئەشکەنجەی خەڵک بۆ مەی بەدیاری هێناوە، دوورکەوتنەوەو تەنیا مانەوەمان لە کۆمەڵگای جیهانی بووە. ئیسلام لەسەر ئەسڵی بەخشینو لێخۆشبوون دامەزراوە. ئێمە هێشتا دەبی دەهەوڵی ئەوەدا بین لەمیراتو بەجێ‌ماوەکانی پێغەمبەر کەلک وەربگرین».

لەنێوەڕاستی مانگی نوامبردا، خومەینی لە ئاماژەیەکی نیوە داپۆشراو بە مونتەزیریدا هێرشی کردە سەر ئەو کەسانەی «لە ڕێگەی شوعارو پڕوپاگەندەی فریوکارانەوە چاوەڕوانیی خەڵک لە ڕێژیم ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەکەن».

دەوڵەت لێخۆشبوونێکی گشتیی ڕاگەیاند. سەرەڕای ئەوەش هێشتا زیاتر لە هەزارکەس لە چەپییەکان لەزینداندا مابوونەوە. ڕۆژی ١٢ی فێوریەی ١٩٨٩، مونتەزیری نووسیبووی: «خەڵکی جیهان پێیان وایە لە ئێران تەنیا کارو ئەرکی ئێمە خەڵک کوشتنە».

بەڵام، خومەینی هەر ئامادە نەبوو لە کەری شەیتان بێتە خوارێو دووڕۆژ دواتر، بۆ ئەوەی پلەو پایەی خۆی بخاتە بەرچاوان فتوای دابوو سەلمان روشدیو ئەوانەی کتێبەکەیان بۆ چاپ کردبوو، بکوژرێن. ناوبراو هاونیشتمانێکی بریتانیایی ـ هیندی بووو کتێبی ئایەتە شەیتانییەکانی نووسیبوو. لە فتواکەیدا داوای لە هەموو موسوڵمانان کردبوو «لەهەر شوێنێک بیان بینن، بیان کوژن».

ڕەفسەنجانییش بەنۆرەی خۆی ڕای گەیاند هیچ لەوە ناترسێ لەسەر «کفرێک لەرادەی جیهانیدا» دەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا تووشی کێشە بێ.

لە ٢٢ی مانگی فێوریەدا خومەینی وتارێکی دا کە بە پێی گۆڤاری میدل ئیست ئینترناشیناڵ لە لەندەن، ڕوونترین وتارێک بوو لەبارەی «گیرەوکێشەی نێوان دووتاقمان کە لە ئێران بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەبەرامبەر یەک ڕاست ببوونەوە».

خومەینی لەو پێوەندییەدا گوتبووی: «هەتا ئەو ڕۆژەی مابم ناهێڵم دەوڵەت بکەوێتە دەستی لیبرالەکان. ...هەرگیز لەو ئەسڵە لانادەم کەدەبێ نە دەگەڵ ڕۆژهەڵات بڕۆ نە دەگەڵ ڕۆژئاوا».

کاتێک دەوڵەتی ئێران لە ئووتی ١٩٨٨دا بڕیاریدا شەڕ لەدژی عێراق ڕابگرێ، ناکۆکیی نێوان توندڕەوەکانو میانەڕەوەکان بەئاشکرایی دەردەکەوت. لەنێو توندڕەوەکاندا، وەزیری نێوخۆیی عەلی ئەکبەری موحتەشەمی، «حجت الاسلام» ڕەیشەهری «دادستان»ی گشتی محەممەد مووسەوی خووەینیو ئەحمەدی خومەینی، کوڕی ئیمام، هەبوون. لەنێو میانەڕەوەکانیشدا ڕەفسەنجانی، مونتەزیریو وەزیری کاروباری دەرەوە، عەلی ئەکبەری ویلایەتی، هەبوون. لەمانگی ئاوریلدا، جارێکی دیکەش هێرش کرایە سەر مونتەزیری، چونکە لەمانگی مارسدا، دیاریکرانەکەی وەک جێنشینی خومەینی ڕەد کردەوەو هەر پاش ئەو ڕاگەیەندراوە، لایەنگرەکانی لە نەجەف ئاباد، شوێنی لەدایک بوونی، کە لە ڕۆژئاوای ئێران هەڵکەوتوە، هێرشیان کردە سەر لایەنگرەکانی خومەینی. لەو شەڕو پێکدادانەدا حەوت کەس کوژران. ڕەفسەنجانی، وەک هەمیشەو کاتێک پێگەو دەسەڵاتەکەی کەوتە مەترسیەوە، بۆجارێکی دیکەش خۆی وەک لایەنگری توندڕەوەکان ناساندەوەو گوتی «تۆڕێکی جاسووسی«یان دۆزیوەتەوە کە لە ماوەی دەساڵی ڕابردوودا ئەمریکا پێکی هێناوە. ڕۆژنامەی میدل ئیست ئینترناشیناڵ نووسیبووی ستراتیژیی ڕەفسەنجانی هەمیشە ئەوە بوو. «هەرکات نزیک بووە دەسەڵاتی خۆی لەدەست بداو دوژمنەکانی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، خۆی وەک قارەمانو دابینکەری ویستو داخوازەکانی ئەوان ڕاگەیاندوەو لە ئاکامدا بەسەریاندا زاڵ بۆتەوە.

بارودۆخی ئابووریی ئێران خراپ بوو. بەپێی وتەکانی قاسملوو، شەڕەکە ٣٠٠ میلیۆن تا ٥٠٠ میلیۆن دۆلاری ئەمریکایی خەرج هەڵگرتبوو. تەنیا چاک کردنەوەی تێرمیناڵی نەوتی خارک پێویستی بە ٥٠٠ میلیۆن دۆلاری ئەمریکاییو هەژدەمانگ کار هەبوو.

بەڵام، خراپترین پێشهات بۆ ڕێژیم لە قاودانەکەی گۆڤاری حەوتوانە «الشراع»ی لوبنانی بوو. لەوتارێکی ئەو ڕۆژنامەیەدا هاتنی مەک فارلێن، ڕاوێژکاری سیاسیی دەوڵەتی ئەمریکا لەمانگی مای ١٩٨٦دا بۆ تاران ئاشکرا بوو. ناوبراو بۆ بە نهێنی فرۆشتنی چەکوچۆڵی ئەمریکایی بە ئێران بە شێوەی نهێنی ئەو سەفەرەی کردبوو. لایەنگرەکانی مەهدیی هاشمی بەوە تاوانبار کران ئەو کارە شاراوەیان درکاندوە. ئەو ڕووداوە لە سەرانسەری جیهان وەک «ئێران گێیت» واتە «ئابڕو چوونی ئێران» ناوی دەرکرد.

دوای گیرانی هاشمی، مونتەزیری چووە تارانو دەگەڵ خومەینی دانیشتو بە قازانجی هاشمی نێوبژیوانییکرد. دوای ئەو دانیشتنەی دەگەڵ خومەینیو ڕەخنەگرتنەکەی لە هەڵوێستی توندوتیژی ڕێژیم لە بەرامبەر ئۆپوزیسیۆندا، وردەوردە نفووزو دەسەڵاتی لە کەمیەیدا. سەرەڕای ئەوەی ڕەفسەنجانی دەستی لەوکارە ئابڕووبەرانەیەی «ئێران گێیت»دا هەبوو، بەو حاڵەش بە کەلک وەرگرتن لەتوانا فێڵبازانەکەی، دەسەڵاتی خۆی زیاتر بردەسەرێ. لەمانگی مایدا، جارێکی دیکە بۆ سەرۆکایەتیی پارلمانی ئێران هەڵبژێردرایەوە. پاشان، لەمانگی ژوئەندا، ئیمام بۆخۆی ڕەفسەنجانیی وەک جێگری فەرماندەری گشتیی هێزە چەکدارەکان دیاری کرد. ئەوەش نەخشێک بوو هەتا

ئەوکاتی سەرۆک کۆمار، خامنەیی، دەیگێڕا. بەم جۆرە، رەفسەنجانی پێگەی دەسەڵاتی خۆی ئەوەندەی دیکە بەهێز کرد: بەرپرسی کاروباری شەڕ، فەرماندەری ئەرتەش، سوپای پاسداران‌و هێزەکانی پۆلیس‌و بەسیجییەکان بوو. هەوڵ و کۆششەکانی مونتەزیری بۆ پێشگرتن بە رەفسەنجانی بۆوەی چی‌دیکە لەنەردیوانی دەسەڵات وەسەر نەکەوێ، بێئاکام مانەوە. کەندال نەزان، بەرپرسی ئەنستیتووی کورد لە پاریس دەیگوت: «ڕێژیمی ئێران تێکەڵاوێکە لە پێکهێنەران. داروودەستەی توندڕەوەکان هەمیشە دەیانەویست کەسایەتییە پایەبەرزەکانی لایەنی ئۆپۆزیسیۆن لەنێو بەرن، ئەوکەسایەتییانەی لەنێوخۆی وڵات‌و بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵات لایەنگرانێکی یەکجار زۆریان هەبوون، موحتەشەمی کە وەزیری نێوخۆیی بوو، سوێندی خواردبوو هەموو ئەو کەسایەتییە فاسیدانە لەنێو بەرێ کە خەڵکی موسوڵمانیان کوشتبووو لە دژی کۆماری ئیسلامی خەباتیان کردبوو».

لەوهەلومەرجە پڕلەگێرەوکێشەیەدا، قاسملوو هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە رەفسەنجانی بۆ وتووێژ بە تەواوی ئامادەیە. لە ئۆکتوبری ۱۹۸۸داو لە شاری مادریدو دوومانگ پێش وتووێژەکانی دەگەڵ نوێنەرەکانی ئێران گوتبووی: «ئێران بەتەواوی لەپێ کەوتوە». زیاتر لە یەک میلیۆن کەس کوژرابوون یان مردبوون؛ سەدان خوێندنگەو نەخۆشخانە بەتەواوی تێک رووخابوون؛ بەمیلیۆن کەس لە ماڵەکانیان دەرکرابوون‌و زەوی‌وزارەکانیان لێ ئەستێندرابوو، لاوەکان سەرپێچی‌یان لە چوونە بەرەکانی شەڕ دەکرد.قاسملوو دەیگوت «بەتەنیا مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە رادەی نێونەتەوەییدا بەهۆی کارە تیرۆریستییەکانی‌و بایەخ دانەنان بۆ مافی مرۆڤ‌و نەپاراستنی رێزی رێ‌وشوێنە دیپلۆماسییەکان بووە. گیروگرفت لەزەمینەی گیروگرفتی سەر رێگەی کڕین یان وەرگرتنی چەکوچۆڵدا دەبێ لەو فاکتەرە نێوخۆییانە زیاد بکرێ کە بەهۆی گێرەوکێشەی نێوان رێبەرەکانی سەرووی رێژیم‌و ترسوخۆفی تاقمی رێبەرایەتییەوە سەریان هەڵدابوو. پاڵەپەستۆی هێزەگەورەکانی کەنداو [ی فارس]و بەتایبەتی هی ئەمریکا، دەسەڵاتی لەرزۆکی ئایەتوڵڵاکانی ئەوەندەی دیکە بێ‌هێز کردوە. دەوڵەتی ئێران، لەژێر رێبەرایەتیی خومەینیدا لەوە حاڵێ بووە کە درێژەدان بەشەڕەکە دەسەڵاتی رێژیمی ئیسلامیی خستۆتە مەترسییەوە. ئەوە بۆ خاتری پاراستنی دەسەڵاتیان بوو کە سەرۆکە ئایینییەکان ناچار بوون مل بۆ ئاگربەس ڕاکێشن.»

شەڕی نێوان ئێران‌و عێراق تەواو ببوو، بەلام، قاسملوو نەی‌دەتوانی ئەو راستییە لەبەر چاو نەگرێ کە مێژوو دووپات دەبێتەوەو دەوڵەتەکانی تاران‌و بەغدا بۆ تێک شکاندنی بزووتنەوەی کورد بە رێککەوتنێک دەگەن. قاسملوو دەیگوت: «ئەوە خراپترین رێگەیە هەڵیان بژاردوە. لەم هەلومەرجەدا کوردان تەنیا یەک رێگاچارەیان هەیە: بەکگرتوو بن‌و بەهەر شێوەیەکی بۆیان دەگونجێ دیفاع لەخۆیان بکەن. رێگام بدەن بەروونی بیروبڕوای خۆم دەربیڕم: ئەمجارە تەسلیم بوونێک دەگۆڕێدا نیە. ڕاپەڕینی کوردەکان لە شارەکان‌و ناوچەکانی دەوروبەری شارەکان هەروا درێژەی دەبێ‌و لەهەموو شێوەیەکی خۆڕاگرتن کەلک وەردەگرین. ئێستا لەکوردستان بزووتنەوەیەکی بەباشی سازماندراو لە گۆڕێدایە رێبەرایەتییەکی شۆڕشگێڕیش ئەو بزووتنەوەیە بەرێوە دەبا.

«هەتا ئەو رۆژەی مەسەلەی کورد چارەسەر نەکرێ، هیچ چەشنە ئاشتییەک ناتوانی بێتە گۆڕێ. سنوورێکی بە درێژایی زیاتر لە ۵۰۰ کیلۆمیتر عێراق‌و ئێران لێک جیا دەکاتەوە بەکوردستاندا تێ‌دەپەڕێ‌و ئەو ناوچەیەش لەژێر کۆنترۆڵی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دایە. کوردەکان دەبێ تێ‌بکۆشن گیروگرفتە نەتەوایەتییەکەیان بکێشنە رادەی نێونەتەوەییەوە. ئەوە بەراستی جێگەی داخە تەنیا ئەوکاتە مەسەلەی کورد زەینی کۆمەڵگای جیهانیی بۆلای خۆی راکێشا کە کوردەکانی عێراق کەوتنە ژێر بۆمبارانی شیمیایی.

# بڕگەی شەشەم

# پیاوکوژەکان

وەرن با پێکەوە چاو لە شوێنی جینایەتەکە بکەین: سێ کوردو دوو ئێرانی لەمیوانخانەی ماڵێک دانیشتوون. کاناپەیەک، چەند دانە مۆبلێ یەک نەفەری‌و چەند سەندەلیی هۆدەی نانخواردن لەدەوری مێزێکی نەوی دانراون. بەشی پێشەوە ئەو دەرگایەیە کە پێیدا هاتوونە ژووری میوانخانەکە. دەرگایەک، پەنجەرەیەک، قاتی پێنجەم.

کوردەکانو ئێرانییەکان بۆ ماوەی دوو کاتژمێر قسان دەکەن... دوایە، جینایەتەکە ژمارەیەکی زۆر لە پرسیارەکان بێوەڵام دێڵێتەوە. بۆ وێنە: کام یەک لە ئێرانییەکان وتووێژەکەی ڕاگرتو چەکەکەی خۆی دەرهێنا؟ سەحراڕوودی دەمانچە بارێتاکەی دەرهێنا، یان مستەفەوی لاماکەی؟ چەکەکان لەکوێ بوون؟ داخوا پێشتر هەر لەوماڵەدا شاردرابوونەوە؟ لە حەمامەکە، لە ئاشپەزخانەکەو چاوەڕوانی ئەوە بوون کەسێک بێ هەڵیان گرێ؟ بڵێی لەژێر سەندەڵییەکانی میوانخانەکەدا نەبووبن؟ یان ئەوێ رۆژێ، ئایا ئێرانییەکان لەپێشدا بە چەکەکانیانەوە هاتبوونو ئەو چەکانەیان هێنابووە ماڵی ژمارە پێنج لە گەڕەکی لینکن باهنگاز؟ داخوا ئەوە کارێکی دژوار نەبوو بەدوو دەمانچەو تیربارێکەوە وەژوور ماڵ کەوتبن بێ ئەوەی زەینی هیچ کەسیان بۆلای خۆیان ڕاکێشابێ؟ داخوا ڕاستەوخۆ دەستیان بەو ئاپارتمانە ڕاگەیشتوەو بۆخۆیان وەژوور کەوتوون یان ڕەسووڵ دەرگای ماڵێ یارەکەی خۆی بۆ کردوونەوە؟

نیگابانەکەیان، بوزورگیان، لەکوێ بوو؟ ئایا لە ئاپارتمانەکە وەدەر کەوتبووو چووبوو چەکەکان بێنێ؟ ئێرانییەکی بچێتە پێتەختی وڵاتێکی ئورووپایی بۆ ماوەیەکی ئاوا دوورو درێژ پێوەندییشی دەگەڵ باڵوێزخانەی خۆیان هەبێ ناتوانێ هەروا هاسان لە ژێر چاوەدێریی دەزگای خزمەتە نهێنییەکانی ئەو وڵاتە دەرباز بێ. ناوبراو مانگێک پێش دەستپێکردنی وتووێژەکان هاتبووە ڤییەنو بە ئاشکرا دەگەڵ فازیل ڕەسووڵو فەوزیی برای مولاقاتی کردبوو.

نیگابانێکی زۆر بەسەلیقە بوو. براگەورەکەی ڕەسووڵ لە بارەی ویدا دەیگوت: «پیاوێکی تێگەیشتووو بەئەدەب بوو. زۆرباش بەڵەدی شارەکە بوو. خەتی پاسەکانو تراماوا ڕێستوورانە ڕۆژهەڵاتییەکانی زۆر باش دەزانی. بەیەکەوە دەچوونە دەرو لەبارەی سیاسەتدا بەگشتیو، بەتایبەتی لەبارەی ژیان لە ئێرانو ئەو ئاڵوگۆڕانەدا کە لەوانە بوو لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی ڕەفسەنجانیدا بێنە پێش قسەیان دەکرد. بوزورگیان ئەو ڕاستییەی نەدەشاردەوە کە وەک نوێنەرێکی دەوڵەتی ئێران هاتۆتە ئوتریشو لەوە کە خەرجی ژیان لەو وڵاتە یەکجار لەسەرێ بوو کەمێک نارەحەت بووە. لە هۆتێلێکی ئەو نزیکانە بەناوی پۆست نیشتەجێ ببووو هەتا ئەو کاتەی فەوزی بردبووی بۆ هۆتێل دیناووالتزێر، ڕۆژانە دەبوو حەوسەد شیلینگ بدا بە هۆتێل پۆست. بەڵام ئەو هۆتێلەیان لە دووسەد شیلینگیش کەمتر بوو. کاتێک سەحراروودیو مستەفەوی گەیشتنە ڤییەن، دەگەڵ وان چووە هوتێل سیتیگل ـ براو.

ئەوە شتێکی سەیر نیە کابرایەکی وەک ئەو کە خواردەمەنیی زۆرباشی پێخۆش بوو بچێتە مەکدۆناڵد. چونکە، هەروەک بە پۆلیسیشی گوتبوو تەنیا دەیتوانی بەسواری پاس لە ئێزگەی ڤۆردێر... بگاتە ئەو شوێنە دوورە. دوای دابەزین لە پاسەکەش دەبوو ڕێگەیەکی دوورو درێژی پڕ لە دوکانو فروشگە ببڕێ کە لە گالێریان [قەیسەرییان] هەڵکەوتوون. ڕێستوورانێکی ئەمریکاییش لە ئاخری قەیسەرییەکە هەیە.

بەڵام هیچ کام لە قسەکانی بوزورگیان تۆسقاڵێکیان پێوەندی بە یەکترەوە نەبوو. هیچ کام لەو قسانەی بە پۆلیسەکانی دەگوتن نەیان دەتوانی ئەو ماوەیە پاساو بدەن کە دەیگوت خەریکینانخواردن بووە. نەی دەتوانی ئەوە ڕوون کاتەوە چۆن کابرایەکی نیگابان دەتوانێ ماوەیەکی ئاوا دوورودرێژ لە شوێنی خۆی نەبێ. نەشی دەتوانی لەتاران بە هیچ شێوەیەک دوورکەوتنەوەکەی خۆی لەو کەسە پاساو بدا کە دەبوو ئاگای لێی بێ، بەڵام بەجێی هێشتوەو کاتێک لەوێ نەبووە بریندایان کردوە. ئەوەشی هەرگیز نەدرکاند کاتێک سەحراڕوودیی بەبرینداری بەجێ هێشتبوو، چووبوو تەلەفون لەکێ بکا.

لەلایەکی دیکەوە، پۆلیسی ڤییەن ئاگادارییەکی باشی لەبارەی سەحراروودییەوە هەبوو. فەرماندەی پاسدارانی شۆڕش بووو ڕەفسەنجانیو عەلی خامنەیی (کە لە بەرەبەرەی تەواوبوونی دەورەی سەرۆک کۆمارییەکەیدا بوو) بەتەواوی لێیئەرخەیان بوون. لەکاری جاسووسیو کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ئەمو ئەودا یەکجار کارلێهاتوو بوو.

هەرچەند بە پاسپۆرتێکی سیاسییەوەو بە ئیمزای عەلی ئەکبەری ویلایەتی، وەزیری کاروباری دەرەوە، هاتبووە ڤییەن، بەو حاڵەش خۆی بە کاربەدەستانی دەوڵەت لەوشارە نەناساندبوو. بەڵام، ئوتریشییەکان ئەویان وەک کڕیاری چەکوچۆڵ دەناسی. ساڵی ١٩٨٤، دەگەڵ ئەلیاس ڕەحیمی، وەک نوێنەرێکی ڕەسمیی وڵاتەکەی، چووبووە ئاتێن [پێتەختی یۆنان] بۆ بەشداری لە کاری کڕینو فرۆشتنی چەکوچۆڵدا.

سەحراروودی کە لەبارەی کوردانذا زانیارییەکی تەواوی هەبوو دەگەڵ دایرەی ئەمنیەتی سوپای پاسداران کاری دەکردو بەرپرسی کاروتێکۆشان لە ناوچەکانی سنووری رۆژئاوای ئێران بووو دەگەڵ بزووتنەوە جیاوازەکانی کوردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق پێوەندیی هەبوو. گرنگترین رێکخراو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی جەلال تاڵەبانی بوو کە زۆرجار لە تاران دەیدی.

تاڵەبانی دەیگوت: «ئەندامێکی گرنگی سوپای پاسداران بوو. پیاوێکی بالآبەرزو لەسەرەخۆو ساردو سڕو بێدەنگ بوو. هەمیشە لایەنگری چارەسەری مەسەلەی کورد بەشێوەی ئاشتیخوازانە بوو. بەوجۆرەی خەڵک باسیان دەکرد هەرگیز هاوکاریی ساواکی نەکردبوو. لاوێکی بەهەستو لایەنگری خومەینی بووو پێش شۆڕشی ئیسلامی هاوکاریی ئیمامی دەکرد. هەمیشە وەک پیاوێکی باش خۆی دەنواند. نوێنەری رەفسەنجانی بوو».

پاش یەکەمین وتووێژ، قاسملوو سەحراروودیی پێ پیاوێکی «خوێن شیرین» بوو، بەڵام پێی وابوو موستەفەوی کابرایەکی بێ ئەدەبە. کەچی، عەبدوڵلا هیچ جیاوازییەکی لەنێوان ئەو دووانەدا نەدەدیو رقو قینی خۆی لەدژی هەردووکیان دەردەبڕی.

بن بیللا دەگەڵ روانگەی تاڵەبانی نەبووو لە١٦ی مانگی مای ١٩٩١دا، لە ئەلجەزایر لەوتووێژێک دەگەڵ خۆمو یەکێک لە هاوکارەکانمدا بەروونی هەستی خۆی دەربڕیو گوتی: «ئەو پاسدار بووە. رۆژێکیان بەناوی رێبەرێکی ئێرانی هاتەلامو داوای لێکردم رێگا چارەیەکی بۆ مەسەلەی کورد بۆ بدۆزمەوە. ئەوە ساڵێک پێش جینایەتەکە بوو. بۆماوەی یەک یان دوو کاتژمێر لەماڵی رەسووڵ بووین. بە عەرەبی قسەی دەکردنو ئەنوەریش نەخشی دیلمانجی دەگێڕا.

«خومەینی هێشتا مابوو. بە سەحراروودیم گوت گیروگرفتی کوردەکان برینێکی لەمێژینە لە شۆڕشی ئیسلامیدایە. گیروگرفتەکە لەچەند ولآتێکدا هەیە. «ئەگەر ئێوە بتوانن رێگە چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە، ئەوکات ئێوە بەروونی دەری دەخەن کە شۆڕشی ئیسلامی دەتوانێ رێگەچارەیەکی دیموکراتیکیش ببینێتەوە». زۆر بابەتی دژواری وەک ئەوەم لەبارەی شۆڕشی ئیسلامییەوە پێگوت. «خوێنێکی یەکجار زۆر دەرژێ. ئەوە بەو مانایە نیە کە نابێ هیچ خوێنێک برژێ، بەڵام دەبێ هەوڵ بدەین رادەی ئەو خوێنرژانە کەم کەینەوە«. لە کاتێکدا قسەکانم دەکرد، ئەو خەریک بوو یادداشتی دەکردن».

بن بیللادەیگوت سەحراروودی قەدوبالآیەکی مامناوەندیی هەبووو بەهێز بوو. لە تەمەنی سیوپێنجو ئەوپەڕەکەی چل ساڵیدا بوو.

لێمان پرسی: پیاوێکی تێگەیشتوو بوو؟

بن بیللا لە وەلآمدا گوتی: بەڵێ.

کادرێکی سیاسی بوو؟

«پیاوکوژەو خووی بە کوشتنی خەڵک گرتوە. یەکجار لەسەرەخۆو کەم قسەیەو گەرم وگوڕ نیە. بەڵام دەگەڵ من هەم لەسەرەخۆ بووو هەم بەڕاشکاوی قسەی خۆی دەکرد. کابرایەکی پاسدارەو خووی بە تفەنگ هاویشتن گرتوە».

سەرۆک کۆماری پێشووی ئەلجەزایر دەیگێڕایەوە: «ئێوە نابێ یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی ئێرانییان لەبیر بکەن. ئەویش «تقیه»یەو بە درێژایی مێژوو هەمیشە بە دوو شێوە قسەیان کردوەو دەیکەن بۆوەی خۆیان بپارێزن. بۆ ئەو شێوە رەفتارە [«تقیه»]  رێگەی پێداون.

پۆلیس لەبارەی مستەفەویدا زۆرکەمی زانیاری هەبوو. یەکێک لە ئەفسەرەکانی دەزگای ئەمنیەتیی ئێران بووو محەممەدی رەیشەهری تەواو متمانەی پێی هەبوو. رەیشەهری وەزیری «اطلاعات»و یەکێک لە هەڵۆکانی رێژیم بوو.  مستەوفی هەروەها بەرپرسی کارە نهێنییەکان لە رۆژئاوای ئێران، واتە کوردستان، بوو. ژنێکی کوردی سەر بە بنەماڵەی بارزانیی خواستبوو.

ئەو یەکەمین کەس بوو کە لەدوای جینایەتەکە لە ڤییەن هەڵات. هێندێک لە شایەدەکان دەڵێن لە شەقامو لە نزیک سەحراروودیی برینداریان دیبوویان. پاشان شۆفیرێکی تاکسی کە بردبوویە فرۆکەخانە، ناسیبوویەوە.

کاتێک بە تاکسییەکە وەرێدەکەوێ داوا لە شۆفیرەکە دەکا بی باتە باڵوێزخانەی ئێران لە ژێن ژۆرێسگاز.

تاڵەبانی بەئاگاداریی تەواوەوە دەیگوت: «دوای حەوتوویەک مستەفەوی بە ئازادی بە شەقامەکانی تاراندا دەگەڕا. هەروەک سەحراروودی بە پاسپۆرتێکی سیاسی هاتبووە ئوتریش».

بەپێی یەکێک لە زانیارییەکان مستەفەوی بە موتور سیکلێتێکی سووزووکی هەڵاتبوو. رەنگە زۆر بە پەلە لێی خوڕیبێ، چونکە دواتر پۆلیس ئاوێنەیەکی سووزووکیی دۆزیبۆوە. سەحراروودی لە رۆژی ١٠ی ژانویەدا ئەو موتۆر سیکلێتەی کڕیبوو. بەهۆی ئەو کاغەزانەی لە زبڵدانەکەدا دۆزیبوویانەوە، پۆلیس توانی کابرای فرۆشیار ببینێتەوەو بەو پێنج وێنانەی بە کاغەزەکانەوە بوون، سەحراروودییان ناسیبۆوە. پۆلیسەکان کابراکەیان بردە نەخۆشخانەو فەرماندەکەی پاسدارانیان [سەحراروودی] پێ نیشان دا. کابرای فرۆشیار بێ هیچ چەشنە شکو گومانێک ناسییەوە. ئەوە لە رۆژی دووشەممە ١٩ی ژووئیەی ١٩٨٩دابوو.

دوانیوەڕۆیەکی یەکجار سارد لەمانگی فێوریەی ١٩٨٩ هێلین لە هۆدەکەی خۆی هاتە دەر کە لە ئاپارتمانێکی شاری ڤییەن بوو. سەرماکە ببوو بە هۆی ئەوە هەر لە جێگەکەی خۆیدا راکشێ. شەقامەکانی ڤییەن پڕلە بەفر بوونو کزەبا ساردەکەش هەموو ئەوانەی بە شەقامەکاندا دەڕۆیشتن تەواو سڕ کردبوو. هێلین بۆرۆژی دواتر کۆنفرانسێکی رۆژنامەیی پێک هێنابوو. وەزعی بەدەنیی باش نەبوو. بۆیەش ئەوانەی دەبوو وتووێژیان دەگەڵ بکا، لەوە نیگەران بوون کە نەکا لەبەر نەساغییەکەی نەتوانێ لەکاتی بەرنامەکەدا بگاتە شوێنی دیاریکراو.

سەرەڕای ئەوەش ناچار بوو ئەورۆژە کارەکە بەڕێوە بەرێ. ژمارەیەک لە دادوەران و کەسایەتیی فەڕانسە و ئەڵمان و وڵاتانی دیکە هاتبوونە ڤییەن بۆئەوەی لەو بەرنامەیەدا بەشدار بن. دوای سەرنەکەوتنی هەمووهەوڵ و تەقەلا قانوونییەکان دەیەویست پێیان بڵێ بڕیاری داوە دەوڵەتی ئوتریش بکێشێتە دادگا. هیچ ڕێگەیەکی قانوونی لەگۆڕێدا نەبوو بۆ ئەوەی بتوانێ وەزیرێک، دەوڵەت یان سەرۆک کۆمار بکێشێتە دادگا. بەپێی قانوونی سەیروسەمەرەی ئوتریش، دەبوو لەدژی تەواوەتی ئەو وڵاتە سکاڵا بکا.

لە هاڵێکی چکۆلەی کافەی لاندمان لە ڤییەن، هێلین لە پشت میزێک دانیشتبوو، بەکاغەزو نووسراوەکانیدا دەچۆوە. لەنێو ئەو کاغەزانەدا بەڵگەی قانوونی، ژمارەیەک وتار بە زمانی ئەڵمانی، شتی تەرجەمەکراو بە فارسیو ئینگلیزیو هێندێک راپۆرتی بە فەرانسەییش هەبوون. یەکێک لەو بەڵگانە هی چواری سپتامبری ١٩٨٩و لەلایەن دایرەی ناوەندیی پۆلیسی جینایی سەر بە وەزارەتی نێوخۆی ئیتالیا بوو. بە زمانی فەرانسە بە وەزارتی نێوخۆیی ڤییەن (لە وەڵامی داخوازیژمارە ٢٣ی ئاوگوستی ١٩٨٩دا ١= ٢٩٧/١ ١،٢٦٣) راگەیەندرابوو. ئەو راپۆرتە لەبارەی دوو چەکاندا بوو کە لە جینایەتەکەدا کەلکیان لێ وەرگیرابوو:

- دەمانچەیەکی باریتای مۆدێرنی ٧٠ کالیبری ٦/٧٥ میلی میتر. ژمارەکەی لە کارخانە لێی هەڵکەندرابووو ساڵی ١٩٨٠ لە دامەزراوی گاردۆنڤاڵ ترۆمپیا برێشیا دروست کرابووو بۆ فرۆشتنی لە دەرەوەی وڵات ناردرابوو. لەبەرزگی دەمانچەکە شێوەی دابەزاندنی لەژێر دوگمەیەک نووسرابوو. ئەو چەکانە بۆ فرۆشتن بەرێ کرابوونە بازاڕی ئیتالیاو وشەی «مۆنتاگیو»یان لەسەر نووسرابوو.

دەمانچەیەکی باریتای مۆدێرنی ١٢/٥ بە کالیبری ٩میلیمیتری بە ژمارە ٠٠٠٣١ F کە ناوی کارخانەکەی لەسەر هەڵ کەندرابوو، بەڵام ئادرێسی کارخانەکەی دیار نەبوو. لیستێکی چەکوچۆڵ (حەوت لاپەڕە) کە ژمارەی دروست کردنەکەیان بەپێتی F دەستی پێدەکردو لەکۆتاییدا بە ژمارەی ٣١ تەواو دەبوو.

چەکێکی دیکە کە لە جینایەتەکەدا کەلکی لێ وەرگیرابوو، دەمانچەیەکی لامابوو کە هەتا ساڵی ١٩٨٢ پۆلیسەکانی ئیسپانیا کەلکیان لێ وەردەگرت. لە شاری گوریناو لە باسکو لەلایەن کۆمپانیایەک بەناوی گابی لۆندۆوە دروست کرابووو یەکێک لە باشترین دەمانچەکانی ئەو سەردەمە بوو.

ئیسپانیا یەکێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان لە بواری دروست کردنی دەمانچەدایەو زۆربەی ئەو دەمانچانەش - بێجگە لە بازاڕەکانی دیکەی جیهان - وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین دەیانکڕن. ئیسپانیا دەمانچەی لاما، ستارو ئاسترائونسێتا دروست دەکا. ئەو دەمانچانە هەر یەکەی ١٥ فیشەک دەخۆن.

دەمانچەکانی لاما فیشەکی پارابیلۆم دەخۆنو گوللەکانیان وەهەر شوێنێک بکەون کەوانە دەکەن. هەربۆیەش یەکێک لەو گوللانە کەوانەی کردبوو،و وە سەحراروودی کەوتبوو. بێجگە لەوەش دەکرێ دەزگای بێدەنگ کەرەوەشیان بخرێتە سەر. هەربۆیەش ئەوانە باشترین چەکن بۆ تیرۆریستەکانو پیاوکوژە پیشەییەکانی سەرانسەری دنیا.

بەپێی زانیاریی رەسمیی پۆلیسی ئیسپانیا، لەو چەندساڵەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی باسک خەریکی فرۆشتنی ئەو چەکانە بە دەوڵەتی ئێران بوون.

# بڕگەی حەوتەم
# وتووێژ

بێجگە لەو ئێرانییانەی ئێستاش کەس نازانێ لەکوێن، کاسێتەکان تەنیا شایەدێکن بۆ ئەو قسانەی رۆژی پێنج شەممە١٣ی مانگی ژووئیەی ١٩٨٩ ئێرانییەکانو کوردەکان بەیەکەوە کردوویانن. زۆر وێدەچێ ئەو کاسێتانەی لە کیفەکەی عەبدورڕەحمان قاسملوودا دۆزرابوونەوە دەستکاری کرابنو راست ئەو کاسێتانە نەبن کە قسەکانی ئەورۆژەیان لەسەر تۆمارکرابوو. رەنگە کەسێک وەک بەشێک لە بەرنامەی جینایەتەکە ئەو کاسێتانەی ساز کردبن بۆوەی لێکۆڵینەوە بێئەملاو ئەولاکە بشێوێنن.

بەڵام هەڵسەنگاندنو لێکدانەوەکان بەجێی خۆیانو لەبەر ئەوەی ئەوانەی شایەدی ئەو جینایەتە بوون هەموویان خۆیان شاردۆتەوە، کاسێتەکان بۆ روون کردنەوەی رووداوەکەی لینک باهانگازی٥، باشترین شایەدن.

سەحراروودی بە گوتنی ئەوە کە کۆمەڵگای ئێرانی پێی خۆش نیە خۆی گرفتاری ئەو گرفتانە بکا کە خودموختاریی کوردەکان بۆی دەخوڵقێنێ، دەیگوت ئێران لەشەڕ دەگەڵ عێراق نیگەرانەو ئاگربەسی ئەم دواییانە لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە پێویستیی بە ئازایەتییەکی یەکجار زۆر هەبوو. هەروەها دەیگێڕایەوەو دەیگوت خومەینی بۆخۆشی لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە راگرتنی شەڕ لەدژی عێراق راست وەک «خواردنەوەی جامی ژەهر»ە. سەحراروودییش بە جەخت دانانەوە دەیگوت: «ئێمە نامانەوێ خودموختاری وەک درووییەک لە گەروومان هەڵ چەقێ».

ناوبراو لە یەکێک لە قسەکانیدا لەبارەی ئابوورییەوە بە دووپات کردنەوەی دروشمی شیعەکان هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە هەتا ئەوکاتی گوتی: ئیسلام دژی سەرمایەداریو سۆسیالیزمە چونکە ئیسلام شێوەی تایبەتیی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت هەیە. هەروەها گوتیشی: «دەکرێ خودموختاری وەک شێوەیەکی ئابووری چاو لێ بکرێ».

قاسملوو قسەکانی بڕیو گوتی: «ئێمە دەگەڵ ئەو روانگەیە نیین».

ئەویش لە وەڵامدا گوتی: «باشە، هێندێک کەس بەوە دەڵێن خودموختاری، هێندێک کەسی دیکەش پێی دەڵێن ویلایەتو هتد. بەڵام، راستییەکەی ئەوەیە دوژمنانی وەک ناتۆ دەتوانن خودموختاری وەک بابەتێکی سیاسی هەڵسەنگێنن. ئەوە بەرەوجودایی خوازی دەچێ! و ئەوە بابەتێکە دەبێ باسی لەسەر بکرێو ئێمە ناتوانین لێرە بڕیاری لەسەر بدەین. ئەوە پێوەندیی بە حدکاوە نیە. وەڵامەکەی ئەوەیە: تەنیا مەبەستی ئێمە لەو کۆبوونەوەیە روونکردنەوەی پێوەندیی نێوان حدکاو کۆماری ئیسلامییەو هیچی دی».

کاتێک دەمانچەکانیان دەرهێنا، قاسملوو دەرفەتی هیچ دژکردەوەیەکی نەبوو. پیاوێکی بەئیرادەو کارلێهاتوو بوو. لەسەردەمی لاوەتیدا هەر زوو دەستی دەدایە دارێکو لەبەرامبەر برا گەورەکەیدا هەڵوێستی دەگرت. جارێکیان هێلین دەیگوت زۆرچاکی نیشانە دەنگاوتو دەیتوانی بە بەردی پشیلەیەک یا سەگێک بنگێوێو بیکوژێ.

هەتا ڕۆژێک بەچاوی خۆی نەیدی، هێلین پێی وابوو شتی گەورە دەکاتەوەو زۆری تێدەگرێ. لەو ڕۆژەدا دەگەڵ چەند کەسێک لە ئاشناکانیان لە دەشتەکانی دەوروبەری ورمێ دەگەڕان. لەنەکاو مارێک بەسەر ڕێگاکەیاندا تێدەپەڕی. لە حاڵێکدا مارەکە ڕاست ببۆوەو ئامادەی هێرش کردن بوو، قاسملوو کە لەلایەکی ڕێگەکە ڕاوەستابوو، لە وەزعەکە ئاگادار بوو. درێژایی مارەکە بەڕادەی باڵای پیاوێک دەبوو. ڕەحمان بە ئەسپایی لێی چووە پێشو بەردێکی تێگرت. هێلین لەبەر خۆیەوە گوتبووی: «تازە تەواو بوو»و پێی وابوو ناتوانێ بە بەردەکە بیهەنگێوێ. مارەکە لە ناوچەکە بەمارێکی یەکجار خەتەرناک دەناسراو ژەهرێکی تەواو کوشندەی هەبووو پێی وابوو هەر ئێستا هەردوویان دەکوژێ. بەڵام، قاسملوو بە بەردەکەی ئەنگاوتیو ئەو مارە زەلامەی بەتاقە بەردێک کوشت.

بەڵێ، پیاوێکی ئەهلی عەمەل بوو. بەڵام نە «کاوبۆی»بوو نە پیاوێکی تفەنگچی. بێرنارد کووشنێر، وەزیرو پزیشکی فەرانسەیی، دەیگێڕایەوە قاسملووی بە پێچو کڵاوێکەوەو دەمانچەیەک لە بەر پشتێندیدا دیوە: «هەر ڕاست وەک پێشمەرگەیەکی ئۆپێرایی دەچوو». کووشنێر زۆرجار دەیگوت: ئەرێ پێشمەرگەیەکی وەک ئەوو لەتەمەنی پەنجاوهەشت ساڵیدا ئەگەر لەنەکاو چەک کرابا دەیتوانی چ بکا؟ یان پێشمەرگەیەکی دێرینیوەک عەبدوڵڵاکە ئێستا لە ئورووپا سەرگەرمی کاری سیاسییەو بۆماوەی دوو ڕۆژان دوچاری دەردوئێشی مێعدە ببوو؟ داخوا قاسملوو دەرفەتی ئەوەی هەبوو چاوێک بەهەلومەرجەکەدا بخشێنێو بە مانۆڕێک خۆی دەرباز کا؟

ساڵی١٩٥٧، ساواک گرتبوویو وەک سیخوڕێک تاوانباری کردبوو. قاسملوو بۆماوەی دووحەوتوو لە بەرامبەر لێکۆڵینەوەو پرسیارەکانی کاربەدەستێکی ساواکدا خۆی ڕاگرتبووو ئاخرییەکەی توانیبووی بە داستانو سەربردەیەک کە بۆخۆی سازی کردبوو کابرای بەرپرس هەڵخەڵەتێنێ. ساواکییەکە قسەکانی قاسملووی قبووڵ کردو داوای لێکرد هاوکارییان بکا. دیسانیش بە قبووڵکردنی داخوازەکـــەیان فریوی دان. بـــەمجۆرە ئازاد کراو بێ سێ ودوولێکردن بەرەو کوردستان هەڵات.

جەلال تاڵەبانی دەیگوت: «پیاوێکی یەکجار بەهۆشو زرینگ بوو». ئەو ژێنەڕاڵەی [لە ساواک] بازجوویی لێ کردبوو تەیمووری بەختیار بووو دەیگوت کوردەو سەر بە عەشیرەتی بەختیارییە. هەروا دووپاتی دەکردەوەو دەیگوت: «ئەتۆ بەهۆشو زرینگیو دەبێ پێکەوە هاوکاری بکەین. ئەمن دۆستو لایەنگری کوردانم». بەختیار خەریک بوو کۆدیتایەک لەدژی شا ڕێک بخاو پێویستیی بە پشتیوان هەبوو.

قاسملوو بە کەلک وەرگرتن لەوکارە، پێی گوت: «خۆشحاڵم دەبینم ژێنەڕاڵێکی کورد تا ئەو ڕادەیە بە فەرهەنگە. هەموو کوردە زاناو بەفەرهەنگەکان دەبێ هاوکاریت بکەن؛ دوای ئەو قسانە بەختیار ئازادی کردو قاسملوو هەڵاتو ئەگەر وای نەکردبا، لانیکەم بۆ ماوەی دەساڵان زیندانییان دەکرد».

بەڵام ئێستا لێرە، لەو ئاپارتمانەی شاری ڤییەنو لە ساڵی ١٩٨٩دا، بەچ شێوەیەکو چۆن دەیتوانی ئەوانەی وتووێژیان دەگەڵ دەکرد فریو بدا؟ ئەگەر لە پێشدا لێی پرسیبان دەیانەوێ چ بزانن، دەیتوانی چ بە قاتڵەکانی بڵێ؟

لە دووهەمین کاسێتی زەبتەکەدا، ئەو شتانەی گوتوونی زۆر ڕوونن: «ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئێمە ناتوانین ڕوانگەکانی ئێوە قبووڵ کەین.

ئێوە دەڵێن بابەتی سەرەکی ئەوە نیە دەبێ مەسەلەی خودموختاریی کوردستان چارەسەر بکرێ، بەڵام دەڵێن ئەوەی گرنگە پێوەندی حدکا دەگەڵ کۆماری ئیسلامییە.

ئەوە ڕوانگەو بڕوای ئێوەیە نەک هی ئێمە. شتێکی ئەمڕۆ ئێمەی هێناوەتە ئێرە ئەوەیە کە دەگەڵ ئێوە، وەک نوێنەرانی دەوڵەتی ناوەندی، لەسەر ئەسڵی خودموختاری بە ڕێککەوتن بگەین».

دووساڵ دواتر لە ڤییەن ئەو قسانەی لەسەر کاسێتەکان زەبت کرابوون لە فارسییەوە وەریان گێڕابوونە سەر زمانی ئەڵمانیو ئینگلیزی.

هێلین لەبارەی ئەو بەشەدا دەیگوت: «ئەوە حوکمی مەرگی بوو».

قاسملوو لە هەوڵی ئەوەدا بوو بە نوێنەرانی دەوڵەتی تاران بسەلمێنێ کە کوردستانێکی خودموختار لە ئێرانێکی دێموکراتیکدا باشترینو ئاشتیخوازانەترین ڕێگەیە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە. هەروەها، دەیگوت حیزبەکەی لەوە زیاتر هیچی دیکەی ناوێ. بەڵام، سەحرارووودیو مستەفەوی ئامادەی هیچ چەشنە ڕێککەوتنێک نەبوون.

سەحراروودی وەبیری دێنایەوەو دەیگوت: «پێوەندیی ئێمە درندانەیە؛ پێوەندییەکەمان شەڕو پێکدادانە. ئەوەی حدکا دەیڵێ ئەوەیە هەر بەم شێوەیە درێژە بەکاری خۆی بداو لەبارەی خودموختارییشدا وتووێژ بکا. ئەوە بەراستی بۆ قبووڵ کردن نابێ. دەبێ بزانی لە ئاییینی ئیسلامدا، خودموختاریمان نیە».

قاسملوو، قادری ئازەرو رەسووڵ بەوردی گوێیان دابووە ئەو قسانەو بەجوانی بۆیان دەرکەوتبوو ئەوانە زۆریان ماوە لە واقعییەتەکان ئاگادار بن.

سەحرارووودی گوتی: وەرن با گاڵتە بە یەکتر نەکەین. ئێمە لەحاڵی شەڕداین. حدکا غەیرە قانوونییە. ئێوە ناتوانن بەپێی قانوون هەڵسوکەوت بکەنو بێنە پارلمان بۆ روونکردنەوەی بابەتێک. ئەتۆ دەڵێی خودموختاری قبوول کەینو بەپێی قانوون بەیەکەوە کار دەکەین. «گیروگرفتەکە راست لێرەدایە. خودموختاری شتێکی قبووڵ نەکراوە. کەوابوو ئەوە ناتوانێ رێگە چارەیەک بێ».

بەم جۆرە ناوبراو هەڵوێستی دەوڵەتی تارانی بە کورتیو بەروونی دەربڕیبوو. ئەو حیزبە کوردییە، بێئەوەی پێ لەسەر وتووێژکردن لە بارەی خودموختاری بۆ کوردستانەوە دابگرێ، دەبوو هەڵوێستی دەوڵەتی ناوەندی قبووڵ کا.

«رەنگە رۆژێک لە رۆژان دوو یان سێ ساڵی دیکە، ئەو بابەتە بخەینە بەر لێکۆڵینەوە».

لە روانگەی تارانەوە مەسەلەی هەرە گرنگ ئەوە بوو کە حیزب لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوندیی کۆماری ئیسلامیدا دەبێ هەڵوێستێکی تەسلیم تەڵەبانە بگرێ.

حدکا چ چاوەڕوانییەکی دیکەی لە ئاخوندە کۆنەپەرستەکان هەبوو؟ پێش هەموو شتێک، حدکا حیزبێکی کوردی بووو بە مارکسیستی لەدایک ببووو سەرەنجام هەڵوێستێکی سۆسیال دێموکراتانەی گرتبوو. ئەوە حیزبێک بوو سەرۆکەکانی دەگەڵ رێبەرانی وڵاتانی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست نێوانیان یەکجار خۆش بوو. حیزبێک بوو زۆربەی رێبەرەکانی سوننی بوون، بەڵام حیزبەکە رێکخراوێکی مەزهەبی نەبووو، پێش هەموو شتێک حیزبێکی لائیک بوو.

قاسملوو هەرچەند رێزی لە مەزهەب دەگرت بەڵام، بۆخۆی پیاوێکی مەزهەبی نەبوو. هیچ کەس تەسبیحی بە دەستەوە نەدیبوو کە سیمبوولێکی ئیسلامییە.

حدکا رێکخراوێکی نهێنی بووو زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک دەگەڵ ئەندامەکانی هاوبیر بوون. بەڵام، ئەو خەڵکە لە ژێر سەرکوتو توندوتیژیی زیاتر لە سەدهەزار سەربازی ئەرتەشو ئەندامانی سوپای پاسداراندا بوون.

بۆ ماوەی چەندین ساڵ، سەرۆکی ئەو خەباتە بەربڵاوە سیاسییە لە دەفتەری سیاسیو لەنێو چیاکاندا لەو بەری سنوورو دوور لەمەترسی نیشتەجێ ببوو. ئەو سەرۆکە عەبدوڕڕەحمان قاسملووی زاناو بە فەرهەنگ بووو لەتەمەنی نزیک بە ٦٠ ساڵیدا بووو ئێستا لە هۆدەیەک لەشاری ڤییەن، تێ دەکۆشا لە رێگەی وتووێژ دەگەڵ نوێنەرە ئێرانییەکانەوە سەرەتای رێککەوتنێک بۆ خودموختاری وەدەست بێنێ.

قاسملوو دەیتوانی بەهێزی هاندەری خۆی بۆ سەلماندنی داخوازەکانی هیوادار بێ، بەڵام، کاتێک هەلومەرجەکان پێویستیان با، پیاوێکی تەواو سەرسەخت بووو لەنێو خۆی حیزبەکەیدا بەو خەسڵەتانە بەناوبانگ بوو.

لەم دواییانەدا، پەنجا کەس لە کادرەکان لە ریزەکانی حیزب جیا ببوونەوەو قاسملوویان بەسەرەڕۆو دیکتاتۆر تاوانبار دەکرد. بەڵام، پێش هەموو شتێک، لە کاری بەربەرەکانی لە دژی رێژیمدا، هەروەک سەردەمی شا، تەواو سەرسەخت بوو. تەسلیم نەدەبوو. موستەفەویو سەحرارووودی کەماوەی چەندین ساڵ خستبوویانە ژێر گوشارو دەردەسەرەوە، زۆر باش لەو تایبەتمەندییەی قاسملوو گەیشتبوون.

گوڕوتینی سیاسەت دڵودەروونی داگرتبوو. قاسملوو بۆخۆی نووسیویەتی: «خەباتی سیاسی یەکەمین پلەی ژیانمی داگرتوە«. بەڵام، هەستێکی تەواو ناسکیشی هەبووو هەمیشە پێی خۆش بوو بابەتی ئەدەبی بنووسێ، رەنگە یەکێک لەو بابەتانەش ژیاننامەی خۆی بووبێ.

ئاشقی نیشتمانی خۆی بووو حەزی لە وڵاتەکەی دەکردو لە زۆربەی نامەکانیدا ئەو باسەی دێنایە گۆڕێ: «دەمەوێ لەکوردستان بمو ژیانم لەوێ تێپەڕکەم».

بەوحاڵەش، هەستی بە ماندوویەتی نەدەکردو تۆڵەی ئۆگری بە مەسەلەی کوردی بە ڕۆژانو ساڵانێکی دوورو درێژ بەتەنیایی ژیان لێ وەردەگیرایەوە. زستانی ساڵی ١٩٨٥ نووسیبووی: «دەرەجەی سەرما ١٥ پلە ژێر سفرە. بۆوەی بگەمەوە دەفتەری سیاسی، ماوەی دووسەعات بەپێیان بەنێو بەفرێدا ڕێگەم بڕیوە. ماڵەکەم وەزعێکی خراپی هەیە، بەڵام باش بوو دووشەکە کاری دەکرد. دوای چەند مانگ دوورمانەوەم، زۆرم پێ خۆش بوو هاتبوومەوە لای هاوخەباتەکانم».

لەنێو چیاکاندا، ئەگەر دەرفەتی هەبا، گوێی دەدایە موسیقاو موتاڵای دەکرد، نازونیعمەتەکەشی هەر ئەو دووانە بوونو جاروباریش دەیگوت حاڵی باش نیە بۆوەی دەرفەتێک بۆ حەسانەوەی بدۆزێتەوە. ڕۆژێکیان دەیگوت: «ئەگەر بەدەست خۆم بێ، پێم خۆشە بازنشەستە «خانەنشین» بم. ئەوە درکاندنێکی تەواو ئاشکراو دانەپۆشراو بووو ڕەنگە بەڕادەیەک سەخڵەت بووبێ کە ناچار بووبێ لەسەر کاغەزیش بی‌نووسێ.

ئەتۆ بڵێی ئەوانەی لێی نزیک بوون ئەوەیان زانیبێ؟ داخوا لە ئاواتە بەرزەکانی ئەو پیاوە ئاگادار بوون؟ ئەو کە خوێندنی لە ئورووپا تەواو کردبووو ساڵانێکی دوورودرێژ لەبنەماڵەکەی، لە حەزلێکردوویی، لەهونەر، لە ژیانێکی نوێو لەگەپو گاڵتە دەگەڵ دۆستانیو هتد دوور کەوتبۆوەو بەشی هەرەزۆری ژیانی بەتەنیاییو بەبێ‌دەنگیو لەمەترسیی بێ‌پسانەوەدا ڕابوارد بوو، داخوا کەس ئەوانەی دەزانین؟

ڕەنگە ڕێژیم لەو بارەیەوە هەڵسەنگاندنێکی کردبێو بەو ئاکامە گەیشتبێ کە پێی خۆشە پاسپۆرتێکی بدرێتێو بێ‌ترسوخۆف بگەڕێتەوە ئێران. ئەوانەی دەیان ناسی پێیان وابوو ئێرانییەکان پێشنیاری «ئارام کردنەوەی جەنگاوەرێک»ی پێ دەکەن ـ کۆتایی‌هێنان بە دوژمنایەتی لە بەرامبەر دەست هەڵگرتن لە داخوازەکانیدا. ڕەنگە هەر بۆ ئەو مەبەستە بووبێ کە تاران لە هەوڵی پێک هێنانی وتوویژ کەوتبوو: بی‌کڕن یان بی‌کوژن.

«لەبارەی خودموختارییەوە ـ ئەوە دەنگی سەحراروودییە لەسەر کاسێتەکە ـ «وەڵامێکی پۆزێتیڤمان لە تارانەوە پێ نەگەیشتوە. بەڵام، دەڵێن حدکا دەتوانێ بە شێوەی قانوونی تێکۆشانی هەبێو ئەوەش دەتوانێ ببێتە بابەتی وتوویژێکی سیاسیو دەبێ ببرێتە پارلمانو دیارە ماوەیەکی زۆر دەکێشێ. بەڵام، لێرە ناکرێ لەسەر هیچ شتێک بڕیار بدرێ».

ئەوجار موستەفەوی هاتە نێو قسەکان: «ئێمە بە نیازپاکییەوە هاتووینە ئێرە بۆوەی دەگەڵت دانیشین. ئێستاکە پێوەندییەکانمان زۆر بەڕوونی دەچنە پێشو کاتی ئەوەش دێ دەگەڵ کەسایەتییەکانی دەوڵەت وتوویژ بکەی، ئەتۆش دەبێ بەنیاز پاکییەوە قسەمان دەگەڵ بکەی».

ماوەیەکی کورت ڕاوەستاو هەموو بێ‌دەنگ مانەوە. لەپڕ بە دوعاگوتنێک هەڵی دایەو گوتی: «بسم الله الرحمان الرحیم... سیاسەت بەشێکە لە مومکین، نەک لە نامومکین...».

ڕەحمان بە پێکەنینەوە قسەکەی پێ بڕی. بەشێک لە مومکین: ئەوە قسەیەکی نەستەقەو زۆرجار کەلکی لێ وەردەگرن. لێرەدا دەنگەکان لەسەر زەبتەکە بوونە تێکەڵ‌پێکەڵو بڵغەبڵغ.

مستەفەوی ڕووی دە قاسملوو کردو بەم جۆرە درێژەی بە قسەکانی دا: «ئەگەر بێتو خودموختاری بدەن بە کوردەکان، لە سنووری نۆسەد کیلۆمیتریی ئێرانو عێراق بەباشی پارێزگاری دەکرێ. دەتگوت کۆماری ئیسلامی بەوکارە دەتوانێ متمانەی کوردەکان بۆلای خۆی ڕاکێشی. ئەمن لەم بارەیەوە هیچ گومانێکم نیە، بەڵام، پێچەوانەکەشی دروستە».

موستەفەوی لەبارەی بابەتە سەرەکییەکەی ئەو گیروگرفتەوە قسەی دەکرد: مەترسیی هێندێک دژ کردەوە لە جیهانی کوردەکاندایە، کوردەکان نەتەوەیەکی تەریک ماوەو ناگرنگ لە ئێراندا نین. بەشی سەرەکیی گیروگرفتێکن کە لەو پێنج وڵاتەی لێی دەژین، پێکیان هێناوە. دەتوانن ببنە هۆی سەقامگیر نەبوونو بێ‌نەزمیی ژیئۆپۆلیتیکی لەو وڵاتانە.

لەو پێنج پیتەختانە، خەڵک لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەگەر بێو بەشێک لەکوردستان خودموختاری وەدەست بێنێ، هەر راست وەک نەخۆشییەک هەموو شوێنێک دادەگرێو سنوورەکان بە تەواوی لەبەر یەک هەڵ دەتەکێنێ.

موستەفەوی پرسی: «ئەدی ئەگەر هاتو عێراقیش وایکرد؟ ئێمە لەم بارەیەوە تەنیا ماوینەوە. دوژمنەکانی شۆڕش لەوبەری ـ عێراقو تورکیە ـ ش ئەوەی دەزانن. هەموو «سکە»یەک لایەنێکی دیکەی هەیە، هەم لایەنی پۆزێتیڤو هەم نیگەتیڤ».

هەم خودموختاری هەیەو هەم سەربەخۆییو جوداییخوازی. بۆ دەوڵەتە ناوچەییەکان ـ تاران، بەغدا، شام، ئەنکەرە، مۆسکۆ ـ هەمیشە دێوەزمەیەک هەیە کە ماوە بە ماوە وەدەر دەکەوێ. ئەگەر بتوانن خۆیانی لێ گێل دەکەنو کاتێک ئەو دێوەزمەیە سەر هەڵدەدا، لەشکری دەنێرنە سەرێ. هەرگیز وتووێژێک لەگۆڕێدا نەبووە. ئەوە لە تورکیەو لە سەردەمی دەسەڵاتداریی کەماڵ ئەتاتورکدا رووی‌دا: لە ئاکامدا، لەنێوان ساڵەکانی ١٩٢٥و ١٩٣٥دا ٧٠٠هەزار کوردیان کوشت. لە عێراقیش هاتە پێشو لەوێ رێژیمی بەعسییەکان لە دەیەی ١٩٨٠دا چوار هەزار گوندو شارۆچکەی خاپوور کردو پاشان خەڵکەکەی هەروەک مێگەلەمەڕان لە چیاکان هێنایە خوارو لە دەشتەکانی رووباری فورات نیشتەجێی کردن. لەهەوڵی ئەوەدا بوو کوردەکان بەتەواوی لەنێو بەرێو بەزۆرە ملی لە چیاکان دووریان خاتەوەو بەیەکجاری پێناسە نەتەوایەتییەکەیان لەژێر پێ بنێ. ساڵی ١٩٨٨، سەددام حوسێن بێ سێودوولێکردن، هێزی هەوایی خۆی نارده سەر شارۆچکەی هەڵەبجەو بەچەکی شیمیایی بۆمبارانی کردو بەگازی خنکێنەر پێنج هەزار کوردی کوشت.

محەممەد رەزاشای پەهلەوی ساڵی ١٩٤٦ کۆماری مهابادی لە کوردستانی ئێران نوقمی ئاورو خوێن کردو هەتا تەرت وتونابوونی دەسەڵاتەکەی لە ساڵی ١٩٧٩دا، هەروا درێژەی بە سەرکوت کردنی کوردەکان دا. کوردەکان پێیان وابوو هەڵدێرانی شای لەسەر تەختی دەسەڵاتەکەی شتێکە خودا بەخەڵات بۆی ناردوون. بەڵام رێژیمی ئیسلامی رەفتارێکی باشتر لەشای دەگەڵ کوردەکان نەبوو. سەرۆک کۆمار، بەنی‌سەدر ساڵی ١٩٨٠و چەند مانگ پێش ئەوەی بە جلوبەرگی ژنانەوە لە ئێران دەرباز بێ، بە ئەرتەشی راگەیاند: «هەتا ئەو رۆژەی کوردەکان بەتەواوی تێک دەشکێنن، نابێ پۆتینەکانیان لەپێ داکەنن».

ئەوە جێگەی هیچ شکو گومانێک نیە کە نە سەحرارووودیو نە موستەفەوی تۆسقاڵێک بڕوایان بە وادەو بەڵێنەکانی قاسملوو لە بارەی جودانەبوونەوەی کوردستان لە ئێران نەبوو. رێژیمی ئیسلامییش، هەروەک رێژیمی شا، بەتەواوی لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەوەی کوردەکان دەیانەوێ سەربەخۆییەکی بێ‌ئەم لاو ئەولایە.

ئەوەی راست بێ، ترسوخۆفی رێبەرانی ئێران لە بارەی داخوازەکانی کوردانەوە، لە سەرەتای شۆڕشدا، چەند هێندەی دیکە زیادی کرد. دەزگای پۆلیسی نهێنی بەدەوڵەتی راگەیاندبوو عێراق خەریکی داڕشتنی بەرنامەی شەڕێک لەدژی ئێرانە. بەنی‌سەدر بە جەخت دانانەوە دەیگوت عێراق حدکا لە دژی ئێران وەشەڕ دەخاو هەموو پێویستییە ئابووریو سەربازییەکانیشی بۆ دابین دەکا.

ئێریک رۆلۆ، هەواڵنێری لۆموند، چووە لای سەرۆک کۆماری ئێران، بەنی سەدرو لە پێوەندیی دەگەڵ داخوازی کوردەکان لە بارەی خودموختاری بۆ مەڵبەندەکەیاندا، قسەی دەگەڵ کرد. بەنی سەدر کە سەرەڕای دژایەتیی رۆژ لەرۆژ زیاتری ئاخوندەکان توانیبووی هەتا ڕادەیەک دەسەڵاتی خۆی بپارێزێو بیروبڕوای رۆژنامە نووسەکانی ئورووپاییو دۆستی خۆی هێنابووە بەرباسەکە، هەڵوێستی لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی کوردەکاندا بەم شێوەیە پاساو دەدا: «بە ئێریکم گوت ئەتۆ دەکەمە نوێنەری دەوڵەتی ئێرانو بەکوردەکان بڵێ ئەگەر بێتو خۆیان لە دەوڵەتی عێراق دوور خەنەوە، دەتوانین بەرێککەوتنێک بگەین. ئێریک رۆیشتە کوردستانو دەگەڵ قاسملووو حدکا قسەی کردو پاشان رۆیشتە بەغداو لەئاکامدا نووسی ئەو رێکخراوانە لەژێر کۆنترۆڵی عێراقدان. پاشان تەلەفونی لێ کردمو پێی گوتم بەو جۆرەی دەیانگوت سەربەخۆن، وا نیەو سەربەخۆ نین».

قاسملوو لە بەرامبەر ئەو وتارەی رۆژنامەنووسە فەرانسەییەکەی دۆستی نزیکی بەنی‌سەدردا بەوپەڕی توندوتیژییەوە دژکردەوەی لەخۆی نیشان داو لەنامەیەکدا بۆ رۆژنامەکە ئەو زانیارییانەی رۆژنامەنووسەکەی بەرپەرچ دایەوەو بەجەخت دانانەوە نووسیبووی ئەو کابرایە راستییەکانی چەواشە کردوون.

بەپێی زانیارییەک کە دەوڵەتی ئێران وەدەستی هێنابوو، ئەمریکاییەکان خەریک بوون سەددام حوسێنیان لەدژی کۆماری ئیسلامی هان دەدا. بەنی سەدر دەیگوت بە تاڵەبانیی گوتوە بۆچی کوردەکان بوونە ئامرازی دەستی هێزە گەورەکانو تاڵەبانی پێی گوتووم «ڕاست دەکەی».

بەنی سەدر لە کۆتایی قسەکانیدا دەیگوت: «ڕێککەوتنە گوماناوییەکەی کوردە ناسیۆنالیستەکان دەگەڵ دەوڵەتی بەغدا لەدژی ئێران، بێجگە لە خوازیاربوونیان بۆ سەربەخۆیی، ناتوانێ هیچ واتایەکی دیکەی هەبێ».

دوایەش بە جەخت دانانەوە دەیگوت: «بەڵگەیەکی واژۆکراوی کۆمەڵەو حدکاو فیدائییەکانمان بەدەستەوەیە. لەو بەڵگەیەدا لەسەر دابەش کردنی ئەو دەسکەوتانەی لەدوای شکست خواردنی ئێرانو دابەش بوونی ئەو وڵاتە وەچنگیان دەکەوێ ڕێک کەوتبوون. بیستو دووکەس لە ئەفسەران [ی‌کورد] بۆ دابەش کردنی ئەو چەکوچۆڵانەی وەگیریان دەکەوێ، پیلانێکیان داڕشتبوو. ئەو ئەفسەرانە نەگیران. نیوەی چەکوچۆڵەکان بۆ حدکاو باقییەکەی ـ دوو بەشی بە کۆمەڵەو بەشێکیش بۆ فیداییەکان. ئەوە بەڕوونی نیشان دەدا بە پێچەوانەی ئەو قسانەی دەیانگوت بێ‌تاوان نەبوون. لەژێر گوشاری دەوڵەتی عێراقدا بوونو تەنیا خوازیاری خودموختاری نەبوون».

هێلین بەجەخت دانانەوە دەیگوت: «ئەوانە هەمووی درۆن، ئەوە بۆ پاساودانی ئەو کارو کردەوانە کراون کە بەنی سەدر لەدژی کوردەکان کردوونی. پێوەندیی نێوان حدکاو عێراق پێوەندییەکی ئاسایی بوو. لە ساڵەکانی ١٩٧٩و ١٩٨٠دا، ڕەحمان بڕیاری دا بۆ چوونە ئورووپا لە ڕێگەی بەغداوە داوا لە حکوومەتی عێراق بکاو ئەوانیش ڕێگەیان پێدا».  ئەو ڕێگە پێدرانە هێندێک مەرجی دەگەڵ بوون، بەڵام هەرگیز بە خێزانی نەگوت ئەو مەرجانە چ بوون.

هێلین لە ئاکامدا دەڵێ: «ئەگەر بتەوێ لە کوردستان تێکۆشانت هەبێو بژی، دەبێ ڕێگەیەک بۆ چوونە دەرو هاتنەوە بۆخۆت بدۆزییەوە». بەڵام، حدکا هەرگیز هاوکاریی دەوڵەتی عێراقی نەکرد. تەنانەت لەوەش زیاتر ڕەحمان بەنهێنی ڕەخنەشی لە سەددام حوسێن دەگرت.

لەبارەی قینورقێکی سیاسەتەکانی سەددام حوسێن لە دڵ و دەروونی قاسملوویدا دەگووراند زۆر نیشانەو بەڵگە بەدەستەوە هەن. سیاسەتوانی فەرانسەیی ئالێن شنال دەڵێ: «قاسملوو بەشێوەی خسووسی لەبارەی ترسوخۆفێکی دەوڵەتی عێراق وەڕێی خستبوو، زۆرشتی بۆ باس دەکردم. بەڵام، ناچار بوو نهێنی پارێز بێ. پێوەندیی دەگەڵ کلۆدشیسۆن (وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرانسە)و هاوکارەکانی هەبوو. ئەوانیش پێوەندییان دەگەڵ عێراق  هەبوو.

قسەو لێکدانەوەکانی تاڵەبانی بایەخێکی تایبەتییان هەیە. قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٣دا، بۆ وەڕێ‌خستنی وتووێژ لەنێوان تاڵەبانیو سەددام حوسێندا نێوبژیوانیی کردبوو. تاڵەبانی لەم بارەیەوە دەیگوت: «کاتێک بۆ یەکەمین جار پێکەوە چووینە بەغداو گەیشتینە دایرەی سەددام حوسێن، قاسملووی لە ئامێزگرتو بەگەرمی ماچی کرد. قاسملوو پێی گوتم، «جەلال، ئێستا کە تۆم هێناوە سەرۆک کۆمار ببینی، نۆبەی تویە من بەریە لای سەرۆک کۆماری ئێران». هێندێک شتی لەلای سەددام هێنایە گۆڕێ کە هیچ کەس نەی‌دەوێرا هەر باسیان بکا. پیاوێکی یەکجار بەهۆش بووو باش دەی‌زانی بەچ شێوەیەک هەستی دەروونیی خۆی دەربڕێو لە پێوەندیی دەگەڵ مەسەلەی کوردەکانی عێراقدا، هەرگیز تەسلیم نەدەبوو».

دەنگی موستەفەوی لەسەر نەواری زەبتەکە بەم شێوەیە درێژەی هەبوو: «دەساڵ لەمەوبەرو کاتێک شۆڕشی ئیسلامی سەرکەوت، دەبوو دەگەڵ شتێک بەرەو ڕوو بێ کە بە تەواوی لێی ئاگادار نەبوو: گیروگرفتی کوردەکان. دوێنێ دوکتور فازیل ڕەسووڵ دەی گوت سەرکەوتنی کۆماری [کوردستان لە] مهاباد ئاکامی سەرکوتێک لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیو سیاسەتەکانی شاوە بوو. ئەمن ئەوەم قبووڵە. بەڵام، هەرگیز، لەهیچ کەسم نەبیستوە ئەوە تەنیا خودموختاری  بووە لەو سەردەمەدا داوایان دەکرد». موستەفەوی ئەوەی قبووڵ بوو کە بۆ ماوەی دەساڵ شەڕ لەناوچەکەو ئەو گیرو گرفتەی دەگەڵ ئەمریکا بۆیان هاتۆتە پێش «نەیان هێشتوە بە گیروگرفتەکە [مەسەلەی کورد]

رابگەن‌و ئێستا ئەوان [ڕێژیمی ئێران] خەریکن جێبەجێی بکەن» تاران دەیەویست لە مەسەلەی کورد بکۆڵێتەوەو کاتێک بە ئاکامێک بگا، ئەوە دەکەوێتە بەر ڕوانگەی نیزامییەوە.

موستەفەوی ڕای گەیاند: «جا ئەمجار گیروگرفتی کوردەکان یەک دەگرێتەوەو کاتێک دەوڵەت بەهێزی نیزامی هەڵ کوتێتە سەریان، کوردەکان لە داواکارییەکانیان کەم دەکەنەوەو بیروڕای نوێی خۆیان دەردەبڕن».

قاسملوو گوتی: «ڕێگەم بدەن وەڵامتان بدەمەوە. زۆر وێدەچێ لە سەرەتادا، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بابەتە نەتەوایەتییەکانیان نەخستبێتە بەر لێکۆڵینەوە. تەنانەت نەیان دەزانی گیروگرفتێکی ئەوتۆ لەگۆڕێدایە. ماوەی ئەو شەش مانگە ئەو مەسەلەیەم دەگەڵ زۆر کەسان باس کردو سەرەنجام بەو ئاکامە گەیشتم شتەکە وایە. بەڵام، ئەمڕۆ تەنانەت ئەتۆش دەڵێی گیروگرفتێکی ئەوتۆ لەگۆڕێدایەو ئەوە بۆمن شتێکی پۆزیتیڤە. لەهەر کوێ گیروگرفتی نەتەوایەتی هەبێ، مافی نەتەوایەتییش دێتە گۆڕێ».

پاشان قاسملوو دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی سێ‌ڕێگەی باش‌و گونجاو بۆ چارەسەرکردنی «گیروگرفتە نەتەوایەتییەکان» «یەکەم سەربەخۆییە کە ئەوپەڕەکەیانە. خەبات بۆ جوداییخوازی بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ... دووهەم، فیدڕالیزمە. ...و سێهەم خودموختاری. ئەگەر سەربەخۆیی ئەوپەڕی فۆرمەکەیە، خودموختاری لانی کەمەکەیەتی. لە خودموختاری کەمتر هیچ شتێکی دیکە لەگۆڕێدا نیە».

قاسملوو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «بۆ ئێمە گرنگە بزانین داخوا کۆماری ئیسلامی دەیەوێ گیروگرفتی نەتەوایەتی چارەسەر بکا یان نا. ئەگەر دەیانەوێ، بڵێن خوازیاری فێدراسیۆنێک بۆ ئێران بن؟ یان دەیانەوێ بە هەموو کەمایەتییە نەتەوەییەکان بڵێن، جودا بنەوەو سەربەخۆییتان دامەزرێنن‚؟ یا مەبەست تەنیا خودموختارییە؟ ئێمە لانی هەرە کەمەکەمان پێشنیار کردوە. ئیمکانی «ئەوپەڕەکەی (سەربەخۆیی) ڕەد دەکەینەوەو بە ئاشکراش ڕای دەگەیەنین».

قسەکانی درێژە داو گوتی: «ئەگەر بگونجێ، بەمەرجێک هەموو کەمایەتییەکان خوازیاری بن، ئێمەش پشتیوانی لە فیدڕاڵیزم دەکەین‌و یەکیەتیی فیدڕاڵی‌و دەوڵەتێکی ناوەندی‌و هەموو ئەو شتانەی پێوەندییان بەخودموختارییەوە هەیە قبووڵ دەکەین. ئەوە ئەرکی دەوڵەتی فیدڕاڵی ناوەندییە کاروبارە سەرەکییەکان وەئەستۆ بگرێ: دیفاع، پارەو پرۆژە درێژخایەنەکان». بەکورتی دەیگوت شێوەی دەوڵەتی ئیسلامی «کەم تا کورتێک فیدڕاڵی بوو».

قاسملوو کە دەگەل موستەفەوی قسەی‌دەکردن گوتی: «هەروەک دەبینن دەمەوێ ئەو شتانە ڕاستەوخۆ دەگەڵ ئێوە باس بکەم. ئەگەر ئێوە خودموختاری قبووڵ نەکەن، کە لانی کەمەکەیەتی. ئەوە بەو مانایەیە کە ئێوە ناتانەوێ لە بارەی مەسەلەی نەتەوایەتییەوە وتووێژ بکەن. چارەسەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکان، سێ شێوەی هەن‌و هیچ شێوەیەکی دیکە لە جیهاندا وجوودی نیەو ئێمەش ناتوانین شێوەیەکی نوێ بخوڵقێنین».

قاسملوو بەدەنگی بەرز قسەی نەدەکردن‌و زۆر کەم وای دەکرد. بەڵام، دەبێ ئێرانییەکان بەروونی بۆیان دەرکەوتبێ ئەو نەی دەویست تەسلیم بێ.

سەر لەنوێ دووپاتی کردەوەو گوتی: «ئێمە بۆ قسەکردن لە بارەی پێوەندییەکانمان دەگەڵ کۆماری ئیسلامی نەهاتووینەتە ئێرە. ئەگەر پێوەندییەکانمان ئاڵۆز بوون، لەبەر ئەوە بووە هێندێک هۆکاری ڕوون لە گۆڕێدان. بەڵام، بابەتی سەرەکی هەر مافە نەتەوایەتییەکانن و بەبڕوای ئێمە ئەو مافانە لە چوارچێوەی خودموختاریدا دابین دەکرێن.

قاسملوو گوتی: «شەڕ دەگەڵ عێراق واقعییەتێک بوو بۆ ماوەی چەندین ساڵ درێژەی کێشا. بەڵام گیروگرفتی ناسیۆنالیزمی کورد دەبێ بێتە گۆڕێ‌و باسی لەسەر بکرێ. بیکەن. ئێمەچاوەڕوانین‌و ئەگەر لەماوەی چاوەڕوانییەکەماندا درێژە بەخەباتمان بدەین یان ڕای گرین، پێوەندیی بەوەوە هەیە داخوا دەتوانین بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە هۆکارێک بدۆزینەوە... ئەوەش بۆخۆی موشکیلەیەکی دیکەیە. بەهەرحاڵ، ئێوە

ناتوانن چاوەڕوانی ئەوە بن حدکا لایەنی ئێوە بگرێ. تەنانەت ئەگەر ئێمەش نەمێنین، هیچ شتێک ناتوانێ پێشی ئەوە بگرێ کە چ کەسانێکی دیکە جێگەی ئێمە دەگرنەوە».

موستەفەوی لەوەڵامدا گوتی: «بەڵام، گوتت ئیمکانی ئەوە هەیە بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە ڕێگەیەک بدۆزینەوە...» «دواتر باسی ئەوە دەکەین».

دیسان لێرەدا بەهۆی هێندێک بڵغە بڵغ، دەنگی قسەکان لەسەر کاسێتەکە نەبیسترا.

«لەبارەی خودموختاریدا قسە دەکەی. ئەتۆ باش دەزانی ئەمن کارناسێکی ئابووریم. ئەگەر لێم بپرسی... ڕوانگەی خۆمت پێ دەڵێم. بەهەر حاڵ، ئێران وڵاتی منە، چ کۆمارێکی ئیسلامی لەسەر دەسەڵات بێ‌و چ...».

«ئەمن لەبارەی وڵاتانی سۆسیالیستی، وڵاتانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەزموونێکی زۆرم وەدەست هێناوە... ئەوە پسپۆڕیی منە. گیروگرفتەکانمان جیاوازن. لە وڵاتەکەمان، لەنێوان خەڵکەکەدا شەڕ سەری هەڵداوە لەهەردوولا زۆر کەس دەکوژرێن... ئێستا نابێ ڕێگەچارەکە وەپاش خەین‌و کاتی ئەوە هاتوە بڕیار بدەین‌و گیروگرفتەکە چارەسەر کەین».

[قاسملوو] وەبیری هێنانەوە کەگوتوویانە چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە بۆ کۆماری ئیسلامی شتێکی زۆر گرنگەو عێراقو تورکیەش دەتوانن لەو شێوەیە بە قازانجی خۆیان کەلک وەرگرن.

«وەپێشیان کەونەوە. لەبواری مێژوویی، زمان‌و فەرهەنگەوە، لایەنی ئێرانی زۆر باشترە. کوردەکان لە تۆرەمەی ئارییایین‌و هەموو کوردێک ئێرانی خۆش دەوێ. لەوە کەلک وەرگرن. شا بە هەموو سیاسەتە نابەجێیەکانیەوە ـ هەم ئێوەو هەم ئێمەش بە تەواوی قینمان لێی بوو ـ دەیەویست لەو ڕاستییە بە قازانجی خۆی کەلک وەرگرێ. ئەدی ئێوە بۆچی لەو شتە کەلک وەرناگرن؟ ئێوە، کۆماری ئیسلامی، دەتوانن خێراتر لە عێراقو تورکیە بچنە پێش. من هیچ چەشنە گیروگرفتێک لەم بارەیەوە نابینم...

ئێمە وەک ئێرانی‌و کورد، پێمان خۆشە کۆماری ئیسلامی لەو بوارەدا یەکەم دەوڵەت بێ. بڕواتان بێ، هەرگیز لێی پەژیوان نابنەوە. پێش هەموو شتێک، ئەوە دەبێتە ڕووداوێکی مێژوویی‌و ئەگەر وا بکەن، لەسەداسەد بە قازانجی کۆماری ئیسلامی تەواو دەبێ. دووهەم، ئەوە دروست نیە بڵێن مەسەلەی نەتەوایەتی شتێکە تازە سەری هەڵ داوە، چونکە لەماوەی دەساڵی ڕابردوودا خەریکی شەڕو پێکدادان لە دژی یەکتر بووین».

لەبارەی تێشکانی کوردەکان لە بەرامبەر تورکەکاندا قسەی دەکردن. تورکەکانیان بۆ مەڵبەندی ناوەندیی ئەنکەرە ڕاگواست بۆ ئەوەی کوردەکان لەنێو کۆمەڵگای تورکدا بتوێنەوە.

«بۆ ئەوەی دەست لە کوردبوون هەڵگرن! بەڵام، ئێستا نزیکەی ٦٠گوند لەدەوروبەری ئەنکەرە هەن کە هەموو دانیشتووەکانیان کوردن! هەر تاقمەی لەشوێنێکەوە هاتوون‌و گوندەکانیان پێک هێناوە. لەوەش گرنگتر، کاتێک مستەفا کەماڵ بەرنامەی تواندنەوەی کوردەکانی دەست پێ کرد، حەشیمەتی کوردەکان لە تورکیە نیزیکەی سێ میلیۆن کەس بوو، بەڵام ئێستا دوازدە تا پازدە میلیۆن کوردی لێیە. ژمارەیەک لە نوێنەرانی پارلمان کوردن، چونکە کوردەکانی ئەنکەرەو ئەستەمبووڵ لەهەڵبژاردندا دەنگیان پێ‌داون».

قاسملوو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: « ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە گیروگرفتەکە ناتوانێ بەرێگە چارەیەکی نیوەکارە جێبەجێ بێ. ئێستا، دەوڵەتی تورکیە لە پێوەندی دەگەڵ گیروگرفتی کوردەکاندا یەکجار نیگەرانە. ئەوە دوای شێستو سێ ساڵانە! لە ١٩٢٥ەوە! بۆچی دەبێ ئێمە ئەو ئەزموونە نالەبارە دووپات کەینەوە؟ وەرن با ئەزموونێکی باشترمان هەبێ‌و ڕێگە چارەسەرێک بدۆزینەوە بۆوەی لە ئێران زیان بە کەس نەگەیەنێ. دووپاتی دەکەمەوە: نە سەربەخۆییەکەی، نە ئازادییەکەی، نە یەکپارچەیی خاکەکەی‌و نە مەڵبەندەکەی...»

زەبتەکە لێرە تەواو دەبێ. بەشی پشتەوەی کاسێتەکە بەتاڵە.

لە ئاخرین کاسێتدا، گوێمان لە دەنگی قاسملوو دەبێ کە تێ‌دەکۆشێ پێیان بسەلمێنێ جوداییخوازی لە بیرو مێشکی هیچ کەسدا نیە. «گوێ مەدەنە قسەی نابەجێ‌و نابەرپرسانە. ئێوە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامین. کۆماری مهاباد کەمتر لە یازدە مانگ بەردەوام بوو. ئەو

شتانەی قازی محەممەد گوتوونی بیان خوێننەوە، بەرنامەی حدکا بخوێننەوە؛ ڕۆژنامەکەی، کوردستان، بخوێننەوە. قازی محەممەد لەسەر ئێرانی بوونمان پێی دادەگرت... ئێمە، لە ئێران، لە داب و نەریتەکەماندا هەرگیز مەبەستی جیابوونەوە لە گۆڕێدا نەبووە. تەنانەت کۆمەڵەو فیدابییەکانیش، کاتێک یەکجار بەهێزیش بوون، هەرگیز خوازیاری جودابوونەوە نەبوون». جوداییخوازی هەرگیز لە وڵاتەکەماندا ڕیشەی نەبووە تەنیا هێندێک کەسی تازە بەسەرداکەوتوو دەڵێن: «بۆماوەی دەساڵ لە پێناوی خودموختاریدا خەباتمان کردوە، بەڵام چمان وەگیر کەوتوە؟ باشترین کار ئەوەیە بۆ سەربەخۆیی خەبات بکەین»! بەڵێ، ئێمە جاروبار گوێمان لەو شێوە قسانە دەبێ. لەلایەن کەسانێکەوە نامەو نووسراوەمان پێ دەگەن کە زیاتر لە دەهەزار کیلۆمیتر لەمەیدانی خەبات دوور کەوتوونەوە. بەڵام، ئێمە هەمیشە داوای خودموختاریمان کردوە... هەرکەس ئەو پرسیارەی لێ کردبم ـ چ سەرۆک وەزیری سوئێد بووبێ یا ویلی برانت یا پییەر مۆروا، یا ڕۆژنامەی لۆمۆند ـ هەمیشە بەم شێوەیە قسەم کردوە».

ڕەنگە قاسملوو ویستبێتی بەوان نیشان بدا دەگەڵ گەورە پیاوانی ئوروپا پێوەندیی هەبووە، لە حاڵێکدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەنێو کۆمەڵی نێونەتەوەییدا بەتەواوی تەریک ماوەتەوە.

«بنەماکانی خودموختاری قبووڵ کەنو ڕێگەی منیش بدەن لەسەر تەلەڤیزیۆن یان ڕادیۆ بابەتەکانی روون کەمەوە بۆ ئەوەی دەمەویست بیکەم، ئێوە کاتو دەرفەتی پێویستتان نەدامێ. کەوابوو ئێستا دەرفەتێکم بدەنێ بۆوەی مەسەلەکە بەتەواوی روون کەمەوەو ئێوەش دەتوانن بەتەواوی دڵنیا بن کە لەو ڕێگەیەوە، گیروگرفتەکە زۆر بەخێرایی چارەسەر دەکرێ».

# بڕگەی هەشتەم
# تەپەتەپو جیڕەجیڕ لەسەر ئەرزی

قاسملوو گوتی: «بەکورتی، ئێمە دوو داخوازمان هەن پێتان بڵێین: دێموکراسیو خودموختاری. ئێوە هاتوونەتە ئێرە قسەمان دەگەڵ بکەن. لە پێوەندییەکی ساکاری دۆستانەدا ڕەنگە جیاواز بێ، بەڵام، لە سیاسەتدا مەسەلەکە بەم جۆرەیە: کاتێک دەتانەوێ شتێک لە ئێمە وەرگرن، ئێوەش دەبێ لە بەرامبەردا شتێکمان بدەنێ. ئێمە لەهەلومەرجێکدا نیین کە «حداکثر ممکن» لەئێوە بستێنین. ئێمە دەبێ تێبکۆشین ئەوەی بە قازانجی وڵاتەکەمانە بیکەین. ڕاست لەبەر ئەوەیە کە پێدادەگرین ئێوە بنیاتە سەرەکییەکانی خودموختاری قبووڵ بکەن. دەبێ هەتا ئێستا بەڕوونی بۆتان دەرکەوتبێ ئەمن هەرگیز بە بێ حورمەتیو نابەرپرسانە قسەیەک ناکەم. زۆر باش دەزانم لەبارەی چ بابەتێکدا قسان دەکەم. ئەمن، عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، دەزانم کە ناتوانم کەمتر لە خودموختاری، کەمتر لە بنەما سەرەکییەکانی خودموختاری، شتێک قبووڵ بکەم».

دەنگێکی نەناسراو لەسەر نەوارەکە دەپرسێ: «ئایا ئەوە بۆ شانازی بە کوردبوونەکەتانە؟»

قاسملوو لە وەڵامدا دەڵێ: «نا، ئەمن مامۆستایەکی زانستگەمو ئەوە هیچ پێوەندییەکی بە شانازیی کوردبوونەکەمەوە نیە. ئەوەی لە ئێوەمان دەوێ ئەو لانی کەمەیە. بڕواتان بێ. ئێمە خوازیاری لانیکەمی شتێکین کە بتوانین قبووڵی کەین. هەروەها چاوەڕوانی ئەوەین بزانین کۆماری ئیسلامی ئەوپەڕەکەی چمان دەداتێ. دوای ئەوە هەمموو چەشنە گیروگرفتێک چارەسەر دەکرێ، کاتو دەرفەتی پێویستمان هەیە. بەڵام ناتوانم بگەڕێمەوەو بڵێم «جارێ، ئەوان خەریکی لێکدانەوەی مەسەلەی خودموختارین» نابێ شتەکە وەک وڵاتانی سۆسیالیستیی لێ بێ. لەو وڵاتانە بۆهیچ شتێک نەیان دەگوت نا. بەڵام دەیانگوت بابەتەکە هەڵدەسەنگێنینو بیری لێ دەکەینەوە. ئەوە چەندین ساڵی دەکێشا. کەوابوو لوتف بکەنو ئێستا هیچ شتێک مەخەنە ژێر تاقیکارییەوە».

دەنگی پێکەنین بەرز دەبێتەوەو پاشان موستەفەوی وەڵام دەداتەوەو دەڵێ:

«هەر بەو هۆیانەی باست کردن، ڕێگەم بدە ئەو پرسیارەت لێ بکەم. ئایا پێت وایە هەر ڕاست بەو هۆیانەی باست کردن، داخوا ئێوەش لەهەلومەرجێکدا نین بتوانن وشەی «خودموختاری« وەلا نێن؟ کاریشت بەوە نەبێ داخوا ئەو کوردانەی بۆ ئەو مەبەستە خەبات دەکەن دەڵێن چی. دەتگوت پێشمەرگەیەک گوتوویەتی ئەگەر خودموختاری جێبەجێ بکرێ، ژن‌دێنێ. ئایا پێت وانیە شتێکی ئەوتۆ ڕەنگە بۆ کۆماری ئیسلامییش لەگۆڕێدا بێ؟».

«بەڵێ، پێم وایە. لێرە هیچ چەشنە جیاوازییەک لەبیروبڕواکاندا نابینم. نوێنەرانی ئیسلامی کەنگێ دێنە سەر ئەو بڕوایە کە خودموختاری هیچ زیانێک نە بە یەکپارچەیی وڵاتو نە بە سەربەخۆیی‌و یەکگرتوویی ناگەیەنێ؟ ئاخر ئەوانە لەچی دەترسێن»؟

«دووپاتی دەکەمەوەو دەڵێم دەمەوێ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تێبگەن ئەگەر ئێمە خوازیاری شتێکی دیکەی جیا لە خودموختاری باین، دەمان هێنایە گۆڕێ. لە جیهانی ئەم سەردەمەدا داوای سەربەخۆیی‌کردن گوناح نیە. زۆر  نەتەوەی چووکتر لە ئێمە هەن ـ دووسەد هەزار، سێ‌سەد هەزار یا دوو میلیۆن کەس‌و داوای سەربەخۆیی دەکەن. ئێمە شتێکی ئەوتۆمان داوا نەکردوە. دوای لێکدانەوەیەکی یەکجار زۆرو دوای ئەوەی ئێمە لەباروودۆخێکی ڕاست وەک ئێوەداین‌و بە لەبەرچاو گرتنی وەزعیەتی ئێران، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو تەواوی جیهان، ئەو دروشمەمان هەڵگرتوەو ئەگەر هێندێک لە دۆستەکانمان ئەو دروشمەیان پێ‌خۆش نەبێ‌و شتێکی دیکەیان بوێ، ئەوە موشکیلەی خۆیانە. ئێمە نوێنەری کوردەکانی ئێرانین… لانی‌کەم لەهەلومەرجی ئێستادا، سەربەخۆبوون شتێکی دوورە دەستە».

لێرەدا قاسملوو هاتە سەر بیرو بڕوای کەسانی مەزهەبی‌و گوتی: «لە قورئاندا هیچ شتێکم لە دژی خودموختاری نەدیوەو چونکە عەرەبی دەزانم، کتێبە ئایینی‌یەکانیش دەخوێنمەوەو ئەو شتانەی ڕێبەرە مەزهەبی‌و غەیرە مەزهەبییەکان لەشاری قوم دەیڵێن بیستوومن. ئەگەر ئێوە لە سوورەیەکی قورئاندا ببینن خودموختاری، لەهیچ چەشنە هەلومەرجێکدا، قبووڵ ناکرێ، ئەمن قسەم نیە ـ بەڵام، لە هیچ شوێنێک ئێوە ناتوانن شتێک لە دژی ئەو داخوازە بدۆزنەوە.

بەڵام ئێمە نەهاتووینەتە ئێرە بۆوەی بە جەخت دانانەوە بمانەوێ هەموو داخوازەکانمان بێ سێ‌ودوو لێکردن قبووڵ بکرێن. ئێمە کەسانی خۆشخەیاڵ‌و غەیرە مەنتقی نیین. تەنیا شتێکی دەمانەوێ ئەوەیە ڕێگەخۆشکەر بین. لەماوەی دەساڵی ڕابردوودا لە دژی ئێوە خەباتمان کردوە. ئیمام خومەینی ئازا بوو. بۆچی نابێ میراتگرەکانیشی وەها ئازا بن؟ ئەوە پێویستی بە ئازایەتییەو لەمە زیاتری ناوێ. بەڕادەی ئیمام پێویست نیە، چونکە ئەوە شتێک نیە بۆ کەسانی دیکە زیانبار بێ. ئەوە گیروگرفتێکی نێوخۆیی وڵاتێکە خەڵکەکەی تێ‌دەکۆشن ئەو گیروگرفتە نێوخۆییانە چارەسەر بکەن.

ئەوە شتێکی تەواو ڕوونە: ئەگەر ئێوە خودموختاریی کوردستان قبووڵ کەن، کەسانی دیکەش دێن‌و داوای شتێکی لەو چەشنە دەکەن. ئێوە هێندێک قانوون پەسند دەکەن کە بێ‌گومان هێزی دوور کەوتنەوە لەناوەند (واتە ئەوانەی دەیانەوێ جودا ببنەوە) چارەسەر دەکا. لەبیرتان نەچێ، لەوبەری ئێران بەلووچەکان‌و ئازەرییەکان لە یەکیەتیی شووروەوییش هەن؛ لە عێراق عەرەب هەن‌و تورکمانیش لە یەکیەتیی شووڕەوی هەن. …هەموو ئەو نەتەوانەی لە ئێران دەژین، لەوبەری سنوورەکانیش هەن. ئەوانەی لەتورکیەش‌و لە عێراقیش دەژین کوردن‌و ئەگەر ئێستا بەو موشکیلەیە ڕانەگەین‌و ڕێگە چارەیەکی بۆ نەدۆزینەوە، ڕۆژێک دێ ئەو مەترسییە لە دژی وڵاتەکەمان سەر هەڵبدا».

پاش ئەو باسە دوورودرێژە، قاسملوو گوتی: شتێکی وا نەماوە بیڵێم، مەگەر کەسێک پرسیاری هەبێ…؛

دوای تێکەڵاوێک لەدەنگە دەنگەکان لەسەر زەبتەکە، ڕەسووڵ لەبارەی لەبەرچاوگرتنی کاتو دەرفەتەکەوە شتێکی ناڕوونی گوت.

قاسملوو لە وەڵامدا گوتی: «سبەینێ پاش نوێژێ، دەتوانین لە بارەی هەموو ئەو شتانەی دەیانڵێن، قسەو باس بکەین».

یەکێک داوای دەرفەتێکی زیاتری کردو یەکی دیکە گوتی ئەوە گرنگ نیەو پێویست ناکاو رەسووڵ پێشنیاری کرد قسەو باسەکان شەوێ هەتا درەنگانێک درێژە پێ بدەن.

قاسملووش بە شۆخی گوتی: «وا دیارە بۆ نانی شەوێ میوانداریمان لێ دەکەی».

رەسووڵ لە وەڵامدا گوتی: «ئەمن بەتەنێم. ئەگەر پێتان خۆش بێ، کاتێک باسەکەمان تەواو بوو، دەتوانین بچینە شوێنێک...».

«باشە؛ ئەوە روونە. نانو پەنیری دەگەڵ خۆمان دێنینو لەوێ دەیخۆین».

دەنگێک بە فارسی بەرز بۆوە: «ئەگەر ئێوە تەنیا نانو پەنیرتان دەوێ...»

لێرەدا، هەموویان تێکرا دەستیان بە قسان کرد. دەنگی قاسملوو بەرز بۆوەو رووداوێکی چکۆلەی گێڕایەوەو گوتی: «وەکو کۆمەڵەی مەبن... کۆمەڵەکان چوونەنێو چادرێکو پیرێژنێک نانو پەنیری بۆ هێنان...»

دیسان زەبتەکە لەکار کەوت. دەنگەکان بەتەواوی تێکەڵاو ببوون. ماوەیەکی کورت، تەنیا دەنگی فازیل رەسووڵ دەبیستراو دووجار کابرایەک بەفارسی قسەکانی بڕی. بێجگە لە دەنگی موستەفەوی، هیچ دەنگێکی دیکە نابیسترێ، داخوا خەڵکی دیکە لەوێ هەن یان نا.

رەسووڵ بەشێوەیەک قسان دەکا هەروەک تۆ بڵێی بۆ تاقمێک لە دۆستو ئاشنایان قسە دەکا کە لێک دابڕابنو قاسملووو قادری ئازەر وەک برای یەکتر دەناسێنێ. سەرەتای باسێکی یەکجار دووروودرێژی پێش جینایەتەکەن. هەر کەسێک گوێ بداتە ئەو کاسێتانەو بزانێ کوشتنەکەیان شتێکی بێئەملاولایە، راست وەک تەماشاچییەکی بێدەسەڵات دەچێ کە چاوەڕوانی دەست پێکردنی تراژیدییەکی تاڵو دڵتەزێنە.

«تێدەگەمو ئەگەر رێگەم بدەن، دەبێ بڵێم ئێوە لە براکانمان لەحدکادا داوا دەکەن لە پێشدا هەڵوێستی خۆیان لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا روون کەنەوە ئەوەی ئێستا ئێمە دەمانەوێ لەوانەیە ساڵانێکی دوورو درێژ بکێشی هەتا جێبەجی دەکرێ. ئەویش خودموختارییە. لە خودی عێراق...

رەسووڵ ناتوانێ باسی وڵاتەکەی عێراق، نەکا. لەو رۆژەوە عێراق ببوو بە کۆمار بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەموو گیروگرفتانەی لەگۆڕێدان، هیچ چەشنە چارەسەرێک نەدۆزراوەتەوە. «هێندێک لەو گیروگرفتانە خراپتریش بوون، یەک لەوان مەسەلەی کوردستان». لێرەدا دەست دەکا بە گێڕانەوەی خەباتی کوردەکان بە فەرماندەریی موستەفا بارزانی.

دیسان هیچ دەنگێک لەسەر کاسێتەکە نابیسترێو هەرکەس گوێ بداتە ئەو بەشە لە کاسێتەکە بێگومان بۆی دەردەکەوێ کە قاسملوو لەوێ رای گرتوە بۆوەی گوێ نەداتە سەربردەو رابردوویەک کە بۆخۆی لە هەمووکەس باشتر لێی ئاگادار بوو.

رەسووڵ لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «گوتتان براکانتان بە شێوەیەکی دێموکراتانە دەگەڵ مەسەلەکە هەڵسوکەوت دەکەن... ئێستا دوو مەسەلە لەگۆڕێدان: ئێوە یان هەتا وەدەست هێنانی خودموختاری شەڕەکە درێژە پێدەدەن، یان تێ دەکۆشن درێژە بە وتووێژەکان بدەن بێ ئەوەی هیچ لایەکتان بتانەوێ ئامانجە کانتان بگۆڕن. ئەگەر بۆ ماوەی دوو ـ سێ ساڵی دیکە شەڕ لە کوردستان درێژەی هەبێ، ئەوکاتە رێککەوتنێکی ئاشتییانە ـ بەبڕوای ئێوە ـ بڵێی رێگەی باشتر بێ یا خراپتر...

دیسان کاسێتەکە بێدەنگ بوو.

«... ئەوکات رێککەوتنەکە پێوەندیی بە هاوکێشیی هێزەکانی دوولایەنەکەوە دەبێ. تکایە لەو دەرفەتەی ئەمڕۆ بۆتان هاتۆتە پێش کەلک وەرگرن. هەتا رێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانتان دەدۆزنەوە، درێژە بە وتووێژەکانتان بدەن. ئەگەر نەتوانن چارەسەریان بکەن، چۆن دەتوانن بەیەکەوە بژین»؟

قاسملوو گوتی: «ئێمە ئەو پێشنیارە قبووڵ دەکەین».

ئەوە ئاخرین قسەکانی قاسملوو بوون.

لێرەدا تێگرا قسەیان دەکردن.

دەنگی ڕەسووڵ: «ئەمن تەنیا لەبارەی وتووێژەکەی ئێستادا قسان ناکەم… دەمەوێ بزانم دوایە دەمانەوێ چ بکەین…»

ئەگەر کاسێتەکان شایەتێکی وردبین لەبارەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەدا بن، دەبێ زۆر بەوردی گوێ بۆ بێدەنگییەکی پێنج چرکەیی ڕاگرین. لەو ماوەکورتەدا ئەوەی گوێت لێ دەبێ تەپەتەپی پێیان لەسەر ئەرزەکەیە. هیچ دەنگیش نایە.

لە کاتێکدا زەبتەکە ئەو بێدەنگییە زەبت دەکا، داخوا کوردەکان هەر زیندوون؟

دوای پێنج چرکە، تەقە دەست پێدەکا. پسپۆرانی بالستیکی (ئەوانەی شارەزای تەقەن) جێگای نۆزدە گوللان لە بەدەنی سێکەساندا دەدۆزنەوە، بەڵام لەسەر زەبتەکە تەنیا گوێت لە دەنگی دوو ـ سێ گوللان دەبێ. ئەو گوللانەش هەموویان گوللەی بێدەنگ بوون. ئەوە دەبێ بەهۆی دەزگای بێدەنگ کردنەوە بووبێ کە لەسەر چەکەکانیان دانابوون.

ئەو پسپۆرانەی گوێیان دابووە کاسێتەکان دەڵێن ئەو دەنگانەی گوێتان لێی دەبێ ڕەنگە دەنگی گوللەکان نەبن. کەوابوو دەبێ دەنگی چ بن؟

ئەگەر کاسێتەکان هەروا دەنگەکانیان لەسەر زەبت کرابا، دەردەکەوت، لەماوەی جینایەتەکەدا چ ڕوویداوە؟ پۆلیسەکان چۆنیان کاسێتەکە لە کیفی قاسملوودا دیتەوە؟ کێ دەوێی نابوو؟

واقعییەتێکی دیکەش لەگۆڕێدایەو پیاو تێی ناگا چۆنە: لەماوەی تەقەکەدا، دەنگەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەروا لەپشتەوەڕا دەبیسترێن‌و کەس نازانێ کێن‌و وێدەچێ کەسانێک بەفارسی قسان بکەن‌و بەهۆی پێکەنین قسەکانیان قەتع دەبن. پاشان کەسێکی دیکە دێ‌و بەئەڵمانی قسەیان دەگەڵ دەکا.

هێلین سەدجار گوێی داوەتە کاسێتەکەو تەرجەمەی ئەڵمانییەکەشی خوێندۆتەوەو هێندێک پسپۆری دیتنەوەو یارمەتییان دا بۆ ئەوەی بە ئاکامێکی ڕوون بگا. مانگی نوامبری ۱۹۹۰، بۆی دەرکەوت هێندێک لە شتەکان دەگەڵ کاسێتەکان وەک یەک نایەنەوە.

ئیمکانی ئەوە هەیە هێندێک فێڵکاری ئەنجام درابن‌و ئەو کاسێتانەی وەچنگ کەوتبوون کاسێتە ئەسڵییەکان نەبووبن. ئەو کاسێتەی ڕۆژی پێنج شەممە، ۱۳ی ژووئیەی ۱۹۸۹ تۆمار کراوە دەبێ دەگەڵ هێندێک کاسێتی دیکەی پێشتر ئامادەکراو گۆڕابێ.

ئەوە ئاخرین کار بووە کە پیاوکوژەکان کردوویانە. لە حاڵێکدا یەکێک لە پیاوکوژەکان دەبێ چەکەکانی ڕاگواستبێ، یەکێکیانیش بە کاسێتە لە پێشدا ئامادەکراوەکاندا دەچێتەوەو دەکیفی قاسملوویان دەنێ‌و پۆلیسەکانیش دەڵێن هەر لە کیفی قاسملوومان‌دا دیتوونەوە.

مەبەستەکەیان دەبێ ئەوە بووبێ کە لە ماوەی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسدا وا دەرخەن هەموو شتێک بە شێوەیەکی ئاسایی ئەنجام دراوە. واتە ئەوبەشانە لە توێژینەوەکان لە بارەی ڕێککەوتن‌و شتی لەو بابەتە لەسەر کاسێتەکە نەماون وەک دەنگی گوللەکان، هەڕەشەو گورەشەکان، بەرتیلدانەکان‌و «حق السکوت»ەکان…

هەروەها، داخوا ئەوە بۆ ئێرانییەکان باشتر نەدەبوو ئەگەر کارێکیان کردبایە کاسێتەکان وەدەست پۆلیس نەکەوتبان؟ ئەگەر هیچ کەس نەیزانیبا وتووێژێک لە گۆڕێدایە یان لە کەسایەتیی ئێرانییەکان ئاگادار نەبووبان بە چ هۆیەک دوای جینایەتەکە هەبوونی کاربەدەستانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامییان ئاشکرا دەکردو لەکاتی هاتنیان بۆ ڤییەن بۆچی خۆیان بە دەزگای پۆلیس نەناساندبوو؟ ئەوانە بە پاسپۆرتی سیاسی‌و بە ئیمزای وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، عەلی ئەکبەر ویلایەتی، هاتبوون.

رەنگە پێیان وا بووبێ دەستکاریکردنی کاسێتەکان شکوگومان پێک دێنێو بە قازانجی ئەو جینایەتە دزێوە تەواو دەبێ. ئەگەر پێداچوونەوەیەکی یەکجار وردی پسپۆرە تەواوکارلێهاتووەکانی ئوتریش لە گۆڕێدا نەبایە، رەنگ بوو بە قازانجیان با. بەڵام ئەو لێکۆڵینەوەیە بەوردی دەری خست کاسێتەکان دەستکاری کراون.

ئەو پێداچوونەوەیە، ماوەیەک دواتر لەسەر داخوازی هێلین کرۆلیچ لەبارەی جینایەتەکەدا ئەنجام دراوە. ئەو بیوەژنە بە هەڵسوورو ماندوویی نەناسە بە ڕاشکاوی دەڵێ: «دوو شوێن لە سێهەمین کاسێتدا دیارە دەستکاری کراونو لە شوێنی سێهەم بێهیچ شک و گومانێک بەشێک لە کاسێتەکەیان بڕیوەو دوایە بە چەسپ دووبەشەکەیان پێکەوە لکاندوونەوە».

ڕاپۆرتی لێکۆڵەرە ئوتریشییەکان باسی ئەو سێ ڕاستیانەی نەکردوە. بۆیە هێلین پێی وایە، «بەڕوونی دیارە لێکدانەوەیەکی تەواو ورد ئەنجام دراوە».

مەبەستەکانی ئەو بیوەژنە بێدەلیل نین. ئەگەر کاسێتەکان دەستکاری کرابن ـ و واش دیارە کراون ـ ئەوە پیلانی جینایەتەکە زۆر باشتر وەدەر دەخا. بۆ وێنە: بەو جۆرەی ئێرانییەکان دەڵێن ئەگەر پیاوکوژەکان لە وتووێژەکەدا نەبوونو لەدەرەوەڕا هاتوون، داخوا هەموو ئەو سەعاتانەی وتووێژەکە درێژەی هەبووەو ڕۆژێک پێشتر زەبت کرابوون لەبەر دەستیاندا بووە بۆوەی بووە بتوانن بەوجۆرە فێڵبازانە دەستکارییان بکەن؟

دەنگی وتووێژکەرە سەرەکییەکان لە وتووێژەکاندا زۆر بەڕوونی دیارە. ئەو وتووێژە دوورو درێژەی لەسەر کاسێتەکە ماوە، دەتوانێ تەنیا قسەکانی ڕۆژێک پێشتر، واتە هی ڕۆژی چوارشەممۆ، ١٢ی ژووئیە بن. ئەگەر لەو وتووێژانەیان کەلک وەرگرتباکە لە مانگەکانی دێسامبرو ژانویەدا تۆمار کرابوون، زۆر بەڕوونی دەردەکەوت دەستکارییەکی ئەحمەقانەیان کردوون.

ئیمکانی سێهەمیش لەگۆڕێدایە: دەستکارییەکە پاش ئاشکرابوونی جینایەتەکەو کاتێک ئەنجام درابێ کە کاسێتەکان لەبەر دەستی پۆلیسو دادوەرە ئوتریشییەکاندا بوون.

با هێندێک شکو گومانی دیکەش بخەینە بەرچاو. دوای جینایەتەکە، کاربەدەستانی دەوڵەتی تاران لەبارەی جینایەتەکەدا بە خەڵکی جیهانیان ڕاگەیاند مەبەستی وتووێژەکان ڕێگەدان بە قاسملوو بووە بۆ ئەوەی دوور لە هەر چەشنە مەترسییەک بگەڕێتەوە ئێران.

لەبارەی ئەو بابەتەدا هیچ شتێک لە کاسێتەکان نابیسترێ. ئەگەر کەسێکیش لەو بارەیەوە قسەی کردبێ، قسەکانی لەسەر کاسێتەکە پاک کراونەوە. بەوحاڵەش، ڕەنگە بڕیاری کوشتنی قاسملوو، کوشتنی دوو کەسەکەی دیکەشی دەگەڵ بووبێ ـ کاتێک قاسملوو ئامادە نەبووە ئەو پێشنیارە قبووڵ کا، ئەو بەشەیان لەسەر کاسێتەکە پاک کردۆتەوە. کاتێک قاسملوو گوتوویەتی «نا»، کوژرانی خۆی وەپێشتر خستوە.

ئایا ئەو بەشە لەسەرداخوازی ئوتریشو لەلایەن یەکێک لە نوێنەرە ئێرانییەکانەوە پاک کراوەتەوە ئەویش بەو مەبەستە بووە ئەو بەڵگەیە لە دژی ئێران بشارنەوە؟ ئایا ئەوە وەڵامێکی خۆبەدەستەوەدەرانەی ئوتریش لە بەرامبەر گوشارێکی توندوتیژی ئێراندا بووە، وڵاتێک کە ئوتریشییەکان پێوەندییەکی یەکجار پڕخێرو بەرەکەتیان دەگەڵی هەبووە؟ ئەتۆ بڵێی شتەکە وا بووبێ؟

لە باری تیئۆرییەوە، وەڵامەکەی «بەڵێ»یە. بەڵام، بڕوایەکی ڕاستو دروست دەربڕین کارێکی دژوارە. هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نیە پێشان بدا شتەکان بەو شێوەیە روویان دابێ. بێجگە لەوەش: ئەوە ڕێگەخۆش دەکا بۆ شکو گومانێکی یەکجار خراپ. ئەویش ئەوەیە کە پیاوکوژە ئێرانییەکان توانیبێتیان هاوکاریی دەزگای پۆلیسو دادوەرەکان لە وڵاتێکی دێموکراتی ئورووپای ڕۆژئاوادا وەدەست بێنن.

دوو شت بەتەواوی راستن: یەکەم ئەوەیە قاسملووی بەفەرهەنگو یەکجار وردبین، هەرگیز لە زەبتی سەوت کەلکی وەرنەدەگرت. بۆیە بۆ دابڕانی دەنگەکان لەسەر کاسێت کە کارزانەکان لەسەر کاسێتەکان دیبوویاننەوە هیچ روونکردنەوەیەکی مەنتیقی ناتوانێ هەبێ. دووهەم یەکەمین بەشی وتووێژەکان بەزمانی ئەڵمانی کە وەرگێڕێک تەرجەمەی کردوە هیچ چەشنە توندوتیژییەکی تێدا نیە.

وەرگێڕی رەسمیی کاربەدەستانی ئوتریش، بێئەوەی کەس بزانێ بۆچی، رایگەیاند دەیەوێ بەشێک لە وەرگێڕاوەکە بەزمانی ئەڵمانیو لە بارەی وتووێژەکاندا لابەرێ. ژنە وەرگێڕەکە لەسەر ئەوبڕوایە بوو کە نێوەرۆکی کاسێتەکە لەو بەشەدا کۆمەک بە پۆلیسەکان ناکا بۆ ئەوەی باشتر لە جینایەتەکە بگەن. ئەوەش بێجگە لە کارێکی قۆڕو بێمانا هیچی دیکە نەبوو.

هێلین دەپرسێ: «ئەوە کێیە کە دەبێ بڕیار بدا چ بەشێک دەبێو چ بەشێک نابێ تەرجەمە بکرێ؟ لە حاڵێکدا ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی پۆلیس لە جینایەتێک بووە کە سێ کەسی تێدا کوژراون».

# بڕگەی نۆیەم

# ماری کوبڕای دووەم

شەوی جینایەتەکە، پۆلیسێک بەناوی ئۆسواڵد کیسلێر، هەرچەند ئەو رووداوە پێوەندیی بە حەوزەی مەئمووریەتیەوە نەبوو، گەیشتە ساختومانی لینکێیاهنگازی ژمارە٥. بەوردی چاوی بەشوێنی جینایەتەکەداو بە وەزعییەتی کوژراوەکاندا گێڕاو بەشێک لە کارەکەی بە پۆلیسەکانی ژێردەستی خۆی ئەسپاردو چەندکەسی دیکەی نارده گەڕەکی کۆمەڵە چکۆلەکەی کوردەکان لە ڤییەن. سەرانسەری ئەو شەوە خەریکی لێکۆڵینەوە لە جینایەتەکە بوو.

کیسلێر پیاوێکی پۆلیسی یەکجار بەهۆش بووو زۆر زوو بە ئاکامێکی روون لە بارەی ئەو جینایەتەوە گەیشتبوو. لەو جینایەتەدا تەرمی سێ پیاوانی دۆزیبۆوە کە بە ژمارەیەکی زۆرگوللە کوژرابوون.

کاتژمێر هەشتی بەیانیی رۆژی دواتر، واتە رۆژی هەینی، ١٤ی ژووئیە، وەزیری نێوخۆیی، فرانس لویشناک ـ ی ئاگادار کرد چونکە لە بەرامبەر ئەودا وەڵامدەر بوو. بەناوبراوی گوت جینایەتێکی سیاسی لە دەرەوەی وڵاتدا دەستووری بەرێوەبردنی دراوەو لە ڤییەن بەڕێوە چووەو بە لویشناکی گوت سێ ئێرانیی کوردیان کوشتوون.

هەر لەپاش نیوەڕۆی هەینیدا، کیسلێر ئەو کارەی بەنهێنی بە سووزان رەسووڵ ڕاگەیاند. دوو رۆژ دواتر، یەکشەممۆ، ١٦ی ژووئیە، بێهیچ چەشنە دوودڵییەک بە فەتاحو موستەفاو ئازادیشی راگەیاند ـ ئەوانە چەند کەسێک لە رێبەرەکانی کۆمەڵی کوردەکان لە ڤییەن بوون. راست ئەویش شتەکەی بە وەزیرەکەی راگەیاند: «ئەوەی لێرە رووی داوە شتێکی بەتەواوی روونە. سێ نەفەر کورد بەدەستی سێ کەسی ئێرانی کە لەوێ بوون کوژراون».

ناوبراو بە کوردەکانی گوت ئەوە پیاوکوژییەکی سیاسییەو ناتوانێ هیچ کارێک بکا. بەو حاڵەش، سەرەڕای ئەوەی هەموو شتێک بەتەواوی روون بووو هەموو ئەو دەسەڵاتەی بە پۆلیس دراوە، زانیارییەکانی زۆرکەمتر لەوەی هەبوون بە لەسەرەخۆیی دەردەبڕیو دوای چەند حەوتوو بە پارێزەرەکانی نوێنەری کەسوکاری قوربانییەکانی دەگوت زمانی ئینگلیزییەکەی زۆر لاوازەو ئاکامێکی پێی گەیشتبوو دروست نەبووەو بەهۆی خراپ تێگەیشتنەکەی بووە.

هەر لەو حاڵەدا، کوردەکانو ئاشناکانیان دەگەڵ گیروگرفت بەرەوڕوو بوون: وەڵامی بە درۆی ئەفسەرە پۆلیسەکانو کاربەدەستانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە.

بێگومان، وەڵامە رەسمییەکان لەبارەی جینایەتەکەوە لایەنی سیاسییان هەبووو لەلایەن بەرزترین ئۆرگانو هێزی سیاسییەوە درابوون. چونکە کاربەدەستە ئوتریشییەکان هەر لە رۆژی یەکەمەوە هەر پرسیارێک لەبارەی جینایەتەکەیان بە شێوەیەک وەڵام دەدایەوە کە بەڕوونی دیار بوو دەیانەوێ بە پارێزێکی تەواوەوە لەو پێوەندییەدا قسە بکەنو هەموو جارێ دەیانگوت: «ئێمە وڵاتێکی دێموکراتینو دەزگایەکی دادوەریی سەربەخۆمان هەیە«. دیارە کاتێک بەرژەوەندیی وڵاتەکە بکەوێتە مەترسییەوە، هەروەک ئەو رووداوەش بەروونی دەری خستوە، تەنیا بەشێکی کەم لە وەڵامەکان راست بوونو هیچی‌دی.

ساڵو نیوێک دوای جینایەتەکەو لە نوامبری ۱۹۹۰دا، ئوسواڵد کیسلێر لە دەزگای پۆلیسدا گەیشتە لووتکەی دەسەڵات. ناوبراو پێشتریش ئەفسەرێکی تەواو بەدەسەڵات بووو دەوڵەت کردبوویە بەرپرسی پۆلیسی نەتەوەیی ئوتریش.

قسەکانی کیسلێر بە ئینگلیزی تاڕادەیەک روون بوون، هەرچەند رەنگە بەهۆی ئەوەی زۆر خێرا قسەی دەکرد، شێوەی دەربڕینی وشەو زاراوەکانی باش نەبووبێ. کیسلێر زۆر بە جیددی بە هێلین کرۆلیچو وتووێژکەرەکە، گابرییەل فێرناندزی، گوت ئوتریش لە پێوەندی دەگەڵ رێکخراوە ئەمنییەتییەکانیدا وەزعێکی ئاڵۆزی هەیە».

لەراستیدا، ڤییەن پێتەختێکە پڕە لە رێکخراوە نێونەتەوەییەکان. بێجگە لە هێندێک شتی دیکە، زۆر گیروگرفتی وەک چەکداماڵینی ئەتۆمیو نرخی نەوتو دیاری کردنی بەشی هەر وڵاتێک لەنەوتیش لەم شارە چارەسەر دەکرێن.

هەروەها، بەهۆی بێلایەن بوونێک کە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بەسەریدا بڕاوەو هەروەها بەهۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی لەنێوان دووبەشە جیاوازەکەی ئورووپادا، ئوتریش لەماوەی چل ساڵ شەڕی سارددا بۆ جاسووس و شۆفاران وەک بەهەشتێک وا بووە.

هەرچەند کیسلێر باسی نەکردن ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەوچەشنە رووداوانە لە پێتەختی ئیمپراتۆریی ئوتریش ـ مەجارستان، شتێکی تەواو باو بوونو بەشی زۆریشیان سزایان بۆ دیاری نەکرابوو.

ئەو بەشەیان لە قسەکانی فەرماندەری پێشووی پۆلیس کە ئێستا خانەنشینە وەلا برد. دەیەویست کتێبێک بنووسێو لەودا هەموو ئەو جینایەتە گەورە سیاسییانەی رابردوو لەقاو بدا کە لە ئوتریش روویان داوەو هەرگیز بڕیارێکیان لەسەر نەدراوە.

ئەو پیاوە هەروەها پێی وا بوو «مەعنەوییەتی سیاسی لە ئوتریش بە شێوەیەکی پڕ لە مەترسی دابەزیوە». داواشی لێکردین ناوی نەبەین. ئەم جیهانە لەخەڵکانی ئاسایی پێک هاتوە نەک لە قارەمانان. سەرۆکی پێشووی پۆلیس نیگەران بووو پێی خۆش بوو پاشماوەی ژیانی لە هەلومەرجێکی ئاشتییانەو دوور لەشەڕو پێکدادانەدا بەرێتە سەر.

کیسلێر تێدەکۆشا بەهێلینو فێرناندز بسەلمێنێ کە ئوتریش دەزگایەکی کارامەی پۆلیسی نیە. بۆ دامەزراندنی دامودەزگایەکی بەتوانا یەکجار زۆر هەوڵی دابوو. ئەو کارەش ببوو بە هۆی ئەوەی لە هەموو لایەکەوە بکەوێتە بەر هێرشو رەخنە لێگیرانەوە.

شێوەی بیرکردنەوەو بڕواکانی بەم جۆرە بوو: ئێمە چۆن دەتوانین بزانین مافیای ئیتالیا، تورکیەو یۆگۆسلاوی کە لەم وڵاتە چالاکییان هەیە خەریکی چین؟ ئێمە چۆن دەتوانین بزانین کەسانی سەر بە فەلەستینییەکانو مووسادی ئیسرائیل، جاسووسەکانی ئەڵمانی رۆژئاوا تیرۆریستەکانی ئیتای ئیسپانیاو ئەرتەشی شۆڕشگێڕی ئیرلەند چییان دەبن سەردایە؟

نیگەرانییەکەی مەنتیقی بوو. سەیر ئەوە بوو لە بژاردنەکەیدا، هیچ باسی تێکۆشانی رێکخراوە راستئاژۆو توندڕەوەکانو یەک لەوان نیۆنازییەکانی ئەڵمانیشی نەکرد کە لە ئوتریش هەنو زۆریش هەڵسووڕن.

هەتا ئەو کاتە، کەسایەتییەکی ناسراو کە بە ئازایەتییەکی تەواوەوە تێدەکۆشا کوژرانی ئەو سێ کوردە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، نوێنەرێکی پارلمانو ئەندامی حیزبی سەوزەکان بەناوی پیتێر پیلتز بوو: تێکۆشانەکەی ئەگەرچی زۆریش ئازایانە بوو هەتا ئەوکاتی هیچ ئاکامێکی نەبوو. پیلتز لەبارەی ئەوەدا کە بۆچی ئەو پیاو کوژییە روون ناکرێتەوە بڕوایەکی تایبەتیی هەبووو دەیگوت

دابونەریتێکی کۆنی ئوتریش بە پۆلیسەکانی سەلماندوە کە لە پێوەندی دەگەڵ ڕێکخراوە توندڕەوە ڕاست ئاژۆکاندا زۆر خۆیان سەخڵەت نەکەن.

پیلتزی نوێنەر [ی پارلمان] لەوتووێژێکدا دەیگوت: «پۆلیسەکان بە گشتی کوێرن. لەبارەی ڕاستئاژۆ توندڕەوەکان، لەبارەی تاقمە سەرەکییەکانی نازییان، لە پێوەندی دەگەڵ تاقمە دەستەڕاستییە نێونەتەوەییەکاندا، یەک لەوان گورگە شینەکانی تورکیەو هتد هەرگیز ئاگادارییەکی پێویست لەگۆڕێدا نەبووە. پێم وایە هێندێک جار لەنێو ڕێکخراوی ستاتسپولیزیدا چەند کەسێک هەبوون دەگەڵ تاقمە یەکجار توندڕەوەکان لە دەرەوەی ئوتریش پێوەندیی زۆر نیزیکیان هەبووە.

لەساڵەکانی دەیەی پەنجاو دەیەی شێستدا، پۆلیسی ئوتریش بەتەواوی دژی کۆمونیستەکان بوو. دیارە ئەوە شتێکی سەیرو سەمەرە نیە، چونکە پۆلیسەکانی هەموو وڵاتانی ئورووپاش هەروا بوون. ئەوجار دەزگای پۆلیس هێزوتوانای خۆی خستە سەر بزووتنەوەی سەوزەکان، بزووتنەوەی مافی بەرامبەریی ژنان دەگەڵ پیاوان، بزووتنەوەی ئاشتیخوازانو یەکیەتیی کرێکارانی چەپئاژۆ.

پیلتز بەزمانی ئینگلیزییەکی یەکجار باشەوە، پێی دادەگرتو دەیگوت: «هەموو ئەو گرووپانە، بە تایبەتی سەوزەکان. زۆر بە توندی کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی پۆلیسی نهێنییەوە. لەهەر شوێنێک کۆبوونەوەیەکمان هەبێ، بێگومان، هەمیشە چەند کەسێک لە ئەندامانی پۆلیسی نهێنییشی لێن».

وا دیار بوو کیسلێر دەیەوێ بڵێ ئێوە چۆن دەتوانن هەزاران کۆچەری غەیرە قانوونی کۆنترۆڵ بکەن کە بۆ هەمیشە لە ئوتریش نیشتەجێ بوون؟ ساڵی ١٩٨٩، ٢١٨٨٢کەس ـ واتە دوو هێندەی ساڵی پێشترو زۆربەشیان لە ئورووپای ڕۆژهەڵاتەوە ـ داوای پەنابەریی سیاسییان لە ئوتریش کردبوو. لە سێ مانگی سەرەتای ١٩٩٠دا، پێنج هەزارکەس ـ دەکرێ بڵێن زۆربەیان خەڵکی ڕۆمانی بوون ـ داوایەکی ئەوتۆیان هەبوو، لە مانگی فێوریەدا ڕۆژ نەبوو بەسەدان کەس نەیەن. هەمووشیان لەترسی شۆڕشێک هەڵدەهاتن کە کۆتایی بە ڕێژیمەکەی هێناو نیکۆلا چائوشیسکۆشی کوشت.

بێگومان، بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو گانگستێرو پیاوکوژانە ئیمکاناتو زانیارییەکی تەواو پێویستە.

هەربۆیەش، لەمانگی مارسی ١٩٩٠دا، دەوڵەتی ئوتریش بڕیاری دا بە دانانی هێندێک لەمپەر لە بەرامبەر هاتنی پەنابەرانی ڕۆمانیدا پێشی سێڵاوی ئەو چەشنە پەنابەرانە بگرێ. ڕۆمانیو ئوتریش کە پێشتر ئیمپراتۆرییەکیان پێک هێنابوو، ئوتریش ببوو بە چەشنە دالانێک کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵک لە ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی لە ئەڵمانی ڕۆژهەڵاتەوە، بەوێدا هەڵدەهاتن.

ئەو کەسانەی تازە دەهاتن لەلایەن گومرکەوە داوایان لێ دەکرا کە دەبێ پارەی پێویستیان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو پێبێ بۆ ئەوەی بتوانن پێی بچنە وڵاتێکی دیکە. پارلمانیش هەڵوێستێکی توندوتیژی پەسند کرد بۆ گەڕاندنەوەی کۆچەرە ناقانوونییەکان بۆ وڵاتی خۆیانو لە ئاکامدا دەسەڵاتێکی زیاتر درا بە پۆلیسی سەرسنوور بۆ ئەوەی نەهێڵن پەنابەرانی لەو چەشنە بێنە نێو ئوتریشەوە. لەمانگی ژانویەی ١٩٩٠ـەوە، کاربەدەستانی دەوڵەت داوایان دەکرد ویزایەکی تەنیا سێمانگە بە تورکەکان بدرێ.

لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ڤییەن ـ بەتایبەتی ژنە بەساڵداچووەکاندا بە کڵاوە یەکجار جوانەکانیانەوە کە تراموا‌کان پڕدەکەنەوەو لە کافەکان ڕۆژنامە دەخوێننەوە ـ لەبارەی چوونە سەری ڕادەی جینایەت کە لە رابردوودا هەر نەبووە، گوێت لەزۆر ڕەخنەو گلەییو گازندان دەبێ.

پیلتز دەگەڵ کیسلێر موافق نەبووو، دەیگوت: «پۆلیسی ئوتریش ئەو کەسانەی دەگەڵ دەوڵەت هاوبیر نین زۆر باش دەناسێو بیانییەکانیشی زۆر بە توندی لەژێر چاوەدێریدان. ئەگەر بتەوێ لەسنووری ئوتریش تێبپەڕی، پەروەندەکەت دەخرێتە سەر کامپیوتێری دایرەی پۆلیسو ئەو کامپیوتێرانەش بە کامپیوتێرەکانی ئەڵمانو کۆمەڵگای ئورووپاوە گرێ دراون. کەوابوو تۆڕێکی کۆنترۆڵ کردن لەسەر بیانییەکان هەیە».

ئوتریش بە حەشیمەتێکی حەوت میلیۆن کەسیو بە پانتایی زیاتر لە ٨٣٠٠٠کیلۆمیتری چوارگۆشەوە وڵاتێکە سێڵاوێکی بێ پسانەوەی تووریستانی لە سەرانسەری جیهانەوە بەسەردا دەڕژێ. زۆرکەمن ئەو شارانەی بەڕادەی ڤییەن ساختومانی قەدیمیی زۆر جوانو

هونەری جۆراوجۆریان لێ بێ. یان شوێنێکی سەرنج ڕاکێشی وەک سالزبۆرگ بۆ لایەنگرانی مۆسیقا هەبێ. لەسەرانسەری جیهاندا خەڵک ڤییەن وەک شاری شادیو خۆشی چاو لێدەکەن، شارێک کە بەهۆی مۆسیقای بنەماڵەی ستراوسو فیلمە سینەماییەکانی هالیوودو ڕووداوە پرمەترسییەکانی شازادەخانم سیسیو تراژیدیی مایرلێنگ هەرگیز نامرێو بۆ هەتا هەتایە هەر دەژی.

لە ئاکامدا، ڤییەنی گەورەو پێتەختی ئیمپراتۆریی ڕابردوو شارێکی یەکجار گەورە بووو زیاتر لە هونەرمەندانی سینەمایی، پزیشکی تێدا پەروەردە کراون. ئەو شارە، سیگمۆند فرۆیدی، دەروونناسی بەناوبانگی هێنایە سەر جیهانی پزیشکی. ئەو کارە یەکەمینو وردبینانەترین شۆڕش لە جیهاندا بوو. زانستی نوێی ماچو بولدزمان، پۆزێتیڤ ئاژۆییو مۆسیقای دوازدە ئاهەنگیی زێملینسیکیو شۆنبێرگیو هونەرە جوانەکانی ئادۆلف لوو، تێکرا لێرە خوڵقان و ئابووریی مودێرنی کارل مێنگیرو شومپیتێرو هایی لێرە لەدایک بوون. ئەو شارە پێشاندەری هونەری مێعمارییو شارنشینیی مۆدێرنی ئۆتۆ واگنێرو هی ئەو کەسانەیە هونەری ڕینگستراسیان هێنایە گۆڕێ.

لە ڤییەن هەڵوێستی خەڵک لە دژی سەهیۆنیزم یەکجار توندوتیژ بوو، بەڵام سەهیۆنیزمی تێیۆدور هەرزل هاتە گۆڕێو ساڵی ١٨٩٨ بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ جوولەکەکان ڕێکخراوێک دامەزرا. دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، ستادێکی گشتی بۆ بەناوبانگترین ڕاوچیی نازییەکان، سیمۆن ویزنیتاڵ لەو شارە دامەزرا. ئەگەر کوژرانی میراتگری تاجی شایەتیی ئوتریش ـ مەجارستان لەشاری سارایێڤۆ بوو بەهۆی سەرهەڵدانی شەڕی یەکەمی جیهانی نازیسمیش لەسەر خاکی ئوتریش پێگەیەکی یەکجار قورسو قایمی هەبوو ـ دیارە نە لەکاتی پێکهاتنیدا. لەمانگی مارسی ١٩٣٨دا، ئادۆلف هیتلێر، بێ ئەوەی شوێنێکی حەسانەوەی لەوێ هەبێ، هاتە نێو شارەکەو بێ هیچ چەشنە بەرەنگارییەک، وڵاتەکەی خستە سەر کۆماری تازە دامەزراوی ئەڵمان. ڤییەن ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو ژیانێکی ناخۆش دەرۆیشت. بە هاتنی دەزگا جاسووسییەکانی نازییەکان تیئاترە گەورەکان، کافەکانو کتێبخانەکان یەک لەدوای یەک داخران.

دوای شەڕی جیهانی بە یارمەتیی نۆوێلێک بەناوی «پیاوی سێهەم» کە نووسەری بریتانیایی، گراهام گرین، نووسیویەتی، ڤییەن لەرادەی جیهانیدا ناوبانگی پەیدا کردو تەواوی خەڵکانی ئەو سەردەمە لە شاری ڤییەن، فیلمی ئەو کتێبەیان بە بەشداریی ئورسۆن وێڵز، ئالیدا والیو ژۆزێف لەسەر پەردەی سینەماکان تەماشا دەکرد.

ڤییەنی مۆدێرن، زۆر لەمەو پێش ئەو بەدبەختیو نەهامەتییانەی ڕوویان تێکردبووو ئاسەواری هەموو بۆمبارانەکانی لەنێو برد. خەڵکێکی یەکجا ڕزۆر بەبەردەرگای هوتێلی بریستۆڵدا ڕادەبرن کە لە کاراتنێر ڕینگو لە ناوەندی شارەکە هەڵکەوتوە، بێئەوەی بزانن لەشکرییەکانی بریتانیا لەساڵی ١٩٤٥دا ستادی گشتیی هێزەکانی خۆیان لەو هۆتێلە دامەزراندبوو.

ڤییەن شارێکی پاکوخاوێن، بەنەزمو تەرتیبو تەواو بە هەیبەتەو بەهۆی خەڵکێکی ئارامو لەسەرەخۆوە، بەتەواوی نوقمی بێدەنگی بووە. زستانان پڕ لە بەفرە، بەهاران یەکجار پڕشۆقەو پێتەختی ئیمپراتۆریی کۆن بووەو هەموو ئاسەوارە ناحەزو نالەبارەکانی سەردەمی نازیسمو شوورەویی بەتەواوی لێ شۆراونەوە.

تەنیا دژایەتییەکی ئاشکرای دژی سەهیۆنیزم ـ کە هەتا ڕادەیەک بوو بە هۆی سەرکەوتنی کورت ڤاڵد هایم سەرۆکی ڕابردووی حیزبی ئێس ئێس، لە هەڵبژاردنی، سەرۆک کۆماریی ساڵی ١٩٨٤دا ـ ئێستاش هەروەک پەڵەیەکی شەرم لەسەر سیمای جوانی سیاسەتی ئەو دەوڵەتە ماوە. بێجگە لەوەش، بەشێک لە حەشیمەتی ئەو وڵاتە خەڵکە بیانییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی خەڵکی جیهانی سێهەمن، ڕاست وەک هاونیشتمانی پلەدوو چاو لێ دەکەن.

کوردەکان لەوە باش ئاگادارن چونکە ئەو بێحورمەتیو بەکەم گیرانەیان بە گۆشتو پێستی خۆیان هەست پێ کردوە. لە مانگی فێوریەی ١٩٩١دا، دادوەرو ڕاوێژکاری حیزبی سەوزەکان، گیرانی کابرایەکی کوردی بە تاوانی کوشتنی کەسێک زۆر بەتوندی مەحکووم کرد. کابرای کورد تەنیا لەبەر ئەوە تاوانێکی ئەوتۆی خرابووە ئەستۆ، چونکە کورد بوو. پرادر دەیگوت: «کوردەکانی ئوتریش وەک هاونیشتمانی دەرەجەدوو چاویان لێدەکرێ. ناوبراو ئەو کارە شاراوەیەشی لە قاودا کە دەزگای پۆلیسی ڤییەن زانیویەتی «گورگە

بۆرەکان» نەخشەی کوشتنی هەشت کوردی تەبعیدی لە ئۆتریشیان داڕشتوە، بەڵام قوربانییەکانیان ئاگادار نەکردبوو. ئەوەش ڕاست دژی ئەو واقعییەتە بوو کە بەشێک لەوانەی دەبوو بکوژرێن هاونیشتمانی ئۆتریش بوون.

ئەوە خەون و خەیاڵی ڕۆژانەی شارێکە کە بەهۆی سێلاوی بێپسانەوەی موسافیران بە تەواوی لەبیر کراوە. ئەتۆ بڵێی چەند کەس لەو موسافیرانە بزانن لەشکرێک لە پەنابەران لە فەلەستینو لە چیاکانی کوردستانەوە هاتوونە ئەو شارە؟

لەنەخۆشخانە مۆدێرنەکانی شار بەو پەنابەرانە ڕادەگەن. بەڵام، ماڵەکانیان خاوێن نینو دیوارەکانیشیان گێچیان لێ هەڵ دەوەرێو کەچی دیسانیش تێدەکۆشن بۆ هەمیشە لەو شارە گەورەی ئورووپای ناوەندی ریشە داکوتن. بەو حاڵەش دەزانن بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانیان هیچ زەمانەتێک لەگۆڕێدا نیەو بۆ مانەوەشیان لێرە ئایندەیەکی خۆش پێش بینی ناکرێ.

ئەو ساڵەی قاسملووو هاوڕێیانی کوژران، سەدوهەشتاوهەشت میلیۆن کەس - زۆربەیان توریست - لە سنووری ئوتریش تێپەڕبوونو هاتنە ئەو وڵاتە. بە پێی ئامارێکی نووسراو، لانی کەم هەژدە میلیۆن کەس لەوانە شەوێک لەو ساڵە لە ئوتریش مانەوە.

لەنێو ئەو بە میلیۆن تووریستەدا، سێ پیاوکوژی ئێرانیو سێ قوربانیی کورد هەبوون. لانیکەم، وا دیارە ئەوە ئەو شتە بووە کە کیسلێر ویستوویەتی ئەو ئێوارەیە بە وەزیری نێوخۆی ڕابگەیەنێ.

خەڵکی ئوتریش بە بیستنی هەواڵی ناخۆش ڕاناچڵەکێن، تەنانەت هەر گوێشی نادەنێ. مانفرێد وێیدینگێر پارێزەری پەروەندەی قاسملوو - کابرایەکی لاوو کەڵەگەتو کەمێکیش سەرڕووتاوە، بەڕدێنێکی کەمێک هەڵپاچراوەوە، دەیگوت: ئەوە بەو مانایە نیە کە لە ئوتریش ڕەگەز پەرستی هەیە. وێیدینگێر دەزانێ ڕەفتاری خەڵکی ئوتریش بەم جۆرەیە: دەیانەوێ خۆ لە گیروگرفتان بپارێزن. کابرایەکی ئوتریشییش هەروای دەگوتو هیچ کەس لە ئوتریشییەکان نەکوژراوە. کەوابوو لێمان گەڕێن دوورەپەرێز بینو خۆمان نەخەینە نێو گیروگرفتانەوە».

ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکی جۆراوجۆری هەموو بەشەکانی جیهان پێش ئەوەی گەڕیدەیی مۆدێرن بێتە گۆڕێ، بەناچار بەم وڵاتە چکۆلەدا تێپەڕیون. لە سەدەی نۆزدەهەمدا، وەک قەڵایەک لە بەرامبەر خەڵکانی ڕۆژهەلات نەخشی گێڕاوە. ئوتریش بەهۆی هەڵکەوتی جوغرافیاییو سیاسییەوە بۆ خەڵکی بەشەکانی ئیمپراتۆریی هاپسبۆرگو دوایەش بۆ ئیمپراتۆریی ئۆتریش - مەجارستان بۆتە ناوەندی کۆچەران.

سرووشتییە کە کیسلێر هەموو ئەو شتانەی باش دەزانی. هەرچەند خۆی وەک کەسایەتییەکی بە فەرهەنگ نەدەنواند، هیچ گومانێک لەوەدا نیە کە پیاوێکی بەرزەفڕ بوو،و بەپێی بۆچوونی ڕەخنەگرانی سەر بەحیزبی سەوزەکان، تەنانەت هەلپەرستیش بوو. دەگەڵ تاقمی تریڤی پێوەندیی هەبوو. ئەو تاقمە بە فەرهەنگە لە کاربەدەستانی سەرووی وەزارەتەکانی نێوخۆو دادوەری پێک هاتبوون و بە تایبەتی لەو مەترسییە کە تێرۆریستان بۆ ئورووپای خۆشبەختو دەوڵەمەند پێکیان هێنابوو، زۆر نیگەران بوون، ئەو تیرۆریستانەی لە جیهانی سێهەمەوە دەهاتن: ئەفریقای باکور. ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست، کەنداوی فارس؛ ئەو موسافیرانەی لە خزمەت کارتێلەکانی ماددە بێهۆشکەرەکاندا بوون (بۆوێنە کۆلۆمبیاییەکانو تایلەندییەکان).

کیسلێر بە پێچەوانەی زۆربەی هاوشانەکانی، تاقمە جۆراوجۆرەکانی پێتەختی زۆر باش دەناسین؛ هەروەها ئەندامانی پەستو ناپیاوی دەسەڵاتدارە سیاسییەکان، لە پۆلیسە شاراوەکانی دەزگاکانی پۆلیسو لە تاقمە تاوانبارەکانو لە بەدبەختیو چارەڕەشیی کۆچەرەکانو لە جیهانی شاراوەی جینایەتکارانو پێش خزمەتەکانی شارەکەی کە لە کافەکاندا زۆر بە ئەدەب خۆیان دەنوێنن بە تەواوی ئاگادار بوو.

کیسلێر ئەوەی باش لەبیر مابوو - و هەتا ئەو کاتە هیچ کەس نەی دەتوانی لەبیری بچێتەوە - کە دەزگا نهێنییەکانی ئوتریشو ئێران یەک - دوو جار هاوکاریی یەکتریان کردبوو.

سەرۆکی دەزگای پۆلیس بەشێک لەکاتی خۆی لە پەناگایەکی ژێر زەمینی لە هۆتێل مۆدێرنا خۆی دەشاردەوە. ئەوە ساختومانێکی سەردەمی سەدەی شازدەهەم بووو لە ساڵی ١٨٨١دا لەلایەن لودوێگ پیچیو گیا کۆمۆکواڕێنکییەوە نۆژەن کرابۆوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٤دا بەهۆی بۆمبارانی هاوپەیمانەکان زۆری خراپ ببوو.

له[ساختومانی] هێرانگاسی ژماره ٧، که له نێوەڕاستی ڤییەنی کۆن هەڵکەوتوەو چەند شەقاوێک له ... وەزارەتی نێوخۆیی دووره. ڕێگەی چوونە ژوور له ئینیمینیستریۆم بە دەروازیەکی گەورەدایە که له ڕۆژگاری خۆیدا کالیسکەی پێدا وەژوور کەوتوونو دەگاتە ڕێگەیەکی سەنگچنکراو. له ئاخری ئەو ڕێگەیە، ڕێگەیەکی دیکە دەست پێ دەکاو بەنێو دالانە بێدەنگەکاندا تێدەپەڕیو دەرگای چکۆلە چکۆلەی تێدانو تەنیا کارمەندێکی پیرو زۆر بە ئەدەب دەیان کاتەوە. دیتنی کارمندێکی ئەوتۆ لەسەرەخۆ پیاوی وەشکو گومان دەخا کە داخوا پیاوێکی چەکدارە یان دەفتەردارێکە. ئەوجار دەگەیە ئاسانسۆرێک که دەرگاکەی به ڕەمز دەکرێتەوە. لەسەر یەک، دوازدە دەرگا بەم جۆرەن هەتا دەگەیە هۆدەی دایرەکە. مێزێکی گەورە بۆ کۆنفرانسان لەنێوەڕاستێ دانراوە. لەسەر یەک ئەو ساختومانە ڕاست وەک قەڵایەک دەچێ.

پیاو چۆن دەتوانێ تێ بگا کار بەدەستانی ئوتریش لەبەرچی ئەو ساختومانەیان هەڵبژاردوە بۆ ئەوەی دایرەی کاروباری پۆلیسی لێ دامەزرێنن؟ کافەی ناوەندی له گۆشەیەکە. لەو کافەیە لیۆن ترۆتسکی، پەنابەرێکی سەردەمی ئیستالین، دەگەڵ هەڤاڵەکانی بەزمانی ڕووسی قسەیان دەکرد.

لەوەش سەیرتر ئەوەیە لیۆن ترۆتێسکی له مێکزیکۆ بە دەستی ڕۆمان مێرکادارو بە قولێنگێک کوژرا. ئەو پیاوەیان بە تایبەتی ناردبوو بیکوژێ. ئەوە هەروەک ئەو واقعییەتە دەبێ کە نیوسەدە دواتر کاتێک بچیە ڤییەن بۆ ئەوەی شێوەی کوژرانی ئەو سێ کوردە ساخ کەیەوە، ڕاست تووشی ئەو تایبەتمەندییانە دەبی: پیاو کوژەکان لەتارانەوە ناردرابوون قاسملوو، ڕێبەری نیشتمانپەروەری کورد بکوژن.

شتێکی سەیروسەمەرەی وەک یەکن. ترۆتیسکی لەلایەن ئیستالینەوەو لە کاتێکدا لە ڕووسیە نەبووە، سێ ساڵ پێشتر حوکمی ئێعدامی درابوو. عەبدوڕڕەحمان قاسملووش دەساڵ پێشترو کاتێک ئەویش له دەرەوەی وڵات بووە، لەلایەن ئیمام خومەینییەوە حوکمی کوشتنی درابوو.

ئەوەش بۆخۆی شتێکی سەرنجڕاکێشە: ساختومانی لەند هاوس دەبینی. ئەو ساختومانە کۆشکی ئەنجومەنی ئوتریشی بووەو بۆ شۆڕشی ١٩٤٨یش ناوەندی پیلانگێڕان بووە. له مانگی ئوکتۆبری ١٩١٨دا ستادی گشتیی ئەو ئەنجومەنە بووە کە کۆماری ئوتریشی ڕاگەیاندوە.

له ساختومانی ژمارە ٨و هەر لەو شەقامەدا،خوێندنگەی سوارەکانی شازادە لیختێن ستێین هەیە. لە ساڵی ١٨٧٢دا، لودویک باسێندرۆف کە کارخانەی پیانۆ سازیی هەبوو، ئەو ساختومانەی کردە سالۆنێک بۆ ئۆرکێسترەکان. لیۆدو ئانتۆنو ڕۆبینسۆنوهونەرمەندە باشەکانی دیکە لەوێ بەرنامەکانی خۆیان بەڕێوە دەبرد. له ساختومانی ژمارە ٩و له کۆشکی لەمێژینەی موڵلار ـ کلاریو چەند هەنگاوێک دوورتر لە ئارشیفە بەنرخەکانی کە مێژووو سەربردەی سەدانو هەزاران کەسایەتیی، سیاسەتوانو پیاوکوژانو خەڵکی ئاسایی ئوتریشو بیانیی تێدا کۆبۆتەوە... ئەو مووزەخانەیە زەویناسیو گیاوگۆڵ ناسیی پارێزگای ڤییەنو هەروەها پەیکەرەو نەققاشیی جۆراوجۆری لێنو یەک لەوان دیورێرە. هونەرو مەرگ له شەقامە جوانەکانی ڤییەندا دەستی یەکتریان گرتوەو پیاسە دەکەن.

ئەوە بەو مانایە نیە کە ئوسواڵد کیسلێری زەبەڵلاحو نیگەران خۆی لەو کۆشکەدا دەشارێتەوە. بە پێچەوانە، کیسلێر وەک پیاوێکی ئازایەو ساڵەکانی دەیەی هەشتای باش لەبیرە کاتێک دەگەڵ تاقمێکی تیرۆریست بەرەوڕوو بوو کە لە فرۆکەخانەی ڤییەن خۆیان شاردبۆوە.

کێسلێر له ١٩٧٥دا هاتە نێو هێزی پۆلیسەوەو تێکۆشانێکی یەکجار باشی هەبووو زۆر زوو بوو بە ئەفسەر. ساڵی ١٩٨٢، له دایرەی پۆلیسی ڤییەن کاری دەکرد. ساڵی ١٩٨٧، ئی. تی. بی = ڕێکخراوی دژە تیرۆری پێک هێناو ئەوە تاقمێکی دژە تیرۆر بووو بە تاقمی ژمارە ٢ یا ماری کوبرای ژمارە ٢ دەناسرا.

کاتێک له دیسامبری ١٩٩٠دا داوایان لێکرد له ئینیمینیستریۆم سەرۆکایەتیی هێزی پۆلیس بەدەستەوە بگرێ، پلەو پایەکەی بەرزتر بۆوە. ئەوکات تەمەنی سیو شەش ساڵ بوو.

بەڵام، کیسلێر ئەوەی لە توانایدا بووە کردوویەتیو لەوەش زیاتر ناتوانێ بکا. پیاوێکی یەکجار زۆرزانە. پلەو پایەی بەتەواوی چۆتە سەرێو دەبێ لە باری مەنتقییەوە رازی بێو ئەگەر شتێکی لەوە زیاتری ئاشکرا کردبا، بۆ کۆمەڵێ تێکۆشەرو دوور لە هەرچەشنە کارێکی توندوتیژ لە شاری ڤییەن، یان بۆ بێوەژنە چێکییەکە هیچ فایدەیەکی نەدەبوو. ئەو بێوەژنێکی زانایەو لەسەر لێکۆڵینەوە لە جینایەتەکە هەروا پێدادەگرێ.

کیسلێر لەخۆی دەپرسی: ئەو ژنە چیدیکەی دەوێ؟ تەرجەمەی ئەڵمانیی کاسێتی وتووێژەکان لە نێوان سێکوردو سێ ئێرانییاندا، بە فارسی، کە بە دەنگی تەقەو دەنگی پێیان دەبڕێ، چەندین مانگ دەرفەتی پێویست بوو بۆ ئەوەی ئا. ئێم. وەرگێڕی رەسمیی دایرەی پۆلیس تەرجەمەی کاتەوە، چونکە تەرجەمەکە کەمو کوڕیی هەبوو. بۆیەش بێوەژنەکەی قاسملوو هەروا پێی دادەگرتو دەیەویست ئەو کەموکوڕییە راست کەنەوە. چوار مانگی دیکەی کێشا هەتا ئەو پرۆتۆکۆلە کرا بە فارسیو ئەڵمانیو ۱۲۰،۰۰۰شیلینگی زیادی خەرج هەڵگرت (۱۲،۰۰۰ دۆلاری ئەمریکایی).

کیسلێر زۆر وردبین بوو: خەریکی لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی کوژرانی سێ نەفەر کورد لە بەردەستی پۆلیسی خۆجێییدا بوو. ئەو بەرپرسیار نەبوو.

بەڵام، بەپێی نەریتی قانوونیی ئوتریش، ئۆرگانی گشتیی ئاسایش، یا بەو جۆرەی فەرانسەییەکان دەڵێن ستاتسپولنێری ـ پۆلیسە پیرە سەرسپییەکە، بە ردێنە جوانەکەیەوە ـ لێکۆڵینەوە لە جینایەتی گەورەی وەک دزی لە بانک، هێنانی ماددە بێهۆشکەرەکانو بە بارمتەگرتنی خەڵک، ئەرکی سەرشانیەتی.

رۆژێکی هەورو باران لە کافەی لەندتمان دەیگوت: «ئەوە جینایەتێکی سیاسییەو ئۆرگانی گشتیی ئاسایش دەبێ پێی رابگا.

ئەوە ئیدی جێگەی هیچ شک و گومانێک نیە، تەنانەت ئەگەرچی کیسلێر ناتوانێ بیڵێ. کیسلێر بەرپرسی ئەو کارەیە چونکە ئەوە کارێکی شوورەیی بووو هەر بۆیەش بوو بە هۆی ئەوە بەرپرسەکەی پێش خۆی، ئانتۆن شووڵتز، لەسەر کار وەلابنێن. ئەو کارە شوورەییە بۆ ماوەیەک درێژەی هەبووو ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسەکانی ئوتریشی گرتەوەو ناوی جەریانی «نۆری کۆم»یان لەسەر دانا.

ئەو کارە شوورەییە هەروەها بوو بە هۆی ئاشکرابوونی کارێک کە دەبوو «نۆری کۆم» پێی راگەیشتبایە. ئەویش ئەوە بوو: گەندەڵییەکی بەربڵاوی کاربەدەستانی ئوتریش کە بە شێوەیەکی غەیرە قانوونی چەکوچۆڵێکی یەکجار زۆری دروستکراوی ئوتریشیان لە ماوەی شەڕی نێوان ئێرانو عێراقدا بەو دوو وڵاتە فرۆشتوەو ئەویش دەستی تێیدا بووە.

سیاسەتوانەکان نەک هەر بێلایەنیی ئوتریشیان لەژێر پێ نابوو، بگرە راستییەکانیشیان شاردبۆوەو درۆیان دەکردو ئەگەرچی هەرگیز ئەو تاوانە قبووڵ ناکەن، بەڵام ئەوە فرۆشتنو ئاڵوگۆڕی چەکوچۆڵ دەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوو کە ئەو رووداوە شوورەییەی ئاشکرا کرد: کاربەدەستانی ئەو حیزبە دێموکراتیکەی ئورووپای رۆژئاوا بوون جینایەتێکیان شاردبۆوە کە دەوڵەتێک ئەنجامی دابووو بە وەلانانی ئەو جینایەتەو چاوپۆشی لێکردنی بۆخۆشیان ببوونە شەریکی ئەو کارە تیرۆریستییە.

لە ۲٦ی ژانویەی ۱۹۸۸دا، بەرپرسی پێشووی کۆمپانیی نوریکۆم، هێرپیتێر ئوتورویگر، لە وتووێژێکی رۆژنامەییدا دانی بەو راستییەدا ناو گوتی لەنێوان ساڵەکانی ۱۹۸٤و ۱۹۸٦دا، کۆمپانییەکەی بایی ٤ میلیۆن شیلینگی (نزیکەی ٤۰۰هەزار دۆلاری ئەمریکایی) چەکوچۆڵ بە ئێران فرۆشتوە. هەروەها قبووڵیشی کرد کارێکی ئەوتوی کردوەو قەولو بەڵێنەکانی دەوڵەتی ئوتریشی وەک دەوڵەتێکی بێلایەن لەژێر پێ ناوە. یەکێک لەو شتانەی دەوڵەتێکی ئەوتۆ نەدەبوو بیانکا، فرۆشتنی چەکوچۆڵ بەو وڵاتانەیە کە لە حاڵی شەڕدا بن.

کۆمپانیی نۆریکۆم، کە سەر بە تاقمە کۆمپانییەکانی دەوڵەت: ڤۆسێت ـ ئالپانیە، هەڵسوکەوتەکانی گوماناوی بوون. ساڵێک پێشتر، رۆژنامەکان نووسیبوویان لە ساڵی ۱۹۸٦ـەوە ئەو کۆمپانییە چەکوچۆڵی نیزامیی بە دەوڵەتی لیبی فرۆشتوە. ئەو کارانەش کاتێک ئەنجام درابوون کە وڵاتانی رۆژئاوا دەوڵەتی لیبییان وەک یەکێک لە گەورەترین ناوەندەکانی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی ناساندبوو.

ئۆتریشییەکان سەرەڕای بێلایەن بوونیان له نێوەڕاستی ئورووپاداو سەرەڕای ڕێژیمە دێموکراتیکەکەیان، لەماوەی دەیەکانی رابردوودا بەهۆی گەلێک کاری ئابڕووبەرانەوە ناوبانگیان دەرکردبوو، له ئاکامی یەکێک لەو کارانه ـ ئابڕووچوونی لوتگێندۆرف ـ دا ساڵی ١٩٧٠، پارلمان بۆ فرۆشتنی چەکوچۆڵ یاسایەکی ڕێکوپێکی پەسند کرد. ساڵی ١٩٧٩، کۆمپانیی ڤۆست بڕیاری دا له یەکێک له لقە گرنگەکانی، تۆپی خودکاری فرۆکە دروست بکا. راوێژکاری سۆسیالیست، برۆنۆ کرایسکی، کە سەنعەتەکانی دەوڵەتیشی لەبەر دەستدا بوون ڕەزامەندیی لەسەر دروست کردنی ئەو جۆرە تۆپانه نیشان دا. له کاتی پەیمانی دەوڵەتی ئۆتریش له ساڵی ١٩٥٥دا، دروست کردنی ئەو تۆپانەی مەودایان له سی کیلۆمیتر زیاتر بێ قەدەخە کراو سەرەنجام بڕیاریان دا تۆپی هوویتزێری دروستکراوی نۆریکۆم له دەرەوەی ئۆتریش بفرۆشرێ.

له ساڵەکانی ١٩٨٠و ١٩٨١دا، عێراق ٢٠٠ تۆپی لێ کڕین‌و له ڕێگەی ئۆردۆنەوە بۆی بەڕێ کران. له ساڵی ١٩٨٤دا، ئێرانیش ٢٠٠ تۆپی لێ کڕین، بەڵام به شێوەی ڕەسمی‌و بەناوی لیبی پێیان فرۆشت. حاجی دایی له بارەی ئەو کۆنتراتەدا دەگەڵ ئۆتریشییەکان قسەی کرد. ناوبراو له مانگی ژووئیەی ١٩٨٥دا، لەلای باڵوێزی ئۆتریش له ئاتێن شکایەتی لێ کردن‌و گوتی حەقی دەلالییەکەیان نەداوەتێ. ئێران کۆمپانییەکی بێبایەخی بەناوی «فسامی» دامەزراندبوو، بۆ ئەوەی پارەی چەکەکان نەدا. ئەرتەش وەزارەتی کاروباری دەرەوەی لەوە ئاگادار کرد بەڵام ناوبراو دوای ماوەیەکی کورت‌و به شێوەیەکی نەزانراو کوژرا.

وەزیری کاروباری دەرەوە [ی ئۆتریش] لیئۆپۆلد گراتز، دەستووری به کاربەدەستە پایەبەرزەکانی دەوڵەتی دا ئەو شایەتییانەی بۆ شوێنی بەڕێکردنی چەکوچۆڵ دەدرێن کۆنترۆڵ نەکەن. له ئاوگوستی ١٩٨٥دا، گۆڤاری باستا له بارەی مردنی «ئامری»دا لێکۆڵینەوەی کردو له ئاکامدا رای گەیاند ناوبراو بەشێوەیەکی گوماناوی دەرمانداو کراوە.

دەنگۆکە بڵاو بۆوەو له کۆبوونەوەیەکی بەپەلەدا، وەزیری دارایی، فرێد سینواتزو وەزیری نێوخۆیی کارڵ بلێچا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە وەزیری سنعەتە میللیکراوەکان، فێردیناند لاسینای سۆسیالیست، دەبێ له «مەسەلەکە« بکۆڵێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، هیچ کارێکیان بۆ نەکردو دیار بوو کارەکە تەواو بووە.

لەمانگی نوامبری ١٩٨٥دا، کۆمپانیی بازرگانیی نێوخۆیی، کە لقێک له کۆمپانیی ڤۆست بوو، بەهۆی چالاکیی له بازاڕی نەوتدا نابووت بوو. بازاڕی نەوت لەلایەن ئەو بەشە له خەڵکی ئۆتریشەوە کە ماڵیات دەدەن پارەیەکی یەکجار زۆری وەک سوبسید داوا دەکرد. سەرۆکی بازرگانیی نێو خۆ له سەرکارەکەی وەلا برا. ئەویش وەک دژکردەوەیەک گوتی هەموو وردەکارییەکانی فرۆشتنی تۆپ به دەرەوەی وڵات لەقاو دەدا. بەڵام کاتێک نۆریکۆم پارەیەکی یەکجار زۆری دایە، بێدەنگەی لێکرد.

له ژانویەی ١٩٨٦دا، کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەمریکا داوایان کرد فرۆشتنی تۆپ به لیبی بێ سێ‌ودوولێکردن رابگیرێ. ئەوەش بەو هۆیە بوو کە پێوەندییان دەگەڵ ڕێبەری لیبی، موعەممەر قەززافی زۆر ئاڵۆز بوو. لەمانگی فێوریەدا، سنۆواتز، بیلچاو گراتز به ڕەسمی به کومیتەیەکی کاروباری دەرەوەی پارلمانیان راگەیاند هیچ چەشنە چەکێک به ئێران نەفرۆشراوە. لەمانگی مارسی ١٩٨٦دا، کۆمپانییەکی ژاپۆنی به پۆلیسی ئۆتریشی راگەیاندبوو کۆمپانیی فەسامی کۆمپانییەکی شاراوەی ئێرانییە. لەمانگی ژوئەندا، سەرۆکی دادگا سینواتز،و وەزیری کاروباری دەرەوە، گراتز، دوای ئەوەی کورت ڤالدهایم وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێرا، دەستیان له کار کێشایەوە. به سەرۆکی تازەی دادگایان راگەیاند مونشییەکەی خۆی کالای بۆ ئێران بەڕێ کردوە. له ساڵانی ١٩٨٧و ١٩٨٨دا، کارڵ بلێچا، وەزیری نێوخۆیی له ئاکامی ڕێککەوتنی سۆسیالیستەکان‌و پارێزگارەکاندا بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێراو ئەو بەڵگە گرنگانەی پێوەندییان به سادراتی نهێنییەوە هەبوو، به تایبەتی ئاخرین تێلێکس کە هێربێرت ئامری، باڵوێزی ئۆتریش له یۆنان بۆی ناردبوو، هەمووی له نێو بردن. باڵوێزەکەش دوای ماوەیەک مرد. له سپتامبری ١٩٨٩دا، پارلمانی ئۆتریش کومیتەیەکی لێکۆڵینەوەی پێک هێناو کارە ئابڕووبەرانەکەش به خەڵکی راگەیەندرا. کومیتەکە دەبوو ئەو کەسانەی دەستیان له فرۆشتنی چەکوچۆڵدا هەبووەو ئەوانەش کە ڕێگەیان پێ دابوون ئەوکارە درێژە پێ بدەن،

بدۆزێتەوە. ئەوە ئەرکی سەرشانی کومیتەکە بوو نەک هەر ئەوە کە چەند کەس لە سیاسەتوانەکان لەو کارە دزێوە ئاگادار بوون. بگرە دەبێ ئەوەش روون کاتەوە کە نوێنەرانی کۆمپانییەکە هەتا چ رادەیەک سیاسەتوانەکانیان فریو داوە.

لە چواری ئاوریلی ١٩٩٠دا، دادگایی کردنی هەژدە نوێنەری نۆریکوم بە تاوانی لەژێر پێنانی بێلایەنیی ئوتریش لە شاری لاندز دەستی پێکرد. لێکۆڵینەوەی قانوونی بۆ بەمەحکووم ناسینی بلێچاو گراتزو سەرۆکی پێشووی دەوڵەتی فێدڕاڵ ئالفرێد (فرێ) سینوویتز لە رۆژی ٧ی ژووئیەی ١٩٨٩ دا دەستی پێکرد. ئەو دادگایەی بۆ ئەو مەبەستە دیاری کرابوو، لێکۆڵینەوە پارلمانییەکەی لە بارەی ئەو نەخشەدا دەست پێکرد کە وەزیری سۆسیالیستی دارایی، فێردیناند لاسینا، لەمانگی سپتامبردا گێڕابووی. لە پێوەندی دەگەڵ وەزیری دیفاعی پێشتر، فریهێلم فیشێنشالگریش و هەروەها لە بارەی وەزیری ناوخۆیی پێشترو وەزیری کاروباری دەرەوە، ئیروین لانێ ـ ی سۆسیالیستدا لێکۆڵینەوەیەکی لەو چەشنە بەرێوە چوو.

کارە ئابڕووبەرانەکەو لێکۆڵینەوەیەکی دواتر بەروونی دەریان خست نۆریکۆم بە ئەرژانتین، برێزیل، بۆلغارستان، ئۆردۆن، لەهێستانو تایلەند فرۆشراوە بۆوەی لە رێگەی ئەو دەوڵەتانەوە چەکوچۆڵی پێویست بۆ ئێرانو عێراق جێبەجێ بکرێ. ئەگەر گراتز هاتباو ئەو گەواهینامانەی بۆ شوێنە دیاریکراوەکان دەناردران بەوردی کۆنترۆڵ کردبان، دەوڵەت دەی توانی خۆی لەو کارە ئابڕووبەرانەیە بپارێزێ.

## بڕگەی دەیەم

# چیرۆکێکی تەواو نەبوو

لە بەیانیی ڕۆژێکی هەورو بارانیی مانگی فێوریەی ١٩٩١دا، لە کافەی لاندتمان، هێلین کرۆلیچ لە پێش تاقمێک ڕۆژنامەنووس ڕاوەستابوو. ناوبراو گوتی لە دژی دەوڵەتی ئوتریش‌و لە پێوەندی دەگەڵ ئەو جینایەتەی لە دژی قاسملوو ئەنجام درا بوو، ڕێگەیەکی قانوونیی گرتۆتە پێش.  زۆر کەس لە پارێزەران‌و ڕێبەرە کوردەکان‌و سیاسەتوانە ئوتریشییەکان‌و ژمارەیەک لە کەسایەتییە ناودارەکانی وڵاتانی دیکە لە دەوری کۆ ببوونەوە. شەرەفکەندی، جێنشینی قاسملوو لە حدکادا بە نامەیەک داوای لێبووردنی کردبوو کە نەی توانیوە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بێ‌و لەم بارەیەوە نووسیبووی: «بەداخەوە، کاربەدەستانی ئوتریش لە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لە پاریس ڕێگەیان پێ نەدام بێمە ڤییەن».

ناوبراو دوای ئاماژە کردن بە کوژرانی قاسملوو، نووسیبووی: «ئەو کەسانەی بەڕواڵەت چووبوون لە بارەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە ئێراندا وتووێژ بکەن لە ڕاستیدا چەند تیرۆریستێک بوون کە ڕێژیمی ئێران ناردبوونی... بۆ ئێمەو بۆ هەموو گەلی کورد ئەو پرسیارە لە گۆڕێدایە کە بۆچی دەزگای دادوەریی ئوتریش هێشتا لە بەرامبەر ئەو جینایەتەدا گوێی خۆی ئاخنیوە»؟

لەمانگی ئۆکتۆبری ١٩٨٩دا، کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی لە بارەی پرسی کورددا لە پاریس پێک هات‌و داوای لە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئوتریش کرد ئەو جینایەتە ڕوون کاتەوە. مانگێک دواترو لە ٢٨ی نوامری ١٩٨٩دا، کاربەدەستانی دادوەریی ئوتریش دەستووری گرتنی سێ نوێنەرەکەی ئێرانیان دا. پۆلیسی ڤییەن خستنە ژێر چاوەدێریی باڵوێزخانەی ئێرانی دوو هێندە زیاتر کرد. بوزورگیان هێشتا خۆی لەوێ شاردبۆوە.

بەوحاڵەش، جینایەتەکە هەروا بەبێ سزا مابۆوەو لێکۆڵینەوەکەش هەروا گیری کردبووو بەهیچ کوێ نەگەیشتبوو. شایەدەکان خۆیان شاردبۆوە. کوردەکانیش هەروا خەباتی خۆیان لە چیاکان یان ژیان لە تاراوگەیان  درێژە پێ دەدا.

هێلین کرۆلیچ ـ یش لە حاڵێکدا لە ئاپارتمانێکی چکۆلە لە پاریس دەژیا، بە هەموو توانای خۆیەوە تێ دەکۆشا لێکۆڵینەوەکە بەرەو پێش بەرێ. سووزان ڕۆکن شاوب ـ یش لە ڤییەن خەریکی فێرکاری لە کاری پزیشکیدا بوو. ناوبراو دەگەڵ تەرمی فازیل ڕەسووڵ چووە عێراق‌و لە حاڵێکدا دایکی مێردە کوژراوەکەی لە باوەش گرتبوو، ڕەسووڵیان بە خاک ئەسپارد.

لەنێو کۆمەڵی کوردەکانی ڤییەن، پاریس‌و باقیی پێتەختەکانی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوادا، یادی عەبدوڕڕحمان قاسملووو عەبدوڵلا قادری ئازەر هەروەک برینێک لەسەر دڵی هەموویان چەکەرەی بەستبوو. هەرکات باسی ئەو ڕۆژە پڕ لە دەردو خەمانەی ڕۆژەکانی مانگی ژووئیەی ١٩٨٩ دەهاتە گۆڕێ سێڵاوی فرمێسکان لەچاوی ئەو خەڵکە هەڵدەڕژا.

پاش هەڵبژێرانی سەیروسەمەرەی مەحموود ئەحمەدی نەژاد وەک سەرۆک کۆماری ئێران لە هاوینی ٢٠٠٥دا، پیتێر پیڵتز، ئەندامی پاڕلمانی ئوتریش، پەروەندەی کوژرانی قاسملووی سەر لەنوێ کردەوەو داوای کرد پاڕلمان لێی بکۆڵێتەوە. بەڵام، داخوازەکەی ڕەد کرایەوە.

بە پێی قسەکانی پیتێر پیڵتز دەگەڵ ڕۆژنامەی دێر ستاندارد،  ئەحمەدی نەژادو  سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران ئەکبەر هاشمیی ڕەفسەنجانی، لە قسان دەستیان لە کوشتنی ئەو ڕێبەرە کوردەدا هەبووە. بەهۆی هێندێک بەرژەوەندیی وڵاتەکە بێ ئەوەی هیچ بڕیارێکی قانوونیی لەسەر بدرێ‌و چونکە شک‌و گومانەکان لەو بارەیەوە بە تەواوی نەسەلمێندرابوون، پەروەندەکە پشت گوێ خرا.

لە شەقامی سیرکیولاری، لەسی‌و چوارەمین بەشی گۆڕستانی پێرلاشێز لە پاریس، گڵکۆیەکی ساکار هەیەو ئەم شتانەی لەسەر نووسراون:

دوکتور عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو

ڕێبەری کورد

لەدایک بووی ٢٢ی دیسامبری ١٩٣٠

شاری ورمێ (کوردستانی ئێران)

لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩دا کوژراوە

لە ڤییەن (ئوتریش)

لە تەنیشت وی گڵکۆیەکی بەردی لەو فۆرمەو لەو ڕەنگە هەیە. ئەویش گڵکۆی عەبدوڵڵا قادری ئازەرە. ئەویش هەر لەورۆژەدا لە ڤییەن کوژرا. لە بارەی قاسملوودا لەسەر کێلی گڵکۆی نووسراوە «بۆکورد ژیاو بۆ کورد مرد».

بە مردنی قاسملوو، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستانی ئێران بۆ جارێکی دیکەش بێسەر مایەوە. ئەویش بەهۆی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بوو کە لەسەر بناخەی کوشتنو نابووت کردنی موخالیفەکانی دامەزراوە.

کوشتنی ڕێبەرانی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران هەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە دەستی پێکرد. لە ٧ی ئۆکتۆبری ١٩٧٩دا، شازادە شەهریاری شەفیق یەکەمین کەسێک بوو کوژرا: ناوبراو خوشکەزای شا بووو لە پاریس کوژرا.

پێتەختی فەرانسە بۆ پیاو کوژە بەکرێگیراوەکان شوێنێکی لەبار بوو. لە ١٨ی ژووئیەی ١٩٨٠دا، شاپووری بەختیار لە هێرشێککە کردیانە سەری بەسەلامەت دەرچوو. لەو هێرشەدا پۆلیسێکو دراوسێیەک کوژران. فەرماندەی کۆماندۆکان، ئەنیس نەققاش، کە کابرایەکی بە فەرهەنگی خەڵکی لوبنان بوو، دەستگیر کراو بە حەپسی ئەبەد مەحکووم کرا.

ساڵی ١٩٩٠، سەرۆک کۆماری فەرانسە، فرانسوا میتێران، بۆ ئەوەی پێوەندیی نێوان فەرانسەو ئێران ئاسایی بکاتەوە کابرای بەخشیو ئازادیان کرد. ساڵێک دواتر شاپووری بەختیاریان، لە ماڵەکەی خۆی لە دەوروبەری پاریس بە چەقۆ کوشت.

لە ٢٧ی فێوریەی ١٩٨٤دا، ژێنەڕاڵ غوڵام عەلی ئووەیسی، فەرماندازی نیزامیی پێشووی تاران، و براکەی غوڵام حوسێن ئووەیسی لە پاریس کوژران. پیاو کوژەکان ناوێکی تایبەتییان هەبوو: تاقمێکی لایەنگری خومەینی بوونو ناسناوی «جیهانی ئیسلامی«و «ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی ئێران بۆ ئازادیو ڕیفۆرم»یان لەسەر خۆیان دانابوو.

لە مانگەکانی ئاوگۆستو دیسامبری ١٩٨٥دا، چەند ئەفسەری پێشووی ئێرانو لایەنگری بەختیار، یەک لەوان بێهرووزی شاهوێردی، لە ئەستەمبووڵ کوژران. ڕۆژی ٢ی مانگی ئۆکتۆبری ١٩٨٧ محەممەد عەلی تەوەککولی ـ نەبەوی‌و کوڕە چکۆلەکەی نوورەددین تەرمەکانیان لە ماڵەکەیان لە لەندەن دۆزرانەوە. هەریەکەی چەندین گوللەیان لەسەری دابوون «گاردە شۆڕشگێڕەکانی کۆماری ئیسلامی» واتە پاسداران، ئەو جینایەتەیان ئەنجام دابوو.

لە ١٩ی مانگی مای، ١٩٨٧دا، حەمید ڕەزا چیتگەر، کە لە موئەسیسەی پاستۆڕی شاری ستراسبۆرگ کاری دەکردو چەپێاژۆیەکی یەکجار توندوتیژ بوو لەنەکاو ون بوو؛ بەڵام ڕۆژی ١٢ی ژووئیە تەرمەکەیان لە ڤییەن دۆزیەوە.

بێجگە لە قاسملوو، لەوانەی لە ساڵی ١٩٨٩دا کوژران، کەسانی بەناوبانگی وەک غوڵامی کەشاوەرزو سەدیق کەمانگەر، لە ڕێبەرانی کۆمەڵە بوون. ئەوی یەکەمیان لە قیبرسو ئەوی دیکەشیان لە عێراق کوژران. هەروەها مردنی کچی قازی محەممەد لە سوئێد. ئەو کچە لەکاتێکدا خەریکی کردنەوەی بەستەیەکی پۆستی بوو کە بۆ مێردەکەییان ناردبوو، بۆمبی نێو بەستەکە تەقیەوەو بوو بە هۆی مردنی.

لە ٢٤ی ئاوریلی ١٩٩٠دا، بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە سویس کازم ڕەجەوییان کوشت. ناوبراو برای مەسعوودی ڕەجەوی ڕێبەری موجاهیدینی خەڵق بوو. ئەو وڵاتانەی بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی بە زمانی ئەڵمانیان تێدا بڵاو دەبێتەوە ڕاپۆرتێکی دوورو درێژیان لە بارەی سەرۆک کۆمار، هاشمیی ڕەفسەنجانی بڵاو کردەوە، لەو ڕاپۆرتەدا ڕەفسەنجانی وەک دارێژەری ئەو پیلانانە باس کرابوو.

سیرووسی ئیلاهی یەکێک لە ڕێبەرانی ڕێکخراوێکی سەر بە تاقمی شاپەرستەکان بەناوی «پەرچەمی ئێرانی ئازاد»بوو کە ڕۆژی ٢٣ی ئۆکتۆبری ١٩٩٠لە پاریس لەسەریان داو کوشتیان.

لە١٨ی ئاوریلی ١٩٩١دا، عەبدوڕڕەحمان بروومەند خاوەن کارخانەو ڕێبەری ڕێکخراوی بزووتنەوەی بەرگریی نیشتمانی، لە پاریس بە چەقۆ کوژرا. ڕێکخراوەکە شاپووری بەختیار دایمەزراندبوو.

توندوتیژییەکی ئیمام خومەینی وەڕێی خستبوو دوو کەسی دیکەشی گرتەوە کە پێوەندییان بە سەلمان روشدییەوە هەبوو: ئێتۆر کاپرییۆلۆن وەرگێڕی کتێبی ئایاتی شەیتانی، کابرایەک هێرشی کردە سەرو کوشتی. قاتڵەکە دەیگوت نوێنەری باڵوێزخانەی ئێرانە؛و میتۆشی ئیگاراشی، وەرگێڕێکی ژاپۆنی بوو کە لە تۆکیۆ بە چەقۆ کوشتیان.

لە ١٧ی سێپتامری ١٩٩٢دا، سادق شەڕەفکەندی ـ سکرتێری گشتیی حدکا، دوای کوژرانی قاسملوو ـ لە بێرلین دەگەڵ فەتاح عەبدولی، نوێنەری حدکا لە ئورووپا؛ هۆمایون ئەردەلان، نوێنەری حدکا لە ئەڵمان؛و نووری دێهکوردی چالاکی سیاسیی ئێرانی کوژران.

کوژرانی ئەو چوار کوردە بوو بەهۆی بەڕێوەچوونی دادگایەک کە نیزیک بە چوار ساڵی کێشاو ساڵی١٩٩٧بە مەحکووم کرانی چوارکەس لە پیاوکوژەکان کۆتایی هات. یەکێک لە مەحکووم کراوەکان ئێرانی و سێیەکەی دیکەیان لوبنانی و ئەندامی حیزبوڵڵا بوون.

کوژرانی چوار کوردەکە دادگایەکی بەدوای خۆیدا هێنا کە نیزیک بە چوار ساڵی کێشا و ساڵی١٩٩٧بە مەحکووم کرانی چوارکەس لەپیاوکوژەکان کۆتایی هات کە یەکیان ئێرانی و سێیان لوبنانی و ئەندامی حیزبوڵڵا بوون. دادگا حوکمی گرتنی حوججەتولئیسلام علی فەللاحیان وەزیری «اطلاعات»ی ئێرانیشی دەرکرد. ناوبراو بە دەرکردنی فەرمانی بەڕێوەبردنی ئەو جینایەتە تۆمەتبار کرابوو. حوکمی دادگاکە هەروەها عەلی خامنەیی ڕێبەری هەرە پایەبەرزی ڕێژیم و سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران هاشمیی ڕەفسەنجانییشی دەگرتەوە.

حوکمی دادگا لەبارەی ڕێبەرایەتیی ئێرانەوە بوو بەهۆی ئەوە کەهەموو باڵیۆزانی یەکیەتیی ئورووپا بێ سێ و دوولێکردن و بۆ ماوەی چەند حەوتوو تاران بەجێ بێڵن. ئەڵمانیش بە قەدەغەکردنی بازرگانی دەگەڵ ئێران ڕەگەڵیان کەوت. بەباوەڕی زانای ئێرانی ـ ئەمریکایی، ڕای تەکیە: بە لەبەرچاوگرتنی بایەخی پێوەندییە سیاسی و ماڵی و بازرگانییەکان دەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی، ئێران دەستی لە کوشتنی ئەو ئێرانییانەی لە تاراوگە دەژین هەڵگرت و برگە ڕەشەکانی لە پەروەندە تێرۆریستییەکەی وەلا برد.

عەبدوڕڕحمان قاسملوو لەمێژووی پیاو کوشتنەکان زۆر باش ئاگادار بووو هەر بۆیەش هیچ کەس سەری لەوە دەرناچێ کە لەبەر چی ئاوا دڵپاکانە بەرەو مەرگی خۆی هەنگاوی نا!

هەڵسوکەوتەکەی پیاوی وەبیر ژوولییەس سێزار دەخاتەوە. هەرچەند خێزانی پێی گوتبوو نەچی بۆ مەجلیسی سەنا چونکە خەونی دیوە دەیکوژن، بەڵام هەر چووو کوشتیان. بێجگە لەوەش گوێی نەدایە ڕێنوێنییەکانی پیاوێکی ئایینی کە پێی گوتبوو لە پازدەی مانگی مارسدا مەترسییەکی گەورەی لەپێشە.

قاسملوو پێش بینیی تەواوبوونی سەردەمی ژیانی خۆی کردبوو. چەندین ساڵ بوو دەیەویست سەربردەی ژیانی خۆی بنووسێتەوە. بەڵام کاروباری زۆرو گیروگرفتی نێوخۆیی حیزبەکەی هەرگیز ڕێگەیان پێنەدا ئەو کارە بکا. تەنیا هەوڵوکۆششی کەسێکی دیکە سەربردەی ژیانی لە کتێبێکدا نووسیوە: وتووێژێکی بیوگرافییە کە جاناتان ڕانداڵ، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی، دوای چەندین ساڵ قسە کردن دەگەڵی، نووسیویەتی.

قاسملوو، ساڵێک پێش مردنی، بە نووسەرەکەی گوتبوو، ئەگەر بم ویستایە سەربردەی ژیانی خۆم بنووسم، بەم شێوەیە دەستم پێ دەکرد: «زۆرجاران، ڕێبەرانی کورد بە هۆی فێڵبازیی کاربەدەستانی ئێرانی کوژراون. هەوەڵێ جەعفەر ئاغاو دوایەش سمکۆیان کوشت. هەردوویان گرنگترین ڕێبەرانی سەردەمی نوێی مێژووی کورد بوون.

لە حاڵێکدا خوێنی سمکۆی لە کووچەیەک دەڕژا، لە ماڵێکی نزیک بەو شوێنە کوڕێک لە دایک بوو. ئەو کورە ئەمن بووم».

بە سەرسوڕماوییەوە لێم پرسی: «بەڕاستی، ڕووداوەکە وابووە»؟

لە وەڵامدا گوتی: «نا. سمکۆ لە مانگی ژوئەنی ١٩٣٠دا کوژرا، ئەو ساڵە ئەمن لەدایک بووم بەڵام نەک ڕاست لەو ڕۆژەدا. داخوا تێدەگەی ئەو ڕووداوە چەندە گرنگە؟ ڕێبەرێکی کورد دەمرێو لە هەمان کاتدا یەکی دیکە لەدایک دەبێ».

# بڕگەی یازدەیەم
# سمکۆ

کاتێک کەسێک بیوگرافی دەنووسێ، دەبێ بڵێ کاتێک سمکۆ کوژرا ئەمن لەدایک بووم

ـ عەبدوڕڕەحمان قاسملوو ـ

لە دوانیوەڕۆی یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی ژوئەندا، کاتێک سمکۆ لە شاری شنۆیە نزیک دەبۆوە دەپیاوی چەکداری دەگەڵ بوون. لەوێ نوێنەرانی ڕەزاشا چاوەڕوانی وتووێژ دەگەڵ سمکۆ بوون. سمکۆ هەمیشە لەبەر خۆیەوە ئەو وتە نەستەقەی کوردانی دووپات دەکردەوە: «تەنیا عەجەمێکی دەتوانی لێی ئەرخەیان بی عەجەمێکی مردووە».

تیشکی خۆر بەسەر دارودەوەنی چیایەکدا کشابوو کە سوارەکان بە باریکە ڕێیەکی نزیک ئەو چیایەدا تێپەڕ دەبوون، ئەسپەکان گوێیان قوتو ملیان درێژ کردبووو هەنگاوەکانی خۆیان هەڵدینایەوە.

لەنەکاو، ئەسپەکەی سمکۆی هەڵەنگوتو هێندێک گاشەبەرد بە سەرەو ژێرەکەدا ڕۆیشتنە خوار. گاشە بەردەکان بێدەنگیی پیاوەکانو وزەوزی مێشوولانو حیلەحیلی ئەسپەکانیان تێک دا. سمکۆ لغاوەکەی توندتر گرتو گوێی دایە شلپە شلپی بەردەکان کە دەچۆمەکە دەکەوتن. ئەو سوارەی لە پێش سمکۆوە دەڕۆیشت گەڕایەوە لای سمکۆو بە بزەیەکەوە شتێکی پێ گوت.

سمکۆ قەدو باڵایەکی نێونجیی هەبووو باریکەڵەش بوو. سمێڵێکی پیاوانەو کوردانەی هەبوو کە ددانەکانیو بزەکانیی دادەپۆشین. بەڵام، لە شێوەی قسەکردنیدا دەت توانی ئەو قسانەی باوکیت وەبیر بێتەوە کە زۆرجاران لە بارەی ئازایەتیی عەشیرەتی شکاکدا دەیگێڕانەوە. بۆخۆشی هەر شکاک بوو.

سمایل ئاغای(سمکۆ)و براکەی، جەعفەر ئاغا، لە حاڵێکدا لەسەر بەڕەیەک دادەنیشتنو پاڵیان بە نوێنەکانەوە دەدا، زۆرجاران بەوردیو بە شانازییەوە گوێیان دابووە ئەو ڕووداوانەی بابو باپیرانیان بۆیان گێڕا بوونەوە کە چلۆن بە شمشیران بەرەنگاری تورکو فارسان بوونەتەوە. هەروەها بیستبووشیان بابو باپیرانیان لە چیاکانی چەهریق هاتوونەتە خوارو گوندەکانی دەشتو دۆڵەکانیان تاڵان کردوون.

جەعفەر ئاغا ڕاست بە شێوەی بابو باپیرانیو بە هەموو توانایەوە تێکۆشابوو ببێتە قارەمانی هەژارو لێقەوماوان.

لە ناوچەی جەعفەر ئاغای، دەوڵەتی ئێران هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو. بەڵام، ئەو سەرکردە ئازاو خۆشەویستو بە هەیبەتە بە لەبیر بردنەوەی قسەیەکی پێشینیان، تووشی هەڵەیەکی گەورە بووو، بێ هەرچەشنە ڕقو کینەیەک، بۆ دیتنی ئوستانداری ئازەربایجان ئامادە بوو. کابرای ئوستانداریش سوێندی بە قورئانی پیرۆز خواردبوو سڵامەتییەکەی دەپارێزێ. لە کاتێکدا، جەعفەرئاغا لە پلیکانەکانی ئوستانداری وەسەر دەکەوت بە گوللەیەک کوشتیان.

دوانیوەڕۆکەی ساڵی ١٩٣٠، سمکۆ، ڕێبەری شکاکان، بەرەو شنۆ دەڕۆیشت بۆوەی دەگەڵ نوێنەرانی رەزاشا وتووێژ بکا. شا کە پێنج ساڵ پێشتر دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو، لە سمکۆیدا شوێنەواری هەستێکی ناسیۆنالیزمی کوردی دەدیو ئەوەش دەگەڵ سیاسەتی ناوەندئاژۆیی‌و تواندنەوەی کەمایەتییەکانی ئێران دژایەتیی هەبوو.

سمکۆو پیاوەکانی بەسواری ئەسپەکانیانەوە چاویان لەو جادەیە دەکرد کە بەرەو شنۆ دەڕۆیشت. دانیشتوانی ئەو شارە کوردو دۆستی سمکۆ بوون. گوڕو تینێک بەسەر گیان‌و لەشی پیاوەکاندا هاتبووو دەتگوت پاش سستی‌و بێحاڵییەکی دووروودرێژ خەڵاسییان هاتوە. هەر کەسە تفەنگی خۆی لە شانی داگرتو ئامادەی تەقەی کرد، بۆوەی دڵنیابن چەکەکانیان هەروا پێیە.

سمکۆ لەسەر زینی ئەسپەکەی حەجمینی نەبوو. بە یارمەتیی ئاوەزەنگییەکانی، خۆی هەڵێنابووو لەشارەکەی دەڕوانی کە لەپڕ لێی وەدەر کەوت. بەسەر راوەشاندن ئیشارەی بە یەک لە پیاوەکانی کرد بەچوارناڵی‌و پێش سوارەکانی دیکە بەرەو شنۆ بڕوا.

سمکۆو پیاوەکانی بە لەسەرەخۆیی لە ڕێیەکە دەهاتنە خوارو لەنێو تۆزوخۆڵی سمی ئەسپەکاندا هەناسەیان دەدا. سەر لەنوێ قسە نەستەقەکەی هاتەوە بیرو پێی خۆش بوو بۆ هەمیشە لەبیری بێ. لەنەکاو، دیتی زاری بەهۆی ترسوخۆفێکی کەم وشک بووە. بوتڵی ئاوەکەی هەڵگرتو قومێکی دەزاری کردو فڕێی دایە سەر ئەرزی‌و بە قومی دووهەم، نەک هەر تونیایەتییەکەی شکا، بگرە هەموو هەستی شکو گومانێکیشی رەوییەوە. دەی‌زانی ژیانی خۆی خستۆتە مەترسییەوە، بەڵام بەخۆی دەگوت: لە هەلومەرجێکی باش دایەو ریسک کردن دەتوانێ یاریدەدەری بێ.

لای تاوپەڕێ گەیشتنە نزیک شاری شنۆیە. لەسەر کێوەکانی کێلەشین دەنگی تەقینەوەیەک هات. شارەکە گڕی ئاوری لێ هەڵدەستاو هەر وەک بڵێی ئاوریان تێبەرداوە. سمکۆ پێی وابوو ئەو ئاورە هەموو فکرو خەیاڵێکی لێ دوور خستۆتەوەو کەوتبووە ژێر باری هەستێکی توندوتیژەوە. کاتی دیاریکراو نزیک ببۆوە. پاش ئەو هەموو ساڵانەی شەڕی کردبوو، ئەو رۆژە بۆیان هەبوو دەرگای ئاشتییەکیان لێ بکرێتەوە.

ئەسپەکەی بۆ رۆیشتن بۆ شوێنە دیاریکراوەکە تەواو شەکەت ببوو. سمکۆ لغاوەکەی بە توندی کێشاو هەمووی راگرتن. ئەو پیاوەی هەوەڵێ ناردبووی بە چوارناڵی گەڕایەوە. نوێنەرەکانی شای لە ماڵی فەرماندار چاوەڕوانی بوون. خەبەرەکە خۆش بوو. ژمارەیەکی کەمتری سەربازەکان نیگابانیی ماڵەکەیان دەدا.

سمکۆ لە سەرەتای شەوێدا گەیشتە شنۆیە. کزەبایەک بەدەنە ماندووو شەکەتەکانیانی دەحەساندەوەو بۆنی ئارەقەی ئەسپەکان‌و سوارەکان تێکەڵاو ببوو. شارەکە ئارام بووو تەنیا دەنگی ناڵی ئەسپەکان‌و جیڕەی چەرمی زینەکان‌و خرینگەی تفەنگەکان دەهات کە بە سینگی سوارەکانەوە هەڵاوەسرابوون. خەڵکی شارەکە خزابوونە نێو ماڵەکانیان‌و وەک هەمیشە ژیان‌و زەڕنەقووتە تێکەڵاو ببوون.

کاتێک گەیشتنە مەیدانی نێوەڕاستی شارەکە، سمکۆ چاوی بە ماڵێکی زۆر رووناک کەوت کە لە ژوورەکانیدا ژنان خەریکی هاتوچوو بوون. بەڵام هەر زوو زەینی بۆلای چرایەک لە ئاخری مەیدانەکە راکێشرا کە پێشاندەری ماڵی فەرمانداری بوون.

کاتێک بەرەو شوێنی دیاریکراو دەچوون، دەرگاوبان‌و کوچەکانیان بەجوانی دەپشکنی‌و چاوەڕوانی دوژمن بوون. سمکۆ بە ئاسوودەیی‌و بڕوابەخۆبوونێکی تەواوەوە بەرەو شوێنەکە دەڕۆیشت.

دە سەربازێک دەوری ماڵەکەیان دابووو فەرماندار لەبەر دەرگاکە چاوەڕوان بوو، دووپیاوی بێچەک لە تەنیشتی راوەستابوون. سمکۆ دابەزی‌و لغاوی ئەسپەکەی دا بە یەکێک لە پیاوەکانی‌و لە دەرگاکە نزیک بۆوە کە پیاوەکانی خۆی تفەنگ بەدەست دەورەیان دابوو. فەرماندار هەتا رادەیەک بەرێز لێگرتنەوە دەستی دە دەستی ناو نوێنەرەکانی شاشی پێ ناساند. حەوت کورد لە دەرەوەی ماڵەکە راوەستان‌و دوو بێچەکیش دەگەڵی چوونە ژووری هۆدەی میوانداری.

هەر شەش کەس لەسەر فەرشان دانیشتن‌و پاش ئەوەی چایان خواردەوە، باسی هەلومەرجی ژیانی کوردەکانیان هێنایە بەرباس. سمکۆ زۆر بەوردی گوێی دابووە نوێنەری سەرەکی‌و پاشان داخوازەکانی خۆی هێنایە گۆڕێ. سمکۆ زانی دەنگی نوێنەرە

سەرەکییەکە دەلەرزیؕو زۆر جاریش لێوەکانی تەڕ دەکا. چرا گازییەکان لەسەر دیوارەکان هەڵاوەسرابوونو شوقێکی سپییان دەخستە سەر دەموچاوان.

یەکێک لە نوێنەرەکان هەستا سەرپێی، لاقی خوراندو هەروا بەپێوە راوەستا. هیچ کەس قسەی نەدەکردن تەنیا دەنگی کەوچکەکان دەهات کە وە فینجانەکان دەکەوتنو جاروبار بە کۆخەیەکی یەکێک لە نوێنەرەکان ئەو دەنگانەش ون دەبوون. سمکۆ دەفکران ڕاچوو بوو، هەروەک تۆ بڵێی دەیەوێ خۆی لە چنگ ئەو هەستە گوماناوییەی دەروونی رزگار کا. چاوی لە نوێنەری یەکەم بڕیبووو دیتی تفەنگێک راست لەخۆی گیراوە. کاتێک بێدەنگ بووو بێدەنگییەکی قورس بەسەر تەواوی هۆدەکەدا کەوتبووو سمکۆ لە حاڵێکدا قسە نەستەقەکەی کوردانی وەبیر هاتبۆوە، بۆی دەرکەوت بۆ جارێکی دیکەش کوردان دۆڕاندوویانە.

دەرفەتی ئەوەی نەبوو هەستێتە سەرپێ. گوللەیەک نێوچاوانی کون کردبوو.

هەر لەوکاتەدا یەکێک لە پیاوەکانیشی لەتەنیشت سمکۆی وەئەرزی کەوت. ئەو نوێنەرەی بەپێوە راوەستابوو گوللەیەکی لەپشت ملی دابوو. بەڵام ئەوی دیکەیان، دەستیارە بەوەفاکەیؕو رەفیقی بێدەنگی ساڵەکانی ئاخری، هەروەک دڕندەیەکی بریندار خۆی هاویشتە سەر نوێنەرەکە. ئەویش هەموو گوللەکانی لە بەدەنی ویدا. لە دەرەوەش تەرمی پیاوەکانی سمکۆی یەک لەدوای یەک کەوتنە سەر زەوی.

لە حاڵێکدا دەنگی پۆتینو چەکمان کووچەکانی دەلەرزاند خوێنی سمکۆو پیاوەکانی دەڕژایە سەر ئەرزیؕو لەو ماڵەی پێشتر سمکۆ چاوی لێ کردبوو، ژنێک گوێی دابووە دەنگی کوڕە چکۆلەکەی کە تازە لەدایک ببوو. کوڕە کوردێک بوو. باوکی بەڕێز گرتنێکی تەواوەوە گوتی: «ناوی عەبدوڕڕحمانی لەسەر دادەنێین کە بەواتای عەبدی خوای بەخشندەیە». باوکەکە بە هۆی کوژرانی سمکۆ هەروا دەگریا ـ سمکۆیەک کە شانازیی کوردان لە وجوودیدا دەدرەوشایەوە.

# ژیاننامەی
# عەبدوڕڕەحمان قاسملوو

١٩٣٠ - ١٩٨٩

١٩٣٠ رۆژی ٢٢ی دیسامبر، لە شاری ورمێ، کوردستانی ئێران لەدایک بووە.

١٩٤٥ حدک ـ ی ئێران لە ١٦ی ئاگوست دامەزراوە.

١٩٤٦ حدک کاری دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی لە چەند شاری کوردستان دەست پێ کرد. قاسملوو بەرپرسی لقی ئەو رێکخراوە لە ورمێ بوو. کۆماری کوردستان لە مانگی دیسامبری١٩٤٦داڕووخا.

١٩٤٧ خوێندنی دەبیرستانی لە تاران تەواو کردو بەرێگەی تورکیەدا چووە ئورووپاو لە پاریس دەرسی فەرانسەی خوێند.

١٩٤٨ بوورسی خوێندنی لە پراگ وەرگرتو چووە زانستگەی زانستی سیاسیؕو ئابووریؕو وەک بەرپرسی یەکیەتیی خوێندکارانی خوێندنگەکەی هەڵبژێردرا.

١٩٥٠و ١٩٥١ له كۆنگرەی نێونەتەوەیی خوێندکاراندا له پراگو دوایەش له بێرلین بەشدار بوو. دەگەڵ هاوژینی ئایندەی هێلین کرۆلیچ ژیانی هاوبەشی پێک هێنا؛ گەڕایەوە ئێرانو له سەردەمی دیکتاتۆریی حەمەرەزاشای پەهلەویدا بە نهێنیو وەک تێکۆشەرێکی حدک دەژیا.

بوو بە ئەندامی رێبەریی حدک، پێنج ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەبوون. [ساڵی١٩٥٣]مینای کچی له پراگ لەدایک بوو،

١٩٥٥ کچی دووهەمی، هیوا، له تاران لەدایک بوو.[هەر ئەوساڵە] حدک له حیزبی توودە جیا بۆوە.

١٩٥٩و ١٩٦٠ دەگەڵ هێلین چووە عێراق، بەڵام کچەکانیان لەپراگ مانەوە له زانستگەی بەغدا دەرسی مێژووی کوردیی دەگوتەوە.

١٩٦٠و ١٩٦١ گەڕایەوە بۆ پراگو لەخوێندنگەی ئابووری تەدریسی دەکردو خوێندنی دەورەی دوکتورای زانستی سیاسیو ئابووریی دەست پێکرد، تەواوی کردو له زانستگەی پراگ وەک مامۆستای ئابووریی سیاسی کاری دەکردو کتێبی «کوردستانو کورد»ی نووسی.

١٩٦٣ له عێراق کۆدیتا دەکرێو ئەفسەرەکانی سەر بە حیزبی بەعس دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن.

١٩٦٨شوورەوی هێرش دەکاتە سەر چێکوسلۆواکی. قاسملوو پێوەندیی خۆی دەگەڵ رابردووی کۆمونیستییەکەی دەپسێنێ. سەددام لەکۆدیتایەکدا بەشداری دەکاو دەبێتە جێگری ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر سەرۆک کۆمارو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش. [سالی ١٩٧٠] قاسملوو دەگەڕێتەوە بەغداو وەک راوێژکاری وەزیری بەرنامەدانان دەست بە کاردەکا.

١٩٧١لە سێهەمین کۆنفرانسی« حدک»دا وەک سکرتێری گشتی هەڵدەبژێردرێ. نوێکردنەوەی حیزبەکەی دەست پێ دەکاو بیروبڕوای سەرەکیی سیاسیی خۆی: دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان له بەرنامەی حیزبدا دەگونجێنێ.

١٩٧٣ حدک سێهەمین کۆنگرەی خۆی بەڕێوە دەبا. قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزبەکە تەئیید دەکرێتەوە.

١٩٧٥ ئێرانو عێراق پەیمانی ئەلجەزایر واژۆ دەکەنو کوردەکان له پشتیوانیی دەرەکی بێبەش دەکەن. ئەرتەشی عێراق هێرش دەباتە سەر کوردستان، قاسملوو دەگەڕێتەوە پراگ.

١٩٧٦ ـ ١٩٧٨ دەوڵەتی پراگ ئیقامەی قاسملوو نوێ ناکاتەوەو له ئاکامدا ناچار دەبێ لەو وڵاتە بڕوا. دەچێتە پاریسو لەخوێندنگەی زمانە بیانییەکانی زانستگەی پاریس وەک یارمەتیدەری مامۆستا کار دەکا. دەگەڵ سیاسەتوانەکان، کەسانی بەفەرهەنگو رۆژنامەنووسان پێوەندیی دۆستانە دادەمەزرێنێو کاری سەر لەنوێ بڵاو کردنەوەی رۆژنامەی چوار لاپەڕەیی کوردستان کە لەمێژ بوو بڵاو نەببۆوە، بە دوو زمانی فارسیو کوردی دەست پێ دەکاتەوە. دەگەڵ تاقمێک له کەسانی بە نفووز ئەو شتانە دەنووسێو بڵاویان دەکاتەوە: لۆکورد ئێ لۆ کوردستان، لاکوێشچەن ناسیۆنال کورد ئۆ پروئێی ئۆریەنت (کورد کوردستان، گیروگرفتی نەتەوایەتیی کورد له رۆژهەڵاتی نێوەڕاست).

له دەوروبەری پاریس، دەچێتە سەردانی خومەینی، بەڵام، وەری ناگرن.

١٩٧٨ دەگەڕێتەوە ئێرانو له پێشدا دەچێتە تاران و دوایەش دەچێتە مهاباد (کوردستان)و حدک (ئێران) سازمان دەداتەوە: کومیتەی نهێنی پێک دێنێ، بناخەی بیروبڕوای سیاسیو رێکخراوەیی دادەمەزرێنێو تێکۆشەرە لاوەکان بۆلای حیزب رادەکێشێ.

ژانویەی١٩٧٩، شا شاپووری بەختیار دەکاتە سەرۆک وەزیرو بۆخۆی له وڵات دەچێتە دەر.

له مانگی مارسدا، قاسملوو له مهاباد خەباتی ئاشکرای حدک (ئێران)و داخوازەکانی کوردان رادەگەیەنێ. ئەو یەکەمین هەنگاوە سیاسییە گرنگە ناوو ناوبانگی لەنێو کۆمەڵانی خەڵک تەواو دەباتە سەرێ.

لێژنەیەکی دەوڵەت بە سەرۆکایەتیی بەرێز ئایەتوڵڵا تاڵەقانیو ئەندامەتیی بەنی سەدرو ئایەتوڵڵا بەهیشتی دەگەڵ کوردەکان کۆ دەبنەوە. تاڵەقانی بەڵێن بە کوردەکان دەدا هەتا رادەیەک خودموختارییان بۆ جێبەجێ بکاو داوایان لێ دەکا لە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامیدا بەشدار بن. بەڵام، زۆربەی کوردەکان لە ریفراندۆمەکەدا بەشدار نابن. لە ئاکامدا، خومەینی کۆماری ئیسلامیی ئێران رادەگەیەنێ.

ئاگوست ـ ئوکتۆبر

قاسملوو وەک ئەندامی ئەنجومەنی پسپۆرانی قانوونی بنەڕەتی بە لەسەدا هەشتای دەنگەکان هەڵ دەبژێردرێ.

لە کاتی راپەرینی کوردەکاندا، خومەینی خۆی وەک فەرماندەری گشتییهێزە چەکدارەکان شەڕ دژی «کوردە خیانەتکارەکان» رادەگەیەنێو بێ هەرچەشنە جیاوازییەک کوردەکان سەرکوت دەکا.

لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پسپۆرانی قانوونی بنەڕەتیدا قاسملووی مەحکووم دەکاو حدکاش قەدەخە کراو رادەگەیەنێ. حدکاش کە زۆربەی خەڵکەکە پشتیوانییان لێ دەکرد، بۆ ئەوەی ڕێژیم لە کوردستان کوشتو کوشتار وەڕێ نەخا. پەنا بۆ چیاکانی کوردستان دەبا.

خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگەکانی حدکا لە دژی ڕێژیم دەست پێ دەکا.

کوردەکان کۆنترۆڵی کوردستان بەدەستەوە دەگرن.

ئەرتەشی ئێرانیش دەست دەکا بەداگیرکردنی کوردستان.

١٩٨٠ ـ ١٩٨٢ رێژیمی ئێران بێ هیچ چەشنە دەست پاراستنێکو بە شێوەیەکی دڕندانە هێرش دەکاتە سەر کوردستان. حدکا زیاتر بەرەو چیاکان پاشەکشە دەکاو وردەوردە لە سنووری ئێران ـ عێراق نزیک دەبێتەوە. لە سەرانسەری کوردستان قوتابخانەو نەخۆشخانە دادەمەزرێنێو زیندانی خۆیان لە چیاکان دروست دەکەن. قاسملوو سێڵاوی یارمەتییە مرۆڤایەتییەکانی رێکخراوە پزیشکییەکانی فەرانسە بۆلای کوردستان رادەکێشێ.

١٩٨٤ حدکا سکرتاریای گشتیی خۆی لە کوردستانی عێراقو لە تەنیشت سنووری ئێران دادەمەزرێنێ.

١٩٨٨ تاران وتووێژ دەگەڵ حدکا پێشنیار دەکا. قاسملووو نوێنەرانی ئێران لە مانگەکانی دێسامرو ژانویەدا لە ڤییەن کۆ دەبنەوە؛ ئەو کۆبوونەوەیە جەلال تاڵەبانی پێکی هێنا بوو.

١٩٨٩ ئایەتوڵڵا خومەینی دەمرێ. قاسملووو ئەندامانی حدکا لە کۆنگرەی ئەنتێر ناسیۆناڵی سۆسیالیست لە سوئێد بەشدار دەبن. دەوڵەتی تاران لە ڕێگەی کوردێکی عێراقییەوە بەناوی فازیل رەسووڵ پێوەندیی دەگەڵ دەگرێو پێشنیار دەکا وتووێژەکان لە ڤییەن دەست پێ بکەنەوە.

ژووئیەی ١٩٨٩ قاسملووو قادری ئازەرو رەسووڵ لە کاتی وتووێژەکان دەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئێراندا، دەکوژرێن. نوێنەرانی دەفتەری سیاسیی حدکا رادەگەیەنن سادق شەرەفکەندی وەک سکرتێری گشتیی حیزب دیاری کراوە. قاسملووو قادری ئازەر لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس بە خاک ئەسپێردران.

بێوەژنەکەی قاسملوو هێلین کرۆلیچ، لە دژی دەوڵەتی ئوتریش دەست دەکا بە تێکۆشانی قانوونی بەتاوانی ئەوەی کە ڕێگەی بەپیاو کوژەکان داوە بێ هیچ چەشنە لێپرسینەوەو سزادانێک لە وڵاتی ئوتریش وەدەر کەون.

١٩٩٢سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حدکا، دەگەڵ فەتاح عەبدولی، نوێنەری حدکا لە ئورووپا؛ همایوون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە ئەڵمانو نووری دێهکوردی تێکۆشەری ئێرانی، لە شاری بێرلین دەکوژرێن.

دادگای سەرووی ئوتریش سکاڵاکەی هێلین کرۆلیچ رەد دەکاتەوە.

١٩٩٦ لەماوەی بەڕێوەچوونی بیستەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیستدا، پلەی «چاوەدێری» یان دا بە حدکا. ساڵی ٢٠٠٥، پلەکەیان بردە سەرو کردیانە «راوێژکار».

١٩٩٧دادگایەکی ئەڵمان چوار کەسی بە تاوانی کوشتنی شەرەفکەندی و سێ کوردی دیکە مەحکووم کرد کە ئەندامی حیزبوڵڵا بوون. دادگا هەروەهافەرمانێکی نێو نەتەوەیی بۆگرتنی حوججەتولئیسلام فەللاحیان کە وەزیری «اطلاعات»ی ئێران بوو دەرکرد. ناوبراو فەرمانی بەڕێوەبردنی جینایەتەکەی دابوو. پایەبەرزترین ڕێبەر عەلی خامنەیی و سەرکۆماری پێشوو هاشمیی ڕەفسەنجانییش فەرمانی گرتنیان درابوو.

٢٠٠٥ پیتێر پیڵتز، ئەندامی پارلمانی ئوتریشو ریبەری حیزبی سەوزەکان، سەرۆک کۆماری ئێران، مەحموود ئەحمەدی نژاد،و سەرۆک کۆماری پێشوو، ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی، بەدەست هەبوونیان لە کوشتنی کوردەکاندا بە تاوانبار دەناسێنێ. مەسەلەکە هەرگیز بڕیاری لەسەر نەدراوەو تاوانبارەکانیش بە رەسمی نەناسراون.

٢٠٠٦ حدکا دوولەت دەبێ.

٢٠٠٨ لە ئێران، کاربەدەستانی دەوڵەت درێژە بە جیاوازیدانان لە دژی کوردەکان دەدەنو کوردەکان هەروا سەرکوت دەکەن. تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ، رۆژنامەنووسان، یەکییەتییە پیشەییەکانو خوێندکاران هەروا لەژێر گوشاری بێ پسانەوەی دادوەریدان.

بەوجۆرەی لە بۆڵتەنی ئەنستیتووی کورد لە پاریسدا باسی کراوە، لە مانگی ژووئیەدا لێخۆشبوونی نێونەتەوەیی رایگەیاندوە کە سەرکوتو ئازاردانی کوردەکان لە ژێر ناوی «ئاسایشی نێوخۆیی» دا هەروا درێژەی هەبووە. خستنە زیندانی کەسانی بێتاوان، دادگایی کردنی زاڵمانەو دەرکردنی فەرمانی ئێعدام، وەک کاری ئاسایی یان لێ هاتوە.

لەمانگی ئاوگوستدا یەکیەتیی ئورووپا راپۆرتێکی کوردەکانی چاپ کردو بەتایبەتی نیگەرانیی خۆی لە بارەی پێنج کەس کوردی مەحکووم بەمەرگدا دەربڕی. ئەو کوردانە هێشتا ئێعدام نەکراون.

# ڕووداوە مێژووییەکان

**سەدەی حەوتەم، مێژووی مەسیحییەت**

عەرەبان کوردستان داگیر دەکەنو زۆربەی کوردەکان دەبن بە موسوڵمانی سوننی.

**سەدەی چواردەیەم**

مەغوولەکانو تورکەکان کوردستان داگیر دەکەن. زنجیرەی شاکانی سەفەوی لە ئێران کوردستان دەخەنە سەر ئیمپراتۆرییەکەی خۆیان.

**سەدەی شازدەیەم**

شای ئێرانو سوڵتانی عوسمانی ڕێککەوتننامەیەک واژۆ دەکەن. بە پێی ئەو ڕێککەوتننامەیە کوردستان بە شێوەی قانوونی لەنێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرییەدا بەش دەکرێ.

**سەدەی بیستەم، ١٩٢٠**

لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ئیمپراتۆریی عوسمانی لەبەر یەک هەڵدەوەشێ. پەیمانی سیڤر پێشنیاری دابەشکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی دەدا. بەپێی ئەو پەیمانە خودموختاری دەدرێ بە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلیو پارێزگای مووسڵ.

١٩٢١فەرماندەری نیزامی، ڕەزاخان (دوایە ناوی ڕەزاشای پەهلەویی لە سەر خۆی دادەنێ) دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێو مودێرنیزەکردنی ئێران دەست پێ دەکا.

١٩٢٣ بە واژۆکردنی پەیمانی لۆزان کوردستان لە نێوان تورکیەن، ئێران، عێراقو سووریەدا دابەش دەکرێ.

١٩٢٦ تاج لەسەر نانی ڕەزاشا. سەردەمی دەسەڵاتی خانەدانی پەهلەوی دەست پێ دەکا. محەممەد ڕەزا، گەورەترین کوڕی شا، وەک جێنشینی باوکی دیاری دەکرێ.

١٩٣٠ سمکو، ڕێبەری نیشتمانپەروەری کورد، بەدەستی نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران دەکوژرێ. ڕەزاشا شەپۆلێکی سەرکوت لە کوردستان وەڕێ دەخا، بە سەدان کەس لە عەشیرەتەکان دەرکرانو دەوڵەت مڵکەکانی لێ داگیر کردن.

١٩٤١ لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، شا پشتیوانی لە ئەڵمان دەکا. دەوڵەتە هاوپەیمانەکان ئێران داگیر دەکەنو شای لە ئێران دەردەکەنو کوڕەکەی، محەممەد ڕەزا پەهلەوی لەجێی دادەنێن.

١٩٤٥ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێر ڕێبەرایەتیی قازی محەممەد دا پێک هات.

١٩٤٦ کوردەکانی ئێران بە پشتیوانیی شووڕەوی کۆماری سەربەخۆی مهابادیان دامەزراند. قازی محەممەد بوو بە سەرۆکی ئەو کۆمارە ساوایە. چەند مانگ دواتر، ئەرتەشی شای ئێران مهابادی گرتەوەو قازی محەممەدو هاوکارەکانی بە مەرگ مەحکووم کران. مستەفا بارزانییش پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق (پدک)ی دامەزراند.

١٩٤٧ قازی محەممەدو براکەی سەدری قازیو ئامۆزاکەی سەیفی قازی لە چوارچرای مهاباد لە سێدارە دران.

١٩٥٠ موسەددیقی ناسیۆنالیست بوو بە سەرۆک وەزیری ئێران.

١٩٥٣ شا لە ئێران دەرچوو، هێندەی پێ نەچوو موسەددیق لە ئاکامی کۆدیتایەکدا کە لە لایەن سیاو ڕێکخراوی جاسووسیی بریتانیاوە پێک هاتبوو لەسەر دەسەڵات هێنرایە خوارو شا گەڕایەوە ئێران.

١٩٦١ کوردەکانی عێراق، لە ژێر ڕێبەرایەتیی مستەفا بارزانیدا لە دژی دەوڵەتی عەبدولکەریم قاسم ڕاپەڕین. دەوڵەتی عێراق ڕاپەڕینەکەی تێک شکاندو شەڕو پێکدادانێک لەنێوان ئەو دوولایەنەدا سەری هەڵدا کە بۆ ماوەی دەیان ساڵ لە نێوان دەوڵەتی عێراقو کوردەکاندا درێژەی کێشا.

١٩٦٣ شا دەستی کرد بە نوێسازیو لایەنگری لە جیهانی ڕۆژئاوا کە بە «شۆرشی سپی» ناودێر کرا. پۆلیسی نهێنی، ساواک کاری سەرکوت کردنی ئۆپۆزیسیۆنی ریفۆرمی شای توندوتیژ کرد.

١٩٧٠ کوردەکانی عێراق پەیمانێکی ئاشتییان دەگەڵ دەوڵەتی عێراق واژۆ کرد. بە پێی ئەو پەیمانە هەتا ڕادەیەک مافی خودموختاری درا بە کوردەکان.

١٩٧٤ دەوڵەتی عێراق ڕێگەی بە «پدک»ی بارزانی نەدا پارێزگای کەرکووک بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، پارێزگایەک کە ناوەندی بەرهەمهێنانی نەوتە. پدک هێرشی کردە سەر هێزەکانی عێراقو دەوڵەت ڕاپەڕینی کوردەکانی تێک شکاند.

١٩٧٥ دەوڵەتەکانی تارانو بەغدا پەیمانی ئەلجەزایریان واژۆ کردو بەم جۆرە، ئێران ئەو یارمەتییانەی کۆتایی پێ هێنا کە دەیدان بە «پدک»ی عێراقو ئەوە بوو بە هۆی تێکشکانی شۆڕشی کوردەکان.

١٩٧٨ ئاخوندەکان دژایەتیی سیاسەتەکانی شایان دەکردو سیاسەتە سەرەڕۆییەکانی بوو بە هۆی مانگرتنو ئاژاوەو پشێویو خۆپیشاندانی بەر بڵاوی خەڵک،و دەوڵەت حکوومەتی نیزامیی ڕاگەیاند.

١٩٧٩ هەلومەرجە سیاسییەکە ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ بەرەو شێواوییەکی زیاتر دەچوو. شاو بنەماڵەکەی ناچار بوون لە ئێران هەڵێن. خومەینی کە بەهۆی دژایەتی دەگەڵ شا، ماوەی چاردە ساڵ لە تاراوگە ژیابوو، سەرەنجام گەڕایەوە ئێرانو کۆماری ئیسلامیی ئێرانی ڕاگەیاندو خۆی وەک فەرماندەری گشتیی هێزە چەکدارەکان ناساندو «شەڕی پیرۆزی» لە دژی کوردەکان ڕاگەیاند. دەوڵەتی ناوەندیی ئێران سەر لەنوێ کوردستانی داگیر کردەوە. حدکا بەرەو چیاکان پاشەکشەی کردو شەڕی پارتیزانیی دەست پێ کرد. مستەفا بارزانی لەیەکێک لەنەخۆشخانەکانی ئەمریکا ئەمری خودای بەجێ هێنا.

١٩٨٠ ئەبولحەسەنی بەنی سەدر وەک یەکەمین سەرۆک کۆماری ئێران هەڵبژێردرا. عێراق هێرشی کردە سەر ئێران. شەڕ دەستی پێ کردو ماوەی هەشت ساڵ درێژەی کێشا.

١٩٨١ بەنی سەدر لە سەرۆک کۆماری وەلانراو هەڵات بۆ فەڕانسە.

١٩٨٨ لەنێوان ئێرانو عێراقدا ئاگر بەس ڕاگەیەندرا. دەوڵەتی عێراق بەهۆی ئەوەی کوردەکان پشتیوانییان لە ئێران کردبوو تۆڵەی لێ ئەستاندنەوە. لەمانگی مارسدا، سەددام حوسێن فەرمان بە ئەرتەشەکەی دەدا بە گازیخەردەل هێرش بکاتە سەر شارۆچکەی هەڵەبجە. سەدهەزار کورد هەڵاتن بۆ تورکیە.

١٩٨٩ ئایەتوڵڵا خومەینی دەمرێو ئەکبەر هاشمیی ڕەفسەنجانی دەبێتە سەرۆک کۆماری ئیسلامیو حوججەتول ئیسلام سەید عەلی خامنەیی دەبێتە جێ نشینی ئاییینی خومەینی. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵڵا قادری ئازەرو فازڵ ڕەسووڵ لە ڤییەنو بە دەستی نوێنەرانی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی دەکوژرێن.

١٩٩١دوای شەڕی کەنداو، کوردەکانی عێراق، کە ئەمریکا دڵگەرمی کردبوون، لە دژی سەددام ڕاپەڕینەوە. عێراق ڕاپەڕینەکەی تێک شکاندو بە هەزاران کەسی کوشت. هێزی هەوایی هاوپەیمانەکان [لە پێشدا] پشتیوانییان لە کوردەکان نەکرد، بەڵام، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد. لەو بڕیارەدا داوا کراوە سەرکوتی کوردەکان ڕابگیرێو ناوچەیەکی ئارام پێک بهێنرێ کە بۆ هێزی هەوایی عێراق هەڵفڕین بەو ناوچەیەدا قەدەغە بکرێ. بەپێی ئەو بڕیارە، هێزە هەواییەکانی ئەمریکاو بریتانیا لە بەرامبەر ئەرتەشی عێراقدا پارێزگاری لە کوردستان دەکەن. ئەو مەڵبەندە کە سێ میلیۆن کوردی لێ دەژیان، بوو بە مەڵبەندێکی خودموختار.

١٩٩٢ هەڵبژاردنێکی ئازاد لە کوردستانی عێراق. پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لای باکووری مەڵبەندەکەو یەکیەتیی نیشتمانی بەشی باشووری مەڵبەندەکە کۆنترۆڵ دەکەن. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حدکاوسێ ئەندامی دیکەی ئەو

حیزبە لە شاری بێرلین بە دەستی نوێنەرانی دەوڵەتی رەفسەنجانی کوژران. ئەو سێ کەسە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئەنتێر ناسیۆناڵ سۆسیالیست چووبوونە ئەڵمان.

١٩٩٤ دوو حیزبی سەرەکیی کوردستانی عێراق: پارتی بە رێبەرایەتیی بارزانیو یەکیەتی بە رێبەرایەتیی جەلال تاڵەبانی لەسەر کۆنترۆڵ کردنی مەڵبەندی خودموختاری کوردستان دەکەونە شەڕ.

١٩٩٥ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆی ئەوە کە ئێران یارمەتیی تاقمە تیرۆریستەکانی دەداو لەبەر هەوڵو تێکۆشانی بۆ دەست راگەیشتن بە چەکی ناوکیو دوژمنایەتی کردن لە دژی پرۆسەی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا،گەمارۆی ئابووریی خستە سەر ئەو وڵاتە. بەڵام ئێران ئەو تاوانبارکردنەی رەد دەکردەوە.

١٩٩٧ «حجت الاسلام» محەممەدی خاتەمی بە وەدەست هێنانی لەسەداحەفتای دەنگەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا پارێزگارترین کەسایەتیی بەشدار لەو هەڵبژاردنەیدا شکست دا.

١٩٩٨ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانیو پارتی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بارزانی، بە نێوبژیوانیی ئەمریکا رێککەوتننامەیەکی ئاشتی واژۆ دەکەن کە دەبێتە هۆی تەواوبوونی شەڕو کێشە لەنێوان ئەو دوو حیزبەدا.

١٩٩٩ دوای ئەوەی رۆژنامەی رێفۆرمئاژۆی سەلام لە لایەن رێژیمەوە دادەخرێ، خوێندکارانی زانستگەی تاران بۆ لایەنگری لە دێموکراسی ناڕەزایەتیی خۆیان دەردەبڕن. بەرەنگار بوونەوەی خوێندکاران لە دژی هێزەکانی ئاسایش دەبێتە تێکهەڵچوونو شەڕو پێکدادانی، ئەو دوو لایەنە بۆ ماوەی شەش ڕۆژانو هەزار خوێندکاردەگیرێن.

**سەدەی بیستو یەکەم**

٢٠٠٠ لیبراڵەکانو لایەنگرانی خاتەمی لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارڵمان لە ئێران، لە ٢٩٠ کورسی ١٧٠کورسی وەدەست دێننو بەم شێوەیە پارلمان دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، کە لە ساڵی ١٩٧٩وە پارڵمان لەژێر دەسەڵاتی خۆپارێزەکاندا بووو خۆپارێزە توندوتیژەکان تەنیا ٤٤ کورسی وەدەست دێنن. قانوونێکی نوێ لە چاپو بڵاوکرانەوەی رۆژنامەو چاپەمەنییە لیبراڵەکان پێشگیری دەکا.

٢٠٠١ سەرۆک خاتەمی بە لەسەدا ٧٧ی دەنگەکان سەر لەنوێ بۆ سەرکۆماری هەڵ دەبژێردرێتەوە.

٢٠٠٣ کوردەکانی عێراق بۆ رووخاندنی رێژیمی سەددام حوسێن، دەگەڵ هێزەکانی ئەمریکاو بریتانیا کەوتن، لەلایەن ئەمریکاوە بۆ ئەنجومەنی تازە پێکهاتووی دەوڵەت دیاری کران.

٢٠٠٤ لە هەڵبژاردنێکی گوماناویدا لە ئێران، بناژۆکان پارڵمان دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.

٢٠٠٥ جەلال تاڵەبانی بوو بە سەرۆک کۆماریعێراق. مەحموود ئەحمەدی نەژاد کۆنە پەرست ترین شارەداری تاران، لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا ئاخوند ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانیی شکست دا، هەم ئەحمەدی نەژادو هەم رەفسەنجانی لەلایەن پیتێر پیڵتزەوە تاوانبار دەکرێن کە دەستیان لە کوشتنی قاسملوودا هەبووە.

٢٠٠٦ سەددام حوسێن بەتاوانی ریزە جینایەتێک لە دژی مرۆڤایەتی، یەک لەوان لەدژی گەلی کورد، دادگایی کراو بەمەرگ مەحکووم کراو لە سێدارە درا.

٢٠٠٨ لە عێراق، رێفراندۆمێک بۆ دیاریکردنی وەزعیەتی کەرکووک بۆ کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٧ دیاری کرا، بەڵام پاشان وەدوا خرا. مادەی ١٤٠ی قانوونی بنەڕەتیی عێراق داوای سەرژمێریی کردوەو جا ئەوجار رێفراندۆم بە دانیشتوانی کەرکوک رێگە دەدا بڕیار بدەن داخوا دەیانەوێ بچنە پاڵ مەڵبەندی کوردستان یان دەیانەوێ پارێزگایەکی سەربەخۆ بن. قانوون دانەرەکان لە بارەی وردەکارییەکانی تەرتیباتێک بۆ کەرکووک لەنێو کوردەکان، تورکمانەکانو عەرەبەکان هێشتا رێک

نەکەوتوون. کوردەکان دەیانەوێ کەرکووک ببێتە بەشێک لە مەڵبەندی کوردستان بەڵام، عەرەبەکانو تورکمانەکان دەیانەوێ لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی عێراقدا دەبێ.

ئەو سەرچاوانەی زانیارییەکانیان لەبارەی ژیاننامەو باقیی بابەتەکان نووسیوە بریتین لە بۆڵتەنی ئەنستیتووی کورد لە پاریسو ڕێکەوتەکانیش لە لۆموند دیپلۆماتیکو لە بی‌بی سی وەرگیراون. ئەو سەرچاوانەی دیکەش لە بارەی ژیاننامەدا لە وتووێژان، کتێبانو ڕۆژنامانو حەوتوونامان وەرگیراون.

# پێرستی ئەکتەران

**ئەو کەسانەی لە عەبدوڕڕەحمان قاسملوو لە حدکا نزیك بوون**

**فتاح عەبدولی**، نوێنەری حدکا لە ئورووپا لە ساڵی ١٩٨٩وە. ڕۆژی ١٧ی سپتامری ١٩٩٢، لە شاری بێرلین بە دەستی بەکرێگیراوانی دەوڵەتی ئێران کوژرا.

**سادق شەڕەفکەندی**، جێگری دوکتۆر قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) ڕۆژی ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢، دەگەڵ فەتاح عەبدولی [و هومایوون ئەردەلان] لە شاری بێرلین بە دەستی بەکرێگیراوانی دەوڵەتی ئێران کوژرا.

**جەلیل گادانی**، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدکا هەتا کۆتاییەکانی دەیەی هەشتا.

**ئیرەج قادری**، سەرهەنگی ئەرتەشی ئێران لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەویداو دواتر لە ساڵی ١٩٧٩دا، پادگانی مهابادی تەسلیمی کوردەکان کردو بوو بە ئەندامی حدکا.

**عەبدوڵڵا قادری** ـ ئازەر، نوێنەری حدکا لە ئورووپا، لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩دا بەدەستی نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران کوژرا.

**فاتووش گونەی**، بێوەژنی کوردێکی سینەماکاری فیلمو خەڵکی تورکیە، یۆلماز گونەی.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**، ئەندامی دەفتەری سیاسیو دوای کوژرانی شەڕەفکەندی،لە١٩٩٥ هەتا ساڵی ٢٠٠٤ سکرتێری حیزب بوو.

**هێلین کرۆلیچ**، بێوەژنی قاسملوو کە دوای کوژرانی مێردەکەی، بۆ ناساندنی قاتڵەکانی یەکجار زۆری هەوڵ دا.

**کەندال نەزان**، لە ساڵی ١٩٩٦ەوە، بەرپرسی ئەنستیتووی کورد لە پاریس.

**شیوەسەڵی**، فەرماندەی هێزێکی پێشمەرگەکانی حدکا.

## کەسایەتییەکانی ناوبراو لەم کتێبەدا

**ئەحمد بن بیللا** ـ ساڵی ١٩٦٢ بوو بە سەرۆک کۆماری ئەلجەزایرو ساڵی ١٩٦٥ بەهۆی کۆدیتایەکی نیزامی وەلا نرا. پاشان بوو بە ڕێبەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیی ئەلجەزایرو دەگەڵ قاسملوو ئاشنا بوو.

**سەددام حوسێن**، ڕێبەری حیزبی بەعسو دیکتاتۆری عێراق. لەهێرشی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ساڵی ٢٠٠٣دا شکستی خوارد. فەرمانی سەرکوتی لەدژی کوردەکان داو بە چەند هۆی دیکەش ساڵی ٢٠٠٦ بە تاوانی جینایەت لە دژی مرۆڤایەتی

لەدادگایەکی تایبەتیدا کەدەوڵەتی کاتیی عێراق پێکی هێنابوو،حوکمی ئیعدامی دراو رۆژی ٣٠ی دیسامبری ٢٠٠٦ لە سێدارە درا.

**ئەندامانو ئاشنایانی نزیکی کۆمەڵی کوردەکان لەئوتریش**

**ئەنوەر،** ئەوە ناسناوێک بوو کە بن بیللا لەسەر فازیل رەسووڵی دانابوو.

**ئازاد،** ناسناوی یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵی کوردەکان لە ڤییەنو ئەندامی حدکایە.

**کارلۆت**(Charlotte) ناسناوی یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵی کوردەکان؛ ژنی ئازاد.

**رێناتا فایستاور**(Faistauer Renatta) ژنێکی ئوتریشیو یاری فازیل رەسووڵ، کوردەکان لە ئەپارتمانەکەی ئەو ژنەدا کوژران.

**فەتاح،** ناسناوی یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵی کوردەکان لە ڤییەنو نوێنەری حدکا لەئوتریش.

**هیلدیگارد،** ناسناوی ئەندامێکی کۆمەڵی کوردەکان لەڤییەنو ئەندامی حدکا.

**مستەفا**، ناسناوی ئەندامێکی کۆمەڵی کوردەکان لەڤییەنو ئەندامی حدکا.

**فازیل رەسووڵ**، کوردێکی رووناکبیری عێراقی، لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩دا دەگەڵ قاسملووی لە ڤییەن کوژرا.

**سووزان رۆکێن شاوب ـ** رەسوول (Susanne,Rasul-Rockenchaub) پزیشکی ئوتریشیو بێوەژنی فازیل رەسووڵ.

**ئەو ئێرانییانەی دەستیان دەجینایەتەکەدا هەبووە**

**ئەحمەدی نژاد، مەحموود**

لە ساڵی ٢٠٠٥ هەتا ئێستا سەرۆک کۆماری ئێرانە. پیتێر پیڵتز، پارلمانتارو ئەندامی حیزبی سەوزەکان رایگەیاند کە لەوانەیە ناوبراو دەستی لە بەرنامەرێژی بۆ کوشتنی دوکتور قاسملوودا هەبوو بێ. هەرگیز لەبارەی مەسەلەکەوە بریار نەدراو شکو گومانەکەش هەرگیز روون نەبۆوە.

**بوزورگیان ، ئەمیر مەنسوور**

نیگابانی سەحرارووودیو ئەندامی پۆلیسی نهێنیی ئێران. دوای جینایەتەکە گیراو دوایە ئازاد کراو ئیدی کەس نازانێ لە کوێیە.

**مەغابی محەممەد**

ئێرانییەکە تۆمەتی بەشداریکردن لە جینایەتەکەی لەسەر بوو. چەند رۆژ دوای جینایەتەکە لە حاڵێکدا پۆلیسی ئوتریش نیگابانییان لێ دەدا، رۆیشتەوە ئێران.

**حاجی موستەفەوی،** ناسناوی ئەجاوی، یان لاجێوەردی

نوێنەری رەسمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وتووێژەکان دەگەڵ قاسملوو لە ڤییەن. دوای جینایەتەکە خۆی شاردەوەو هیچ شوێنەوارێکی لەخۆی بەجێ نەهێشتبوو. بۆ وەزیری زانیارییەکانی ئێران، محەممەد رەیشەهری کاری دەکرد. رەیشەهری، یەکێک لە ئەندامە هەرە توندوتیژەکانی رێژیمە.

**هاشمی رەفسەنجانی ئەکبەر**

لەساڵی ١٩٨٠ هەتا ١٩٨٩، سەرۆکی پاڕلمانی ئێران و لە ساڵی ١٩٨٩ هەتا ساڵی ١٩٩٧ سەرۆک کۆماری ئێران. ئێستا بەرپرسی «مجمع تشخیص مصلحت نظام»ە کە ئۆرگانێکی هەڵنەبژێراوەو لە نێوان پارلمانو «مجلس خبرگان» نێوبژیوانی دەکا. ئەو ئۆرگانەی دوایی ڕێنوێنی دەدا بە ڕێبەری پایەبەرزی ڕێژیمو لە بەرامبەر پارلماندا مافی ڤیتۆی هەیە.

**ڕەیشەهری**

لە ساڵی ١٩٨١ هەتا ساڵی ١٩٩٧، فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران بووە.

ڕەزایی، موحسین، فەرماندەری پاسدارانی شۆرش لە ساڵی ١٩٨١ وە هەتاساڵی ١٩٩٧

**محەممەد جەعفەری سەحراروودی، ناسراو بە ڕەحیمی**

نوێنەری سیاسیی کۆماری ئیسلامی بۆ وتوویژ دەگەڵ قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٩دا لە شاری ڤییەن. بەڕێوەبەری دایرەی جاسووسیی ئێرانو فەرماندەی قەرارگای ڕەمەزان لە کوردستانی ئێران. بۆ کرینی چەکوچۆڵ بۆ ئێران نێوبژیوانیی کردوەو لە جینایەتەکەدا بریندار بوو.

**ئێرانییەکانی کۆماری ئیسلامی**

**بەنی سەدر ئەبولحەسەن.** لە ساڵی ١٩٨٠دا سەرۆک کۆماری ئێران بوو. ساڵی ١٩٨١ بەهۆی موخالیف بوونی لەگەڵ ئێعدامی ئێرانییە ناڕازییەکانو دیکتاتۆڕیی خومەینی لەسەر کار وەلا برا، هەڵاتە فەرانسەو لەو کاتەوە هەتا ئێستا لەوێ دەژی.

**مەهدی بازرگان.** دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن خومەینییەوە کرابە سەرۆک وەزیری دەوڵەت. دژی دەسەڵاتی ئاخوندەکان بووو کاتێک بۆی دەرکەوت ناتوانێ ئەو ئاڵوگۆڕە دێموکراتییانە جێبەجێ بکا کە لەمێژ بوو ئارەزووی بوون، وازی لەکار هێناو کشایەوە.

**محەممەد بەهیشتی،** ڕێبەرێکی گرنگی سیاسیو ئایینی (ئایەتوڵڵا) لە شۆڕشی ئێراندا بوو.سەرۆکی حیزبی کۆماری ئیسلامیو سەرۆکی دادگای عالی بوو. لە ژوئەنی ١٩٨١دا، لە هێرشێکی تیرۆریستیدا دەگەڵ زیاتر لە حەفتا ئەندامی حیزبەکەی کوژرا. ئەو ڕووداوە بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک بوو کە لەکاتی کۆنفرانسێکدا تەقیەوەو دەیانگوت موجاهیدەکان دایان ناوەتەوە.

**داریووش فرووهەر.** وەزیرێکی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بوو، ساڵی ١٩٧٩ ناردیان دەگەڵ کوردەکان وتوویژ بکا. هەوڵدانەکەی بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی ئاشتیخوازانە دەگەڵ کوردەکان بوو بە هۆی ئەوە کوردەکان بەتەواوی ڕێزی لێ بگرن. بۆخۆیو ژنەکەی لە تەمەنی حەفتا ساڵیو پەنجاوچوار ساڵیدا، ساڵی ١٩٩٨ بەشێوەیەکی تەواو دڕندانە کوژران. هەموو کەس پێی وابوو ئەو جینایەتە بۆ ئەوە ڕووی داوە کە هەردووکیان بەتوندی ڕەخنەیان لە ڕێژیم دەگرت بەڵام هەرگیز حوکمی لەسەر نەدرا. خەڵک لەسەر ئەو بڕوایەن کە وەزارەتی جاسووسیی ئێران دەستووری ئەو جینایەتەی داوە.

**مەهدی هاشمی،** سەرۆکی بزووتنەوەی جیهانی ئیسلام بە تێکۆشانی دژی شۆڕش تاوانبار کراو لە سپتامبری ١٩٨٧دا ئێعدام کرا. ئەوو پشتیوانەکانی لەبارەی هاتنی ڕاوێژکاری پێشووی دایرەی جاسووسیی [ئەمریکا]، ڕابێرت مەک فارلێین، خەڵکیان ئاگادار کردو دەشڵێن گۆیا ویستوویەتی وتووێژەکانیان لە بارەی چەکوچۆڵ لە بەرامبەر بەبارمتە گیراوەکاندا کە عینوانی ئێرانگەیت یان لەسەر داناوە بە تەقاندنەوەی بۆمب تێک بدا.

**سادق خەڵخالی،** لە ساڵی ١٩٧٩وە هەتا ساڵی ١٩٨٩، سەرۆکی دادگاکانی شۆڕش بووو بەناوی «ڕقوقینی خودا» دەناسراو پاش مردنی خومەینی لەسەر کارەکەی وەلا برا.

**سەید عەلی خامنەیی**، لە ساڵی ١٩٨١ەوە هەتا ١٩٨٩ سەرۆک کۆماری ئێران بووو لە ساڵی ١٩٨٩دا بوو بە جێنشینی ئاییینی خومەینیو لەودەمەوە هەتا ئێستا پایەبەرزترین رێبەری ئێرانە.

**خومەینی رووحوڵڵا مووسەوی.** وەک پایەبەرزترین رێبەری ئاییینی شیعەکانی ئێران، رێبەرایەتیی ئوپوزیسیۆنی شای دەکردو لە ساڵی ١٩٧٩دا کاتێک کۆماری ئیسلامی دامەزرا کۆمارەکەی لەژێر چاوەدێریدا بووو ژوئەنی ١٩٨٩مرد.

**موحتەشەمی عەلی ئەکبەر**، لە ساڵەکانی نێوەڕاستی دەیەی ١٩٨٠دا، وەک باڵوێزی ئێران لە سووریە کاری دەکرد، دەڵێن لە پێکهێنانی رێکخراوی رادیکاڵی لوبنان، حیزبوڵڵادا، نەخشی سەرەکیی گێڕاوە. دواتر بوو بە وەزیری نێوخۆ.

**مونتەزیری حوسێنعەلی**، «آية الله العظمى» و قوتابیی خومەینی لە شاری قومو یەکێک لە بیرمەندانی کۆماری ئیسلامی بووو بۆ جێنشینی خومەینی لێیان بوو بە کێشە. لە ساڵی ١٩٩٧ەوە بەهۆی رەخنەگرتن لە رێبەری پایە بەرز، خومەینی، بە «حبس خانگی» مەحکووم کراو ئەو حوکمە لە ساڵی ٢٠٠٣دا تەواو بوو.

**شەریعەتمەداری**، کاظم، ئایەتوڵڵا، خەڵکی تەورێز، لە شۆڕشی ئێراندا نەخشی هەبوو. دژی دەسەڵاتی بێسنووری رێبەری پایەبەرز بوو، ئەوەش پێشنیاری خومەینی بوو کە دەبوو لە قانوونی بنەڕەتیی نوێدا بگونجێندرێ. ساڵی ١٩٨٢، بە کودیتا لە دژی کۆماری ئیسلامی تاوانبار کراو لە ماڵەکەی خۆیدا حەپسیان کردو هەتا مردنی لە ساڵی ١٩٨٥دا هەر بەو شێوەیە مابۆوە.

**تاڵەقانی، مەحموود.** ئایەتوڵڵا، لە شۆڕشی ئیسلامیدا سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕش بووو رێبەری رووحانیی تارانو رقەبەری خومەینی بوو. ساڵی ١٩٧٩ [بە شێوەیەکی گوماناوی] مرد.

**ویلایەتی، عەلی ئەکبەر.** لە ساڵی ١٩٨١ەوە هەتا ساڵی ١٩٨٧ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران بوو.

## ئێرانییەکان وعێراقییەکان

**ئیبراهیم ئاییار**، ئەندامی حیزبی کۆمونیستی عێراق.

**شاپوور بەختیار.** بۆماوەی چەند حەوتوویەک لە ساڵی ١٩٧٩دا، ئاخرین سەرۆک وەزیری شا بوو. بەداوای پەنابەرییەوە چووە پاریسو لەوێ لە ساڵی ١٩٩١دا، بە دەستی بەکرێگیراوانی دەوڵەتی ئێران بە شێوەیەکی دڕندانە کوژرا.

**فەرح دیبا.** سێهەمین ژنی محەممەد رەزاشای پەهلەوی بوو.

**موسەددیق محەممەد.** ناسیۆنالیستێکی سەر بە خانەدانێکی ئەشرافی، سەرۆک وەزیر بوو کە لە سەرەتای ساڵەکانی دەیەی پەنجادا نەوتی ئێرانی میللی کردو ساڵی ١٩٥٣ بەهۆی کودیتایەک لەسەر کار لابرا. کۆدیتاکە لەلایەن سازمانی سیاو دایرەی جاسووسیی بریتانیاوە رێک خرابوو.

**پەهلەوی، محەممەد رەزا.** شای ئێران. لە ئاکامی شۆڕشی ئیسلامیدا لەسەر تەختی شایەتی فڕێ درایە خوارێ.

**پەهلەوی رەزاشا.** بنیاتنەری زنجیرەی پەهلەویو باوکی ئاخرین شای ئێران. ساڵی ١٩٤١ بەهۆی پێوەندییەکی دەگەڵ ئەڵمانی نازی هەیبوو، [دەوڵەتە هاوپەیمانەکان] لەسەر تەختی شایەتی لایان برد.

**مەسعوود رەجەوی.** رێبەری رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێرانە کە سازمانێکی توندڕەوی ئیسلامیو دژی کۆماری ئیسلامییە.

**رەزم ئارا**، حاج عەلی. سەرۆک وەزیر، لە ساڵەکانی دەیەی پەنجادا کوژرا.

## کوردەکانی ئێران و عێراق

**بارزانی، مسعود**، کوڕی مستەفا بارزانی و جێنشینی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق

**بارزانی مستەفا**، ڕێبەری پارتی دیموکراتی کوردستان (عێراق)و یەکێک لە گرنگترین ڕێبەرانی کورد لە سەدەی بیستەمدا. ساڵی ١٩٧٩ لە تاراوگەو لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەمری خودای بەجێ هێنا.

**[شێخ] عێزەددین حوسەینی**. ڕووحانییەکی سوننیی کوردستانی ئێرانو ڕێبەری بەناوبانگی چەپەکان.

**عەبدوڵلا ئیسحاقی**. ئەندامی ڕێبەریی حدکاو دژی قاسملوو بوو.

**قاضی محەممەد**. بنیاتنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانو سەرۆک کۆماری مهاباد لە ساڵی ١٩٤٦دا. دەوڵەتی ناوەندیی ئێران لە دەسەڵاتی خستو ساڵی ١٩٤٧ لە سێدارە درا.

ک. م (Q.M) ئەو ناسناوەی بەهۆی بابەتە ئەمنییەتییەکان لەسەر خۆی داناوە. یەکێک لە ڕێبەرانی سیاسیی کوردەکانی ئێرانو نیشتەجێی ئورووپایە.

**سمکۆ**. ڕێبەرێکی کوردی ئێرانی بووو ساڵی ١٩٣٠ بە دەستی نوێنەرانی ڕەزاشا کوژرا.

**جەلال تاڵەبانی**. ڕێبەرێکی کوردی عێراقییەو لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە بووە بە سەرۆک کۆماری عێراقو لەساڵی ١٩٧٥ەوە سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی عێراقە.

## کەسایەتیو دامەزراوە فەرانسەییەکان

**بۆنۆ، میشێل**(Michel,Bonnot) پزیشکی ڕێکخراوی مرۆڤایەتیی فەرانسەیی ئێد میدیکال ئینتر ناسیۆنال، لەکوردستان کاری دەکرد.

**شالیان ژێرار**(Gerard ,Chalinad) پسپۆری فەرانسەیی لە پێوەندییە ستراتیژیو نێونەتەوەییەکاندا، هێندێک تیئۆریی هێناوە گۆڕێ کە بەیەکەوە ناتەبانو جیاوازییان هەیە (تیرۆریزمو پارتیزان). تیئۆرییەکەی دیکەی لە بارەی شەڕی چەکدارانە، دەربەدەریی خەڵکو ستراتیژی.

**شنال، ئالێن**(Alain,Chenal) سیاسەتوانی فەڕانسەیی. ئەندامی حیزبی سۆسیالیست، پسپۆڕی گیروگرفتەکانی جیهانی سێهەم.

**گرانژۆن بێرنارد**(Bernard,Granjon) پزیشکی فەرانسەیی، بنیاتنەری ڕێکخراوی مرۆڤایەتیی مێدسەن دومۆند. لە کوردستان کاری دەکرد.

**ژوسپەن، لیۆنێل**(Lionel,Jospin) لە ساڵی ١٩٨١ـەوە سکرتێری گشتیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە بووەو لە ساڵی ١٩٩٧ـەوە هەتا ٢٠٠٢ سەرۆک وەزیری فەرانسە بووە.

**کووشنێر، بێرنارد**(Bernard ,Kouchner) لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە هەتا ئێستا وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرانسەیە. پێشتر مونشیو وەزیری یارمەتیيە مرۆڤایەتییەکانو هەروەها وەزیری لەش ساغی بووە. نوێنەری تایبەتیی یو. ئێن لە کۆزۆڤوو بنیاتنەری مێدسەن سان فرانتیەو مێدسەن دوموند.

**تیسۆ بێرنارد**(Bernard ,Tissot) پزیشکی فەرانسەیی بۆ ئێد مێدیکال ئەنترناسیۆنال؛ لە کوردستان کاری کردوە.

**وێبێر، فلۆرانس**(Florence ,Weber) پزیشکی فەرانسەیی بۆ ئێد مێدیکال ئەنتێر ناسیۆنال. لە کوردستان کاری کردوە.

## رۆژنامەنووس‌و نووسەرە بییانییەکان

**محەممەد هەیکەل** - رۆژنامەنووسێکی بە نفووزی فەرانسەیی [میسری]، ئاشنای نزیکی جەماڵ عەبدولناسر. ساڵانێکی دووردرێژ رۆژنامەی «الاهرام»ی لەمیسر بەڕێوە دەبرد. چەندین کتێبی لە سەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نووسیوە.

**کراوێتز، مارک**(Marc ,Cravets) رۆژنامەنووسی رۆژنامەی فەرانسەیی لیبراسیۆن. نووسەری ژمارەیەک کتێب لەسەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

**کریس کۆچێرا**، رۆژنامەوانی فەرانسەویی و پسپۆڕی وەزعی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردەکان، نووسەری چەند پەرتووکانە لە بارەی کوردەکاندا.

**رانداڵ، جاناتان**(Jonathan ,Randal) رۆژنامەنووسی ئەمریکایی. هەواڵنووسی واشینگتۆن پۆست لە پاریس‌و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. نووسەری چەندین کتێب.

## کەسایەتی‌و دامەزراوە ئوتریشییەکان

**دانیک، میخائیل**(Michael ,Danek) داوەری ئوتریشی‌و بەرپرسی لێکۆڵینەوە لە جینایەت دوای ئەوەی داوەر «سیدا» لە جینایەتەکە دەکۆڵێتەوە.

**فۆرێگر، ئیگۆمۆنت**(Egmont,Foregger) وەزیری دادوەریی ئوتریش.

**کێسلێر، ئۆسواڵد**(Oswald ,Kesler) سەرۆکی پۆلیسی نیشتمانیی ئوتریش کە لە کاری دژی تێرۆریزم و دژی جاسووسی دا زانیاریەکی تەواوی هەیە، سەرۆکی ئارشیڤی خزمەتەکانی پۆلیسییە و بەرپرسی کۆدی دەوڵەت و کۆدی زانیارییە پۆلیسییەکانە.

**لوشناک فرانز**(Franz ,Loschnak) وەزیری نێوخۆیی ئۆتریش.

**مۆک، ئەلۆیس**(Alois ,Mock) جێگری سەرۆکی دادگاو بەرپرسی‌کارە بیانییەکان [وەزیری دەرەوە].

**پیلتز، پیتێر**(Peter ,Pilz) ئەندامی پارلمانی ئوتریش‌و ئەندامی رێبەرایەتیی حیزبی سەوزەکانی ئوتریش.

**سێد پیتێر**(Peter ,Seda) دادوەری ئوتریشی‌و بەرپرسی سەرەتای لێکۆڵینەوەی جینایەتان.

**فرانیتسکی فرانتز**(Franz ,Vranitzky) راوێژکاری دەوڵەتی ئوتریش.

**وێدینگرن مونفرێد**(Manfred ,Weidinger) داوەری ئوتریشی بەرپرسی ڕاگەیشتن بە پرسی قاسملوو بە نوێنەرایەتیی بێوەژنەکەی قاسملوو.

## سەرچاوەکان‌و کەسایەتییەکان

وتوویژ دەگەڵ نووسەر

عەبدورڕەحمان قاسملوو نووسەر وتوویژی دەگەڵ کردوە (کوردستان ١٩٨٥؛ پاریس ١٩٨٦؛ مادرید ١٩٨٧و ١٩٨٨).

جەلال تاڵەبانی (کوردستان، ١٩٨٥و پاریس، ١٩٩١).

جاناتان ڕاندال (پاریس، ١٩٩١).

ڕای تەکیە، ئێرانی داپۆشراو « ناتەباوێژی»و دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا، کتێبەکانی تایمز. نیۆیۆرک٢٠٠٦.

مارک کڕاوێتز (پاریس، ١٩٩١).

ئەبولحەسەنی بەنی سەدر (پاریس، ١٩٩١).

بێرنارد کۆشنێر (پاریس، ١٩٩١).

ئالین شنال (پاریس، ١٩٩١).

کەنداڵ نەزان (پاریس، ١٩٩١).

فرێدریک تیسۆ (پاریس، ١٩٩١).

میشێل بۆنۆ (پاریس، ١٩٩١).

فلۆرانس وێبێر (پاریس، ١٩٩١).

فەتاح عەبدولی (پاریس، ١٩٩١).

جەلیل گادانی (پاریس، ١٩٩١).

ئیبراهیم عەلییار (پاریس، ١٩٩١).

کریس کۆچێرا و خانمەکەی (پاریس، ١٩٩١).

ئەحمەد دەروێشیو خالید عەزیزی (کوردستان، ١٩٨٥).

فاتووش گونەی (پاریس، ١٩٩١).

ژێرار شالیان (پاریس، ١٩٩١).

ژوولیەت مەنس (پاریس، ١٩٩١).

جۆیس بلاو (پاریس، ١٩٩١).

ڕەحیم قادری (پاریس، ١٩٩١).

مراد ئازاد عەبدوڵڵاو ئەندامانی دیکەی حدکا (١٩٩٠و ١٩٩١).

هێلین کرۆلیچ قاسملوو، نووسەرو گابرییەل فێرناندز وتووێژیان دەگەڵ کردوە (پاریس، ١٩٩٠).

ئەحمەد بن بیللا، نووسەرو گابرییەل فێرناندز وتووێژیان دەگەڵ کردوە. (ئەلجەزایر؛ ١٩٩١).

چەند کەسێک لە ئێرانییەکانو کوردەکانی ئاشنای قاسملوو داوایان لێ کردم بەهۆی هێندێک مەسەلەی ئەمنیەتییەوە ناویان نەبەم. لە هێندێک شوێن ئەم ناسناوانەم لە جیاتی ناوی ئەسڵیی خۆیان نووسیوە: فەتاح، موستەفا، ئازاد، کارلۆت، ماریا، تێرێسیا، هیلدگارد، ک. م.و ئاغای ئێم. کەسانی دیکەش هەبوون کە بە هیچ شێوەیەک ناویان نەنووسراوە.

وتووێژ لەلایەن گابرییەل فێرناندز ـەوە

هێلین کرۆلیچ ـ قاسملوو (ڤییەن، ١٩٩١)؛ پیتێر پیڵتز (ڤییەن، ١٩٩١).

سووزان رۆکینشاوب ـ رەسووڵ (ڤییەن، ١٩٩١)؛ ناسر پاکۆمیان (ڤییەن، ١٩٩١).

ئوسواڵد کیسلێر (ڤییەن، ١٩٩١)؛ مانفرێد وێیدینگێر (ڤییەن ١٩٩١).

وتووێژ کەرەکانی دیکە

عەبدورڕەحمان قاسملوو لە لایەن جاناتان ڕانداڵەوە وتووێژی دەگەڵ کراوە (پاریس، ١٩٨٦).

سادق شەرەفکەندی لەلایەن بێرنارد گرانژونەوە وتووێژی دەگەڵ کراوە (کوردستان، ١٩٩١).

## کتێبەکان


بەنی سەدر ئەبولحەسەن،complot Le ayatollahs des چاپی لویَ دوی کاوێرت، پاریس ١٩٨٩.

بێهرەنگ، Editores SigloXXI.mundial equilibrio del debil eslabon un Iran مێکزیک، ١٩٨٠ .

بلاک، ئیان،و مووریس، بۆنی. شەرە نهێنی‌یەکان ئیسرائیل، گرۆڤ وێنیفیلد، نیویۆرک١٩٩١.

برییەر، کلایرو بلانشیت، پییەر(Briere,Claire, andBlanchet, Piere). De larevolution au nom de dieu. Le Seuil, Paris, ١٩٧٩ .

یاسای بنەرەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.Resalta, Madrid, ND

کۆتریڵ،لیۆنارد
Cottrel, Leonard,V: Egypt, Mesopotamia and the Indus, ١٩٦٦.

چابری، لورێنت و ئانی Politique, et minorities au Porche-Orient. Editions Maisonneuve and Larose, Paris, ١٩٨٤

شالیان، ژێرار (Chaliand, Gerard).Le Kurdes et le Kurdistan. La question nationale kurde au Proche Orieny. Editorial MasperoParis, ١٩٦٣

ئیگڵتۆن، ویلیام جوونییەر(Eagleton, William, jr.) کۆماری کوردستان ١٩٤٦، بڵاو کراوەکانی زانستگەی ئاکسفۆرد، لەندەن ١٩٦٣.

فالاچی ئۆریانا(Fallaci, Oriana.) وتووێژ دەگەڵ مێژوو، کۆمپانی هاگتۆن میفلین، نیویۆرک ١٩٧٧.

جەعفەری، سەلما، تەشەییوع، یا ئیسلامی رەسەن، تاران. ئێن.دی.

قاسملوو، عەبدورڕەحمان، کوردستانو کورد، چاپخانەی فەرهەنگستانی زانستەکانی چێکۆ سلۆواکی، پراگ ١٩٦٥.

گراهام رابێرت(Graham, Robeert.Iran, la illusion del poder. Editorial Bruguera. ١٩٧٩

حەمیدوڵلا، محەممەد، سەرەتای ئیسلام، چاپخانەی ئەنسارییان، قوم، ١٩٧٧.

هەیکەل محەممەد، ئێران، چیرۆکی نەگوتراو، کتێبە نەتەوەییەکان نیویۆرک، ١٩٨٢.

هێرۆ، دیلیپ(Hero, Dilip) پێچەو خوارەکەی ئێرانیان، کتێبە نەتەوەییەکان، نیویۆرک، ٢٠٠٥.

هوگارت(Hogart,G.D.) El. Antiguo, Oriente. Fondo de Cultura Economica. مێکزیکۆ ١٩٨١.

حوسێن ئێسو جەعفەری. ئێم. ریشەو سەرەتای گەشە کردنی ئیسلامی شیعە. تاقمێک لە موسوڵمانان قوم، ١٩٧٩.

Institut d' Etudes des Edition du Monde Arabe شەرِی ئێرانو عێراق، پاریس ND..

کونزێلمان، ژێرار(Konzelman, Gerard).La espada de Ala' el avance de los chitas. Planeta Madrid ١٩٩٠)

کراویتز مارک(Kravetz, Marc) Irani Nox. Editorial Benard Grasset, Paris ١٩٨٢

ماهۆ، رێنێ Maheu, L'Rene, Iran' prennite' d'un empire. Editions A.J. Paris١٩٧٦)

مێیی سەلاس، سووزان(Meiselas, Susan.) کوردستان: لە تاریکاییمێژوودا، Random House نیویۆرک، ١٩٩٧

شۆرشو گەشەکردنی عێراق. وەزارەتی فەرهەنگو زانیاریی رێنوێنییەکانی ئیسلام، تاران، ئێن. دی.

ئیسلامی شۆرشگێرو شۆرشی ئیسلامی. وەزارەتی رێنوێنییەکانی ئیسلام، تاران، ئێن. دی.

موعاوینی، ئازادە. جیهادی ماتیکی لیوان. کتێبەکانی کاروباری کۆمەڵانی خەڵکن نیۆیۆرک، ٢٠٠٥

موعین، باقر. خومەینی: ژیانی ئایەتوڵڵا کتێبەکانی توماس دون، نیۆیۆرک ١٩٩٩

مەولەوی، ئەفشین، رووحی ئێران. دابلیو. دابلیو، نۆرتونو کۆمپانی، نیۆیۆرک ٢٠٠٢

موتتەحیدە، رۆی، عەبای پێغەمبەری:مەزهەبو سیاسەت لە ئێران. رۆژنامەی زانستگەی کالیفۆرنیا، بەکێلییو لۆس ئانجلێس، ٢٠٠٨

ناجی، کەسرا ئەحمەدینەژاد: مێژووی شاراوەی رێبەری رادیکاڵی ئێران، لە بڵاوکراوەکانی زانستگەی کالیفۆرنیا، بەرکلێیو لۆس ئانجلێس، ٢٠٠٨

ناسر، ولی. زیندوو بوونەوەی شیعە. دابلیو. دابلیو، نۆرتونو کۆمپانی، نیۆیۆرک ٢٠٠٨

ستاندارده سیاسییەکانو هۆی رێز لێگرتنیان لە ساڵی ١٩٤٥ەوە. تاقمی لانگمەنی بریتانیا، ئەیالەتی ئیسێکس، ١٩٩٩٠

راندال، جاناتان(Jonatan ,Randal) دوای ئەو ئابرووچوونە، چ لێخۆشبوونێک؟ بەرەورووبوونەکەم دەگەڵ کوردستان، هەڵات. ستراوسو گیروکس، نیویۆرک ١٩٩٧

عەبباس ئەمیری، کەنداوی فارسو ئوقیانووسی هیند لە سیاسەتی نێو نەتەوەییدا، دامەزراوی سیاسەتی نێونەتەوەییو لێکۆڵینەوەی ئابووری، تاران، ئین.دی.

ویلینگتونن مارتین دابلیو(W Martin ,Wilmington.) ناوەندی کانگاکانی رۆژهەڵاتی نێوە راست. زانستگەی دەوڵەتی، گۆڤاری نیۆیۆرک، ئەڵبانی، ١٩٧١

رایت رابین(Rabin ,Wright) بەناوی خودا; دەیەی خومەینی. سیمۆنو شاتر (Schuster and Simon) نیۆیۆرک ١٩٨٩

رایت رابین (Robin Wright)ئاخرین شۆڕشی گەورە. ئاژاوەو ئاڵوگۆڕ لە ئێران. ئالفرێد. ئێی. کنۆپف(Knopf .A Alfred) نیۆیۆرک ٢٠٠٠

**راپۆرتەکانو بەڵگەکان:**

راپۆرتی یەکیەتیی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران.

راپۆرتی رەسمیی ئوتریش لەبارەی جینایەتەکەدا.

بوولتەنی(information ’d et Bulletin) ئەنستیتووی کورد لەپاریس ١٩٨٤ ـ ١٩٨٩ واقعییەتی کوردستان، پاریس.

بەرنامەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

بوولتەنی یارمەتیی دەرمانیی نێونەتەوەیی.

**رۆژنامەو گۆڤارو سەرچاوەکان**

ئارشیڤی سەردەمی نوێی کیسینک، لەندەن؛ لیبراسیۆن، لوێ فیگارۆ، لوێ ئیکسپرێس، پارس؛ لوێ بییەن پابلیک، رێژۆن؛ رۆژنامەی تایمز، رۆژنامەی ئیندیپێندنت، رۆژنامەی ئێکۆنۆمیست، لەندەن؛ ئیل پاییس. مادرید؛ تایم، نیووزویک، ئەمریکا، نیۆیۆرک تایمز ،ئەمریکا؛ پرافیت، ڤییەن؛ لارازۆن دیجیتاڵ؛ ئاژانسی فرانس پرێس، ئەسۆ شییەتید پرێس، رۆیتێر، فێرناندۆ ماس، لاریڤولوسیون ئێرانی. ئین هیستۆریا یونیوێر ساڵ دێل سیگلۆ، ئیکس ئیکس ئین هیستوریا ١٦؛ دایرةالمعارف»بریتانیا.